تصوير أبو عبد الرحمن الكردي



سەرجەم

پەندەکانی پیرەمێرد

سەرجەم

پەندەکانی پیرەمێرد

(١-٢-٣)

کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی

فائق هوشیار

مستەفا ساڵح کەریم   مەحمود ئەحمەد محەمەد

محەمەد نووری تۆفیق   ئەحمەد زرنگ

سەرجەم
پەندەکانی پیرەمێرد
بەرگی (١-٢-٣)
کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی
فائق هوشیار
مستەفا ساڵح کەریم   مەحمود ئەحمەد محەمەد
محەمەد نووری تۆفیق   ئەحمەد زرنگ
پیتچن:
حامید جیهانی   ڕۆژین خوند
مونتاژ و دیزاینی بەرگ:
شاروخ ئەرژەنگی
تیراژ:٣٠٠٠
چاپی دووەم ساڵی ٢٠٠٧
لەسەر ئەرکی چاپخانەی شڤان چاپ کراوە
ژمارەی سپاردنی (٣٨٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە

پەندەکانی پیرەمێرد

وتەیەك

خوێنەری ئازیز !

ئێمە کە دەستمان دایە کۆ کردنەوە و ساغ کردنەوە و لێکدانەوەی سەرجەم شیعرەکانی "پیرەمێرد"، لە پێشەکییەکەیدا بەڵێنی ئەوەمان دا کە "پەند"ەکانیشی ساغ بکەینەوە.

هەرچەندە خوالێخۆشبوو مامۆستا کاکەی فەللاح لە سەرەتای حەفتاکان دا لە چوار بەرگی قەوارە بچووکدا ئەو پەندانەی لە چاپ دابوو بەڵام ئێمە بە پشت بەستن بە دەستنووسەکانی پیرەمێرد توانیمان بە شێوەیەکی ڕێكوپێك گشت پەندەکانی کۆ بکەینەوە. " پیرەمێرد" ئەم پەندانەی لە ڕۆژنامەی "ژیان"دا بەرودوا بڵاو کردوونەوە، هەمیشە ئەوەی ڕەچاو کردوە کە پەندەکە لە تەك بارودۆخ دا بگونجێ، بۆیە هەر پەندەی وێنەیەکی کاریکاتۆریی سەربەخۆیە. شاعیری گەورەی کورد "پیرەمێرد" لە دەستنووسەکەیدا بەشی زۆری ئەو بۆنانەی دەست نیشان کردووە کە پەندەکەی تێدا گوتراوە، هەروەها ناوی ئەو کەسانەشی بردوون کە پەندەکان دەیانگرێتەوە، بەڵام ئێمە نەمانویست ئەوانە بخەینە بەرچاو. یەکەم پەندی پیرەمێرد لە ژمارە "٣٢٣"ی ڕۆژنامەی "ژیان"دا بڵاو کراوەتەوە، بۆیە ئێمەش ژمارە"٣٢٣"مان بەو پەندە داوە، ئیدی بەرودوا گشت پەندەکانمان ساغ کردونەتەوە، تەنانەت ئەو جیاوازیانەشمان باس کردووە کە لەنێوان کارەکەی ئێمە و چاپەکەی کاکەی فەللاح دا هەیە بۆ ئەوەی خوێنەر ئەو حەقیقەتە بزانێ کە ئێمە پاش ساغ کردنەوەی ئەو جا پەندەکەمان نووسیوەتەوە.

گرنگی ئەم پەندانە لەوەدا دەردەکەوێ کە "پیرەمێرد" بە شیعرێکی سادە و ڕەوان قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و توانج و پلار لە هەموو کردارێکی نالەبار دەخاتە پێش چاو.

خوێنەری بەڕێز:

ئەم پەندانە وەك لە سەرەوە ئاماژەمان کرد لە ژمارە "٣٢٣"ی ڕۆژنامەی "ژیان"دا دەست پێ‌دەکات، ژمارە "٤٢٧"ی پەندەکان دوا پەندن کە لە ژمارە "٤٢٧"ی ژیان دا بڵاو کراونەتەوە، لە ژمارە "٤٢٨"ەوە ئیدی لە ڕۆژنامەی "ژین"دا بڵاو کراونەتەوە تا دوا پەند.

ئومێدەوارین بەم کارەمان توانیبێتمان خواست و ئاواتی خوێنەران بهێنینە دی کە ساڵەهایە چاوەڕێی ئەم پەندانەن بە شێوەیەکی ڕێكوپێك بخرێتە بەردەستیان، وە بەم کارەشمان کەلێنێکی گرنگمان لە کتێبخانەی کوردی دا پڕ کردبێتەوە و گیانی پیرەمێردمان ئاسوودە کردبێ.

لیژنە

کۆتایی ساڵی ١٩٨٨

لە دووی سیاسەت خۆت مەخەرە بەند
ڕێوی قەواڵەی پێ بوو، پێستیان کەند
تخوون بە پیاوی سەرچەوت مەکەوە
بەدەست قەرز بدە و بە پێ دووی کەوە
دوو گوێ و زبانێ دراوە بە تۆ
دوو ببیە و یەکێ بڵێ لەسەرخۆ
دوشمنی ناوخۆت ڕەگ دەردەکێشێ
دار پوازی لەخۆی نەبێ ناقڵێشێ
لە هەموو هەورێ باران نابارێ
ڕاز کەوتە زارێ، ڕاست کەوتە شارێ
ئەو کانییەی ئاوی لێ دەخۆیتەوە
بەردی تێ مەخە تینوەبیتەوە
بە سوێندی درۆ خۆت مەخەرە داو
تاریکەشەوە گەلالی لە ناو
ئەوی نەیەوێ سەری نەیەشێ
بەقەد بەڕی خۆی پێ ڕادەکێشێ
گەورە کە یەك بێ میللەت سەر دەخەن
دەڵێن دوو ڕێوی شێرێ کەوڵ ئەکەن
ئیشت بەدەست بێ هیوات لێ دەکەن
دار کە بەری گرت پەڵی پیا دەدەن

(⋆) شیاوی باسە ئەمە یەکەمین پەندی پیرەمێردە کە لە ڕۆژنامەدا بڵاو بکرێتەوە.

(⋆) ئەم پەندە لە "ژیان"ی ژمارە /٣٢٣/ی ڕۆژی ١٩٣٢/٥/٢١ بڵاو کراوەتەوە.

(⋆)ئێمە لەم ژمارەیەوە بەرودوا پەندەکان بە پێی ژمارەکانی ڕۆژنامەی ژیان و ژین بە زەنجیرەی یەك لە دوای یەك دەخەینە بەردەست خوێنەرانی هێژا.

پارە خەرجی کەی، دەبڕێتەوە
بەخەرج نەکردن کۆ دەبێتەوە
مەعاشی بەلاش، بێپیتە و بێخێر
دەستی ماندووە لەسەر زگی تێر
ئاغای تەماعکار هەر دەڵێ بیدە
کەر بە جۆ بمرێ ئەوسا شەهیدە !
دێی فرەکوێخا ناحەسێتەوە
بزن هەر جارێ دەرووتێتەوە
کەس‌وکار لە پیاو جوێ نابێتەوە
تفی بەرەو با، ڕیش ئەگرێتەوە
وەختێ کە ژن بوو بە گەورەی گەڕەك
با ئیتر ئێمە دەست بدەینە خەڕەك
بێکاسبییە ئەم شەڕ و حاڵە
دیارە تەبەقی پڕ، ئاشتی ماڵە
وا دامەنیشە بە دەستی بەتاڵ
تا نەگری، مەمك نادرێ بە مناڵ
ڕاستە دوو میوان لێکیان خۆش نایە
بەلام خانەخوێ لە هەر دوو لایە
قەت ڕێك ناکەون گەورەی ئەم شارە
تاریکایی شەو ئێوارە دیارە...

ڕۆژنامەی ژیان ساڵی"٧" ژمارە "٣٢٤" ١٩٣٢/٦/٢

٣٢٥

زۆردار و هەژار، وەك سەرما و هەتیو*
بزن هەوڵی گیان، قەساب هەوڵی پیو
دەوڵەمەندی ڕژد خۆی هەڵئەكێشێ
پارە مێشێكە لە گووش دەنیشێ
لە قاپی نامەرد مەكە" دەق و لباب"
بێگۆشت بە، نەوەك منەتی قەساب
لە پردی نامەرد مەپەڕەرەوە
"جەردە" ڕووتت كا، با لەم بەرەوە
ئەمرۆ پێویستە تۆ بە دۆست دەرچی
كە باران نەما" كەپەنەك" بۆچی؟
"بەخیل" خۆی نایخوا و هەوڵیشی زۆرە
"ماڵی خۆنەخۆر"، بۆ "چەكمە بۆرە"
چرای درۆزن ساتێ دەگرێ
بەڕەیش هەر لە لای تەنكی ئەدرێ
درۆزن ئاگری لە ماڵ بەربووبوو
وتیان درۆیە، كەسی بۆ نەچوو
سوحبەتی نادان، تاڵ ڕابواردنە
لە دووی كەر ڕۆین، تەرس بۆن كردنە
هێندە بەرز مەفرە، بڵێن بێباكە
دیارە بێباكی هەر بۆخوا چاكە
توورەكەی جۆ، بۆ كەری دێز پێوی
تۆپینی دەوێ و زەرەری خێوی

ژیان، ژمارە: ٣٢٥ ساڵی "٧" ١٩٣٢/٦/٩

---

*لای كاكەی فەللاح ژمارە "٣٢٥" پەندێكی ترە بەم شێوەیە دەست پێ دەكات " منداڵتان بەناز پەروەردە مەكەن"

٣٢٦

هەر چەند دۆست لە لات وەك ڕبرا و کەسە
هێند ئامشۆی مەکە، پێت بڵێن بەسە !
کە زانیت شەوە و دزت لە دەورە[1]
دەست بە کڵاوی خۆتەوە بگرە !
کە شێوەییت دی، برۆ تێپەڕە
سەگی سەرملە، بە دوو لا وەڕە
گوێی ڕانەکێشی، زۆر کەس بێ گوێیە
"کوتەك" دەزانێ "قۆناغ" لە کوێیە
بۆ چەنەبازی کە نەزان دووە
لە بەهەشتەوە کوتەك هاتووە.....
ئەوی بۆ مەنسەب بەرچاو چوو، فێرن[2]
لەگەڵ لێکەوتی ڕوو وەردەگێڕن

ژیان: ژمارە: ٢٢٦ ساڵی ٧ ، ١٩٣٢/٦/١١

---

[1] لای کاکەی فەللاح نووسراوە " دزت لەسەرە".
[2] لای کاکەی فەللاح نووسراوە" بە چلۆچۆ فێری".

لە ڕووی جیهاندا، تۆ وەرە پاك بە
ئەوسا لە واتەی خەڵکی بێباك بە
هیچ کەس لە واتەی خەڵك ڕزگار نابێ !
پیاوی قین لە زگ، قەت بە یار نابێ
بە هیوای هاوسێ بێچێشت ئەمێنی
چاوەڕێی دەست بی، هەر خەو ئەبینی
چاو مەبڕەرە دەست، خراپ فێر ئەبی
بە پارووی خەڵکی، درەنگ تێر ئەبی!
کە قەلبی "ئیقبال" لا بقائییە
بەکەم هەڵکردن، پادشاییە
تاخوا دۆست نەبی، کەس نابێ بە کەس
چەپڵە لێنادرێ، بە تەنها یەك دەس
بۆ دۆستت چاکە، غەیر بێئەنجامە
ماڵ ڕاوەستابێ، مزگەوت حەرامە
بۆ دونیا دەبێ دەست بدەیتە دەست
هیچ کەسێ، هیچ کەس ناباتە بەهەشت
دەوران دەوڵەتت لە دەست دەسێنێ
بەڵام ناوی چاك تا سەر ئەمێنێ
نییەتت چاك بێ ئیش دەبەیتە سەر
درەخت "زڕ" نەبێ، هەر بۆت دێتە بەر

٣٢٨

کە دوژمنت کەوت تۆ پێی پیا مەنێ
زەبون کوژ مەبە، لای خوا لامەنێ
سەرمایەت بۆ خۆت، زەکات بۆ خودا
مێو کە بیبڕی چاکتر بەر ئەدا
زۆر بەسەر دۆستا مەیێ خەتەرە
تانەی دۆست لە تیر دوژمن بەدترە
ڕاستە دوو میوان لێکیان خۆش نایێ[1]
بەڵام خانەخوێ لە هەر دوو لایێ
تۆ چاکە بکە و بیدە بە ئاوا
خەڵکیش نەزانێ، لای خوا نووسراوە
کردەوە و ئیمان هاتوونە نوشوست
گەورە ئاوی ڕشت: بچووك پێی لێخست
کە باوەڕت بێ، هیوایشت دەبێ
کە بێباوەڕ بی، چیت دەست ئەکەوێ؟
هەم پیاوی دونیا، هەم پیاوی ڕێی خوا
وەك "یارۆی" ناو جۆ لە دوو لا دەخوا[2]

ژیان، ژمارە: ٢٢٨ ساڵی ٧ ، ١٩٣٢/٦/٣٠

[1] ئەم بەیتە لە ژمارە"٣٢٤"دا دووبارە بۆتەوە.
[2] لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نووسراوە " وەك یا ڕۆژی".

ئەولادتان بە ناز پەروەردە مەکەن
چاك نابن خۆتان ڕەنج بردە مەکەن
میرات، میقرۆبی شەڕی ئەولادە
بێڕەنج دەستکەوتوو، ئەدرێ بە بادا
بە میراتی عیلم، کوڕ ئەبێ بە پیاو
ئەولاد بە ڕەنجی شانی دێتە ناو
دەوڵەمەند هەر چەند خەڵکی لە دەورە
بایەخی نییە سێبەری هەورە
هیچ کەس ماڵی خۆی بە کەس نەداوە
کەچی ئامەشۆی دەوڵەمەند باوە
دەعوایان هاتە سەر هەلات بازی
قەت دوو کەس نابن لە قازی ڕازی
یاخوا دەردە گا نەکەوێتە دێ
پاقلە تەواو بوو، وا باینجان دێ
بێهەمدەم ماوم کز و ڕەنجەڕۆم
منیش خەریکم باینجان بخۆم
ئەگەر خوا دەکا ترێ پێدەگا
بێقرەی گومرك من سەرخۆش ئەکا
ئیتر کەس ڕەخنە لە من ناگرێ
با بە سەرخۆشی ناوم ببرێ
بەڵام کە ترێ منی سەرخۆش کرد
ڕەسمی ئەسێنێ قۆڵچی دەست و برد

ژیان، ژمارە، ٣٢٩، ١٩٣٢/٧/٧ شایانی باسە لە ڕۆژنامەکەدا بە هەڵە ژمارە "٣٢٥" نووسراوە.

به چکه چکه قەرز نابڕێتەوه
سەد بەرتیل قەرزێ نابژێرێتەوه
ئەگەر چەسپاندن بێتە سەر تکا
بڵێن تێکۆشان ئابڕووی تکا
که من ئاغا بم تۆیش وەك من ئاغا
بەرەشرەمان کێ بێ بۆ داخا
ئەڵێن: ئاو دێنن خۆشی خۆشییه !
بۆ هاوین نەبێ ئاومان بۆ چییه؟
کێ معاش بۆ ئاو رەت ئەکاتەوه
موفتیش شەرابی، مفت ئەخواتەوه
به گفت سەروماڵ درێغی نییه
هاته کردەوه بایەخی نییه
هەموو ولاتمان شوکر ئاوایه
قەرەداخ ئاوی زەردی ئاوایه

ژیان، ژماره ٣٣٠ ، ١٩٣٢/٧/١٤

٣٥٥

کاولەکەی وەتەن هێندە شیرینە
ژاری دووپشکی عەربەت هەنگوینە
ئاو مەند بێ و پیاو مۆن، لێیان بترسە
لچ شۆڕ پەریش بێ، هەر ئێسکی قورسە
شەیتان پەلەی کرد بۆیە زەلیلە
ڕاوەستە و حەلْوا بێ لە بەرسیلە
کاربەدەست، دەستیان لە دەست هەڵبڕی
کاتێکت زانی خوا نانی بڕی
کە خۆت خودبین و بۆ خەڵك بەدبین بی
نابێ لە دوایی ڕۆژت ئەمین بی
دۆستت ئەوەتە کە ئەتگرێنێ
دوشمن ئەوەتە پێت پێئەکەنێ

ژیان، ژ: ٣٥٥، ١٩٢٣/٣/٢

لە ژمارە"٣٢١" تا "٣٥٤" پەند بڵاو نەکراوەتەوە.

٣٥٧

به بێ ڕێ مەڕۆ هەر چەند قەدبڕ بێ
نانت گەنم بێ جۆیش هەرزانتر بێ
بێوەژن هەر چەند خاوەن دراو بێ
تۆ کچ بێنە با، کراسی چاو بێ
دڵدارت نەبێ بەهەشت زیندانە
هەرچی دڵ ویستی هەر ئەوە جوانە
کەر کورتان گوم کا و ئێمە بۆی بدرووین[1]
دەستی وەیسکەیە و سووژنی پۆلایین
بە خاڵۆ خاڵۆ هات بەلامەوە
بوو بە توولەمار دای بە پامەوە
نازداری بەهار چەند شۆخ و شەنگە
ئاخ بێ بەینەتە هێجگار ڕەنگ ڕەنگە
کە خوا پیاو سەرخا بە کەس نانەوێ
ئەم ئاسمانە، ئەستوونی دەوێ
ئەو کەسەی کە خوا قەدری داوە پێی
کەس لێی پرسیوە کە تۆ کوڕی کێی؟
مەسنەت نادرێ بە زۆری چەنە
لەم زەویە ڕەقە تووڕێ هەڵکەنە
ئەوی بە ئاغام بە پاشام فێرە
بەراتی دێتە سەر دوو کولێرە
ئاه خوێندەواری نەزانی لایە
بۆ کردەوەیشمان ڕەهبەری چایە
کە سرکە توند بێ قاپ ئەقڵێشێنێ
لەش کراسی تەسك دائەتلێشێنێ
قەل ویستی وەك کەو بە خچکە بڕوا
ڕویەکەی شێواو واشی بۆ نەلوا
هەموو ڕاوچییەك ئیساغا نییە
هەرچی ڕیش بوور بێ هەمزاغا نییە
تەپاڵە ئاگری گڕ ناکاتەوە
پاشەرۆك سەوی پڕ ناکاتەوە

ژیان، ژ ٣٥٧، ١٩٣٣/٣/١٦

---

[1] لای کاکەی فەللاح نووسراوە"کە کورمتان".

٣٥٨

کەسی دڵسۆز بێ بۆ هەموو کەسێ[١]
دەرگایشی نەبێ لە دز نەترسێ
بە قاسپە قاسپی کەو بایەخ مەکەن
دیتە بۆ ڕاوی جینسی خۆی دەبەن
پیاوێ دووربین بێ نابێ تەنیا بێ
کە دۆستی نەبێ دەستیشی نابێ
ئەوی بە توندی لە جێی خۆی هەستا
کاتێکت ڕوانی ماندوو بوو وەستا
هەرچی ئەزانی بۆت ناچێتە سەر
مەیکە بە خولیا و بە کەڵکەڵەی سەر
نەزان، نەزانێ کە هیچ نەزانە
بەختیش ڕووی تێکا خانەوێرانە
خودپەسند دێوی نەفسی نەدیوە
خۆی لە ئاوێنەی دێواندا دیوە
مەلا بەدخو بێ و بێ وەعز بدا
بە زۆربە غەیبەتی خۆی بە خەڵك ئەکا
ئەو شێخەی مووچەی مرید وەرئەگرێ
دەمی"برنگ"ە و خوری پێ ئەبڕێ
بەو پارەیەی شێخ بەهەشت ئەفرۆشێ
ئەتەوەی پیاڵەی مەی پێ دەنۆشێ
گەنجێ بەرەنج بێ ئەمێنێتەوە[٢]
میرات بۆ " ئەوە" شەڕ ئەنێتەوە
ڕۆڵە ئەم پەندەم بە سەرمەشقت بێ
لە سەوداگەری، سەودای عەشقت بێ
بە عەشق ئازادەی هەر دوو جیهانی
کە عەشقت نەبێ لەشی بێگیانی
ئەو سەرەی سەودای عەشقی تیا نییە
کوولەکەی وشکی ئاوی کانییە

---

[١] لای کاکەی فەللاح نووسراوە "پیاوێ".
[٢] لای کاکەی فەلاح نووسراوە" گەنجێ بێ ڕەنج بێ نامێنێتەوە.

خۆشیان ئەوێی هێشوە خۆشناوێ
جنێوفرۆش بێ، باوکتت خۆش ناوێ
لە مەیدانا کەس دەنگی دەرنایە
کە دوشمن شکا زۆر کەس ئازایە
ئەوی هەلّکردی بە وشك و تەڕە
لە ماڵی خۆیا شای بەحر و بەڕە
بەڕە شڕ دەشۆی بە ئاوی کانی
قەدری ئاو مەگەر لە چۆڵ بزانی
ئەوی ڕووبەڕوو تۆ هەڵدەکێشێ
پاش ملە بە داخ ئاخ هەڵدەکێشێ
ئێستاکە مووچەی جاسووس نەماوە
لە دوور ئەم نانە بەو ڕۆنە باوە
دیتە کە "بەز"یان بە "کتك" سپارد
چۆن پارەی پەزیان ژمارد و بژارد
ئەوی بە کتك بەز دەسپێرێ
دیارە بز دارە پەزیش ئەبژێرێ[1]
ئەڵێن گوێرەکە بە پەموو فێر بێ[2]
دەست هەڵناگرێ زکیشی تێر بێ
کەوتووینە دەورێ جوان پیری ناوێ
ئەو دەورە گوزەشت چوار ژن بۆ پیاوێ
مسکێن و ئاغا لێك ڕاست بوونەوە
قوربانی و قوربان لە بیرچوونەوە[3]
موشیرو سوڵتان وەك گورز و قەڵغان
هەلگیران لەگەڵ سفرەی دیوەخان

ژیان: ژ ۳٥٨ ، ۱۹۳۳/۳/۲۳

[1] لای کاکەی فەللاح نووسراوە" دیارە بەز دارە".
[2] ئەم دێڕەش لای کاکەی فەللاح نییە.
[3] لای کاکەی فەللاح "قوربان قوربان" نووسراوە.

٣٥٩

وەجاخ کوێر ماڵی ئەبەشنەوە
کەر تۆپی ناڵی ئەکێشنەوە
لەم دنیایەدا کەس بێغەم نییە
ئەگەر بێغەم بێ بنیادەم نییە
کەوتووینە ڕۆژێ بوو بە وای نەفسی
زۆر کەس هەوڵی دا خودا نەینووسی
ئەڵێن تەور کلکی خۆی نابڕێتەوە
وای ئەبڕێتەوە کە نەبێتەوە
کورد بە عیبادەت دوعای مەقبوول کرد
لیلەالقدری لە ژنا خەرج کرد
بەهار گیانداری پێ ئەژیێتەوە
ئەترسم ماریش ببووژێتەوە
بیستوومە وردە مەنموور دەرئەکرێ
بەڕە هەر لە لای تەنکی ئەدڕێ
ئەی ئەو کەسانەی کە کەم وەرئەگرن
دەست بە کڵاوی خۆتانا بگرن
ئیتر لەگەڵ کەس نابمە دەستە خوشك
من و وێرانەی پیرێژن و مشك
وەك جاران بێستان بەرەڵلا نییە
ئەم دووگە چەورە بێبەلا نییە

ژیان: ژ، ٣٥٩ ، ١٩٣٣/٣/٣٠

بێکار دەربارەی دەوڵەمەند ئەدوێ
پیاوی ناهومێد مل لە تیغ ئەسوێ
زۆر پیاو لە دەورەی پیاوێکی پیاوە
گوڵەبەڕۆژە روو لە هەتاوە
زۆر نان براوان بە هیوا دەژین
بەڵام دار و گۆشت ئاشنای یەك نین
ئەو کەسەی کە دڵ بریندار ئەکا
خۆی بە واهیمە دەغەزار ئەکا
کەر خۆڵەمێشی بۆیە خۆش ئەوێ
تێیدا دەگەوزێ و تێر وەردەگەوێ
بەدخوویی منداڵ لای باوك شەرمە
زیشك بە بێچووی خۆی دەڵێ نەرمە
فەقێ بۆ ڕاتوو و وا لەبەر دەرگا
دەچمە"وەکاشە" کە بام لێ دەرکا
ئەو کەسەی دڵی لەگەڵ خەڵك پاکە
خۆی پێی دڵخۆشە و لە بەد بێباکە
ڕۆژێ ڕووی ئەزەل ئەتدۆزێتەوە
بێکەڵەشێریش ڕۆژ ئەبێتەوە
ئینجا دەردەگا ڕووی کردە وڵات
ترێ گەنانە و چاوئێشە داهات
بەڵێ بەرسیلە ئەبێ بە حەڵوا
بەڵام عومریشت بە تاڵی ئەڕوا
تا نەبارێنێ باغ گەشکە ناکا
تا نەگارێنێ، مر، هێلکە ناکا
کەمی نەبینی دەوڵەتت بۆشە
بەفراو لە چلەی هاوینا خۆشە
ئەوی دەوڵەتی هەر بۆ خۆی ئەوێ
خەوی بێخەفەت نابینێ شەوێ
باڵە شۆڕێمان تێکەوت بە جارێ
بۆیە مێش زۆرە گەزۆ دەبارێ

ژیان، ژ ٣٦٩، ١٩٣٣/٧/١٣

٣٧٠

بە هیوای خەڵکی لووتی بەرزە بوو
لە یاران ڕای کرد تووشی تەرزە بوو
وتی: چەفتاڵی وا مەللا ڕمیا
وتی: مەیێژە، نمازت بڕیا
سێیەمین وتی: هەر خۆم خاسم کرد
نمازیان بڕیا دەنگم لێ نەکرد
جوولەکە ساڵێ هامان ئەکوژن
زۆردار هەر ڕۆژێ خوێنی ئەمژن
بە جوانی سووتا دەنکە هەنارێ
بەخت ڕووی کردە دیگونە چارێ
سیاسەت بازیی دەردێکی وایە
بۆ دەوڵەمەندیش هەر بێدەوایە
بۆیە گیرۆدەن هێندێ بەو داوە
کوێر هەتا ئەمرێ بە هیوای چاوە
هیچ چارێ خۆشی ئەم شارەی نییە
بەڵام ڕەشەبا بوارەی نییە
چەندەم پێخۆشە لە سای دەوەنێ
دانیشم و ژن، مەشکە بژەنێ
با سەد تەیارە و بۆمبا بە جوێ بێ
من تەنها شڵقەی مەشکەم لە گوێ بێ

ژیان، ژ ٣٧٠، ١٩٣٣/٧/٢٠

٣٧١

دنیا سێبەرە دوای کەوی دەڕوا
کە ڕووت وەر گێڕا ئەوت دێ لە دوا
تا گەورەتر بی خەفەتت زۆرە
کاتێکت خۆشە بکەویە نۆرە
گەورەیی ئێستا دەردیسەرییە
ئەچەوسێتەوە و لە خەو بەرییە
نایشلێن بۆ ئێمە جستوجۆیەتی
ئەلێن کردوکۆی هەر بۆ خۆیەتی
ئەوسا پشتێنی لێ دەکەیتەوە
کە خۆت لە بێکار جوێ بکەیتەوە[1]
ئەم دنیا حیزە بەری زۆر دوورە
هەتا تۆ بڕۆی ئەو خواروژوورە
زۆر جار چاوی ڕەش کاڵ ئەبێتەوە
زۆر دان بە ترشی ئەڵ ئەبێتەوە
تیکە قووت ئەدەن ناپرسن چییە؟
ئەم لوقمە چەورە بێ"لەقمە" نییە![2]
کە لەسەر خواردن نەڵێی ناوی خوا[3]
ئەڵێن: جنۆکە لەگەڵت ئەخوا
دەست لە ئینسانی دڵ شکست مەدەن
بڵێ بیسمیللا جوێنت پێئەدەن
ئەگەر پشت بەستی بە دۆستی دوێنێ
"گەزی چی؟ و جاوی چی؟ ت بۆ دەمێنێ"
بەشی خواردنە مانگانەی چنۆك
حەوز پڕ ئەبێ بە تنۆك تنۆك

ژیان، ژ ٣٧١، ١٩٣٣/٧/٢٧

[1] لای کاکەی فەللاح بە "بەدکار" نووسراوە.
[2] لای کاکەی فەللاح بە "لەققە" نووسراوە. لە ڕاستی دا "لەقمە"یە واتە گەدەی با دەکات.
[3] لای کاکەی فەللاح بە "بسم الله" نووسراوە.

گاڵتەی مناڵان هاتەوە کایە
بۆ، مقۆ، مقۆ، بوو بە سەرمایە
وا بە یاری کۆن گاڵتە پێك ئەکەین
لێمان زویر مەبن ناوی کەس نابەین
بە گەنم گەنم گەوج تێدەکەوێ
بەڵام "ڕێوی چوو" سیخورمەی دەوێ
"ئاشە تەندوورە"ی زەمانە وایە
هەرچی کە سواربێ شەقی لە دوایە
لەبەر چەپۆکان زۆر جل خوار بووە[1]
"بابی بابی"یە وا کەر سوار بووە
نانی خۆت بجوو وەرکەوە لەوێ
کڵاو بفرێنی خەڵك دووت ئەکەوێ
لە "سنگەوباز"دا ئەبێ دواکەوی
کە بووی بە خەلفە هەر تێدەکەوی
کەس نالێ حەمام بە فوو گەرم ئەبێ
بە "پشت لێدانە" کۆڵنج نەرم ئەبێ
ئەگەر "قاڕنەتۆپ" تەواو بزانی
لە "قەل‌وشار"دا وەستای چوار نانی
هیچ کەس بۆ سێباز هێزی نەماوە
ئێستا "کەوشەکی عارەبی" باوە
بە خوێندەواری کار نایەتە گیر
مدیریی بووە بە "میروگزیر"
"پەنای بێدەنگ"ە تووڕەیی نابێ
ئەگەر سەد گوێچکەی تیا ڕاکێشرابێ
بۆ بێئابڕوو زۆر چشت موباحە
ئەوی بێدەنگە "کۆلکی مزراحە"
بە گوریسی خەڵك ئەچین بۆ داران

---

[1] لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نووسراوە زوو جل خوار بوو

ئەڵێی، نە بامان دیوە، نەباران
خوێن پەڕییە سەرت لووتت ئەپژێ
کاسە کە پڕ بوو ئەوسا دەڕژێ

ژیان ، ژمارە ۳۷۲ ، ۱۹۳۳/۸/۳

٣٧٣

که بووی بە حەڵقەی بەردەرگای خەڵقی
بە سەرتا ئەدەن لەبەر بێکەڵکی
دوای تەنگانەیی زۆر ئازادییە
"ش"ی شین زۆر جار "ش"ی شادییە
کفرەحمەد تا مرد قسەی لەخوا کرد
بەو حەقە لای حەق ئیمانی دەربرد
صۆق ئارەقی لەلا حەرامە
لای من قاچاغ بێئەوسا بەتامە
ئێرگەلەی توتنی عەجەم ئەکێشم
دووکیچش و هووکێش خۆیشی دەرووێشم
ئاسمان ئاهی بێکەس شینی کرد
زەیل جێی ئەستێرەی کلکداری گرت
بێدەست تێی گوشێ زۆرداری بیخوا
دەستی لێ مەدەن لە کردەوەی خوا
گەلاوێژ هەڵات شەوقی ئەگرێ
بەرگی فەقیر و هەژار ئەدرێ
کە بە ڕۆژ چرای ئەوت بسووتێنین
لە تاریکیدا دۆش دادەمێنین
کە بە ئاوی پاك باخچە ئاو ئەدەین
لەتیوێتی دا دەم پێکا ئەدەین
ئەڵێن: ئەم بەفرە لە پێشدا ئارد بوو
قوونیان پێسرِی بێپێز و سارد بوو
زیندوو بووەوە ڕاتبەی مەلایان
یاخوا ئەمجارە تا سەربێ بۆیان
من خەستەی مارومێرووم لەبەر بوو
هەر لەم خاکەدا میری تورك میر بوو

زیان، ژ ٣٧٣، ١٩٢٣/٨/١٠.

٣٩٠

ئەگەر نەتەوێ نەیێن بە گژتا
ئامادەی شەڕ بە لە هەموو وەختا
لە شێنەییشدا پڕ چەك بنوێنە
دڵی دوژمنی پێبترسێنە

زیان، ٣٩٠ ، ١١/ك/٢/١٩٣٤

چوار کتێبی خوا چوار پەندی تیایە
کە گوێی لێبگرن وەکو کیمیاە
تەورات وتوویە قانع بی تێری
زەبوور وتوویە بێدەنگ بی شێری
ئینجیلیش ئەڵێ: تۆ دەرکەنار بە[1]
لە دڵەخورپەی دنیا ڕزگار بە
قورئان فەرموویە پشت بە خوا بەستە
ئەتخاتە ڕێی ڕاست ئەوسایە بەستە
دوژمن بە چاکە ئاشت ئەبێتەوە
سەهۆڵ بە ئاوی گەرم ئەتوێتەوە
کە لەگەڵ بەدا هەڵسی و دانیشی
وەك شەکر لە جێی تەڕ هەو دەکێشی
ئەمەندە وێڵی بەرگ و خۆراکین
نازانین خۆمان خۆراکی خاکین
کە وتیان مەکە شێت گیرتر دەبین
حەرام بەتامە بۆ شەیتان ئەژین
شەیتان هەنگوینی لە دەممان هەڵسوو
بۆیە ئەم خەڵکە بە گز یەکا چوو
ئاردی ناو درك چۆنە وان ئێرە
فەرموو دوو دەستەی دۆست هەڵبژێرە
پێکەوە ناڕۆین لە ڕێی ڕاستەوە
خوا ئەوە بگرێ شاری گواستەوە
بناغەی ئێرە ساڵی دووسەدە
وا دەردەکەوێ خاکەکەی بەدە
ئەگینە کە شار قەڵاچوالان بوو
دوانزە سوارەیان مەردی مەیدان بوو
ئێستا کە مەیدان بە سەر و گوێلاکە
هەر مرەمرە شەڕی سەر لاکە

ژیان ، ژ ٣٩٣ ، ١٩٣٤/٢/١٢

[1] لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نووسراوە ئینجیل وتوویە.

٣٩٤

کچ بە نابەدل بۆ پیر چوو بە بووك
مێرد بێزار ئەکا شەو بە نووکە نووك
هانام بە تۆیە خوای دەستگیر
ئەمکەی بە بووك و بکەومە دەست پیر
پیری پەك ئەخاو "بەستن" بیانووە
ئەمە چیرۆکی دەوری کوانووە
کۆڵە نانی بۆ بەستوو بانگ ئەکەن
لای گولە نانێ بیسمیللا مەکەن
گرِوگاڵ لێمان کەوتۆتە دوان
گورگ پیر بوو دەبێ بە حەچەی سەگان
بەفر و هەڵەکۆك بە حەسرەتەوە
برجی پیرێژن نزیك کەوتەوە
مەعاشەکەمان بەشی دۆرِانە
بە دوو جەژنانە و سێ پاش تێلانە
ئەعشار و ئەغنام وشکاییان هات
وردە مەئمووران هەموو بووە بە لات
گەرای کوللەمان بۆ بژیێتەوە
ئەمجا پێکورِە ئەبووژێتەوە
کە مەشکەدرِە نەتەوەی برِا
مەشکەی مەزبەتەی تەنزیلات درِا
لاپوورە بە داو داهاتۆتە ناو
خورماڵی گێژ بوون وەك ماسی سەر ئاو
بەمانە خەڵکم لێ تەوەللا بوو
مەلا مەلا بوو بوار ئەولا بوو

ژیان، ژ ٣٩٤ ١٩٣٤/٣/١٩

٣٩٧

ئەوا ئەمردین کەوتینە بەهار
بزانین دیاریمان چی بۆ دێ لە شار
زۆر کەس ئەبینین دەچێتە بەغدا
هەروەك پەتکە و نابێ بە هەودا
ئەگەر هەر تیرێك لە نیشان بدرێت
بەرگی مامۆستای تیرئەنداز ئەدڕێت
ئەڵێن پشتیوان هەر لە بەغدایە
هەرچی ڕیش سوور بێ بۆچی هەمزاغایە؟
قەساب تەمیزی بۆ دووکان ئەبێ
کەچی بۆ ئێمە گۆشت گران ئەبێ
عیسا میقرۆبی پاك ئەکردەوە
لە عیسایان دا مووسا بووردەوە
ئەڵێن گۆشتەکەی ئێستامان پاکە
بە سەد فلسیش بێ هێشتا چ باکە
نانەواخانە تەمیز و جوان بوو
لەو تۆڵەیەدا نۆکمان گران بوو
نانی گەرم ئەخۆی تامی تامییە
کە سارد بووەوە گەنمەشامییە
ڕەئیس شارەزای ئەم خووانەیە
بەڵام ئاخ مشتەی ناو هەمانەیە

ژیان، ژ ٣٩٧ ١٩/٣/١٩٣٤

٤٠٠

زۆر باران بارێ دەغڵ ڕەنگ پێنێ
ئاو زۆر مایەوە کرم هەڵدێنێ
هەرچی کە کۆن بوو بێتینە بۆشە
تەنها شەرابە تا کۆن بێ خۆشە
چاوی جوان ئەڵێن: پیاڵەی شەرابە
مەزەی سەرمەستی دڵەی کەبابە
ئەویش کە کۆن بوو کەس لێی ناپرسێ
زەق ئەکاتەوە خەڵك لێی ئەترسێ
نیسان سیوجگەری کرد بە چوار ئانە
بێزووی پێدەکەین ئەڵبەت هەرزانە
لە هەموو لاوە شایی کەوتە شار
دەنگی زورنا دێ بەهارە بەهار
ئەڵێن گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێ
وەجاخ زادە بۆچ خەڵکی لێی ئەدوێ
بۆچ مریشکی ڕەش هێلکەی سپییە
بۆچ پەیین فەیز و هێزی زەوییە؟
کە خوا دای هیچ کەس ناڵێ کوڕی کێی
دەسەڵاتداری هەر خۆت گەورەی دێی
ئەوەی خوێندوویە بە ئیقتیدارە
خانیش نەوەشێ ئەو هەر سەرکارە

ژیان، ٤٠٠، ١٩٣٤/٥/١٥

٤٢٣

نازانم بۆچی ئەم پەندە باوە[1]
ڕەمەزان بە جەنگە و سەفەر بەدناوە
پێم مەڵێن ڕیست وەك خوری خاوە
کوێر هەتا دەمرێ بە هیوای چاوە
زوور دووکەڵی بوو ڕاکە دەرەوە
چاوی ڕەشی خۆت کاڵ مەکەرەوە
پیاوان هێند ڕیشیان تاشی تاسولووس
وا لە تورکییە ژن بوون بە مەبعووس
بە خۆت بنازی کارت لە دوایە
بە مێردی نییە دەڵێن بە خوایە
مەتەڵیان پرسی نەمزانی کامە
سەری حەوت لەشکر ژێری شانامە
دەندووك درێژە و ماسیگر نییە
هێلکەکەریشە کەچی مر نییە
ڕەمەزان سێ تەونی لێ گرتوینە دار
حەوترنگێلی و قومار و خومار[2]
دز و خاوەند ماڵ کردەیان یەك خەن
بە کونەبانا گاجووت سەر دەخەن

---

[1] ئەم پەندە لە ڕۆژنامەی "ژیان"ی ژمارە "٤٢٣" ی ساڵی ١٩٣٤ ز ٢٩/١٢/١٩٣٤دا بڵاو کراوەتەوە

[2] لای کاکەی فەللاح "حەو ترنگێکی نووسراوە.

٤٢٤

ئەڵێن ڕەمەزان لاقێکی هەیە
کێ دی بزانێ سێ لاقی هەیە
لە مزگەوتان دا کەوتنە " الوداع"
ڕۆژوویان تەراند بە "وەگاع وەگاع"
هێند لێی توورە بوون بە شەڕ و هەرا
لە قاپی سەرا هێجگاری تۆرا
"لیلەالقدر"یش ئەبڕێتەوە
وەك کابرای کوردە خەرج ئەبێتەوە
بۆچ وتیان ڕۆژو ئێسکی گرانە
بە چایێك ڕۆیی ئەو بەستەزمانە
ڕۆژوو و کریسمیس گەینە سەری ساڵ
هەر دوو پێکەوە گەیشتنە ماڵ
چەرخ و فەلەکمان بۆ هەڵخراوە
بەڵام کەس هێزی گوژمەی نەماوە
ڕاست بێژ هەر بەشی پلار و پەڵە
دەور دەوری دەورەی ماینە چەقەڵە
"فەرز" گرانە حەز لە سوننەت ئەکەم
کە ڕۆژوو ئەگرم پارشێو بۆچ ئەکەم
ڕۆژی بیست و پێنج شایی لۆغانە
بە تلی لی لی چوون بۆ تۆی یانە[1]
پاش جەژنێ بۆ من ئەڵڵاورمانە
بەڵام بارانە و جێگا نەرمانە
"ژیان" ئەڵێ: کێ گوێی لە دەنگمانە[2]
پارەی ئابوونە بکا بە جەژنانە
ژیان ، ژمارە ٤٢٤ی ١٩٣٤/١٢/٢٩ ز ل ٢ بەرامبەر ڕۆژی شەمموی ٢٣ی ڕەمەزانی ساڵی ١٣٥٣ هەتاوی.

---

[1] تۆی یانە: بە تورکی مانای بووك هێنانە.
[2] مەبەستی ئەوەیە کە ئابوونەی ڕۆژنامەی "ژیان" بنێرن.

٤٢٥

ئەوانەی کە شێو بە پشێو ئەکەن
فیکە بە برای نیوە لێو ئەکەن
زستان خستنیە تاریك و لێوە
سەد کوێر چاوساغێ نابا بەرێوە
کە هات سەرمەلا دەستنوێژی شکا
ئیتر کێ نوێژی ئەکا لە تەکا
مەلا سەرفیترەی کەمی وەردەگرت
ئیمامەتیەکەی بێدەست نوێژ ئەکرد
ئەوانەی لەهجەی لامیان وەك ڕێیە
ئەزانن پیری شەو کێڵ لە کوێیە
ئەوانەی کە ڕێ بە غەین ئەخوێنن
جیلوەی فێڵبازی دوو قەوم ئەنوێنن
ئەوەی کە ناخوا و پارە زۆرکەرە
گرد کردنەوەکەی پارە زۆرکەرە
سکەی ئەشرەفێ گوم بووبوو بە لاف
وا پێمان ئەڵێن: بڕۆ هەی ئەشراف

ژیان: ژمارە ٤٢٥ ، ١٩٣٥/١/٥ ، ٢٩ ڕەمەزانی ١٣٥٣

٤٢٧

جاران ئەچووینە سەر باوە گوڕگوڕ[1]
ئەمان گوت هاتوین بۆ زگ پڕی و کوڕ
باوەڕمان نەکرد شەخسە و پیاوی خودا
تا هاتنە بەر پێی پاشا و گەدا
کوڕێکی وای دا بە عاسمە خاتوون
پۆیلانەی گەییە سەد هەزار ئاڵتوون
ئەوی منداڵی نەبێ ئەخوا
منالّی ئەبێ بە مێرد یا بە خوا
کارێکی گەورەی تر لە بەینایە
هەم دیسانەوە ئەویش بە خوایە
جێ مەبعووسێکی کەرکوك مونحەلە
زۆر کەس بە هیوا و بە پەلەپەلە
وەزیفەی ئێستا هەمووی بۆ نانە
لێی ناگەڕێن ئەم دەوڵەمەندانە
هاتووینەوە سەر نەریتی پێشوو
بۆیە کچێکمان بۆ نادرێ بە شوو
کە فرە میر بین بەر نابەینە سەر
"بیرسی یا پەڕاو برسی یۆزەر"[2]
کاریان لەگەڵ یەك هەموو بە قینە
بۆ نان برین بێ تووتن شیرینە
دووبەرەکییە و فیتنە لەناوە
هۆمان کەوتۆتە گوێرەکەی لاوە

ژیان ژمارە ٤٢٧، ١٩٣٥/١/١٩ ز ١٤ شوال ١٣٥٣ ك .

[1] پیرەمێرد بۆ ئەم پەندە ناونیشانی " باوە گوڕگوڕ و بالۆرەی خۆمان"ی داناوە
[2] واتە یەکێك دروست دەکا و یەکێکی دی دەیرووخێنێ. نیو دێرەکە "مەسەلێکی تورکییە".

وا "ڕەشەمێ"یە مرمیاو مرمیاوە
بۆرە سوار بوونی "داوود" دەم خاوە
"مریەم" بەرنادا هێندە بە جۆشە
تا کەر لە بەغدا نەزەرێ بۆشە
ئەمە شەرتێکە بۆ مندالانە
ئێستا تا حەز کەی هێندە ئاسانە
لە خەودا سواری کەر ئیعتیبارە
بەلام بە دیمەن هەر ئەو سوارە
بورجی پیرێژن ئەمسالّ کەم سەختە
ئەو لە پیاو زۆرتر بە ڕاو و بەختە
ئەگەر بێ و بیکا بە زوقم و سەهۆلّ
هەژارەکانمان چی دەگرنە کۆلّ

ژین ژمارە ٤٢٨ی ٢٦ کانوونی دووەمی سالّی ١٩٣٥ی ز- ٢١ شوالی ١٣٥٣ ك .

که شاخی گۆیژه بەفری چووەوە
پەندی پێشینان زیندوو بووەوە
پێم بڵێی ڕۆڵە لەبەرت دەمرم
خشتم تێبگری بەردت تێدەگرم
کەواکەی خۆمە ئەیکەیتە بەرم
ڕۆنەکەی خۆمە ئەیدەیتە سەرم
کە ژن ملکەچ بوو بە نانی شوانێ
بۆچی لێی ئەدەی بە کوڵە گۆچانێ
کاسە کە پڕ بوو دیارە ئەڕژێ
بەرداش لێك کەون تۆزیان ئەپرژێ
لەگەڵ هاومالا مەکەوە ورتە
لە جێی "سندان"ی تۆ "قوززەلقورتە"
تا دەسندەت بێ قەدرت لە لامە
کەوم بۆ نەگری پێت نالێم مامە
کەمتیار ئەگەر پێی بلێی چاکە
قولە پێی ئەسمی هێشتا دەنگ ناکا
هەنگەلانەکەم هەمووی هەنگوینە
خورمای کورد کوژەم لە لا شیرینە!
تەرس هەڵدەڕێژی خورما بە جەواڵ
بۆیە دەکەونە شوێن کەری جەجاڵ
کە لەناو خۆتا هات و ڕێك کەوتی
ئیتر لە ترسی لاوە سرەوتی

ژین ژمارە ٤٣١ی ١٩٣٥/٢/١٦ ز ١٣زیلقەعیدە ساڵی ١٣٥٣ ك.

٤٣٢

دڵ ئەڕەنجێنێ پیاوی بێکەماڵ
بە هەڵەوەڕی دز دێتە سەر ماڵ
قرژانگ کە ستمی و وازی لێهینام
زوو تێگەیشتم کە چۆنی بەردام
بۆ دەربەدەرێ مەکەوە سەما
ئەگەر چاك بوایە لە جێی خۆی دەما
گوڵ لەسەر لقی خۆیا ڕەنگینە
بەردیش لە جێگای خۆیا سەنگینە
بچۆرە شارێ کە کەس نەتناسێ
تێر خۆت هەڵکێشە پڕ بە کراسێ
با، مێخ سندانی تورِ نەدایە دەر
پێچە کلۆیان دەهاویشتە بەر
خوا منی لە ژوور تۆوە داناوە
هەر چییەك دەیکەی خەیاڵی خاوە
قاچاقچی نەما ڕێژی لە ناوە[1]
بێ توتنییە ئەم بەند و باوە
دارکیشی ناری نەمردود بوو ئێستر
گوێ درێژی گولە ڕەهبەری حوشتر
دەروێشی بەنگ کێش سەر دەنێتە تاق
بۆ بێگانەیە تریاقی عیراق

زین ژمارە ٤٣٢ی ١٩٣٥/٢/٢٣ ز- ٢٠ زیلقەعیدەی ساڵی ١٣٥٣ ك.

---

[1] ڕێژی : کاکەی فەللاح بە خەڵووزی لێك داوەتەوە، بەڵام لێرەدا مەبەست لەوەیە کە "پۆلیسی گومرك لە ناوە".

خوا عەیبی بزنی دەرخستوەتە ڕوو
کەچی کڵاوی کردوە بۆ بەڕوو
چێشتت بۆ ناکوڵێ بە بێئاگرێ
خورمایش موتوربە نەکرێ ناگرێ
دیجلە ئەم هەموو خەلیقەی دیوە[1]
لە لەنجە و لاری خۆی نەلەخشیوە
هەر کە لوێ، بەردێ لە تاقی کیسرا[2]
ئایەتێکە بۆ "لیلەالاسرا"
بە زۆری پەنجەی عەشقێکی خایەن
شیرینی ئەرمەن کەوتە مەدایەن
بێستون بە عەشق لە بن کەنراوە
شۆرەتی شۆری بۆ فەرهاد ماوە
ئەڵێن: فەرهادیش کوردە بەجێیە
ڕەنجەڕۆی وەك ئەو کورد نەبێ کێیە؟!
ئەفسانەی سەودا نەما بە سەرچوو
ئێستا "جیازیی" کچ ئەدا بە شوو
خزمەتی وەتەن گوزەشتەی پارە
هەموو بۆ پارە ئەبین بە پارە
هاوار لیرەی زەرد زرینگەی خۆشە
کە هاتە بەر گوێ خودگیری بۆشە
دەوران دەورانە وەك بابی بابی
مەبعووسی بووە بە نوقڵی بابی
جووجەڵە دەندوك لە هێلکە ئەدا[3]
دووپشك بە بێقین پێتەوە ئەدا

ژین

ژمارە٤٤١ی ١٩٣٥/٥/١١

---

[1] لای کاکەی فەللاح لە بری " خەلیقە" " خەلیفە" نووسراوە.
[2] لای کاکەی فەللاح لە بری " کەلوێ" گەلوێ" نووسراوە.
[3] لای کاکەی فەللاح لە بری " دەندووك" " بە دەندووك" نووسراوە.

٤٤٣

هەڵۆ بەرز فڕی کەوتە سەر شارێ[1]
تیری پەڕی خۆی هێنایە خوارێ
ئەوی نەدیمی پیاوی گەورەیە
ئەبێ "چاك بێژ" بێ دەوران دەورەیە
دڵخۆشی نەخۆش دەرمانی دەردە
خەڵك بێزار ئەبێ لە بگرە و بەردە
دوکتۆرێ هاتووە ئەڵێن کەحالە
تێی ورووژاون ئەڵێی دەجالە
بۆ موستەشفاکەی زوور شار ڕام کێشە[2]
ڕازیانەم خوارد و بوو بە زگ ئێشە
دوومەلان بۆیە پێی دەڵێن زۆڵە
بە بێتۆ و دەڕوێ لەو دەشتە چۆڵە
ئەڵێن گوڵەژەن لە هەموو ماڵێ
ئەگەڕێ و دەرپێی لێ دادەماڵێ
من بۆیە بستەم هێندە خۆش ئەوێ
چی لە دڵ دایە ڕاست دەردەکەوێ
وتیان پێغەمبەر بە کوێدا سەرکەوت
وتی پەیژەکەی عیسای بەدەست کەوت
کابرا وتوویە" میقروبی — هەی دێ"
میقرۆب ئەوەیە کە لە لاوە دێ

ژین ژمارە ٤٤٣ ، ١٩٣٥/٥/٢٥ ز

---

[1] ئەم پەندە بە ناونیشانی " بۆ کەشفی میقرۆب" بڵاو کراوەتەوە.
[2] لای کاکەی فەللاح نووسراوە " بۆ خەستەخانەی زووروو ڕام کێشە."

٤٤٤

کەرەکەی عیسا ببەنە مەککە
بلێن: گۆڕاوە تۆ باوەڕ مەکە
زەمانەی عیسا و مووسا بەسەرچوو
ڕووی درۆزنی تێدا ڕەش ئەبوو
ئێستا دەورێکە درۆی وا دەکرێ
ئاسمانیلی یە و بە باڵ ئەفڕێ
موسایی هامان ئەکوژن بێئامان
زۆری وا هەیە بیکەن بە هامان
پاپا "ئافەرۆز" ئەکا لەبەر قین
ئێمە بۆچ فێری " ئافەرۆز" نەبین
بۆیقوتاژ حیسسی میللی زیاد ئەکا
ئەو پیشە چاکە نان بە زیاد ئەکا
چونکو موحتاجین بە نانی شەوێ
بووینە عیسایی سێ خوامان ئەوێ

ژین ژمارە ٤٤٤ی ١٩٣٥/٦/١ ز .

کوردی دۆ نەدیو پف لە دۆ ناکا
کە تێریشی خوارد ڕوو لە تۆ ناکا
ئەڵێی تۆفانی نووحە هەستاوە
باوك ئەولادی ژێر پێی خۆی ناوە
بە خاڵۆ خاڵۆ هات بە لامەوە
بوو بە توولەمار دای وە پامەوە
ئەگەر کەڵکی بێ ئەوسا خاڵەیە
ئێستا دەور دەوری سوورە داڵەیە
هەندێکمان هەیە ڕەگی خەو ئەگرن
تا ئیشیان هەیە لەبەر پیاو ئەمرن
ئەمڕۆ لە لایان ساحێب مەقامی
پێت هەڵخلیسکا شێت و نەفامی
سەیر ئەو سەیرەیە ئەمەیش ئەزانین
دێین خۆما لادەین کەچی ناتوانین
ئاخ خۆزگە هێندەی سەخی و جەسوورین
چی دەبوو بەدڵ لە یەك ببوورین
ئەو قەومە بەرز و ساحێب مەنزڵن
کە لەگەڵ یەکدا ڕاست و یەك دڵن
ئەوەی بە بەشی خۆی نارەزایە
بە هەوڵی بێجێ ڕووی لە قەزایە
تیری دۆست لە پێی " ژیان" درابوو
زۆراب بە تیغی ڕۆستەم کوژرابوو
بە بەردەباران کورد نەمردبوو
بە گوڵی دۆستێ گیانی دەرچووبوو

ژیان ژمارە٤٤٦ ، ١٩٣٥/٦/١٥ ز .

٤٤٧

به واته واته پیاو ئەبیێتەوه
خووی منداڵیمان لێ ئەژیێتەوه
سەر و گوێی یەکمان شکاند بە کوتەك
چەند لێك خەڕۆ بووین بە شەڕە گەڕەك
من " کۆیژە"ییم و تۆ "کانیەسکانی"
لە یەك بووبووینە دوژمنی گیانی
هیتلەر و یەهوود هێندە دوژمن نین
ئەوەندەی ئێمە لێك هاتوینە قین
ئەو ئیشەش کەوا ڕاجیع بە خوا بێ
بە زۆری بازووی هیچ لایێ نابێ
پشتیوانەکەت ئەگەر بەکارە
باراش لە ئاشی ژووروو بهارە
ئەگینا کارمان لێرە لە پاشە
پیشەی پێشوومان دەوەن بە ئاشە
جاران ئیتالیا شەڕەگای ئەکرد
وتیان خراپە پێیان لەناو برد
ئێمە بەران و کەو و کەڵەشێر
تێك بەر ئەدەین و سەگ دەکەین بە شێر
هەموو دەرسی شەڕ ئاخر شەڕییە
بۆیە هەڵکردمان کوێرەوەرییە

ژیان ژمارە ٤٤٧ ، ١٩٣٥/٧/٧

گەرمای هاوینە گەرمەی میوەیە
ئاخ میوە ئەمساڵ شەرای پێوەیە
کاڵەك گران بوو تێرم لێ نەخوارد
کەچی کوتوپڕ گەرمای تی بنارد
خوا نەیداوینێ ساڵێ ئۆخەی کەین
شادی بێ و تاڵی نەکەوێتە بەین[1]
ئێستا وەختێکە بە خۆشی و سەیران
هەموو ئێواران بچینە سەر بێستان
کەچی بەهیچە بۆ قینەبەری
لە خۆش ڕابواردن خۆ دەکەین بەری
عەییزاغا و میرزا زیندوو بوونەوە
شێرزاد و شێرخان تێك هەڵچوونەوە[2]
ئەوە چاکی کرد بێلایی نواند
لای "معاویە" تیکەی خۆی ئەگلاند[3]
نوێژی لە پشتی " عەلی"یەوە دەکرد
کە بوو بە هەڵدا ڕای کردە سەر گرد
خۆ من نەوسنم بەڵام ئەو نانە
کە بۆنی لێ بی نایخۆم گرانە
لە پشت کەسەوە جەماعەت ناکەم
بۆ وڵاتەکەم بە هیوای چاکەم
هەڵدایشم ناوێ بۆی بچمە سەر گرد
ئاخ هەموو لایێ وەك منیان دەکرد

[1] لای کاکەی فەللاح نووسراوە: شادیی و تاڵی نەکەوێتە بەین.

[2] پیرە مێرد خۆی لە دەستنووسەکەدا نووسیویەتی کە مەبەستی لە عەییزاغا، عەزیزاغای چاوقووڵە کە لە چاپخانەکانی سلێمانیدا کتێبی ئەسکەندەری نامەی خوێندۆتەوە. " میرزا" ش میرزای ئێرانییە کە لە قاوەخانەی سەرچیمەن شێرزاد خانی شێر دەرەو شێرخانی تێك بەرئەدا.

[3] پیرە مێرد دەڵێ یەکێ لە ئەسحاب لە موحارەبەی " سفین"دا نانی معاوییەی ئەخوارد، نوێژی لە پشت عەلییەوە دەکرد کە شەڕیان ئەکرد ئەچوو لە سەر گردەکە دادەنیشت و ئەیگوت:" الاکام عند معاویە اکعم، والصلاە خلفِ علی اتم و الجلوس علی التل اسلم."

ئێمە کە لەسەر هیچمان نەکردن
دوو کەس دەمێنێ شایستەی مردن
خۆزگە بۆ چاکی وا یەك دەکەوتین
بە هیچ قووەتێ دانەدەکەوتین

ژیان ژمارە ٤٤٩ ، ١٩٣٥/٦/٢٠

ئەو دەمە بەختم لێبوو بە دوژمن
کە کەرە دێزەم بوو بە ڕمووزن
ئەو دەمە هۆشم لێ شێواو وەستام
کە هەرچی هەڵسا وتی ئاش وەستام
خزمەتی دەکەم هێشتا لێم ساردە
تۆخوا مەلاگەل ! ئەمیشە ئاردە؟!
دەوڵەمەند پارەی بە کەس نەداوە
پارەپەرستی ئەڕوا لە دواوە
ئەوی پێی ئەڵێن: وا برۆ دەڕوا
بە هیچ قەولێکی ناکرێ بڕوا
ئەوی جلەوی خۆی دایە دەس خەڵك
ناوی نراوە زەبوون و بێکەڵك
زەردەواڵەمان جارێ ئالۆزاند
نانی شوانمان خوارد گەوجیمان نواند
لە هەر دوو لاوە تووشی جەزا بووین
تەمێمان نەخوارد دیسان تێهەڵچووین
تاریکایی شەو ئێوارە دیارە
ئەڵێن خاکەکەی بەدە ئەم شارە

ژیان ژمارە ٤٥٠ ، ١٩٣٥/٨/٣ ز .

٤٥١

ئەمساڵ ئینتیخاب کەوتە باحورا
زۆر کەس دەروونی ئاگری تیا گڕا
ئاویشمان کەمە بۆ ئاگر بڕی
ئەویش هاتۆتە سەر نۆرە بڕی
ئاخ بۆ میراوی خاوەند مرووەت
ئاو و نووابی بکا بە نۆبەت
مادام هاتۆتە سەر تێکە و لێکە
یەکێ تێگەیی زۆر ڕێکوپێکە
چونکو بۆ هەندێ هێندە تەلاشە
لەخزمەت زیاتر هەوڵی مەعاشە
بارێ دەوڵەمەند نەقۆزێتەوە
ساڵی هەوارێ بگوێزێتەوە
یا سوبع و ڕوبعی بۆ کارێکی خێر
ببەخشێ و چاوی چواری لێ بێ تێر
چاوێ تێر نەخوا بە بەشی خێوی
گۆڕ وایە خاکی گۆڕی پێ بپێوی
ئەی ئەو کەسانەی بە خۆ دەنازن
تا دەمرن حەسرەت بە نان و پیازن
هونەر ئەوەیە بەختی لەگەڵ بێ
چیمەنتۆ نەبێ لی تێکەڵ بێ
جەوهەر بۆ دادی حەق بێبەهایە
بە مێردی نییە زۆر جار بە خوایە
من سێ ڕۆژگانەی خۆم پێ بڕاوە
نازانم چیمە لەم بەندوباوە؟

ژیان ژمارە ٤٥١ ١٩٣٥/٨/١٧ ز.

پیرەمێرد وەکوو بۆ خۆی نووسیویە ئەم پەندەی بە بۆنەی کەموکوڕی ئاو لە سلێمانی هەڵبژاردنی "مەبعووس"ەکانی – کە ئەمین زەکی بەگ و عەلی کەمال و سەیفوڵڵا بەگ و مەحەممەد ساڵح بەگ و حامید بەگی جاف و شێخ جەلال ئەفەندی بوون نووسیوە.

٤٥٢

وا گرد بوونەوە پایزە براکانن
بەڵ:و یەك کەون هیممەتی چاکان
بەڵام وەك ئاردی ناو درك وایە
برایش لەگەڵ نایێنە کایە[١]
خۆ وڵاتیمان بۆچ لا چا نابێ؟
گوێلکی خۆماڵی بۆچ بە گا نابێ
مەڵێن: شیلاوگ مایەی پەنیرە
فیتنە هەوێنی نۆ قازان شیرە
مەدحی ڕووبەڕوو پیاو ئەدا بە شوو
زۆر دۆستی سەر نان بە دوژمن دەرچوو
خوا موسا بۆ سەر فیرعەون ئەنێرێ
کەچی جار جار مەڕ بە گورگ ئەسپێرێ
پیاو بۆ بۆرە پیاو ڕۆحی خۆی سەرف کرد
کەچی پێی دەگوت بە دەردی خۆی مرد
ئەو کانیەی ئاوی لێ دەخۆینەوە
بە نابەکاری پڕی دەکەینەوە[٢]
ئەوەی کە وەفای بۆ دوای خۆی نەبێ
ئیتر تۆ دەبێ هیوای چیت پێی بێ[٣]
سیاسەت پیشەی ئاغای بێڕیشە
بۆیە گەلێ پیاو بێ ئیش و ڕیشە
زۆر ڕیش و سمێڵ تاشراو وەك ئەوان
خۆزگە ڕیش نەبوو بە مۆدەی ژنان
نۆخەی ژنان بوون بە گەورەی گەڕەك
ئەبێ دەستەی تر بچنە بەر خەڕەك

---

[١] ژین ژمارە ٥٣٩.
[٢] ژین ژمارە ٥٣٩.
[٣] "ژین"ی ژمارە "٤٥٢"و"٤٥٥".

ئینجا هێندێکیان چۆنی دەڕێسن
لەگەڵ گوێچنە بەرزە بڵێسن
بە نار نارۆکە سەر دەلەقێنن
دەم بۆ یارۆی خەڵك دادەچەقێنن[1]
ئاخ خوێندەواری فریامان کەوە
بۆ عالەم ڕۆژە بۆ ئێمە شەوە

ژیان ژمارە "٤٥٢"ی ١٩٣٥/٨/٢٤ هەروەها لە ژمارە "٤٥٥"ی ١٩٣٥/٨/٢١دا جارێکی تر بڵاو کراوەتەوە. هەروەها لە ژمارە " ٥٢٩"ی ١٩٣٧/٨/٢٠دا جارێکی تر بڵاو کراوەتەوە.

[1] "ژین"ی ژمارە " ٥٢٩"

٤٥٣

جالینۆس ئەڵێ: تاقیم کردەوە
هەر قەومێ ناسرا بە پێی کردەوە
هیندی و حەکیمی، فورس و تەکەببور
تورك ئیتاعەت، ئەرمەن سفرەدڕ
عارەبی بەڕی و میوان پەروەری
کورد و ئازایی، بە ماڵ و سەری
حەبەش سەداقەت، شامی و شەئامەت
مەلا و چرووکی ، زەنگی و حەماقەت
کورت و فیتنەیی، درێژی و بێهۆش
لە دوو جەژنان بوو شێخی نوێژ فرۆش
ئاین و ئۆینی مووزەردی چاوکاڵ
شەهوەت پەرستی ڕەشی ڕوو بەخاڵ
کوێر و حافیزە جوولەکە و حیساب
بەنگ و کەساسی دەوڵەت و شەراب
جاف بۆ زییانی ، هەمەوەند بۆ شەڕ
شێخ و تەفرەقە، زەنگەنە بۆ گەڕ
پشدەر جەنگاوەر ڕێکن و یەکەن
شوان و دزەیی لە ناویان ئەکەن
بانەیی دەڵێن: ئەسحابە کوژن
سیوەیلی ئێستا قامك دەمژن

ژیان ژمارە "٤٥٣"ی ١٩٣٥/٨/٣١ ز .

٤٥٤

به ڕیسی خەڵکی بۆچ ئەڵێی: پەتە
زوبانت بێڵێ سەرت ڕەحەتە
پیاوی زۆربڵێ بۆ دۆزەخ بەرە
لەوێشدا ئەڵێ: دارەکەی تەڕە
وەختێ ئەتوانی بە گژ مندا بێی
بۆ بەرهەڵستی زۆری من بشێی
پێ لە مار مەنێ هەر چەند سڕیش بێ
مەچۆ ڕێی بەراز لە ڕەو بڕیش بێ
تەنها گاجوتێ زیان دەنوێنێ
کەچی گاگەلێ تێوە ئەگلێنێ
ئێستا من بۆیە ناوم پورێیە..
خەتا سوورێیە و لە خۆم دوورێیە[١]
دنیا شێواوە بە شڕم بڕم
دەست بە کڵاوی خۆمەوە دەگرم
هێشتاکو، بێستان بەرەڵا نییە
ئەم دووگە چەورە بێبەڵا نییە

ژیان ژمارە "٤٥٤"ی ١٩٣٥/٩/١٤ ز .

---

[١] لە خۆم دوورێیە " دەستنووسی پیرەمێرد" لە من دوورێیە" چاپی کاکەی فەللاح" .

٤٥٦

به حوشتریان وت: خوا کورت باتێ
وتی: من بێبار، نامێنم ساتێ
تا کار نەشێوێ ناگاتە سامان
وەختە بۆ هەنگوین بچمە هەورامان
ئاوی پایزان لە بەفراو ئەکا
ئەوی تێر نەخوا چی لە ئاو ئەکا
شارێ بێکاری زوور بە کار کەوێ
پیاوی پیاو هەرگیز تێیدا ناسرەوێ!
دێی فرە کوێخا ئاوەدان نابێ
پیاوی زۆر بڵێ، نوکتەدان نابێ
هەرچی خەڵك لە زوور خۆیەوە بگرێ
ئەوی دەیناسێ لەبەری دەمرێ
ئەوی بە لۆقە رێی دۆست ئەبەستێ
با بە لۆقیش بێ ! زووتر دەوەستێ
هەوا پەرستی هیند لووتی بەرزە[١]
لووتی ئەبێتە کۆڵکی تەرزە !
یەك دڵ و یەکسان چەند خۆشە یاران
بێخەم، بێپەروا لە تەرزە و باران
پێنج و دوو رۆچێ دنیا رابوێرین
دوشمن لە پردی نامەرد هەڵدێرین
بەڵام وەك دەستمان خۆیشمان بڵاوین
یەك ناگرین بۆیە وا بێکڵاوین

ژین، ژمارە ٤٥٦ ، ١٩٣٥/٩/٢٨ ز.

---

[١] هەوا پەرستی " پیرەمێرد" هیوا پەرستی "کاکەی فەللاح".

سەرما هات بەرگی هەتیوی دڕی
هەور لە خەرمانی چەڵتووکی خوڕی
ئەمساڵ ناترسم کە لافاو بمبا
من دەورەی حەربی عوموومیم دیوە
ئەوەی بترسێ دەستی بڕیوە
بۆیە حەز ئەکەم باران بباریٚ
لەم بێئاوییە ڕسکا بێ شاریٚ
هەموو لە تینوا ئاخ هەڵدەکێشن
هێشتا بۆ ماڵان ئاو ڕادەکێشن
ماکینەی گەورەی ئەلەکتریك هات
خوا یار بێ نووری فەن کەوتە وڵات
نان و گۆشت نرخی کەم کرایەوە
پارەی " کیلۆ وات" وەك خۆی مایەوە
بۆ حەسحەسانە پیاو ئەخنکێنن
کەچی لە ماسی ڕەسم ناسێنن
بۆ مەستی توتن ئەپرسنەوە
قاچاغی "ماسی" ئەبەشنەوە
بەنی گرژ خەرجی هەوسار هۆنینە
دەزووی خاو تەنها بۆ لەرز بڕینە
ئەسپی بێهەوسار زوو بێ جل ئەبێ
پیاو سەربزێو بێ ئەستۆی شل ئەبێ

ژیان ژمارە "٤٥٧"ی ١٩٣٥/١/٥ ز .

٤٥٨

لێرە لە چاکە و نەزاکەت گەڕێ
کوتەك لە بەهەشت هاتۆتە دەرێ
زۆر جارم وتوە خەڕۆ بێ گوێیە
کوتەك دەزانی قۆناغ لە کوێیە
ئەگەر خوا باڵی بە فیل بدایە
ئەبوو سەربانمان گشت بڕووخایە
خۆت هەڵمەکێشە و مەڕۆ بە عینوان
تفەنگ بۆ نیشان ئەسپیش بۆ مەیدان
ئێستا وا لێمان کەوتنە بەهانە
بەدەست خەڵکەوە بێڵ زۆر ئاسانە
شوهرەت ئافەتە لێت نابێتەوە
جام بشکێ بەلام نەزرینگێتەوە
شەڕی ئیتالیا گرانی پێیە
کەر لە کوێ کەوتو کوندە لە کوێیە
توخوا لێی گەڕێ باحاڵمان وا بێ
تالعی ئێمە ئەبێ شۆربا بێ
بە تەقویم سەرمای ئەمساڵ خەتەرە
مەکتەکەیشمان لە شار بەدەرە
لە مەعاریف دا هەر شار بەدەرین
بۆیە وەك خاکین هەر خاك بە سەرین

ژیان ژمارە " ٤٥٨" ١٩٣٥/١٠/١٢ ز .

شەوی پایزان پیران نانوێنێ
کەڵەشێرێکیش نییە بخوێنێ
زۆربەی کەڵەشێر لە دێی " ماوەتە"
کەڵەشێر کوشتن لایان لەعنەتە
شەومان درێژە و ڕۆژمان بە هەورە
نمەکمان سوێرە و پلاومان چەورە
هیچ کەس نابینم دڵسۆز بێ بۆمان
زوو پیاو ئەگۆڕێ ناوی "کانیەسکان"!!
گونای کەس نییە خەتای خۆمانە
جێگای هیوامان" گردی سەیوانە"
هەندێ بە کێلی باوکیان ئەنازن
هەندێ بۆ ئاشووب ئاواتەخوازن
هەندێ کتێکیان لەلا وەك شێرە
هەندێ هێندەیە تا سکیان تێرە
ئەڵێن مردووشۆر پارەی بەرێ زوو
خوای دەکرد مردوو گۆڕ بە گۆڕ دەچوو
پەردەی بینایی ئەسپ و شێر وایە
سامی ئینسانی وەك دێۆ لە لایە
ئەگینە ئێمە چۆن سواریان ئەبین
دوو هێندەی ئێمە لێیان ناترسین
ژن تەڵاق ئەدەین شوو ئەکا زۆر باش
ئەڵێین قەی ناکا بۆمان بوو " بەجاش"

ژیان ژمارە "٤٥٩"ی ١٩٣٥/١٠/١٩ ز .

بۆنی گول لە لای قالۆنچە دەردە
ژن بێ ڕووسووری ناچێتە پەردە
"برا ! ئەم پیاگە سەیری چەند خۆشە
من بێژم: نێرە، بێژێ : بیدۆشە"
ئۆخەیچ کە ئێستا زۆردار بێهێزە
لە بیرتە ئەیگوت گاڵت وە گوێزە
نەك ئەمری وەزیر فەرموودەی شا بێ
لەم زەویە ڕەقە چەوەندەر نابێ
کە تۆ خۆت شل کرد لە ڕووی ناکەسێ
ئەڵێ: بڕوانە چۆن لێم ئەترسێ؟
چاکە لەگەڵ بەد خراپ ناو ئەبرێ
کە گورگ بەخێو کەی خوای مەڕ ئەتگرێ
مێروولە کە خوا غەزەبی لێگرت
کاتێکت زانی لە پڕ باڵی گرت
خانوێکم هەیە زۆر ناتەواوە
دار و پەردووی باش ئێستا نەماوە
ساڵی سێ جاری هەڵدەگێڕمەوە
لە پڕ دەڕووخێ ناحەوێمەوە
ئەمساڵ مەبعووسی هاتوەتە ڕەواج
ڕەسمی ئیفتیتاح کەوتە بەر میعراج
بەڵام عومر و ڕزق لە بەراتایە
بزانین بە بەرات کێ دێتە کایە
شایی شاییکەر لۆغەی دراوسێ
لە تازیەی ژنان سەرم دەئاوسێ

ژیان ژمارە "٤٦٠"ی ١٩٣٥/١١/٩ ز.

٤٦١

وا ڕەمەزان دێ ئەبێ بە کوێخا
پەکی کەشکەك و گیپەکەم ئەخا
ئەگەر من بڵێم: ڕەمەزان نییە
کێ لێم دەپرسێ جەزاکەم چییە؟
چونکو گوناهی لەوە گەورەتر
ئەمەندە زۆرە بە باری حوشتر
باقڵ دەچینە پەردەی ئیعتیکاف
جنۆکە دەبەن بۆ پشت کێوی قاف
ئەوەڵلا ڕەست و داو هێند گرانە
بە قەد ڕکاتی تەراویحمانە
تاریکە شەوە و ئەحزاب لە ناوە
"ڕەمەزان" بە جەنگە و " سەفەر" بەدناوە
لە ئەفەریقا بووە بە گەردەش
دونیا شێواوە وەك مووی قولە ڕەش
جاران جوولەکە خومی ئەشێوا
ئەکەوتە درۆ و قوڕی دەپێوا
ئێستا بێئەوەی کە خوم بشێوێ
درۆی وا دەکەین بە قەدەر کێوێ
ئەڵێن: بۆ مەئموور مەنشوور دراوە
خاتر و خۆتر بۆ کەس نەماوە
کەچی پێکوڕە داشی دامەیە
نازانین تەقی و شەقی کامەیە

ژیان ژمارە "٤٦١"ی ١٩٢٥/١١/١٦ ز.

پیرەمێرد لە سەر ئەم دێڕە پەندە نووسیویەتی کوللە کە بێچوو هەڵدێنێ و هێشتا تەواو باڵ ناگرێ ئەو وردە کوللەیە پێکوڕەیە، وردە مەئمووریش پێکوڕەن وەکو داشی دامە لەم خان بۆ ئەو خان ئەیانگوێزنەوە.

٤٦٢

یەکێ تەعریفی قانوونی پرسی
وتی: ئەیزانی ئەگەر نەترسی
وتم من ئێستا لە دونیادا نیم
بە خواردەمەنی و زەماوەند ئەژیم
قانوون بۆ بەزم و بۆ زەماوەند
گۆرانی لەسەر "قانوون" پەسندە
جاران ئەیانگوت " قانوون" ڕێبازە
بەو ئەندازەیە هەرگیز مەنازە
بۆ سلێمانیش قانوون نەبووە
قانوونی خوامان لا بەسەر چووە
هەندێ بە ئەحزاب خۆیان هەڵدەنێن
نوقتەی سەرەوەی لای ڕاست دائەنێن
ئێمە کە فێری شەڕە گەڕەکین
کە بووینە ئەحزاب کێ دەڵێ یەکین
هەندێ بە عیلم و خووی چاك ئەنازن
تا دەمرن حەسرەت بە نان و پیازن
وەکو ئاغاکەی دێی "سیا مەنسوور"
مەدحێکی زۆریان کرد بە واتەی دوور
کە هاتە ئێرە منیش هەر وام دی
کەچی وەعدێ دا زوو هێنایە دی
بەوە تێگەییم کە نابێ بە پیاو
چونکە بە درۆ "رجال" دێتە ناو

ژیان ژمارە "٤٦٢"ی ١٩٣٥/١٢/١٤ ز.

پیرەمێرد لە دەستنووسەکەدا نووسیویەتی "شێخ قادری سیا مەنسووری وەعدی دا وەعدەکەی خۆی بەجێ هێنا بەوە تێگەییم کە نابێ بە پیاو یانی درۆی نەکرد حاڵ وایە ئینسان بە درۆ دەبێتە پیاوی گەورە" مەبەستی لە "پیاو" لێرەدا پیاوی گەورە و خاوەن پایەیە، ئەگینا شێخ قادر پیاوێکی پیاوانەی هەڵکەوتوو بوو.

٤٦٣

جاران کاسەی دۆ کەوچکی تیا بوو
بە ڕیزە هەر کەس نۆرەی جیا بوو
ئێستا هەر کەسێ پیاڵەی خۆی پڕ کا
بەشی کەس نادا بشڵێی: وا خنکا
"ئەسکەمل" جاران کە سیرمەدار بوو
هەر چوار تەرەق لێوە دیار بوو
ئێستا گەورەکان "قوڵتۆغ" نشینن
ئەم لاو ئەولا و دوای خۆیان نابینن
خۆزگە ئەو عەقڵەی پێش چوونە سەرکار
لە سەردا ئەما و ئەتهێنایە کار
خۆزگە بەڵێن وەك ماست سپی دەبوو
بەسەر لێوەوە شوێنێکی دەبوو
ماست و ڕاست ئێستا بوونە مۆدەی کۆن
شەرم و تەریقی نەهێشتوە" پاردۆن"[1]
بیستم ئاغاکەی دێی "سیا مەنسوور"
ئەحواڵی منی کردووە بە دەستوور
وتوویە تاکو پیشەی درۆ بوو
موتەسەڕڕیف بوو هەم سەربەخۆ بوو
بووبوو بە عوزوی مەجلیسی عالی
زۆری نەمابوو ببێ بە والی
ئێستا کە تەرکی درۆی کردووە
چاوەڕێی کەوش و پاڵتۆی مردووە
ئەو ماڵ وێرانە بۆچ وا ڕاست ئەڕوا
ئەم ڕاستگۆییە ئەوی خستە دوا

ژیان ژمارە "٤٦٣"ی ١٩٣٦/١/٤ ز .

---

[1] پاردۆن : واتە ببوورە.

ساف دەروون، داری دەستی بەدکارە
بۆیە شەڕەدار زۆرە لەم شارە
ئەو قەومەی پیشەی دەوەن بە ئاشە
سێبەری ڕوە و ڕۆژە لە پاشە
ئەو پیاوە گەورەی کە خۆش باوەڕە
بەدەست خەڵکەوە مێکوتی ساوەرە
زینهار خوار دەستت بە کەم مەبینە
بۆیە بە کینە لێت نا ئەمینە
هی وامان هەیە دێتە لات خۆشێ
بە خۆت نازانی، تا دەتفرۆشێ
بە بەندیخانە پیاو عاقڵ دەبێ
هەندێ سەرچڵ و زۆرە مل دەبێ
هەندێ بە فریو گەیوەتە پایە
شەیتان لە بەرگی فریشتەدایە
کەسی بوێرێ بیسمیللا بکا
وەرە سەیر کە چۆن ئابڕوویان تکا
سەلاحییەتی ساڵحانم نییە
بڵێم: ئەمە ڕەش، ئەمە سپییە
کە کەلیمەی " ڕەش" وەر گەڕێتەوە
دەبینی شەڕی لێ دەبێتەوە
جەژنی میلاد و ئێمە یەك کەوتن
ئێرە بۆیە یەك ناکەون چەوتن
جاران حاجیلا بەخێری باو بوو
لە بەختی ئێمە گوێزی بێ ناو بوو

ژیان ژمارە "٤٦٢"ی ١٩٣٦/١/١١ ز.

پیاوی ناوەجاخ مەخەنە سەر کار
هاوڕێکانیشی دەکا بە بێعار
ئەوی تێکۆشێ و ئیش بکا بێدەنگ
"دەماوەرێك" دێ و دەیکا بە پارسەنگ
ئەگەر پێم بڵێیت ئامشۆی کێ دەکەی ؟
ئەلێم یا خراپ یا بەجێ دەکەی
هەر چشتێ زۆر بێ هەرزان بیکڕە
عیلم تا زۆر بێ بەهای زۆرترە
ئەدەب تاجێکە لە نووری یەزدان
بیکەرە سەر و بچۆرە ئاسمان
بێئەدەب ئاوی ئەدەبخانەی دێ
بەردی تێگرێ پڕیشکت بۆ دێ
"بە خۆوە نەدیو" دەم قاڵی دەوێ
لە سەرخۆش گەڕێ ئەو خۆی دەکەوێ
بۆ خۆ هەڵکێشان زەعیم بوزورگن
هەندێکی تر هەن سپڵی لاورگن
شەوچەرە لەبەر "سپڵە" دامەنێ
کە خواردی و ڕۆیی پێت پێدەکەنێ
بەڵام تۆ بیدە بام پێ نەزانن
لێیان ببوورە قوڕی زستانن
ئاخۆ گەردشی کورسی چی لێهات؟
هیوا بۆ قابسز ترس بۆ دەسەڵات
بێ "دۆ" بە هیوای شیری مەڕ ئەژی
کاتێکی زانی بەرخ مەڕی مژی
"بابی بابی" یە کایەی زەمانە
ئەم چەرخە کۆنە دەوران دەورانە
پەندی پێشینان هەر چەند پەسەندە
پەندی ئەم پەندە جائیزەی بەندە

ژیان ژمارە "٤٦٥"ی ١٩٣٦/١/١٨ ز.

ئەگەر سەعاتت زۆر دەستی لێدەی
ئاخری تێك ئەچێ ئەبێ فڕێی دەی
بە سەر دۆستا بێی بە دیارییەوە
لەوە چاکترە کین بشاریەوە
کە ئیشێکت کرد زانیت خەتایە
بگەڕێیتەوە بوزورگی تیایە
ئەگەر لێبووردی بێ پەشیمانی
ئەنجا لەزەتی عەفو دەزانی
ئەگەر بێی بە قین تۆڵە بستێنی
خەوی ڕەحەتی لای خۆت نابینی
ئەوە، جنێوت پێ دەگەیەنێ
کەوا جنێوت پێ دەگەیەنێ
کە دوو کەس ئاشت بن بە تۆ چاکترە
هەر ڕۆژەی سفرەی لایە حازرە
کە سەری هەودای ویجدانت بەردا
ئەم دیو ئەو دیوت زۆر دێ بە سەردا
ئەڵێن: پیرێژن بە تەفرە و مەکرە
کەچی جوانەکان کەوتوونە دەورە
بورجی پیرێژن هێشتا ماویە
جوانەژن پێشین بەد و باویە
ئەیشزانن جێی کەس بەوان نادرێ
دیسان هەوڵ ئەدەن خەڵك نانی ببڕێ
ئەوی بە ناحەق نانی خەڵك ئەبڕێ
ئەنگەویستی و ترس بۆ خۆی ئەکڕێ
بەڵام هەندێ کەس نائەهل و بەدخوون
خۆیان چاوەڕێی دەرکردنی زوون

زیان ژمارە"٤٦٦"ی ١٩٢٦/١/٢٥ ز.

٤٦٧

جێگای تەنگ بووبوو ئەمجارە ژیان
گاڵتە کەوتە پاڵ پەندی پێشینان
پیاوێك ژنی مرد قولێکی هانی
وتیان چۆن لەگەڵ قولدا ئەتوانی؟
وتی بۆ ماتەم پیشەی دێرینە
سەراپا بەرگی تازێدار شینە
من بەرگی ڕەشم کردەبەر جێیە
کە ماتمگێریی عائید بەوێیە
من سەگم دیوە لە سەرە نوێلك
قەپاڵی دەگرت لە گۆشتی تووتك
دەستم دەرمانی سەر زگی قەبزە
خامەم ڕەوانە شارەزای نەبزە
سێبەرو....
ماینێکی بۆرەم بوو سواری دەبووم
ڕۆژێ بە ئیشێك بۆ دێیەك دەچووم
نزیك ئاوایی ژنێکی نازدار
بانگی کردە من وتی بۆرە سوار
سێبەرۆ دارم ئارامم نییە
لە تۆ دەپرسم دەرمانی چییە
وتم لەم دەردە ڕسگارت دەبێ
ئەگەر بێ و دڵی من بێنێتە جێ
وتی ناچارم دڵت بێنمە جێ
بەڵام یاخوا تۆیش ئەمەت بێتە ڕێ
هار و مار" ودمی" باوە شابان بوو[1]
هەرچی هار ئەیگرت بۆ ئەوێ دەچوو

---

[1] "ودم" بەو کەسانەیان دەوت کە وەلیفەتی چاك کردنەوەی هەندە نەخۆشییەکیان هەبوو، لە سلێمانی دەوترا" ودم".
باوە شابان: پیاوێکی لە خوا ترس بوو لە عەشرەتی کاکەیی، هەر کەسێ مار یان دووپشك پێوەی بدایە هەندێ نانی دەجوو، پاشان دەی خستە سەر جێ زامەکەی و ئازاری کەم دەبووەوە.

لەگەڵ پەنچکێ نانیان بۆ دەچوو
نووتکی دەهاویشت ڕسگاری دەبوو
سەمەندە هارومماریان چاك نەکرد
کەچی "شاپیاو"یان بە گورگی هار مرد[1]
حەکیم لە دەردی کەسی خۆی کۆڵە[2]
بۆیە خزمانی دەکەونە بۆڵە

ژیان ژمارە ٤٦٧، ١٩٣٦/٢/٨ ز.

---

[1] شاپیا: کاکەی فەللاح دەڵێ: مەبەست لە ئیبراهیم ئاغای خوبیلەیە، کە گورگی هار گرتی و بووە هۆی مردنی.
[2] ئەم دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نییە.

هەندێ کە لە پڕ بەرز ئەبنەوە
کە کەوتنە خوارێ ئەبوورنەوە
کە بە توونچێتی بووی بە حەمامچی
خۆت لێ ناگۆڕێ، لە ڕێ دەرناچی
بەڵام کە لە پڕ هاتی بووی بە کوڕ
نان خۆرێ دەبی، سپڵەی سفرەدڕ
ئەگەر پێ بە پێی هاوڕێکانت بێی
پێت ناڵێن کابرا ! نازانن تۆ کێی
هەر موویە لە ڕیز ڕیزە تێپەڕێ
مەقەستی وەستای دەلاك ئەیبڕێ
نەخوازەڵا وا "زیل" کەوتۆتە ناو[1]
هەرچی بەرکەوێ، ئەڵێن کلك بڕاو
بۆ کلکەقوڵێ دەچنە لای داپیر
ئەمانئێرێتە لای بزن بۆ شیر
شیری داپیر خۆر، بێکلك ئەمێنێ
سەگ بەهێزی کلك ئێسقان ئەشکێنێ
پیرەمێردێ هات، پێی وتم پیرێ
هەر کەس لە باری خۆی گوێز ئەژمێرێ

ژیان ژمارە "٤٦٨"ی ١٩٣٦/١/١٥ ز.

---

[1] زمیل: مەبەست لە یاسای"ذیل"ە کە فەرمانبەری پێ لە کار دەر دەکرا" ذیل قانون العقوبات".

مانگی ڕەشەمێ دووکەڵ دەرناچێ
خاتوو زەمهەریر پرچ هەڵئەپاچێ
لەقلەق هاتەوە نیشتە سەر هێلکە
مەیدان خاڵی بوو بۆ پەرەسێلکە
کلکی دووفاقی نموونەی زەیلە
شارەزوور ئەمساڵ لە ڕاوکەر کەیلە
عەینەمەل دەرکەوت، ساڵی کوللەیە
بەلام بۆ ئەودیو ئەزمرِ پلەیە !!
بای بەهار دەشنێ ! کۆلارەی دەوێ
بزانین بە پەتی کێ سەردەکەوێ
کۆلارە ساڵێ نێرە و ساڵێ مێ
ئەمساڵ برەوی ژنانە کەمێ
بە هۆ و بە هیوای داری پەلکەوە
وەك فرفرۆکەین بەدەس خەلکەوە
بەلام لە لەشی چالەکە دەچین[1]
هەتا لێمان دەن پێی قەڵەو دەبین
هێندە کە بلێی کەمتیار چاکە
قولە پێی دەسمی هێشتا دەنگ ناکا
بە کەر ناوێرین بە کورتان شێرین
وەك سوورە واڵەین بە خاڵمان فێرین

زیان ژمارە "٤٦٩"ی ١٩٣٦/٢/٢٩ ز.

---

[1] چالەکە : گیان لەبەرێکە هەتا لێی بدەی پێی قەڵەو دەبێ.

٤٧٠

ئای بۆ ئەو ڕۆژەی ترس دێ بەسەرا
کونە مشك لامان ئەبێ بە سەرا
کە کەوتینەوە کۆمەڵی یاران
ئەڵێی نە بامان دیوە نە باران
کوێخا جوامێری هەمەوەند دەیگوت
های جوامێر ڕۆم و عەجەم وا لە دووت !
سەرێ کە شاهان بە تەمای نەبن
بۆ ئەوە دەشی هەڵکەنرێ لە بن
ئەوسا ە جوامێر دەنگی دلێر بوو
تیپی هەمەوەند ژنیشیان شێر بوو
ئێستا من هەسم دوڵدڵم پێیە
ئاخۆ ناپرسن لەشکرت کێیە
لە هەمووس خۆشتر خەیاڵ بازییە
حوکمی سەری بەنگ یەکە تازییە
خەیاڵبازییە چارەی دڵ تەنگی
شەراب بە گەردش بەنگ بە بێدەنگی
بەلام بەنگ کێش مەچۆرە گوێ ئاو
جۆگەلەت لەلا ئەبێ بە شەتاو
هەر خۆم ئەیزانم شەراب بکەم نۆش
گوێ زەڵم و ماسی و سەوزی و هەوای خۆش

ژیان ژمارە "٤٧٠"ی ١٩٣٦/٣/٧ ز.

٤٧١

جووجەڵە دوو خووی بە ئێمە داوە[١]
کە بێین پێشکەوین بۆ پێمان داوە
یەکێ کە سەری لە هێلکە جووقا
توێکلی شڕ دەکا لە ژێر دەندوکا
دووەم بێ دەعوای میراتی باوك
یەکتر کوێر دەکەن بە شەڕە دەندووك
ئێمەیش ئەو خاکەی جێ سروشتمانە
ژێر لەقەی ئەدەین، خو و ڕەوشتمانە
دەڕوانی هیچمان لە ناودا نییە
ئەومان لەگەڵ ئەو بۆ شەڕ شەقییە
کەویش خوویەکی خۆی پێبەخشیوین
دیارە بۆ ئەوە شایستەی دیوین[٢]
کەو دەبەنە ڕاو بە فێڵ دەخوێنێ
هاوجینسی خۆیان بۆ کوشتن دێنێ
ئێمەیش تەسبیح و زیکر و ئیستیغفار
کەچی کەشکۆڵمان پڕ لە ئیستیخبار
دەبینین برسی و کەسیرە و کزین
دانمان ئەدەنێ دەستیان دەگەزین
بە زەیلی زەیلیش نایێینە ژێر بار
"زەیل"[٣] درێژەی بەست وەك ڕۆژی بەهار
تا نەبرێینەوە ئەو نابڕێتەوە
وا دیارە تا دێت ئەتەنێتەوە

ژیان ژمارە "٤٧١"ی ١٩٣٦/٣/١٤ ز.

---

[١] لە پەندەکانی چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نووسراوە "جووجەڵە دووی خۆی بە ئێمەداوە."
[٢] لە پەندەنکانی چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نووسراوە"شایستەی دێوین".
[٣] زەیل: باسەیەکی پاشکۆ بووو لە سەردەمی شایەتی دا بۆ ئەوە دانرا هەر فەرمانبەرێکیان نەویستایە بەو پاسایە دەریان دەکرد و دەیانوت بەر "زیل" کەوت.

٤٧٢

دنیاکەی فانی کاروان سەرای ڕەنگ
نیوەی دڵ شادە و ئەو نیوەی دڵ تەنگ
ئاوێنەی دەوران دوو چشت دەنوێنێ
خەتە میزینێ و کڵاوفڕێنێ
بە عەشایەری دەعوا حەل دەکەن
شاگرد شەق ئەخوا و وەستا تێدەخەن
لە خەت دەرمەچۆ و مەکەوە دەورە
دەست بە کڵاوی خۆتەوە بگرە
لە کەری تۆپیو مەگەڕێ بۆ ناڵ
ڕۆژێکیش دەبێ تۆیش دەخەنە چاڵ
دەستەی خۆی دەوێ کە خاوەن دەستە
دەستە کەوتە دەست، دەستەی تر پەستە
ئەو کاربەدەستەی کە کارشوناسە
کردەوە ناسە خاتر نەناسە
ئەوی بە خاتر ئەمڕۆ دامەزرا
کە ئەرخەی گۆڕا پەتی ئەو پچڕا
ئەو پیاوەی پیاو بێ ئەو ئیشەی ناوێ
وەك ماین چەقەڵ هەر کەسە تاوێ[1]
ئەوی بە هیوای ڕەجا و بەرتیل بێ
ئەبێ گوێی دایم لە زیلەزیل بێ
یا وجوود ئێستا عەکسی ئەوەیە
ئەبینین دەوران بۆ یەك شەوەیە
دیارە ئەو باخە کە نایەتە بەر
"بریسی یاپار اوبری بۆزەر"[2]

ژیان ژمارە "٤٧٢"ی ١٩٣٦/٣/٢١ ز.

[1] پیرەمێرد دەڵێ مەبەستم لە ماینەچەقەڵ چەرخ و فەلەکی منداڵانە کە دایەنێن و یەکی تاوێك سواری ئەبن.
[2] مەشهوورە تورك وتویە فچە منداڵی بۆ نایەتەبەر بریسی یاپار اوبری بۆزەر.

٤٧٣

به حوشتریان[١] گوت حوشتر کورت بوو
وتی له ئەستۆ من بار لا نەچوو
به زەیلداریان گوت چی بوو ئەم کەتنه
وتی مەرگ لەگەڵ ئاوەڵان جەژنه
زیلەی زەیل کەم بوو بۆ دڵه لەرزه
له باران ڕام کرد کەوتمه بەر تەرزه
داخی تەشوێکەم ناخۆم که دەیبەن
بۆ ئەوه دەگریم دەمەسۆی دەکەن
توخوا بزانن تەشوێکەی قەپتان
دەست کێ دەکەوێ؟ ئەڵبەت دەست نەزان
هەندێ مەعاشی تەقاوتییان
زۆریشه، لێیان بوو به ماخولان
هەوڵی وەزیفه ئەدەن تێر ناخۆن
تا دیسانەوه دەبنه کەواکۆن
زەیستان له سەر کاسه سوێند ئەخوا
که چلەیشی چوو عوزری تر ناشوا
خاکی شارەزوور پەسته و بێهەوا
بازیان پڕه له هەرا و داوا
کاسبیش چونکو دەعیەی تیا نییه[٢]
هیچ مەئمورێکی پێ ڕەزا نییه
هەی داد هەی بێداد، دەوڵەمەنەکان !
بۆ پارەی میریی کەوتوونه مەیدان
ڕێی خۆ چەسپاندن ئەدۆزنەوه
جێی فەقیرەکان ئەقۆزنەوه
به "مندیل" کلکی گوێرەکه ئەگرن
ڕێی شیاکەکەی له هەزار دەبڕن

ژیان ژمارە "٤٧٣"ی ١٩٣٩/٣/٢٨ ز.

---

[١] له دیوانەکەدا نووسراوه خوشتریان

[٢] هەزار ڕەحمەتت لێ بێ"پیرەمێرد" وەرە ئێستا بڕوانه حاڵی مەئموور و بزانه چی به سەر هاتوه و چۆن پەشیمانه لەوەی که پشتی کردە کاسبی و خووی دایه وەزیفه.

بواره ڕەش و سپی دەردەخا
ڕێکەوتە نادان جارجار سەردەخا
شانس سپیاوێکە بە عارەق دەڕوا
عەیبی ئەخلاقی ناپۆشێ کەوا
ئەگەر بە عیلم و عەمەڵ پەسەند بی
ئەوە چاکترە کە دەوڵەمەند بی
پارە چڵکێکە لە بەری دەستا
بە مست قوچاندن لە دەستا وەستا
پارە بۆ خێوی زینەت و فەڕە
ئاخ بۆ میراتخۆر میقرۆبی شەڕە
عیلم بۆ قەومێ ڕێگا دەنوێنێ
عالیش ناوی چاکەی دەمێنێ
دۆست چاکەی دۆستی لێك ئەداتەوە
دوژمن لەگەڵ دۆست ئاشت ئەکاتەوە
ئەوە دۆست نییە بە هیوای پۆست بێ
ئەیەوێ دۆستی لەگەڵ کەس دۆست بێ
بڵێن: قەڵەم زەن کەوتوتە بەر زەیل
قەڵەمچی بۆچی کەوتوونە واوەیل
کردمان قەڵەمچی بە تووتن دەم تاڵ
"وەی من وەی منی" چییەتی بە قاڵ
دیارە لە ئێمەش بووە بە کردەوە
لە عیسایان دا موسا بوردەوە
کەس ناڵێ قەساب گۆشتت بە چەندە
جامباز بانگ ئەکا وەرە"خەر" بەندە
یاخوا هەر بژی دائیرەی ئەشغاڵ
بە کرێ کاری دەمکوت بوون کەم حاڵ

٤٧٥

ئەڵێن: باخەڵت پڕ بێ لە پارە
خزم و بێگانەت لە دەورەو دیارە
من ئەڵێم دۆستێ کە بۆ پارە بێ
ئەبێ چاو برسی و گەدا چارەبێ
ئەگینە دیارە پیاوی دەوڵەمەند
پارەی خۆی بە کەس نادا بێ گۆبەند
دۆست ئەو دۆستەیە بۆ کردەوەی چاك
خۆشەویستت بێ بە دڵێکی پاك
دۆستی چاك چاکە و بەرچاو تێرییە
بۆ ئەمری ویجدان گوێڕادێرییە
بارانی نیسان دانەی گەوهەرە
فەیزی بۆ بەدبەخت هەر کەوای تەڕە
ئیتر وا ئیشغاڵ کەوتەوە سەر کار
خرید و فرۆخت کەوتە ناوبازاڕ
یاخوا ماکینەی ڕێ و بان نەوەستێ
ڕێی گوزەرانی هەزار نەبەستێ
زۆر چەتوون دەڵێن نان وا لە خاکا
بە کرێکاری "   چەتە" چت ناکا[1]
ئەمجارە پەکمان کەوت لەبەر باران
هەفتەی ئایندە دەچینە سەیران

ژیان ژمارە "٤٧٥"ی ١٩٣٦/٤/١٨ ز.

[1] وەك لە دەستنووسەکەیدایە، دەبێ پیرەمێرد مەبەستی لەوە بێ کە چەتە و ڕێگر بە کرێکاری نازین و هیچ بە هیچ ناکەن. یان ئەگەر کرێکاری هەبوو ئیتر چەتە هیچ ناکات هەر چەندە لای کاکەی فەللاح نووسراوە" بە کرێکاری چەوت چت ناکات.■

٤٧٦

وا دەڵێن: ئادار نارِوا بە بیٚدۆ
دوای ئەو نیسانیش نارِوا بە بیٚجۆ
بارانی نیسان جۆی خستە دواوە
با رِەحمەتیش بیٚ تامی نەماوە
پاشکەوتنی جۆ بە کەم مەژمێرە
خواردنی چوارپیٚ و دووپێیە لێرە
دووپیٚ بە چوارپیٚ ئەڵیٚ رِووبەرِوو
نوخشە بیٚ لە تۆش نوخشەمان دەرچوو
باران سیٚپەرِەی گەیاندە خایە
نانی چوارپێکان وا لە رِۆنایە
چوارپیٚ لە دوو پێی بەدخوو چاکترە
بە "جۆ" هەڵ دەکا و دڵی پاکترە
ستەمگەر کە مرد خاك نایگرێتە خۆ
بەدڵ خوا شوکر، بەدەم ئاغا رِۆ
وا شەمەندەفەر بوو بە هی خۆمان
تا وەفد زۆر بیٚ قازانجە بۆمان
توججار هەموو چوون شێخان لە تەکدا
ئەڵێن: "هەم چونین برِۆ تا بەغدا"
ناوی وەفدمان هێندە لاخۆشە
هەر بڵێن: وەفدە، زۆر کەس بەجۆشە
ئەگینە هەمزە لە هەباسی چی
چرچە قەڵایی لە مۆریاسی چی
زۆر لە بارانی نیسان رِادەکا
بەدەنگی بۆمبا خەڵك سەما دەکا!

ژیان ژمارە ٤٧٦، ١٦٣٦/٤/٢٥ ز.

٤٧٧

ئەو پیاوە گەورەی خۆی بە کەم ئەگرێ
لە ئەندازەی خۆی زۆرتر سەرئەخرێ
ئەوی خۆی لە ژوور خەڵکی دەنوارێ
با پایەیشی بێ دەیهێننە خوارێ
لەش و عەقڵ و دڵ ئەم سیانە ساغ بێ
ساحێبیان دەبێ هەر بەدەماغ بێ
لەگەڵ خۆهەڵکێش خۆش باوەڕ مەبە
ئاڵتوون بە محەك پیاو بە تەجرەبە
گوێی ڕاستت سووك بێ بۆ چاکە بیستن
گوێی چەپت کەڕ بێ لە فیت هەڵبەستن
قسەی چاك زەحمەت ئەگاتە جێی خۆی
واتەی بەد زۆر کەس پۆستەچییە بۆی
ئاگری دزان شەوێ دەگرێ
چەقۆی بێپۆلا دوو ڕۆژ دەبرێ
دەوران دەورانە دەبدەبەی شایی
ڕەواجی نەما بێچوو و سێ شایی
کوا گرمەی تەپڵی بەگزادەی جافان ؟
کوا بەزم و ڕەزمی مێوڵێ و تافان ؟
ئێستا کە باوی قەشە و مالوومە
سوێند هەر بە سەری "ئەورام شالوومە"

ژیان ژمارە "٤٧٧" ی ١٩٣٦/٥/٢ ز.

وا گەرما داهات پاقلە پەیدا بوو
سەودایی مەشرەب شێت و شەیدا بوو
جاران ڕێ ڕاوی زەلّم لە ناوا بوو
ئێستا میری سوور ڕێگەی ئاوا بوو
پەندی پێشینان ئەکەوتە بەر دلّ
ئێستا کە زۆر کەس بووە بە چقلّ
هەرچی لە خۆیا چشتێ شك بەرێ
هەولّی ئەوەیە "ژیان" بدڕێ[1]
تێگەیشتنمان ئەمجار تەواوە
کەر لە کوێ و کوندە لە کوێ دڕاوە
سم سمی "هەرە" چنگ چنگی ئاسێ
لەم کرد و هەولّە سەرم ئەماسێ
ئەگەر تۆ پیاوی لێکی دەرەوە
کردەی بەد لە خۆت، خۆت دوور خەرەوە
ئەگینە دەمی خەلّك کیسە نییە
ئەیبینێ و ئەیلّێ گوناهی چییە
ئەو شیعرە خۆشە لای من زگ تێر کا
چشتی نایابی خواردنم فێر کا
کە "بامیە"ی تازە و "تەماتە" دەرچوو
بابلّێن: ڕۆستەم مێ بوو یا نێر بوو

ژیان ژمارە "٤٧٨"ی ١٩٣٦/٥/٩ ز.

---

[1] مەبەست لە ڕۆژنامەی ژیانە.

ئەم ساڵ ئەمەندە هەور ئەگرمێنێ
تریشقەی دڵمان ڕادەچەنێنێ
قینی بێدادی لە هەورامانە
هەورامان لووتی لە ئاسمانە
بە تەرزە و لافاو لووتی نانەوێ
قەزای ئەم دیوی لەودیوی کەوێ
هەورە تریشقە با کێو بسمێ
گشتی ئاسانە هەر "سان" ئەجمێ
با دنیا لێمان ئەبێزرێتەوە
ماران گەز هەموو شوێنێ دەپرسێ
لە خشەی مار و مێروو دەترسێ
لە تەقە و ڕەقە دڵم زۆر تەنگە
خودا نەکەرۆ بوواچان جەنگە
خزمەتی وڵات هەر بە عیلم ئەکرێ
بە چرای خوێندن پێ دەردەگرێ
بار ئارد بەرەکی بۆیە لە پاشی
هەر کەسێ بە لای خۆیا داتاشی
ئەویان بە ماڵی ئەویتر خڕە
قاپی مەحکەمە بۆیە وا پڕە
تا حەول و قووەت لەسەر ڕەجا بێ
ماڵی بێماڵان نابێ ئاوا بێ
هەندێ ڕەجاکار سەیری زۆر خۆشە
پێی ئەڵێی نێرە ئەڵێ بیدۆشە
هێندێکیش بە هیچ تەریق نابنەوە
بە دووی ڕێوی دا ئەچنە کونەوە

زیان ژمارە "٤٧٩"ی ١٩٣٦/٥/١٦ ز.

ڕامەکە لە دوای کاری پڕوپووچ
هەڵ نەخلیسکێی لە پڕ لینگە و قووچ
ئەوی بە چاکەی خۆی خۆشیان ئەوێ
دەست گیری زۆرە ئەگەر بشکەوێ[1]
کە بە وەزیفە دڵ بڕەنجێنێ
دڵی ناسرەوێ ئەگەر بیشمێنێ
هیچ پایەدارێ پایەدار نییە
هیچ سەرمەستێکیش بێخومار نییە
بیانووت پێ بگرن خۆت لادە لەوێ
لە سەرخۆش گەڕێ ئەو خۆی دەکەوێ
کە نەنگەویستیت بوو لەگەڵ بەدکار
دوعای بۆ بکە زوو بچێتە سەر کار
دوعای پیرێژن ئاخر خێرییە
خۆش گوزەرانی بە زك تێرییە
هەندێکیش هەیە لەگەڵ تێری خوارد
دەوری برسییەتی ناکەوێتە یاد
گەورەت کە کردی بڵێ من یارم
"لەکت" دی بڵێ من ورمزیارم
ورچ سەر پردی گرت بانگی کە خاڵە
ڕەنج لەگەڵ گورگا مەدە بە تاڵە
لە شێر مەترسە ئەو ناتشکێنێ
چەقەڵ خراپە لێت ڕادەمێنێ

ژیان ژمارە"٤٨١"ی ١٩٣٦/٥/٣٠ ز.

---

[1] لە دیوانەکەدا نووسراوە پیش کەوێ

ئەڵێن: هار چل شەو ئەژی درۆیە
کوا لە ماڵی هار شین و ڕۆڕۆیە
کوشتەی عارەقمان، وا لە پێش چاوە
ئێواران هیچمان لە بیر نەماوە
ئینسان لە نیسیان دروست کراوە
چاوی بە پەردەی غەفڵەت پۆشراوە
تا ساتمە نەکا چاو هەڵ نابڕێ
ئەکەوێتە چاڵ پەلوپۆی ئەبڕێ
بەدکار لە چاکە خراپەی چی دی؟
ئاواتی بەدی خۆی دێنێتە دی!
ئەزانی خوا بۆچ بەد ئەژێنێ
ئەگەر بەد نەبێ بەدرکار نانوێنێ
تا نەمان بەنە گردەکەی سەیوان
چاکە و خراپە نایێتە مەیدان
قورمەی وەزیفە کە بوو بە کفن
دەست و پێ لە پیاو ئەبێ بە دوژمن
کە مەرِ نەمووکە چاو زەق کاتەوە
ئاغایی لە بیر پیاو ئەباتەوە
ئەمانە ویزەی بەر گوێی بێعارە
کەس ناڵێ مردن هەیە لەم شارە

ژیان ژمارە "٤٨٣"ی ١٩٣٦/٦/١٣ ز.

٤٨٤

موفتەزای خولقە کێچ پیاو ئەگەزێ
ئەو دڵە دڵ، کەوا نەلەرزێ
ئەگەر بمێنین کای تازە دەرچوو
کاتێك ئەزانی کە کێچیش گوم بوو
ئەگەر بە دادی ئێزەد بڕواکەی
وا چاکە کارت حەواڵەی خوا کەی
خوا ڕەگی بەدکار لە بن دەردێنێ
تۆڵەی کارژۆلەی بێشاخ ئەسێنێ
هەندێ بە گاڵتە ئەڵێن بڕوانە
هەرچی مزگەوتە هەمووی وێرانە
ڕاست ئەکەن ماڵی خوا بەرەڵلایە
زۆر لێی ناپرسێ کە "حق الله"یە
بەلام بەدادە بۆ "حق الناس"ێ
قورگی بەد ئەگرێ هەتا ئەتاسێ
کە تۆ لەگەڵ خەڵك بە بوغز و کین بی
نابێ لە مەکری خوا ئەمین بی
سەرم لە کاری خودا سوڕماوە
بۆچ پیاوی چاکی خستۆتە لاوە
دەوران دەورانە و ئێمە بێسەبرین
نابینین پێچکەی زۆر تابووت ئەگرین[1]
پێستی حوشتری سالح ئەگوروین
کورتانی کەری جەجاڵ ئەدوروین
بایەزید فەرمووی وشکیان و تەڕیان
"کلی، غرقش کن ما هم در میان"[2]

ژیان ژمارە "٤٨٤"ی ١٩٣٦/٦/٢٠ ز.

---

[1] ئەگرین "لای پیرەمێرد" ئەسڕین " لای کاکەی فەللاح".
[2] واتە، هەموویان نوقوم کە، چش با ئێمەش لەناویانا بین.

٤٨٥

هیچ کەس نازانێ کە ئەم دنیایە
چەند هەمە چیزەی ڕەنگ ڕەنگی تیایە
یەکێ هەر لە شوێن پارە عەودالە
لە مسکێن بوە بە زەردەوالە
وەك هەنگ لەم و لەو هەنگوین ئەگرێ
کە پێیەوە دا کەچی خۆی ئەمرێ
کەم پارەدارم دیوە تێر بخوا
بۆی دێتە بەرهەم لە پڕ خۆی دەڕوا
پارەی میراتیش میقرۆبی شەڕە
برای میرات خۆر دەست بە خەنجەرە
وەرە بنوارە دەعوای مەحکەمە[1]
زۆری میراتە دەعوای تر کەمە
هەندێکی تریش کەوا بێپارەن
هیچ قەدریان نییە لەگەڵ ئاوارەن
هەر بەداخەوەن ئەڵێن ئاخ پارە[2]
دنیا بۆ پارە لەگەڵتا یارە
دەوڵەمەند پارەی بە کەس نەداوە
ئەم گشت عالەمەی ئەڕوا لە دواوە
هێندێ کەوتوونە دەریای سیاسەت
بە ڤینەبەری بوونە سیاسەت
ڤینیان لەوەیە ئەم داهیانە
زادەیش نین سەریان لە ئاسمانە
کردەوەت باش بێ چاکی و بەڕێ و جێی
کە خوا دای هیچ کەس ناڵێ کوڕی کێی
هەندێ خوا بۆ شەڕ هێناونیە دنیا
وەزەندی خەڵکیان ئەوێ بە تەنیا
کەرە جەلاد بوو دەیوت دەقچێنم
بە لینگە فرتێ نەشئەی خۆم دێنم

زیان ژمارە "٤٨٥"ی ١٩٣٦/٦/٢٧ ز.

[1] ئەم نیوە دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا دووبارە بووەتەوە و نیوە دێری دووەمیشی تێدا نییە.
[2] پارە"لای پیرەمێرد" پارەن" لای کاکەی فەللاح".

٤٨٦

دیسان خومخانەی یەهوودی شێوا[١]
درۆی باڵداری لێکەوتە هەوا
دەوەن بە ئاشە و دووبەرەکییە[٢]
پیر، لێی تەریکە و تیا دەرەکییە
یەکێ بە گورزی لەندەهور ئەخورێ
نان و دۆی تیرەی شێرزادی دەبڕێ
ئەویتر دەڵێ: لەندەهوور کێیە
شێرزادی نامەی فەتحیان پێیە
شەڕی عەنتەر و ڕۆستەمی دەستان
لە ناو ئێمەدا بوو بە داستان
یەکێکیش دەڵی لای خودا و بەندە
سوورەتی"یاسین" گەلێ پەسەندە
خۆ ئەگەر "یاسین" "گە"ی لە دوا بێ
کە خوێ،دت ئەبێ کارت ڕەوا بێ
کابرای خۆمان سەر مەلامانە
بەو حەل ئەکرێ ئەم ڕازی نیهانە
ئەڵێ: بە هیوا کەس لێت ناپرسێ
دەنگی تۆپ نەبێ هیچ کەس ناترسێ
حاجی "ئەمین"یش ماچۆ بواچە
نوێژی جەعفەری و تشریبی پاچە
منیش ئیمانم بەوە مەتینە
عالی بە کار دائیم ئەمینە
وتیان مەلا هات وتی بە تۆ چی
وتیان تێپەڕێ ا وتی بە من چی
پارەی دەوڵەمەند لە قاسە دەنوێ
فەقیر لێی ئەدوێ تا چەنەی ئەسوێ
وا دەزانن ئەو یا ئەم بێتە ناو
ئیتر بۆ ئێمە تێر پڕە لە چاو

ژیان ژمارە "٤٨٦"ی ١٩٣٦/٧/٤ ز.

---

[١] لای پیرەمێرد "یەهوودی"، لای کاکەی فەللاح "جوولەکە" نووسراوە.
[٢] لای پیرەمێرد "دووبەرەکییە"، لای کاکەی فەللاح "دەرەبەگییە".

٤٨٨

عادەتی دنیا بە سات ئەگۆڕێ
زۆر دەوڵەت هەیە لە پڕ ئەدۆڕێ
هاونشینی بەد زوو تەئسیر ئەکا
زۆر دۆستی گیانی لێ دلگیر ئەکا
چەند قەزای دیزە کەوتووە لە گۆزە
ڕەش هەر ڕەشە لای ئەهلی ئەم کۆزە
کە قەلەڕەشمان ڕێ پیشاندەر بێ
ئەبێ گەورەمان هەر دەربەدەر بێ[1]
ئەمە دوو جارە ئەکەوینە چاڵ
زەرەر دەبینین بە ماڵ و بەحاڵ
هێشتا پیاوی چاك لێك ناکەینەوە
گرەو لە پیاوی بەد نابەینەوە
تا ئێمرۆ پیاوی خۆمان ناناسین
بە گوریسی بەد ئەبێ بتاسین
هەندێکمان هەیە دوڕ دەقەڵێشن
کەچی بە تەفرەی بەد دڵ بە ئێشن
هەی لە ڕێی خوادا کە دێینە قسە
ئەرەستۆ لامان هیچە و ناکەسە
کەچی بە "بلۆف" ئەمان ترسێنن
لغاومان دەکەن دەمانڕەتێنن
نازانین چاك و خراپمان کێیە
بۆ گردی سەیوان ئەچێ ئەم ڕێیە

زیان زمارە "٤٨٨"ی ١٩٣٦/٧/١٨ ز.

[1] ساڵح زەکی بەگ موتەسەڕیفی سلێمانی بووە و گوازراوەتەوە بۆ پارێزگای دیالی. پیرەمێرد ئەم پەندەی بەو بۆنەوە نووسیوە.

٤٨٩

ئەووەڵ پەردە بوو لە سینەمای چەرخ
بزانین چۆنە! ئینجا بازی بەرخ
کەس بە بازی چەرخ پشتی نەبەستێ
هەرچی کەچڕەو بێ ئاخری دەوەستێ
ڕێی ڕاست ئەمینە ئەگەر پیا بڕۆی[1]
لە لای هەموو کەس بێگانە نیت خۆی
دوو بەرد پێکادەن یەکێ شکابێ
ئەوی تریشیان بێزەدە نابێ[2]
ئەوی لە دوژمن تۆڵە دەستێنێ
ئەو ئینتیقامەیش بۆ ئەو نامێنێ
ئەوانەی دوێنێ کە لە ڕوو دۆست بوون
وا ئەمڕۆ دەرکەوت بە تەمای پۆست بوون
کە دۆستت ڕۆیی و تۆ بێوەفا بووی
دیارە لە ڕێزەی پیاوەتی دەرچووی
هەندێ وەفایان بۆ دوایان نییە
ئێوە هیواتان بەوانە چییە
چەند خۆشە پیاوێ ناوچاوان دەرخا
بە پیاوەتی خۆی قسەی خۆی سەرخا
چەند خۆشە دۆستت ناوچاوان پاك بێ
لە بەرەوڕوویی درۆ بێباك بێ
ڕوو لە پاکییە بە خێر ئەم ناوە
گامان گرووە کلکەکەی ماوە

ژیان ژمارە "٤٨٩"ی ١٩٣٦/٧/٢٥ ز.

---

[1] لای کاکەی فەللاح نووسراوە ڕێی ڕاست ئەممیە.
[2] لای کاکەی فەللاح نووسراوە پێی زەدە نابێ.

٤٩٠

دەمێکە قەترەی حەیا تکاوە
بۆیە وا زویان تەڕ و پاراوە
وای ئەفەندم و کۆمەڵی یاران !
ئەڵێی نە بایان دیوە و نە باران
زۆر پیاو وەك درەخت موتربە دەگرێ
هەرمێیە و جارجار ترۆزی دەگرێ
لەم هاوینەدا کۆلارە زۆرە
بۆیە لەگەڵ ژن هەر ئاڵوگۆڕە
ڕاست ئەکەن ئێرە ڕەشەبای زۆرە
لەگەڵ فیشاڵدا کەوتۆتە نۆرە
تازە وەستا ئەحمەد شەو ڕوودۆز ئەکا
بەر دوکانەکەی تەپوتۆز ئەکا
حوکمی ڕاپۆری ڕەشۆل نەماوە
قەتار و قۆڕیان شان بەشان باوە
جارێ با بزانین ساڵ بەری دوورە
من لەمانەم چی شای من ئەنگوورە
مەجلیسی دەوری حەوزەکەی خۆمان
ترێ و کاڵەك و شووتێ و سێوی جوان
ئەمانەن شا و وەزیر و موشیر
خۆش گوزەرانی پێویستە بۆ پیر[1]

ژیان، ژمارە "٤٩٠" ١/ئابی/ ١٩٢٦

[1] ئاماژەی بۆ کۆبوونەوەکانی ئێوارانی گوێ حەوزەکەی قەلەندەرخانەکەی پیرەمێرد کە وەك مامۆستا گۆران دەڵێ هەرچی پەیدا دەکرد پێشکەشی میوانی ئێوارانی لای خۆی دەکرد.

٤٩١

فیرعەون کەوتە نیل وتی لە ترسا
ئیمانم هێنا بە ڕەببی موسا
"ئەبو تالیب"یش بە تەعنەی ژنان
بە پێغەمبەری نەهێنا ئیمان
ئەویان بۆ ژیان ئەم عیززەتی نەفس
بێعیززەتی نەفس کەس نابێ بە کەس
وەك کابرای کوردە شیریان نایە سەر
"نووحی" گوت بەڵام نەیگوت پێغەمبەر
لای هەندێ ماددەی ناموس بەتاڵە
لە مووداراداا وەك پەشتەماڵە
لە قۆمیدیادا ئافتوری ماهیر
هیچ فالسۆییێکی لێ نابێ زاهیر[1]
هەندێکیش فوو بای زوو دەردەکەوێ
مایە پووچییان هەر بەر دەکەوێ
نیسکی مۆریاس و هەرزنی ڕەنگاڵ
بێبەر و پشتن بۆ کەس نابنە ماڵ
ئەوانە ڕاستیان چۆن دێتە سەر لێو
دەم بە پێکەنین دڵیان پڕ جنێو
لەگەڵ یەك زاهیر دۆستی دەنوێنن
خەریکن ملی یەکتر بشکێنن
هاکا لە ڕووی کار پەردە هەڵگیرا
تەناف باز قۆڵی لە قەڵبە گیرا
وەزیفەی گەورە زۆر پیاو گێژ ئەکا
پیری شاعیریش فرەبێژ ئەکا

"ژیان"ی ژمارە "٤٩١"ی ساڵی ١٩٣٦.

[1] فالسۆ: بە زێڕ یان گەوهەری ساختە دەوترێ.

٤٩٢

که خوا سروشتی ئێمەی خستە ڕوو
"وخلقناکم اطوارا"ی فەرموو
هەندێکمان هەیە کە گۆشت نەخۆرە
گۆشتی بۆ ئەبێ بە زگە شۆرە
هەندێکیش بۆنی پیازی کرد هەڵدێ
هەندێ بە کشمیش دڵی تێك هەڵدێ
هەندێ لەلایان کە قەزوان ئەخۆن
هێند توورە ئەبن ئەڵێی خوێن ئەخۆن
هەندێ بە جیرەی دان بێهۆش ئەبن
هەندێ بە بۆنی خۆش نەخۆش ئەبن
هەندێ کە هەنگوین ئەخۆن قەبز ئەبن
هەندێ بە قۆخێك تووشی لەرز ئەبن
هەندێ لغاوی شەیتان کراوە
هیچی لە ماڵی خۆی پێنەبڕاوە
هەندێکیش ئەیخوا و ئەیبەشێتەوە
دوو چەندانیشی زوو بۆ دێتەوە
چاو نابڕێتە مەسند و پارە
بۆ ئیشی فەقیر وەك خزمەتکارە
هەندێ وەك دووپشك چزوی پڕژارە
تەبعەن مێمڵی کەوتە و هەزارە
ئەیینێ بەدکار کە چی بە سەر دێ
عیبرەت ناگرێ و نایێتە سەر ڕێ
جوولەکە شەمووی هاتبوو بەسەردا
مسڵمان ئاگری لە ڕیشی بەردا
گاور جگەرەی پێ دادەگیرساند
شیعەش بە کیردە کولە دەیترساند
ڕەسم و ئایینی زەمانە وایە
لە ڕۆژی ڕەشدا کێ بەوەفایە ؟
ئیکرامی فەقیر بە نان و دۆیە
لە هەموو شوێنێ کەوا بخۆیە[1]

زیان زمارە "٤٩٢"ی ١٥/ئابی/١٩٣٦ ز.

[1] لە دەستنووسی پیرەمێردا نووسراوە " لە هەموو لایێ". کەوا بخۆ: مەبەست لەوەیە خەڵکی سەیری ڕواڵەت دەکەن. ئەم نیوە دێڕە چیرۆکێکی فۆلکلوریی لەسەرە.

هاوینە هەورە و گرمەی ڕەشەبا
ئاخۆ مەرەزەی کێ شەرا ئەیبا
تۆوی سەر و دانە سەوز و پاراوە
بێئاوی کنگ ئاو بۆ بێکەس ماوە
هەرچی بە ئەرخە تەعین کراوە
لە ترسا دڵی وەك"بی" ناو ئاوە
موژدەیان بەنێ هیچیان بۆ نابێ
بژاریان دەبێ وەك پووش لە "کا" بێ
کاربەدەست ئەگەر بێکارە دەرکا
ئەبێ لەگەڵ خەڵك خۆی تووشی شەڕ کا
ئەگەر هەر وایش بێ و ئوممی کاتب بێ
ئیشی دەوائیر ئەبێ ڕاسیب بێ
ڕاست بۆ دەفتەردار ئەمەی ڕوو داوە
وای لە قوونێیە و وای لە دۆشاوە
لە ناو "سنە"دا ئەم پەندە باوە
پێژن ملیچك وا بە هەواوە
ئەفڕێ و ئەخنێ و پێژێ بە هوو هوو
ئەوەی کە کریا وەك بەفری پار چوو
ژنی فرە مێرد بەر ناباتە بەر
بریسی یا پەر ئوبیری بۆزەر
تا ئیش بۆ خزمان بدۆزینەوە
ئەبێ لە هەوار بگوێزینەوە
خۆ ئەگەر بۆ ئیش و پیاو بگەڕێن
بۆ کار ڕەوایی ئینجا لە سەر ڕێن

"زین"ی ژمارە ٤٩٣ی ، ٢٤/ئابی / ١٩٣٦.

٤٩٤

باران کە ناوی ڕەحمەتی خوایە
بۆ کشت و کاڵمان ئەوە سەرمایە
زۆر جار هێلانەی بەدبەخت تێك ئەدا
لە شۆرەکاردا درك لێك ئەدا
خوا تەجەللی خۆی بەم کوردە نواند
"لیلە القدر"ی بە ..... یا دۆڕاند[1]
حەوتەوانەمان بۆ دێتە بەرماڵ
ئێمە ئەیدەینە بەر گورزی بەرماڵ
خەڵکی بۆ یارمەت پشت ئەدەنە یەك
ئێمە بۆ تۆران پشت ئەکەینە یەك
نیشان بەو نیشان ئەمجارەی دەربەند
لای دۆست و دوژمن پشتمان لە یەك سەند
کەس دەربەندەی کەس نییە بۆ مردن
ئەو دەربەندەیە زاماری کردن
بەخیل سێ نەوعە لەم دنیایەدا
یەکێ نایەوێ خۆی بە کەس بدا
دووەم نایەوێ چاکەی کەس بۆ کەس
سێیەم دەربارەی خۆیشی فریادڕەس
ئێمە لە دەستەی سێیەم بەخیلین
لەچاو شاران دا بۆیە زەلیلین
ئەڵێن: بۆ ڕێ و بان ئەمەندە پارە
ئیسرافە دڵمان پێی برینداره
هەرچی ئەیکوتم ئاسنی ساردە
سا توخوا مەلا ئەمیشە ناردە

ژیان ژمارە "٤٩٤"ی ٢٩/ئابی/١٩٣٦ ز.

---

[1] ئەم بۆشاییە لە دەستووسەکە و لە ڕۆژنامەکە و لە چاپەکەی کاکەی فەللاحیش دا هەروا چەند نوختەیەکی بۆ دانراوە.

٤٩٥

گەنەی پەیدا بوو ئەم بێرو کۆزە[1]
قەزای دیزەیە وا کەوت لە گۆزە
گوێرەکەیەکی لەڕ کەوتە پەموو
گاگەل بە زیان ناوبران هەموو
لافاو دار و بەرد تێك ئەڕووخێنێ
قەزا لە قەزا تۆڵە دەسێنێ
من ماسیم نەهێشت لە ئاوی زەڵما
کەچی لەشی تەڕ بۆ خەڵکی تر ما
من شەکر و ڕۆنم ئەکرد بە حەڵوا
کەچی بۆ خەڵکی ئەبوو بە لوا
پێنج و دوو ڕۆژە خەوی ڕاگوزەر
هەر کەسە دەورەی خۆی دەباتەسەر
ئەی دنیای فانی کاروان سەرای ڕەنگ
نێمێ بە دڵ شاد نیمێ بە دڵ تەنگ
لایێ چل فەردەی شەکراو بەش ئەکا
لایێ تۆپەڵێ قورەڕەش ئەکا
خوا هەر ئەو خوایە قەلەندەرخانە
ئێستا چۆن بووە وەك"چروستانە"
کاڵەکم هەموو لە زوور دا تەپی
خۆم بۆ سەرچۆپی چوومە ناو قۆپی
خوا یار بێ هەموو دێنەوە کایە
سەبری پێدەوێ ئەمە دنیایە

زیان ژمارە "٤٩٥"ی ١٩/ئەیلوولی/١٩٣٦ ز.

---

[1] گەنە "لای پیرەمێرد" گەلە" لای کاکەی فەللاح". بێر مەبەست لە بێرەکردنی مەڕوبزنە. لای فەللاح بە "بیر" نووسراوە.

٤٩٦

پەپووی سلێمان مزگێنی هانی[١]
کەوا ئاسەف دێ بۆ سلێمانی
لە هەموو لاوە خەڵك کۆ بوونەوە
بۆ مەراسیمی بە پیر چوونەوە
دار لە باز جارێ کامی دێتەدی
خوا ڕەوای بینێ شابازیشمان دی
ئەم جارە قەدری ئەم شارەم زانی
هێندە میوانی عەزیزی هانی
ئەم میوانانە دیارییان دیار بێ
ئەشێ ئەم شارە تالعی یار بێ
بەڵام کە خۆمان داری بێبەر بین
کەوا کۆلەکەی تاقی زەفەر بین[٢]
ئەڵێن دەشتی ڕەی جێی حەوت لەشکر بوو
تەختی سلێمان بە شەرەفتر بوو
ئەوێ جێی شەڕ بوو ئێرە جێی دەعوەت
ئەوێ جێی زەحمەت ئێرە جێی ڕەحمەت
سا چی بکەم بەختی من شۆرەزارە
بارانیشی بێهەر خەس و خارە
وەزیری بەغدا یارەی پەسند کرد
هات کانی دڕکەی سکانی هەڵگرد
ئێمەیش هەر کەسێ بەخت ڕێکەوێ بۆی
ئەبێتە دزی گاو گوێرەکەی خۆی
هیچ کەسێ نەفعی عومومی ناوێ
بۆیە دەخنکێین بۆ کاسە ئاوێ
هەرچیش دەبینی دەڵێ: زەعیمم
لەم ناوە ناوە هەر من هەتیوم

ژیان ژمارە "٤٩٦"ی ٢٦/ئەیلوولی/١٩٣٦ ز.

---

[١] پیرەمێرد ئەم پەندەی بەبۆنەی هاتنی" یاسین الهاشمی " – ئەو کاتە سەرۆك وەزیرانی عیراق بووە بۆ سلێمانی، بڵاو کردۆتەوە.
[٢] کەوا "لای پیرەمێرد" گەورە" لای کاکەی فەللاح".

ئەو سەرکردەیەی بە ڕاست ئینسانە
بەند و زنجیر لای ڕوتبە و نیشانە
بەڵام نەك قەومی توش کاو خۆی ڕاکا
وابێ ئیتر کەس بڕوای پێ ناکا !!
ئاخ ئەمە ڕەنجی داوین بە بادا
لەشکری نادان پشتمان بەرنادا
تا عەقڵ کاری لێك ئەداتەوە
چەسوور گرەوی خۆی ئەباتەوە
تەماع وەك ئاوی شۆری دەریایە
هەر ئەیخۆیتەوە و تەسەللات نایە
ئەوەی قانیعە بە وشك و بە تەڕ
ناوی نراوە شاهی بەرحر و بەڕ
هەرچی ڕاست ئەڕوا لە تەوەککول دا
خەم و خەفەتی نابێ بە دڵدا
خوا ڕی لە بەندەی بەدکار بگۆڕێ
نایێتە سەر ڕێ تا لێوی گۆڕی
هیوامان وایە دەستەی خوێندەوار
بۆمان پێبگەن بکەونە ڕووی کار
باوجود ئەگەر مەکتەبمان وابێ
خەرمانی هیوا ئەبێ هەر کا بێ

زیان ژمارە ٤٩٧ ، ٢/تشرینی یەکەم ١٩٣٦ ز.

٤٩٨

زستان شەوارە بوو بە چرای نەوت
زۆر کەس بە هاوین بە شەوارە کەوت
بە چرای گەرچەك یەکتر نابینین
بۆیە وەك چرای گەرچەك بێتینین
شەوقی کەهرەبا هاتە کایەوە
جۆم بۆ لە کادا نەشارایەوە
یەکێ لە "کفری" لەرێ "کفر"ی کرد
خەڵق بە خێر نەکا بۆ ڕێی خانەقا
کەچی بێئینساف کافری دەکا
شێخی بایەزید ناحەقی نەبوو
فەرمووی وشك و تەڕ با بسووتێ هەموو[1]
قەزا و ناحیە و مەکتەبەکەمان
هەموو شاغیرن ناکرێتە خەرمان
دونیام لە بامیە و بریانی پڕ کرد
هێشتا "بسم الله" بسمیللای نەکرد
هەرچی باینجان خۆر بێ لە زوورە
"بسم الله" وەرە تۆی لێی ببوورە
تاکەی ئەم چەرخە وا چەپ دەگەڕێ
تاکەی کەرە دێز بە جۆ دەزەڕێ

ژیان "ژمارەی"٤٩٨"ی ١٠/تشرینی یەکەم ١٩٣٦.

---

[1] لای کاکەی فەللاح نووسراوە" فەرمووی با بسووتێ وشك و تەڕ هەموو."

٤٩٩

ئەگەر دێکانی خاوەن بەخت نەبێ[1]
شاخی ئەزمری وا بۆ تەخت ئەبێ
کە عەدالەت بوو "قەوییان" زەعیفە
زۆر کەم بوو باوی جینسی لەتیفە
هێشتا تێناگەین لە چاکی ژنان!
زەعیم خۆی خستە کراسی ئەوان
بە هاوار وتم ئاخ، هەور! ئامان
مەیکەرە تاقگەی زەڵمی هەورامان
تەختی هەورامان بەختی هەڵپێکا
کۆی ئاتەشگایان بوو بە ئاتەشگا
گەردشی دەوران ئەم دیوە و دیوە
ئەم خاکە زۆر جار ئەم حاڵەی دیوە
من ئەمگوت"زەڵم" ماسی لێ برا
کەچی هێند زۆر بوو گونیەکەی درا
ئۆتۆمبێل چوو، بۆ قەڵادزە
دەچمە سندۆلان بۆ ڕاوە بزە
منسووری هەللاج بە چەکە و کەوان
ئۆتۆمبێلی بردە سەر کێوان
پێشینان دەڵێن خوا، هەر ئەو خوایە
ئێستاکە بزن وا سواری گایە !
بەرازکوژ دووسەد فلس وەرئەگرێ
بۆ بەرازی شار بۆچ نرخ نابرێ
لۆقەنتەچیمان خرە لامبۆزە[2]
بێ بسم اللەیە، چێشتی پڕ تۆزە

ژیان ، ژ "٤٩٩"ی ١٩٣٦/١٠/١٧.

---

[1] لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نووسراوە " بەخت بێ".
[2] خرە لامبۆز: کابرایەکی ئەرمەنی لۆقەنتەچی بووە لە سلێمانی واتە چێشت کەر بووە.

٥٠٠

به ئێستریان گوت: باوکی تۆ کێیە ؟
وتی: ڕەسەنی دایکمم پێیە !
چونکە دووڕەگە و تۆوی حەرامە
هێشتا جاشکی خۆی نەدی ناکامە
تانجی لە ڕاودا هونەر دەنوێنێ
نەتەوەی سەگە و گورگ ئەخنکێنێ
عابید مشکی کرد بە کچی سەرپشك
ئاخری نەوەستا بووەوە بە مشك
ئەڵێن: گیا لە سەر بنجی خۆی ئەڕوێ
بەڵام بێستانیش بزاری ئەوێ
بێستانەکەمان پڕ لە بزارە
بۆیە ماڵیات مافەتەدارە
بەرازی ناو شار شەرحێ نەبوو بۆی
هەرچی دەبینێ ئەیباتە سەر خۆی
کڕکرەی ڕادیۆ بواری نایە
بەش بە حاڵی خۆم بلوێر بۆ گایە
ڕەحمەت لەو کەسەی ئەسپێ ئەکوژێ
لە باخەڵتایە و خوێنت ئەمژێ
دەربارەی ناکەس پیاوەتی مەکە
بیبەیتە کەعبە دیسان"لەك"، لەکە
هەندێکیش دەڵێن کە ئێمە نەبین
ئەهلی مەملەکەت ئەکەونە شین
نازانن خۆیان شەینییش و شینن
تەنها قازانجی خۆیان ئەبینن
ئەگەر خوا دەکا خوێندن دێتە کار
ئەوسا تەجرەبە دەگاتە بوار

ژیان ژمارە ٥٠٠ ، ١٩٣٦/١٠/٢٤.

٥٠١

پاییز ڕوو زەردی خەزانی هێنا
ڕەعدیش قامچی خۆی لە هەور داهێنا[١]
دەمێکە بەرگی هەتیو دڕاوە
ژوور لە بێدەستان لای چەرخیش باوە
ئاسمان ساڵی چوار جار ئەگۆڕێ
بەختی کورد هەموو ڕۆژێ دەتۆرێ
خوا کێو ئەبینێ بەفری تێدەکا
بەندەیش ماستاوی ساردی لێ دەکا
سورشتی ئەزەل وەك "باز" و "کەو"ە
لە جێیەك ڕۆژە و لە جێیەك شەوە
دوێنێ ختیب مرد ئەمڕۆ شاییە
بۆیە دەڵێن عەبد لە خۆی باییە
ئەگەر قابینە جارجار ئەگۆڕێ[٢]
سەودای وەزیری دەچێتە گۆڕێ
سەری بێسەودا تۆپی فتبۆڵە
ماڵی بێئاهەنگ کەلاوەی چۆڵە
بزن بر رندان هەرچی بادا باد !
بە بادە غەمی دڵ بدە بە باد
سیاسەتی ڕاست مەڕۆ مەڕۆیە[٣]
ترسنۆك بەشی هەر باوکەڕۆیە
شێر چۆن لە دەنگی دەهۆڵ ئەترسێ ؟
کە ژنی خۆی بێ کەس لێی ئەپرسێ ؟[٤]
کەری خۆمانیان کرد بە ڕمووزن
بوو بە قاڵەی دەم گاڵەی درۆزن

---

[١] رعد: وشەیەکی عەرەبییە بە مانای گرمەی هەور.
[٢] قابینە: مەبەست لە دەستەی وەزیرانە.
[٣] لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نووسراوە"هەڕۆ مەڕۆیە."
[٤] لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نووسراوە " کەی لێی ئەپرسێ."

شەریف پەلاس بۆ تەوقات لێیان[1]

وەختە دەست بکەین بە تۆقات لێدان

ژیان ، ژ ٥٠١، ١٩٣٦/١٠/٣١

[1] پیرە مێرد مەبەستی لەوەیە کە شەریف پەلاس خۆی لێکردوون بە ئەوقات واتە پارێزەر. بەڵام ئەم دێڕەڵای کاکەی فەللاح نووسراوە" بۆ ئەوقات لێدان".

کەوتووینە دەورێ هەرچی بۆی بلوێ
دەستی چەوری خۆی بە خەڵکا ئەسوێ
وتی: فلانی وابووم بە کەباب!
خوشکتیان دیوە چۆتە جێی خراپ
وتی: برادەر ئەمە بوختانە
وتی: منداڵی ئێمە دیویانە
مەلا وتەعزی دا کە ڕوەو کابە
میز کردن کفرە هێجگار خرابە
کەچی خۆی ڕوەو قیبلە بە پێوە
میزی کرد چاویان لێبوو لە دێوە!
وتیان وەعزی خۆت لە بیر نەماوە
وتی: من سەریم بۆ وەرگێڕاوە
عاشووراغا بوو لەگەڵ ئاسێخان
کە لەسەر تەختە هەڵیان ئەپەڕان
ئێستا ئەوانە بوون بە ڕۆح لەبەر
بەو هەڵپەڕکێیە کار ئەبەنە سەر
ڕۆحێکی گران لە کەسدا نییە
ڕۆح سووکیان ئەوێ ڕۆح قورس بۆچییە؟
وا خەفەتیان دی ئیتر هێجگاریی
زەمین نایمێنێ سوڵتەی بێداریی
ئەگەر نەمردین هەتا بەهار دێ
بۆ دەستەی ئێمە کورتان لە شار دێ
بەو کورتانەوە ئەچنە بەغدا
هەروا دێنەوە هەوسار بەرەڵدا

ژیان ، ژمارە ٥٠٤، ١٩٣٦/١١/٢١ ز.

٥٠٤

پەڵە، وەك پەڵ دای لە سەر و گوێلاك[١]
دار و خەڵووزمان لێبوو بە تریاك
باران ڕەحمەتە و خەڵك لێی ڕادەكا
خۆ ڕۆژەوانیش بەرد بە با دەكا
مەزلوم جوێن ئەدا و گونای بارامە
ڕەمەزان بە جەنگە و سەفەر بەدنامە !
بە نەوتی ڤیرتاو سەوز ئەبێ شاوریی[٢]
خەتای بارانە كە زۆر دەباریی
خەڵك لەماڵی خۆی ڕۆژوو ناگرێ
سۆڤ گوناهی حكومەت ئەگرێ
بێنەواییە شەڕی گوێ كوانوو
بادار نانی خۆی كردە بیانوو
چەتە، كە كز بوو نوێژكەرە و چاكە
گورگ كەڵبەی نەشكێ چاوەڕێی لاكە
ڕەمەزان سێ تەونی لێ گرتووینە دار
حەوت ترنگیلی و خومار و قومار[٣]
ئەڵێن فلان بەگ خۆی بەڕۆژووە
دوای خۆی بڕوانێ كە كێی لە دووە
بە تەنها گوڵێ بەهارمان نایە
هەر مێزێ بگری كولێرەی تیایە

ژیان ژمارە ٥٠٤، ١٩٣٦/١١/٢٨.

---

[١] پەڵە: واتە بارانی پەڵە.
[٢] مەبەستی لە توتنی شاورە كە سەوز و دوان دەبێ. بەڵام خەتای بارانە كە لێی دەدا و دەیڕزێنێ. شیاوی باسە لای كاكەی فەللاح نووسراوە" سەوز ئەبێ شارێ".
[٣] حەوت ترنگیلا لای كاكەی فەللاح بە " حەوت ترنگیكێ" نووسراوە.

٥٠٥

تۆ تەنها نانت لە "منان" بوێ[1]
لە"دون"ان، دوو نان سنانی ئەوێ
بەخشین عیززەتە و داوا، داوی عار
دواییش داواکەی ببێ بە بیمار
هەر عیلمە داوای بکەی عەیب نییە
چاو بەرەو ژێری لەززەتی چییە !
کە چاو ببڕێتە دەستندەی خەڵکی
ئەکەویە ژێربار دیارە بێکەڵکی
ئەوی دوژمنە و بە زمان دۆستە
"الخناس"ێکە نادەمی پۆستە
نزیك نادانی مەغروور مەکەوە
هەر کەسێ پیاو بێ ئەو قینی لەوە !
تا بە چاوی خۆت چشتێ نەبینی
ڕاستی مەزانە، علم الیقینی
چونکە دەور دەوری درۆ و بوختانە
ڕاستی گرانە، درۆ هەرزانە !
ئەوی لە خەڵکا بە عەیبی ئەگری
کە لە خۆتا دیت شاد مەبە، بگری
لە قسەی خەڵکا زوو هەڵمەدەرێ
ڕەوایە ئەگەر بتکەنە دەرێ
هەڵگردنت بێتە سەر نانێکی جۆ
زینهار لە ماڵی ڕژد، نانی مەخۆ
هەزار دۆستت بێ هێشتاکو کەمە
تەنها دوژمنێ زۆر زۆر ستەمە[2]
هەرچەد کە سەفەر سەنگی محەکە
ئەوی نایناسی هاوڕێیی مەکە

---

[1] واتە تۆ نانت لە یەزدان بوێ نەك لە پیاوی "دوون" دەنا لێت دەبێ بە سندان.
[2] ئەم نیوە دێڕە لای کاکەی فەللاح نووسراوە" تەنها دوژمنێ بێ زۆر ستەمە".

کەمت لە زۆری خەڵکی چاکترە
گۆشتی چۆلەکە لە داڵ پاکترە
لە دڵی خۆیشتا، خۆت هەڵ مەکێشە
لە خودپەسندی دۆستت دڵ ڕەشە
نادان سەد جاری هەلگیرێتەوە
دیسان هەر لەفزی خۆی نەگرێتەوە
مێشە سەگانە کە سەگ مەگەسە
وەریشی گێڕێ هەروا ناکەسە
بۆ "فرۆ"ش بزنی خەڵکی مەدۆشە
شیری تۆ بەرن چەند لات ناخۆشە
هەرچی چاکەی کرد، چاکەی دێتەڕێ
درەخت بنێژی دیارە بەر دەگرێ

ژیان ژمارە ٥٠٥ ، ١٩٣٦/١٢/٧.

٥٠٦ ئەلف

ئەگەر تۆ باوکی خۆتت خۆش ئەویٚ
جوێن مەدە، نەوەك جوێنی بەرکەویٚ
کە ئێشی دەرزیت بێتەوە بەرچاو
سووژن بە خەڵکا ناکەی ناحساو
مردوو کە شەیتان یەخەی بەرداوە
هەرچی جنێوی پێدا بەدناوە !
نوێژ بە قەزا بوو دەگێڕڕێتەوە[١]
سوحبەتی یاران، چوو، دەبڕێتەوە
ئەوی حەقناسە و بە حەق ڕازییە
چ ئیحتیاجی بە شا و قازییە
زرێی زانینت کە کردە بەرت
تاجی ئەدەبیش بنێرە سەرت
دڵ ئاوێنە بیٚڕووناك ئەنوێنیٚ
ئاگاداری بە ژەنگ هەڵنەهێنیٚ
لە ئاه و نزای مەزڵوم بترسە
ئاهی چەند ماڵی ڕووخاند، بپرسە
لەوە بترسە لە خوا ناترسیٚ !!
دەم مەنێرە دەم ئەبلە و ناکەسیٚ
بزانە گەوهەر چۆن بە بەرد ئەشکیٚ
مەرەکەبی ڕەش پێتا ئەلکیٚ
هەرچی بە ئاغا و بە پاشام فێرە
ئەوەندە خۆشە هەتاکوو ئێرە

ژیان ژمارە ٥٠٦، ١٩٣٦/١٢/١٤ ز.

[١] لای کاکەی فەللاح بەم شێوەیە" نوێژت بە قەزا بۆ دەگەڕێتەوە. سوحبەتی یاران جور، دەبڕێتەوە."

٥٠٦ ب

ده پەندە و یەکی دە دینار دێنێ
دیاری" ژیان"ە خەڵکی بیخوێنێ
لەگەڵ خودادا سەرڕاست بی چاکە
هیچ لەو گوم نابێ خراپە و چاکە
لەگەڵ خەڵکی دا ئینساف بنوێنە
هەتا دەتوانی نەفست بشکێنە
بۆ هەزار دڵسۆز بۆ گەورە حورمەت
بۆ لە خۆت خوارتر لوتف و شەفەقەت
بۆ دۆست ڕابەر بە بۆ دوژمن بە حیلم
بە تەوازوع بە لەگەڵ ئەهلی عیلم
لەگەڵ جاهیل دا بێدەنگ و خامۆش
ئەم دە پەندەی من نەکەی فەرامۆش
کلیکی گەنجی پەند دیانەتە
دین نەبێ پەندت لە لا زەحمەتە

ژیان ژمارە ٥٠٦ ، ١٩٣٦/١٢/١٤

٥٠٧

شوهرەت ئافەتە و شوهرەت فەرەنگیی
زۆر بڵێ نەگبەت، عیززەت بێدەنگیی
تێهەڵچوو دانیم سەر لە بەڵایە
گۆشەگیر هەرگیز کێشی بەرنایە
سەرخۆش بە، بەڵام دەنگت دەرنەیە
دڵت گرم بێ و کزەت لێ نەیە
بەوە دڵخۆش بە کە لێت بپچڕن
نەك پارەت بەنێ و مەردیت بکڕن
تا تاڵ و سوێری دنیا نەچێژیی
هەرچیت هاتە دەم ئەوە ئەیێژیی
بە قاڵ کراوی کە هاتیە کایە
گوێزت لێ بارکەن خڕەت لێ نایە
ئەگەر ڕەفیقت کەوت دەستی بگرە
هەرچی بێ ئەویش ئەوەی لەفکرە
بەڵام بۆرە پیاو بە هیچ نازانێ
قەدری مەگرە، بە لەتە نانێ
هەندێ کەوتوونە سەودای مەبعووسی
زۆریان هەوڵ دا خودا نەینووسی
ئەم جارە نۆرەی تازە قەڵدایە
بگرە و بەردەیە هەوڵ و هەڵدایە
خەڵك وا دەزانن بە دەست ئێرەیە
هەر ئەو خەرمانە و هەر ئەو گێرەیە
گای بنە وەك گای ژێر زەمین بەندە
بە ئێمە ناڵێن: کەرت بەچەندە
باز هەڵدەن"مەبعووس" پێی بێتە کایە
بەڵام باز چاوی لە گۆشتی گایە

ژیان ژ ٥٠٧، ٢١/١٢/١٩٣٦.

٥٠٨

قەدری خۆت زیاد کە بە قەدرزانی
خۆت نەبێ هیچ کەس بە سووك نەڕوانی
وەك گلێنەی چاو عالەم دەبینێ
تەنها وجودی خۆی لا نانوێنێ
هەرچەند دەور دەوری خۆ هەڵکێشانە
خۆ هەڵکێشان وەك سنگ هەڵکێشانە
لای هەندێ جنێو ئەدەبیاتە
هەندێ بە خەیار ئەڵێن: زەڵاتە
هەندێ کە پیاو کەوت پێی ئەڵێن کەرە
هاتەوە ڕووی کار ئەڵێن جەوهەرە
قەترەی حەیایان لە لا تکاوە
ڕووبەڕوو شەرمیان لە لا نەماوە
ئەگەر ئەمانە وا نەبوونایە
بە چاکی بۆمان ئەهاتنە کایە
تۆ لەو کەسانە هەمیشە دوور بە
لە کونجی خۆتا، هەڵکە و ڕوو سوور بە
نەسیحەتێکیان کردووین زۆر چاکە
ئەڵێن خاکی بە، ئاسڵت لە خاکە
گەر بۆ کەڵکی خۆت گەورەییت بوێ
بڵێ: خانوویێك ، ئەکەم، بۆ شەوێ
گەورە ئەوەتە کە چاکەی عام بێ
نەك دەوروپشتی خۆی لێ بە کام بێ

ژیان، ژ ٥٠٨ ، ١٩٣٧/١/٥ ز.

٥٠٩

چەند خۆشە ئینسان خەیاڵ پەروەر بێ
بە خەیاڵ بەرگی شاهی لەبەر بێ
هەرچی نەیناسێ بیکا بە مەئموور
خزمانی شاد کا چ نزیك چ دوور
مادام خەیاڵە لە ڕەنج بەدەرە
خورمای بێناوك خۆ چەوەندەرە
ئەوی تۆ ئەمڕۆ نەیبینی بە چاو
سبەینێ لە لات خەیاڵێکە خاو
وا بزانە کە تۆیش مەبعووسێ بووی پار
خاوەن کەش و فش ئۆتۆمبێل سوار
خۆ ئێستا هەموو لێك ڕاست بووینەوە
تەنها تۆ دەنووی بە پشتێنەوە !
فەرزکە ئەم جارەیش ئەچەسپێتەوە
بە هێلم پێوە ئەلکێتەوە !
نە مێوت هەیە بۆ کەس نە هەنگوین
مەگەر چزووی خۆت بکەی بە پەرژین
ئای جاران یاسین" صلی الله" هووی بوو
ئێستا نایخوێنن مەگەر بۆ مردوو
هەرچی حیکمەتی ئەمە بزانێ[1]
ئەبێ بە " ئاسف" بۆ سلێمانێ
تۆیش سلێمانیت های سلێمانی
یای نیسبەتت بوو بە یای نیسیانی

ژیان ، ژمارە ٥٠٩ ، ١٩٣٧/١/١٢ ز.

---

[1] لای کاکەی فەللاح نووسراوە " هەرچی کەس حوکمی ئەمە بزانێ، ئەبێ ئاسەف بێ بۆ سلێمانێ."

شێرە بەفرینەیش وا توایەوە
بۆ ئۆتۆمۆبێل ڕێ کرایەوە
زۆر کەس بۆ بەفر چاویان ڕشتووە
زۆریش لە هیوا دەستیان شۆردووە
کوێر تاکو دەمرێ بە هیوای چاوە
لیستەی یانسیب زۆری نەماوە
دیم بووکیان هێنا بۆ ماڵی زاوا
لەسەر مارەیی بردیانە دواوە
ساڵێک مەبعووسێ ڕەئیی بۆ درا
کەچی یەکێکی تر داخڵ کرا
نسیب و قسمەت عیلمی غەیبییە
ئەسوەد و ئەحمەر چابووک دەستییە[1]
ئیمساڵ مەبعووسی ئێنجەی پەنهانە
عیلمی غەیب زانین لایق پەریانە
یەکێ شەمالەی بۆ ئەگرێتەوە[2]
یەکێ دانوولە ئەبەشێتەوە
بە زیندە خەوی پڕو پیرێژن
زۆر کەس بە سەیران بۆ بەغدا ئەچن
وتیان: تۆ بنوو، بیبینە بە خەو
وتی: لە تاوان خەوم نییە شەو
خوا لە مەجنوونی پرسی سەوداسەر
عیبادەتی چیت هێنایە مەحشەر؟
وتی: هێند عەشقی لەیلام لەلا بوو
لە کوێ هۆشم لای خوای تەعالا بوو

---

[1] اسود و احمر: یارییە بە کاغەز ئەکرێ، چابووک دەستی و چاو بەستی تێدایە.
[2] شەمالە: شەوانی شەممە ژنان بۆ نیازی دڵیان شەمالەیان دەگرتەوە، واتە: ژنێ لە سێ ڕیانێک دا، دادەنیشت. ڕێبوارەکان لە نێو خۆیان دا کە قسەیان دەکرد، چاک بوایە یان خراپ، ئافرەتەکە بە نیازی دڵی خۆی دادەنا.

لە ئادەمەوە تا ئەم زەمانە
ڕێگای خێر و شەڕ بە دەست ژنانە
کۆنە دەماخان هەروا نادانن
هیچ قەدری جنسی لەتیف نازانن

ژیان ، ژ ٥١٠، ١٩٣٧/١/١٨ ز.

٥١٢

ئەلفی مرادت فڕێ دا، مەردی
شوێن مراد کەوتی، بۆ درەم مردی
ڕۆژو و نمازت کە بۆ نیاز بێ
وەك عاشقێکی کە پیشەی گاز بێ
نوێژی زۆر، پیشەی پیرێژنانە
ڕۆژوویش ئەسڵەکەی بۆ ڕەمەزانە
سیاحەتی حەج سەیری جیهانە
ئەوی بە کار بێ بەخشینی نانە
کابە بناغەی برایمی خەلیلە
دڵ نەزەرگاهی ڕەببی جەلیلە
دڵ دەشکێنێ و دەچی بۆ کابە
مەچۆ، مەزالیم لەسەر خۆت لابە
من زیارەتی کابەم کرد بەڵام
زیارەتی دڵ پێشترە لە لام
لە دەشتی مینا قوربانی دەکەی
بۆ گورگ و چەقەڵ دیاری دەبەی
لێرەی سەربڕی و بیدەی بە برسی
دەبێت بە قەڵای ئایەتولکورسی
دەزانی کەوا دنیا فانییە
وای دەگری تاسەر زیندەگانییە
ئەگەر تۆ تا سەر هەر بژیایتایە
ئەشیا بۆ دوای تۆ جێگا نەمایە
وەك پێش تۆ جێگای خۆی داوە بە تۆ
تۆیش جێی خۆت بدە بە یەکێ و بڕۆ
ئەگەر پێداگری و بڵێی من ناڕۆم
تۆیش وەك یارۆکان دەهاونە بن گۆم
گا لە سەر پشتی ماسی دانرێ
تڕە کەڵەکێ دیارە سەر ناگرێ

زیان ، ژمارە ٥١٢، ١٩٣٧/٢/١ ز.

٥١٦

گەرم تر لە تین، کەنار و بۆسە
ساردتر لە تەرزە دڵی مەنیووسە
زۆر دڵ مەدەرە مەسنەدی دنیا
تا سەر نەدراوە بە تۆ بە تەنیا
نەخوازەڵڵا وا بە مەنسووبی بێ
شەرتی ئیستیحقاق نامەحسووبی بێ
لەگەڵ قابینە پێویست بوو گۆڕرا
هەر وەك "ڕیدینکۆت" مەنسووب داکەنرا
ئەوسا هەناسەی سارد وەك ڕەشەبا
نامەی ئۆمێدت بە بادا ئەبا
خوا دایتێ ئەهلی عیلمت پێبڵێن
بە چرای"گەرچەك" لە دووت ئەگەڕێن
ئەگەر کەم خۆری داییم خۆر ئەبی
"ئینتەلا" ناکەی خاوەن زۆر ئەبی
خۆ ئەگەر چاوت لە دمبەی چەور بێ
ڕۆژێ دێ سزات بە کلکە تەور بێ
بەهار هات دیسان دیجلە هەڵدەسێ
قەسری نزیك ئاو خەڵك لێی ئەترسێ
با وجود دیجلە زنجیر کراوە
ئەو هێز و گوڕەی بەرووی نەماوە
بەڵات تۆ نابێ لە ئاو ئەمین بی
تۆفان لە یادە، دەبێ تێبین بی
بەمانە ئەڵێن: واتەی بێهوودە
غەیرەز خواستی خوا هەموو بێسوودە
خوا بێقەزای کا خوایس کردەی وایە
ئەوەی ئەو دەیکا بە عەقڵا نایە
تەلیسمی جامی چل کلیل دەرکەوت
کەر ئێسقان و سەگ کای کۆنەی بەرکەوت   ژیان، ژمارە ٥١٦ ، ١٩٣٧/٣/١ ز.

٥١٧

خوا ڕەوای بینی وا كلك هەلگیرا
داپیرمان خنكاند لە بیری شیرا
مادام لەكەی كلك نەما لە ناوا
عەدالەتێكی شەرعیمان ماوە
شەرع هەموو كارمان بۆ دەبڕێتەوە
"كە مانیع هەلسا مەمنوع دێتەوە"
ئێستا هەر كەسێ بچێتەوە جێی خۆی
لجنەی ئینزبات حوكم بدا بۆی
مەلای مەزبوورە كە چوبوە ناو گۆڕ
گۆڕە و شاری دا میسلی ئێسری تۆڕ
پرسیان چۆنە ئەوە و دنیایە
وتی: ئاخ ئەوێش قەتارچی تیایە
بە خوا ئەگەر تۆ عال و سال ئەبی
لە هەر دوو دنیا بێسوئال ئەبی
بەلام دنبەی چەور بێبەلا نییە
شوێن چەتە كەوتن بۆ تالانییە
تەماتە ماسی بگری و تەڕ نەبی
قوماربازیش بی و ئاخر شەڕ نەبی
شترمرغ ئەلێن وەرە هەلفڕە
ئەلێ: نابینی ملم وشترە!
ئەلێن بار بەرە ئەلێ: باڵدارم
تەنها بۆ خواردن ئازا و بەكارم

ژیان، ژمارە ٥١٧،٨/٣/١٩٣٧ ز.

٥٢٠

بووکە بارانێ کەوتە کۆڵانان
خۆی کردووە بە بووک تنۆکی باران
دەغڵودان ملکەچ، عەللاف بەدەماخ
هەژار و شکەڕۆ، دەوڵەمەند چالاخ
سەیرانگا جێگای نوێژی بارانە
جۆشی گریان و فرمێسك بارانە
خەتیب فەرموویە کە دین نەماوە
غەزەبی خوامان وا لێگیراوە
هەڵپەڕێ و سەیران کە کەوتە شارێ
لە باتی ڕەحمەت غەزەب دەبارێ
سەیرانکەر منم و واعیزیش ئەوە
لێك ناکرێتەوە ئەم ڕۆژ و شەوە
بۆچ تەنها ئێمە بێباران ماوین
کە وا فەرمانی کفریان داوین
یا ڕزقی ئوممەت هەر بە بارانە
کەوابێ تەنها باران خوامانە
کەس ئەو بێ، کەسە کە لە بێکەسە[1]
نەهری هەڵقوڵاند بۆ ئێمە بەسە
ئەگەر خوا ڕزقی بە نوێژ بدایە
ئەشیا غەیرە دین نانی نەبوایە
نە ڕزق بە دینە و نە ماڵ بە زانست
ئارەزووی خوایە و ڕۆژی ڕۆی "الست"
زۆر کەس مەعاشی زۆری دێتە ڕێ
هاتە وەرگرتن ڕێی لێدەگۆڕێ
لای چاوی ساغی بۆی ئەژمێرن
دز بۆ لای چاوی کوێری ئەنێرن
کەوەکە وتی بە بازی ئەحمەق
ئەینێیتە تەبەق مەیێژە سەدەق

ژیان، ژمارە ٥٢٠ ، ١٩٢٧/٣/٢٩ ز

[1] مەبەست لە گوندی بێکەسەی شارەزوورە.

ئینسان لە نیسیان دروست کراوە
پەردەی غەفڵەتی پێداکێشراوە
بۆیە کە هاتە سەر کورسی مەسنەد
وا دەزانێ قەد، ناجووڵا ئەبەد
کە یەکێ دەبەین بۆ گردی سەیوان
لەوێ دەست ئەکەین بە شین و گریان
کە گۆڕخانەمان لە پێش چاو گوم بوو
بە هەناسەیەك مەرگمان لە بیر چوو
باشە با بڵێین لە مەرگ ناترسین
لە دڵ ئازاری بۆچی نەپرسین
ئەوانەی ئەمڕۆ بە دوومانەوەن
لەگەڵ لێکەوتین غەیبەت گێڕەوەن
پیاو ئەو پیاوەیە بە چاکە پیاو بێ
نەك بە وەزیفە ناوی بە ناو بێ
هی وامان هەیە گەییە ئاسمان
کە هاتە خوارێ کەوتە بەر زمان
ئێستا ئەوانەی کە دەڵێن ئەزم
بە چێوی دیوان وا هەڵدەبەزم
کە بەرگی کاریان نەما لەبەردا
کەس و کار پێیان ئەنێن بەسەردا

ژیان، ژمارە ٥٢٣ ، ١٩٣٧/٤/٢٦ ز.

لەوە بترسە لە خوا ناترسێ
لە حەقی دۆست و ویجدان ناپرسێ
وا ڕێ ئەکەوێ بەد پەسند ئەبێ
بەڵام دوایی کار تووشی بەند ئەبێ
کەسێ بە بەدکار ناوی ئەزڕێ
ئاگری دز تەنها ساڵێ ئەگرێ
بەدکار دوو نەوعە یەکێ ئەزانە
مەڕوانە ئەوە، عەقڵ میوانە
نەوعێکی تریان سروشتی بەدە
ئەوەیان سزای بە داری حەدە
پیاو خراپ نەبێ چاك دەرناکەوێ
تا تاریك نەبێ کێ چرای ئەوێ
بەخشین هونەر و وەرگرتن نەنگە
چاو برسێتییە سەرمایەی جەنگە
ئەوی لای خۆشە تۆ نانی بخۆی
دڵی مەشکێنە و بیخۆ ئەگەر خۆی
ئەگەر دەزانی بە خواستن زویرە
داوای لێمەکە ئەگەر وەزیرە
ئەگەر نان بدەی لە ماڵ ناترسی
لە هەموو ماڵێ دەخۆی ناپرسی
بەرماڵی دەرماڵ هەر دوو وەك یەکن
کە عالم نەبن کەڵوڕ و لەکەن
لە تەنگانەدا خودا ئەناسی
کەوتیە فەرەحی دیسان بڵباسی
مار کە زۆری خوار د دەئاڵێتە دار
بەوە ئەزمەبێ و دەبێ ڕستگار
سۆفیش کە ماڵی حەرام زۆر ئەخوا
بە نوێژ و تەزبێح گوناهی ئەڕوا

زیان ، ژمارە ٥٢٤ ، ١٩٣٧/٥/٣ ز.

٥٢٥

ئەوەتی دنیا ئەڵێن دنیایە
ئیعتیقاداتی غەریبی تیایە
گاهێ گوێرەکەی بەنی ئیسرائیل
بۆ قەومی موسا ئەبێتە دەلیل
گاهێ کەرەکەی عوزێر لە پێشە
گا، لات و عوززا ئایین و کێشە
گا ئاتەشکەدەی زەردەشت ئەگرێ
گاهێ ژۆپیتەر بە باڵ ئەفڕێ
ئەمانە هەموو ئەفسانەی کۆنە
لەم خەرافاتە ناپرسن چۆنە
تەنها ئایینی شوومی گورگی بۆز
خەریکە کلکی ئەکەوێتە تۆز
نازانن، ئێرە بێشەی شێرانە
گورگ بۆز بێ، ڕەش بێ بۆ تێهەڵدانە
ئەفسانەی شەڕی ڕۆستەم و عەنتەر
دەوەن بە ئاشە وا کەوتەوە گەڕ
لە هەموو خاکی عێراقا باوە
کە ئەڵێن ڕۆستەم عەنتەری گاوە
ئەم هەتیو بازیە لەوەوە داهات
بۆیە لە ئێران بووە بە بنیات

ژیان، ژمارە ٥٢٥، ١٩٣٧/٥/١٠

خەیاڵێکی وا، هاتوە بە سەرما
لە عالەم پرسم بۆ گەرما و سەرما
بزانم ئاخۆ لەم دوانە کامیان
چاکەی زۆرترە بۆ نەوعی ئینسان
ئەیزانم فیکری دوو کەس یەك ناگری
وا چاکە بابی فەتوا داخری[1]
ئەوی قەڵەوە دڵی پڕ جۆشە
دیارە کە دەڵێ، هەر سەرما خۆشە
ئەوی کە لەڕە و بێهێز و تینە
ئەڵێ سەد شکور کە وا هاوینە
پاڵتۆی فەردەیی و قۆندەرەی پۆستاڵ
لە کۆڵمان کەوتن بووبووینە حەممال
ئەتوانین لە دەشت بێلێفە و سەرین
بە سەر ئازادی شەو بەسەربەرین
بەڵام دووپشك و مار پەید بووە
قەیناکا پیشەی ساڵانی زووە
هاوین هیچ نەبێ بامیە و باینجانین
هەندێکی تریش غەریب سنجانین
هەمەدان جێگەی غەریب سنجان بوو
زۆر کەسی ئێمەی پێ ماڵوێران بوو
دەردی هەمەدان کەوتە دەر گەزێن
مونەووەران بوون بە مەلا بەزێن
کەس لە سەر حاڵی پێشوو نەماوە
سوێندی درۆمان بە شەرەف باوە
ڕەحمەت لەو کەسەی کە جنێو ئەدا
ئەڵێ: هەی ئەشراف لاچۆ توخودا
لافاو سیروانی لێڵ کرد بە یەکجار

[1] باب : مەبەست لە دەرگایە.

ماسی زل کوێر بوون کەوتنە کەنار
دەردەگایش زۆرە و کوللە لە ناوە
تەرزەیش کوتایی هیچمان نەماوە
خوا بکا ئافەتی ئەشرافمان نەبێ
زموستان شەبێ، زو پیران تەبێ
قەی ناکا مەعاش لە جێی خۆیەتی
گول بە دوو بەهار ڕەنگ و بۆیەتی
بە ئیعتیادی و بە فوق العادە
دوو بەهارین " دەی" ساقی سابادە

ژیان ژمارە ٥٢٧، ١٩٣٧/٥/٢٤ ز.

٥٢٨

که لەگەڵ بەددا دانیشی و هەستی
پشت بە خراپەی چاکان ئەبەستی
تۆ دەڵێی چی بکەم قسەیان خۆشە
نەتیجەی قسەی گاڵتەوگەپ بۆشە
پیاوێ زەرەری لە خەڵکی دابێ
دڵی ناسرەوێ هەتاکو مابێ
ناپیاویش هەبێ لە باتی چاکە
کردەوەی بەدە و هێشتا بێباکە
خووی بەد وەك میقرۆب حیسەی ئبرسییە
دەوران بەدخوایە و پیاوچاك برسییە
بەلام ئاگری دز ساتێ ئەگرێ
کە دەورەیان دا هێلێکی دەبڕێ
ئەمە کای کۆنە کە بە بای دەکەین
تەسەللای هەندێ خەڵکی پێ ئەدەین
ئەگینا ئێستا دەوران دەورانە
بۆ چلۆ چۆکەر ڕۆژی مەیدانە
یەکێ بە درۆ و یەکێ چاوەڕاو
یەکێ بە ئاغام، پاشام هاتە ناو
مادام دنیایە و ئەمانەی تیایە
پیاوی دنیایی لە برەودایە
ئەوی ناسرابێ بە عیلم و ئەخلاق
ئەبێ بچێتە جەزیرەی واق واق
ڕۆن و برنج و گۆشتمان گرانە
تەنها هەڵبەستی" زورناڵ هەرزانە"[1]

ژیان، ژ ٥٢٨، ١٩٣٧/٥/٣١ ز.

[1] زورناڵ: مەبەست لە ڕۆژنامەیە و مەبەستیش لە پڕوپاگاندەی بێئەسڵ و ئەساسی ڕۆژنامەکانە.

جورئەت بۆ ڕۆژی گرفتارییە
نەتیجەی فیشاڵ شەرمەزارییە
گەر تۆ خەریك بی خەڵك بشكێنی
تۆیش لە حورمەتی خۆتا نامێنی
گەورە ئەوەیە خەڵك گەورەی بگرێ
نەوەك وەك دۆوك تەنها خۆی بخورێ
ئەگەر لە بەدیی دڵت پاك نەبێ
گلەیی مەكە كارت چاك نەبێ
ئەوی بە گوناە زرێ دەپۆشێ
دوعا نایبڕێ سەد شێخ تێكۆشێ
"كاك ئەحمەد" دوعای بۆ باجگر دەكرد
ئەیگوت: بمێنێ نەمرێ دەست و برد
نەك یەكێكی تر لە موسڵمانان
وەك ئەو ڕێگر بێ و دەرچێ لە ئیمان
بە بۆمبا ماسی دەكەوتە سەر ئاو
ئێستا عەمەلەی ئەشغال كەوتە ناو
بە كرێكاری بەڕێوە دەچوو
هەر وا بزانە جەردە پەیدا بوو
ئەڵێن: تەبەقی پڕ ئاشتی ماڵە
ڕاست ئەكەن ئەمە زۆر حەسبوڵحاڵە
سواڵكەر پێشڕەوی سوپایێ بكا
ئۆردووی چەنگیزی لەبەر ڕادەكا
كە لە هێلانەی بێچوە چۆلەكە
مارێ پێوەدای گلەیی مەكە
هەر كەس عەقڵی خۆی لە لا پەسندە
فائیدەی نییە ئەم بەند و پەندە

زیان، ژ ٥٢٩، ١٩٣٧/٦/٧ ز.

٥٣٠

دەستەی تیاترۆی بەعیشوە و زۆرزان
گەیشتە سەرمان فەسلی باینجان
دەنگی دوومەڵەك کە گەیشتە گۆش
سەودای سەر و دڵ تێکڕا دێتە جۆش
شەوقی کارەبا و بۆیەی سپی و سوور
بە شەو پشیلە دەکا بە سموور
ئێمە نەزەرمان هەروا کەچ بینە
ڕەنگی صنعیمان لە لا شیرینە
بە دوو فیشاڵی لا پف هەڵدراو
ناڵە پێپانمان لا دەبێ بە پیاو
جاران بە تەقەی دەمانچە پیاو بوون
بە دزە کوشتن بە ناو و داو بوون
ئێستا بە تەقەی زبان ناودارن
تەنها بۆ نەفعی خۆیان بەکارن
پیشەی پێشوویشمان لێ دەژیێتەوە
ئاغای لە نوێ ئەگەڕێتەوە
خوا کێو ئەبینێ و بەفری تێدەکا
ئەوە بەدنامە قسەی لێدەکا
ئەڵێن خشت هاوێژ پاداشی شەنگە
بۆ واتەی گاڵتە قەسدی کوشت ئەنگە
بەلام خووییێکی گرتمان بە شیری
ناتوانین تەرکی بکەین بە پیری
مەگەر ئەو خوایەی کە حاڵ ئەگۆڕێ
جەهلمان لەگەڵ ئەخاتە گۆڕێ
خۆ من قەڵەم و زمانم سوا
هیچم پێ نەکرا و خستمە دەست خوا

ژیان، ژ ٥٣٠ ، ١٩٣٧/٦/١٤ ز.

شارێ ئاوێکی خەمرەوێنیان بوو
ئەیانخواردەوە عەقڵیان تێك ئەچوو
یەکێ لە لاوە هاتە ناو ئەوان
بە شێتیان زانی کەوتە بەر زبان
هیچ کەس لە عەقڵی ئەو ڕەزا نەبوو
لێك کەوتنە ڕوو مابەینیان تێك چوو
دوایی کە زانی تەنها مایەوە
ئاوی خواردەوە و کەوتە کایەوە
بە "ورپاتلاسون" بە " چال اونیاسون"
خۆشیان ڕابوارد ئەوانیش وەك من
بەلام من بە بێئەوە دەبەنگم
قەلەندەرێکی بێنام و نەنگم
ئەوەندە هەیە یەك ڕوو یەك دڵم
لە مەتانەتدا پەروەردەی گڵم
هەندێکی وا هەن هەسانی مەککەن
سەما بەدڵی بزورگان ئەکەن[1]
بە مێچکە مێچکە پێ ئەلێسنەوە
کە هەڵخلیسکا خۆ ئەکێشنەوە
ئەمە تەجرەبەی ئەوەندە ساڵە
هەرچی باوەڕیان پێ بکا منداڵە
باوجود ئێستا منداڵ پەسندە
کەس بە پیر نالێ کەرت بە چەندە
پیر قڕان داهات، تو خوا با بمرن
خووی چڵۆچۆی ئەم دەورە نەگرن

ژیان ژمارە ٥٣١، ١٩٣٧/٦/٢١ ز.

---

[1] بزورگان" پیرەمێرد" گەورەکان" کاکەی فەللاح".

٥٢٣

ئەوانەی دەوڵەت بەهیچ ناگرن[1]
بە مەردی تری دنیا دەبڕن
وا بزانە هەزار فەردە توتنت بوو
ئاوڕت دایەوە ئاگری تێبەربوو
هەر تووتن نییە ئەو کڵۆکۆیە
دوو بەشی قرچەی ناو جەرگی تۆیە
ئەگەر دەرئەزەل هیچت نەبوایە
ئەتگوت بە نەبوون هیچم لێنایە
بەڵام تۆ پارەی بەغدات لە سەر بێ
لێرەیش تووتنەکەت ئاگری تێبەربێ
ئینجا بڕوانە ئاگری دەروونت
ڕەنج بە خەساری و دەردی نەبوونت
دوژمنیش دەڵێ: دە بڕۆ گۆڕت بێ
کە بڕوا بۆچی ماڵی زۆرت بێ
من سەربەست ئەژیم ڕەند و قەلەندەر
سەودای مەبعووسیم بۆچ کەوێتە سەر
ئەویش چەند ڕۆژێ سەهرە و سەییارە
بە فسخی !! بەغدات لە دوور لێ دیارە
تووتن سووتان و وەرگەڕان یەکە
حەز لە حەمامی زەواجل مەکە[2]
کە بۆ کەوتن بێبڵند بوونەوە[3]
مەفرە بە هەوای بەرزییەك شەوە

ژیان، ژمارە ٥٢٣، ١٩٣٧/٧/٥ ز.

---

[1] لای کاکەی فەللاح نووسراوە" بەهیچ ناکرن."
[2] حەمامی زەواجل" لای پیرەمێرد"، حەمامی ڕەوحێل" لای کاکەی فەللاح" حەمامی زەواجل، مەبەست لە کۆتری نامەبەرە.
[3] بڵند" لای پیرەمێرد"، بەرز" لای کاکەی فەللاح".

٥٣٥

قەت نوقلانەی بەد لە دەستت مەدە
بەدی هاتنی لە سەدا سەدە !!
کە تۆ بە یەکێ بڵێی ئاخر شەڕ
ڕێی ئاخر شەڕی هەڵبەت دێتە بەر
دوعای پیرێژن بۆ ئاخر خێری
زوو گیرا دەبێ بە بەرچاو تێری
چلەی هاوینە و چوار چلە هەیە
نازانین چلی ئێمە تا کەیە ؟
مەلای مەزبووررە و حیسابی ڕۆژوو
بەردیشی تێخست باز هەم بە سەرچوو
بە چلە بەفر و ڤیر ئەتوێتەوە
سامی باحورایش زوو ئەبڕێتەوە
بۆ"کل نفس ذائقة الموت"
تەفسیری وابوو هەر پیری بەرکەوت
هەندێ لە بورجی مشیدەدان
لە ئیدراکی موت بێ‌سات و سەودان
کاتێکیان زانی کە ئەیانئێژن
خۆیشیان ئەزانن چاکیان نایێژن
با ئەوان بڕۆن جێگایان بۆش بێ
قەی ناکا لەوێ خوا لێیان خۆش بێ
خوا کێو ئەبینێ و بەفری تێدەکا
ئەزان بێ‌هوودە قسەی لێدەکا
من نازانم چیم لەم و لەو داوە
خوا ڕەوای بینێ میوەم تەواوە

ژیان، ژمارە ٥٣٥، ١٩٣٧/٧/١٩ ز.

لەوە بترسە لە خوا ناترسێ
لە خوا نەترسێ لە کەس ناترسێ
ڕێوی کە هاتو بوو بە فاقەوە
فێڵبازی دەنێ بە گوێی تاقەوە
دەگەوزێ بەدەم واقە واقەوە
کلکی شۆڕ دەبێ بەلای لاقەوە
شەرع ئەڵێ:" کل مضر یقتل"
بە پارەی میری بەراز ئەکەن پەل
میری گوێی بەراز بە پارە دەکڕێ
چونکە زەرعاتی خەڵك هەڵئەدڕێ
ئێمە ئەمانە بۆیە ئەنووسین
کە بیگرنە گوێ، بەلام مەئیووسین
خوویێ کە ئینسان گرتی بە شیری
لێی نابێتەوە تا ئاخری پیری
"واریتە" گورگی کرد بە پیاوی مەڕ
بە چاوی خۆم دیم پووشی خستە بەر
ئێمە وا گورگی بۆز ئەپەرستین
نادانی دەستی زانستی پەستین

ژیان ژمارە ٥٣٦،٢٦/٧/١٩٣٧ ز.

فەزا دەستێکە پێنج پەنجەی هەیە
کە هاتە جونبوش وەك ماکینەیە
دوو پەنجەی بۆ چاو دووی تری بۆ گوێ
یەکێکیش بۆ دەم حوکمی دێتەجێ
پشت بە دنیای پوشت مەبەستە زینهار
شەوێکی بەس بوو نادری ناودار
گەورە بە غرور دێتە نوشوستی
حەمە پاشای جاف پیاوی خۆی کوشتی
مەحمواغای سیوەیل ئەو ڕۆژەی کە مرد
نۆکەر خوا شکور ئاعا ڕۆی بۆ کرد
تەرسی کەرەکەی جەجاڵ خورمایە
بۆیە کە هەستا خەڵکی لە دوایە
زستان ئانەوا هاوین بەفرکێش
بۆیە ناپرسێ لە قەوە و لە خوێش
ئەو کەسەی ماسی بگرێ تەڕ ئەبێ
بێستانەوانیش تووشی شەڕ ئەبێ
بێستان ڕن گورزی خۆی دەوەشێنێ
بۆ زرکێ بنکێ لە بن دەردێنێ
زۆرم دی چاکەی دەربارەی خەڵك بوو
کە مرد جنێویان پێدا زوو بە زوو
دنیا وەك مووی قول چەرخی گەڕاوە
شانەشی کەی هەر تێك ئاڵاوە
چەند خۆشە ئینسان پەرێزی پاك بێ
لە چەند و چۆنی دنیا بێباك بێ
ئەسکوێ بێ لە ناو دیزەی دنیادا
کەس نەبێ پەنجەی ئیجلالی بادا
هەرچی وەك سرکە توند بێ و پڕ لە با
بیکەیتە شووشەیش ئاخری شەق ئەبا

لە هەر ئاشووبێ عەقڵی وەرگرین
ئەتوانین لە ڕێی بڵند لێخوڕین
خۆ ئەگەر ژێر پێی یەکتر بتاشین
دەستیشمان بگرن هەروا لە پاشین

ژیان، ژ ٥٣٨ ، ١٩٣٧/٨/٣٠ ز.

وا گردبونەوە پایزە براکان
بەڵکو یەك کەون هیممەی چاکان
بەڵام وەك ئاردی ناو دڕك وایە
برایش لەگەڵ یەك نایێنە کایە
خۆ وڵاتیمان بۆچ لا چا نابێ
گوێلکی خۆماڵی بۆچ بە "گا" نابێ
مەڵێن شیلاوگ مایەی پەنیرە
فیتنە هەوێنی نۆ قازان شیرە
مەدحی ڕووبەڕوو پیاو ئەدا بە شوو
زۆر دۆستی سەر نان بە دوژمن دەرچوو
خوا مووسا بۆ سەر فیرعەون ئەنێرێ
کەچی جار جار مەڕ بە گورگ ئەسپێرێ
پیاو بۆ بۆرە پیاو ڕۆحی خۆی سەرف کرد
کەچی پێی دەگوت بە دەردی خۆی مرد
ئەو کانیەی ئاوی لێ دەخۆینەوە
بە نابەکاری پڕیەکەینەوە
سیاسەت پیشەی ئاغای بێڕیشە
بۆیە گەلێ پیاو بێڕیش و ئیشە
زۆر ڕیش و سمێل تاشراو وەك ئەوان
خۆزگە ڕیش ئەبوو بە مۆدەی ژنان
ئۆخەی ژنان بوون بە گەورەی گەڕەك
ئەبێ دەستەی تر بچنە بەر خەڕەك
ئەنجا هەندێکیان چۆنی دەڕێسن
لەگەڵ گوێ چەنە بەرزە بڵێسن
بە نار نارۆکە سەر دەلەقێنن[1]
دەم بۆ پارووی خەڵك دادەچەقێنن
ئاخ خوێندەواری فریامان کەوە
بۆ عالەم ڕۆژە بۆ ئێمە شەوە ؟! ژیان ژمارە ٥٣٩ ، ١٩٣٧/٩/٢٠ ز.

---

[1] لای کاکەی فەللاح نووسراوە بە تاو تاوە.

٥٤٠

له تەئریخ پرسه که ڕابوردووه
هەر دانه بەردێ جێی مەردێ بووه
تۆیش بگەیته سەر ئەو دانه بەرده
شەخسی خۆت له لا مەردی نەبەرده
بەڵام به خوویێك ئەکەویه خوارێ
ئەبی به پەندی گشت هەرزەکارێ
ئەتەوێ دڵت نەخەیته لەرزه
مەچۆره سەر ئەو دەندووکه بەرزه
له تەك کەسێکتا ئەوا دانیشتووی
به چاو ئەیبینی و لەگەڵیا ئەدووی
که دوور کەوتیەوه له پێش چاوی ئەو
ئەو دەیدەنیەت لا ئەبێ به خەو
خۆ ئەگەر دووری بوو به مانگ و ساڵ
وەك دیم و نەدیم ئەبێ به خەیاڵ
ئەمه ئەحواڵی دنیاکەمانه
هەرچی که بتبێ ئاخری نەمانه[١]
کەچی پێی خەڕۆین ئەڵێن تا سەره
جا، وەره لەگەڵ خەڵکا دەربەره
چەند خۆشه ئینسان ئەمه بزانێ
هەر وەك سینەما له دوور بڕوانێ
به شیعر و باده غەم بدا به باد
به دنیا بڵێ: بڕۆ بێبنیاد
هەندێ کەس به شیعر سەریان ئەئاوسێ
سیسرك بۆنی گوڵ بکا، ئەتاسێ
مر، هات لاسایی قازی کردەوه
هێلکەی زلی کرد کەچی بووردەوه

---

[١] نەمانه"پیرەمێرد" زەمانه" کاکەی فەللاح".

ئێستا پاییزە و سەیران بوارە
ئەرخوان سوور بوو ئەڵێن بەهارە
قەومێ قەلەڕەش بکا بە پێشڕەو
ڕۆژێ وەك باڵی قەل دەبێ بە شەو
من خۆم پەروەردەی دەهۆڵ و زوڕنام
لە ئینجە سازی دنیا تەوەللام
بەڵام هیچ وەختێ لەگەڵ زەڕەی کەر
هەڵکردم نابێ بۆم ناچێتە سەر
ئێستا وا ڕێمان لێبوو بە دوو ڕێ
یەکێ بۆ عاممە، ئەوی تر بۆ کێ

ژیان ژمارە ٥٤٠، ١٩٣٧/١٠/٤ ز.

٥٤١

هەر چی یەك ڕوو بێ و یەك زیان و پاك
وەك شمشێر خوێنی دەبێ بە خۆراك
دوو ڕوو و دوو زبان شانەی سەر سەرە
وەرە لەم قوڕە دەرکە ئەم گەرە
لەم زەمانەدا ڕاستیمان نەدی
خۆمان هەڵگرین بۆ دەورەی مەهدی
ئەوسا گورگ و مەڕ تێکڕا ئاو ئەخۆن
ئەمە ئەفسانەی کۆنەی من و تۆن !!
گورگ هەتا کەڵبەی نەشکێ مەڕ ئەخوا
پیاوی بێکارە ئەڵێ بەد بە خوا
خوا خزمەتکاری قاپی تۆ نییە
کوتەکی دایتێ دوعات بۆ چییە
خۆزگە پیاو خراپ وەك هەنگ بوایە
لەگەڵ پێوەدان گیانیان دەرچوایە
بەڵام لە شفرەی یەکانە ئەکەن
بە قامیش برین ددان تیژ ئەکەن
خۆم ئاگام لێیە ڕۆژێ کاك ئەحمەد[1]
دوعای ژینی کرد بۆ پیاوێکی بەد
وتیان باجگرە بۆچی نەمرێ
فەرمووی با کەسی تر جێی نەگرێ
پیاوچاك مەمنوونی بەدی بەدکارە
چاك بە کردەوەی بەدا دیارە

ژیان، ژمارە ٥٤١، ١٩٣٧/١١/١ ز.

---

[1] مەبەست لە کاك ئەحمەدی شێخە.

٥٤٢

چەند خۆشە ئینسان شێوەی شەمعی بێ
خۆی بسووتێنێ و نەفعی جەمعی بێ
چەند خۆشە ئینسان خووی چاك بگرێ
ئەوە بگرێتە باوەش کە دەمرێ
چەند خۆشە ئینسان کە بە ڕەنجی شان
کۆی بکاتەوە بۆ ئەرکی میوان
نەك لە مەڕ چەور کا بیدا بە گورگان
خۆی مایەپووچ بێ و ڕووزەردی دیوان
هەندێ چی دەست کەوت هەر تێدەپەستێ
لغاوی شەیتان دەمی دەبەستێ
ئەو پاشەکەوتە بۆ مێردی ژنە
بە زیندوویی خۆی ژن لێی دوژمنە
هەرچی خوارد ئەڵێ: ئاخ نەمخواردایە
ژمارەی سەدەی تەواو بوایە !
کە چوویشە گۆڕێ ئەڵێك هەی بێداد
من کۆم کردەوە کێ پێی بوو بە شاد
ئەمە دیارە لە پێش چاومانە
کەچی پیشەمان خۆ تەفرەدانە
ماڵی خۆنەخۆر بۆ چەکمە بۆرە
گەرمە گۆڕ نەبێ پیاو گۆڕبە گۆڕە
ئەمە توانجی بێدەوڵەتییە
منیش کە بمبێ گوێم لەمە نییە
بێدەوڵەتییە وا بێکارە بووین
بێپارەییە پارە پارە بووین
پارەمان نەبێ بە چی دەخوێنین
ئاو نەبی درەخت بە چی ئەڕوێنین

ژیان ژمارە ٥٤٢ ، ١٩٣٧/١١/١٥ ز.

٥٤٣

به ڕەمەزانان ئەبێ بترسێ[1]
لە برسی ڕۆژوو پیاوی چاو برسی
وا برسی ڕۆژوو تا ئێوارەیە
بەڵام چاوبرسی دەردە هارەیە
هەندێ بۆ ئەمەی بڵێن بەڕۆژوون
کاتێکت زانی بە گژتا هەڵچوون
خۆ هەندێکیش هەن بە جەژنیش تووڕەن
قەی ناکا جارێ وا تازە کوورەن
زۆری پێناچێ کە خانیان سوا
باویان نامێنێ ! ئەکەونە دوا
بۆیە گرانە ترێ و ناسکەرمێ
خۆ ئەگەر بێتە شێوەی هەورامان
لە دەست کاك ڕەشید یارەبی ئامان
نەعرەی دەگاتە شیوی ئابلاخ
نقشی پانتۆڵی ئەبێ بە بەیداخ
هەموو دەعوایێك لە نەبوونیە
ئەم ئەحوالانە بێتووتنیە
ئەڵێن تەبەقی پڕ ئاشتی ماڵە
چاوی ڕەشی زۆر هیوادار، کاڵە
مەڕوانە ئێستا هیوادار زۆرە
ئاخری وای لێدێ ئەکەونە نۆرە
ئەو شاییە خۆشەی کە کەم دەوامە
کە هەڵسای لە خەو وەك ئیحتیلامە
خۆ، ئەوەی ڕێگەی چەسپین نەناسە
وەك" سوورە خەتا مەکە"ی بڵباسە

[1] ئەم پەندە لە بەرگی ڕۆژنامەکەدا، ژمارە ٥٤٣ی دراوەتێ بەڵام لە ناوەوە، ژمارە ٥٤٢ی دراوەتێ. شیاوی نووسینە کە ئەم پەندە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا ژمارە ٥٤٢ ی ساڵی ١٩٢٨ ی دراوەتێ.

کچ پارە ناکا ئەم تەق و دەوە
بە سەر کێوەوە نیشتەوە ئەوە
ئەو قەلەندەرەی کە بێهیوایە
سەیری جیهانی لا سینەمایە

ژیان، ژ ٥٤٣ ، ١٩٣٧/١١/٢٢ ز.

٥٤٤

به توركی پاییز كه "صوك بەهار"ە
ئەم ساڵ نموونەی دەركەوت لەم شارە
چواله گۆپكەی كرد ئەرخەوان پشكووت
قارچك هەڵتۆقی به لووت و بزووت
بەڵام ئەو كارگەی زوو سەری دەركرد
لێرە و له كەركوك زۆر كەسی پێمرد
ئەترسم تارای ئەرخەوان وابێ
خومی جوولەكەی دەوران شێوابێ
خێرا دەرووی خێرە، خوا كردوویەوە
دایكی گرانی" ئاڵ" بردیەوە
یاخوا ئەمەمان لێبگەڕی بەڕاست
بز شیر دا و ئێمەیش تێر بخۆین له ماست
كه ماست پەیدابوو نۆرەی پەنیرە
بەدكار هەوێنی نۆ قازان شیرە
ئافەرین لەوەی كه شیری پاكه
شێری مەیدانه له شێر بێباكه
ئەو دڵەی كه وەك مەنجەڵ ژەنگ دێنێ
شیری تێمەكه ئەیبزركێنێ
من توێكڵە شووتیم كرد به مرەبا
خەڵك ئەیخاته ژێر پێی خەڵك ڕەت ببا
ئەوی خەریكه دۆستی خۆی بخا
كاتێكت زانی وەك دیوار، ڕووخا
هەرچی لای گەورە واتەی ڕەوایە
ئەگەر چاك نەڵێ"چاك"ی كەوایە
ئەدیم نموونەی قیبلەنمایە
بەد مەبە، ڕۆژان ڕۆژی له دوایە
دڵی هیوادار خورپه خورپیه
لەگەڵ ڕابەردا چرپه چرپیه

ئەوی ڕۆژووی گرت سەر فترەی نەدا
ڕۆژووی نابەنە بارەگای خودا
جەژن دانرا بۆ ڕۆژووەوانان
ئێستا بێڕۆژوو ئەیبەن بۆ خۆیان

ژیان، ژ ٥٤٤، ١٣/١٢/١٩٣٧ ز.

٥٤٥

شەوی درێژی ئەوەڵی زستان
لەگەڵ ڕۆژگاری ئاخری نیسان
بەراوردی کە وەك پەندی پیران
یەعنی لە باریّ نامێنیّ دەوران
کەوابیّ نابیّ هیچ کەس مەغروور بیّ
بە نەبوون، زەبوون، بە بوون مەسروور بیّ
ئەبیّ دەسەڵات بە هەل بزانی
هەڵسووڕیّ بۆ خەڵك هەتا ئەتوانی
کە هەڵبژێررا لە قەوم و خوێشا
فۆرمەی نائیبی بە بەردا کێشا
پەلە، پەل بیّ لە هەموو لایە
چونکە ئەم حەلە حەللی لە دوایە
باوجود ئەمە نابیّ بە بەڵێن
مەبعووسی ئێمە نەبووە هیچ بلێن[1]
کابرای زەکی ! تۆیش نەخەڵەتابی[2]
بلێی حیسابی دەورەی نیابی
ئاگات لێبوو چەند ئەزیەتت کێشا
بۆ تووتن و سووتن چەند سەرت ئێشا
کەوا کەوتوویتە ناو گەڕەکەوە
چاو بەستەرەوە بە دەسرۆکەوە
بۆ خۆت کتێبی تاریخ بنووسە
سەرپێچی مەکە لەم چارەنووسە
مەر چەندە نەوای ڕاست عیراقییە
لە قوببەی، دەهرا سەدات باقییە
مەقامی منیش میلی مینایە[3]

[1] مەبعووسی: مەبەست ل نائبییە.
[2] زەکی: ئەمین زەکی بەگی مێژوونووسە.
[3] لە چاپی کاکەی فەللاح دا نووسراوە مەیلی مینایە.

مینای دڵ، بەردی ڕەجمی زۆر تیایە
من هیوام بە کەس نییە بێباکم
بە تەعنەی بەدکار نەزانم چاکم
جارانی پێشوو کە مەتەڵ باو بوو
هەر نیوە شیعرێ مەتەڵی ناوبوو
ئەم پەندە ناوی بە مەتەڵ ئەبرێ
بەڵام بۆ هیچ کەس ناوی حەل ناکرێ

ژیان، ژ ٥٤٥ ، ١٩٣٧/١٢/٢٠ ز.

هەور و ڕەشەبا بەفر و هەڵەکۆك
مشك و پشیلە لەگەڵ یەك ناکۆك
واشە و چۆلەکە کەروێشك و تانجی
پشیلەی مەتبەخ و هەمینە باجی
سەگ و گورگ و مەڕ ئاشچی و داری تەڕ
سۆڤ و سەگی گەڕ چەتە و ئەسپی لەڕ
بە ڕۆژی شەموان جوولەکە و ئاگر
ئاغا و هەرەوەز پۆلیس و ئازر
ئەمانە هەموو حوکمی سروشتە
تیغی بەدکاری هەر بە بڕشتە
هیچ کەس لە پیاوی هێمن ناترسێ
کە بەد دەرکەوێ خەڵك ئەحەپەسێ
خەتای کەس نییە فەلەك بەدکارە
هەمیشە لەگەڵ ئائەهلا یارە
ئەیەوێ عالەم لە یەکتر بەردا
پاڵ بداتەوە و سەیر کا لە سەردا
ئەو کەسە شێتە کە لە دونیادا
بەهیوای چاکە خۆی بە فەنا دا
نازانێ دنیا لاشەی تۆپیوە
سەگ دەوریان داوە و گۆشتیان ئەدیوە
یا ئەبێ وەك خەڵك بێیتە شەڕە سەگ
یا ئەبێ هەڵکەی بە نانی کەپەك
هەرچیم دی ئەڵێ ئەی بەختی دوژمن
نایێڵێ دونیا ڕوو بکاتە من
ئەوی هەیشیەتی هەر بە پەرۆشە
سەیری کەن سەیری دونیا چەند خۆشە
هەتا باریان کەی هەر دەڵێن: کەمە

خۆزگە ئەمزانی کەی دەڵێ هەمە[1]
یەك بە یەك هەمو ئەمە ئەزانین
هێشتا ئەسیری جەهل و نادانین
بەڵام لە لامان بوو بە ئەفسانە
عەشق و سووتانی شەمع و پەروانە
پەندی پیرانم هێشتا لە بیرە
ڕۆژێ نووسیبووی ئەو پیاوە پیرە
دەوڵەمەند پارەی بە کەس نەداوە
ئەو هەوو خەڵکەی ئەڕوا بە دواوە
هەر ئەو ئەریتە و هەر ئەو پیشەیە
ئەم پەندە بۆ من هەر سەر ئێشەیە

ژیان، ژمارە ٥٤٦.

[1] لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نووسراوە " کێ دەڵێ هەمە."

٥٤٧

فەلەك بە پیاوی ترسنۆك فێرە
بە کەر ناوێرێ بە کورتان شێرە
ئەمجا تۆ دەبێ خۆت نەترسێنی
بەهیمەت چەرخی فەلەك بشکێنی
هەورە تریشقەت لە لا، وەك با بێ
بە بێپەروایی شات لا گەدا بێ
بەڵام بەو شەرتە کردەوەت چاك بێ
دڵت لە فیتنەی جاسووس بێباك بێ
گۆیزە، مێزەری بەفری لەسەر نا
ناو شار ناخۆش بوو بە زوقم و سەرما
دار و خەڵووزمان فیئاتی سەرکەوت
قەی ناکا هاکا پشکۆمان بۆ کەوت
هەندێ بە زۆپا گەرم ئەبنەوە
هەندێ بە سۆپە گەرم ئەبنەوە
گاڵتەی"حەبەزبووز" دیسان کەوتە سەر
کەرامەتی شێخ چووە"زەیلی" کەر
خواجەنصرالدین بۆ هەر سێ سوئال
تەنها کەرەکەی خۆی کرد بە میسال
کەری عوزێریش لە قورئانایە
بەعسەتی ئەویش زۆر بە مانایە
ئەڵێن ئەو کەرە تەنها زەڕیوە
نێرەمووك بووە و هیچ نەپەڕیوە
خۆ، کەری عیسایش نەتەوەی نییە
نازانم ئەوە حیکمەتی چییە ؟
ئێستا ، کەرێکی دەجاڵمان ماوە
هێشتا کورتانی بۆ نەدووراوە
تەرسی کەرەکەی دەجاڵ خورمایە
ئەو خورمایە خەڵکی لە دوایە

هەندێكمان هەیە كەوا خورمژەن
هەندێكیش كوشتەی خورمای كورد كوژەن
كەلەرمی كوێستان بە سێ شاییە
ئەم "لەهانە"یە ئانە باییە
پەندم بە پەند بوو، وەك پەندی پدەر
لەهانە زۆر بێ ئەیخەمە بەر كەر
تەلیسمی جامی چل كلیلەیە
گۆشت بۆ كەرە، كا بۆ پشیلەیە

ژیان، ژ ٥٤٧ ، ١٩٣٨/١/١٠ ز.

غرووری کەوتە سەر ئەسفەندیار
تیری ڕۆستەمی زوو بۆ کەوتە کار
لە پێشدا زۆری لێ پاڕایەوە
ئاوڕی خێری لێ نەدایەوە !
ئەیگوت من لەشم لە تونج کراوە
ترسم لە گورزی ڕۆستەم نەماوە !
تیرێ هات و دای لە ناوی چاوی
چەماندیەوە قەدی لاولاوی
ڕۆستەم پێی گوت کوا ڕۆبین تەنیەکەت
ئاوازە و لاف و گەزاف ژەنیەکەت
کێ وتی: دەستی ڕۆستەم ببەستە
چەرخ لە ژێر دەستی ڕۆستەمدا پەستە
ئەسفەندیاریش هێند هاتە زمان
چەپ گەردە چەرخی بێوەفای زەمان !
سەد هەزارانی وێنەی منی کوشت
گاهێ پشت بە زین، گاهێ زین بە پشت
مەگەر شانامە بە کەیف بخوێنن
نابێ پەندێکی وای لێ دەربێنن
ئەگەر هەر پەندێ پەندێکمان باتێ
ئێمەیش ئەچینە ڕێزەی ولاتێ
بەلام هەر ئەزین وا هەلدەبەزین
گورە گورمانە تا دێینە بەر زین
بە حوشتریان گوت ملت درێژە
وتی: ئەڕوانم ڕێ سەرەولێژە
لێرە ئەو کەسەی کاریان پێ سپارد
ملۆزمێکە بۆ هەناسە سارد
هەر خۆی ئاغا بێ و زنی ئاغازن
لەگەڵ برایا بیکە بە دوژمن

لە ئاغایەتیش کە هاتو لێکەوت
خۆی ئەکوتێتە میحرابی مزگەوت
بۆ ئەو کەسانە شەرمیش نامێنێ
دوژمنیشی بێ هەر ئەیدوێنێ
لە ناو چاوایە تنۆکی حەیا
کە لەگەڵ تکا، ڕابورد، واتکا
چوار یاری یەك ڕەنگ مۆدەی نەماوە
ئێستا دوو ڕەنگی لەناوا باوە
ڕۆژێکمان لێ دێ بگەینە بوار
ناچار دەرکەوێ ڕەنگی ژێر شەڵوار
کەس واتەی چاکە ناگێڕێتەوە
غەیبەتیش لای کەس ناشێرڕێتەوە

ژیان، ژ ٥٤٨، ١٩٣٨/١/٢٠ ز.
ئەم پەندە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا ژمارە "٤٤٨"ی دراوەتێ.

شیعرێکی سەیری کوردیم چاو پێکەوت
لە ماناکەیا مەراقم ڕێکەوت
مانای شیعرەکەم لێبوو بە مەتەڵ
نەمزانی قازان بووە بە مەنجەڵ
"قازان قەتار بەست قولنگان هەوایی"
"حەیفە قیبلەکەم شەو بە تەنهایی"
دەفەرموو قاز و قولنگ و دوڕاج
ئەمانەم بۆ بکە بە مەنجەڵ و پاج
قازان قولنگان پۆلی باڵداران
پێکەوە ئەژین وەك دەستەی یاران
یەعنی کە ئەوان قەتار ئەبەستن
حەیفە تۆ تەنها بە بێ من نووستن
یاخود ك مەنجەل لە ڕیز بە قەتار
ئاو گەرم ئەکەن بۆ مردووی نازدار
واهات جەمعی قاز کە بوو بە قازان
مەنجەڵی گەورەیش پێی ئەڵێن قازان
ئینجا قولنگان قولنگی باڵدار
ئەکەونە هەوا ئەڕۆن بە قەتار
پاچیش قولنگە جەمعی قولنگان
بەرز ئەبنەوە وختی پاچ لێدان
یەعنی پاچ بە دەست قەبرەڵکەنەوە
بوداوەشاندن بەرزیەکەنەوە
بەمە مردنمان ئەخەنەوە بیر
های شیعری مبهم های عقل و تدبیر
ئێمە مردنمان ناوە بە لاوە
تازە عومرمان لە نوێ نووسراوە
تریاکمان پێیە لە مار ناترسین
لە بیر خستنەوەی مردن وەڕەسین

دوای مردن پرسین نییه مەترسە
چۆنت هاتە پێش لێدە مەپرسە
ئێمە کە عومر بە کەم ئەژمێرین
حەیف نییە ئەویش بە ترس ڕابوێرین
دانا لە نادان بادەنۆش ترە
گۆم هەتا قووڵ بێ مەلەی خۆشترە
بیری دوارۆژمان بوو بە ئەفسانە
نان ئەو نانەیە ئەمرۆ لە خوانە
قەیدی قیامەت مەخەرەوە یاد
دنیات بەم ڕەنگە بۆ ئەچێتە سەر
بۆ دین و ویژدان خۆت مەخە خەتەر
چونکە ئەم دوانە ئێستا فیرارین
کەتوونە شاخان شوێن نادیارین

ژیان ژمارە ٥٤٩، ١٩٣٨/١/٢٧ ز.

٥٥٠

من خۆم زستانم بۆیە خۆش ئەوێ
مار و دووپشکی تیا دەرناکەوێ
عاقڵ لە کاری خودا تێماوە
مار و دووپشکی بۆچی داناوە
ئەوەی سەیرە مار دووپشک ئەبینێ
ورە بەرئەدا دۆش دادەمێنێ
پێچی نامێنێ لێی درێژ ئەبێ
لە ترسی دووپشک حۆل و گێژ ئەبێ
دووپشکیش ئەڕوا تا تەوقی سەری
پێوەی دا ئیتر ڕۆحی دەرپەڕی
ئەم عەداوەتەی زیندەوەرانە
هەمووی بە حوکمی سڕی یەزدانە
سەگ بۆ پشیلە، پشیلە بۆ مشك
ئاو بۆ ئاگر و ئاگر پووشی وشك
تانجی بۆ کەروێشك، کەروێشك بۆ بێستان
بۆیە ناکۆکن لەگەڵ یەك ئینسان
جووجەڵەیش لەگەڵ کەچەڵە ئەبن
بێمێرات بەگژ یەکدا هەڵئەچن
ئەم تێك هەڵچوونە و شەڕ و هەڵدایە
بۆ بێ عیلاقە وەك سینەمایە !
چەند خۆشە هەروا لە دوور بڕوانی
نەچیتە ناویان هەتا ئەتوانی
پاڵتۆی قەناعەت بکەی بە بەرتا
لێفەی تەمەڵی بدەی بە سەرتا
ئەمما بە شەرتێ خەیاڵ پەروەر بی
لە ئەوجی خولیا مورغی تیزپەڕ بی
قسر و قسور و ئۆتۆمبێلت

تەیارە و ئەسپ و تەختی سەر فیلت[1]
هەلا و هەلاوی تەلەفۆنت بێ[2]
لە زن و شەراب تازە و کۆنت بێ
ام کلسومت بە ڕادیۆ لابێ
هیچ پێویستێکی ترت نەمابێ
بەڵام ئەو خەمەت دائیم لە یاد بێ
ئاخۆ لە پاش خۆت کێ بە جێت شاد بێ
بەم ئاخەوە بی، هەناسەت سوار بێ
ڕۆژی زیندەگیت بە شەوی تار بێ
تا دوکتۆر دێنن ڕۆحت دەرچووبێ
هەرچی کرابێ فاییدەی نەبووبێ[3]
تابووت بۆت ببێ بە ئۆتۆمبێل
کە چوویتە ژێر خاك داماو و زەلیل
لووتت لە بەردی ئەلحەد بکەوێ
تێدەگەی جێگای ئەسڵیتە ئەوێ

زیان، ژ ٥٥٠، ١٩٣٨/٢/٣ ز.

[1] لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نووسراوە: تەیارە و ئەسپە تەختی سەر فیلت.
[2] لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نووسراوە: ئەلۆ ئەلۆی تەلەفۆنت بێ.
[3] لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نووسراوە: هەرچی کرابێ کەڵکی نەبووبێ.

هێندێ تەبیعەت کە هەواییە
هەتا بێخێوی ڕووی لە دواییە
ئەگەر تۆ هەوای هەوا نەشکێنی
ئەبێ هەر ساتێ ڕەنگێ بنوێنی
با وجود بەرگی ڕەنگاوڕەنگ جوانە
یەك ڕەنگی ناشێ بۆ ئەم زەمانە
ئەڵێن سروشتمان لە چوار گەوهەرە
دوانیان باوکمان دوانیان مادەرە
با و ئاگر بەرزن تەبعیان بڵندە
خاك خۆی خاکییە و ئاو پاك و مەندە
بەرزی و مل شکان ئاگر و سووتان
خاك فەرشی ڕێیە و ئاو مایەی ژیان
کەواتە هەوای بەرزی مەنوێنە
ملی خۆت بە پای خۆت مەشکێنە
بەلام سروشتێ کە بای درابێ
بە دەست خۆی نییە ئارامی نابێ
بە خواهیش نییە ئەم چەند و چوونە
بە لێخوڕینی خودای بێچوونە
ئەگینە کەسێ کە وا عاقڵ بێ
نابێ لە سزای بەدی غافڵ بێ
ئەو کەسەی دڵی خەڵك ئەڕەنجێنێ
بە تۆڵەی دوایی خۆی دەترسێنێ
چونکی دەزانی مطلقا ڕۆژێ
دل ئازار دراو هەر پێی دەڕێژێ
ئەو ترسە ئەبێ بە گرێی دڵی
عەیشی تاڵ ئەبێ بە بێحاصڵی
نایشچینە مزگەوت ئێستا وەك جاران
گەردن ئازادی بکەین بە جەژنان

بەوە لە گوناهی یەکتر ببوورین
ناشکوری نەبێ لە مزگەوت دوورین
ئەڵێن گوناهت ببێ پڕ ژووری
بە دوو ڕکات نوێژ خوا لێت ئەبووری
بەڵێ حق الله خوا خۆی ئەیبەخشێ
بەڵام حق الناس مووی لێ ناڵەخشێ
هەموو بە زمان پەیڕەوی چاکەین
کەچی بە کردە پف لە دۆ ناکەین
خوا جەهەننەمی بۆیە داناوە
زۆرمان بخاتە ناو ئەو هاڵاوە
دیارە کە ئەزەل هەڵێبژاردین
خوێنی شەیتانی بە قین بۆ ناردین
کە ئیرادەی خوا و فریبی شەیتان
یەك کەوێ، چاری چی ما بۆ ئینسان

ژیان، ژمارە ٥٥١.

به سەر نەتاشین نابیە قەلەندەر
بەئاوێنەیەك نابیە ئەسکەندەر
بە تووڕەبوون و کڵاو خوار دانان
نایە قوماندان تا نەچیە مەیدان
سوار هەتا نەگلێ نابێ بە سوار
برنج نەکوترێ ناچێتە بازاڕ
تا تینی کوورە نەبینێ تەواو
بەردی ڕەق نابێ بە شووشەی گوڵاو
تاتۆی هەورامی بار گیرێکی بوو
لەناو کەرسواردا بە یەکەم دەرچوو
ئەیگوت یە بادەن ئینە بارانەن
یا، بارەی ڕەزمی شەهریاران
تا ڕۆژێ کەوتە ناو تیپی سوار
دەرنەچوو، دواکەوت وەك کەری ژێربار
بانگی کرد یاران"یابوو"م وەستاوە[1]
تمەز هەرەنی یا مادە گاوە
تۆیش کە کەوتیە سەودای خودبینی
خۆت لە ئاوێنەی دێودا ئەبینی
تا گیزەی گوللەت نەبێ بە سەردا
تا، ڕاتنەفرێنن بە دەشت و دەردا
قەدری وێرانەی عجوز نازانی
لە هەموو شوێنێ مردی مەیدانی
کە بە چڵوچۆ چوویتە سەر کورسی
ئیتر لە دۆستی کۆنە ناپرسی !
ئەوی لە دیزەی خەڵکدا ئەسکوێیە
هیچ کەس نازانێ ئەسڵی لە کوێیە
هەندێك کە وتیان قسەیان خۆشە

---

[1] یابوو: بارگیر

که ڕازیان دادا دڵیان به جۆشه
هیچ ئەملاوئەولای خۆیان ناڕوانن
صافیلکەن خەڵکی بە دۆست ئەزانن
تا، پیادەی غەیبی لێیان ئەگۆڕێ
بێئەجەل لەپڕ ئەکەونە گۆڕێ
گۆڕێ بێ، بۆچی قسەی مووش ئەکا
بۆ پێکەنینی خەڵك،خۆی تووش ئەکا
دەردی جوانییە پێوەندی پێی گوڵ
بەڵای زمانە قەفەسی بولبول
مەسکەنی مشکان درزی دیوارە
ئەبێ بزانێ مشکیش گوێدارە
گوڵم دی لەسەر ئاگر ئەکوڵا[1]
ئەمەم لێ بووبووە گرێ لە دڵا
وتم: چییە ئەم هەڵقرچانەی تۆ[2]
وتی: پێکەنیم بۆیە وام بۆ بۆ

ژیان: ژمارە ٥٥٢، ١٩٣٨/٣/٢ ز.

---

[1] ...ەم دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا بەم شێوەیە: گوڵم دی لەناو کوڵی مەنجەڵا   ئەیان کوڵاند و گرێ لە دڵا،
[2] ...ەم دێڕەش لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا بەم شێوەیە نووسراوە: وتیم چیت کردووە وا ئەتسووتێنن   وتی: پێکەنیم ...عەرشی جلا.

ئەژدەها، کاتێ هاتە هەڵکێشان
تەوقی ئاڵتوونی دەکەن بە نیشان
چنار کە زل بوو ئەوسا ئەیبڕن
هەودا درێژ بێ بۆ داو ئەیپچڕن
ئەتەوێ بەدکار لە کۆڵ بێتەوە
دوعا بۆ بکە زوو بەرزبێتەوە
گوناه وەك زرێ لەبەر ئەکرێ
ڕێی کاری تیری دوعا ئەبڕێ
خوا مەلائیکەی شەڕی داناوە
کەچی لای بەشەر بەدکار بەدناوە
عیزرائیل پیشەی هەر گیان کێشانە
کەچی خادیمی عەرشی ڕەحمانە
خێر و شەڕ هەموو بەدەست خۆیەتی
نەفام لە ناودا چڵوچۆیەتی
خۆت هەڵمەکێشە ئەی زەڕەر پیشە
بە ئازایی تۆ نییە ئەم ئیشە
تۆ گڵمتکێکی ناچیز و بێکەڵك
دەستی قودرەتە ئەتهاوێتە خەڵك
کە "ئێزەد" ویستی لە کۆڵ بیتەوە[1]
بە میزی منداڵ ئەتوێتەوە
چراپێکی نوور خوا هەڵیگیرساند
نەفام فووی لێکرد ! ڕیشی خۆی سووتاند
ئەتوانن ماڵت لە دەست وەرگرن
ناتوانن ڕێگەی لای خۆت ببڕن
ئەو دەوڵەتەی لێت، دزرێ عیلمە
ئەوەی لە شەڕت لائەدا حیلمە
مەتانەت وەفا و عەزمی تێدایە

[1] ئێزەد: خواوەند.

ئاو تێدەپەڕێ و زیخ لە جێدایە
منداڵ لەسەر خۆ پێدەگرێ و دەڕوا
بەرسیلە بە سەبر ئەبێ بەحەڵوا
باخی چوار باخی ئەحمەد پاشام دی
ئێستا خەوێکە بۆم نایێتەدی
چوار جلد تەئریخی ئەمین زەکی بەگ
نامرێ و ناڕووخی بە زۆری فەلەك
حاجی بەگیش بوو بە وەسیلەی خێر
ئەو ئاوە جوانەی ئەخۆینەوە تێر
ئیتر بزانین لەمەودوا کام پیاو
ئاساری خێرمان بۆ دێنێتە ناو

ژیان ، ژ ٥٥٣ ، ١٩٣٨/٣/١٠ ز.

گوم بوو ژیان وپەندی پێشینان
هۆمان کەوتبووە چیرۆکەی ژنان
ئێستا هەر دووکیان کەوتنەوە مەیدان
سا، چی ئەنوێنێ ئاوێنەی دەوران
کە تۆ نوشستیت لە کەس نەهانی
تامی لێبوردن ئەوسا دەزانی
گەردشی جیهان زوو زوو ئەگۆڕێ
یەکێ دێتەوە و یەکێ ئەتۆرێ
ئەگەر مەجلیسی میللی نەگۆڕێ
سەودای مەبعووسی ئەچێتە گۆڕێ
برا، برای خۆی لا بێگانەیە
فرزەند لە باوك بە بەهانەیە
هەموویش ئەیزانین یەکێتی چاکە
دوو کەس یەك کەوێ سێکەس غەمناکە
کە هەموو ئاشت بن بۆ تۆ چاکترە
هەر ڕۆژە خوانی لایێك حازرە
ئەوی بە "فریو" ئەگاتە پایە
شەیتان لە بەرگی فریشتە دایە
کاسبی چونکە دەعیەی تیا نییە
هیچ مەئمووریکی پێڕەزا نییە
من وا مەعاشی تەقاویتیەکەم
ئەمبا بەرێوە بێزیاد و کەم
هەوای "بۆنژۆر" و نەشئەی تەمەننا
خستوومیە گێژی تەقە و تەقەللا
زەیستان لەسەر کاسە سوێند ئەخوا
کەچی چلەی چوو عوزری تر ناشوا
ئای بۆ ئەوانەی لە تەماع پاکن
لە ناحساب و حساب بێباکن

ئەگەر سەربانت درزی نەدابێ
دڵۆپە نەبێ لە کوێ پەیدا بێ
حەیفە کای تازە ببرێ بۆ سەربان
هەر پاش ئاخوڕە ئەبێ بە کای بان

زین، ژ ٥٥٤، ١٩٣٩/١/٢٦ ز.

کوشتەی عارەقمان وا لە پێش چاوە
ئێواران هیچمان لەبیر نەماوە
ئێواران لە نسیان دروست کراوە
چاوی لە پەردەی غەفڵەت پۆشراوە
تا ساتمە نەکا چاو هەڵنابڕێ
ئەکەوێتە چاڵ پەلوپۆی ئەبڕێ
تا نەمانبەنە گردەکەی سەیوان
چاکە و خراپە نایێتە مەیدان
فۆرمەکەی وەزیفە کەبوو بە کفن
دەست و پێ لە پیاو ئەبێ بە دوژمن
کە "مەڕنەموکە" چاو زەق کاتەوە
ئاغایی لەبیر پیاو ئەباتەوە
کەوابێ بۆچ هەر باوی"کەوا" بێ
ئەوە "کەوا" بێ کە مەردی تیا بێ
گەردن ئازایی جەژنان ساتێکە
نوێژی ئاشتی هەر، ڕکاتێکەە
بەڵام گوریسی شەڕ و دەعوامان
هەتا ڕایکێشی ئەو دێ لە دوامان
ئەمانە وزەی بەر گوێی بێعارە
کەس نالێ مردن هەیە لەم شارە
ئەگەر هەر بەندێ پەندێکمان باتێ
ئێمەیش ئەچینە ڕیزەی وڵاتێ
دەستی یەك ئەگرین بە کرد وکۆشی
دەوڵەمەند ئەبین ئەگەینە خۆشی
ئەگینە ئەزین وا هەڵدەبەزین
گورە گورمانە تا دێینە بەر زین
چلەمان کێشا تا گەینە چلە
هەورازمان بڕی گەینە سەر ملە

پێویسته ئینجا بحەسێینەوە
شەیتان لە خۆمان دوور بخەینەوە
ئەگەر من چاك بم عالەم بۆم چاکە
بەڵام مرە مڕ شەڕی سەر لاکە

زین، ژ ٥٥٥، ١٩٣٩/٢/٩ ز.

دنیا گشت ڕۆژێ بەرگێ ئەگۆڕێ
کە شووی تازەی کرد کۆنەی ئەتۆڕێ
مێردە تازەکەی سەیری کۆن ئەکا
هیچ پەروای نییە ماچ و بۆن ئەکا
نازانێ کە بەم سات و سەودایە
یەکێکی تری لە کەمین دایە
لەم ئاڵوگۆڕە و تەشقەڵە و گەڕە
هەرچی دەبینی هەر نیوەزەڕە
بەم حاڵەیشەوە هێشتا بۆی شەیداین
بێسود و نابود سەودایی سەوداین
بە دنیا ئەڵێن: چەند بێوەفایە
هەرچی کە دەستی بەیتێ دنیایە
ئەوی تەشیمان بۆ دەڕست دوێنێ
ئەمڕۆ ناپرسین کەوتە کام شوێنێ
ئەوی لە شوێنی ئەو دێ تێدەگا[1]
ئیتر بایەخی چیمان پێدەگا
ئێمە بە ئەخلاق لە پێشەوە بین
کە لە ناو خەڵکا بە حورمەت بژین
ئەگینە کە هات ماستاو بفرۆشین
کە مانگا نەما چیتر بدۆشین
ئەشێ وەك درەخت بە ڕەگ و بن بین
بە قووەت کوێری چاوی دوژمن بین
نەك وەك " کوڵە ژەن" لە هەموو ماڵێ[2]
دەرپێی ئابڕومان لە پێ داماڵێ
خۆ دیوەخانی ئێستای ئەم شارە
یا غەیبەتی خەڵك یاخود قومارە

[1] "تێدەگا و پێدەگا" لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا ئاڵوگۆڕ کراوە.
[2] کوڵەژەن: دارێکە دەزووی لەسەر هەڵدەخەن بۆ جۆلایی.

ئەگەر نەیەوێ صاحیب دیوەخان
نایەڵێ زەمی خەڵك بێتە مەیدان
خۆ هەر ئەو ساتەی کە غەیبەت کرا
بۆ خاوەند غەیبەت بەدیاری برا
ئەگەر ئەم حاڵە ئیتر بەس نەبێ
هیچ کەس بە هیوای دۆستی کەس نەبێ

ژین، ژمارە ٥٥٦ ، ١٩٣٩/٢/١٦ ز.

٥٥٧

ئەم خەڵکە بۆیە زستان دڵ نەرمە
بە زستان خاکی سروشتمان گەرمە
خاك دایکە بۆیە بۆمان دڵسۆزە
ئاگر باوکە بۆیە بەسۆزە
چی بکەین ! باوکمان جینسی خەشینە
دایك بە دەستیەوە دایم غەمگینە
مەڵێن کە ئادەم حەوا تەفرەی دا
خۆی وا نەبوایە چی دەکرد حەوا
ئەوی بە قسەی ژن تەفرە ئەخوا
ئەوە پێی دەڵێن: فەقیر خوا
هەرچی بە عەقڵی خەڵکی تر ئەکا
مەقەس بە زۆری پەنجە کار ئەکا
بەڵام شەیتانی ئینسان ئینسانە
بە ئاغام پاشام تەفرە ئاسانە
خۆزگە ئەوانەی پیشەیان وایە
جارێکیش بۆ بدرایە
نوشست نایێنی لەگەڵ پیاو چاکا
کەچی نەبینی کەس ڕووی تێ ناکا
لە لای هامرازی قسە خۆشەکان
غەیبەت خۆشترە لە دەنگی قورئان
مانگی ڕەشەمێ شوکر بە سەرچوو
مرمیاو مرمیاوی داوودمان لاچوو
دەرخۆنەی سەری دیزە لاچووە
ئەڵێن: پشیلە سوور کەتنی کردووە
سەگ لە پشیلە بە وەفاترە
کەچی پشیلە قەدری زیاترە
چەند خۆشە لەگەڵ یاری باوەفا
ڕابوێری دائیم بە زەوق و سەفا

گەردی چڵۆچۆت لە دڵ نەنیشێ
با دوژمن باری خەفەت بکێشێ
هەزار بانقەنۆت ئەوە نایێنێ
دۆستی دڕکێکت لە پێ دەربێنێ

ژین ، ژ ٥٥٧ ١٩٣٩/٢/٢٣ ز.

٥٥٨

خوا کە شەو دێنێ ڕۆژ ئەباتەوە
پەردەی تاریکی دائەداتەوە
مەبەستی وایە کە بۆ بەیانی
ڕۆژت لێبووەوە قەدری بزانی
هەندێ بە تینێ یاخۆ، بە قینێ
شەمشەمە کوێرەن چاویان نابینێ
هەندێ وەك چاوی نەشۆراو پیسن
خەرجی شیاکە و کوتانی لیسن
هەر قینت هەڵسێ و فنجان بشکێنی
بۆ پیاڵەیەکی چا دادەمێنی
خۆ دڵ شکاندن لەوە خراپتر
ڕۆژێ ئەتکوتن وەك جاوی گازر
خۆزگە پیاویش وەك شەراب بوایە
بە کۆنی نەشئەی زیاتر بدایە
کەچی من کۆن بووم بووم بە سەرەویر
پێم ئەڵێن:" اخرج یا زوج الکبیر"
ساڵە وساڵ زەوی نوێ ئەبێتەوە
گژ وگیای لەگەڵ ئەبووژێتەوە
کە زستان ڕۆیی ئیتر نەورۆزە
بولبول لە عەشقی گوڵدا بەسۆزە
بەشی دوو ساڵمان لە نەورۆزدایە
یاڵڵا کوڕ وکاڵ سا وەرنە کایە
موحەررەم شینە و سەفەر داوایە
هە ڕەمەزانە جەژنی لە دوایە[1]
خوا قەدری "قەدر"ی خستە ڕەمەزان
وەك کوردە نەیکەن بە خواستی ژنان

[1] لە ژمارە ٥٥٩ دا ل ٢ ئەڵێ نادر ناوێنە لە تیرەی بزازیەکان بوو زۆر بەهێز بوو پاڵەوان بوو ڕۆژێ کابرایەك دەکو پارچە پارچەی کردبوو ئەمجار هاواری دەکرد های گۆشت بە خەڵە.

با مانگێ چاوی شەیتانمان کوێربێ
لە ناو خۆمان دا پیشەمان خێر بێ
ئەگینە تەوری" نادر ئاوێنە"
بۆ گۆشت بە "خەلە" حەقەوەسێنە

زین ، ژمارە ٥٥٨ ، ١٩٣٩/٣/٢ ز.

ئەوی پەل و پۆ ئەکوتێ لە ئاوا
مەلە نەزانێ دیارە خنکاوە
ناگەیتە قۆناغ ب کنگەخشکێ
بە لیسی کوێری نیشان چۆن ئەشکێ
گوریس کێشەکێ بۆ ناوخۆ نابێ
کێشەکێ بۆ ناوخۆ نابێ
تەجرەبەی زۆرت بۆ خەڵکی لابێ
ئەوانەی فێر دەوەن بە ئاشن
باراش هارِ دەڕواو ئەوان لە پاشن
بۆ سەروپێی ماڵ جوێ بکەیتەوە
لە سفرەی مێردان جێت نابێتەوە
بۆ تۆڵەی قەومت کە کەم ڕەگەز بێ
ئەبێ بە تورکی "وردم دویماز" بێ
دوکتۆر لە برین تیریش دەبێنێ[1]
ئێشی برینت هێشتا ئەمێنێ
کە تۆ بە چەپۆك هیچ کوێت نەیێشێ
لاپورەیش هەڵسێ پیاتا دەکێشێ
کە بۆ هاوخوێنت، خوێنت نەجۆشێ
پەچەی بەدنامی ڕووت دادەپۆشێ
یا لە ناوخۆیشا ناحەزی یەك بن
لە ڕاستی دوشمن دەست بە کوتەك بن
ناکەس بە پیاوی بێدەس خەڕۆیە
ئەمرۆ لە متە و سبەی لە تیە
سەر و دەست و پێ هەمووی یەك لەشە
لەناو عەشرەتا ئەڵێن: ڕەش ڕەشە
بەم زیق و زاقە و بەم داو "لبازە"
تەلە زیتکەمان هاکا ترازا

[1] تیریش "لای پیرەمێرد" تریش" لای کاکەی فەللاح".

که له چاڵوکۆسپ ورد نەبینەوە
ئەمجار که کەوتین هەڵناسینەوە
ئەوانەی مەعنای پەندی پێشینان
بە پێچەوانە دەخەنە مەیدان
تا لەخۆیاندا چشتێ شك نەبەن
دای نەتەکێنن وەك گوڵۆڵە بەن

ژین، ژماره ٥٥٩ ، ١٩٣٩/٣/٢٠ ز.

ناوێرین بڵێین پەندی پێشینان
لە ترسا ئەڵێین: چیرۆکەی ژنان
خاتوو زەمهەریر شینی چلەی کرد
ئەویش لە پاش ئەو زوو تەشریفی برد
ئینجا کەوتینە بورجی پیرەژن
مەگری پیرێژن ڕێوی کردە کون
بەفر و هەڵەکۆك بە بای نهێنی
لە لای چەرخی پیر کەوتنە خوازبێنی
کەچی بەفرەکە زوو تووایەوە
شایی ئەو جووتەش هەروا مایەوە
هەرچەند لە تاسەی دووری تەورۆزا
بە گڕی بێ گڕ دڵ هەڵپڕووزا
بەڵام قەیدناکا خۆ هەر بارانە
نیسان سەیرانی گردی یارانە
"پواسان داوریل" ئەوا هاتەوە
خومی جوولەکەیش شێواوەتەوە
هەردووکیان ئێستا برەویان کەمە
وەك نەورۆزێکە کەوتبێتە شەمە
پێش نیسان هێندە درۆ کراوە
هەمانە تڕی وای تیا نەماوە
سێ شەش دوو لاقی قورسی شکاوە[1]
شەشەکەی تری بۆ خۆشی ماوە
کنگری دەشت و شاخ پێگەییوە
دنیا بۆ ئێمە ماستی مەییوە
دۆ هات برەوی ماستاو نەماوە
تەشی ڕستنیش وەك ڕیسی خاوە
"بسم الله" مان کرد بە دڵێکی ساف

[1] ئەم دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فلاح دا نییە.

جنۆکە هەموو ڕوویان کردە قاف
هێشتا نەمردووم نەیان ناوم گۆڕ
پێم نەڵێن: مردووی بەشی زیندە خۆر
تێنەگەیشتم بە کێیان زانیم
ڕەنگە وا بزانن کە کوڵەنانیم

زین ، ژ ٥٦٠ ، ١٩٣٩/٣/٣٠ ز.

هەندێ کەس خۆیان کردووە بە ژاپۆن
دەست ئەوەشێنن پێت ئەڵێن پاردۆن[1]
تۆیش کە لەوانە فرسەتت زانی
پیاکێشە و بڵێ منیش ئەمزانی
کیسەڵ دووپشکی ئەپەڕاندەوە
چزووی لە پشتی چەقاندەوە
پرسی: چی دەکەی؟ هەی بەد کردەوە
وتی: چزووی خۆم تاقی کردەوە
درۆیشی ئەکرد خووی ئەسڵی وابوو
ئەگینە فینی چی لە دڵا بوو؟
بە دووپشکیان گوت: زستان ناتبینین
وتی: زۆر قەدرم ئەگرن بە هاوین
بۆچی بە دووپشك بڵێن بێعارە؟
هی وامان هەیە زستانیش دیارە
هەڵەبجە ڕاوی بەرازی باوە
"یەکانە"ی ئەملا هێشتا هەر ماوە
مشك و بەراز و کوللەمان زۆرە
هێند بێئینسافن نایکەن بە نۆرە
زەردەواڵەیەك ئەگەر بکوژی
خورمای شیرینی بەهەشت ئەمژی
زەردەواڵەمان ئاورووژاندبوو
خوا پاراستینی شاریان لێ تێك چوو
فیشەکی "هەوا" زو ئەکوژێتەوە
جاران بۆمبایان ئەبرد بۆ ماسی
خوای ماسی، بۆمبا کەوتە کەساسی
قەشە و مالووم و گەج و کەچ ناسی
کەوتوونە کوورەی مەلای هەیاسی !

---

[1] پاردۆن: بە مانای ببوورە.

زەمانێکیش بوو کە ئەتگوت برسبا
بەند نەدەبووی تا بەندەر گەی بەمبا[1]
ئێستا ئەو هەورە نەما، هەساوە
لەعنەت لەو کەسەی لە خەڵکی داوە

زین، ژ ٥٦١، ١٩٣٩/٤/٦ز.

---

[1] بەمبا: مەبەست لە شاری "بۆمبا"یە لە هیندوستان.

٥٦٢

ئەم فەسڵە کەوا دەڵێن بەهارە
هەوروهەتاوی بێئیعتبارە
خوا ئەم چوار فەسڵەی بۆیە وا دانا
کە ئیعتیباری پێنەکا دانا
هیچ کەسێ لەسەر حاڵێ نامێنێ
کەوا ئەو مەلیکەی زیندوو بۆ دوێنێ[1]
ئینسان لە نیسیان دروست کراوە
مردووەکەی دوێنێی لەبیر نەماوە
مردووی عارەقیان بردە سەر قەبران
پێکێکی تریان زیاد کرد ئێواران
عارەق خۆر بڵێین وا خۆی پێی دەمرێ
ماڵ وێران کەران چاریان ناکرێ
هێشتا مەرامی خوا حەل نەکراوە
ئەم خەڵکەی بۆچ وا لە یەك بەرداوە
ئەگەر مەرامی وا بێ بزانین
کە کەس ناگاتە مەرام و فانین
جا بۆچی ئێمە بەگژ یەکدا چین؟
ئەمەیش ئەزانین شێلگیرتر دەبین
تا فەن بگاتە ئەندازەی تەواو
غازی مخنق و بۆمبا دێتە ناو[2]
کەوا بێتامن لەهیچ نازانم
ئەبێ بە مایەی ڕەحەتی گیانم
ئۆخەی لە قەیدی عەقڵا وا کاسم
شا: بە سەپانی خەلەم ناناسم! !
زەوقی بێقەیدی لە سینەمایە
مەنزەرەی دنیا لام سینەمایە

[1] ئەو مەلیکەی"لای پیرەمێرد" ئەو پاشایەی" لای کاکەی فەللاح".
[2] غازی مخنق"لای پیرەمێرد" غازی خنکێن"لای کاکەی فەللاح".

بایزید لەبەر ئێشی بزووتێ
وتی: تەڕ و وشك تێكرا بسووتێ
بە دینی ئیسلام بەد نایەتە ڕێ
پەندی سەفسەتەی ژین چی لەدەست دێ
بەڵام هەر وابین شاری كوێرانە
كەس، كەس نابینێ شەڕە گۆچانە

ژین، ژ ٥٦٢ ، ١٩٣٩/٤/١٣ ز.

عەکسی یەکترین "سەفەر" و "نیسان"
لە پاش ٣٦ساڵ وابوون بە هاوشان
بەهار و "ربیع" ئەوانیش هەروا
وەك ئێمە و ئەوان پێکەوە دۆڕا
نیسان سەرەتای درۆ و ئاخری ڕاست
زۆر چشت یەك ئەخا وەك کنگر و ماست
لە بەحرا دانەی لولوئی منسور
لە کێوا قەترەی گەوهەری شاپوور
لە شارا کەوتە سەر چەهرەی عەبووس
ئەبێ بە "مبعووس" بە پێی چارەنووس
زاتەن مەبعووسی بە چارەنووسە
پێی ناوێ بڵێین زمانی لووسە
زمانی لووسی و زەمانی لووسی
گەلێ حەیاتی تەئریخی نووسی
ئێستا زەمانی بێزمانییە ؟
دووزمانی ڕووی لە زیانییە
ئەو کەسەی کە بێهەڵمەتە کاسە !
هەلی دایە هەڵمەتە کاسە
ئێستا هەموو کەس مام بریندارە
هەر چیەکت ئەوێ لە لای عەتتارە
سێزدەی زیادەیان بە پرسەوە نارد
بە تاڵییەوە چوون شیرینیان خوارد
تەلیسمی جامی شل کلیلەیە
زمانی دانا بە کلیلەیە
هەندێ کە بەردیان نایە سەر مەڵۆ
لە بێباڵەکان ئەبن بە هەڵۆ
هەندێ وەك ڕێوی کونێکی دەست کەوت
هەژگ ئەبەستێ ئەیکا بە ئەشکەوت

نانی معاویه و نوێژی پشت عەلی
کە شەڕیش قەوما بچۆرە سەر کەلی
هەندێ دەعباکەی کەمتیاری پێیە
لە هەموو دیزەی چێشتا ئەسکوێیە

ژیان ژمارە ٥٦٣، ١٩٣٩/٤/٢٠ ز.

٥٦٤

پەندی پێشینان ناڵەی مەنسوورە
لای هەندێ کەسان کفری مەشهوورە
لە لای ئەهلی دڵ دوری مەنثوورە
ئەم خەتا سوورە لە خۆمان دوورە
ئەڵێم: هەوری سوور بارانی دوورە
تەپ لە تەندوورە لە شارەزوورە
کەچی خەڵك ئەڵێن !! خێر ئەو تەندوورە[1]
بۆ خەپلە نییە ئێمەی مەنزورە
هەندێ شەو ئەگەر بڵێم سەگ لوورە
کێ بەو سەگ لوورە، لەنگ بەرەو ژوورە
دیسان پێم ئەڵێن چەند بە فتووە
ناڵێن سەد ساڵە ئەمە مەشهوورە
کابرایەك هاتووە لە زەعیم ئەدوێ
وتمان بلوێرە! کێ ئەیگرێتە گوێ
زەعیم ئەوەتە شێوەی شەمعی بێ
خۆی بسووتێنێ، نەفعی جەمعی بێ
گەورە ئەوەتە خۆی بەخاك بگرێ
وەك خاك مردووی خۆی لە باوەش بگرێ
گەورە وا دەبێ کە بە ڕەنجی شان
کۆی بکاتەوە و بیدا بە میوان
با هیچ میوانیش مەمنوونی نەبێ
بیدا و دەربەستی مەمنوونی نەبێ
زۆرمان دی ویستی دۆستی خۆی بخا
کاتێکمان زانی وەك دیوار ڕووخا
هەندێ لەخۆی دا دەست بە تێلایە
هیچ ناڵێ ڕۆژان ڕۆژی لە دوایە
باوە، وا کردمان بوویشی بە ئەعیان

---

[1] ئەم دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نییە.

باش نەبی خەڵکت لێ دێتە زمان
بەوە چاك نەبێ چاکی بنوێنی
خۆزگە ئەعیانی بێمەعاش ئەبوو
ئەوسا ئەم خەڵکە بێتەلاش ئەبوو

ژین، زمارە ٥٦٤، ١٩٣٩/٤/٢٧ ز.

٥٦٥

به كەسێكیان گوت پیاوێكی چاكە[1]
بۆیە پێی ئەڵێن كە شیری پاكە
ئەم شیر پاكییە بە دوو مەعنایە
هەرچەند كە نوكتەی وا بێمەعنایە
یەكێكیان شیری بەر دایكیەتیە
ئەوی تر شیری حكومەتییە
شیری حكومەت دەست هەر كەس درا
وەك یەك دەبڕێ دوژمن و برا !
حەقی عمومی نادرێ بە كەس
ئیش نادرێتە دەست مەنسووبی ناكەس
دەستووری ڕێگەی قەدبڕ، دوو حەرفە
حوكمێكی وا بەحیكمەتی سرفە
ئیش بۆ پیاو نابێ، پیاو بۆ ئیش ئەبێ
ئەگەر وا نەكەی شەڕت تووش ئەبێ
بە هەڵم بەڵم بە شەش پای دووسم
ئینجا میزانی كار ئەبێ قایم
ئەو تەرازووەی كەوا سەر ئەكا
كێ بە كێشانەی ئەو باوەڕ ئەكا؟
بەردێكیان هێنا كە بەردە پشكە
دیوێكی تەڕە، دیوێكی وشكە
من وشكم ویست و یەكێكی تر تەڕ
هەڵمان دا تەڕ هات ئەو پێی كەوتە گەڕ
باوجود ئێستە كەم كەس تەڕ ئەبێ
ئەوی تەڕ ئەبێ گوێچكەی كەڕ ئەبێ
دنیا وەك خەتە میزێنێ وایە
بە شەقی یەكێ دێنەوە كایە
ئاشە تەندوورێش بە شەق ئەدۆڕێ

---

[1] لە چاپەكەی كاكەی فەللاح دا نووسراوە"بە یەكێكیان گوت".

یەکێ شەق ئەخوا و هەموو دەگۆڕێ
ئێستا ئەمانە باویان نەماوە
هومای مەبعووسی وا بە هەواوە
بزانین سێبەر ئەخاتە سەر کێ
شەو دێزی تالع بۆ کێ دێت ڕێ

زین، ژ ٥٦٥، ١٩٣٩/٥/٤ ز.

دوو ڕەشمار هەیە سەری پیاو ئەخوا
یەکێکیان هەوەس یەکێکیان هەوا
کە سەر دەربێنن لە هەر دوو لاوە
سەرکوتیان نەکەی کارت تەواوە
دوو مارەی زوحاك هەوا و هەوەس بوو[1]
درۆیە دەڵێن ڕۆح و نەفس بوو[2]
بە هەوەس دڵی خەڵکی ئەشکێنی
بە هەوا سەودای بەرزی ئەنوێنی
کە دڵت شکاند دڵ شکست ئەبی
کە بەرزیش فڕیت دوایی پەس ئەبی[3]
کەواتە، واتەی هیچیان مەهێڵە
خۆت مەکە بە گایی ناو ئەم دوو هێڵە
خانووی دوو نهۆم لە زەمین دایە
لەوێ بیشکەوی هیچت لێ نایە
مەوقیعی بەرزیش عەینی ماددەیە
کە کەوتیە خوارێ مەرگ ئامادەیە
ئەوەی کە کاری بە سیاسەتە
دوایی کاری بە سیاسەتە
"ئایە الکرسی" وێردی کورسییە
"قل هو الله" دوعای سکی برسییە
ئایەی مەبعوسیش لە قورئانایە
"یوم عظیم "ی بۆیە لە دوایە
دەردێکی تازە بۆ مەئموور داهات
کتوپڕە وەك مەرگی موفاجات
داری ئاگری هەنجیرە بۆ قۆڕ

[1] لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نووسراوە "دوو مادەی زوحاك".
[2] لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نووسراوە "دوو بەدوو دەڵێن".
[3] لە چاپی کاکەی فەللاح دا نووسراوە "کە زۆریش فڕیت".

قەبرەڵکەن ئاخری دەکەوێتە گۆڕ
ئەگەڵ ئەوەیش دا نەفس زۆردارە
لووتی لە گۆشەی قەناعەت خوارە
تەسکینی نادا شەیتانی خەوێ
بۆ شەوێکیش بێ زاوایی ئەوێ

ژیان، ژ ٥٦٦، ١٩٣٩/٥/١١ ز.

٥٦٧

ئەوسا کە ڕێوبان ئەبووە تەق و دەو
وردە شاتری ئەکەوتە سەر ڕەو
"خڕانیمچون" بۆ ڕێی سەلەفی دوور بوو[١]
دوو دەست بە تاڵە بۆ شارەزوور بوو
دەستەی مازووری کە ڕەوی ئەکرد[٢]
کەم فرسەت لە دووی هەو هەوی ئەکرد
دوایی کە ئەوان ئەگەڕانەوە
لە شوێن حەو حەوکێش ئەگەڕانەوە
بە دیاردی دیاردی ئەبوو بە هەوا
کونە مشك ئەبوو بە کۆشك و سەرا
ئێستا ئەم هەموو سەلەفە ئەکرێ
ناوی ئیمچون و قەیار نابرێ
ئۆتۆمبێلە !! ولاخ نەماوە
قەیار بۆ پیاوی بێگانە باوە !
ناڵبەندی کەوتە دەست وەستای گەدا
هەندێ لە ناڵ و لە بزمار ئەدا
ڕۆژێکیش ئەبێ بە کۆلکە بزمار
دەستی کۆڵی سوار ببێ کۆڵەوار
سەردەمێ کلکیان کرد بە بەهانە
وا ئێستا مۆدەی کلك هەڵکێشانە
مایسە و گەرمەی گەزۆ بارینە
لە کێ دەنیشێ مێش ئەم هاوینە
لە سینەمادا "ریۆ"م دەورەی زوو[٣]
کە باوی "باوەفیل ئامەدی" بوو
کە ئەتگوت فیلی یەك دەست ئامەدە

[١] لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نووسراوە "بۆ ڕێی شەقی دوور بوو".
[٢] لای کاکەی فەللاح نووسراوە دەستەی مازوو یا گەزۆی ئەکرد کەم فرسەت لە دووی حەو حەوی ئەکرد.
[٣] لای پیرەمێرد مەبەست سینەمای "ریۆ"یە لای کاکەی فەللاح نووسراوە "بووم دەورەیی زوو".

بۆ دەست هەڵبڕین یەکسەر ئامادە
لە پاش یەك دەستە یەك دەست و یەك پا
داهات و کورسی جەختی بێچەسپا
زۆریان لا خۆشە ئەم جرتوفرتە
بەڵام ئاخ هەودای هیوا زۆر کورتە
هەر وەك کورتانی کەری جەجاڵە
بە شەو ئەدروێ بە ڕۆژ بەتاڵە

ژین، ژمارە ٥٦٧ ، ١٩٣٩/٨/٢٢ ز.

٥٦٨

دوو جامباز تێکرا چوونە سەر تەناف
لەگەڵ یەکتردا کەوتنە مەصاف[1]
بزانین کامیان بەر دەبێتەوە ؟
تەناق بەخی ئەلەرێتەوە
ئەوی کە پیشەی تەناف بازییە
ئەوەڵ هەنگاوی دەوڵەت خوازییە
خۆ ئەو بابییەی کە بەرز ئەفڕێ
هەر مل شکانی خۆی پێ ئەبڕێ
دنیا هەنگوینە و ئێمە وەك مێشین
لێی نابینەوە هێندە بە کێشین
ئەبینی یەکێ پێی تێگیراوە
هێزی تەکان و جووڵەی نەماوە
ئێمە خەریکین لەویش تێپەڕین
خۆمان بە دیاری بۆ مردن بەرین
من خۆم لێم بیستوون ئەهلی مەدینە
"ناموسیە" یان لا پۆپەشمینە
لەوێ مێشوولە ناوی "ناموس"ە
لە زۆر جێش ناموس زمانی لووسە
سا بۆیە! لێرە وەك یەك مبزولە
سوێندی نامووس و گیزەی مێشوولە
لای جاف ڕەش ڕەشە و ئەمیش لەو هۆزە
قەزای دیزەیە وا کەوت لە گۆزە
"ولا تزروا" حوکمی نەماوە
بە ئاغا، نانی نۆکەر بڕاوە
هەر کەسێ پیاوی خۆی دامەزرێنێ
ئاشە تەندوورە شەق ئەیڕووخێنێ

---

[1] لە چاپی کاکەی فەللاح دا نووسراوە: کەوتوونە.

به بابی بابی كه كەر سوار ئەبێ
پیاوی بێئابڕوو بۆیە هار ئەبێ
من پاڵتۆكەی خۆم هەڵگێڕایەوە
ڕێ نەكەوت پێوە بێمە كایەوە
ئەبینم پاڵتۆی خەڵكی ڕەنگاوڕەنگە
وەك كوڕە كەچەڵ وشك و برنگە

ژین، ژ ٥٦٨ ، ١٩٣٩/٦/١ ز.

٥٦٩

چشتی کاڵ مەخۆ زگت نەیەشێ
تەماعت کەم بێ و مێشکت نەپیشێ
ئەگەر پەڕۆیەك لە خۆت دادڕی
ئەتوانی سەری تەماع ببڕی
کە ئێشی دەرزی خۆت لا ناخۆش بێ
زامی سووژنی خەڵکت لە هۆش بێ
ئەو دڵەی حەسەد هەڵیەقرچێنێ
تامی فەرەحی تێدا نامێنێ
دەستبەسەر پاچی مەرەزە کرا
دوا بە دوا لیستەی فەسلیش دەرکرا
بژار و قونار کە ساڵە وساڵە
قوناری باخی میر بۆ پێنج ساڵە
مێوێ بەر بگرێ توول کێشی دەکەن
ئەوی کە زڕ بێ ڕەگ کێشی دەکەن
هەندێ باخەوان زەینی بۆ ناچێ
هەرچی هاتە پێش هەر دایدەپاچێ
"پوی کوتاژ" قەومی پێ سەربەست ئەبێ
بە "موراتوریوم" دوژمن پەست ئەبێ
بە هەبا، هەبا ئەچووینە کایە
ئێستاکە بەڵم، بەستمی تیایە[1]
گزیەکی تیابوو، بەش بەشی پشکی
ئێستا سەد خۆزگە بە تەڕ و وشکی
لەم گێرەوکێشەی بردن و هێنانە
هەموو سینەی منسووب دانانە
کە چوویتە سەرکار دەورەی پیاو ئەگرن
ڕۆژی سەد کەڕەت لەبەرت ئەمرن

[1] بەڵم بەستم: جۆرە یارییەکە، لای کاکەی فەللاح نووسراوە "بڵێم بەستمی".

که پیاو بۆ ئیش بێ و ئیش بۆ پیاو نەبێ
هیچ کارێ نابێ کە تەواو نەبێ
وەك لە قورئانا فەرموویە خودا
دەست وپێ لێتان شایەتی ئەدا
دەست و پێوەندی ئێستاکەش وانە
لێکەوتی ئەوان کەوتنە بەهانە

زیان ، ژ ٥٦٩ ، ١٩٣٩/٦/٨ ز.

٥٧٠

پێم گوت: بە گەرما، مەچۆرە بەغدا
وتی: فێنکی دڵ بۆ ئەوێم ئەبا
مەسینەی مەسنەت ئاوڕشێن ئەکا
هەوای بانقەنۆت باوەشێن ئەکا
رابتەی ڕەسمی ناو "عملە"ی دڵگیر
خێری زۆرترە لە رابتەی پیر
ئەویان خەیاڵە و ئەمیان ماددەیە
پیریش بۆ پارەی مفت ئامادەیە
سای ئاشە بەرزە و ئاوی چوون تەرزە[1]
بنچینەی تەقوای هێنایە لەرزە
بە شوێن تەقوادا کەوتمە تەق و دەو
ئەترسم دوایی لێم ببێ بە خەو
زۆر کەس لە خەودا پارە ئەبینێ
ئەیخاتە دەستی و توند ئەی قووچێنێ
کە هەڵسا لە خەو دەستی کردەوە
هیچی تیا نەبوو، تاسی بردەوە
قەیدناکا ڕۆژی شایی شاییە
تازە پیاکەوتوو لە خۆی باییە
بۆ دنیا خەفەت مەهێنەرە بەر
هەر چۆنێ بیگری وا دەچێتە سەر
ئەوانەی کەوا ڕازین بەلاتی
حەڵاڵ خۆرییە و کەم دەسەڵاتی
کێ خەڵاتی خوێش ڕەت ئەکاتەوە
شێخیش شەرابی مفت ئەخواتەوە
دنیا بۆ هەندێ مەسنەت ئەنوێنێ
کە دەستی ڕاهێشت جرتێ ئەکەنێ

---

[1] چوون: واتە وەك" لای پیرەمێرد" چەند" لای کاکەی فەللاح ".

هیچ کەس شك نابەم کە دنیای نەویٚ
لەوە دەترسیٚ دەستی نەکەویٚ
زۆری وا هەیە گێرە شێوێنە
لە ناو نۆ مەنجەڵ شیردا هەوێنە
هی وایشمان هەنە نەیخافڵێنن
پارووی لە دەمدا لیٚ نەفرێنن

زین، ژ ٥٧٠، ١٩٣٩/٦/١٥ ز.

٥٧١

به شیری گامێش گەرجوانوو گۆش کەی
ئەبێ لە ئاوا جێ بۆ خۆت خۆش کەی
ئەو کەسەی بێچووی گورگی بەخێو کرد
بە کردەی ئەو خۆی تووشی جنێو کرد
ئەوەی هەمیشە لە خەڵکی ئەدوێ
ڕۆژێکیش ئەبێ مەکینەی ئەسوێ
مەکینەی سواو خەڵکی کەوتە شوێن
ئەو سایە ناوی "مەنی" لێ ئەنێن
بە مەڕ مەڕۆکێ ئەوی تێکەوێ
ئەبێ چەپۆکی دۆستی بەرکەوێ
ئەیبەستنەوە بە دەست و پێ و چاو
ئەڵێن نایکڕین بە نانە سووتاو
بۆرە پیاو گاڵتەی کرد بە کۆنە بەگ
گورگ پیر بوو ئەبێ بە مەسخەرەی سەگ
هەرچەند بێ ئەمری خودا هیچ نابێ
بەڵام کار ئەبێ سەبەبی تیابێ
کە تۆ دانیشی و خوا ئیشت بۆ بکا
ئەتەوێ خوا بکەی بە کوێخای دەرگا
ئەوالله تۆ خۆت بکە بە مەنسووب
سەلکە پەنیرت بخەرە ناو گروپ
قەیدناکا ئەگەر ئەو ئاغا گۆڕا
"فراك" ی تازەی ئەم بکە بە بەرا
زمانی لووس و ڕیای بە ڕێ و جێ
پیاوی دنیایش و خوایش دێنێتە ڕێ
هێشتا نەیاندی کەس بە ئیقتیدار
بەبێ واسیتەی ئەرخەیتە کار
ئەوی بە عیلە و ناموس ئەنازێ
هۆی کەوتە نامەرد بۆ نان‌وپیازێ
تا دەورێ نەیێت کە پیاو بۆ ئیش بێ
ئەبێ هەر باوی پیاوی بێ‌ڕیش بێ

زین، ژ ٥٧١، ١٩٣٩/٦/٢٢ ز.

عەقڵ بە گەورە و بچووکی نییە
کاری دیوانی بەربووکی نییە
لەسەر ماڵی خۆت حەزکەی ئەبەخشی
کە ماڵی دیوان بەخشی، ئەلەخشی
بە دەستی قوچاو کارت پێك نیاە
وەختی وا هەیە "بزما" بە گایە
کەروێشك کە ئەنوێ زەق زەق ئەبینێ
کە "دیاردیت" لێکرد چاو ئەقووچێنێ
لای وایە کە خۆی چاوی قووچابێ
ئیتر ڕاوکەریش چاوی لەو نابێ
کاتێ بە "حەل حەل" تانجی کەوتە سەر
کەروێشکە خەوی بۆ ئەبێ بە شەڕ
ئای ئادەمیزاد بۆ پارووێ گۆشت
لەم گیاندارانە بۆچ ئەکەنی پۆست
ئەو کەسەی چاوی لە بەرتیل تێرە
گوێرەکەیەکە، بە پەمو فێرە
لە مووسڵ ژنێ هەللاجی ئەکرد
چینچکان چەکەی بۆ کەوان ئەبرد
تێ فکریم هەللاج هیچ گونی نەبوو
ضرالامثلمان بە درۆ دەرچوو
هەر لەو شارەدا پیاو تەشی دەڕست
وەمزانی عەیبە لێوی خۆم لێگەست
کەچی تەشی ڕێس لێرە هێند زۆرە
لە "ڕکە" کوژیش ناگاتە نۆرە
کەوتووینە دەورێ عەیب نوقتەی هەیە
چاو وردەوەکە بزانە کەیە
"ح"ی تحسسمان نوقتەی لە ژێرە
ئەوی پێی فێرە هەمیشە تێرە

ئەمانە عەقڵی پێشینیانە
نان ئەو نانەیە ئیمڕۆ لە خوانە
مادام کە پارە ئەڵێن عەیب پۆشە
هەرچی بۆ بکرێ دیارە کە خۆشە

زین، ژ ٥٧٢ ، ١٩٣٩/٦/٢٩ ز.

که له بەهەشتا ئادەم بۆی دەرچوو
بەسەیران نەبوو، بەدەرکردن بوو
ئەم خاکدانە ناوی مەنفایە
نابێ پێی بڵێن جێگای سەفایە
بۆیە پێغەمبەر شاهی ئەنبیا
فەرموویە ڕاحەت نابێ لە دنیا
ئێمە تێ ناگەین لەم کاروبارە
دەست بەرد ئەهاوێ، بەرد گوناهکارە
هەندێ سروشتی بنچینەی بەدە
ئەوە چاك نابێ دەستی لێمەدە
هەندێ بە بەدی باوکی ئەخوڕێ
پێکوڕەی مشکە وجەواڵ ئەدڕێ
خوا بۆ زیانی کوللە ئەنێرێ
بە عەینەمەلیش پاسی ئەسپێرێ
هەر زەد و خوردە کاری دنیایی
بۆیە لای عاقڵ خۆشە تەنهایی
زۆرکەس بە قسە، چاکەی لا چاکە
کەچی کە بەدی پێشهات بێباکە
ئێستری چەمووش چاکەی پێناوێ
لەسەر ئالیکیش جووتە دەهاوێ
بە ئێستریان گوت باوکی تۆ کێیە؟
وتی دایکی من سەجەرەی پێیە
ئێستا دەبینی هارێك و هاجێ
یەك کەوتوون موویان بە بەینا ناچێ
لە دڵدا خوێنی یەکتر ئەمژن
کە فرسەتیان دی یەکتر ئەکوژن
دوو پیاوچاك چاویان بە یەك ناکەوێ
بە بیستنی دوور یەکیان خۆش ئەوێ

ئەو کەسەی لەگەڵ خەڵك دڵی پاکە
خۆش ڕادەبوێرێ لە ترس بێباکە
کەچی بەدکارێ یا پایەبەرزێ
دڵی وەك گونی هەلاج نەلەرزێ

زین، ژ ٥٧٣، ١٩٣٩/٧/٦ ز.

پیاوێ کە پیاو بێ ئەبێ تێفکرێ
ئەو ڕەخنەیەی خەڵك لەوی دەگرێ
ئەگەر وەك ئەڵێن ئەو عەیبە ڕاست بێ
چارەی ئەو عەیبەی لە خوا خواست بێ
خۆی هەوڵ بدا بۆ ئەخلاقی خۆی
تا ڕێی توانجی کەس نەمێنێ بۆی
بەوە زوبانی خەڵکی دەبەستێ
نەك بەویش نەڵێن ئەو قینی هەستێ
هەندێکی وا هەن بە کشەمرێ
لەمر، مردنی خۆی، لێدەگرێ
ئەگەر خۆ بلێن بە زەردەواڵە
سیرە گۆشتی من بەدەمت تاڵە
ئەڵێن ئەو تاڵە تاڵیەکی ترە
لەگەڵ ئەمانە وەرە دەربەرە
من ئەڵێم پەندم سەر دەر هەوایە
هەموو شیعرێکم بەبێمەعنایە
ئەڵێن: هەر چەندە زۆر بێمەعنایە
کەچی بۆ ئێمە هەر مەعنای تیایە
هەی هاوارئەگەر چشتێ شك نەبا
بۆچ "دار هەڵبڕە" بۆ سەرخۆی ئەبا
تۆ پاك دەروون بە و گوێ مەدەرە کەس
گوێ لە واتەی چاك بگرە و ئیتر بەس
ئەڵێن: کە گۆزە هەر چیەکی تیابێ
ئەبێ تەڕایی وای لێ پەیدا بێ
لەلای من ڕاستە عیلمی قیافەت
پیاوی نەزان و صاحێب درایەت
شافیعی باشی لێك کردوونەوە
چاك تێیان ئەگەین بە وردبوونەوە

ئەگەر پەیڕەوی ئەو عیلمە بکەین
لە ماهیەتی هەموو کەس ئەگەین
بەڵام هی وایان هەیە بە تەفرە
لای گەورە ئەبێ بە پیاوی گەورە
کەچی ئەبینی زۆری پێناچێ
سەری لای دەچێ بە نووکە پاچێ
داخم ئەو داخە ئێمە بەم حاڵە
ئەمانە دەڵێن لای هەندێ تاڵە

زین، ژ ٥٧٤، ١٩٣٩/٧/٢٠ ز.

ئەو جلەی دەوڵەت ئەیکاتە بەرپیاو
داکەنرێ ڕووتێك ئەکەوێتە ناو
خەرقەی زانستی زەحمەت ئەدرێ
سا مەگەر گومرگ هەناسەی ببڕێ
ئەخلاق ئاوێنەی عیلم و سەروەتە
بە بێئاوێنە "خۆدین" زەحمەتە
ئەو ئاوە خۆشەی کانی ئاسکان
زۆرمان دی کە دای لە دەست و کەوان
سا مەگەر کەسێ سیحر حەلال کا
سیحری ئەو ئاوە بە نوێژ بەتاڵ کا
جەندەلی، دانێ لە سەر کارێزێ
بە "قل اوخی" خۆی بپارێزێ
یەخەی جنۆکە بە سوژن بەستێ
ئەوسا چلۆچۆ بۆ خۆی ئەوەستێ
باوجود ئەڵێن لە ڕەمەزان دا
جنۆکە حەپسن لە پشت کێوان دا
بەڵام هەندێکیان ئەبن بە ئینسان
ئینسان بەوانە ئەکەونە نسیان
خۆزگە بە حوکمی ئیمان و قورئان
لەهەر بەرگێك دا ئەبوون ئەناسران
چاکە و خراپە هەمووی بە خوایە
بازاڕی بەدگۆ زۆر زوو کۆتایە
هەر خوڵقی چاکە، کە هیوای پێ بێ
پاش مەرگیش ئەڵێن: ڕەحمەتی لێ بێ
سەرما تەزاندتی، لەشت دەیێشێ
گەرما عارەقی تەزوو دەکێشێ
تا گەرما نەبێ سەهۆڵ بێفەڕە
زستان ئەچنە بەر ئاگر بە دەورە

هەور خرتومی ئەخاتە دەریا
بە باران زەوی پیّدەکا احیا
زەویش سنگی خۆی ئەکا بە کیّلگە
دەغلّت ئەداتیّ، تۆ تۆوی تیّکە

زین، ژ ٥٧٥، ١٩٣٩/٨/٣ ز.

له لای ئەوانەی کە ویژدان باوە
لە ڕابواردن دا ژن نیوەی پیاوە
کە ڕەگی دارت لە ژێردا پچڕاند
گەڵای ڕەونەقی دارت هەڵوەراند
ئەسپێکی ڕەسەن هەر چەند کە لەڕە
گەلێ لە کەری قەڵەو چاکترە
شەربەت هەر چەند خۆی شیرین دەنوێنێ
هەر ئاو تینوەتی تەواو دەشکێنێ
ئەو دەوڵەمەندەی لە خوێش نەپرسێ
ئەبێ لە سەر و ماڵی بترسێ !!!
ئەو قەلەندەرەی ویژدان یاریەتی
تەڵای دەستە و شار خزمەتکاریەتی
ئاگری بەد خوڵق، خەڵق شەیدا ئەکا
خوێندن بڵێسەی پێ پەیدا ئەکا
لەم زەمانەدا کە کیزەرییە
کچ با حۆریش بێ دەردیسەرییە
بووی بە خەزووری پیاوی شەڕانی
ئەبێ کچەکەت لای خۆت بزانی
یا پیاو دەکوژێ یاخۆ ئەیکوژن
کە وابێ کچی تۆ نابێ بە ژن
چیت لە دڵایە زمانت وابێ
هەوڵی ئەوەت بێ واتەت ڕەوا بێ
ئەوی ڕوو گرژە خەسارەمەندە
ئەوەی ڕوو خۆشە ئەو دەوڵەمەندە
کە شەڕانیت دی پێی بڵێ بەگم
ورمزیارت دی تۆ بڵێ لەکم

پارە وتوویە سەخت و سەر سەختم
نەمدەن بە سخی حەپسی بەدبەختم[1]
سەبری عاشق و پارەی دەست بلاو
قەرار ناگرن بیشیان خەیتە داو

ژیان ژمارە ٥٧٦، ١٩٣٩/٨/١٧ ز.

[1] سەحی: "لای پیرەمێرد " سەحتی" لای کاکەی فەللاح".

ئەوی ئەیەوێ خۆی بەرز بنوێنێ
ئەسپە دارینە ملی ئەشکێنیێ
بەرزی ئەوەیە کە خوا بتداتێ
نەك ماین چەقەڵ بتگێڕێ ساتێ
هەندێ بە سیسرك دەنگیان خۆش ئەکەن
لە جیاتی بادام چوالە خۆش ئەکەن
جاران پیاو خراپ سەری شۆڕ ئەبوو
ئێستا سەربەرزە وەك کۆتری هاقوو
من کە ڕووبەڕوو لەگەڵ کەس نادووم
هەرچی هەڵدەسێ دەڵێ من هاقووم
کە دار هەنجیرت سووتاند،پیاوی قۆڕ
زکی دەست ئەکا بە باو قۆڕەقۆڕ
زڵفدارەکان کە بێکڵاون
غەرقی لەواتتە و عەتر و گوڵاون
ملی منداڵی خەڵکی دەشکێنن
مەدەنیەتیان بەوە دەنوێنن
جاران ئەیانگوت سەری ڕووت بەچی؟
ئێستا بۆ سەر ڕووت بەرەو پیر دەچی
سەرم سوڕماوە لە کاری خوا
خوا، ئەو خوایەیە قەل هەنجیر ئەخوا
ئێستر کە ئاخی عەقیم کێشا[1]
داری بۆ ئاگری ئیبراهیم کێشا
هەرچەند باکێشی وا کلۆڵییە
بەڵام بێبەری مایەی زۆڵییە
ئەوی کە ئەسڵی خۆی لێ گوم بووبێ
خۆ و خوا نەناسە ئەبێ بەدخوو بێ
کچ بۆ جلی بووك بە سات و سەودا

عەقیم "لای پیرەمێرد" نەزۆکی "لای کاکەی فەللاح".

لەگەڵ دەستگیران ئەچێ بۆ بەغدا
ئەڵێن: ئەو کچەی کەوا شوو دەکا
بەترشی شایی خۆی بێزوو دەکا
کەیفی خۆیانە من شەکرم بۆ دێ
با ئەوان بچن بۆ شار و بۆ دێ

زین، ژ ٥٧٧، ١٩٣٩/٨/٢٤ ز.

گەردوخولی ئەم ئاسمانە شینە
هەرچی لێ ڕوودا دووری مەبینە
چڵکە هەورێ دێ بە داو و بەتاو
لەپاش سەعاتێ ئەیکا بە لافاو
خانووی هەزاری پێ دەڕووخێنێ
تۆوی زۆرداری پێدەڕوێنێ
گاهێ دەبینی گرمەی هەوروبا[1]
زراوی پیاوی ترسنۆك ئەبا
کەچی لە پڕێك ئەیکا بە هەساو
ئارام ناگرێ لە تینی هەتاو
خوا ئامانەمان وا بۆ دەنوێنێ
کە دەوران لەسەر حاڵێ نامێنێ
ئەم ڕەنگاوڕەنگەیش ئەبینێ ئینسان
ئەڵێی نەبایان دیوە و نە باران
باوجود ئینسان کە لە نیسیانە
ئەبێ هیچ خەمی نەبێ بەمانە
ئەگەر کەس نەمرێ بە مەرگ و کوشتار
دنیا پڕ ئەبێ لە نەتەوە بەهار
ئەبێ بازاڕی کۆن ببڕێتەوە
تا دەستەی تازە جێیان بێتەوە
ئێستا ئەوانەی لە فەن بوون پەیدا
خەریکن کە قڕ بخەنە دنیا
هەرچی تەئسیری کوشندەترە
لە دەوڵەتان دا بڕندەترە
جاران ئەیانگوت ئەهلی شەرق وەحشین
لە چاو ئەواندا ئێمە بێبەشین
کەی بە بۆن ئێمە خەڵکمان ئەخنکاند

---

[1] ئەم دێڕە لای کاکەی فەللاح نییە.

کەی بە تەیارە بۆمبامان وەشاند
لە بەحر و بەڕ و ژێرزەوی و هەوا
جێی سەرخدوێکی ڕەحەتی نەما
توخوا لێیگەڕێ با ببڕێتەوە
ڕۆژی قیامەت نزیك بێتەوە
قازانجی ئێمەی تیایە ئەو دەورە
ئێمە باوەڕمان بە حەشر و نەشرە

زین، ژ ٥٧٨ ، ١٩٣٩/٨/٣١ ز.

وازمان لە پەندی پێشینیان هێنا
ئیتر دڵمەندی نەبێ لە بەینا
ئێمە تنقیدی عادەتمان ئەکرد
هەندێ گومانیان بۆ خۆیان ئەبرد
نازان ئەمە بە دڵسۆزییە
ئێمە غەرەزمان لەگەڵ کەس نییە
یاخوا ئەگەر من صاحێب غەرەز بم
خۆشی نەبینم تووشی "مەرەز" بم
سەری کەر بکرێ بە ڕەشی گاوە
من دەربەستی نیم لام لێ لاداوە
دیارە کە خەڵکی مەیلیان وادێنێ
بۆ دوایی ڕۆژیان هیچیان نەمێنێ
بە شایی و زیافەت مەملەکەت تێرکەن
بەچاو لێکەری هەموو کەس فێر کەن
من خۆم وام ئەوێ دەست بەجانی من
ئیتر لەگەڵ کەس نابم بە دوژمن
چەند خۆشە جووتێ یەك دڵ و یەك گیان
مانگی هەنگوینیان بچن بۆ گەڕان
بە شەو ڕووبەڕووی مانگ لە سیحرا بن
ئاسوودەی غەم و هەراو هوریا بن
بە نەوجوانی عەشقی حاصڵ کەن
سیحری چڵوچۆی خەسوو باتڵ کەن
خێرا ناوی خەسوو نابەم تۆبە بێ
نۆرەی ئەومانە لێمان تووڕە بێ
یاخوا هەمیشە لە سەیرانا بن
بۆ هەموو شوێنێ لە گەڕانا بن
بە ڕێكوپێکی و تاقم و تەدارەك
بچنە زیارەت پیری موبارەك

وا پیرالکیش ڕێی کرایەوە
سەیرانی ئەویش هاتە کایەوە
بۆچ گوێ نەدەنە پەندی پێشینیان
بزەن بەر صفی ڕەندان و پیران

زین، ژ ٥٧٩، ١٩٣٩/٩/٧ ز.

٥٨١

خوا ئێمەی ڕەنگ ڕەنگ سروشت پێداوە
ڕەنگی هیچ کەسی بە کەس نەداوە
ئەبینی دوو کەس بە یەك ئەشوبهێن
کەچی بە کردار لە یەکتری جوێن
یەکێ ئارەزووی بە شیرینییە
ئەوی تر مەیلی شیرینی نییە
یەکێ وەك بێزووکەر، ترشی ئەوێ
نە! ناوی مەبە، ئامان نامەوێ
یەکێ سەودای شیعری مەوزوونە
یەکێ بە تیری شیعر دڵخوونە
هی وامان هەیە بە کشەمرە
ئەڵێ: پێت وتووم کشە تۆ بمرە!
سا توخوا مرە و بمرە چەند دوورن؟
هەرچەند کولانە و گۆڕ هەردوو ژوورن
کۆنە پیاوێکمان بە تەقەی قەزوان
نە دینی لە لانەما، نە ئیمان
مەلایکمان بوو، ئەتوت : شێپارە
ئەهاتە وێزەت بە نێزەی "پارە"
ڕەحمەت لە سۆق پارەی زرێپۆش[1]
بۆی ڕام ئەکردین ئێستری چەمووش
ئێستا دەستەیە تۆڕی کەم سرەوت
بە قەمچی "پارە"ش نایەنە سەر ڕەوت
پارە مرد لە لای نامەرد نەنێژرا
بۆ گردی پارە چەند شیعر بێژرا
خۆزگە دەمزانی ئەم سرە چییە؟
ناوی هیچ کەسێ لە ناودا نییە

[1] مەبەست لە مامە پارەی بەناوبانگە، کە تەرمەکەی پیرەمێردی ئەمر، لەسەر ڕاسپاردەی خۆی لەلای گۆڕەکەی ئەوەوە نێژرا، لە گردی پارە لە شاری سلێمانی.

کەچی تۆ ئەڵێی بامیەکەم ترشە
ئەم خەڵکە هەمووی ڕووی لە تۆ گرژە
دە باوکە ئێرە خۆ"کەرکوك" نییە[1]
"مەلا بامێ بێ بەو تووڕەییە
یا ئەگەر ترش و ترشی خرابە
ڕووی خۆت ترش مەکە، شیرین بە، چا بە
ئەگینە کە تۆ مۆن و ترش ڕووی
دەمی کەس کیسە نییە بدرووی
هی وامان هەیە کە لە خوا ئەدوێ
ڕزگاری لە توانج بۆ کێ ئەلوێ؟
بۆچ پێغەمبەریان لە شار دەرنەکرد؟
ئیمان ناهێنرێ بە کەس، دەستوبرد

[1] مەلایێك بووە خەڵکی شاری کەرکوك، کوێی لێبوایە هەر کەسێ ناوی بامیەی بهێنایە لێی تووڕە نەبوو.
ئەم پەندانە لە ژین ژمارە ٥٨١ی ١٩٢٩/٩/٢١ ز بە ناونیشانی "ویرە ویر بۆ زویر" بڵاوکراوەتەوە.

گوناى من چییه كه بهخواستى خوا
قالۆنچه لهدهست گڵ خهفهت ئهخوا
یا فیرنه گوله له ئاوى پاییز
خۆى دهم بهست ئهكا لهبهر دهعیهوفیز
ئهم ئاسمانه كه سواخ ئادرێ
پهردهى ڕووناكى ههتاو ئابڕێ
بهڕوو به ئاگر كه ههڵدهتۆقێ
دهستهى گوێ ئاگر تێكرا دهتۆقێ
كه ڕانهچڵهكن له گوێ ئاگردان
بهڕووهكه، دهبێ به ئاڵتوون بۆتان
به گاڵتهم نییه هى وامان تیایه
تهقهى ئهو بهڕووهى له لا بۆمبایه
ههمیسان بۆمیا ناوى كهوته ناو
كهوته پهلهپهل پیاوى كهم زراو
ههرچهند كه ئێمه له پهناى كێواین
وهك كووپهى خومى جوولهكه شێواین
زۆر كهس نازانن پۆلۆنیا كوێیه
كه شهوى لێهات شێتى ڕادیۆیه
ترس و مهراقى ڕادیۆ بهم حاڵه
ههوڵى بۆ ئهدهین چونكو فیشاڵه
درهوى درۆ نابڕێتهوه
لهگهڵ ناونانا بڕاپێتهوه
به فیشاڵ شهڕه له گرده گڕوێ
ئهم شاره لهقهى عهلى پێدهوێ
سوێند ئهخۆم كه شهڕ باوى نهماوه
ورچهكهى مهندۆڵ كلكى بڕاوه
ئهى ئهو كهسانهى ههسانى "مهككه"ن
به ئاین و ئۆیین چشت گران مهكهن

من خەمی پاڵتۆی فەردەم لێهاتووە
سەرما و سیخواری پاییز داهاتووە
ئاخ هەرچەند پاییز لەش ئەتەزێنێ
هیچ نەبێ مارودووپشك نامێنێ
هێجگار مێشوولە لەگەڵ گیزەی دێ
لەتاو بناگوێم سنگم خیزەی دێ
لەگەڵ ئەوەیشا ناوی نامووسە
شێوەی عنقایە و خۆی چاپلووسە

زین، ژ ٥٨٢ ، ١٩٣٩/١٠/٥ز.

٥٨٤

مژده بێ یاران دوای شەوی بەرات
وا مانگی نوێژ ورۆژوومان بۆهات
ئەو خوا پێداوە کە موسوڵمانە
خۆشی خۆشیەتی کە ڕەمەزانە
هەندێکیش مێز و کاغەز ڕێك ئەخەن
زیکر و تەراویح بە قومار ئەکەن
وا من فتوام دا کە ڕۆژوو ئەگرن
بەو شەرتە دەستی بێدەستان ئەبڕن
چونکو خوا حەقی خۆی لێدەبووری
بۆ حەقی خەڵکی ئەیکاتە زووری
ئەی ڕۆ، لەو زوورە کە وەك تەندوورە[1]
لنگ بەرەوژوورکەر لنگ بەرەو زوورە
ئەو لنگەی جووتەی پێوەشاندووە
چەند کەسی بێشێو پێ نواندووە
لێی دێتە زمان ئەبێ بە جاسووس
ئەیخاتە مەیدان هەر وەك زورناڵ نووس
ئەوانەی لێرە تەریق نابنەوە
لەوێ ڕووڕەشن دەچنە کونەوە
چەند خۆشە ئینسان رە ڕوویێکی پاك
دۆست و بێباك بێ بە کردەوەی چاك
ئەگینە هەرچەند سەرخۆشی مەیە
بە پەروای قینی خەڵك بێ نەشئەیە
بڕوانە کە تۆ قەرزت لەسەر بێ
بەوێدا نارۆی با ڕاگوزەر بێ
بەدیش قەرزێکە نابژێرریتەوە
ترسی ئینیقام هەر نابڕێتەوە

---

[1] لەو زوورە "لای پیرەمێرد" لەو ڕۆژە "لای کاکەی فەللاح" ئەم بەندەی لای کاکەی فەللاح ژمارە ٥٨٣ی دراوەتێ.

له خەویشا بێ هەر وەك مۆتەكە
دوژمن لە دەورت دەست بە كوتەكە
كەوابوو بۆچی دڵ برِەنجێنین
بۆ نەوەیش تۆوی بەدی بچێنین

زین، ژ ٥٨٤ ، ١٩٣٩/١٠/٢٦ ز.

که قەل قڕاندی بڵێ: یا غفار
بایەقوش خوێندی بڵێ: یا ستار
که تووشی چاوپیس هاتی زووبەزوو
دەس بکه به دوعای "وان یکاد"و
ئیتر مەترسه وا ڕەمەزانه
پیشەی جنۆکه له کون خزانه
به موبارەکی ڕەمەزان ئۆخەی
جنۆکه سووژن درا له یەخەی
بەڵام کۆڵ نادەن کۆڵ و بارکێشن
ئەترسم جەژنێ سووژن هەڵکێشن
لەدەست جنۆکه "بسم الله" ئەکەم
کەچی خەڵك له خۆم تەوەللا ئەکەم
له "بسم الله"یشم مەعنا دەردێنن
به ئاگری ئەورۆز زوو ئەمسووتێنن
هەندێ جار پەڵه، پەڵەی برنجه
زۆر جاریش باران گەوهەری گەنجه
بۆ باران ئەژنه نوێژەبارانه
که باریش ئەچنه پەنا گوێسوانه
گەوره به باران ئاشی ئەگەڕێ
بەوشکیش جوتیار شێفی ئەبڕێ
کەچی ژێردەستیش ژنی سەد مێرده
کەسداریش ئەڵێی ماسی بێکێرده
خۆ ئێستا ماسیش تەفر و توونایه
هەرچی هەڵدەسێ دەست به بۆمبایه
کەس له دنیادا ئاسووده نابێ
مەگەر خاوەندی داڵده و پەنا بێ
ئەڵێن بارەگای خودا بەحەقه
بێکەس لەبەر شەق ئەحواڵی شەقه

ژین، ژ ٥٨٥، ١٩٣٩/١١/٦ ز.

ئەم پەنده لای کاکەی فەللاح ژماره "٥٨٤"ی دراوەتێ.

٥٨٦

نۆك و ئێستر و بەڕوو سێ زۆڵن
پەنجە و ناشی و بار هەر سێکیان کۆڵن
زۆڵەکی بەڕوو هەرگیز نابرژێ[1]
پریشیك ئێستر لە کەر ئەپرژێ
دووکەڵ بە دووکەڵ وا قانگ دروان
وەك لەنگە بەرداش هەڵپەسێراون
بیرازکەر لەدەست بیراز بێزارە
بەرداش لە خۆیا هێجگار بێعارە
دوو مڵۆزنی تیایە ئەم شارە
یەکێ قومارە، دووەم خەمارە
قومارەکەیان سەری بڕاوە
خماریش نوقتەی بۆ دانەنراوە
بە چاولێکەری چاومان نەماوە
مایە پووچیمان بەبەر بڕاوە
لە دەزووی گیپە لەرزوتا ئەبڕین
بە ئاوی دەست نوێژ چاوەڕێی گوڕین
کفتەی جوولەکە بۆ سێ بەرۆ دار
بۆ خۆشەویستی کوزە کەمتیار
بە شەو شەمالەی کۆلانان ئەگرین
لەبەر ئازایی جەردەکان ئەمرین
هێشتا خەڕەك و گوڵە ژەن باوە
فابریقەیەکی کەس دانەناوە
بۆ توتنی تاڵ مایەی سەروماڵ
فابریقەی شەکر کەس نایکا بە ماڵ
فەرقی شیرینی و تاڵی ناکرێ
نیوەی دەرامەت بە شەکر ئەدرێ

[1] ئەم دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نییە. ئەم پەندە لای کاکەی فەللاح لە ژێر ژمارە ٥٨٥ دا بڵاو کراوەتەوە.

ئەو پارەی ئەیدەین بە شەکری بیلاد
فابریقەیەکی پێدێتە بنیاد
بە "صانگەیدم" مزگەوتێ کرا
ئێمە بۆ شەکر هێلکمان بڕا

ژین، ژ ٥٨٦ ، ١٩٣٩/١١/١١ ز.

٥٨٧

دنیا دەریایە خاشاك بەسەرە
ژێرکەوتەیی بۆ دوو ڕوو گەوهەرە
شاخدار بە شاخدار خۆی دایە قەڵەم
تەرزەی شوورەیی کردی بە هەڵەم
بێشوورەییە و خەتای سوورەیە
کەچی بە زوبان لەخۆی دوورەیە
بەدگۆ لە پیاوی بەنامووس ئەدوێ
دەستە چەورەکەی لە خەڵك هەڵەسوێ
خۆیش وەك کاسەی چەورە بێباکە
گازری نایە مەگەر بە شیاکە
یارێکم هەیە زۆر بێبەقایە
شێوەی ڕەنگ ڕەنگی چوار فەسڵی تیایە
گاهێکیش بە خوو ئەو کڵاو لارە
نێر و مێ دەبێ وێنەی کۆلارە
چەرخ و فەلەکی جەژن دانرا
هەر کورسییەکی بە یەکێ درا
کەوتە گڕوخول وەك چەرخی دەوران
یەك لە زەمین و یەك لە ئاسمان
کەچی بە سووڕێ لەگەڵ کەوتە گەڕ
سەرووی خستەژێر، ژێرووی خستە سەر
لە کاری دنیای لادام دەستی زۆر
کەم دەسەڵاتی کردمیە حەڵاڵ خۆر
ئەگینە دنیا لە دەست نادرێ
هەتا جگرە تەرك ناکرێ
پشیلە کە دەمی نەگاتە جگەر
ئەڵێ تاڵ بووە بە دەلوبییەر
خواناسیش چشتێ زانی حەرامە
دەمی لێنادا ئەڵێ: بێتامە

ژین، ژ ٥٨٧ ، ١٩٣٩/١١/٢٨ ز.

ئەم پەندە لە لای کاکەی فەللاح ژمارە "٥٨٦"ی دراوەتێ.

له پاییزاندا خەڵك تۆو دەچێنێ
بارانی بەهار بۆی دەڕوێنێ
تۆوی دەغڵودان هۆزێ ئەژیێنێ
تۆوی خراپە خێڵێك ئەمرێنێ
كە تینی هەتاو دایە سەر بلوور
گڕ هەڵدەسێنێ وەك كڵپەی تەندوور
ئاگر ئەخاتە ڕەش و زەرد و سوور
سپی بێلەكە ناخاتە فتوور
ئەمە نموونەی سروشتی پاكە
پاك لە ئاشووبی دەوران بێباكە
گوڵەبەڕۆژە ڕووی لە هەتاوە
بۆ زۆر كەس سوجدەی كاربەدەست باوە
گوڵ تا ئەكەوێ ڕوو وەرناگێڕێ
نێرە بۆ كەوتوو جنێو ئەنێرێ
دەستی لێكەوتەی ناحەق ئەگری
ئەوی كە خۆی كەوت نابێ بگری
بە سێمانگ سێ‌مانگ ساڵێك چوار فەسڵە
بەهەموو فەسڵێ، فەسڵ هەر فەسڵە
بە سووژن لێدان ناگاتە دوایی
دەستی "ویسكە"یە و سووژنی پۆڵایی
من دادم لە دەست خوێندەواری بوو
وا خوێندەواریش دەردی كاری بوو
سەری فەسڵ و فەحص هەردووكیان "فێ"یە
دوایی هەردووكیان ئەبینی فێیە
یارییەكمان هەیە قەڵا قەڵایە
گەنم گرد و جۆ بڵاوی تیایە
وا گیپە و كەشكەك ئەبەشنەوە
نازانین مەجلیس كەی كۆ ئەبنەوە؟ ژین ، ژ ٥٨٨ ، ١٩٣٩/١٢/٢١ ز.

لای كاكەی فەللاح بۆ ئەم پەندە ژمارە ٥٨٧ی بۆ دانراوە.

ئەڵێن بێستوون عەشق لە بنی کەند
فەرهاد شۆرەتی زۆری بازووی سەند
ڕۆستەم کەرێ بوو لە سیستان دا
فیردەوسی ئەوی بە "یەل" نیشان دا
عەنتەری پێپان مێملێ خڕنووك
چۆن داستانی کەوتوەتە کەرکوك
فەقێ حمەدێ بوو لە دارەشمانە
هەرچی هەڵدەسێ ئێستا بابانە
ئەتگوت هەورامان، هیە هەورە ئامان
هەورە تریشقەت وا لە ئاسمان
لەلایان وابوو کە سان بجمێ
بە ڕم حەساری بەغدا ئەڕمێ
ئەڵەمان لە پێش شەڕی گەورەدا
ئەیانگوت لەگەڵ ئاسمان دەور ئەدا
هەر "الامان" بوو لە دەست ئەڵەمان
کەڵەمە کرا وێنەی گای تالان
هەر چەند کە ئەمڕۆ پەی پچڕاوە
پچر پچڕە، لا هەڵپچڕاوە[1]
ئەمساڵ "کریسمیس" کەوتە ناو جەژنان
زاتەن دەمێکە میلادە ساڵمان
"پواسون، داوریل" کۆن بوو لێی تێر بووین
کەرنەڤاڵ مابوو، وا ئەویش فێر بووین
دیسان بەمانەیش ناحەسێینەوە[2]
ئەچینە بەغدا هەروا دێینەوە
مەترسن لە شەڕ کە شەر ئاوسە
کە زستان ڕۆیی بای دار ئاوسە

زین، ژ ٥٨٩ ، ١٩٤٠/١/٤ ز.

ئەم پەندە لای کاکەی فەللاح ژمارە ٥٨٨ی پێدراوە.

[1] لاهەڵپچڕاوە "لای پیرەمێرد" پەتی پچڕاوە "لای کاکەی فەللاح".
[2] ئەم دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نییە.

٥٩٠

گوریس کێشەکێ بە هیچوپووچی
گوریش ئەپچڕێ تۆ لەنگەوقووچی
شێروخەتمان کرد لەگەڵ جیهانا
من خەتم ئەویست ئەو شێری هێنا
هەرچەند کە ئێستا شێر وەرگەڕاوە
ڕیش با خوریش بێ باوی نەماوە
فێڵێ سیاسەت رووپا بازییە
ڕادیۆی ئەوروپا ئێستا نازییە
یاخوا تاسەر بێ ئەم خۆ تێکوتانە
ترسی دزیش بێ، دەست لەملانە
داری کۆن بڕا، خەڵفی لەجێیە
پەلوپۆی تازە هیوامان پێیە
دەماغم کۆنە کە بێدەماخە
پیریش بۆ تازە بە ئاخ و داخە
بۆ دڵخۆشی خۆی وتی: ئەو پیرە
هەرچەند پیرە کۆنە بەگیرە
پڕۆپاگاندە کە چاوڕاوە
کەوتە سیاسەت بە بەند و باوە
سەیر سەیری ڕادیۆی یۆنس بەحرییە[1]
سەراپا درۆی لە ڕاست بەرییە
بە هێزی پارە کە تەکان ئەدا
سەعاتێ چەنەی وچان ئەدا
نازانێ کەوا ڕۆژێکی لێ دێ[2]
جەزای خائینی وەتەنی ڕێ دێ
هەر سەگێ لە دوور ب شوێن خۆی وەڕی
جێی سەگە نازە وو برسێتی و گەڕی
سەگ وەفادارە بە خێو ناوەڕێ
دووپشکە سکی دایکی خۆی ئەدڕێ!!

ژین، ژ ٥٩٠ ، ١٩٤٠/١/٢٥.

یونس بحری: لە ڕادیۆی بەرلینەوە ئەودا، زۆر ناوبانگی دەرکردبوو.
نازانێ" لای پیرەمێرد" ئەزانێ" لای کاکەی فەللاح". ئەم پەندە لای کاکەی فەللاح ژمارە ٥٨٩ی هەیە.

٥٩١

کە وتیان دنیا ماستی مەییوە
ئەوسا بزانە کەس تێنەگەییوە
شیرە دەترشێ و ناوی ئەنێن ماست
شیرین ترش ئەبێ و چەوت ئەبێ بە ڕاست
بێزوو ڕیخۆڵەی ئافرەت کرژ ئەکا
شیرینی ناوێ حەز لە ترش ئەکا
جیهان خاتوون چۆن دەست ئەکاتە مل
بیر ناچێتەوە قابیل و هابیل
ئەم سەرەتایە لەوانەوە هات
پیشەی باوکمانە بووە بە میرات
هەتا دێ ئێمەش لێی زیاد ئەکەین
ڕێ بە نەریتی کوشندە ئەبەین
فەن بۆ فەن و فێڵ ئەبرێتە کار
بۆ چلۆچێویش پیاوی نابەکار
پێغەمبەر فەرمووی کە ئەم دنیایە
کەس نەڵێ خۆشی و سرەوتی تیایە
کەس دانانیشێ بێسات و سەودا
خوا بۆ سەیری خۆس ئێمەی تێك بەردا
پەنجکێ نانی خستوەتە ناومان
خستیە بەر چەپۆك سەر و کڵاومان[1]
ئەم زەد و خوردەی شێر و قەڵغانە
هیچی تر نییە هەمووی بۆ نانە
دە فەرموو کاممان بێنان هەڵدەکەین
چارەی نەخواردن کەی ڕێی پێ دەبەین
بەردێکی ڕەش، وا لە بنی دنیا
ئاوی دەریاکان ئەچێ بەسەریا

[1] سەر و کڵاومان" لای پیرەمێرد" سەروگوێلاکمان "لای کاکەی فەللاح". ئەم پەندە لای کاکەی فەللاح ژمارە ٥٩٠ هەیە.

هەڵیان ئەلووشێ و هەروا کسپەی دێ
تێر خواردنەوەی بۆ نایەتەجێ
ئەی ئەو کەسانەی هیواتان پێیە
ئەمە هەڵێنن بزانن کێیە
ژین، ژ ٥٩١ ، ١٩٤٠/٢/٢٢ ز.

٥٩٢

پەروانەو و ماسی بۆ چرا و بۆ ئاو
هەر دوو دڵدادەن بە ناو و بە داو
هەر دووکیان ئەمرن بە خواروژووری
ئەم بە نزیکی و ئویان بە دووری
گورگ و کەروێشك و شەمشەمەکوێرە
شەوگەردن سیانی وایش هەیە لێرە
زەروو خوێنی پیس لە لەش دەردێنێ
بنیادەم خوێنی پاك ئەڕژێنێ
ئارەق کە پیسە نەشە دەنوێنێ
مێش پاکە کەچی دڵ تێکەڵ دێنێ
ئەسپی زل حۆرتی مل شاسەیوانی
کاتێکت زانی کە تێی نەهانی
بەڵام فەحلێکی ڕەسەنی شیرپاك
سەری خۆتی پێ بسپێرە بێباك
باگردێن سووك بێ بان دانامرکێ
پاڵەوان ئەخا کۆڵنج و برکێ
دڵۆپە دایدا ناوەستێتەوە
هەودابێ گایێ نابەستێتەوە
مریشك، هێلکەی کرد گارە گار ئەکا
هەندێ بێهێلکە پیاو بێزار ئەکا
هەرچەند مشەمما هاتۆتە کایە
چەتر چاکترە لەو مشەممایە[1]
چەتر هەتاویش ئەگێرێتەوە
سووکترە و پارەی ئەبژێرێتەوە
وامان ئەزانی لافاو ئەمانبا
چلە بەسەرچوو نەما بەفر و با
بورجی پیرێژن بۆ جوانە ژنە
پیریش و جوانیش دوایی مردنە

زین، ژ ٥٩٢ ، ١٩٤٠/٣/٧.

[1] چاکترە"لای پیرەمێرد" پاکترە "لای کاکەی فەللاح". ئەم پەندە ژمارە ٥٩١ی لای کاکەی فەللاح بۆ دانراوە.

پیرێژن دیسان بورجی خۆی نواند
تۆوی وەیشوومەی بە چیمەن داچاند
بەڵام با دوو ڕۆژ بەفر بباریٚ
پۆیلەی تەرزەیشی با بێتە خواریٚ
دوایی، دوایی دیٚ وێنەی ئەڵەمان
بەهار دێت لە نویٚ سەوز ئەبیٚ جیهان
ئەڵێن سرکەی تیژ شووشە ئەشکێنیٚ
مایەی خۆی بەخۆی توند ئەڕژێنیٚ
پیاوی لەسەرخۆ، خۆی خۆی سەرئەخا
ماینی جرت و فرت لەپڕ بەرئەخا
زۆر کەس فێر بووبوون بە کۆڵی خلە
ئەویش ئەپەڕیە سەر پشتی بلە
ڕەحەیش لە دواوە تێیان هەڵئەدا
لەگەڵ پێش دەمیا ئەیکرد بە هەڵدا
منیش ئەم هەموو شیعرەی کە هەمە
بە شیعری دیوان ئەکەومە گەمە
کابرا کە کەسی لێنەبوو دیار
بە بای خۆی ئەگوت بەهارە بەهار
ئێستا ئەو بایە بوو بە سەرمایە
با بەهاریش بیٚ ئەڵیٚ: سەرمایە
کنگر پیٚ گەیی هەرچەند بادارە
دوو مانگ پێخۆری پیاوی هەزارە
کاشکا دوومەڵان وەك ئەم بوایە
خەرجی عالەم و هەرزان بەهایە
بەڵام دوومەڵان کە ئەڵێن زۆڵە
ڕووی ئاوەدانی نییە و لە چۆڵە
دیسان قەدری ئەو زۆرە لە لامان
زادەی زیادەیە پەسندی زەمان

زین، ژ ٥٩٣، ١٩٤٠/٣/٢١ ز.

ئەم پەندە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا ژمارە ٥٩٢ی بۆ دانراوە.

هۆش و کردەو وەك گیان و لەشن
بۆ ڕێگوزاران دوو چرای گەشن
هۆش درەختێکە کردەوە بەریە
لە بڕانەوە، بەری، بەرییە
ئازاری خەڵکت کە لە دڵایە
لە ئاسمانیش بی پێت لە گلایە
پیاوی بە ئازار وەك دووملٚ وایە
بایش لە لەش دەرکا ئێشی هەر تیایە
زامی تیغ چارەی دێت بە دەوایێ
برینی زمان سارێشی نایێ
ئەوی هەیەتی و چاوی تێر نابێ
"هل من مزید"، یاخوا هەر وابێ
دەوڵەمەندی ڕژد ڕەنجی بە بادە
نازانێ میرات شەڕی ئەولادە
هەندێ لە چاوکە و چاوگە ئەکۆشن
تینوون لە خەودا ئاو هەڵدەلووشن
ئەو تۆڕەی ڕاوکەی ماسی پێدەگرێ
کە زۆری پڕ کرد قوڵفی ئەپچڕێ
لەگەڵ دوو کەس دا هەڵ ناکا ئینسان
دراوسێی بە دو ژنی نافەرمان
سێ چشتیش باشە بۆ خۆشی جیهان
بێکینی و وەفا و سووکی گوزەران
چوار چشتیش باوە وەك درۆی نیسان
دوایی هەر چواریان ئەکەونە مەیدان
زوهدی ڕیایی و خەڵکی تەفرەدان
درۆی نابەجا و زۆر خۆهەڵکێشان
پێنج چشت بێنەجێ ئەگەر بە کەڵکی
دۆست خۆش ویستن و نادان بە خەڵکی

دڵێکی پاك و زمانێکی چاك
ڕاست و ڕەوانی پێی دەژیت بێباك
ئەگینە هێندە هەوڵ و تەقەللا
خەو و خۆراکت ناهێڵێ لە لا

زین، ژ ٥٩٤ ، ١٩٤٠/٤/١١ ز.
ئەم پەندە ژمارە ٥٩٣ی لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا بۆ دانراوە.

٥٩٥

سەرەتای پاقلە حرەی سەودایە
بەڵام ڕێواسی مزری لە دوایە
ڕاستە کە پاقلە هۆش ئەشێوێنێ
ڕێواسیش سەودا دادەمرکێنێ
پاقلە ئاوایی خستە میری سوور
مار و موور کەوتە ناو گیای شارەزوور
دنیایە بەهار بولبول دەخوێنێ
قڕناویلکەیشی تیا دەقرپێنێ
خوا لە بەرهاردا گوڵ دەپشکوێنێ
سەری قالۆنچەیش بە گڵ دێشێنێ[1]
های چەرخی کەج باز های تەبعی ناساز
بەهارە گوێدرێژ کەوتە لەقە وگاز
هەندێ نووکە نووك سەر بە تووکەوە
هەندێکیش دەچن بە پیر بووکەوە
مەنصول هیوادار کە سەردەکەوێ
مەئموور لە ترسی عەزلی ناسرەوێ
بۆ میوان کورسی سەر! نەماوە
بۆ بێکار زیکری مەولەوی ماوە
ئەوی ئیجارەی قورسی لەسەرە
مژدەبێ کوللە لەسەر سەفەرە
ماندوەتی نەبێ چی پێدەبڕێ
بە ڕاستا ناڕوا، ڕێی چەوت ئەگرێ
هەیە لە برسا هێزی ئەبڕێ
لەگەڵ تێری خوارد سفرە ئەدڕێ
دوای ئەوە کە هات برسی بووەوە
بێژنگی ئەگرێ بە دەم ڕووەوە
پارووی بێشەرمی زەحمەت قووت ئەچێ
ئابڕووی عەشرەتێك بەوانە ئەچێ

ژین، ژ ٥٩٥ ، ١٩٤٠/٤/٢٩.

---

[1] گڵ "لای پیرەمێرد" گوڵ" لای کاکەی فەلاح".
بۆ ئەم پەندە کاکەی فەللاح ژمارە ٥٩٤ی داناوە.

بێوره ترسی که هات بەسەرا
کونه مشکی بۆ ئەبێ بە سەرا
نازپەروەر قۆڵی زوو ئەبێ جەمام
سەرما قنگی کەر ئەکا بە حەمام
خۆی شاردبووەوه له کون و قوژبن
کەری خۆی له لا بوو بە ڕموزن
ئەوەی له ڕاستی هەزار دلێره
بە کەر ناوێری بە کورتان شێره
وتیان تۆ خورمات ئەوێ یا مێوژ
وتی من ناوی خۆم ناوه خورمژ
که ئاو بڵق ئەکا و قوت ئەبێتەوه
زۆری پێ ناچێ ئەنیشێتەوه
ئەو بڵقه ئەڵێ دەوڵەمەند وایه
کەللەی بایێکی خەڕۆیی تیایه
نازانێ دنیاش وا بێبایەخه
ئەوی بمێنێ داڵده و دایەخه
چاکه ڕۆژێ دێ که دێتەوه ڕێت
بەخشنده نەبی کێ ئەزانێ کێیت
زمانی چاکیش جێی پاره ئەگرێ
زۆر جار هەزاری پێ دائەمەزرێ
ئای زمانی بەد وای پیاوی بەدکار
زمانت بڕن دەمی گۆڕەوشار
باوجود بەدکار نازانێ ئەمرێ
بە گورزی ئاگر تێی هەڵئەدرێ
پیاو له خزمی پیاو نوشوست نابینێ
گۆشت ئەبا و ئێسقان تێك ناشکێنێ
خەڵك و بێگانه خزم ئەسووتێنێ
کەچی ئاو ئەڕوا زیخ هەر دەمێنێ
بەڵام بێگانه ئەگەر دانا بێ
خۆشه له ڕێیدا خۆیشی دانابێ

زین، ژ ٥٩٦ ، ١٩٤٠/١/٥/٩.

بۆ ئەم پەنده کاکەی فەللاح ژماره ٥٩٥ی داناوه.

٥٩٧

ئەو ئاوە ڕەشەی ئەو پێی بایی یە
زەلزەلە، لەچاو ئەودا شایی یە
وەختە لە "وەزو"یش "لاو" سەر دەرێنێ
خوا یار بێ جەرگی شەڕ بسووتێنێ
باوجود ئەگەر بنوارینە حەق
خوا دنیای بنیاد نا بۆ شەڕە شەق
ئەگەر زیندەوەر نەتەکێتەوە
ئەوی کە دەزێ جێی نابێتەوە
کورسی وەزارەت ئەگەر تا سەر بێ
ئەبێ هیوادار ڕێی چی لەبەر بێ
کورسی مەبعووسی تەلی تێخراوە
لە پێچکەی کورسی وەزیر بەستراوە
فس فس پاڵەوان وەك ڕەئی منە
کە ئەڵێ: هونەر، هونەری منە

زین، ژ ٥٩٧ ، ١٩٤٠/٥/١٦ ز.
بۆ ئەم پەندە کاکەی فەللاح ژمارە ٥٩٦ی داناوە.

هەمیشە چشتی باریك ئەپچڕێ
هەودا باریك بێ، دیارە بەرناگرێ
ئیللا بنیادەم كە بە ئەستووری
دەپچڕێ یەعنی لەبەر مەغروری
ئەوی كە لە خۆی بایی بێ: بایە
هەر گینگڵ ئەخوا ئەوی بای تیایە
ڕۆحیش بایەكە مایەی هەناسە
ئەوی هەناسەی تەنگ بێ كەساسە
خوا ڕۆحی هێندە شیرین كردووە
بە كەساسیش بێ خەڵك بۆی مردووە
هی وامان دیوە كوێرە و بێ نانە
هێشتا بە هیوای ژین و سەیرانە
خۆ تەماعكاری وا لە پیاو ئەكا
چاوی تێر نابێ مەگەر لە خاكا
ئەوجوان چاكە بۆ شەڕەكوتەك
گورگ پیر بوو، دەبێ بە مەسخەرەی سەگ
سووخۆر نابووتی مایەی پێ دەبڕێ
مەنجەڵ كە بزێ، دیارە كە ئەمرێ
حەرام ئاوڕت لێ ئەداتەوە
وەك ڕەگی گولی هەڵئەداتەوە
پشت بە پشتیوان كە كەوتیە دیوان
كاتێكت زانی كەوتیە ژێردیوان
جاران دەرپێمان بە بەنەخوێن بوو
حەرام نەترازاو سەرمایەی سوێن بوو
ئێستا لاستیكە كە هیچ ناترازێ
سەد سوێندی پێ بخۆ بە ئێركە پیازێ

ژین، ژ ٥٩٨، ١٩٤٠/٥/١٢.

بۆ ئەم پەندە كاكەی فەللاح ژمارە ٥٩٧ی داناوە.

ئەوی ئەزانێ سروشتی خاکە
هیچ بایی نابێ، بێ با و بێباکە
ئەوی ئەزانێ قەزا لە خوایە
گلەیی ناکا و دەنگی دەرنایە
کەزانی کردە بێ جەزا نابێ
دڵ بەستەی کردەی ناسزا نابێ
بترسە لەوەی لە خوا ناترسێ
مەپرسە لەوەی کە لێت ناپرسێ
پووشێك بە، با ئاو بتخانە سەر سەر
قورس بێ قەتارچی ناتبا بۆ سەفەر
کە نوێژ ئەکەیت و ڕێی خوا نازانی
دەروون پیسییە و کفری پەنهانی
ئەوی خواناسە و کردەوەی مەردی
لوتفی خوای هەیە و ناوی ئەبەدی
بێئینساف لە کوێ ئینساف ئەزانێ
پیاوی ئەکوژێ بۆ هەگبە نانێ
زانین تاجێکە وا بەسەرەوە
بە سەرفرۆیی لێی مەکەرەوە
بەخیل بی، "غلە" غیللە ل ملتا
مرواری ئەبێت بە گڕ لە دڵتا
سەخی لە خوای ویست داوایان لێکرد
هەرچی بۆی لوا بەخشی دەست وبرد
ڕژد، سواڵکەر ویستی ئەو وتی نیمە
وتی وەرە با سواڵ کەین بە نیمە
بۆ خواپەرستی کە هەوەسناك بی
لەناو خەڵکیشدا ئەتوانی تاك بی
ئاگری ستەمگەر زۆر کەم ئەگرێ
ئاه ! ڕشتەی ژینی زاڵم ئەبرێ
ئەگەر دڵ لە ڕاست بێ گوناه پیس کەی
ئەبێ پەیڕەوی ئەفرەی ئیبلیس کەی

ژین، ژ ٥٩٩ ، ١٩٤٠/٦/٦.
بۆ ئەم پەندە کاکەی فەللاح ژمارە ٥٩٨ی داناوە.

فەرموودەی خودا گەورەی ئەحکامە
"مروا باللغو مروا كراما"
ڕزگاری لە نەفس بە دڵی پاكە
بەدیش ببینی هەر چاك بە، چاكە
بە زوهدی جاهیل ئیعتیماد مەكە
بە غرووری عیلم خۆت بەرباد مەكە
ئەگەر لە عەیبی خۆت تێگەیشتی
عەیب لە خەڵك گرتن زوو بەجێی هێشتی
ئەگەر دوژمنی خۆت بە كەم بگری
بۆ غافڵی خۆت تا زووە بگری
كەمی خۆت مەدە بە زۆری خەڵكی
كە چاو لە دەست بی دیارە بێكەڵكی
ئەوی لە دەست چوو خەمی بۆ مەخۆ
خۆت بپارێزە لە تەفرە و درۆ
ئازار بە ئازار دامەمركێنە
بیشرەنجێی دڵی كەس مەرەنجێنە
ئەگەر تۆ دڵت بێ تەجرەبە بەست
هەروا بزانە مار دەماری گەست
هاوسێ نادان بێ ماڵت زیندانە
لەتەك ڕەندانا زیندان سەیرانە
بۆ كەس حیسابی بەربووە مەكە
پێت بڵێن نەزان خۆت تووڕە مەكە
لەگەڵ نەناسا مەبە بە هاوڕێ
ڕێی شەقام بگرە تا ئەتباتە ڕێ
بە هونەری خۆت خۆت هەڵمەكێشە
ڕەزامەندی خەڵك بۆ تۆ لە پێشە
كە بە پشت كەری دێزا ڕابووری
ئەبێ لە ژانی لەقەی ببووری

ژین، ژ ٦٠٠، ١٩٤٠/٦/١٣.

ئەم بەندە كاكەی فەللاح ژمارە ٥٩٩ی بۆ داناوە.

٦٠١

که تۆ بەخشیت و جنێویان پێدای
ئینجا بزانە کە مەردی خودای
ئەگەر پیاوخراپ هات مەدحی کردی
ئەوسا بزانە کە تۆ نامەردی
کارخانەی بەشەر هەمووی ڕەنگ ڕەنگە
بۆیە کوڕ لەگەڵ باوکا بەجەنگە
خوا بیویستایە خۆش خوو خۆش سروشت
یەك قاڵب هەمووی وەك یەك دادەڕشت
ئەگەر خوا ئەوی بەو ئەکوشتایە
جێ نەدەما لەم تۆزە دنیایە
ئە کەس حەل نەکرا ئەم گفتوگۆیە
هێندە دەزانم بۆ کەیفی خۆیە
هیتلەرێك دێنێ ئەیکا بە "سفاك"
خۆی سەیری ئەکا بێپەروا و بێباك
ئەم هەموو خوێنەی پێ ئەڕژێنێ
پاش چی دەماری ئەویش دەدڕێنێ
دنیای وێران کرد بە لەقە و گازێ
ئەم هەموو نازیەیش هەر بەو دەنازێ
ئەڵێن هار چل شەو ئەژی، کوا وایە؟
دە، چلەیشی چوو ! لە برەودایە
بەڵام تا یازدەی تەمووز ئەمێنێ
ئەوسا ئیزرائیل گیانی دەردێنێ
بزانین ئەوسا چیتر دەقەومێ؟
وەك خۆی دەمێنێ ئایا هیچ قەومێ؟
ڕۆژێ بایەزید هات خۆی هەڵکێشا
خەرقە شڕەکەی لە شەت هەڵکێشا
ئاگری دۆزەخی ئەکوژاندەوە
خەڵکی لە یەکتر ئەڕەواندەوە

وەلەکێ قامچی دا لە قولە پێی
جەرگی پێی ئێشا و ئازار، گەییە پێی
وتی جەهەننەم با تیژ بێ تاوی
تەڕووشك تێکڕا بکەونە ناوی   ژین، ژ ٦٠١،٢٠/٦/١٩٤٠

ئەم پەندە لای کاکەی فەللاح ژمارە "٦٠٠"ی دراوەتێ.

پارە و تەيارە هەردوو وەك يەك وان
ئاشكرا و پەنهان جەوەندەی هەوان
بە هەوای بەرزی پياو ئەجوولێنن
ئەوی سواريان بێ ملی ئەشكێنن
جاران گوێ زرنگەی پارەی كە دەبيست
لەدەنگی تەورات خۆشتری ئەويست
ئێستا كە نۆتە و كەللەی قەڕاڵە
زرنگەی نايێ و چاو پێی خۆشحاڵە
قەڕاڵ هەر چەندە خۆی زيندووترە
شكڵی نۆتەكەی خۆشەويست ترە
سەد نەقشی جوانی نەوجوان و ژن
نابێ بە ڕەسمی نوتێكی چڵكن
هەندێ نۆت جاران لە برەودا بوون
دەوڵەتيان نەما بە زيفۆس دەرچوون
ماڵ بۆ خواردنە نەك بۆ هەڵگرتن
بەشی كەس نەدەی ئەن بە دوژمن
هەندێك ئەكەونە سەر ڕێی بۆڵشەويك
لەگەڵ پارەدا ببن بە شەريك
ناڵێن مەحصوولی كەسی خۆيەتی
ساڵ دوازدە مانگە هاتوچۆيەتی
خوا كە بنچينەی دنيای داناوە
بەشی هەر كەسی جوێ بە جوێ داوە
گەورە و بچووكی ئەگەر نەبووايە
ئەم كۆمەڵيە چۆن ئەهاتە كايە؟
هەميشە عەقڵ و عيلم لە پێشە
لە هەموو شارێ نەزان باركێشە
ئەوەی كە خانووی لە بەرد ئەتاشی
زۆری پێنەچوو جێما لە پاشی

بە قوللەی بەرزی خانوو مەنازە
بەشەر بۆ مردن دائیم ڕێبازە
هەر پیرێ خانووی تازەی دروست کرد
خۆشی تیا نەدی بەداخەوە مرد

زین، ژ ٦٠٢، ١٩٤٠/٧/٤.

دزی ناومالْت چاری ناکرێ
کلیك نەبڕی دەستت ئەبڕێ
ئەگەر پێت زانی وا دەلێم ئەزم
ئەگەر نەتزانی و گوردم گرت دزم
ئەو دوژمنانەی لە ڕوودا دۆستن
بۆ هەل دەگەڕێن چاوەڕێی پۆستن
هەرچی بە مەردی بکرێ زۆر خۆشە
لەگەڵ دوو ڕوودا هەڵکردن بۆشە
کە تۆڵەی خەڵکت بە سەرەوە بێ
ئەبێ قەڵغانت بە بەرەوە بێ
جوو کە بازاڕی کەوتە کەساسی
سەگ دەخەسێنێ بە دوو عەباسی
کە دراوی خۆی کردە هەمانە
بە هەموو کەسێك ئەڵێ:"هامانە"
هەرچی تیژ ڕۆیی، زۆر زوو ئەوەستێ
"کەڵەمە" دەمی گایێ ئەبەستێ
دنیا کە دەورەی تاتاری دیوە
تارومار نابێ زۆر هاری دیوە
ئەوی بە مەسنەد خۆی لێ ئەگۆڕێ
دوژمنی هەوا ئەخاتە گۆڕێ
ئەوی بە حەقی خۆی دەبێ ڕازی
ناکەوێتە دەست حاکم و قازی
هەندێك وەك تەلی تەنبوورە وانە
کە دەستت پیانا بۆ تۆ زوبانە
گوێرەکە لەگەڵ لە هەوسار بەربوو
کاتێك زانی کەوتە ناو پەموو
کە گوێرەکەیەك زیانکاری کرد
ئابڕووی گاگەلی ئاواییەکەی برد

زین، ژ ٦٠٣ ، ١٩٤٠/٧/١١.
لای کاکەی فەللاح ئەم پەندە ژمارە ٦٠٢ی هەیە.

ئەگەر بەڕاستی دۆستی یەك ئەبین
هەڵکردمان نابێ پێکەوە بژین
کە تۆ بە دۆستی خۆتم ئەزانی
کاتێکت زانی کە تێم ئەهانی
بیانووی تۆرانت وا لە دڵایە
ئەڵێی بانێکە و دوو هەوای تیایە
کە زانیم دەستت کرد بە جرتوفرت
پێم بڵێی سندان ئەڵێم قوزەلقورت
کە تۆ بە سایەی منەوە "بەگ" بیت
بۆچی وا دەکەی پێت بڵێم تۆ چیت
کە لە ئاوێنەی دێودا خۆتت دی
ڕۆستەم و دێوی سپی دێتە دی
خۆت دا لە قەڵبە بەرگت ئەدڕێ
توندی ڕاکێشی هەودا ئەپچڕێ
پیاو لە بەرچاوی ئەسپا وەك دێوە
بۆیە بەو بچووکیە لای ئەسپ خێوە
نە لە بەرێمە نە لە پشتێمە
بۆ ڕەسوارم ڕۆ لە جێی گشتێمە
هەندێکمان بووینە پەپوولەی زێڕین
ئەسووڕێینەوە لە دەورەی پەرژین
ئەنیشینەوە و گورج هەڵدەفڕین
وەك جل بگۆڕین وا دۆست ئەگۆڕین
ئەم ساڵ ئەم شارە بوو بە گوڵستان
هاتوونە سەیران پۆلی چاومەستان
یاخوا لە فیتنەی چاوی بەد دووربین
با ساڵێ لەناو گەلدا ڕووسوور بین
خوا بیدا و قەدری یەکتر بزانین
دەستی یەك بگرین لە ئاسمانین

ژین، ژ ٦٠٤، ١٩٤٠/٧/٢٥.

ئەم پەندە لای کاکەی فەللام ژمارە ٦٠٣ی هەیە.

٦٠٥

"بایەقوش" لە هەر شوێنێ بخوێنێ
یا "خێوی" ئەمرێ، یا ئەیرووخێنێ
ئەم شارە کە وەك بەهەشت ئەنوێنێ
کە ڕەشەبای بوو، خۆشی نامێنێ
خوا پاراستووینی لە ئاگری "هیتلەر"
یاخوا بە بێغەم تیا بەرینە سەر
کە لە شەڕ دوورین خودامان یارە
با هەر سەیران بێ لە "گردی یارە"
"جوولەکە" بەقین "هامان" ئەکوژن
ئێستا بۆ خوێنی "هیتلەر" نامژن؟
ئەسڵی دوژمنی ئەوان "هیتلەرە"
خوێن ڕێژی هیتلەر لە حەد بەدەرە
بەڵام وا تیری خوای لێ کەوتە کار
هەر وا بزانن بۆی کەوتنە هاوار
چ خوا بەرداره ؟ ئەم ترس و لەرزە
ئەم خوێنە گەشە لە ڕووی ئەم ئەرزە؟
بە زگێ برسی و بە زگێ تێرین
لێمان ناگەڕێن کە خۆش ڕابوێرین
من هەرگیز بۆ خۆم ناپارێمەوە
وا من ڕۆییوم ناگەڕێمەوە
بەڵام بە هیوام خاکی کوردستان
وەك هەڵدەگرێ بێ بە گوڵستان
دەستەی لاوانی خوێندەوارەکان
ئەگەر تێکۆشن بەدڵ و بەگیان
نزیکە خاکمان ببێ بە "ئیکسیر"
هەموو یەك کەون بە ڕاو، بە تەدبیر
کە دەست لە دەست بێ، قووەت لە خوایە
هیچ شوبهەت نەبێ کە ئەمە وایە[1]

ژین، ژمارە ٦٠٥، ١/٨/١٩٤٠.

---

[1] ئەم نیوە دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نییە و نووسیویەتی ئەم نیوەدێڕە هەر بەم شێوەیە دەست کەوت. مەبەستی
لە نیوەدێڕی یەکەمە، واتە هەر ئەویانی دەست کەوتووە.

٦٠٦

ئەم دار و بەردە و ئەم شاخە بەرزە
خوا دایڕشتووە، لەنگەری ئەرزە
بۆیە شاخی زۆر لەم خاکەدایە
زەمینەکەمان جنیشی تیایە
ئەمەندە سەختە نابێ بە ڕێگا
خوا بۆیە هێندە بەفری تێ ئەکا
بەرەودوا ئەمساڵ خەڵك دێن لەو خوارە
داری بەردارە جێی سایەدارە
ڕۆژێ دارتاشێك چووبووە سەفەر
گەیە کانییەك سێبەری لەسەر
لێی حەسایەوە، سەری هەڵبڕی
لقێ داری دی بە مشار بڕی
دار هاتە زوبان وتی دنیایە
بۆیە بەدکاری وەکو تۆی تیایە
تا ئەو کەسانەی کە دار ئەنێژن
قەدریان دەرکەوێ، چاکەیان بێژن
دەشتی شۆرەزار هیچی لێ ناڕوێ
لێرە لەسەر بەرد دار و گیا ئەڕوێ
کێو نموونەیە بۆ حاڵی بەشەر
چەند ماندوو ئەبێ تا ئەگەیتە سەر
لەگەڵ سەرکەوتی ئینجا بەناچار
ملی ڕێ دەگری یەڵڵا سەرەوخوار
"اكملت لكم دينكم" کە هات
"یار"ی غار گریا، ئاو بە چاویا هات
فەرمووی پێغەمبەر تەشریفی ئەڕوا
عادەت کەماڵ زەواڵی لەدوا
زیندەگی و برەو بۆ کێ سەر ئەگرێ؟
هەرچی هات ئەڕوا، هەرچی "زا" ئەمرێ[1]

زین، ژمارە ٦٠٦ ، ١٩٤٠/٨/٢٥.

[1] ئەم دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نییە.

ئەگەر لە نوێژا ڕیا بنوێنی
خۆت و خەڵك و خوا ئەخەڵەتێنی
هەندێ کە "زیافەت" بە سەلەم ئەدەن
چاوەڕێی هەلن تۆڵەیێك بدەن
هەندێ کە میوان نانێکیان ئەخوا
ئەبێ "موسهیلی" بۆ بێ دوابەدوا
پیاوێ بە پیاوێك ئەڵێ بە تانە
دوێنێ خوشکەکەت چۆتە "کارخانە"!
ئەڵێ چۆن؟ بەڕاست ئەمە دێتە دی؟
ئەڵێ ژنەکەم بە چاوی خۆی دی
قەدری مانگ نییە تا نەگاتە شەو
گەرما ئاوی سارد ئەخاتە برەو
بەنیادەم زادەی "قەترە مەنی"یە
کە کەوتە ڕووی کار" هەزار مەنی"یە
بە بایەك هەموو عەیشی بەبایە
کە کەوتیشە ئاو وا لە خاکایە
ئەوی ئەزانێ بۆت ناچێتە خاك
مێردی ژن نەیبا، بیخۆ بە بێباك[1]
کوڕت جاهیل بێ ڕەنجت بە بادە
میرات "میقرۆبی" شەڕی ئەولادە
بە ڕەنجی شانی خۆت بژی بەستە
پارەی میراتی وەك چڵکی دەستە
قومار لە هەموو فیعلێ بەدترە
"مەحبووبە" و "شەراب" بە لەزەت ترە
کە بیبەیتەوە قەدری نازانی
لەگەڵ دۆڕاندت دڵ پڕ لە زانی
ئەم پەندە خەرجی پیاوی فەقیرە
دەوڵەمەند لە کوێ ئەمەی لە بیرە[1]

ژین، ژمارە ٦٠٧ ، ١٩٤٠/٨/٢٩.

[1] لای کاکەی فەللاح نووسراوە " مێردی ژن نەیبا بێ ترس و بێ باك".

٦٠٨

مریشك ئەچێتە جێیە چینەی بێ
ناچێتە جێیە کەوا چی نەبێ
ماڵ لێی ئەبەخشی کەمتر بەرئەگرێ
مێو کە ئەیبڕی کەمتر بەر ئەگرێ
ئاو بەری گیرا پەنگ ئەخواتەوە
ڕایی بێ ڕێبوار لێی ئەخواتەوە
ئەوەی بە پارە لە خۆی بایی بێ
باییە هەرچەند ملیۆن بایی بێ
زوبان چاك زۆر کەم قۆرتی دێتەبەر
زوبانە کە "سەر" ئەخاتە خەتەر
کەڵەشێر تا کۆڵ بدا بەگیرە
فیتنە هەوێنی نۆ قازان شیرە
سۆق حەرام خۆر وەك کەڵەشێرە
بانگت بۆ ئەدا و بە پیسیش فێرە
هێستر کە دایکی لە کەر بەرئەگرێ
ڕنەکی ئەکەی گازت لێ ئەگرێ
بە هێستریان گوت باوکی تۆ کێیە؟
وتی ڕەسەنی دایکمم پێیە!
خۆزگە ئەو کەسەی بە "زۆڵ" دەرئەچوو
ئەویش وەك هێستر بەی ئەئەبوو !
پیاوی ساف دەروون کە لە "شێر" ئەچێ
بە گرێ ئاگر لە پڕ هەڵدەچێ
ئاوی خوڕ هەر چەند کە ئەتترسێنێ
هەر ئاوی مەندە پیاو ئەخنکێنێ
ئاو و پیاو مەند و مۆن بێ بترسە
هەر چیت دی ئاوی باوکی بپرسە

[1] ئەم دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نییە.

ئەو ژنەی کە مێرد لای نەنگەویست بوو
شەوێ دزی دی، مێرد خۆشەویست بوو

ژین، ژمارە ٦٠٨ ، ١٩٤٠/٩/٥

ژمارە "٦٠٨" لای کاکەی فەللاح ئەم پەندە نییە، پەندێکی ترە بە ناونیشانی "ماڵ لێی نەبەشی کەمتر بەرنەگرێ" لە لاپەڕە ١٣٨ لە بەرگی یەکەمدا چاپ کراوە.

٦٠٩

ئەو کەسەی کە لووت لە دۆست هەڵدەکا
بێگانە چۆنی باوەڕ پێبکا؟
ئەوانەی بەدی ئەهێننە دی
ئایا لە چاکە بەدی چییان دی؟
کەری دێز مەنێ جۆی بۆ ئەپێوی
تۆپینی ئەوێ بە زیانی خێوی
دەستەیەك سواری گەمییەك بووبوون
بەرێی دەریادا بۆ "مەککە" دەچوون
یەکێکیان شەڕی لەگەڵ "قەپتان" کرد
خستیانە سەربان لە ژووریان دەرکرد
لە ئەهلی "واپۆڕ" بووبوو بە دوژمن
ئەیگوت نوقوم بێ "فیریسیا" لە من
"هیتلەر" چووە سەر قەبری "ناپلیۆن"
وتی: ناداری تەئریخ چۆنی، چۆن؟؟
ناڵەیەك لە خاك هات بە حەزینی
وتی: وا تۆی دەێی بۆ خۆت ئەیبینی
لە داخی ئینگلیز من هاتمە گۆڕێ
ئێستا چۆن بە تۆ دونیا ئەگۆڕێ؟

زین، ژمارە ٦٠٩ ، ١٩٤٠/١٠/١٩.

ئەو کەسەی کە سەنگ لە خەڵك ئەگۆڕێ
سینگی نایە گۆڕ، سەنگی ئەگۆڕێ
تەرازووی ئێرەت ئەگەر سەرنەکا
تەرازووی ئەولات سەرت دەرنەکا
نرخمان گرانە و "حوققەمان" سووکە
ئەپارێینەوە لای "مەڕنەمووکە"
مار و دووپشکی دونیا بەزەبرن
بۆ پیاوی زۆردار هاودەمی قەبرن
بەڵام فایدەی چی؟ ئەمانە بۆشە
ئینسان زۆردارە زوڵمی لا خۆشە
ئینسان لە "نیسیان" دروست کراوە
بیری ناو بیری لەبیر نەماوە
ئەگەر وایش نەبێ هەموو بە عیبرەت
تەرکی دونیا کەن بکەونە عوزلەت
هەموو دەبینە فریشتەی تەنیا
هیچ کەس نامێنێ ڕوو بکاتە دونیا
"هیتلەر" بۆ دونیا، دونیای وێران کرد
بە شەڕ ملیۆنێ خەڵکی لەناو برد
نایەتە عەقڵی کە ئەویش ئەمرێ
وەك "جەنگیز" ناوی بە خوێنرێژ ئەبرێ
وا بڵێین "هیتلەر" بۆ خۆی هار بووە
نازانم خەڵکی بۆچی لە دووە؟
بە سەنعەت ئاو و هەوا ڕام ئەکەن
بە وەحشەت دونیا بێئارام ئەکەن
ئەمەندە بە جۆش بۆ شایی ناچن
ئەمامی عومری خەڵك هەڵدەپاچن
ئەوانەی کەوا بۆ شەڕ دەبرێن
بێگومان خۆشیان تیادا دەکوژرێن
فەرموودەی خوایە و کردەوەی یەزدان
"لولا دفع الله" هاتۆتە مەیدان[1]

ژین، ژمارە ٦١٠، ١٩٤٠/١١/٧.

[1] ئەم دێرە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نییە.

نالەی شەو نالی نالدار ئەشکێنێ
زولمی ڕۆژ مالی مالدار ئەڕمێنێ[1]
هەناسە و زۆردار بەفر و هەتاوە
باوجود ئێستا باوەڕ نەماوە
دەستی دز بڕین باو بوو تا دوێنێ
ئێستا دەستی دز گورز ئەوەشێنێ
خۆ بابی بابی نەما لەم شارە
کەچی دەبینم کەر سواری سوارە
کەرەکەی عوزێر تەنها دەزەڕێ
کەڕەشێخ زۆر جار لە ژن دەپەڕێ
جاران ڕێی بەغدا ئەمەندە دوور بوو
مەسەلی چوونی بەغدا مەشهوور بوو
ئێستا کە "تەرەن؟" ڕێی کرایەوە
ئەو مەسەلەیە وەرگەڕایەوە
خورمای کوردکوژە ناوی گۆڕاوە
بەو ناوبردنەیش باوی نەماوە
ئەوەتی پردی زنجیر نەماوە
دیجلە بەهاران شێتێ تەواوە
هەر بەو شێتییە کە کەف دەچێنێ
ئەترسم ڕۆژێ بمانخنکێنێ
خورما و پرتەقاڵ لە بەغداوە دێ
لێرەوە ترێ و هەرمێی بۆ دەچێ
هەر دوولا بۆ یەك دیاری دەنێرین
بۆیە بە خۆشی ڕادەبوێرین
ناچارین هیچمان بێ یەك هەڵناکەین
لەگەڵ یەك پاك بین هەر، ڕوو لە چاکەین
دوو دەست یەك کەون هێزیان پێکبێنن
ڕەگی درەختیش لە بن دەردێنن   ژین ، ژمارە ٦١١، ١٨/١١/١٩٤٠.

---

[1] ئەرمێنێ "لای پیرەمێرد" ئەشکێنێ "لای کاکەی فەللاح".

زۆردار کە لێکەوت بایەزیدێکە
بای ڕێکەوت بیبا یا یەزیدێکە
"ان الانیسان لیطغي" دیارە
کردەوەی خواری بەندەی بێعارە
"هیتلەر" بە غروور هاتۆتە مەیدان
"انا ربکم" ئەڵێ بە جیهان
بەڵام ئەو تەونەی گرتوویەتە دار
نایتەنێ بۆ کەس دەستی ڕۆژگار
ئەو کەسەی کەوا زۆر بەرز ئەفرێ
کە کەوتە خوارێ هێلکی ئەبڕێ
لەو ڕۆژەوە خوا دونیا داناوە
هەمووی بەجارێ بە کەس نەداوە
ئەو دەوڵەتانەی دڵ بریندارن
کێ دەڵێ لەگەڵ قاتلْدا یارن
برینی ناحەق قەتماغەیش بێنێ
بیر ناچێتەوە، ئێشی دەمێنێ
دونیا شێواوە و پشتمان نەوییە
سا بزانین خواستی خودا بە چییە؟
دەست بە کڵاوی خۆمانا بگرین
بۆ خوێن ڕشتنی نارەوا بگرین
ئێمە شەڕکەر نین، هیچمان لێ نایە
بە فێڵ گرانی دێنێتە کایە
"ڕازیانە" لەبەر دەرگامان بارە
کەچی زگ یێشە کەوتە ئەم شارە
کاری نارەوا تاسەر نامێنێ
خوا حەقی" بزنی بێشاخ" ئەسێنێ

ژین، ژمارە ٦١٢، ١٩٤٠/١١/٢٨ز.

گلێنەی چاوت بکە بە وێنە
عالەم ببینە، هیچ خۆت مەبینە
کە بەخودبینی خۆت لەخۆت گۆڕی
زوو لە خۆت ئەگەی شایستەی گۆڕی
بە زەردەخەنە کە کەوتیە ڕەخنە
بۆ دیواری قەدەر ئەبێ بە ڕەخنە
تازە پیاکەوتوو کە قەرزت باتێ
ئەیداتەوە ڕووت لەدوای سەعاتێ
بەڵام پیاوی کۆن خزمەتت بکا
ئەیەوێ نە خۆت نە کەس تێبگا
لە پاشملەی خەڵك بەو ڕەنگە بدوو
شەرمەزار نەبی کە کەوتیتە ڕوو
کە چاکە ئەکەی مەیڵێ لەلای کەس
بۆ زەوقی خۆت بێ و خوا بیزانێ و بەس
کەسی هیوادار نائۆمێد مەکە
خێرت ئەنووسێ بەقەد ڕێی مەککە
دڵی هیوادار بشکێ "قضاية"
نوێژ "قضاي"هەیە ئەو بێ "قضاية"
هەزار دۆستت بێ هێشتا هەر کەمە
تەنها دوژمنێ سەرمایەی غەمە
ئامۆژگاری بێ کەم ماڵ سووك مەگرە
پێغەمبەر فەرمووی فەقیری فەخرە
گریان لەسەرخۆ خەم ئەڕەوێنێ
هەندێ پێکەنین دڵ تێك هەڵدێنێ !
دەوڵەمەند پیر حرسیان زیاد ئەبێ
حەریسیش دیارە کە ناشاد ئەبێ
"هیتلەر" ناشادە کەوا حەریسە
شەڕەگەڕەکەر بەشی هەر لیسە

. ژین ژمارە ٦١٣، ١٢/١٢/١٩٤٠ ز.

٦١٤

ڕەنج پەیژەیەکە پیا سەرنەکەوی
کە دەستت بەردا بێسەر ئەکەوی
بە کردە و کۆشی تێکۆشە وەك شێر
دەستی ماندووە لەسرە سکی تێر
تەمەڵ کە وتی: وا هەمە ئەیخۆم
لە دواییا ئەڵێ ئای چیم کرد بەخۆم!!
کە تۆ بە نان و بەرگی کەس نەبی
ئەچیتە ڕیزی یارانی "نەبی"
دەست پان کەیتەوە لە پێ ئەکەوی
کە لە پێکەوتی، ئەکەویە نەوی
کەم بخۆی لەشت بێ عیللەت ئەبێ
کەم بڵێی سەرت سەلامەت ئەبێ
چاوت لە نانی دیوانی نەبێ
تێری لێ ناخوا بە ئەرخە نەبێ
کەوتووینە دەورێ دەورەی ڕیاسەت
بە مەهارەتە، نەك بە کیاسەت
خوێندەوار بۆیە ناخەنە قەڵەم
خۆی بە خوێندەوار ئەداتە قەڵەم
نازانێ ئەوی بە عیلم ئەنازێ
هەڵکردی دێتە سەر نان و پیازێ
ڕاستە هەموو چشت بەدەست خودایە
ئەوی "تەشەبوس" نەکا لە دوایە
چونکو خوا نایێ بێ بە کوێخای تۆ
تا خۆت نەیژەنی ماست نابێ بە دۆ
"لیس الانسان الا ماسعی"
لە پێشدا سەعی، لەپاشا دوعا

ژین، ژمارە ٦١٤، ٢٦/١٢/١٩٤٠ ز.

ئەزانی بۆچی ئەم ڕۆژە جوانە؟
شەو ئاوادەبێ، لێمان پەنهانە
لەبەر ئەوەیە قەدری بزانین
لێی وەڕست نەبین، سووك تێی نەڕوانین[١]
لەگەڵ ئەوەدا لەلایان وایە
کە ئەم دونیایە بە ڕۆژ ئاوایە
کەچی هاوینان خەڵك لێی بێزارە
پیاوی نازپەروەر لێی بە هاوارە
پەندە بۆ ئەوەی زۆر لە پێش چاوە
ئەگەر ڕۆژیش بێ، خەڵك لێی بێزاوە
عەشقیش کە شێتی دێنێ بەسەردا
شووری مانیعەی وەسڵە لەبەردا
کە ئاشقە و ماشقە زوو بەیەك بگەن
زۆری پێناچێ پشت لە یەك ئەکەن
ئێستا وێزێتە هێندەی تێناچێ[٢]
کچ لەگەڵ کوڕە، پرچ هەڵدەپاچێ
بۆیە هیچ کوڕێ بۆ کچ شێت نابێ
پێکەوەن لەسەر نان و کەبابێ
جاران کوڕ ئەیگوت: جەرگم کەبابە
ئێستا خەنیمی نان و کەبابە
ئای بۆ دەورەی کۆن، دنیا چەند خۆش بوو
کوڕ بەعەشقی کچ مەست و سەرخۆش بوو
بە لۆیە بەرگ و بە نان و ئاوێ
شا بوو بە عەشقی سەربەدراوێ
ئەگەر تۆ خوای خۆت بناسی بە دڵ
هەموو مەرامت بۆ ئەبێ حاسڵ

سووك تێی نەڕوانین "لای پیرەمێرد" قەدری بزانین" لای کاکەی فەللاح".
وێزێتە "لای پیرەمێرد" دووریکە " لای کاکەی فەللاح"، وێزێتە: پرس کردن بۆ چوونە لای پیاوی گەورە.

خۆشەویستی خوا خەم ئەڕەوێنێ

کە خوات بوو کارت بە کەس نامێنێ[1]

زین، ژمارە ٦١٥، ١٩٤١/٧/١

[1] ئەم نیوەدێڕە لای کاکەی فەللاح نییە.

دنیا کەوتۆتە خەم و دڵتەنگی
هاتووە بەیەکدا وەکوو مووی زەنگی
دیسان مووی زەنگی ئاڵۆزایەوە
"قەڕاڵی حەبەش" کەوتە کایەوە
دەعوای بەرانی ڕەش و سپییە
بزانین خواستی خودا بە چییە؟
چەند خۆشە ئینسان لە جێییەکی بەرز
سەیری دنیا کا بە بێترس و لەرز
"هیتلەر" یەکانەی بەلەسەی شەڕە
لەگەڵ بەشەردا بە داوا و گەڕە
"ماتاکساس" ئەمرێ ئەو هەر زیندووە
باوکم بە خوا، خوا ئەمری کردووە
مادەی کەر و گای "کفر ئەحمەد" حەقە
وەرە لە داخا مەمرە و مەتەقە
بە حیساب ئەمرۆ پشکۆ ئەکەوێ
تۆی چلوولەی چلە ئەڕەوێ
خۆزگە ئەمساڵیش لە کەناری "زەڵم"
لەناو نێرگسدا ڕائەکشام وەك "بەڵم"
کەناچەی پۆڕ و هاژەی بەفراوان
دەنگی ئەدایە بەندی دووئاوان
ساتێ لە ڕادیۆی شۆڕش دوور ئەبووم
ڕادیۆم لێبووە بە ئاوازەی "بووم"
جاران "جوولەکە" خومی ئەشێوا
بەدرۆ پیاویان ئەکرد بە کێوا
ئێستا کارخانەی درۆ ڕادیۆیە
هیچ کەس نازانێ کە ڕاست لە کوێیە
تەبعی زەمانەیش هیچ ڕاستی ناوێ
پیاوی ڕاست ئەخەن بە بەندوباوێ

لە دەست نووسەکەوە وەرگیراوە بە ژمارە ٦١٦
ئەم پەندە لە چاپی کاکەی فەللاح دا ژمارە "٦١٧"ی دراوەتێ.

٦١٧

دەڵەك كە پێستی كەوڵی شاهانە
ناوی بە "تسن" لەناو ناوانە
نادر هەڵكەوتوو، بە ڕەگەز نییە
مریشكیش ڕەشە و هێلكەی سپییە
"فزونی لشكر نیاید بە كار"
چین و ئیتالیا كەوتوونە هاوار
ئیتالیا لنگی دایە و تێشكا
"غاریبالدی" بۆ وا ئابرووی تكا؟
ئەمە پاداشی بێوەفایی یە
دۆم بە سەروپێ لەخۆ بایی یە
ئەمانە هەموو بە خواستی خوایە
كێ ئەیگوت "یۆنان" زوور "ئیتالیا"یە؟
هەرچی بەرز فڕی كە كەوتە خوارێ
سەروگوێلاكی ئەشكێ بەجارێ
لەشكری ئینگلیز گەیییە "بەنغازی"
وەك شایی كەران كەواتنە ڕمبازی
من شەرم ناوێ با هەر شایی بێ
پلاو خواردنمان بە خۆڕایی بێ
سەلكێ چەوەندەر گەیییە پێنج ئانە
هێشتا پێم ئەڵێن بیكرە هەرزانە
ئەوی كە ئەیخوا بە بادی هەوا
بەند و باویشم ئەخاتە دوا !!
گونای ئەو نییە دنیاكە وایە
ڕیایی ڕوتبە و خاوەن كەوایە
هەرچی دەبینی كوشتەی كورسییە
ئەوی خەڕۆیە بەخۆی برسییە
"گا" لەسەر پشتی "ماسی" وەستاوە
بە كوردی ترەكەڵەكی ناوە

زین ، ژمارە ٦١٧، ١٣/٢/١٩٤١ز.
ئەم پەندە لە چاپەكەی كاكەی فەللاح دا بە ژمارە "٦١٦" چاپ كراوە.

٦١٨

کار که به زانست بۆت نەچێتە سەر[١]
بە هەڕە مەڕۆ، ڕاست بیدەرەبەر
بەردێ کە نەزان بیخاتە ناو ئاو
دەرنایێ بە سەد عاقڵی بەناو
شووشە کە لە بەرد دروست ئەکرێ
خۆی گۆڕی بەرگەی بەرد ناگرێ
چێشتێ "ئەنگیناز" لە شاران باوە
لێرە کەس نایخوا "کەرتەشی" ناوە
خوا کار بە عاقڵ بۆیە ناسپێرێ
ئیش بە هونەری خۆی ئەژمێرێ
یەکێ خەریکی "سکە" لێدانە
کیمیاگەرە و موحتاجی نانە
یەکێ خزمێکی لە دووری ئەمرێ
لەپڕ دەوڵەت و خەزنەی پێ ئەبڕێ
یەکێ "تەحسیلی عالی" ئەبینێ
بۆ مودیرییەك دۆش دائەمێنێ
کەچی لەولاوە نەخوێندەوارێ
بوو بە قایمقام چوونە لای جارێ
وتیان: چیت زیادە لە پوورە ئایشێ؟
وتی: حەو! خۆ ئەو قەندە ناکێشێ!!
خوا شیرینی وای بە پارە داوە
پارەدار خەڵکی ئەڕوا بەدواوە
ئاڵتون کە ناوی بەزەڕ ئەبرێ
ناوی "زەڕ" دێنی، کەر بۆت ئەزەڕێ
ئەمانە هەموو فلسێ ناهێنێ
پارەی پارەدار چەنە ئێشێنێ

ژین، ژمارە ٦١٨، ١٩٤١/٢/٢٠

---

[١] لە چاپی کاکەی فەللاح دا نووسراوە: کارێ کە زانیت.

٦١٩

پیاوی پیر تا بێت گوڕی کەم ئەبێ[1]
داری وشك گڕی وەکو شەم ئەبێ
ئاو و پیاو مەند و مۆن بن، بترسە
سەگی نەهێنگر، ڕامەگرە خرسە
هەندێ ڕووبەڕوو زوبانیان چەورە
کەوتە پاشملە دەمە دەم دەمە تەورە
پیاوی دەم هەراش کە لەبەرەوەن
شێری ماڵەوە، ڕێوی دەرەوەن
هەندێ بە هیوان کە هونەر باو بێ
بڵێ کێ دیویە؟ زستان هەتاو بێ[2]
زەمانی مەهدی خەیاڵی خاوە
دنیا بە کلکی" گا" ڕاوەستاوە
تا دەست بەکلکی ئەو "گایە"نەگری
ئەگەر شێریش بی لەبرسا ئەمری
مانگا بە دزی "کەڵ یەگرت" جاران
ئێستا "تلی لی لی" مانگای بۆ دەبەن
ئەم بێشەرمییە تازە کەوتە بەین
ڕوتبەی حاڵوماڵ هەمووی بۆ زەوقە
کە زەوقت نەبوو، ماڵ لە لات تەوقە
خۆ ئەشیزانین کە نایبەینە گۆڕ
نایخۆین بۆ ئەوە کە زۆرتر بێ زۆر
ئەم پەند و بەندە کە لە پێش چاوە
لە ڕاستی هەندێ وەك بەندوباوە
"سەعدی" وتوویە کە بە خوا بەندی
دەروێشی خۆشە، نەك دەوڵەمەندی
لەگەڵ ئەوەیشدا دەوڵەت شیرینە
ئێمە وەك "مێش" و دنیا "هەنگوینە"

ژین، ژمارە ٦١٩ ، ١٩٤١/٢/٢٧ ز.

[1] گوڕی "لای پیرەمێرد" گری "لای کاکەی فەللاح".
[2] نیوەی ئەم نیوەدێڕە لە چاپی کاکەی فەللاح دا ناتەواوە.

٦٢٠

پیاو تێر بێ و چاو تێر مەندە و بێوەیە
برسێتی ڕەگی هاری پێوەیە
چۆن یەکێ بخوا و یەکێ بڕوانێ[1]
برسی یەخەی تێر ئەگرێ بۆ نانێ
پیاوی تێر ئاگای لە برسی نییە
بە ماڵ ئەخوڕێ هیچ ترسی نییە
ناوی خۆی نابوو خادیمی وڵات
کە هات بێتەبەر بۆ خۆی تێ ڕۆهات
درۆ، شیعرێکی پیاوی گۆبەندە
تا موبالەغەی تیا بێ پەسەندە
لەبەر ئەوەیە هەموو شاعیرین
کە لە درۆدا هێندە ماهیرین
ئەم "ڕاست و چەپەی" کە ئێستا باوە
خۆزگە ئەمزانی کێ ناوی ناوە؟
دەستی ڕاست بەشی چێشت پێ خواردنە !
دەستی چەپ پیشەی تارات گرتنە !!
ئێستا "چەپ" "ڕاستی" خستۆتە گۆڕێ
ئەشێ وەزیفەی دەستیش بگۆڕێ
ڕەحمەت لە گۆڕی "پیرەوەیسی خلك"[2]
ئەڵێك "مێ" "نێرە" و نێر مێنگەی شلك[3]
ئەگەر ژێرکەوتەو، ئەگەر هارییە
ئەم کارەساتە لە بێکارییە
پیاو بێ "سەرمایە"، کوشتەی سەرمایە[4]
"با" لەو کونەوە تا بێ سەرمایە

زین، ژمارە ٦٢٠، ١٩٤١/٣/٦ ز.

---

[1] ئەم دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا پاش و پێشە.
[2] لای کاکەی فەللاح نووسراوە "پیرەمیسی خەڵك".
[3] لای کاکەی فەللاح نووسراوە "ئەڵێی مێ نێرە، ویز، مینگەی شلك".
[4] لای کاکەی فەللاح نووسراوە " پیاوی سەرمایە".

٦٢١

له شەڕی بەدکار پشت بە خوا بەستە
ئەوە مەبەستە، مەترسە، بەستە[1]
هەرچەند گفتوگۆت بێسەروپا بێ
کەس لێت ناگرێ کە دڵت پا بێ
دڵ پیس بە ئامشۆ "کەدەر" ئەبەستێ[2]
هیچ دەربەست نییە کە دەر ئەبەستێ
بە ئیملای کۆنە "سر" و "سەر" بران
"سڕ" و "سەر" هەر دوو پێکەوە بڕان
دەستت ببەستێ، دەستت ئەبەستی
بڵندی ئەکەی ئەکەویە پەستی
لە ئێران جاران ئەمام ئەمام بوو
ئێستا سەربەزی ئەمام تەمام بوو
لە دوای خودا و دەوڵەمەند گەڕێ
وشك و تەڕ جووت و ئاشی ئەگەڕێ
هەور گرماندی ترسنۆك تۆقی
وتم ئۆخەی وا قارچك هەڵتۆقی
بە توانج ئەڵێن دوومەلان زۆڵە
خۆ ئەوی" زۆڵە" خەلات لە کۆڵە !
زستان سەرمای خۆی وەرگەڕایەوە
ڕێویش پێستی خۆی وەرگێڕایەوە
چەشنە "ڕێوییەك" هاتۆتە کایە
ڕێوی "قەمچووغە" پێستی پڕ "کایە"
توولەماری وا ڕووی کردە "کابە"[3]
ماری شێخ هومەر، سەگی ئەسحابە

ژین ، ژمارە ٦٢١، ١٩٤١/٣/١٣ ز.

---

[1] لای کاکەی فەللاح نووسراوە "ئەوە مەبەستە، مەوەستە، هەستە".
[2] بە ئامشۆ"لای پیرەمێرد"، لە هیچە"کاکەی فەللاح".
[3] توولەمار" پیرەمێرد، توولەکار"کاکەی فەللاح".

٦٢٢

با، مێخ سندانی فڕێ دایە دەر
پێچ و کلوویان ئەهاویشتە بەر
قەساب خۆی دەرکرد بە جوابێکی سارد
کەچی مووی ڕیشی بە ناونیشان نارد
تفی لە ڕووی کرد، پێیوت "کەرەتە"
وتی: قەیناکا، باران ڕەحمەتە
کاسە کە چەور بوو ئاو ناگرێتە خۆی
گاجووت تێناگا بلوێر لێدەی بۆی
دار بە پوازی خۆی ئەقەڵیشێ
گوڵی دۆست زیاتر لە بەرد ئەیێشێ
ئەگەر ئەتەوێ ئازادەسەر بێ
ئەبێ"بەشەددە" و "بێشەددە" کەڕ بێ [1]
"پواسون داوریل" پیشەی شاعیرە
کەچی زۆر جاهیل تیایا ماهیرە
ئێمە بە "مازوان تێشکان" پەستین
بەهیوای ئەوەین "بەسیچکان" هەستین
"شکر" و "شرك" هەر دوو لە قاڵبێکن [2]
کەچی بە مەعنا چەند دوور لە یەکن
شیعر و شەرع و عەرش کەرەستەیەکە
شیعر لەم دووانە هەڵبەستەیەکە
هەرچیت ئەدەنێ ناوی کەرەمە
تەنها جنێوە منەتی کەمە
کە مردیت هیچت لەگەڵا نایە
گوناه هاودەمتە، ئەو بەوەفایە !

ژین ، ژمارە ٦٢٢، ١٩٤١/٣/٢٠ ز.

---

[1] ئەم نیوە دێڕە لای کاکەی فەللاح نووسراوە: "ئەبێ بێشدە و بێ شدە کەڕ بێ".
[2] لای کاکەی فەللاح بە "شەرك و شوك" نووسراوە.

٦٢٤

هونەر ئەوەتە شەخست خۆش بوێ
بۆ نانە "دونان" ڕەدوو ئەکەوێ
خۆهەڵکێشانە بە کردەوەی حیز
چاولێکەرییە پێی دەڵێن خەرمیز
ئەمرۆ پێت دەڵێن لە دەورت گەڕێم
پێت هەڵخلیسکا ئەڵێن لادە لێم
من پیاوی وەهام دیوە و بیستووە
لە تەنگانەدا دۆستی ویستووە
جاران ئەیانگوت کە نەخوێندەوار
لێك ناداتەوە ئازایە و بەکار
ئێستا خوێندەوار ئازا و جەسوورە
بەهۆی ئەوەوە میللەت ڕووسوورە
لە قوببەی بەرزی سەر وڵاتەوە
کردەی مەردییە دەنگ ئەداتەوە
ئەو کەسەی کەسە و بەفریا ڕەسە
کەسیش نەزانێ زەوقێکە بەسە
بەدخوویش خەیاڵی داوەتە زیان
ئەڵێ "غرقش کن ما هم در میان"[1]
دەستی بۆ کەڵکی خەڵك درێژ نەبێ
یاخوا برینی قەت سارێژ نەبێ
ئەگەر پێش ئەوەی کە دەچێتە خاك
خاك بی ئەبیتە مەردێکی بێباك

ژین، ژمارە ٦٢٤ ، ١٩٤١/٤/١٧ ز.

---

[1] واتە: نوقمی کە و ئێمەش تیا بین.

٦٢٥

ئەو بێدەستندەی کە ماڵ ئەبەخشێ
کەماڵی کەمە، زوو پێی ئەلەخشێ
بە ماڵ دڵخۆش کە لە ڕێی خودادا
"مێو" تا ئەیبڕی بەری زۆر نادا
بە ماڵ دڵخۆش کە، نەك بە ماڵ دڵخۆش
مەچۆرە "کەعبە"، بچۆ سەر نەخۆش[1]
دانا وتوویە: ماڵ چڵکی دەستە
بە ناوی چاکیت پشت بەستە، بەستە
ئەو کەسەی بەسەر نەفسیا زاڵە
بۆ دێوی نەفسی ڕۆستەمی زاڵە
دەوڵەت بە دڵی خۆشەوە خۆشە[2]
ئەگینە بارەت قورس ئەکا بۆشە
حوشتر لە ڕەنجا بۆیە ناسرەوێ
بەو زل حۆرتییە دوای "کەر" ئەکەوێ
دەلاڵ سەندووقی ئەفرۆشت لە بازاڕ
بە هەڕاج هەڕاج بۆی کەوتبوە جاڕ
ئەیگوت: ناوی ئەم سەندووقە جوانە
بیکڕی و نەیکڕی هەر پەشیمانە
ئەوە مەرامی ژن و منداڵە
بوون و نەبوونی عەیشی پێ تاڵە
بێژن و ماڵی و دوژمنی شەیتان
حەزرەتی عیسای بردە ئاسمان

زین، ژمارە ٦٢٥ ، ١٩٤١/٥/١ ز.

---

[1] بچۆ "لای پیرەمێرد" ، بچۆرە "لای کاکەی فەللاح".
[2] ئەم دێڕە لە چاپی کاکەی فەللاح دا نییە.

٦٢٦

کار تا نەشێوێ ناگاتە سامان
"کەوا" نەیکێشی ناگاتە دامان
نەجووڵێیتەوە خوێن نایەتە لەش
تەقەللا نەدەی ناتدرێتێ بەش
"ضرب المثل"ە بە زوبانی ئێران
مەپرسە و لێدە لە تیپی ڕەندان
"غەواس" کە ترسی مەرگی بێتەبەر
ناچێتە دەریا و ناگاتە گەوهەر
هەرچی دێتەپێش حوکمی قەدەرە
لەڕاستی قەدەر خەڵك بێ "بەصەرە"
مەنیشە بەهۆی چۆن وچەندەوە
باز لە بوارا دێتە بەندەوە
جاران بۆ مەسنەد بازیان هەڵئەدا
زۆر جار ئەکەوتە سەر پیاوی گەدا
ئێستا ئەو کەسەی قودرەت ئەنوێنێ
بەهەڵمەت بەختی دوژمن ئەنوێنێ
هەندێ لە نادر بۆی هەڵدەکەوێ
بە پاش قول دێوی زوو بۆ دەکەوێ
خو فەرمووی هەندێ چشت ئەکەرهێنی[1]
دوایی دەیبینی کە خێر دەبینی

ژین، ژمارە ٦٢٦، ١٩٤١/٥/٨ ز.

[1] ئەکەر هێنی؛ واتە ڕقت لێی دەبێتەوە، ئامازەیە بۆ ئایەتی :"عسى ان تكرهوا شيئا و هو خير لكم"،

هونەر ئەوەیە بەدت خۆش بوێ
خۆشەویستی چاك بەر تۆ ناكەوێ
خوا چاوی بەدبین كوێركا بەتەواو[1]
هونەری كەسی نایەتە بەرچاو
تاله دنیادی موحتاجی ماڵی
بێماڵ لای عەوام، وەك بێكەماڵی
بیشزانی پاش خۆت دوژمنت ئەیبا
تۆ كۆی كەرەوە ماڵ مەدە بە با
بەڵام ستەمە ماڵ لەگەڵ كەماڵ
تۆ مەكەوەرە دووینەمری مەحاڵ
ئەگەر ئەتەوێ كە دەوڵەمەند بی
ئەبێ بە كرد عەوام پەسەند بی
خوا نەوعێ دەوڵەت ئەدا بە نادان
سەد پیاوی دانای تیا دەبێ حەیران
بۆ هەندێ كەرەم ئەبێ بە دۆستی
هەندێ بە پاروو دەمی ئەبەستی
ئەگەر بە كەرەم دڵیش ڕانەگری
وامەكە خەڵكی لە قسەت بگری
خەڵكی لە قسەی ڕەقت سەخڵەتە
گەر زوبان بێڵێ سەرت ڕەحەتە
هەموو كەسێ خۆی بە پیاو ئەزانێ
خەڵكی مەشكێنە بۆ پاروەە نانێ

ژین، ژمارە ٦٢٧ ، ١٩٤١/٥/١٠ ز.

[1] چاوی "پیرەمێرد" ، پیاوی "كاكەی فەللاح".

"گوڵەبەڕۆژە" مەجزووبی عەشقە
ڕووی هەر لە ڕۆژە، ئەمە سەرمەشقە
نەك "فرِفرِۆکە" بە هەموو بایە
ئەسووڕێتەوە و ڕەنجی بەبایە
"مەقەست" هەر کەسێ ئەموستی پیاکا
دەم دەکاتەوە، فەرقی کەس ناکا
پێم گوت: چی هەیە؟ بیڵێ بیزانم
وتی: نازانم ڕەحەتی گیانم
کە تۆ نەتوێرا دەم بکەیەوە
مەچۆرە جەنگی "جەم" و "کەی" یەوە
تۆ لەچاو خەڵکا وەك نێرکی کاردووی
ئەم دونیایەیان پێ نەسپاردووی
ئەگەر ئەتەوێ دایم لە پێش بی
بەم شارە ئەڵێن شاری "ڕەشەبا"
ئاگات لێ نەبێ کڵاوت ئەبا
باوجود ئێستا کڵاو نەماوە
لای "ئەلۆدەکان" سەرڕووتی باوە
جاران سەری ڕووت ئەخرایە زێی کەر!
ئێستا سەری ڕووت بووە بە هونەر
خوا عاقیبەتمان بەخێر بگێڕێ
وابێ پیاوخراپ بە کەس نەوێرێ

ژین، ژمارە ٦٢٨، ڕۆژی ١٩٤١/٥/٢٩ ز.

٦٢٩

هەندێ ئیش هەیە ناکرێ سەربەخۆ
لێکی بدەوە ئینجا تێهەڵچۆ
خۆت حەوا مەدە لەسەر هەیوانێ
شوێن پێ نەزانێ، کوێر، پێ دانانێ
کە زانی پیاو شانس یاریدەی ئەدا
وا چاکە فرسەت لە دەست بەرنەدا
بەڵام نەك هەروا بە هەرۆمەرۆ
بە تەفرەی خەڵکی زوو ببی خەرۆ
هەرچی بۆ بەرزی وەتەن تێکۆشێ
لیباسی فەخری تەئریخ ئەپۆشێ
ماڵ و سەروەت و شاهی فانییە
هەر ناوی چاکە، جاویدانییە
هەنگ کە شیرینی پێ دروست ئەکرێ
هاتە پێوەدان ئەو بۆخۆی دەمرێ
بەوە مەنازە کەوتیە سەرەوە
وێرانەی وەتەن ئاوا کەرەوە
کە خەڵکی زانی بۆ ئەو هەوڵ ئەدەی
ئەڵێ سەروماڵ بۆتۆ، فەرموو، دەی
بەڵامکە زانی تۆ بۆخۆت دەوێ
ئەڵێ با بڕوا بەلای لێکەوێ
زۆر خۆشە کەسێك کە پێشەوا بێ
بۆ قەومەکەی خۆی وەك چاوگ وابێ[1]

ژین، ژمارە ٦٢٩، ١٩٤١/٦/١٢ ز.

---

[1] چاوگ "لای پیرەمێر"، چاپوك "لای کاکەی فەللاح".

٦٣٠

هەوای دانەیە مورغ ئەخاتەداو
سەودای ناو و داو پیاو ئەخاتە ناو
ئەگینە کەسێ کە خوا بیداتێ
خۆی گرتە کەنار پەلّی ناگاتێ
جاران بۆ ماسی زۆر قنگ تەڕ ئەبوو
چەند تۆڕ ئەپچڕا، چەند داو بەرئەبوو
ئێستا سەد ماسی ئەگرن تەڕ نابن!
بۆ ڕەسمی ماسیش تووشی گەڕ نابن[1]
هەمووی بەهاتە گەردشی دونیا
نەك بە زانست و بە ڕەنجی تەنیا
هەیە لەپڕی ئەبێ بە کوڕێ
هەیە هەوڵ ئەدا و پەلی ئەپچڕێ
"حەمە سالّح ئاغای قزلّجە" پشمان مرد
هەر ئەو بوو لەگەڵ دنیا دەریەبرد
ئەگەر بمایە بۆ ئەم زەمانە
ئەوسا ئەتزانی ساحیب عینوانە
کاتێ بارانی نیسان ئەبارێ
شەلاقەی لەگەڵ ئەڕژێتە خوارێ
گەزۆ و شەلاقە بۆ جۆ ئەباری
ئێستا دەم تالّن بە دەردی کاری
ئەمساڵ "هیتلەر" و "هامان"یان ئەکوشت
بۆیە وا بەردیان لێ گرتوونە مشت
بەلام بەکێشن جەفایان لێ دێ
ئەلێن ئەلّبەتە ڕۆژی ئێمەیش دێ

ژین، ژمارە ٦٣٠ ، ١٩٤١/٦/١٩ ز.

---

[1] لەم دێڕە بەدواوە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نییە، بەلام لە دەستنووسی پیرەمێرد و لە ڕۆژنامەی"ژین"دا هەیە.

٦٣١

تا هەتاو نەبێ، سێبەر نابینی
تا باران نەبێ، دەغڵ ناچێنی
کرم کە ڕەگی درەختی خواردی
پیشەت ئەبێتە هەناسە ساردی
ڕۆژ کچە و مانگیش بە کوڕ ناونەبرێ
کەچی کوڕ لە کچ ڕووناکی دەگرێ[1]
زلی بێهونەر کار ناباتە سەر
ئاگر بە فیتنەی "کورتێك بێتە گەڕ[2]
گورگ دوعا ئەکا یارەبی تەم بێ
تەم و دومان بی، ڕان لە گوێ چەم بێ
من چی دەڵێم و تەنبوورەکەم چی ؟؟
ئاهەنگی دنیا کەوتۆتە کەچی
عادەتە وشك و تەڕ تێکەڵ کردن
گۆرانییەکە بە کۆمەڵ مردن
سەد زینهار دۆستی بێبایەخ مەگرە
تورك و دۆستی ئاو و ئاگرە[3]
"بسمار" وتوویە"حەق هی غاڵبە"
لە سیاسەتدا ئەمە قاڵبە
باوجود ئەمە پیشەی دنیایە
دیارە لای خودا کە حەق باڵایە
پیاو ئاخرین بێ و لە هۆشا وریا
بە گۆشەی تەنیا، نەك کوشتەی دنیا
وەتەن پەروەرم بەخودای بێباك
کوێرە چیت ئەوێ؟ چاوێکی ڕووناك

زین، ژمارە ٦٣١ ، ١٩٤١/٦/٢٦ ز.

---

[1] لە ڕۆژنامەی "ژین"دا پیرەمێرد بەم شێوەیەی بڵاو کردۆتەوە، بەڵام لە پێش دا لە دەستنووسەکەی دا نووسیویە:
کەچی کوڕ لە کچ شەوقی وەرنەگرێ".
[2] ئاگر"لای پیرەمێرد"، ماکر"لای کاکەی فەللاح ".
[3] مەبەستی لەو کەسانە بووە کە دەسخەرۆی تورکان بوون و پاشان تورکە کەمالییەکان کوردەکانیان بەو دەردەبرد کە
ردیان. بەڵام کاکەی فەللاح وشەی "تورك"ی بە "تورك" داناوە و لە پەراوێزیشدا بە "تووترك و دڕکەزی" لێك داوەتەوە،
ە دیارە مەبەستی پیرەمێرد ئەمەیان نییە.

هاوین هاتەوە بۆ مار و دووپشك
"شارەزوور" بووەوە بە پووشێکی وشك
هار لەو گولانەی لە گوێ "زەڵم"ئەمدی
ئەویش خەوێ بوو، دیم وەیا نەمدی
هاوینە و کەچی چەرخ وا دەسوورێ
وەك ئاو و ڕەنگی بەهار ئەگۆڕێ
ڕەشەبای ئەمسال لێرە دوو دەنگە[1]
هێشتا نەمدیوە من بای بەم ڕەنگە
بەئاگری شەڕی "ڕووس" و "ئەڵەمان"
تاوی سەندووە زەوی و ئاسمان
منداڵ بووم لەگەڵ دوو کەس شەڕیەکرد
"دگلدانە"مان ئەخوێند دەستوبرد[2]
نینۆکمان لەیەك ئەسوو، تێکهەڵچن
بەڵکو لە یەکتر ببن بە دوژمن
ئێستایش هەر دەڵێم وا "دگلدانە"
ئینشاڵڵا ئەگبەت بۆ "ئەڵەمانە"
هەرچی ئەوەندە بەخۆی بخوڕێ
هەر بە هێزی خۆی پەتی ئەپچڕێ
هەموو قوماشێ بە تەنکی ئەدڕێ
تەنها ئینسانی ئەستوور ئەپچڕێ
ئێستا ئەسبابی شەڕی تەواوە[3]
دەمێکە "ڕووس" خۆی لێ مەلاس داوە

ژین، ژمارە ٦٣٢، ١٩٤١/٧/٣ ز.

---

[1] دوو دەنگە "لای پیرەمێرد"، دوو ڕەنگە "لای کاکەی فەللاح".
[2] دگل، دگل، دانە؛ بۆ شەڕە کەڵەشێر بەکار دەهێنرا. کە دەوترا؛ دگل؛ دانە........شەڕە مەیدانە !
[3] پەندەکە لێرەدا لە ڕۆژنامەکەدا تەواوبووە.لەدەستنووسەکەی پیرەمێرد خۆیدا ئەم دێڕەش هەیە. "بەڵام ئەترسم لە ورچ و پڵنگ.. ورچی زەبەللاح بکەوێتە بەرچنگ.

٦٣٣

هەرچەند کە ڕادیۆ دەنگ ئەداتەوە[١]
گوێ ئەگرم بۆ ڕاست بە ئاواتەوە
یارەبی ماڵی درۆیان شێوێ
درۆی وا دەکەن ئەوەندەی کێوێ
بۆیە لە درۆ ناپەرموونەوە
چونکو ڕووبەڕووی یەك نابنەوە
لەمەیشا پەنجەی جوولەکەی تیایە
خومی شێواوە، کەوتۆتە کایە
هەرچەند قەلەکەی "پەروین" ئەقرێنێ[٢]
لە ڕادیۆ ڕاست تر قسەی بۆ دێنێ
پشیلەکەی بەرەو قیبلە چاو بشوا
میوانێکی دێ کەروبارە لەدوا
لە تێبینیندا وەك "ئینگلیز" وایە
دووجار نەپژمێ ناچێتە کایە
بەڵام کابراکەی دۆستی "ئەڵەمان"
بێسەبر و بێجەخت ئەچێتە مەیدان
سەگی هار چلەی تەواو بوو ئەمرێ
هەرچی تووشی هات بۆی ئەیگرێ
هەزار و نۆسەد چلی تەواو کرد
لە چلویەکدا هاکا "هیتلەر"مرد
بەخوا تاقەتی بەشەر نەماوە
دنیای گوڵ گوڵی کرد ئەم خوێناوە[٣]

ژین، ژمارە ٦٣٣، ١٩٤١/٧/١٠ ز.

---

[١] مەبەستی لە ڕاگەیاندنی نازییەکانە.
[٢] پەروین: مەبەستی لە پەروینی کچەزایەتی.
[٣] ئەم دێڕە لای کاکەی فەللاح پاش و پێشە.

٦٣٤

کەوش دڕا جارێ پینە ئەکرێ
زۆر پینە کرا پێی پیاو ئەگرێ
پێڵاوو قەبری تەنگ بە ئازارن
دەست تەنگ و ڕووگرژ هەردوو بێکارن
سەد بزن سواری گامێش ئەکرێ
ئینجا پێڵاوی پێمان ئەدروێ
ئای پێخاوسی چەند باش بوو جاران
نە "کەرەتە" بوو، نە کەوش هەڵکێشان[1]
ئێستاموحتاجی "کەرەتە"ین هەموو
بەڵکو پێڵاومان بۆ هەڵکێشێ زوو
پیاوی بە تەمکین ڕەنجی بەبادە
بە لوغەتی میسر"جەواد"گەواد"ە
لە حیجاز ناوی ناموس" پەشە"یە
خاتوو ئایشێش لای ئێمە "وەشە"یە[2]
پاروو گیرایە قورگ چاری ئاوە
ئاو لە بین گیرا کفنی جاوە
هیچ کەس لەپڕێ نەبووە بە کوڕێ
تا دەبێ بە پیاو سەد کفن ئەدڕێ
ئەوەی لەسەر کار پیاوی دانابێ
ئەبێ سەرکاری پیاوی دانا بێ
ئەگەر بپرسی دوژمن لاڵ ئەکەی
ئەگەر بترسی "عەدو" زاڵ ئەکەی[3]
لێدە لە سەقی ڕەندان تێپەڕە
چارەی پێشکەوتن تەشقەڵە و گەڕە

ژین، ژمارە ٦٣٤ ، ١٩٤١/٧/١٧ ز.

---

[1] کەرەتە ، واتا پاژنەهەڵکێش
[2] پیرە مێرد لەم دێڕەدا مەبەستی ئەوەیە کە لای ئێمە ژنان بە "کەر" دەڵێن، ئایشێ گوێدرێژ. ئەو "وەشە"یەی کە بۆ کەر بە کار دەهێنرێ لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا بە "وەرشە" نووسراوە.
[3] عەدو، مەبەست لە "عدو"ی عەرەبییە کە مانای دوژمنە بەڵام لە چاپی کاکەی فەللاح دا کراوە بە "دوژمن".

٦٣٥

سۆق ئەڵێ جێم لە عەرش و قورشە[1]
هیچ کەس بە دۆی خۆی نایەژێ ترشە
ڕۆژێ سوفییە و ڕۆژێ دەروێشە
ئاخوڕی نییە، وەك سنگ هەڵکێشە
خۆی پێوا وتی: باڵا شەش گەزم
سەیرم کەن ئەزم وا هەڵئەبەزم
کە هاژەی تەرزەی لەپڕ هاتە گوێ
بۆ کون ئەگەڕا کە خۆی تێکوتێ
پیاو ئەو پیاوەیە خۆی لێ نەگۆڕێ
مریشك کە تەرا، هێلکەی ئەدۆڕێ
ئەو پارانەیان دا بە تەلغراف
ئابڕووی خۆیان برد بە لاف و گەزاف
ڕۆژێ خەڵك ئەکەن بە "ئیبنوزیاد"
هەزار سوێند ئەخۆن ئەچن بۆ جیهاد
ئەگەر کەفارەت لە سوێند بدرێ
گەنمێکی زۆر بە فەقیر ئەبرێ
سبەینێ کە دەور گۆڕا هەر ئەوان
بە "ماسکەوە" ئەکەونە مەیدان[2]
هەرچی هەڵدەسێ ناوی ڕەئیسە
نازانن ئەوە پشتێن گوریسە
خۆزگە ئەو کەسەی کە نەناسراوە
دەخڵی نەئەبوو بە سەر سەراوە[3]

ژین، ژمارە ٦٣٥، ١٩٤١/٧/٢٤.

---

[1] ئەم دێڕە لای کاکەی فەللاح پاش و پێش خراوە.
[2] ماسك:واتە ڕووپۆش، دەمامك.
[3] بەسەر"سەرا"وە "لای پیرەمێرد" بەسەر دنیاوە "لای کاکەی فەللاح" .

٦٣٦

ئەڵێن تا سەر بێ ، ڕزقی لە دوایە
ئەمە قەولێکە باوەڕ بەخوایە
بەڵام ئاشکرا بەچاو ئەبینرێ
لە گرانیدا زۆر کەس ئەمرێ
ڕزق لە ئاسمان نایەتە زەوی
شەرتی ئەمەیە تۆ شوێنی کەوی
بەڵام نەوەك سوال لەم ماڵ و لەو ماڵ
بە ڕەنجی شانو کەسبێکی حەڵاڵ
باوجود کاری خوا کەس نایزانێ
مەرد ئەخاتە لای نامەرد بۆ نانێ
ئەمدی پیاوێکی پیاو دەوڵەمەند بێ
پێی پیاو هەمیشە ئەبێ لە بەند بێ
ئەوەی کە نایخوا دەوڵەتی زۆرە
"ماڵی خۆنەخۆر بۆ چەکمە بۆرە"
بەخوا ئەمانە داخی دڵمانە
"نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لە خوانە"
ڕەشەبا کەیفی شەوی لێ تێکدام
ناچار وەك قازی کوێر شەو بەتەنیام
داخەکەم شووتی و کاڵەکم تەپی
ترۆزی کۆن بوو، سیس بووە ڕەپی !
لەسەر هیچ حاڵی دنیا نامێنێ
گاهێ بولبول، گاه بایەقوش ئەخوێنێ[1]

زین، ژمارە ٦٢٦ ، ١٩٤١/٧/٣١ ز.

[1] ئەم نیوە دێڕە لای کاکەی فەللاح بەم شێوەیە: "گا بایەقوش ، گا بلبل ئەخوێنێ".

له "باحوورا"دا زۆر كەسمان پیشا
"گەلاوێژ" زوو كە ، وەرە لەپێشا
خاوەن "گەلاوێژ" كەوتۆتە ناو تەم
وا چاكە ڕۆژێ بیبەینە سەر چەم
هیچ كەس نایەوێ كەس لێی زیاتر بێ
هەر باوك ئەڵێ كوڕم چاكتر بێ
خورما گەنانە و گەرمەی گەرمایە
باقڵ گرانیش مەرگی لەدوایە
گرانی ئێمە هەر بەهەوەسە
كەس نییە بڵێ: ئیحتیكار بەسە
ئەڵێن نان و ماست ئەدەن بە پیران
دوای ئەوە دایان ئەهێڵنە بیران[1]
هی وامان هەیە بەو نان و ماستە
ڕازییە بەڵام نایدەنێ ڕاستە
قەدری عافییەت كاتێ ئەزانین
منداڵ هاواركا: برسین، بێنانین
هێند بەناز ناوی "نازی"مان ئەبرد
بە سوێندی درۆ جیهادمان ئەكرد !
بە بەدنمەكی كوتینە ڕۆژێ
پەشیمانانمان پەنجەی ئەكرۆژێ
خوا بكا بەمەندە لەسەرمان لاچێ
نەك "تەورداسی" شەڕ هەڵمانپاچێ

ژین، ژمارە ٦٢٧ ، ١٩٤١/٨/٧ ز.

[1] نەهێڵنە "پیرەمێرد" نەهێڵنە"كاكەی فەللاح". تێبینی : لە دێڕی یەكەمی ئەم پەندەدا "گەلاوێژ" بە مەبەستی "گەلاوێژ" كەوتنە. لە دێڕی دووەمدا مەبەستی لە گۆڤاری "گەلاوێژ"ە.

٦٣٨

کاتێ شیرازەی کتێبێ شێوا
هەر پەڕەیەکی بۆ شوێنێ ئەڕوا
چەند جۆگە ئاوێ یەکتر بگرێ
"سەددی چین"یش بێ، بەری ناگرێ
کە لغاوت دا بەدەم ئەسپەوە
سەردەنێ بە ڕێی چاڵ و کۆسپەوە
تۆ ڕێ لە بەدکار ببەستە، بەستە
ئەڵێن خەر بەستە، خاوەندی ڕەستە
بۆ ڕێی پیاوەتی بەخشین مەبەستە
بەڵێ دەمی سەگ بە لوقمە بەستە
تۆ ئەخۆی برسی چاوی تێوەیە
برسێتی ڕەگی هاری پێوەیە
کە دوو کەڵەشێر هاتنە شەڕ کردن
بۆ منداڵێکیش ئاسانە گرتن
بەردی سەرشکێن کە لە یەك بدرێن[1]
بەرگەی یەك ناگرن، زوو هەڵئەوەرێن[2]
ئەمانە پەندی قەومی خۆشبەختە
ئەگبەت ڕووی کردە قەومێك سەرسەختە
کە خوا بیەوێ ئەخۆشێ بمرێ
"ئەفلاتوون" بێنە چاری پێناکرێ
کە بەختت نەبێ ئەبێ قوڕ پێوی
هەر بڵێ ڕەحمەت لەوەی کە ڕۆیی

ژین ، ژمارە ٦٣٨ ، ١٩٤١/٨/١٤ ز.

---

[1] کە لە یەك بدرێن "پیرەمێرد" کە لە یەك بدەین" کاکەی فەللاح".
[2] زوو هەڵئەوەرێن "پیرەمێرد" زوو هەڵئەوەرێین"کاکەی فەللاح".

ترشیت خوارد، دانت ئاڵ ئەبێتەوە
کە گریای چاوت کاڵ ئەبێتەوە
ڕیس چەوتی بادەن ئەبێ بە خوری
فنگت تەڕ ئەبێ ماسی ناگری
ناشی تەشوێی خۆی دەمەسوو دەکا
ڕیاکار مەدحی ڕووبەڕوو دەکا
دۆستت بەرەوڕوو قسەی ڕەق ئەکا
پاشملە پیاوت لەسەر شەق ئەکا
ئەو کەسەی لەسەر سفرە دۆستتە
پاشملە چاوی وا لە پۆستتە
ئەوانەی فێری درۆ و غەیبەتن
ڕوویان مەدەرێ شووم و نەگبەتن
پیاوی وام دیوە بۆ نان و کەباب
کەوتۆتە زەمی مام و خاڵ و باب
ئەم شوورەیی و حەیابردنە
چاری ئەمانە هەر دەرکردنە
پشیلەی بێعار بەشی فسەیە
کوتەکیش خەرجی هەندێ قسەیە
سەد شوکور ئێستا "پۆکەر" لەناوە
ماوەی غەیبەتی مەجلیس نەماوە

زین، ژمارە ٦٣٩، ١٩٤١/٨/٢١ ز.

٦٤٠

نرخی شت سەرکەوت زۆر گرانییە
هەر ڕۆحە بۆ شەڕ، کە بەهای نییە
کوشتنی بەشەر لە وزە دەرچوو
"سەپان" دروێنەی وا بۆ ناکرێ زوو
"مانیاتیرمە"یە کە "هیتلەر" ئەیکا
ئەم هەموو خەڵکە خۆی بە کوشت ئەدا[1]
ئەگینە مردن هێندە سووك نییە
شەڕ تەقەی شایی سەر ڕێی بووك نییە
ئێستا بە ملیۆن کوشتار ئەژمێرن
وا دەردەکەوێ لە ژیان تێرن
لە لایەکەوە فەننی ئەڵەمان
بووە بە سەرمایەی حیرەتی جیهان
کەچی هەروەك کەر لێیان ئەخورێ
بە بۆمبای دوژمن جەرگیان ئەبرێ
هەر دینی ئیسلام ڕێی سەلامەتە
بۆ هەموو بەشەر جێی هیدایەتە
خوا فەرموویەتی بە جینسی بەشەر
"خۆتان مەخەنە ناو تەهلوکەی شەڕ"
ئایینی "نازی"و مەسلەکی"هیتلەر"
ئەمەیە، کەچی خۆ دەکەن بە کەر
لەم دوورەیشەوە ڕۆح بە پەروازن
بە دەستە چیلکەی ناوی ئەنازن

ژین، ژمارە ٦٤٠، ١٩٤١/٨/٢٨ ز.

---

[1] ئەم نیوە دێڕە لە دەستنووسی پیرەمێردا پێش ئەوەی لە ژیندا بڵاوی بکاتەوە بەم شێوەیە بووە:"ئەم خەڵکە وا خۆی بۆ بەکوشت ئەدا".

هەر خزمە، کە تۆ ئەخوێنێتەوە
ئاو ئەڕوا، زیخە ئەمێنێتەوە
پیاوت نارد بۆ ئیش قووەتی بەرێ
سەعات قورمیشی ئەکەی ناگەڕێ
بۆیە ئەم قەومە ئیشی لە پاشە
بۆ هەموو کارێ "دەوەن بە ئاشە"
ئەگەر پایزان تۆ "سەد" ببەستی
لە بەهاراندا لە لافاو ڕەستی
خۆ ئەگەر بڵێی: دووگی خۆم خۆش بێ
ڕۆژێکت لێدێ کە گورگت تووش بێ
هەندێ بۆ "نازی" کەوتوونە داوا
"سەی کونە ماسی و پاسی جرتاوا"[1]
لە جێیەك بنوو ئاو هات تەڕ نەبی
سەودایێ بکە، تووشی شەڕ نەبی
حەرام خۆریش بی و بە بەشێکی کەم
شلە بخۆری و بچیە جەهەننەم !!
ئەگەر ئەکوژرێیت بۆ نیگارێ بێ
ئەگەر ئەگیرێیت با بۆ شارێ بێ
ئەگەر قازانجت هەر بۆخت بوێ
ناشارێیتەوە خەڵکت لێ ئەدوێ
تەلەسمی جامی چل کلیلەیە
هەرچی چەوتنەبێ دیـرە خلەیە !

ژین، ژمارە ٦٤١، ١٩٤١/٩/٤ ز.

---

[1] سەی کونەماسی: مەبەستی لە سەگەکی کونە ماسییە.

٦٤٢

سەیر کەن یاران ! خوا هەر ئەو خوایە
کە ئێستا بزن وا سواری گایە
یاخوا قەت "گەدا" موعتەبەر نەبێ
فەقیر و هەژار تووشی شەڕ نەبێ
بەخۆوە نەدیو کە بوو بە زەعیم
ئەکوژێ و ئەبڕێ بە بێترس و بیم
دوێ شەو لە خەوما پادشایە بووم
کاتێکم زانی وەك گەدایە بووم
شاهەنشا یەعنی پادشای شاهان
سیفەتی خوایە نابێ بە عینوان
ئەم ناوە تا سەر بۆ کەس نامێنێ
ئاوێنەی دەوران عەکسی ئەنوێنێ
کە لەجێگەی بەرز بکەویە خوارێ
تەوژمی بەرزی تێکت ئەهاڕێ
بەلام لە نزمی ئازارت نابێ
پیاو بەرز نافڕێ هۆشی لە لا بێ
"سەددی ئەسکەندەر" ئەڵێن ڕووخاوە
"یاجووج و ماجووج" بۆیە هەستاوە
جەجاڵیش سواری کەری خۆی بووە
بۆ خورما هێندە خەڵکی لە دووە
سا خوایە "عیسای" بۆ بنێرە خوارێ
بەڵکو ئەم شەڕە هەڵسێ بەجارێ

ژین، ژمارە ٦٤٢ ، ١٩٤١/٩/١١ ز.

٦٤٣

خۆزگە ئەمزانی ئەم ڕەشەبایە
کە بە هاوین دێت بۆچ وا گەرمایە
کەچی زستانان کە ڕەشەبا هات
سەرما و بەستەڵەك ئەخاتە وڵات
های شیمال خۆت و شەماڵت بژین[1]
فێنکی دڵە، شنەت بە هاوین
شەماڵ خەرمانی پێ شەن ئەکرێ
ڕەشەبا کەڵکی هیچمان ناگرێ
تۆزی ڕەشەبا چاوی کوێر کردووین
شەو لەسەر بانان پێخەڤ بردووین
ئەم ڕەشەبایە لە گەردشایە
نازانین چیتر دێنێتەکایە ؟
بە هەموو بایەك ئەلەرێینەوە
بە هەر فیکەیەك ئەگەڕێینەوە
ئەم حاڵە هەموو لە ناچارییە
ماڵەوماڵ گەڕان لە بێکارییە
ئەوی ئیشێکی بۆ خۆی پێکهانی
نایپەرژێتە سەر واتەی دیوانی
ئەگەر کاسبی بکەوێتە ناو
ئەو سایە میری ئەگەڕێ بۆ پیاو
ئێستا دووکاندار فرۆختی نییە
لە دووی چاوەشی ئیشغال شەقییە
سا با ئیدارەی ماڵی دەست کەوێ
بزانە توخنی سزا ئەکەوێ
خۆزگە دەستوورێك ئەخرایە ناو
پیاو بۆ ئیش ئەبوو نەوەك ئیش بۆ پیاو

ژین، ژمارە ٦٤٣، ١٩٤١/٩/١٨ ز.

---

[1] ئەم نیوە دێڕە لای کاکەی فەللاح بەم شێوەیە نووسراوە "های شەماڵ ! خۆت و شەماڵت بژین".

٦٤٤

چەرخ هەر ئەو چەرخە، کە چەرخی سووڕاند
دەنگی شەیپووری ڕەزاشای خەفاند
ئێستا شەیپووری شاپوور ئەخوڕێ
بە بانووی میسری چرای ئەگرێ
ئەگەر هات ئەویش بڵێ شاهەنشام[1]
لێی قەبووڵ ناکا قەمارەی عەوام
دیکتاتۆری ڕووی لە نەهاتییە
ئێستا دەور دەوری دیموقراتییە
دنیاکەم فانی کاروانسەرای ڕەنگ
نیوەی دڵشادە و ئەو نیوەی دڵتەنگ
گاهێ پشت بەزین، گاهێ زین بە پشت
کاتێ لەنگەوقووچ، گا لەسەر تەنیشت[2]
گا ئەچێە بەست ڕێگەی پلیکان
گایێ ڕادارە، ڕێگای مەریوان[3]
ئاهێکە ڕشتەی ستەمکار ئەبڕێ[4]
هەودا کە توندت کێشا ئەپچڕێ
ئەڵێن هار ئەمرێ بە خۆڵی مردوو
بەسەر "هیتلەرا" بیبێژنەوە زوو
بەڵکو خوا بیکا ئەوی پێ بمرێ
ئەوەندە لاقی بەندەی خوا نەگرێ
بەهۆی ئەوەوە هێندە کوژراوە
قەبرسان جێگای مردووی نەماوە

ژین، ژمارە ٦٤٤ ، ١٩٤١/١٠/٩ ز.

---

[1] ئەگەر هات ' لای پیرەمێرد" ، ئەگونجێ"لای کاکەی فەللاح".
[2] کاتێ "لای پیرەمێرد" ، گاهێ" لای کاکەی فەللاح".
[3] ئەم نیوە دێڕە لە دەستنووسی پیرەمێردا بەم شێوەیە بوو: گا جێی سەیرانە دەشتی مەریوان.
[4] ستەمکار "لای پیرەمێرد"، مەریوان "لای کاکەی فەللاح".

وردە مەئمووران بۆ ضەممي مەعاش
بەهۆی هیواوە کەوتوونە تەلاش
تا تریاك دێنن بۆ ماران گەستوو
بەدەم ئێشەوە ئەوان ئەڵێن دوو
نە تەڕەسازە و نە تەڕەماشە
شەڕەگەڕەکە و دەوەن بەئاشە
تا ڕەوگ و ڕانمان دوای نەبڕایەوە[1]
ڕێگای کوێستانمان بۆ نەکرایەوە
خالانەکەیە "مەمرە تا بەهار
کورتانی تازەت بۆ دێنم لە شار"
ئەگەر خوا ئەکا "هیتلەر" نامێنێ
پایزیش نەشئەی بەهار ئەنوێنێ
"ئیتالیا" کە وەك فس فس پاڵەوان
خۆی هەڵکرد بوو، هاتبووە مەیدان
ڕۆژێکی لێدێ بڵێن یۆنان هات
بە گورگە لۆقە دەرچێ لە وڵات
ئەوسا بە گورجی ڕایان ئەفرێنن
کەرسمەی "مۆسۆلێنی " دەردێنن
ئەگەر "هیتلەر"یش وەك ئەوی لێ بێ
"یوم الموعود"یش بۆ جوولەکە بێ
زوڵم و زۆرداری تا سەر نامێنێ
خوا تۆڵەی بزنی بێشاخ ئەسێنێ
خۆزگە بە شەکری هەرزان، ڕەمەزان
تێر مرەبامان ئەخوارد، وەك جاران

ژین ، ژمارە ٦٤٥، ١٦/١٠/١٩٤١ ز.

[1] ئەم نیوە دێڕە لای کاکەی فەللاح بەم شێوەیەیە "تا ڕەو گۆرانمان دوای نەبڕایەوە".

٦٤٦

پێی ناوێ پاییز ڕەنگی خەزان کا
لە نەونەمامان گەڵاڕێزان کا
فەرتەنەی "هیتلەر" کارێکی وای کرد
وەك گەڵای داران لاوی لەناوبرد
جەهەنمێکە "هیتلەر"ی بەلید
بانگە بانگیە بە "هل من مزید"؟
لەوساوە دنیا کە دانراوە
هێشتا ئەمەندەی تیا نەکوژراوە
"ز"ی نازی نوقتەی لەسەر لاچووە
بۆیە رشووی جیهان ئاگری گرتووە
ڕۆژێکیان لێ دێ قەومی ئەڵەمان
بێناز بکەونە نووزەی "الامان"
بەڵام بێعارن، وەك جاری پێشوو
تێهەڵدەچنەوە دیسان زوو بە زوو
ئەگەر کەڵبەی گورگ نەشکێنی بەدار
دەست هەڵناگرێ لە مەڕی هەژار
هەندێ لە لاوە بە نووزەی "نازی"
خۆیان ئەخەنە بەر لیسی قازی
ئەوەی کە بۆ پاس چووە "جرتاوە"
لە "کونەماسی" چی تێگیراوە
گاهێ "تورکیزم" گاهێ "هیتلەر"ی
"ئاتوب ئیتملی، بویلە ئیتلەری"

ژین، ژمارە ٦٤٦، ١٤/١١/١٩٤١ ز.

٦٤٧

خوا، هەندێ کەسی بۆ شەڕ داناوە
"زرێ"ی گوناهی لەبەر کراوە
لە ئاه و ناڵەی هەژار ناترسێ
لە پرسیاری مەحشەر ناپرسێ
خراپە ئەکا لەگەڵ پیاو چاکا
لای وایە دوعا کاری لێناکا
کەچی لەپڕێ، ئاهێ ئەگرێ
زرێی ئەدڕێ و ئاهی ئەبڕێ
ئەتلێتەوە، وەك ماری بە گێنگڵ
بە سەد قێزوبێز ئەیخەنە ئامان
هاکا "هیتلەر"یش وەك "ئەسفەندیار"
تیری ڕۆستەمی لێکەوتە ڕووی کار
چاوی غرووری کوێر بوو بە پەیکان
بە کوێری گەڕا یاوەری شەیتان
ئێستا نازانێ خوێنڕێژی چییە؟
چونکو خۆی ژن و منداڵی نییە
ئەگەر کەسێکی خۆی بکوژرایە
نەدەبووە باعیس بۆ ئەم هەرایە
وا بە نای ناحەق جیهانی شێواند
هیچیشی بۆ خۆی لێهەڵنەکڕاند
هێندە سەری خۆی لێدا بە بەردا
کاتێکت زانی دەستی لێ بەردا
چرایە لەلای خواوە ئەسووتێ
کە فووی لێکرا، کەپوو ئەسووتێ[1]

زین، ژمارە ٦٤٧، ١٩٤١/١١/٢٧ ز.

[1] کەپوو: لووت.

٦٤٨

هەوای زستانە، "خومان" بەتاڵە
هەموو کەماڵێ دوایی زەواڵە
خوا بیدا و وێنەی ئەستێرە هەڵات
بەدکار بە هەلات، ڕووزەرد بوو هەڵات
لەم قوبیەیەدا ئەوی بمێنێ
دەنگێکی خۆشە، گوێ ئەزرنگێنێ
کاتێ ئەتبەنە "گردەکەی سەیوان"
ئەتخەنە ژێر خاك بە دەنگی قورئان
شەرت وایە بە دڵ ڕەحمەت بنێرن
نەوەك بە جنێو هەڵت پەسێرن
بەدزوبان، زوبانیان بڕی
بە پەڕەی قورئان خوێنەکەی سڕی
تفیان ئەکردە سیمای بێعارێ
ئەیگوت: ڕەحمەتە، باران ئەبارێ!
ئەڵێن ئەژدەها هەڵی ئەکێشن
ئەم خەڵکەیش لەدەست "هیتلەر" بەئێشن
خۆزگە ئەویشیان وا هەڵدەکێشا
بەڵام لە پێشدا، دانیان ئەکێشا
کاروانی حوشتر ئەکشان بە بێدەنگ
کەرێکی دێزیان بووبوو بەپێشەنگ
وتم: "هیتلەر"ە کەوتە پێش ئەڵمان
کەرەکە توند بوو لێم هاتە زوبان
وتی: خوا نەکا ببم بە "هیتلەر" !
وەك ئەو خوا بمکا بە ئالەتی شەڕ !

ژین، ژمارە ٦٤٨، ١٩٤١/١٢/٤ ز.

ڕێوی پێستی خۆی وەرگێڕێتەوە
کەوڵێکە سەرما ئەگێڕێتەوە
کا، هێند گران بوو ئەچمە ئاسمان
کاکێشی ئەکەم لە ڕێی کاکەشان
بۆ پارەی "کایین" چاوەڕێی "کا"بین
دیارە کە نابێ خۆبین بە خوابین
عامیلی بێعیلم، دیدەی بێنوورە
عیلمی بێعەمەل، زیندە بە گۆڕە
باوجود عیلمی ئێستا چەنەیە
برەو برەوی خۆش داکەنەیە !!
نەك ئێستا، دەورەی ئادەمیش وابوو
بۆ زۆرە ملا باغ بەرەڵڵا بوو
هەروا هاتووە و بەو ڕەنگەیش ئەڕوا
بێدەسەڵات بی ئەکەویتە دوا
هەر لایەك ئەچی هەر زۆردارییە
چارەی ناچاری دەرکەنارییە
بەڵام چی دەکەی لەگەڵ عائیلە
کە بە نوقتەیەك بوو بە غائیلە
هیجگار منداڵێك کەوا ئەخوێنێ
خوێنی توانایی باوکی دەردێنێ
کەسیش نازانێ بۆچی دەخوێنێ
لەم خوێندنەدا چی تیا ئەبینێ
گوایە هەموویان ئەبن بە مەئموور
باوکە جێ نەما، پڕ بوو دەروژوور

ژین، ژمارە ٦٤٩، ١٩٤١/١٢/١١ ز.

٦٥٠

مندالّ له زکی دایکیا خوێن ئەخوا
که هاته دنیا ئاوڵه دەرئەدا
ئای ئەوەی خوێنی خەڵکی ئەمژێ
نازانم ئاوڵه بۆچی نایکوژێ
تەماع سوێراوەو، وەك ئاو دەنوێنێ
تا بیخۆیتەوە تینوێتی دێنێ
بۆ هەندێ سوێراو ئەبێ بە هەنگوین
تەماعکارەکان وا زۆرتر ئەژین
سەری کەر کرا بە ڕەشی گاوە
لەم دنیایەدا پرسین نەماوە
ئەگینە سەلکێ شێلم و چەوەنەر
گەییە ڕادەیەك لە وزە بەدەر
لە "قەلاچوالان" زەمانی پێشوو
بۆ عیبرەت کێلی فەبریان نووسیبوو
مەنێکی گەنم بە دوو جلق ئەدرێ
وای لەوەی ماڵی پێ بەخێو ئەکرێ
بەفری ئاسمان، بۆمبای سەرزەمین
"خامیش"گرانە، بێکفن ئەمرین
هەزار ئەناڵێ بە گیانەلاوە
خوایە هیوامان هەر لای تۆ ماوە
بە دارگرانی دارمان بۆ کرا
پەژارەی "هیتلەر" لەناو دەربڕا

ژین، ژمارە ٦٥٠ ، ١٩٤١/١٢/١٧ ز.

ئازا لە بەند و زنجیر ناپرسێ
ترسنۆك لە بای زگی ئەترسێ
قسەی بێفێڵ و ڕاست وا لای شێتان[1]
درۆ و دەلەسەیش لای پیاوی شەیتان
خەڵك بە نوقلانە چییان گوت وایە
زوبانی مەخلووق قەڵەمی خوایە
بە "وگاع . وگاع" وەلەکی بەغدا
لەقلەقیان خستە ناو شەت بە هەڵدا
گاڵە و ناڵەی خەڵك "هیتلەر"ی شکاند
خوا عەدالەتی بە عالەم نواند
هاکا بیستمان وەك کوندەبەبوو
چاوی "هیتلەر"یان کوێر کرد بە قووقوو
بەڵام چ فایدە ئەو دنیای سووتاند
بیشکوژرێ خۆ ئەو بەدی خۆی نواند !
پێشڕەوی شەڕ بوو، بۆ قەومی ئەڵمان
باری نەگبەتی خستنە سەرشان
تۆبە خواردوو بوون کە جارێکی تر
بۆ دیکتاتۆری نەبن بە لەشکر
ورچ بە زاتی شێر ئازایی نواند
چنگی پڵنگی بە هەڵمەت شکاند

ژین، ژمارە ٦٥١ ، ١٩٤٢/١/١ ز.

[1] ئەم نیوە دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا بەم شێوەیە" قسەی بێفێڵ و ڕاست لای شەیتانە......درۆ و دەلەسەیش لەلای شەیتان".

٦٥٢

له بەفر ساردتر هەناسەی سارده
تەقاویت ئەڵێ مەلا، یە، ئارده
ئەڵێن بانێکە و دوو هەوا، وایە
نازانێ خۆیشی ئەمەی لە دوایە
جاران "ژاپۆن" بوو یاجووجو ماجووج
ئێستا "ئەڕنایش" کردوونی بە عووج
بەڵام کە ناوی "بسم الله"ت هانی
خۆی ڕاناگرێ غوولی یابانی
یاری ئەم شەڕە بووە بە "واغێن"
کە "کایە" کوێر بوو ئەبێ بە تێچێن
هەر تێوە ئەدەن هەتاکو هەڵدێ
ئینجا ئەستێرەی عەدالەت هەڵدێ
پیرێژنی چەرخ "عاشووراى" لێنا
لە هەموو قەومێ گۆشتی بۆ هێنا
خەڵك بڕایەوە، شەڕ نابڕێتەوە
ئاگری "هیتلەر" ناکوژێتەوە
لە جەژنا دوژمن ئاشت ئەبێـتەوە
دوو جەژن یەککەوت، شەڕ نابڕێتەوە
ئەیانگوت "جەجاڵ" وەك بەندوباوە
من باوەڕم کرد" جەجاڵ " هەڵساوە
مەگەر بە "مەهدی" چاك بێ ئەم حاڵە[1]
زاڵم خۆت بگرە وادەی زەواڵە

زین، ژمارە ٦٥٢، ١٩٤٢/١/٨ ز.

---

[1] مەهدی: لای پیرەمێرد: کە مەبەستی لە "محمدی مهدی"یە . میهری: لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا.

٦٥٣

دەوڵەمەندی "ڕژد" خاوەن ماڵ نییە
بەچی ئەزانێ ئەو حەماڵ نییە؟
سیلاحی دەستی ئەبنای زەمانە[1]
درۆ و ، بێشەرتی و ، خیانەت سیانە
درۆیەکی وا کە بیسەلمێنی
شەرتێك کە سوێندی نامووس بەلێنی[2]
بە سەرزاری دۆست، کەچی بە دزی
کاتێکت زانی هەر وەك مار گەزی
لەگەڵ ئەو حاڵە ئەوان لە کاران
ئەڵێی نە بایان دیوە، نە باران
هەموو تازەیەك زەوقێکی تیایە
مردنی تازەی برسی بەڵایە
ئەڵێن تەنگانە شیددەت بسێنێ
گوریسی هێزی خۆی ئەپچڕێنێ
وا ئێمە پچڕاین، گوریس ناپچڕێ
دوای ئێمە خۆشی بە کێ ئەبڕێ؟
"هیتلەر" لە "ئیتلەر" جمعە بە جەرگە
بەهیچ ناپچڕێ هێندە سەگ مەرگە
ئەیانگوت سەگەل ڕاوەورچ ئەکەن
ورچ سەگی خەساند، گونیان چرچ ئەکەن

ژین، ژمارە ٦٥٣، ١٩٤٢/١/١٥ ز.

---

[1] ئەبنای زەمانە "لای پیرەمێرد" ڕۆڵەی زەمانە "لای کاکەی فەللاح".
[2] بەڵێنی "پیرەمێرد" بهێنی" کاکەی فەللاح".

٦٥٤

تیغی جەوهەردار هەر چەندە جوانە
جەوهەر نارێژێ پێوە چەسپانە
بەڵام جەوهەری ئینسان ئەپرژێ
بەهۆی ئەوەوە زۆر خام ئەبرژێ
تیغی جەوهەردار بریندار ئەکا
پیاوی بە جەوهەر زام تیمار ئەکا
پیاوچاك پەل‌وپۆی ئەکا بە سێبەر
لەو سێبەرەدا کار ئەچێتە سەر
سێبەری داری گوێزی کوێر قورسە
لە ژێر داری "بی" بنوو مەترسە
دارگوێز بە حەو ساڵ ئینجا بەر ئەگرێ
مێو بە سێ ساڵە لێی ئەخورێ ترێ
کە تۆ ئومێدی نان لەخەڵك ئەکەی
دیارە خزمەتی داری پەڵك ئەکەی
ڕەنج بدەی لەگەڵ پیاوی ناپیاوا
ڕەنجی شانی خۆت ئەدەی بە ئاوا
پێشینان ئەڵێن لە داخ و دەردا
هاتیتە ئەمەی خۆڵ بکەی بەسەردا
خۆڵی بەر قاپی دەوڵەمەند پێوە
پارە ڕژاوە ئاڵتوونە پێوە
من ئەڵێم نابێ ئەم ئیشە وابێ
چونکو دەوڵەمەند پارەی گوم نابێ

ژین، ژمارە ٦٥٤ ، ١٩٤٢/١/٢٢ ز.

٦٥٥

لەسەر هیچ بارێ ناوەستێ ئینسان
سروشت دراوە ئینسان لە نیسیان
گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێتەوە
ئینسان کە چێنرا سەوز نابێتەوە
ئەڵێن ڕۆحی ئەم لەبەر ئەوایە
کەوابێ ڕۆحیش چەشنی کەوایە
ئەوەی کە ئەڵێن ڕۆحی خەبیسە
ڕۆحی پیاو نییە، ڕۆحی ئیبلیسە
هی وایشمان هەیە ڕۆحی شەیتانە
"شیاطین الانس" نەصصی قورئانە
باوجود کە خوا ڕێم لێ تێك ئەدا
چیم دەست ئەکەوێ لە دۆستی بەدا
لەگەڵ بەدگۆدا ئازای دەربەرە
بە موحاوەرە و بە موجاوەرە
پیاو بێجێ توند بێ، قاچی شەق ئەبا
"سرکە" کە توند بێ، "قاپی" شەق ئەبا
غەیبەتی حەمام دەنگ ئەداتەوە
چیتی " بەقەمیش" ڕەنگ ئەداتەوە
ئەو حەلوا خۆشەی پاشملە ئەیخۆی
خوا فەرموویەتی گۆشتی برای خۆی
زستانان خۆشە کۆمەڵی شەوێ
بەلام "ماڵوێر"[1]، غەیبەتی ئەوێ

ژین ، ژمارە ٦٥٥، ١٩٤٢/١/٢٩ ز.

---

[1] ماڵ وێر: مەبەست لە وێر کردنە،واتە بەحشین.

٦٥٦

ئەو چوار عونسورەی سروشتی منن
هەر چواریان لەگەڵ یەکدا دوژمنن
ئاو و ، ئاگر و ، با، لەگەڵ خاکا
ئەویان لەگەڵ ئەو کاتێ هەڵناکا
کە من لەمانە دروست کرابم
چۆن لەگەڵ برای خۆما برابم؟
سەیر ئەو سەیرەیە ئەوانەی چاك بوون
نەتەوەکانی ئەوان ناپاك بوون
جارێ کوڕانی ئەوەڵ پێغەمبەر
ئەوان یەکتریان دایە بەر خەنجەر
دووەم یۆسفی شیرین خەت و خاڵ
براکانی خۆی هاویشتیانە چاڵ
ئێستایش دەبینین کوڕە وەلیەکان
دەست ئەوەشێننبە تیر و پەیکان
وەڵلا وەبیللا کاری ئەڵلایە
ئەم بگرە و بەردە و شەڕ و هەڵلایە
ئەگینە خوا خۆی بە ئێمەی فەرموو
بمانویستایە ئوممەت یەك دەبوو
ئەگەر دونیامان وەك بەهەشت ئەبوو
هیچکەسێ بەلای خوادا نەدەچوو

ژین، ژمارە ٦٥٦ ، ١٩٤٢/٢/٥ ز.

عەشق ئەو عەشقەیە وەك دوگمە و قەیتان
لە یەکتر نالێن بە دەست لە ملان
بە جووت بگەوزێن لە سینەی سافا
دەم لەناو دەمدا و مل لە تەنافا
ئەوەیان خۆشە کە بێمندالن
جەرگیان ناسووتێ کە بۆی بنالن
موعجیزەی گەورەی "عیسا" ئەمەیە
مندالی نییە بێ قرە و وەیە
ئەم مانگەیش هێشتا شینی "حوسەین" بوو
وا وەیلای "زەهرا" و نالەی کەونەین بوو
هی ئەوتۆ هەیە بۆ نانی مندال
چاری نامێنێ ئەبێ بە حەمال
هی ئەوتۆیش هەیە سەری بائەدا
بە بادە غەمی خۆی بە با ئەدا
هی وایشمان هەیە تریاك ئەکێشێ
ماریش پێوەی دا، هیچ کوێی نایەشێ
منی بە بەنگی موحیبەتی خوا
نە مار، نە دووپشك، گۆشتی من ناخوا
چەند خۆشە ئینسان لە خۆیا پاك بێ
لە بەندوباوی دونیا بێباك بێ
سەر گوزەشتەکەی دووپشك و کیسەل
لەم زەمانەدا بووە بە مەتەل !

زین ، ژمارە ٦٥٧ ، ١٩٤٢/٢/١٢ ز.

٦٥٨

هەندێ تەبیعەت وەك دووكەڵ وایە
بە گەردوخولە و سەر لە هەوایە
هەندێ سەرگەردان وەك ئاو شەیدایە
بەردەڵ بەردییە، ڕوو لە بەغدایە
دەستەیەکی تر بە تەپو گڕە
پیاو دەسووتێنێ ، زادەی ئاگرە
هەندێ وەك دایك دڵسۆزە و چاکە
ئەتگرێتە خۆی، وەك خاکی پاکە
بەڵام کە خاك بێ لە ڕێی ئینسانا
عادەتە هەرچی هەڵسا پێی پیا نا
پێسی زیندوانی بەسەرا ئەکرێ٭
کە مردیشی ئەو لە باوەشت ئەگرێ
ئێستا ئەمەوێ تێبگەم ئەم چوارە
بۆ ڕۆژی ئەمڕۆ، کامیان بەکارە؟
باوجود هەرچی من بڵێم بۆشە
هەر کەس ئەتواری خۆی لەلا خۆشە
هەمووی لە قاڵبی وستایەك دەرچوو
"وخلقناکم اطوارا"ی فەرموو
سروشتی "هیتلەر" ئاگری قودرەتە
شەیتانە ولای خەڵ: وا بە حورمەتە

زین ، ژمارە ٦٥٨ ، ١٩٤٢/٢/١٩ ز.

٭ مەبەستی لە پێستە.

زستانان دووپشك ئەچنە كونەوە
من خزاومە كون، ئەمدۆزنەوە
وەمزانی سەرما دووپشك سڕ ئەكا
كەچی سەرما ئەو گەرمتر ئەكا
هەر هەنگ نامووسی خۆی ڕادەگری
بە پیاویەوە دا، لە داخا ئەمری
بەرخ و كار دەنگی بلوێریان ئەوێ
سەد بلوێر لێدەی ، گا بۆی نانەوێ
جاران موختاران گزیریان هەبوو
بە گزیر ناوی چاكان دەردەچوو
یاخوا گزیرمان خوا لێ نەستێنێ
ئەگەر ئەو نەبێ پیاوچاك نانوێنێ
چەند خۆش بوو جاران بە میر و گزیر
كە ئەمووستیلە ئەیكردی بە میر
یاخۆ باز ئەنیشت بە سەر سەرتەوە
ئەكەوتیە شاهی بە یاوەرتەوە
ئێستا ناوێری لە كون دەركەوی
بە "بابی، بابی" مەگەر سەركەوی
بابی بابیشمان لە بەهارایە
بەهاریش هێشتا شەڕ لە كارایە
هانام بە تۆیە خودای كردگار
لێمان نەشێوێ سەیرانی بەهار

زین، ژمارە ٦٥٩ ، ١٩٤٢/٢/٢٦ ز.

ئەم پەندە پیرەمێرد لە ڕۆژنامەی "ژین"دا بە ناوی "ئافاقی"یەوە بڵاوی كردۆتەوە، ناونیشان "پەند"یشی بۆ دانەناوە.

٦٦٠

که بە منداڵی "قبووڵی" نەخۆی
گەیشتیە پڵاو ئەڵێی: خەڵکی کوێی؟
یاخوا قەت گەدا نەگاتە مەسنەد
هەموو کاربەدەست ئەبنە پیاوی بەد
جاران "بسم الله" ئەکرا لەسەر نان
ئەبووە تێرەخۆر، قاپێك بۆ هەموان
ئێستا "بسم الله" کەوتۆتە غابات
پیت و بەرەکەت بۆیە دوایی هات
پیر ڕیشی نەبێ گووچنەی دووخە
سەییدی بەدخوو" ئایەی مەنسووحە"
بێدەنگی دەم ڕاست بەهیچ ناژمێرن
"فیکە" بە برای "بێلێو" ئەسپێرن
لە "هەورامانا" ڕمبازی نەبوو
کەچی "هەورامی" یەکەسوار دەرچوو
سوارێ گلابوو لە دەوری "هاوار"
ئەیگوت: سوار نەگلێ، چۆن ئەبێ بە سوار ؟
خێر بەدەستی خۆت نەبەشیتەوە
خێری ئەو خێرە نەبەشیتەوە
سوار گلاو دیسان ڕێی سەختی پێو !
بۆ ئەوە دەشێ بیکەی بە کێوا

ژین، ژمارە ٦٦٠ ، ١٩٤٢/٣/٥ ز.

٦٦١

چرووك له دونیا خۆی قەمتەر ئەكا[1]
لەولایش حیسابی دەولەمەند ئەدا
ڕاستی، بارێكە هەناسە ئەبڕێ
هەرچی هەڵیگرت شەڕی پێ ئەبڕێ
گۆچان كە قەڤ چەماوەتەوە
سەرچەوتە و ، سەرچەوت ڕاست ئەكاتەوە
نیكاح بەردێكە سەر "مەلۆی" ئەنێن
"حاجی یاتمەز"یش بە تەلاق ئەڵێن
جاران ئەیانگوت عەیب و شوورەیی
ئێستا ئەبێ دووی شوورەیی كەوی
"ڕۆستەم" بۆ ئەمەی تیغی كول ئەكا
دوو كەسی ئەگرت ئەیدا بە یەكا
ئەوەی بە پارە و بە دەسەڵاتە
شەڕیشی وەك ڕێی بە قۆنتەراتە
جاران ئیتالیا شەڕەگای ئەكرد
ئێستا گاجووتی "بنیتۆ"ی بار كرد
هەندێ بە لفكەی زبر دەشۆرێن
هەندێ بە نەرمی لە بار دەگۆڕێن
شەرت ئەوەتە تۆ میزاج بناسی
"تەنتریۆت" نەدەی لە جێی ڕۆن ماسی[2]

ژین، ژمارە ٦٦١، ١٩٤٢/٣/١٢ ز.

---

[1] ئەم پەندە لای كاكەی فەللاح لەتەك ژمارە ٦٦٠دا رداونەتە دەم یەك.
[2] تەنتریۆت : مەبەستی لە "یۆد"ە.

٦٦٢

چەند خۆشە کچی جوان خوێندەوار بێ
شێوەی هامسەری تێدا دیار بێ
ئەوسا ئەتوانێ کە قەدری مێردی
ڕاگرێ و پشتی نەدا لە عەردی
کوڕ و کچ ئەگەر جوانی یەکیان خا
کە لە یەك تێر بوون، دیواریان ڕووخا
چلێس زەحمەتە بە ژنێ هەڵکا
جار جار سەردەکا بە "دیزەی" خەڵکا
"ئێسری بالانی" زۆڵە و چەمووشە
کە گوێی مەلاس کرد، ئەزانی تووشە
بەلام هەندێ کەس گوێی نابەنە چەرم
"جووتە" لێئەدەن، بە تێکەڵی گەرم
ئەگەر "گوێرەوسار" نەبێ بۆ گوێلك
بێستانمان ئەبێ بە دەشتی کۆلك
پیری زاتێکی خستە مەینەتی
هاواری کێری "شەرح موغنی"یەتی[1]
کورد لەبەر کێری خوای بیرچووەوە[2]
"لیله القدر"ی پیا خرج بووەوە
جاران جاربەجار ئەکەوتە سەما
بە شەڕی "هیتلەر" نەشئەی تیا نەما
یاخوا "هیتلەر"یش وەك ماری تۆپیو
هێزی نەمێنێ بۆ ئەمدیو ئەودیو

ژین، ژمارە ٦٦٢، ١٩٤٢/٣/١٩ ز.

---

[1] لە ناو فەقێکانا بۆ پێکەنین دەیگێڕنەو کە مامۆستایەك بە پیری ژن دەهێنێ، هەست دەکات ئەو گڤوگوڕەی جارانی نەماوە، لەبەر خۆیەوە دەڵێ، ئای بۆ کێرەکەی زەمانی شەرحە موغنیم، واتە ئەو دەمەی کە فەقێ بووم و شەرح موغنیم دەخوێند کە هەڕەتم بوو.

[2] لای کاکەی فەللاح : کورد لەبەر هەوەس......

هەر وەکوو "نەق نەق" ئیسپاتە
زوڵم لە زاڵم، وەك حەسەناتە
ئەڵماس بە بەردی بێقیمەت ئەشکێ
کە شکا ئیتر پێکا نالکێ
بەڵام "ڕووسووری" چاری کراوە
باوکی ماقووڵ بێ، بۆی داپۆشراوە
پیاوێ کە دەستی لە دەست هەڵبڕا
زۆری پێنەچوو پێی هەڵواسرا
شەرتە ئەو دەستەی کە هەڵدەبڕێ
ئەبێ دەستێ بێ بۆ دزی نەبڕێ
هەندێ موسیبەت کە خوا ئەینێرێ
بە سەدای کردەی بەدمان ئەژمێرێ
کە دەستت بەسەر پشیلەدا هێنا
ڕەگی کۆتر و کەوی دەرهێنا
عەرش کە بە ناڵەی هەتیو ئەلەرزێ
بۆچ بەو لەرزەیە "هیتلەر" ناتەزێ ؟
تا ڕووی سەرزەمین بەخوێن سوور ئەبێ
گێپەڕەی ملی ئەو ئەستوور ئەبێ
بەهار بۆ جوان خۆشە بگەڕێ
داری پیر بە بای بەهار نا لەرێ
پیری و جوانی تێکڕای ڕەحمەتە
یادی جوانی بۆ پیر حەسرەتە
پیر تەقاویت بوو، ناکەوێتە یاد
ئیتر داینەنێن بە نەفسی زیاد
نازانن خۆیشیان وایان بەسەر دێ
گۆڕ وایە بەدکار دەریکەن لە دێ

ژین، ژمارە ٦٦٣، ١٩٤٢/٣/٢٦ ز.

٦٦٤

که لە ڕووناکی کەوتیە تاریکی
چاوت نابینێ پێوە خەریکی
ئەبێ ڕاوەستی تا چاوت ڕادێ
تا چاوت ڕادێ کوێرایبت دادێ
لە تاریکیشدا شەم شەمە کوێرە
کەوتە ڕووناکی، نابینێ کوێرە
ئەمانە دەردی کوتوپڕییە
قۆرتی نەگبەتی کاسە پڕییە
هەرچی لە پڕێ کە بوو بە کوڕێ
خۆی لێ نەگۆڕێ، زۆر بەرز نەفڕێ
دیارە ئەو کەسەی کە بەرز نەفڕێ
ئەستۆ شکانی گەوجی پێ ئەبڕێ
ئاخ ئادەمیزاد لە خۆی بایبە !
بۆ دوو ڕۆژیش بێ شاهی شایبە
ئەم بەرز فڕینە و ئەم مل شکانە
لە ئادەمەوە ئیرسی باوکمانە
دنیا هەزاران "فیرعەون"ی دیوە
کەللەی "کەی" لەژێر خاکا ڕزیوە[1]
دوای ئەوەیش ئەویە دوو ڕۆژی بەرکەوت
ئەسرەوت تا هەوای سەر کەوت و سەرکەوت
دنیا شێواوە بە کەس چا نابێ
سا مەگەر دەوری "مەهدی" پەیا بێ

ژین، ژمارە ٦٦٤، ١٩٤٢/٤/٢ ز.

---

[1] کەی، لەقەبی پاشایانی کۆنی ئێرانە.

بارانی نیسان دوڕو گەوهەرە
لە ڕاستی ئێمە ژاڵەی بێبەرە
فریشتەی ڕەحمەت لە تەقەی بۆمبا
هەڵفڕییەوە، ڕەنجمان چوو بە با
خوا فەرمووی: دنیا ! بچۆرە بنە
ڕوو بکەرە ئەوەی، کە ڕووی لە منە
کەچی دنیا کەچ پێچەوانەی کرد
هەرچی خوای نەویست، خۆی بۆ ئەوە برد
ئێستایش ئەوانەی کە خوێن ئەڕێژن
هەندێ بەندەمەك چاکیان ئەبێژن
بە نانی "عیراق" پەروەردە ئەبن
کەچی بەنەزمی "نازی" ئەنووزن
ڕەحمەت لەو کەسەی "ئەسپێ" ئەکوژێ
بە باخەلێیە و خوێنی ئەمژێ
نیسکی "مۆریاس" و هەرزنی"ڕەنگاڵ"
بێبەروپشتن، بۆ کەس نابنە ماڵ
لەم سیاسەتەی ئینگلیزە ناگەم
پیاوی بەدنمەك ئەخاتە پێش دەم
پیرەمێرد ئەڵێ: پیاوێ سەرکەوێ
ئەبێ دوڕناس بێ، کووژەکەی نەوێ
دەربارەی ناکەس پیاوەتی مەکە
بە کوڵ بیبەیتە "کەعبە" لەك لەکە !

ژین ژمارە: ٦٦٥، ١٩٤٢/٤/٩ ز.

٦٦٦

بووکەبارانە ئاوی پیادەکەن
ئینجا بۆ باران ڕوو لە خوا دەکەن
خوا هەموو ساڵێ بۆ "کەپرەشینە"
باران ئەنێرێ ئەڵێن: ئایینە
بۆ ئایین نییە ئەو تۆزە ئاوە
بورجی ئاسمان هەروا سووڕاوە
ئەگینە ئەگەر بە دوعای "جوو" بێ
ئەبێ بۆ "هیتلەر" مەرگێکی زوو بێ
لام وایە"هیتلەر" نەسڵی شەیتانە
بۆ شەڕ خوڵقاوە، عەدووی ئنیسانە
لە سەرزەمین و دەریا و هەوادا
بە شەڕ بۆ بەشەر بۆمبای هەوا دا
چەند پیر و جوان و منداڵی هەزار
لە گیان کێشاندا لێی کەوتنە هاوار
کەچی ناڵەیان تەئسیر نانوێنێ
کەوا دادی مەزڵووم عەرش ئەلەرزێنێ ؟
ئەوی بە گوناه ڕەش ئەبێتەوە
"تیر" ڕێ لە لەشیا نادۆزێتەوە
وا چاکە ئینسان هێند گوناهکار بێ
کە "تیر" نەیبڕێ، لە مەرگ ڕزگار بێ[1]

ژین ، ژمارە ٦٦٦، ١٩٤٢/٤/٢٣ ز.

[1] لە مەرگ ڕزگا بی "لای پیرەمێرد" ، لە مەرگ بێزار بێ "لای کاکەی فەللاح".

سروشتمان چونکو گەنمی تیایە
هەویر بۆ هەموو زاممان دەوایە
ئەگەر ئاوبەندیش زۆرمان پێ بێنێ
نیوە نمەکێ ژانی ئەشکێنێ
لەبەر ئەوەیە ئەگەر ئەبرژێین
فش هەڵدەێین بە بای غروور ئەترشێین
لە فەسیلەدا تیرەتیرەین، جوێین
گاڵ و زوڕات و دانەوێلە و جۆین
هاڕیونی ئاشی چەرخ بەقینەوە
ئاردی ئاو دڕکین، یەك ئاگرینەوە
چاومان زوور سەری خۆمان نابینێ
عالەم سەر کەوت و "کورد" وا دەمێنێ
دووکەڵ لە نزمی بەرز ئەبێتەوە
دیزە لەبەرزی تل ئەبێتەوە
ئەورووپا ئۆردووی کۆلارەی هەیە !
کوردیش کەلارەی تەپاڵەی هەیە !
"تەکەنمەد"ی ئێمە "بەرگن"ە
فانیلەی ئەوان "ڕۆنگ"ە بەرگنە
ئەو گیایەی ئێمە ئەیخەینە بەر کەر
ئەوان "ئاوریشمی" لێ دێننە بەر
ئەوەی لەم خاکە خۆی پەیدا ئەبێ
دەس خێوی کەوێ کیمیایی ئەبێ

ژین، ژمارە ٦٦٧ ، ١٩٤٢/٤/٣٠ ز.

٦٦٨

چنار کە بڕا و جوێ بووەوە لە بن
ئەیکەن بە پەیژە، پیا سەرئەکەون
"ڕەسەن" بۆ ناسوار، ئاوزەنگی نادا
"کەر" هەرچی هەستا سواری بوو پیا دا
"مازوو" چونکو خۆی بێئەرك بەبەرە
بێمنەت فەیزی "مەننی" لەسەرە[1]
داری "سەرو" چونکو بە باڵا ئەخورێ
قووچ بووەتەوە و بەریش ناگرێ
ئەوی بە دەعیە بەرز ئەبێتەوە
وەك "شۆڕەبی"یە، ئەنەوێتەوە
پیاوخراپ هێندە کەوتۆتە کایە
چاك دەڵێ: کاشکێ خراپ بوومایە !
وا چاوم لێیە پیاوی بەناموس
خوا خستوویەتە ژێر ئەمری "جاسووس"
خوا بۆیە کاری ئەوتۆ ئەسازێ
هیچ کەس بە عیلم و فەزڵی ئەنازێ
جاران لووس باو بوو، ئێستە زمانی لووس
بازاڕی گەرمە ئێستا "قزە ڕووس"[2]
من فەفر ئەکەم ئێستا بەم ئیشە
کە باوی دەستەی ئاغای بێڕیشە[3]
یاخوا هەر ئەوان بکەونە ڕاسی کار[4]
تاکو دەرکەوێ بەکار و بێکار !

زین ، ژمارە ٦٦٨ ، ١٩٤٢/٥/١٤ ز.

---

[1] مەن، وشەیەکی عەرەبییە واتە "گەزۆ".
[2] قزە ڕووس: پێشیان دەگوت "قەزە ڕووس" . سەرتاشێکی ئەرمەنی بەناوبانگ بوو لە شاری سلێمانی.
[3] ئاغای بێڕیش: وەك زاراوەیەك بۆ ئافرەت بەکار دەهێنرێ.
[4] ڕاسی کار"لای پیرەمێرد"سەرکار"لای کاکەی فەللاح

ئەم شارە تەسلیم چشتێ کراوە
بە مەتەڵ شەش پای دوو سمی ناوە
کلکی لە بانی پشتی ڕوواوە
کە کلکی بگری ڕوو لە سلاوە
بە هەر بارێکا پەنجەت خستە ژێر
ئەبێ بە ئالەت بۆ شەڕ و بۆ خێر
خوا فەرموویەتی ڕاستی هەڵکێشن
کەچی بە "کەچی" خەڵك لێ بەئێشن
چونکە میزانی عالەم شێواوە
ئەویش بەجارێ پەتی پچڕاوە
بەدکار بە زرێی گوناە ئەخورێ
بۆیە کە تیری دوعا نایبڕێ[1]
هیچ کەس لە کاری خودایی ناگا
خۆی خوایە و خوایی ئەداتە دەست گا !
بەفر ملیۆنێ ڕەق ئەکاتەوە
باران بۆ خەزنەی خۆی ئەباتەوە
لەباتی باران بۆمبا ئەبارێ
"سون"یش بەربۆتە دەغڵ بەجارێ[2]
بەجارێ دنیا بوو بە مووی زەنگی
تۆفانی بەلا گەییە ئاوزەنگی
باوك ئەولادی ناوەتە ژێر پێ
ئاخۆ بەزەیی خودا بۆ کەی بێ ؟

زین، ژمارە ٦٧٠ ، ١٩٤٢/٥/٢٨ ز.

[1] بۆیە کە تیری دوعا نایبڕێ" لای پیرەمێرد" بۆیە کە تیری گوناە نایبڕێ "لای کاکەی فەللاح".
[2] سون: مەبەست لە سنە کە جۆرە جانەوەرێکە بەردەبێتە دەغڵ و دان و پووچەڵ و بێبەری دەکات.

٦٧١

گەرما ڕتووبەت لە لەش دەردێنێ
سەرما دەستوپێی پیاو ئەتەزێنێ
هاونیان دنیا پڕ لە میوەیە
زستانان بەفر بە کرپیوەیە
ئەوەی سروشتی ساردە وەك زستان
تەزوو ئەخاتە ناو جەرگی ئینسان
ئەوەی کە دڵی گەرمە و بەڕەحمەگ
لەناو پیاوانا زینەتی بەزمە
پیاو هەیە هێندە سارد و بێباکە
ئاگری جەهەننەم تینی تێناکا
ئەڵێن "سەمەندەر" لە ئاگرایە
نەمدەگوت ڕاستە، ئەوم نەدیایە
"بایەقوش"م دی، خوێندی لە سەر ماڵ
ئاگری تێبەربوو، دایە کۆی زوخاڵ
هێندێکیش چاوی پیسیان کار ئەکا
چاوی پیس کاری ژاری مار ئەکا
چی دەبێ ئەگەر چاوپیسێ جارێ
"پەح" لە "هیتلەر" کا و بیخاتە خوارێ
دوعا و نزای خەڵك تەئسیر نانوێنێ
مەگەر بۆمبای چاو هەڵیتەکێنێ
وا عالەمێ مرد "هیتلەر" هەر ماوە
ناوی بە بەلای خودا نووسراوە

زین، ژمارە ٦٧١، ١٩٤٢/٦/١١ ز.

دنیا دوو ڕێیە بۆ ئەهلی بڕوا
ڕێیەکیان دێت و ڕێیەکیان ئەڕوا
عاقڵ چۆن ئەنوێ لەو دووڕیانە[1]
مەگەر ئەو کەسەی خەوی گرانە
دنیا خەوێکە بۆت نایەتە دی
هێشتا کەس بەری ئەو خەوەی نەدی
یەکێك ئەبینی شیرین خەتوخاڵ
لە پێش چاو لاچوو ئەبێ بە خەیاڵ
دووکەس ئەگەڕێن بە ڕۆژوشەو
لەگەڵ لێك بڕان ئەگەڕێ بە خەو
سەد خواردەمەنی خۆشت بۆ ئەکرێ
ئەیخۆی کەچی زك توێشوو هەڵناگرێ
هەر شۆخ و شەنگێ کە دڵ ئارامە
دوای وەسڵ ئەبینی کە "ئیحتیلامە"
یادی خوا ئەبێ تێری پێناخۆی
هەتا زۆرتر بێ، شیت گیرتری بۆی
ئەگەر بێتو خوا ئەوەی پێبەخشیت
مەترسە ئیتر بەهیچ نالەخشێیت
خوای کرد دەروونت ڕاهات بەو نووره
خەم وخەفەتی دنیات لێ دووره

زین، ژمارە ٦٧٢، ١٩٤٢/٦/١٨ ز.

[1] ئەنوێ"پیرەمێرد"، ئەڕوێ" کاکەی فەللاح".

٦٧٤

هەوری بەهاری بە هەڕوگوڕە
بە تاو و تەرزە توندە و بەگوڕە
کە خۆت لێگرتە پەنا و پاساری
زوو بەسەر ئەچێ ئیتر ناباری
ئەگەر ڕووبەڕووی ڕۆییت بێپەروا
بە تەوژمەوە بەسەرتا ئەڕوا
هەرچی تەنك بێ دیارە زوو ئەدڕێ
ئینسان ئەستوور بێ ئەوسا ئەپچڕێ
"هیتلەر" لە دوو لا کەوتە پەلامار
ئەکوژێ و ئەکوژێ بێپەروا وەك هار
دیارە کە دوایی "سەمەندۆك" ئەکرێ
ئینسانی خوێنڕێژ مەرگی پێ ئەبڕێ
دنیا بەجارێ بووە بە گۆمێ خوێن
ئەولادمان ئەڕوا بێسەر و بێشوێن
بەم ڕەنگە ژیان تامی نەماوە
ماسی ژێر دەریایش هێلکی بڕاوە
گرمەی بۆمبا و تۆپ گەییە ئاسمان
لەرزەی خستە ناو بارەگای یەزدان
کاتێك زانی کە قینی قەهھار
بۆ تۆڵەی خوێنی ناحەق کەوتە کار
ڕەگی زاڵمی لە بن دەرهێنا
ئەم شەڕو شۆڕە نەما لەبەینا

ژین، ژمارە ٦٧٤، ١٩٤٢/٧/٢ ز.

٦٧٥

ئەو کەسەی دڵی کەسێ خۆش نەکا
هەڵکردی نابێ لەتەك پیاو چاکا
کە ئەیڕوانی بە ڕووی گرژ و مۆن
وەك منداڵی سیس ئەکەوێ بە بۆن
ئەوی خزمەتی خەڵکی پێئەکرێ
لەناوا ناوی بە چاکە ئەبرێ
کە تووشی کەسێ هات بە پێکەنین
قەدری ئەگیرێ وەك شای سەرزەمین
زاتەن لەزەتی دنیاش ئەوەیە
بێغەمی لەلای پیاوی بێوەیە
کاتێ دڵپاك بێن دڵنیا ئەبێ
لەگەڵ چاکانا ئاشنا ئەبێ
ئەوەی کە لەگەڵ خوێشیا دڵپیسە
هەر کردەی ئەوە و بردەی ئیبلیسە
ئەوەی بە هەرە و گوڕە دلێرە
کردەوەی نییە، پووچە، بێخێرە
باوجود ئێستا ئەوانە پیاون !
بێدەنگی ئازا، کەمترین ماون
هەر لە ئەوەڵی دنیا تا ئەمڕۆ
"دەنی" لە پێشەو "دانا" ڕەنجەڕۆ
زاتەن دنیا خۆی ناوی "دەنی"یە
ئیتر ئەم تانە و توانجە چییە؟[1]

زین، ژمارە ٦٧٥، ١٩٤٢/٧/١٠ ز.

---

[1] ئەم نیوە دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا بەم شێوەیە "ئەم تانە و توانجەی ئیتر بۆچییە؟".

ئەڵێن: جەهەننەم لە ژێرزەمینە
بە ئاگری ئەوە ئەم گەرما و تینە
ئەی حۆ ڕەشەبا کە لە بەرزییە
گوایە بوارەی کونی دەرزییە
هێجگار ئەو عەیشی ئێمە تاڵ ئەکا
بە تۆز و غوبار چاو بەدحاڵ ئەکا
ئەم شارەی ئێمەی کردووە بە "مەکۆ"
هەرچی دێت بڕوا، بانگت ئەکا مەڕۆ
فێری فیشاڵی وەهامان ئەکا !
فەلەك لە دەستمان بەرد بە با ئەکا
ئەم بایە ڕەنجمان ئەدا بە بادا
با، با نەکەینە، سەر لە هەوادا !
تاو تاو کە هەتاو لێمان دێتە ناو
هەناومان ئەکا بە شێلمی پیشاو
کەچی بە سەرمایش "کەسیرە" ئەبین
بایێکی لێداین لە "برە" ئەچین
نازانین بەرگەی هیچیان ناگرین
گا کلکی لێداین، ئەکەوین، ئەمرین
هێندەیش بە نەفسی خەڕۆمان بایین
هەر لە پەیجۆری خەیاڵی شایین
هێندە بەرز ئەفڕین باڵمان شل ئەبێ
دوایی شکانی سەر و مل ئەبێ

ژین، ژمارە ٦٧٦ ، ١٩٤٢/٧/٢٣ ز.

که دەزوو بکەی بە دەرزییەوە
ئەگەڕێی کونی بدۆزییەوە
بەڵام کە ویستت هەودای وەرگەڕێ
پەنجەت گەیشتێ خۆی دێتە دەرێ
چاکەوەك دەزوو پێوە کردنە
خراپە هەودا لێ لابردنە
هەندێ بە هەوەس خراپە دەکەن
لەلای کاربەدەست بەوە دەردەبەن
فەسڵێ بەدکاریان هێنایە کایە
فەسڵێ دەور گۆڕا ئەو لە کارایە
"خوا دەفەرموێ: من بمویستایە
چاکەم دەخستە ناو ئەم دنیایە"
دیارە ئەمانەی کەوا بەدکارن
حوکمی ئارەزووی پەروەردگارن
کەوایە بۆچی و گلەیی لە کێ؟
دیارە کە خوا خۆی گەردشی ئەوێ!
ئەگینە "هیتلەر" یەك گیانی هەیە
چۆن ڕێی پشێوی جیهانی هەیە؟
خوێنرێژ "مەنفووری" هەموو دنیایە
ئەو "پەرستیدەی" ئەڵمانییە
ئەم نەگبەتە کە شانی گرتوون
کاتێکت زانی هەموویان مردوون

ژین، ژمارە ٦٧٧ ، ١٩٤٢/٧/٣٠ ز.

که چاوت بڕییە عەیبی هاوماڵت
لەو خراپتری هاوار بە ماڵت
لە قیسمی ئافرەت، ئەوی بێعارە[1]
لە پێکەنیندا بە دانیا دیارە !!
پیاوخراپ توندبێ و بێ شەڕ بگێڕێ
سپێنەی چاوی لێ وەردەگێڕێ
ئەو کەسەی لەناو عەواما دوورە
بێقرە و بێوەی، ڕەنگی هەر سوورە
مەلا پڕدەمیان کرد لە ترخێنە
حوکمیان لێ ئەکرد، وەعز بخوێنە
شێرە بەفرینە لە درۆ بکرێ
بەرگەی هەتاوی ڕاستی ناگرێ
ئەگەر بزانی تێنەگەیشتووی
پیاوچاك مەدحت کرد ئەو شەرم ئەیگرێ
کە غەیبەتت کرد، گوێی لێ ناگرێ
خۆت مەئالێنە خۆشەویستییەوە
ئەوە بزانە دوور ئەکەوییەوە
دەعیە ڕەنگێکە ئەدرەوشێتەوە
بەڵام "زەرکەفتە" زوو ئەچێتەوە
خەو و مەرگ هەر دوو برای یەکترین
لە مرگ بێزارین، بۆ خەو ئەگەڕێین

ژین، ژمارە ٦٧٨ ، ١٩٤٢/٨/٦ ز.

[1] لە قیسمی" پیرەمێرد" لە بەشی" کاکەی فەللاح".

هەندێ "کەللە" هەن کە مێشکیان تیایە
هەرچی کە ئەیڵێن لای "نادان" بایە
هەندێ وەك "تەپڵ" کە پڕە لە "با"
با، دەنگی ئەوان بۆ ڕێی دوور ئەبا
مەلایەکی باش، مەلای دێیە بوو
جاش مەلایەك هات بەگژییا چوو
وتی: خەڵکینە ئیمتیحانمان کەن
خۆ شوکور ئێوە زۆر چاك تێئەگەن !
وتی: سا مەلا ! گایەك ببووسە
تۆ نەتخوێندووە، زوبانت لووسە
مەلا "گا"ی نووسی بە دوو حەرفی ورد
هێند ورد بووە کە چاو کاری لێنەکرد
ئەوی تر ڕەسمی گایەکی کێشا
هێندە زەلام بوو باری ئەکێشا
خەڵکەکە وتیان: ئەمە گامێشە
ئەوی تر لە "گا" ناکا، "گوومێشە"
جا ئێستایش فیکری "عەوام" هەر وایە
زۆر کەسمان تێکەڵ بە کەر و گایە
ئەگینە دانا چۆن باوەڕ ئەکا ؟
لەم شەڕە "هیتلەر" سەری خۆی دەرکا
نەخوازەڵا خوای عادل و عالم
چۆن مەخلووقی خۆی ئەدا بە زاڵم ؟

ژین، ژمارە ٦٧٩ ، ١٩٤٢/٨/١٣ ز.

٦٨٠

ئەگەر ئەتەوێ دڵت تەنگ نەبێ
لە دڵتا مەیلی دواوا جەنگ نەبێ
بەحەق یا ناحەق کە قینت هەستێ
ئەو قینە ڕێگای نەشئەت ئەبەستێ
کە بە گژتا بێن، خۆڕایی نییە
خۆیشت ئەیزانی گوناهت چییە؟
ئەڵبەت تۆ ئەڵێی من خوێندەوارم
بۆ ئیش و کاری میری بەکارم
بەوە ئەتەوێ بەرزی بنوێنی
باقی خەڵکی تر خوار خۆت ببینی
نازانی مەسنەد بە خوێندن نابێ
ئەوە بەکارە کە خوڵقی چا بێ
زۆر "تەحسیلدیدە" ئەسووڕێتەوە
هەیشیانە بێشێو، سەر ئەنێتەوە
لەو لاوە یەکێ دێت بە چاوڕاو
خۆی ئەچەسپێنێ ئەکەوێتە ناو
ئەبێ ڕاوەستی فەوەیەی دەرکەوێ[1]
ئەوەیش خۆ "سەبری ئەییوبی" ئەوێ
ئاویش نەماوە بوار بەرکەوێ
تا ڕەش و سپی تێدا دەرکەوێ !
لەو ساوە دنیا بوو بە "پارتیزان"
دەستە لە پێشە زانست، یانەزان

ژین ، ژمارە ٦٨٠ ، ١٩٤٢/٨/٢٧ ز.

[1] فەویە: مەبەستی پیرەمێرد ئەوەیە کە تۆ ڕاوەستە و چاوەڕوان بکە کابرا خۆی دەردەکەوێ و دەزانی بایی چەندە. ئەم نیوە دێڕە لای کاکەی فەللاح بەم شێوەیە نووسراوە. "ئەبێ ڕاوەستی قووەی دەرکەوێ".

٦٨١

ئازایی باوان بە وارس نابڕێ
زۆر وەجاخزادە لە برسا ئەمرێ
ترسنۆك سەری لە ئیش دەردەچێ
بەلام ناوێرێ لە گژ ئیش هەلچێ
تا بەخت و قیسمەت بۆت نەبن بەیار
هۆش و هونەرت بۆ ناکەونە کار
خۆ لە تەهلوکە، پاراستن فەرزە
هەندێ جار سکووت شیعرێکی بەرزە
تێهەلمەقوتە، بلێی ئەزانم
ئەلێن "نازانم ڕەحەتی گیانم"
لە درێژەدا ئەدەب و کەمال
گەلێ چاکترن لەحوسن و جەمال
ئەگەر تێکۆشێ و بۆش دانەنیشی
ناکەوێتە دوا، دایم لە پێشی
هەرخوایە تەغیر ئەدا بە تەدبیر
وا چکە باوەڕ بکەین بە تەقدیر
زۆر جار نەدیدە قیسمەت ئا بارێ
پاروویش لە دەمت کەوتۆتە خوارێ
ئەگەر ئەکەویە جوسوجۆی ئەحوال
قسە یا لە شێت ببیسە یا مندال
بەلام وا چاکە لە هیچ گرێ نەگری
ئەوسا بێواتە و بێئەزیەت ئەمری

زین، زمارە ٦٨١، ١٩٤٢/٩/٣ ز.

٦٨٢

له بارەگادا تا بارە كایە
بەدیاری نەبەی، ناچیتە كایە[1]
له بارەگای خوایش عادەت هەر وایە
بەلام بۆ ئەوێ، دیاری تەقوایە
هیچ كەس هیچ كەسێ ناباتە بەهەشت
"دە"م بۆ نەژمێری نالێم بگرە "هەشت"
ئەمەندەی هەیە پیاوی وەفادار
ئەگەر دەست كەوێ، ئەو بكە بە یار
دۆستی سەرسفرە ، لای چەپا سفرە
له تەنگانەدا بەدۆستی مەگرە
هەرچی لەلای تۆ ئەخوا كە ڕۆیی
ئەڵێ: لێمان دا، بە كەری خێوی
نازانێ ئەوەی نان بە خەڵك ئەدا
بە هیوای پاداش، ڕەنج بە با نادا
ئەمە زەوقێكە خۆی لە لای خۆشە
ئەگینە هیوای غەیری خوا بۆشە
هەزار جار تاقی كراوەتەوە
كەرەم پاداشی نەدراوەتەوە
هەیە بە دەرسی عیلم و بەپارە
عومری خۆی دانا كەم كەسی یارە
یەكێك ئەناسم كە لە "هەولێرە"[2]
لەعیلم و نانی، عالەمێ تێرە
كەچی نان خۆری زۆری حەسوودە
هەندێ پێی ئەڵێن ڕەنجی بێهوودە
حاشا لەلای خوا پایەی بڵندە
ئیتر با سپڵە نەبێ بە بەندە

ژین، ژمارە، ٦٨٢ ، ١٩٤٢/٩/١٠ ز.

[1] ئەم نیوە دێڕە لای كاكەی فەللاح بەم شێوەیە: "نەبەی بەدیاری ناچیتە كایە".
[2] مەبەستی لە خوالێخۆشبوو مەلا ئەفەندی هەولێرە.

٦٨٣

بە پشت ئێستری چەمووشدا مەڕۆ
خووی ئەو "لەقەیە" خۆت لادە لەو تۆ[1]
سەگی نهێن گر، لە کەس ناوەڕێ
بەلایا مەڕۆ ! لەپڕ ئەتگرێ
باوجود ئێستا کە سەگ نەماوە
"هەڵەوەڕ" لە جێی ئەو دانراوە
پشیلە دیار نەبێ، شایی مشکانە
هەروا هاتووە ئەم، دەور و دووکانە
دەوڵەمەند لەدەست سواڵکەر بێعارە
ئارد و ڕۆن نییە و بە ناعیلاجی
لەهیچ کوێ نایە بۆنی ناوساجی
خوا "ئەسپێ"ی خستە فەردە ئاردەوە
بۆیە تەماعکار وا نەیشاردەوە
لە پێشدا ببوو بە بگیر، بگیر
کە ئەسپێتی تێدا کەوتە دەست فەقیر
ئەم موڵك وماڵەی دڵمان پێخۆشە
لە سەرەمەرگا حەسرەتە، بۆشە
درۆزن زانی درۆی سەر نەگرێ
پێی ڕادێ ئیتر شەرم نایگرێ
ئەو شیرینییەی لە درۆدایە
لە ڕاستی تاڵدا هیچ کەس بۆی نایە

ژین، ژمارە ٦٨٣، ١٩٤٢/٩/١٧ ز.

[1] ئەم نیوە دێڕە لای کاکەی فەللاح بەم شێوەیە نووسراوە: "چونکو ئەو لەقەی خۆی ئەدا لە تۆ".

٦٨٤

ئەوی بە هیوای ڕۆژی دواییە
غەمی جیهانی لەلا شاییە
مادام لەو دنیا خودای بۆ ئەبێ
با ئەم دوو ڕۆژە کوێخایی نەبێ
پیاوێ لە دووریێ ئاگری ئەدی
هێزی دەروونی بۆ دەهاتەدی
هیوا چاکترە لە نائۆمێدی
تا مەئیووس نەبی، ناکەویە بەدی
هەر کەسێ پارەی زۆری هاتە دەست
ڕاحەتی دڵی دەردەچێ لەدەست
قەناعەتت بێ، بێئیحتیاجی
جامێ دۆشاو و دوو نانی ساجی
پاقلاوای زیافەت، باری منەتە
لەژێر ئەو بارە، دەرچوون زەحمەتە
منەت و هیوای نەفست دوو بارن
وەك "زوحاك" لەسەر شانت دوو مارن
ئینسان لە خەودا پارە دەبینێ
کە هەستا دەستی توند ئەقووچێنێ
دەست ئەکاتەوە، هیچی تیا نییە
دەوڵەت خەوێکە ئەویش فانییە
کەچی چاکەیەك ئەکەی ئەبینی
لە هەر دوو دنیا پاداش ئەبینی

ژین، ژمارە ٦٨٤ ، ١٩٤٢/١٠/١ ز.

گوناهیش ئەکەی با پەنهانی بێ
با نەزانی تۆ، کەس نەزانی بێ
کە جارێ ناوی خراپیت زڕا
هیوای باوەڕی خەڵك لێبڕا
کابرایە جارێ دۆری کردبوو
درۆزنێ بوو، ئاگر لە ماڵ چوو
عیززەتی نەفسی خۆیشت مەشکێنە
واز لە تەمەننای ئاوێنە بێنە
ژووری زستانە پڕ فەرش ئەگرێ
میوان قۆندەرەی قوڕی پێئەسڕێ
برسێتی ڕەگی هاری پێوەیە
کەچی ڕەمەزان هەر لە جێوەیە
برسی وا هەیە کە لە داخی خوا
ئەگەر ڕەمەزان بێتە لای ئەیخوا
هی وایشمان هەیە هەشت نۆ نەوع تەعام
لەبەردەمیایە و پێی دەڵێ بێتام !
لەزەتی خواردن هەر لە دەمدایە
لە "دیزەڕەشدا" هەر یەك هەوایە !
ئاخ ئەرکی دیزەی ڕەشمان نەبوایە
کێ بە کێی ئەگوت ئەمە پاشایە ؟
خۆزگە حەکیمێ بە دڵسۆزییەوە
چارەی برسێتی ئەدۆزییەوە
ئەوسانە نە "هیتلەر" ئەم شەڕەی ئەکرد
نە بۆ نان کەسێ لە برسا ئەمرد[1]

زین، ژمارە ٦٨٥ ، ١٩٤٢/١٠/٨ ز.

[1] "نە بۆ نان" لای پیرەمێرد ، نە بۆنان "کاکەی فەللاح".

دنیا بە جارێ وەك ئاگری سوورە
شوکور ئەم ئاگرە لە ئێمە دوورە
بەڵام لەملاوە پەتی ئیحتیکار
لە ملمان توند بوو، خستینیە هاوار
برنجمان ئەبەن، بە ڕەنج ئەمێنین
دڵمان وا خۆشە کە نەوت ئەستێنین !
هەرچیمان هەیە بە "نۆت" ئەبرێ[1]
کە خواردن نەما، "نۆت" خەمشەی برێ
بزن بە مەڕی گوت وا زستان دێ
با خانۆچکەیەك بکەین نزیك دێ
مەڕ وتی زستان با هەر بەجۆش بێ
خانووم بۆ چییە، دووگی خۆم خۆش بێ
کە زستان هات مەڕ چووە لای بزن
وتی: بزن گیان ! ڕەفیقت بووم من
وتوومە بزن لە جێی گشت کەسمە
تەنها جێی سەرم بدەرێ بەسمە
بەزۆر سەری خۆی لە کولانە چەسپاند
گورگ هات لە دواوە دووگی لێ فڕاند
مەڵێن: پیرەمێرد واتەی بۆش ئەکا
بزن بۆ شەوێ جێی خۆی خۆش ئەکا
ئێمە کە "مازوو" لە دەست دەربێنین
دیارە بە "سیچکان" تۆڵە ناسێنین
من لێبوومەوە لەم پەند و بەیتە
من وا بۆ تۆمە ، ئەی تۆ بۆ کێتە؟

ژین، ژمارە ٦٨٦، ١٩٤٢/١٠/٢٢ ز.

[1] نۆت: مەبەست لە بەنکەنۆتە.

٦٨٧

خۆزگە هەر کەسێ کە حەفتەی ڕابورد
چاکە و خراپەی بەراورد ئەکرد
تێبگەییایە لەکردەوەی خۆی
بیزانیایە کامیان چاکە بۆی ؟
ئەوسا ئەخلاقی بەشەر چاك ئەبوو
لە ڕاستی یەکتر دڵیان پاك ئەبوو
ئەمڕۆ بە بێباك واین لە جێگادا
سبەی بێتوێشوو، واین لەڕێگادا
دوێنێ هەتاو بوو، ئەمڕۆ سێبەرە
پێنج و دوو ڕۆژێ ، پێچی مێزەرە
لە پێش چاومانە زرت و زیندووە
کە بەلادا هات ڕوانیت مردووە
بەڵام بنیادەم هێندە بێعارە
سەردەنێ و ئەڕوا، بە بێهەوسارە
خوا ئەمانەتی دا بە کێو و گرد
هیچیان نەیانویست [1]ئیبایان لێ کرد
کەچی بنیادەم گرتیە ئەستۆی خۆی
وایزانی سووکێ ئەبێ بە ماڵ بۆی
ئێستا کە داوای لێ ئەکەنەوە
ملپێچی ئەکا بە شێوەتەوە
ناڵێ ئەم عومرە لام ئەمانەتە
دەست پیا گرتنی بۆم خیانەتە !

ژین، ژمارە ٦٨٧ ، ١٩٤٢/١٠/٢٧ ز.

[1] ئیبایان کرد: واتە تەبەڕایان کرد، لێی دەرچوون، خۆیان نەکردە خاوەنی.

٦٨٨

ئاو مردوو زیندوو پاك ئەكاتەوە
گڵ گلاّویمان ئەشواتەوە
وادیارە ئێمە لە ئاو و گڵین
لە سروشتمانا پاك و یەكدڵین
كەچی بە جۆیێ هەوا ئەستێنین
ئاگری جەهەننەم ناهێنینە بیر
بە پاڵی شەیتان ئەكەوینە "بیر"
چونكو ئاگرەكە لە پێش چاو نییە
هەندێ ئەڵێن"حەو ! جەهەننەم چییە؟"
كەوتینە دەورێ، تێكەولێكەیە
هەزار هاواری پاروو و تیكەیە
خەیاڵی ئاش و ئاشەوان جوێیە
هیچیان نازانن دانیان لەكوێیە
كاتێ باراش هات هەر دووكیان ئەیخۆن
ئاوی ئاش ببڕێ، بەرداش لەسەرخۆن
ڕۆن و برنج كڕ "نۆت"یان زۆر پێیە
چۆلەكەی دەشتی و بەردی دەشتێیە
ئێستا كل نادەین بە برینەوە
با سارد بی ئەوسا سارد ئەبینەوە
ئەم "تەق، هاویتە" بۆ تەقاویتە
مەعاشیان كەمە و نانیان بێپیتە
ئەوی هەتیوو لێكەوتوی ناوێ
خوا لە دەفتەری خۆی دەریان هاوێ

زین، ژمارە ٦٨٨، ١٩٤٢/١١/٣ ر.

٦٨٩

ئەگەر خۆت لەلای کەم دەست کەم بگری
ڕێی خۆشەویستی لای خوا ئەگری
لەخۆ بایی بوون ماڵ ئەڕووخێنێ
وەك سرکە هەنگوین چۆن ئەترشێنێ
زۆر هەرزەچەنە تووشی شەڕ ئەبن
زۆر ڤین لەسکیش بە ڤین گەڕ ئەبن
ڤین و حەسوودی لەدڵتا بێڵێ
دوو هێڵ لە زەوی خۆشی ناکێڵێ
ئەگەر زوبانت فێرکەی بە چاکە
دۆست و دوژمنت پێت ئەڵێن چاکە
سەبر کلیلی دەرگای خۆشییە
قەناعەت کەوڵی شایی پۆشییە
هەرچی خوا کردی و بە چاکت زانی
ئەکەویتە ڕێی خۆشگوزەرانی
ئەگەر تووڕە بی بە نافەرمانی
خۆشی نابینی لە زیندەگانی
خۆ ئەگەر بڕوات ببێ خوا هەیە
لە خوا بڕانت دەردێکی کەیە
کەوابێ بۆچی بە ڤینەبەری
خۆت لە لوتفی خوا ئەکەی بێبەری
ئیمان دوو بەشە، بەشێکیان سەبرە
ئەو بەشەکەی تر شوکرانەی قەدرە

ژین، ژمارە ٦٨٩ ، ١٩٤٢/١١/١٢ ز.

٦٩٠

ڕەجمی شەیتانی حەجی موسوڵمان
قەومی یەهوود و کوشتنی هامان
حەدیسە ئەڵێن: دوو ئەبێ بە سێ
"هیتلەر" سێیەمە، چۆن ئەخەلەسێ؟
"هیتلەر" نەك تەنها یەهوود بەتەنێ
دەست هەرچی کەوێ پێستی ئەکەنێ
خۆزگە شەیتان و هامان و هیتلەر
چاومان لێ ئەبوو کە ئەکەونە شەڕ
بانگمان کردایە بە هەلەل هەلەل
قورقوڕاگەی یەك هەڵێنن سەگە گەل
شەیتان زۆر کەسی لە ڕێ وەرگێڕا
هیچیان وەك هیتلەر شەڕی نەگێڕا
یەکێ لەوپەڕی دنیا بەدکارە
لەم پەڕی دنیا بە جنێو لێی بارە
هەندێ گوناهی ئەبێ بە زرێ
پەیکانی تیری دوعا نایبڕێ
عاقڵ لە کاری خوادا نەزانە
"لا یسال عما یفعل" قورئانە
بە مێشوولەیەك نەمروود ئەکوژێ
خوێنی دنیایەك بە هیتلەر ئەڕژێ
هەندێکیش بۆیە بەرز ئەبنەوە
کە کەوتنە خوارێ دەم ئەکەنەوە
نانی دەلیلی حەجاج ئەبڕێ
پێشڕەوی حوشتر بە کەر ئەبڕێ!

ژین، ژ ٦٩٠، ١٩٤٢/١١/١٩ ز.

پیرەمێرد ئەم پەندەی بە ناونیشانی "بالۆرە"وە بلاوکردۆتەوە.

٦٩١

پاییز هات گەڵای داری هەڵوەراند
"وەیشوومە" پشتی بێپشتی شکاند
دار ڕووتبوو گەڵای کەوتە بنەوە
پیر و جوان تێکرا لێك ڕاست بوونەوە
ئەو درەختانەی کەوا بێبەرن
ئەشێ هەر وەکوو "کەوا" بیبڕن
پیاویش کەوا خۆی لە خۆی بگۆڕێ
بێبەرە، بیبڕە، بیخەرە گۆڕێ
"کفي بالشيب و اعظا" هەیە
نایەتە بیرمان کە پیری کەیە [1]
"حسبنا الله ونعم الوكيل"
بۆ هەموو کارێك ئەبێ بە دەلیل
"اطع ربك تسمي عاقل"
"ولا تصعة تسمي جاهل"
فەقیر لای خواوە کە ڕزقی بۆ بێ
لەولاوە زۆردار دێت و تێی ڕۆیێ
ئەڵێن ئەوەی چشت لە خەڵك ئەفڕێنێ
پەردەی ناموسی خۆی ئەدڕێنێ
واتەی کەم دەستە ئەم بەند و باوە
ئێستا هەڵمەت و فڕاندن باوە
خوازۆر بە حیلمە و ئێمە بەپەرۆش
دەریای غەزەبی درەنگ دێتە جۆش

ژین، ژمارە ٦٩١، ١٩٤٢/١٢/١ ز.

---

[1] کەیە "پیرەمێرد"، هەیە "کاکەی فەللاح".

٦٩٢

مردن بە عیززەت تەنها جارێکە
ژیان بە زیان گران بارێکە
نابێ دوژمنی خۆت بە کەم بگری
دەرزی خوێنی ڕەگ بەردا پێی ئەمری
تا ترسی مردن نەهاتۆتە پێش
قوربان قوربانە لە ئاقاری پێش
لە سەرەمەرگا دێیتە تەنگانە
گیانی فرزەندیش لە لات قەڵغانە
زۆر برا هەیە، کەماڵی بڕا
لەگەڵ برایشا برایی بڕا
تا باوك ماوە برا برایە
میرات کەوتە ناو هەراوهوریایە
هەندێ تەماعیان هێندە مەحکەمە
سوێندی درۆیان خوارد لە مەحکەمە
حوججەتی حەجە مایەی درۆیان
"حجرالاسود" ڕوی کردە ڕوویان
گوناه لە پارە بە وەفاترە
تەنها گوناهە هاودەمی قەبرە
حاجیەتی بۆ من زۆر کەڵك ئەگرێ
باوەڕ بە سوێندی درۆم ئەکرێ
نازانم دنیا داری بێبەرە
دەورەی ژیانم پێچی مێزەرە

ژین، ژمارە ٦٩٢ ، ١٩٤٢/١٢/١١ ز.

٦٩٤

خوا زیندەوەری جویٚ جویٚی داناوە
هیچ کەس لە ویٚنەی یەك نەخوڵقاوە
سروشتی ئادەم لە چوار عونسورە
زدی یەك: با و خاك، ئاو و ئاگرە
ئەمانە لەگەڵ یەك چۆن هەڵدەکەن؟
تا دەستیان بڕوا یەك لەناو ئەبەن
بۆیە گەورەیان لەسەر دادەنیٚن
کە هەڵکردیٚکیان بکەویٚتە بەین
بۆ ئەو کەسانەی کەوا بەدخووە
لە بەهەشتەوە کوتەك هاتووە
ئەگەر تەوژمی باگردیٚن نەبیٚ
دڵۆپەش ئەبیٚ و خانوویش ئەتەپیٚ
گا بیٚنەقیزە هۆ ناکاتەوە
فیل بە بیٚ چەکوش مل ناداتەوە
ئەسپی بیٚلەغاو سوار هەڵدەگریٚ
سەگە نەیبەستیەوە میوانت ئەگریٚ
هەندیٚکی وایش هەن بەدڵنەوایی
خزمەتتئەکەن زۆر بە ئازایی
بەڵام ئەوانە بەدکار نایەویٚ
توخن بە گەورەی دیوانی کەویٚ
خوا فەرموویەتی: شەیتانی ئینسان
هەر لە ئینسانە بۆ درۆی نیسان

ژین، ژمارە ٦٩٤، ١٩٤٢/١٢/٣١ ز.

٦٩٦

هەندێ چشت هەیە قەدری نازانی
کە ڕۆیی لە دوای ئەو پەشیمانی
بە پیری خۆشی جوانیت دێتە بیر
جوانیش کە ڕۆیی نایەتەوە گیر
کە نەخۆش کەوتی ئەڵێی ئاخ‌وداخ
هیچ خۆشتر نییە لە بەدەنی ساخ
پارەیش لە سەرف خۆت ئەتۆرێنی
نایخۆی خەمیەخۆی کە ئەیدۆڕێنی
کە بە جلی جوان پیاو پەسەند ئەکەی
لەلای هونەرمەند خۆت بە پەند ئەکەی
فریشتە هونەر نییە کە چاکە
لە شوێنێکدا لە بەد بێباکە
ئەگەر ئازایە با بێتە ناومان
ئەویش وەك "هارووت" ئەخەینە زیندان
بیدە بە دوژمن بە سەرفرازی
بەڵام لە دۆستت چشتێ نەخوازی
هەرچەند شاردنەوەی سڕ سەر سڕ ئەکا[1]
سڕ نەشاردنەوەیش سەر لەبەر ئەکا[2]
بە جەزای گوناه با تووناوتوون بی
نەك شەرمەزاری عەفووی دوژمن بی
وەك "دیۆژن" بە، سێبەرت نەوێ
لە کووپەی خۆتا، ڕاکشێ شەوێ

ژین، ژمارە ٦٩٥، ١٩٤٣/١/٢٦ ز.

[1] لای کاکەی فەللاح نووسراوە:"سڕ سەر ئەکا".
[2] لای کاکەی فەللاح نووسراوە" سڕ شاردنەوەیش".

٦٩٧

مار تا زیندووه بە پێچ ئەکشێ
سەری پان بۆوە، ڕاست ڕائەکشێ
هەیە لە بەدی زۆر قۆرت ئەبینێ
کە دەرفەتێ دێ هەر تێی ئەچێنێ
باوکمان بە گەنم بەهەشتی دانا
گەنمە بۆ داو ئەبێ بە دانە
ئەڵێن: جەهەننەم لە دەم مارایە
ئاگری گرانی وا لە کارایە
پڕ بەردەرگامان ڕازیانەیە
ژانەزگ مشتەی ناو هەمانەیە
لایە یاساغە و لایە بەرەڵڵا
بەرد بەستوویە و سەگ گەمارۆ ئەدا
یەك بە سەد ئەشیا شەن و کەویەتی
مانگانەی میری لە جێی خۆیەتی
زۆر مەئموور دەرچوون کەوتنە کاسبی
مەعاش ! کە تێرم نەکەی، با نەبی
تا ئەمرۆ ئێمە لە ڕووی جیهاندا
زۆر بەختیار بووین لە گوزەران دا
ئێستایش هیوامان وایە لە لای خوا
لەگەڵ چلەدا، چلەی هار بڕوا
لەسەر و لە ژێر شکا ئەڵەمان
چارەیان بڕا، کەوتنە "ئەلئەمان"

زین، ژمارە ٦٩٧، ١٩٤٣/٢/٤ ز.

٦٩٨

"یەك شەمموو" نەمام بنێ، دێتە بەر
"دووشەممو" هەڵسە بچۆرە سەفەر
"سێشەممو" نەحسە بۆ کورد بەجەنگە
"چوارشەمموان" بەهار سەیر و ئاهەنگە
"پێنج شەمموان" باشە بووکی تیا دەبەن
هەینی بە جەژنی مۆمین ناو ئەبەن
"شەممو" تەعتیلی جوولەکەی تیایە
لای من هەموویان ڕۆژی خودایە
بەڵام چاوی پیس پیاو دەئەنگێوێ
تەئسیری زۆرە، بگرە لە کێوێ
"وان یکادوا" کە خوا فەرموویە[1]
بۆ ئەوانەیە کە پاولە دوویە
حاکمی بابان چاویان هەڵئەکەند
بەوە تۆڵەیان لە چاوپیس ئەسەند
چەندێ زوبانی بەدگۆیان بڕی
هەندێ "ژورناڵی" جاسوسیان دڕێ[2]
ئاخ خۆزگە ئەمە ئەکرا بە قانوون
چاوپیس و بەدگۆ لەناو دەردەچوون
زمانیان بڕن، گرۆی بەدگۆیان
شوێنێکی تریان بۆ دێتە زمان
ئەڵێن: خوا بۆیە بەدکار ئەژیێنێ
لەناو ئەواندا پیاوچاك بنوێنێ
ئەمە زەمانی مەهدی پێئەوێ
ئێستا کەس نییە پیاو چاکی بوێ

ژین، ژمارە ٦٩٨، ١٩٤٣/٢/١١ ز.

---

[1] وان یکادوا: ئیشارەتە بۆ ئایەتی "وان یکادوا لذین کفروا لیز لقونك بابصارهم" کە بۆ چاوەزار دەنووسرێ.
[2] ژورنال: مەبەستی لە ڕاپۆرتە.

ئەوەی دەزانی گۆشتی پێناگری
خەمی بۆ مەخۆ، بەشوێنیا مەگری !
بێگومان هەرچی کە خواستی خوا بێ
بەکەس ناگۆڕێ، هەر دەبێ وابێ
بۆ خوا پێداوان لە پڕ ئەبارێ
زۆر پاروویش لە قوڕگ ناچێتە خوارێ
خوا نەیداوەتێ کە بیخوا ئینسان
کەچی پێی دەڵێن: لەغاوی شەیتان
کەوابوو ئیمان بە خوای خۆت بێنە
بەخەفەت دڵی خۆت مەڕەنجێنە
حەدیس فەرموویە: ئیمان بەقەدەر
پیاو ئەپارێزێ لە ڕەنج و کەدەر
هی وا دەبینی کە کەم ئیمانە
هەر کردەی ئەوە و بردەی شەیتانە
خوا ماڵی دنیای داوە بۆ خواردن
هەر خواردن چاکە و خۆشڕابواردن
دەوڵەمەند باوەڕ بەمانە ناکا
ئەو هەر ئەیەوێ زۆرتر پەیدا کا
ئەڵێ: کە پارە خەرج کەی نامێنێ
کە نەشما، خەڵك، پێت پێئەکەنێ
ئەمیشە ڕاستە لای پارەپەرەست
ئاخ مەرگ بواری کەس نادا بە بست

ژین، ژمارە ٦٩٩، ١٩٤٢/٢/٦ ز.

٧٠١

ڕەشەبا شەڕیە، ئەیشڵێن بەهارە
چەرخی چەپگەردیش، شڕی بەهارە
خوا ئەم گەردشە بۆیە ئەنوێنێ
بڵێن: هیچ لەسەر ڕێی خۆی نامێنێ
خوا فەرمووی: ئەگەر لە قەڵایشدا بن
ڕزگای نییە لە چنگی مردن
ئەمە بە چاوی خۆمان ئەبینین
کەچی بە مردن ئیمان ناهێنین
ئەگەر بە مردن ئیمانمان ئەبوو
گەرانجانیمان لەناو دەردەچوو
هەموو ڕزقێکمان یەك بە دە زیاد کرد
ئابڕووی ئایینی ئیسلامیان برد
بۆ خوێنی هەزار قەپ درێژ ئەکەن
هەر بەو خوێنەوە ئەچن نوێژ ئەکەن
هیچ ساڵێ برنج وەك ئەمساڵ نەبوو
تێفکرن! نرخی لە وزە دەرچووو!
سەعدی فەرموویە: بۆ ئەم هەڵدایە:
"بەرد بەستراوە، سەگ بەرەڵدایە"
منیش بێترس و پرس بم وا ئەبم
بە تەفرەی شەیتان زوو ئیغوا ئەبم
ئەم تۆز و خۆڵەی ئەیکەنە خەلە
لە ڕێی ئاییندا هەر غەشە و غەلە

زین، ژ ٧٠١
لەم ژمارەیەوە تا ژمارە ٧٠٩ پەندی تێدا نییە.

ئەو کەسەی کەوا لە خۆی باییە
دووی باکەوتووە،ڕەنج بە باییە
خودبینی عەکسی ئاوێنەی دێوە
ئەمدیوی دیوی، دێوی سەرکێوە
بۆیە گلێنەی چاوم خۆش ئەوێ
ئەبینێ و چاوی بە خۆی ناکەوێ
دنیا ئەبینێ و خودبینی ناکا
عەزیزە لەناو ئەندامی چاکا
بەدکار لای گەورە کە تێدەکۆشێ
پەڵە هەور تیشکی ڕۆژ دائەپۆشێ
خوا ڕەگی چقڵ لە بن هەڵکەنێ
دەست بۆ گوڵ ئەبەی، دەستت ئەڕنێ
هەنگوینیش چزووی هەنگی لەگەڵە
بەڵێ هەر نۆشێ، نێشی تێکەڵە
ئەمە فەرموودەی ڕاستی "ئەبی"یە
کە لە جیهان دا ئاسایش نییە
ئەگەر سەرکەوتن تا سەر، سەربگرێ
بۆچی لە بەهەشت ئەکراینە دەرێ؟
دیارە کە خۆشێ بۆ کەس نامێنێ
لەبیر نامێنێ کەیفەکەی دوێنێ
ئەمڕۆ کەوتووینە ناو دۆستو ئاواڵ
کە شەوت لێهات، خەوە یا خەیاڵ
لەگەڵ تاڵیشیا دنیا شیرینە
هەندێك بە دینی دنیا بێدینە
هەیشە کە دنیا "دەنی" ئەزانێ
دوورە لە دەوری دوو نان بۆ نانێ
بە هیوای ڕەزای خودا بێغەمە
لە پاشەبەرەی ئەوەی ئادەمە

زین، ژ ٧١٠، ١٩٤٣/٦/١٠ ز

٧١١

دوژمنی یارو، یاری دوژمنان
دوژمنێکی ڕاست چاکترە لەوان
دوژمن بەدرۆ خۆی دەکا بە دۆست
ڕۆژێك ئەیبینی دەردەچێ لە پۆست
چونکو خوا ڕاستە و ڕاستی خۆش ئەوێ
داری ڕاست بە لای چەوتا نانەوێ
گۆچان کە بە زۆر ئەچەمێتەوە
لە ئاوا داینێیت، ڕاست ئەبێتەوە
"بەدگەوهەر" شەوقی "فویە" ئەنوێنێ
کە "فویە"ی لاچوو شەوقی نامێنێ
ئەڵماس بە "کان"ی خۆی خۆش "تینەتە"
بۆ پەنجەی پیاوی گەورە "زینەتە"
ئەوەی سروشتی خواداوی پاکە
لە درۆی بەدخوا و دوژمن بێباکە
چوار کەس لەچوار جێ خۆیان ئەنوێنن
لەو چوار جێیە "گۆی" هونەر ئەفڕێنن
ئازا لە جەنگا،خۆیش بە زەبوونی
دۆست بە تەنگانە، ژن بە نەبوونی
گەورە کە هۆش و دووربینی لا بێ[1]
ئەشێ "بەدزویان" لێی تەوەللا بێ
مەسنەدی دنیا کە گڕو پفە
کە بۆ ئازار بێ شایستەی تفە[2]
هەندێ بە پارە سەلەم ئەبڕن
دانەی داوێکە پێی خەڵکی ئەگرن
هەندێکیش چاکە بۆ پاداش ئەکەن
هەر بە تەبیعەت مایل بە چاکەن

زین، ژمارە ٧١١ ، ١٩٤٣/٦/١٧ ز.

[1] گەورە"لای پیرەمێرد" ، گەوهەر "لای کاکەی فەللاح".
[2] کە بۆ ئازار بێ "لای پیرەمێرد" ، کە بۆ نەزان بێ "لای کاکەی فەللاح".

هەندێ وەك "كەروێشك" خەوی درۆیە
هەندی وەك "ڕێوی" بە چڵوچۆیە
"كەمتیار" بەوەی پێی دەڵێن چاكە
قولە پێی ئەسمن، نقەی بۆ ناكا
"تانجی" قەلادەی زیوی بكە مل
كەروێشك و ڕێویت بۆ ئەخا لە گل
سەگیش بە نانێ نایەڵێ "دوون"ان
بە دزی شەوان ڕوو بكەنە ماڵان
وڵاخ بە "ئالیك" ئەتبا بەڕێوە
خزمەتكار بەندی خۆراكی شێوە
ئەگەر ئەولادت باش نەكەی بەخێو
لە هەموو شوێنێك لێت ئەبێ بە "خێو"[١]
خوا كە گیان و نان ئەدا بە بەندە
ناسینی ئەویش بە "كەرەم" بەندە
كەم كەس چاكەیان وا لە پێش چاوە
"بەدنمەك" سپڵەی ناوە، بەدناوە
لە پێشدا "چەقەڵ" لە ناوشارا بوون
"سەگەل" فێڵیان كرد، ئەوان بۆی دەرچوون
ئێستاكە بە شەو، دێن دەلووریێنن
سەگەل بە "یۆخ، یۆخ" ڕایان ئەفرێنن
ئەم پەندە كەڵێك ئەوە دەگرێ
بە بەڵێنی سەگ باوەڕ ناكرێ

ژین، ژمارە ٧١٣، ١٩٤٣/٧/٨ ز.

[١] "خێو" جاران بە جنۆكە دەوترا، مەبەست لە خراپەكارییە.

٧١٤

هەر قینە دڵی دۆست ئەڕەنجێنێ
"حیلم" ئاگری قین دادەمرکێنێ
"شەیتان" یەکێکی داناوە لێرە
کوتە بالآیە و چاوێکی کوێرە
شەیتان لاسایی ئەو ئەکاتەوە
بە بێ "شخارتە" ئاگر ئەکاتەوە
"دەهۆڵ" بەو دەنگە و بەو شیرەتییە
سەری بێمەغزە و هەوای پەتییە
بەلآم سەد عاقڵ هەڵدەپەرێنێ
هەزار کەس لە دوور بۆ شایی دێنێ
چاك ئەڵێ ماڵی بەدکار ئاوا بێ
تاریکی نەبێ، ڕۆژ قەدری نابێ
بە زستان ئینسان ئاگر یاد ئەکا
هاوین قیمەتی بەفراو زیاد ئەکا
دەوران دەورانە هاوین و زستان
لەسەر هیچ حاڵێ نامێنێ ئینسان
نەخۆشی قەدری ساغی ئەنوێنێ
برسێتی تامی نانت بۆ دێنێ
هەندێ کە لەپڕ دەوڵەمەند ئەبن
یا پیاو ئەکوژن، یا ئەیدەن بە ژن
تازە دەوڵەمەند خانوو ئەکڕن
یا ئۆتۆمبێلی تیا لێ ئەخوڕن
لەوە ناپرسن خەڵکی ژێر کەوێ
شاهی هەر خۆشە بۆ تەنها شەوێ

ژین، ژمارە ٧١٤، ١٩٤٣/٧/١٥ ز.

٧١٥

سەیری نادان کە، خەم ئەڕەوێنێ
"تەرسەقول" ژانی چاو ئەشکێنێ
"مێباز" بە ئازا ناوی ئەبرێ
ژن لێی دەرکەوێ، شاربەدەر ئەکرێ
"زەروو" خوێنی پیس لە لەش ئەمژێ
"ئەسپێ" بە میکرۆب ئینسان ئەکوژێ
"گوێز" بەو بەرزییە بەری وا وردە[1]
تەرزێکی "شووتی" بەشی دوو گردە
"وەلەک"ێ پەنجا "وشتر" یخ ئەدا
"گوللە"یەك، ئاگر لەویش بەرئەدا
بە تایێ، شایێ تەختی ئەبێ
یەکێ بە ئەسپێ خاوەند بەخت ئەبێ[2]
لە کێلی قەبری شای "قەڵاچوالان"
نووسراوە هاوار بە دوو "جلق"' نان
ئێستا دوو سەدە و کەسیش ناپرسێ
دەوری مەهدییە وا کەس ناترسێ
تا دێت زەمانە ڕوو لە "بەدی"یە
بەرێکەوت باوی "ئەدی و بدی"یە
ئێرە زۆر چاکە ئەولا بڕوانن
هەموویان دزی "گوێلك"ی خۆیانن
ئەم حاڵە دیارە خواستی خوایی یە
دوان لە کاری خوا، خۆڕایی یە

زین، ژمارە ٧١٥، ١٩٤٣/٧/٢٢ ز.

---

[1] گوێز بە بەرزییە "لای پیرەمێرد" گوێز بەو زلییە" لای کاکەی فەللاح".
[2] مەبەست لە خاوەن ئەسپی ڕەسەنە، بە تایبەتی ئەوانەیە لە ڕاپیسزدا گرەوی لەسەر دەکەن.

٧١٦

سپڵە شەربەتی گیانی دەرخوارد دەی
ڕۆژێ نەتدایێ، ئەڵێ "برۆ دەی"
سەگ پاڕووە نانێ لە تۆ ببینێ[1]
شوێنت دەکەوێ بۆ هەموو شوێنێ
هونەر لای پیاوی "نەوسن" نابینی
"تەن پەروەر" هەڵدێ کە گەییە تینی
زەوی لە ئاسمان هەر بۆی دەبارێ
لە زەویش بۆ ئەو، تۆز و غوبارێ
کەوابوو ئەبێ پایە بڵندان
پارە ببەخشن بە مستەمەندان[2]
خوا چاوی لێیە، عەیبت ئەپۆشێ
هاوسێ بۆ عەیبت، لە غەیب ئەکۆشێ
خراپە بکە لەگەڵ پیاوی چاك
بەڵام مەرحەبا مەکە لە ناپاك
چاك خاك بۆ سەر خۆی ئەبێژێتەوە
ناپاك میللەتێك ئەڕێژێتەوە
بێدەوڵەتێ ڕوو ئەکاتە شارێ
بە "دەوەن بەئاش" باراش ئەهاڕێ
ئەم قەومی کوردە بەوە دەمرێ
هیچ کەس، هیچ کەسێ لە ژوور خۆی ناگرێ
ئەو دەڵێ خاوەند پێوانە و گەزم
ئەم دەڵێ ئەزم وا هەڵدەبەزم
ڕۆژێکیان لێ دێ کەوا سەرسەختی
ئەبێتە مایەی کزی و بەدبەختی
ئەوسا کە دەوران ڕووی کردە کەچی
ئەڵێ "گەزی چی"؟ لاچۆ "جاوی چی"؟

زین، ژمارە ٧١٦، ١٩٤٣/٧/٢٩ ز.

---

[1] ببینێ "لای پیرەمێرد"، بسێنێ "لای کاکەی فەللاح".
[2] مستەمەند: ئەو کەسەیە کە پێویستی بە یارمەتی هەیە.

٧١٧

بەور و ڕەشەبا، حەز لە یەك ناكەن
خوا با هەر دووكیان لە یەكتر ڕاكەن
ئەم دوانە هاوین ئەگەر یەككەون
هەناسە ئەبڕن "مێمل"ی خەون
چەند خۆشە هەوای ساف و سینەی ساف
لە پێشدا ئەمە، خوا دابووی بە "جاف"
ئێستا لە شوێن "ڕست" خێوەتی شای جاف
ڕستی "ڕەست" ئەستۆی پێچا بە تەناف
"پۆكەر" ئالیكی خستۆتە جۆكەر
دیارە پیشەی وا چۆن ئەچێتە سەر؟
ئەی: گڵە كوێر بی، بۆ مەحموود پاشا
دەك شەرمەزار بی چەرخی چەواشا
لە شوێن ئاوازەی قورئانی ئەوان
كار كەوتە "كارێ" و "فلۆش" بە شەوان[1]
گوایە "ئیدمان"ی پایەی بڵندە
بەڵام كێ ئەڵێ كەرت بەچەندە؟
شەڕ خاوەند موڵكی كرد بە "میلۆنەر"
با هەزار دینار بدەن بە "پۆكەر"
خۆ كەسیان نالێن هەژارمان هەیە
چاو هەڵنابڕن بزانن كەیە؟
دوای ئەوەی شەڕ و گرانی لاچوو
ئەڵێن: درێغا ئەویش خەوێ بوو
وەك من بە دەنگی ئیزاعەی كوردیم
ئەڵێم خەوێ بوو، دیم و یا نەدیم

ژین، ژمارە ٧١٧، ١٩٤٣/٨/٥ ز.

[1] كارێ: زاراوەیەكە لە پۆكەر و هاریكاری دا بە كاردەهێنرێ ، فلۆش: ئەمیشیان زاراوەیەكی یاری پۆكەرە.

لەناو گێژاوی گەردشی دەوران
بە نەپەشۆکان ئەبیە مەلەوان
ئەگەر سەبرت بوو هیچ ناشلەژێیت
کە پەلەت نەبوو هەڵناخلیسکێیت
هاونشینی بەد، ئەخلاق ئەگۆڕێ
پیاوخراپ چاکیش ئەخاتە گۆڕێ
ئەو پادشایەی گوێی لە "هامان" گرت
لەگەڵ میللەتی خۆی دەری نەبرد
ئیمان ئەوەتە کە لە دڵ دەربێ
نەك ترسی شیر و حەپست لەسەر بێ
لەگەڵ خراپا ناڵێم تۆ چاك بە
بەڵام بە کردەی چاك خۆت بێباك بە
لە بەخش و بەخشین پەشیمان مەبە
بە شەرتێك دۆستی "لەئیمان" مەبە[1]
چەند خۆشە خەوی خۆشی بێگرێ
دوژمنت نەبێن خۆشیت سەر ئەگرێ
ڕۆژ ئەرکی مەسنەت، شەو خەیاڵی ماڵ
سرەوتت نابێ و عەیشت ئەبێ تاڵ
تۆ کە ئەزانی هیچ تا سەر نییە
ئەم تەقەللایە و ئەرکەت بۆ چییە؟
لێدە لە تیپی ڕەندان بە تی تی
چی دەبێ ، ببێ، کەیفی خۆیەتی
هەزاران وەك تۆ هات و تێپەڕی
پاسیان ئەکرد و سەگیان پێوەڕی

ژین، ژمارە ٧١٨، ١٩٤٣/٨/١٦ ز.

---

[1] لەئیمان: واتە لە ئیمەکان، وشەیەکی عەرەبییە بەمانای پیاوی بەدکردار و دووڕوو.

٧١٩

هەر کەسە هەوڵی گیانی خۆی ئەدا
هیچ کەسم نەدی ڕۆح بکا فیدا
هەرچی هەڵدەستێ نیشتمان پەروەرە
کە دەرفەتی دی، بەشی خۆ بەرە
ئەگەر هەر مەلا هەنجیرخوڕ بوایە
ئەشیا بە کاڵیش هەنجیر نەمایە
ئەوانەیە کەوا سەرکەوتوون تەواو
بە فیداکاری لاوان هاتنە ناو
هەندێکیش پیاویان ئەکەوێتە ڕێ
توێکڵە شووتیان ئەخەنە ژێر پێ
"دڕك" ئەخەنە ژێر، کلکی ئێستری تۆڕ
بۆ ئەوەی سواری بگلێنێ بەزۆر
لیسی کوێرییە کەوتۆتە ناومان
هەروا ئەکەوێ لە سەروچاومان
بۆ هەموو کارێك غایە پێویستە
بێغایە و مەسلەك هەر ئەنگەویستە
ئەوەی ئەخوێنێ و ئەیهێنێتە کار
ئەبێ بە چرا بۆ ڕووناکی شار
هەندێکی واش هەن چراوەکوژێنن
"جووتە" ئەهاون، کاسە ئەڕژێنن[١]
ئەمانە ئەبێ کە "ئەشکیل"یان کەن
یا بە "ئەقیزە" ڕەقەن کێڵیان کەن
هی واشیان هەیە "قۆچ" ئەوەشێنێ
کەڵەکی "میری سوور" ئەڕووخێنێ

ژین، ژمارە ٧١٩، ١٩٤٣/٨/١١ ز.

---

[١] ئەڕژێنن "لای پیرەمێرد" ئەڕێژن "لای کاکەی فەللاح".

٧٢٠

بەرچاو و پێڵاو هەردووکیان تەنگ بێ
ئەبێ پێی دڵ و پێی ڕۆین لەنگ بێ
ئاردجاح بێنە بیخەرە سەر کار
لە پێشدا برای خۆی ئەدا لە دار
خوا غەنی کرد و لە وزە دەرچوو
"ان الانسان ليطغي"ی فەرموو
کە بە هەڵپەهەڵپ، پاروو نەجوورا
کاتێکت زانی لەبینت گیرا
ئەگەر عەیبی خۆت بێنیتە پێش چاو
"عەیب" لە کەس ناگری، زوو ئەبی بە پیاو
بەڵام ئەو عەیبەی کە وا پێتەوە
بە زۆری "کوتەك" ناشارێتەوە
ئەوی بێعەیب بێ، خوایە بە تەنیا
لە پێغەمبەران عەیبیان دەرهێنا
سەرکەوتنی شاخ چەندە گرانە
هاتنە خوارەوەی هێندە ئاسانە
قەسابی ناشی پێستی مەڕ ئەدڕێ
لە پڕێ هیچ کەس نابێ بە کوڕێ
ئەگەر "مەبعووسی" بێمەعاش ئەبوو
"ڕەئیسی تەجنید" ئەرکی تووش ئەبوو
گوێم لێبوو پیرێ، وای ئەگوت پێرێ
خوا دەوڵەت بۆ سەر دەوڵەت ئەنێرێ[1]

ژین، ژمارە ٧٢٠ ، ٢٦/ئاب/١٩٤٣ ز.

[1] ئەم نیوە دێڕە لای "کاکەی فەللاح" بەم شێوەیە: "خوا دەرد ئەدات و دەوڵەت ئەنێرێ".

٧٢١

ئەگەر لە پارەی خەڵکی بپرسیت
چاوت تێر نابێ، تا دەمری برسیت
ئەوەی بە چاکەی چاکان نەزانێ
دۆش دادەمێنێ دوایی بۆ نانێ
هەر شوێنێ کە ئاو گرتی ئاوایە
"دێمەکار" کێڵان ڕەنجی بە بایە
ئاو بۆ خواردنەوە زیندەگی دێنێ
لە وزە دەرچێ پیاو ئەخنکێنێ
"هەنگ" کە بۆ هەندێ، هەنگوین ئەڕژێنێ[1]
بۆ پیاوی "ناعال" ژار ئەپرژێنێ
تا "زوقوم" نەبێ دەستت ناتەزێ
تا پێی پیا نەنێیت ماریش ناتگەزێ
دەستی دۆستان لە خەنە بگرە
دەستی دوژمنیش، ماری پێبگرە
"هەلاتت" نییە بۆیە وا لاتی
حەلاڵ خۆرییە و کەم دەسەلاتی
ڕەمەزان هەر چەندە دیسان دێتەوە
لە کۆڕی "پۆکەر" جێی نابێتەوە
پارەدار ئەڵێ گرانی کێیە؟
چۆلەکەی دەشتی و بەردی دەشتێیە
ئۆتۆمبێلچی قۆناخ ئەسێنێ
بێدەرپێش، هەر چاو لە خەو ئەبینێ

ژین، ژمارە ٧٢١، ٢/ئەیلوول/١٩٤٣ ز.

[1] ئەم دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا وا نووسراوە: "هەنگ بۆ هەندێ چاك هەنگوین ئەژێنێ .... بۆ پیاوی ناعال ژار ئەڕژێنێ".

٧٢٢

هەرزە گەرد بە هیچ پێڵاو ئەدرێ
هەندێ ڕۆژووەوان ناشتای پێ ئەبرێ
دڵ و زوبانت کە یەك نەکەوێ
باری ئیمانت لاسەنگ ئەکەوێ[1]
ناڵەیەکی شەو بۆ قاپی یەزدان
کاریگەرترە لە نوێژی ڕۆژان
"شەوان خەڵوەتە، یار بێ ئەغیارە"
"گشت لایێ نوستوون، دۆست خەبەردارە"
سەردەقی مانگی خێر، ڕەمەزانە
نۆمینەی حەجیش، جەژنی قوربانە
بەڵام ئەم پەندە لای ئێمە باوە
ڕەمەزان بە جەنگە و "صەفەر" بەدناوە
لە ڕەمەزاندا "شەیتان" دەرئەکرێ
بنیادەمی بەد لە جێی دائەنرێ
سەد نوێژ بۆ ئاغا و شێخ دائەبەسترێ
بەڵام ڕۆژوو هیچ ڕیای تیا ناکرێ
حەج پیاو لە گوناه پاك ئەکاتەوە
زۆرتر بۆ سوێندە کاتێ هاتەوە[2]
تەفرەی "مامەڵەی" کە هاتە مەیدان
قوڵفی کابەیە سوێندی درۆیان
ئەڵێن تەئسیری حەج وەك شەرابە
پێی دەرئەکەوێ چاکە و خراپە

زین، ژمارە ٧٢٢، ٩/ئەیلوول/١٩٤٣ ز.

[1] نەکەوێ"لای پیرەمێرد" نەنەوێ "کاکەی فەللاح".
[2] کاتێ "لای پیرەمێرد" ، پیاو "لای کاکەی فەللاح".

٧٢٣

میوان ڕزقی خۆی لەگەڵ خۆی دێنێ
کوێ خانەخوێ بێ لە جێی دەستێنێ
خوا فەرموویەتی تۆ هەر ببەخشە
سەد هێندەی ئەوت بۆ دێ مەلەخشە[1]
ئەو ڕزقەی کەوا خوا بۆت ئەنێرێ
لە ئەجەل زیاتر، لە دووت ئەگێڕێ
بەڵام ڕزقی خوا شەرتی باوەڕە[2]
بێباوەڕ ماسیش ناگرێ و تەڕە
بە بەش ناڕەزا، لەخۆی بێزارە
تۆ دایم لەخۆت خوارتر بنوارە
هاونشینی چاك خەم ئەڕەوێنێ
بەدخوو پرشنگت، لێ ئەپرژێنێ
مەبە بە مورغی قورسە هێلانە
خۆت لە دنیادا غەریب بزانە
ئەو دراوسێیەی کەوا بێوەیە
بزانە چاکەی بەسەرتەوەیە
کە دراوسێکەت بێشێو هەڵیکرد
حەق وایە فریای کەوی دسەت وبرد
کەبابی سەخی دەوای دەردانە
پاقلاوەی چرووك دەرد و سندانە
چەند خۆشە لەگەڵ یەك دوو، دۆستی چاك
هەڵسی و دانیشی بە دڵێکی پاك
ئەوسایە بڵێی بەهەشتی دنیا
بە من دراوە بە تاقی تەنیا

ژین ژمارە ٧٢٣، ١٦/ئەیلوول/١٩٤٣ ز.

[1] سەد هێندە"لای پیرەمێرد" سێ هێندە "لای کاکەی فەللاح".
[2] شەرتی باوەڕە"لای پیرەمێرد"، بۆ خۆش باوەڕە "لای کاکەی فەللاح".

٧٢٤

ئەو کەسەی ئەبێ بە واسیتەی خێر
بۆ باغی بەهەشت ئەبێ بە ئاودێر
بەهەشت قۆناغی پیاوی سەخییە
"بەخیل" لە سایەی "طوبا" بەرییە
ئەوی ئەیبەخشی مایەی نەجاتە
هەرچی مایەوە ماڵی میراتە
سێ ڕۆژ ناکۆك بی لەگەڵ برای دین
دڵت ژەنگ ئەگرێ "مەحروومە" لە دین
عەزیزی قەومت کە هاتە کزی
دەسگیری بکە زۆرتر بە دزی
پزیشك ئەپرژێ لە پیر وەك "کوورە"
بەدەست خۆی نییە تۆ لێی ببوورە
کە بەڵێنت دا زوو بەجێی بێنە
شەرت بەجێهێنان، ڕوکنی ئایینە
کە بە دۆستی دەستێکیت گوشی
ئەبێ بۆ ئیشی بەدڵ تێکۆشی
هەر خزمێ لەگەڵ تۆدا نەسازێ
ڕاستی کەرەوە بە چەکوش و گازێ
چونکو مودارا حوکمی دنیایە
ئەوی موداری نەبێ تەنیایە
بە پێی عەقڵی خەڵك لەگەڵیان بدوێ
کە گیا بە هەوای سروشتی ئەڕوێ

ژین، ژمارە ٧٢٤، ٢٣/ئەیلوول/١٩٤٣ ز.

٧٢٥

من بۆت ئەنووسم بە دەرس بیخوێنە
دەستێ کە حاکم بیبڕێ بێخوێنە
بەلام ئەو دەستەی لەو هەلدەبڕێ[1]
حەق بێ! خوا نانی ئەویش ئەبڕێ
خەلك بۆیە ڕانی بە شوان ئەسپێرێ
کە لە گورگ و دز، پاسی بدێرێ
ئەگەر گورگ هات و مەڕێکی فڕاند
ئەو گورگە قەدری شوانەکەی شکاند
شوان ئەبێ سەگی گورگ خنکێنی بێ
خۆیش گالۆکی سەرشکێنی بێ
ئەوەی مال بە زۆر لە خەلك ئەسێنێ
خۆلەمێشێکی لە جێ ئەمێنیێ
گڕی ئەو ئاگرە بە چاو دیارە
کەس باوەڕ ناکا هێشتا لەم شارە
ورچ هات بە خۆیا و کەوتە چەپۆلە
پشتی پلنگی کرد بە کەمۆلە
کەس لەمە سەری لێ سووڕ نامێنێ
خوا تۆلەی بزنی بێشاخ ئەسێنێ
بە "دیموقراتی" من ڕەنگم سوور بێ
خوا بکا پلنگ و ورچم لێ دوور بێ
پیشەی حوکمدار دلنەواییە
لە سیاسەتدا "ئابی" داییە[2]

ژین، ژمارە ٧٢٥، ٣٠/ئەیلوول/١٩٤٣ ز.

---

[1] لای کاکەی فەللاح نووسراوە "لە هەوەل دەبڕێ".
[2] ئەم نیوە دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نەنووسراوە، لە پەراوێزدا نووسیویەتی :هەروا سپی بوو.
بەلام لە "ژین"دا نیوە دێڕەکە بەو شێوەیەی سەرەوە نووسراوە مەبەستیش لە "ئابی" برا گەورەیە و "دایی"ش بە تورکی واتە "خالە".

٧٢٦

خەزان هات گەڵای ڕەزان هەڵوەری
تێکرا تێپەڕی بەر و سێبەری
درەختی وەفا هەر ئەو چاك ئەکا
داڵدەی سێبەرو، بەر، بۆ کەس ناکا
شێتێك کە سەودای وەفای کەوتە سەر
نایگاتێ، هەر وەك شوێن کەوتەی سێبەر
"عەنقا" بە خەیاڵ باڵی بۆ ئەکرێ
"وەفا" بە هیوایش ڕێی پێنابرێ
ئەم بووکە کۆنەی کە دنیای ناوە
هێشتا "جیازی"ی بە کەس نەبڕاوە
شەیتان لە خەودا دێتە باخەل پیاو
دنیا بە خەویش ناکەوێتە داو
بۆ هەندێ دۆستی بە سەرزارییە
ئەوەی ئەیداتێ دڵ ئازارییە
پیاوی دنیایی نەیوتوە ئۆخەی
وەك "هل من مزید" هەر بانگ ئەکا دەی
تا دوایی لە دوای ئەو بەجێماوە
سووکێ بۆ مێردێ ژنی براوە
هاوین کلاوێك با فڕاندبووی
پەلەیان نەبوو، پاییز کەوتنە دووی[1]
منیش کە عومرم ڕۆیی و بەسەرچوو
وا شوێن کلاوی بابردوو کەوتووم
واتەیەك لەناو "سنە"دا باوە
وا "مەلیچك"ێك ها وەحەواوە
ڕوو ئەکاتە خەڵك هەروا ڕووبەڕوو
بێژێ کە ئەوەی لە دەست دەرچوو چوو

ژین، ژمارە ٧٢٦ ، ١٤/تشرینی یەکەم/١٩٤٣ ز.

---

[1] پاییز"لای پیرەمێرد" ، پییر"لای کاکەی فەللاح".

هەر قینت هەڵسێ و دەست بوەشێنی
پەتی ژیانی خۆت ئەپچڕێنی
خەتی جارانمان جەوهەری شیر بوو
نەخوێندەوارمان ئازا و بەگیر بوو
ئێستە بۆمبایە لەگەڵ کەوتە کار
نە شیرت دێڵێ و نەدار نە دیوار
جاران ئەیانگوت، فلان کەس مەردە
لە لێقەوماندا کوردی نەبەردە
ئێستا کەلیمەی "مەرد" وەرگەڕاوە
لەجێی ئەو "درەم" پەسەند کراوە
"دینار"یش ناوی بە فارسییە
"دین ئار"ە و پیشەی فریادڕەسییە
کەچی "دینار"ە جێنشینی "دین"
سەودای ئەو بووە بە لەکەی ئایین
پارەدار ئەڵێ: خۆ ئەم قسانە
واتەی لاتییە و داخی دڵیانە
ڕاست ئەڵێن بەڵام ئەوانیش بە فێڵ
هەزار هەژاریان خستۆتە ئەشکێڵ
ئاخ چیبکەم ئەمە دەردێکی قورسە
کە ترس لە پرسە، لەویش مەپرسە
شاعیر لە هەموو نەزمێ ئەیێژێ
نەیزانی شیری داپیر ئەڕێژێ

ژین، ژمارە ٧٢٧، ٢١/تشرینی یەکەم/١٩٤٣ ز.

ئەڵێن بەرد لە جێی خۆیا سەنگینە
ئەوی کە تۆرا، بچۆ بیبینە
ئاو کە مایەوە و نەڕوا لەبەری
کەس لەبەر بۆگەن ناچێتە سەری
ئاگر مەرحەمەت بۆ کەس نانوێنێ
بیشی پەرستی، هەر ئەتسووتێنێ
دار چاکە ئەگەر بێتو بینێژی
زۆری پێناچی بەری ئەچێژی
دزێك نیوەشەو ئەچێتەماڵێ
ئەیەوێ هەرچی تیایە بیماڵێ
لێی ڕائەپەڕن، ئەڵێن کوڕە کێی ؟
ئەڵێ من "بەگچیم" باوەڕ ئەکەن پێی
ئەڵێن: بەگچی چۆن بێدەهۆڵ ئەبێ؟
ئەڵێ: بەیانی گوێتان لێ ئەبێ !
بەیانی دەهۆڵ دەنگی دایەوە
بەگچی دزیبووی، هیچ نەمایەوە
پف لە "دۆ" ناکا، ئەوی لوا بۆی
هەر کەسە بووە بە دزی گای خۆی
"دز" و خاوەن ماڵ ئەگەر یەك کەوێ
یە کونەباندا گا سەردەکەوێ
پەندی پێشینان کە بێمەعنایە
هەم "بێبەهایە" هەم "بێبەهایە"!!

زین، ژمارە ٧٢٨، ٤/ تشرینی دووەم/١٩٤٣

بیانووی نەوسنیم دۆزییەوە بۆ خۆم
ئەوی ئازایە بلێت: من ناخۆم
برسێتی ڕەگی هاری پێوەیە
وەك زستان تۆفە و بەکرێوەیە
ئەم هەرا و جەنگە هەر بۆ خواردنە
نەخواردن دوایی گیان سپاردنە
ئەو دەخوا و ئەمیان تەماشا دەکا
دیارە لە دۆستی ئەو حاشا دەکا
یەکێ زۆردارە و یەکێ بێزۆرە
بۆیە لەناوا فیتنە و زۆر زۆرە
هەرچی بە بەشی خۆی ناڕازییە
ناسزا و سزای جەزای قازییە
کەس بەخۆی نالێ سبەینێ دەمرم
بۆچ باری گوناه لەئەستۆ دەگرم
چەقەڵ کە فرسەت لە مریشك ئەبینێ
لەپێشدا بەرێز ئەیانخنکێنێ
ئەڵێ کە خنکان فرێ ئەدرێن
بەناچار هەموو بەمن ئەبرێن
نازانێ سەگی چەقەڵکوژ هەیە
ئەوی بە"وەیە" گۆڕی ئەوەیە
گشت سەرنویشیت ڕۆژی ئەزەلە
ئێمە دەخاتە سەر پەلەوزەلە
لەولایشەوە پێم ئەڵێ : موختاری
کردە، خوا کردە و تۆ گوناهکاری

ژین، ژمارە ٧٢٩، ١٨/تشرینی دووەم/١٩٤٣ ز.

۷۳۰

بۆ ئەوەی بەدڵ بەندەی خودایە
سەروژێری خاك وەکو یەك وایە
هەر ئەو دەستەیەی کە خوا ئەناسن
هیچ خەمیان نییە، کە بێ‌کراسن !
دەستەیەکی تر "کۆستۆم" لەبەرە
کە دایانماڵین خەمیان لەبەرە
هەندێکیش خۆیان بۆ ماڵ ئەکوژن
وەك "زەروو" خوێنی خەڵکی ئەمژن
کاتێ دەستی مەرگ ئەیانجەڕێنێ
هەموویان بەزۆر لە زگ دەردێنێ
بۆ دەوڵەت ئەوەی کە شێتگیرترە
تا باری قورس بێ، لەلای خۆشترە
هەرچی ئینساف نا بە تاقەوە
ڕۆژێك ئەبینێ بوو بە فاقەوە
منداڵ خوێنی دایك ئەمژێ لەزگا
کەهاتە دەرێ ئاوڵە دەرئەکا
کەچی ئەوکەسەی کە "شەکر" ئەخوا
تووشی "عیللەتی "شەکری" ناکا، خوا !
بە تورکی "شەکر عیللەتی" هەیە
دوکتۆر ئەزانێ مردنی کەیە؟
"شوکور" وەك "وەفا" کە نابەدیدە
هەرچی بە شەکر بمرێ شەهیدە
"شەکر عیللەتی" و شەکر قیللەتی
لێکی بڕیون "قاوە" و داڵتی !!

ژین ، ژمارە ۷۳۰، ۲۵/تشرینی دووەم/۱۹٤۲ ز.

٧٣٢

ئەگەر "پەنجەرە"ی تۆ شووشە بەندە
بەرد بهاویە خەڵك، كاری تۆ گەندە
كە شەڕەجنێو بكەی لە كۆڵان
دایك و باوكی خۆت ئەكەی بە قەڵغان
ئەگەر تۆ ئێشی دەرزی بچێژی
بە سووژن خوێنی خەڵكی نارێژی
ئەوی ژاری چەشت لە زەردەواڵە
ئیتر هەنگوینی لەدەمدا تاڵە
هەیە بۆ تەفرەی دوو "حۆقە" ساوەر
حەجێ ئەنێتە پێناوی باوەڕ
مەئمووری گەورە ئاوە دەكشێ[1]
وردەڵەكانمان زیخە ئەنیشێ
ماسی كە زل بوو ئەچێ بۆ دەریا
"ئەژدەها"یش بە زۆر بۆ "دۆزەخ" بریا
ئاو لە جێیەكدا كە زۆر بمێنێ
ڕەنگی ئەگۆڕێ و "زەروو" هەڵدێنێ
"زەروو" خوێنی پیس لە لەش ئەمژێ
"كوڵەوەیبابە" كە پیاو ئەكوژێ
ئاخ كوڵەوەیباب، داخ كوڵەوەیباب ![2]
جەرگی عالەمت سووتاند وەك كەباب
لەم گێتییەدا دەنگی باش باشە
كە لە گۆڕیشدا یارە و وێڵداشە

ژین، ژمارە ٧٣٢، ١٦/كانوونی یەكەم/١٩٤٣ ز.

---

[1] ئەم دێرە لە "ژین"دا هەیە و لە چاپەكەی كاكەی فەللاح دا نییە.
[2] كوڵەومیباب: جۆرە مارێكی كوشندەیە. لێرەدا پیرەمێرد فەرمانبەرێكی تەموینی كورتەبنەی بەرتیل خۆری بە كوڵەومیباب شوبهاندووە.

دەم مەنێ بەدەم "قلیانی" خواوە[1]
کە بڵێسەی بەست هێلکت بڕاوە
لە کاری خوادا ورد مەبەرەوە
سەرشۆڕکەو، بڕۆ، لەدووی کەرەوە
ئەگینە هەر تۆ "سوخرە"کێش ئەبی
بەکاری "بێگار" ناوکەڕێژ ئەبی
ئەگەر بڵێی من هونەر ئەنوێنم
بە کارزانی خۆم "مەسنەت" ئەسێنم
لە ڕەزاقی خوا ئەکەویە ئینکار
ئەوسا ئەویش تۆ ئەخاتە ژێر بار
"هارون الرشید" کاتێ میسری گرت
وتی: بەم موڵکە "فیرعەون" خوایی کرد
لەقینا دایە دەست "قولەڕەش"ێ
سەیرکەن خوا موڵکی خۆی چۆن ئەبەخشێ
پەموودانەیان چاند، ئاو دایپۆشی
هاواریان بۆی برد هیچ بۆی نەلەخشی
وتی: ئەمساڵ خەڵك "خوری" بچێنێ
ئاو ئەیشواتەوە "چڵك"ی نامێنێ
ئێمە تێناگەین "حکمەالله"یە
ئیتر چییە ئەم قیڕە و هەڵلایە
"رجال الغیب"ی ئەمساڵ "خووی" وایە
دەستەی خودپەسند، ناخاتە کایە
وا چاکە، هەموو ئاوێك بنۆشین
چاو لە گوناهی یەکتر بپۆشین

ژین، ژمارە ٧٣٤، ٢٠/کانوونی دووەمی/١٩٤٤ ز.

[1] ئەم پەندانە بەناوی "حوسەین مەیارە" وە بلاوکراونەتەوە.

٧٣٦

هەورە تریشقە گرمەی براوە
بۆیە "دوومەڵان" لێمان تۆراوە
دوومەڵان ناوی دەمەل بە کۆڵە
بەبێ‌تۆو ڕیشەی دەردچێ، زۆڵە
کەچی برەوی زۆرە ئەمەندە
لەبەر زۆڵییە کەوا پەسەندە
بێبارانییە کە گیا نەڕواوە
نوێژە بارانەیش مۆدەی نەماوە
ئەمساڵ حەج بووبوو بە بابی بابی
پارەی ئێرە بوو، چوو بۆ "وەهابی"
من کە منداڵی شارم برسی بێ
ئەیدەم بەو ئەگەر لەخوا ترسی بێ
هەر مەولوود چاکە کە تام لە خۆیە
بەڵام لەوەیشدا "کەوا بخۆیە"[1]
ئەگەر سەیرانی نەورۆزی ئەمسال
بە دوو مەعاشم بۆم ببێ بە ماڵ
بۆ هەموو کەسێك هەر سەیرانێکە
تێکرا پێنج یاپراخ لەگەڵ نانێکە
چایش ئەخۆنەوە بە هەڵپەڕکێوە
چۆپی کێژانیش ئەبەین بەڕێوە
خوا ئەمساڵ گەورەی چاکی داوینێ[2]
قەوم بە قدوومی ئەو خێر دەبینێ

زین، ژمارە ٧٣٦ ، ٩/ئازار/ ١٩٤٤

[1] کەوابخۆ: زاراوەیەکە بەو مەبەستە بەکار دەهێنرێ کە خەڵکی بایەخ بە ڕواڵەت دەدەن نەك بە کاکڵ، ئەوی پۆشتە و بەرداخ بێ دەخرێتە لای سەرەوە.
[2] مەبەستی لەوەیە کە لەو سەردەمەدا "بهاالدین نوری" بووە بە موتەسەڕیفی سلێمانی کە هاوڕێی پیرەمێرد بووە و ئەدیبیش بووە.

٧٣٧

هەندێ کەس کە هات نۆرەی خۆی دەستکەوت
ئەبینی سووکێ بەدارا سەرکەوت
کە بەرزبووەوە هێند بێترس ئەبێ
ئەمەندە ئەخوا هەتا قورس ئەبێ
کە قورس بوو ئیتر درا ڕای ناگرێ
تەقڵە لێئەدا بە سەرەنگرێ
وا چاومان لێیە ئەو چی بەسەرهات
کەچی لەو زیاتر ئەکەونە هەلات
مێشێ لە هەنگوین کە پێی گیر ئەبێ
تا دێت مێشی تر لێی شێتگیر ئەبێ
میوەی نەگەییو زگ ئەیەشێنێ
تەماع بۆ پیاوان ڕووزەردی دێنێ
وا گەورەی دیوان کەوتۆتە بژار
لاڵ وپاڵ کەوتوون، مشك و مار پەژار
ماری کەسیرە کە کەوتە هەتاو
هیچ ئامان نادا بە ژن و بە پیاو
دەرمانی ژاری مار، کە تریاکە
ئێستا بە "تریاك" زۆر کەس هیلاکە
پشیلە بۆر وتی: نەمرم بەم تیرە
من و مشك و جێی ئەو ژنە پیرە
ئینسان وا ناڵێ چاوی ناترسێ
هەلی بۆ هەڵکەوت لە هیچ ناپرسێ
خوا فەرمووی ئێمە ئەمانەتیمان
هاتین خستمانە سەر کەژ و کێوان
هیچیان نەیانویست "ئیبا"یان لێکرد
لەولاوە ئینسان هات پری پیا کرد

ژین، ژمارە ٧٣٧، ٢٨/نازاری/١٩٤٤ ز.

دنیا لەسەر هیچ بارێ ناوەستێ
نابێ پیاوی ژیر پشتی پێبەستێ
هێجگار ئەوانەی کە لەم دیوانەن
ئەگەر بایی بن، شێت و دێوانەن
چونکو لەپڕێك کلکیان ئەگیرێ
"بێنە و بیبە"یان لێ وەردەگیرێ
کەوای دیوانیان لەبەر داماڵێ
ڕوویان نایێنێ بچنە هیچ ماڵێ
بەڵام ئەو کەسەی سروشتی چاکە
لەناو گێژاوی چەرخا بێباکە
ئەڵێن "چەرخ" لەسەر بارێ نامێنێ
ئەمڕۆ "گەدا"یە، کە شا بوو دوێنێ
سەگی بەوەفا کە مووچەدارە
پشیلەی زیانکار بەشی هەر دارە
ئەم دووگە چەورە بێبەڵا نییە
مەڕوانە ئەوەی کەسی لا نییە
شەیتان ڕووی کردە لای هەر سەرمەستێ
دەمودەست، دەم و دەستی ئەبەستێ
زوبانیش زۆرجار مایەی زیانە
دەم و دەستی چاك خۆشی ژیانە
ئەگەر هەڵت کرد بە وشك و بە تەڕ
ناوی خۆت بنێ، پاشای بەحرِ و مەڕ

ژین، ژمارە ٧٣٨، ٦/نیسان/١٩٤٤ ز.

٧٣٩

کیسەی باخەڵت و کاسەی هەژارن
خاڵی کەو پڕ کە ئەبی بە یاران
دوو ڕێت لە پێشە لە "گردی سەیوان"
هەواری ئەمان، هەواری ئامان
وەك خاك بە فەیز بە، بۆ هاوجنسی خۆت
خاکیش ئەبێتە دایکی دڵسۆز بۆت
ـەوەی ماڵ لە خەڵك بەزۆر ئەسێنێ
"گۆرەوشار" هەمووی لە زك دەردێنێ[1]
"جۆ" بۆ فەقیر دێت، ئەیدزن ئەیبەن[2]
گۆڕ وایە وەك کەر، کلك و گوێیان کەن
ئەوانەی "کووتاڵ" لە خەڵك ئەگۆڕن
بێبەرگ و کفن شایستەی گۆڕن
ئێستا دزێتی بووە بە هونەر
نازانم ئەمە چۆن ئەچێتە سەر؟
دەستبڕ کە دەستی لێ هەڵئەبڕن
ڕۆژێکیش ئەبێ دەستی ئەبڕن
کێشانە بەڕاست ئەمری قورئانە
ئێستا بە "قەپان" قەپان، قەپانە
یاخوا ئەوانەی کە "سەنگیان" سووکە
گورزیان گران بێ بە "مەڕنەمووکە"[3]

ژین، ژمارە ٧٣٩ ، ١٨/نیسان/١٩٤٤ ز.

---

[1] لە زك "لای پیرەمێرد" لە قنگ "لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا"
[2] مەبەستی لە سەردەمی تەموینە کە لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی دا شەکر و چاو دانەوێڵە و قوماش بە بیتاقە بوو.
[3] مەڕنەمووکە: مەبەست لە "من ربك"میە.

٧٤٠

نادان ئەگەر بێ و زوور دانا کەوێ
دانایی دانا، هیچ داناکەوێ !
دووکەڵ لە ئاگر هەرچەند لە ژوورە
ئەو چاو دێشێنێ و ئەم بۆ چاو نوورە
بڕوانە "برۆ" بەسەر چاوەوە
ئەو "کەچ" و ئەم "ڕوون" لە سەرچاوەوە
دڕك و داڵ کەوان بەسەر دەریاوە
قەدری مرواری پێنەشکاوە
کەری گول کە پێش حوشتر نەکەوێ
بەوە قیمەتی حوشتر نانەوێ
مەڕوانە ئەوەکە ئەمڕۆ "دونان"
"قەلە مرداڕێ" کردنی بە چوار نان !
گڕ و پفێکە ئاگری دزان
کە ڕۆژیان لێهات، لە تەندوور خزان
پەرێزت پاك بێ، با گوڵەوەچن
لەسەر شوێن پاکی لێت بێ بە دوژمن
کەروێشك لە خەودا چاوی نەبینێ
کە "دیاردیت" لێ کرد توند نەیقووچێنێ[1]
ئەوەی کە ئابڕووی نا بەتاقەوە
کاتێك زانی بوو بە فاقەوە
مەلی بەسەزمان گۆشتی نەخورێ
دڕندەیش گۆشتی دەرخوارد نەدرێ

ژین، ژمارە ٧٤٠ ، ٢٧/نیسان/١٩٤٤ ز.

---

[1] دیاردی: هێمایەکە لە ڕاوە کەروێشکدا بە کار دەهێنرێ.

٧٤١

مەلای مەزبوورە چووبووە سەر دارێ
لقێکی ئەبڕی بیکا بە بارێ
ئەیویست ئەو لقەی خۆی وا لەسەری
لە بندا ببڕێ، عەقڵی وای بڕی
ڕێبوارێ پێی وت: مەلای سەردارێ
ئەو لقە ببڕی ئەکەویە خوارێ
مەلا لێی نەبیست، سا ئەو بەڕێ بوو
ئەم لەگەڵ لقدا سەرەنگرێ بوو
کە کەوتە خوارێ، وتی ئەم پیاوە
لە غەیب ئەزانێ، "وەلی" تەواوە
ڕای کرد، چوو پێی وت: کەرامەت دارێ
تۆ کە زانیت من ئەکەومە خوارێ
ئەڵبەت ئەیشزانیت کە من کەێ ئەمرم ؟
توخوا پێم بڵێ لەبەرت مردم !
وتی: عومری تۆ، پێت بڵێم چەندە ؟
بە سێ بای زگی ئەو کەرە بەندە !
منیش بەوانەی کە "کۆبۆن"[1] ئەکرن
ئەڵێم: لقی ژێر خۆتان ئەبڕن !
میللەت دارێکە کە سێبەردارە
چۆن لقوپۆپی ئەشکێ ئەو دارە ؟
دەستی داد زۆریان ئەخاتە خوارێ
کەچی عار نانێن بە کەوتنی جارێ
وا چاکە بە داخ نیشانەیان کەن
کە عاریان نەنا، ڕەوانەیان کەن

ژین، ژمارە ٧٤١، ١٩٤٤/٥/١١ ز.

---

[1] کۆبۆن: بەتاقەی سەردەمی تەموین، کە ڕژێمێکی ئابووری بوو لەسەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی دا پەیڕەوی ئەکرا. پیرەمێرد ئەم پەندەی بە ناونیشانی "بالۆرە"وە بڵاوکردۆتەوە.

٧٤٢

ئەو شوێنەی کەوا پڕیە لە نادان
دانا، ناچارە دەرچێ لەناویان
کە زانیت زۆردار کەوتوونە سەرکار
یا مل کەچ کە ، یا کۆچ کە بە ناچار
سێ تیرە هەیە کە هونەرمەندن
لە لای خوا و بەندە، هەر سێ پەسەندن
یەکێ زاهیدە خۆی ڕزگار ئەکا
دووەم عالیمە دەرسی کار ئەکا
سێیەم بەخشندە کە فریادڕەسە
هەر ئەوە کەوا بۆ بێکەس کەسە
ئەو دووانەی کەڵکیان هەر بە زوبانە
کەڵکی بەخشندە نانە، بۆ گیانە
پیشەی پەسەندی خوای پەروەردگار
کەرەم کارییە ئەیهێنێتە کار
زۆر کەس وەحشی توند بوو سەهەندە
بە دەسەندە بۆت ئەبن بە بەندە
کە کۆی کەیتەوە و بیشارییەوە
ئەڵێن داماوە بە بارییەوە
کە لە ڕێی خوادا بەدڵ بیبەخشێ
کردگار گونای ئەویش ئەبەخشێ

زین، ژمارە ٧٤٢، ١٨/ئایار/١٩٤٤ ز.

لە لاپەڕە "٧٥"ی بەرگی سێیەمی چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نووسراوە "٧٤٢" پەندی تیا نییە.

ئەوی ڕاستی بێ ئەو ژمارەیە ئەم پەندەی تێدایە کە پێشکەش کراوە.

ئاو کە تینوێتی ئینسان ئەشکێنێ
زۆر جاریش ئەبێ پیاو ئەخنکێنێ
ئاگر کە چێشتت بۆ ئەکوڵێنێ
خۆت نەپارێزی، دەست ئەسووتێنێ
هەناسەی هەوا گیان ئەژیێنێ
زستان بێبەرگ بی، ڕەقت هەڵێنێ
خاك خواردەمەنی پێدەگەیەنێ
بەسەرتا ڕووخا ملت ئەشکێنێ
ئێمە لەم چوارە دروست کراوین
هەر یەکە لە خووی، خۆی بەشی داوین
ئاو و خاك مەندی و هێمنی داوە
باو، ئاگر توندی و تیژی هێناوە
با کەوتە کەللە، شعوور نامێنێ
ئاتەش مەزاجیش پیاو ئەسووتێنێ[1]
کە کەس ئەبینم کەوا لەم چوارە
بە ئەندازەیەك بڵێم بەشدارە
زۆری وا هەیە بە با، بایی یە
خۆی بەرز ئەبینێ و پارەبایی یە
ئەم ئەفسانەیە هەمووی بایی یە[2]
چاکە و خراپە، دادی خوابیە
ئەگەر کردگار گوێی لە من ئەگرت
هەرچی چاکە بوو، بۆ خۆم هەڵدەگرت

ژین، ژمارە ٧٤٣، ٢٥/ئایار/١٩٤٤ ز.

---

[1] ئاتەش "لای پیرەمێرد" ئاگر "لای کاکەی فەللاح".
[2] ئەفسان "لای پیرەمێرد"، فسانە "لای کاکەی فەللاح".

٧٤٤

سەگی بەوەفا بە "زێڕ" ئەکڕن
پشیلەی زیانکار، کلکی ئەبڕن
بە "لباد" دانی مار هەڵدەکێشن
داخی بێدانی پێ هەلدەڕێژن
"قولەڕەش" ئەیدەن لە بنەکۆتەرە
ئینجا لە "حەرەم" پێی دەڵێن: وەرە
گاجووت لە "گێرەی" فەرمان ئەبەستن
بە "کەڵەمە" توند، دەمی ئەبەستن
بەدخوو کە لەگەڵ گەلدا بەوەیە
کە کز بوو زیا مەرگی ئەوەیە
بە ئاگر سەهۆڵ دروست ئەکرێ
کەچی هیچ بەرگەی ئاگر ناگرێ
لە عیلم و فەندا شەقبین پیاو و ژن
هەر بۆ ئەوەیە یەکتر بکوژن
ئەهلی فەن یەك یەك ڕەهەندەترە
ئاخۆ کام بۆمبا کوشندەترە؟
شەیتان لە ڕاستی ئێمە ئەزانە
ئیتر بۆچ بڵێین: تەفرەی شەیتانە؟
ئەمانە هەمووی خواستی خوایی یە
بە ئیستیغنای خۆی ئینسان بایی یە

ژین، ژمارە ٧٤٤، ٨/حوزەیران/١٩٤٤ ز.

له کەسێ بووردی پەشیمان مەبە
له خوا لامەدە، بێئیمانمەبە
بەهیوا بژیت، دڵت خۆش ئەبێ
به نائومێدی ڕەنجت بۆش ئەبێ
که به ڕەنجی شان پارەت پەیدا کرد
به فیرۆی نادەی هەروا دەست ویرد
بەڵام له "ها" یێ به "هوو"یێ ئەڕوا
بەم های و هوویەی، ڕەنج ئەچێ به با
ئەو کەسەی چاوی له ماڵی خەڵکه
بێبەرو، سێبەر، وەك داری پەڵکه
قەناعەت ئینسان دەوڵەمەند ئەکا
تەماع بەند نابێ، پێ له بەند ئەکا
که به ترس و لەرز ئەیدزی شەوێ
ڕۆژ دڵ له مستی، لێت دەرنەەوێ
تۆ بزانه ئەگەر ماڵت بدزن
چەند پێت ناخۆشه و ئەبی بەدوژمن !
دیاره که خەڵکیش ماڵی خۆش ئەوێ
که ئەو پەیدای کرد، بەر تۆ ناکەوێ
ئایینی ئیسلام ئەگەر بزانی
به ئاسوودەیی مەردی جیهانی
لەو ڕێیه لادەی شوێن شەیتان کەوی
پێت هەڵئەنگوێ، لەپڕ ئەکەوی
هەڵکردی دنیا،دەوران دەورانه
له هەموو لایه هەر شەڕە نانه
ئەگەر به بێنان هەڵکردمان ئەبوو
کەس بەسەر بەشی کەسا نەدەچوو
بەڵام ئاخ باوکمان که ئەو گەنمەی خوارد
خۆیشی دەرکرا به هەناسەی سارد
ئێمەیش بەو ئیرسه له دووی نان شەقین
شەق تێهەڵدانه و بەدخوڵق و شەقین

زین، ژمارە ٧٤٥، ١٥/حوزەیران/١٩٤٤ ز.
ئەم پەندە لای کاکەی فەللاح نییه.

٧٤٦

دڵ ئاوێنەیە ڕێی خوا ئەنوێنێ
ژەنگ بگرێ جەلای چە لا نامێنێ
خۆش ڕابواردن، بە دڵی پاکە
ئەوی دڵپاکە ، بێباکە ، چاکە
هەموو دەوڵەتی دونیات دەسکەوێ
خۆش نابینی کە دڵ نەسرەوێ
چەند خۆشە لەگەڵ چەند برادەرێ
بێکینە و بێغەم، پیاو بەسەر بەرێ
دەوڵەت کە زۆر بوو سەر ئەشێوێنێ
بڵێی کەیف ئەکەم لە لات نامێنێ
من چەندێ هەندێ ئاڵتوونم دەستکەوت
بە لێکدانەوە خەوم لێ نەکەوت
بێخەویش ڕێگەی ئیشتیهای بەستم
تا شوێنی کەوتم دەرچوو لە دەستم
ئێستا ئەو بە شوێن مندا ئەگەڕێ
چونکو قانیعم بە وشك و تەڕێ
ئەمانە واتای گوێ ئاگردانن
ئادەمی لە دووی ماڵ سەرگەردانن
خۆهەڵکێشانە و دڵخۆشی بە زۆر
کەم دەسەڵاتی کردمیە حەڵاڵ خۆر
ئێستا کە ئەیخۆم ژەمی " گورگ"ییە
کێ ئەڵێ: پیشەی ڕێی بزورگییە
بەڵام ئەمەندە هەیە خوا پێداو
بەشوێن ماڵا خۆی ناخاتە قوڕاو

ژین، ژمارە ٧٤٦، ٢٢/حوزەیران/١٩٤٤ ز.
ئەم پەندە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نییە.

٧٤٧

"بناوان" شل بێ، ئاوی لێ ئەڕوا
پێش "قەتار" شەل بێ ئەکەوێتە دوا
سەر مەلا کە بای لێ بەربێتەوە
نوێژی جەماعەت ئەبڕێتەوە
کە وتیان بێستان وا بەرەڵدایە
خەڵك تێی ئەوورووژێ قڕە و هەڵدایە
بۆ ئەوەی کە خۆی کەوتە و نابوودە
داو و دەرمانی عەتار بێسوودە
ئەو شوێنەی کەوا وتیان "خەرمیز"ە
کەر لێی ئەمیزێ، یەکسەر بەڕیزە
مەڕوانن ئەمە پیشەی کەرییە
مۆدەی ئەم دەورە چاو لێکەرییە
پاك و تەمیزی چونکو بە ئەرکە
ئەو ئەرکە لەلای فەیلەسوف تەرکە
ئەو دەڵێ: کە من دەروونم پاکە
جلم چڵکن بێ و دڕاو چ باکە
فۆرمەی مەلەکی و لبادەی دڕاو[1]
بۆ داکەندن بێ، وەك یەکە بۆ پیاو
مەڵێ: ئەم باخە بێباخەوانە
خوا ئاگای لێیە و جێی دز، زیندانە
ماڵی دزێتی تۆ بیشارەوە
ئەزانرێ بەلای، خەڵکی شارەوە
دوایی کە دەرکەوت پەنهان ناگرێ
دەهۆڵ و زۆڕنای بۆ لێئەدرێ

ژین، ژمارە ٧٤٧ ، ٢٩/حوزەیران/١٩٤٤ ز.

---

[1] ئەم دێڕە لای کاکەی فەللاح نییە.

کوێخایی بەدەست کەسێ نادرێ
هەمیشە دەستی لە دەست هەڵبڕێ
کاربەدەست ئەگەر لە تۆ بترسێ
دیارە ناڕاستە، خوا لێی ئەپرسێ
خۆ بێت و کەسێ کردەوەی ڕاست بێ
لەکەس ناترسێ سەدجار بازخواست بێ[1]
بەدبین و خودبین هەر دووك ناسزان
لالای خوا و بەندە شایستەی جەزان
پێخاوس بەو نەك پێلاوت تەنگ بێ
بێژن بەو نەوەك لە ماڵتا جەنگ بێ
قەرز مەکە هەرچەند وادەت مەحشەر بێ
درۆ مەکە با تیغت لەسەر بێ
کە هەوات بەرز بێ، سەرت شۆڕ ئەبێ
"جوانووی" بێلغاو، هەروا "تۆڕ" ئەبێ
دنیا لە بارێ نابرێتە سەر
زستان هەتاو و بە هاوین سێبەر
هەوڵ نەدەی، ڕوانیت وا لێبوویتەوە
ئەبێ بیچێنی، تا بیدروویتەوە
چاوت لەوە بێ تۆ بیدەی بە خەڵك
نەوەك چاولەبەر، بێئەرك و بێکەڵك
کە بە سەردڕی خۆت ناڕازی بی
ئەبێ بۆ قەرزی خەڵك لای قازی بی

ژین، ژمارە ٧٤٨، ٦/تەمموزی/١٩٤٤ ز.

---

[1] لەکەس "لای پیرەمێرد"، لەگەڵ "لای کاکەی فەللاح".

٧٤٩

ئەوی "بەربووره" لە پیاوچاك ئەدوێ
وەك پەشیمانان شاخی لێ ئەڕوێ
تێهەڵچوو مەبە، مەبە بە سەردەق
نەینێیتە "تەبەق" پێی مەڵێ "سەدەق"
لەناو کەشیدەی حاج دا، خاچ دەرچوو
لەژێر خەرقەدا، مرقەم گوێ لێبوو
ئەو "قەلەندەره"ی ئازادە سەره
ئەگەر ئەو نەبێت، تۆ بڵێ وەره
ژاری پیاوکوژه کە گۆڕا هەنگوین
هیچ تاڵێك نابێ، بە تاڵی شیرین
گەلێ جار تاڵی بە دەرمان ئەکەن
بە دەرمان لەدەست دەرد، دەرمان ئەکەن
هەرچی کە تازه هاتە سەرکارێ
نەشارەزایە لێی مەگره جارێ
کاتێ پوخت بوو، بۆ جاری دوایی
زۆر ئیش ئەبینێ بە شارەزایی
بەڵام تۆ پەرده لەڕووی کار لابە
پێش هەموو شتێ "نییەت" حیسابە
کە حوسنی خولق و نییەت بوو لای پیاو
هەر ئەوە ئەبێ بە پیاوی تەواو
هاوار پیاوەتی بارێکی قورسە
کەوتە سەرشانت لە خۆت بترسە
ئای "وردم دویماز" چەند سەر ئازادە
وەك "هوما" وایە، دایم دل شادە

زین، ژماره ٧٤٩، ١٦/تەمموز/١٩٤٤ ز.

له کردەوەی خوا سەرم سوورماوە
مەخلووقی چۆنی خستە ئەم ناوە ؟
ماری داناوە زستان بتەزێ
بە هاوینانیش گیاندار بگەزێ
"دووپشکی"هێنا کوێری بێحەیا
بێقرەوبرە بەخەڵکەوە با
هەندێ باڵدار هەن وەك زەردەواڵە
هیچ کەس نازانێ بۆچی عەوداڵە ؟
یەکێکی تریان ژەنگە سوورەیە
ژاری چزووەکەی ئاگری کوورەیە
هەنگ ئەجیبە بۆ، هەنگوین کەڵك ئەگرێ
کە پێیشیەوەدای، ئەو بۆخۆی ئەمرێ
گورگی سەرسەری، بە گەڕوگوڕە
لە هەموو شوێنێ مێملی مەڕە
سەگ بۆ پشیلە، پشیلە بۆ مشك
یەکتریان ناوێ وەك مار و دووپشك
ئەمانە هەمووی یەکە بە یەکە
هەچی ئەڕوانی دوژمنی یەکە
"هارووت" و "مارووت" فریشتەی باڵان
کەوتنە ناو ئێمە، ئێستەش لە چاڵان
وێنەی گورگ و مەڕ زۆردار و هەژار
ئەو خوێن ئەمژێ و ئەم دەم بە هاوار
ئەوی بە کەڵك و بێوەیە، کەرە
هەم بێزوبانە، هەم بارەبەرە

ژین، ژمارە ٧٥٠، ٢٠/تەمموز/١٩٤٤ ز.

٧٥١

كە هاتی دوعای بەد ل دوژمن کەی
پێی بڵێ: یاخوا هەرگیز تێنەگەی
تێنەگەیشتن هێندە ستەمە
بڵێی: حەیوانە، هێشتاکو کەمە
ئەگەر فریوی شەیتان نەبوایە
هەموو باوەڕمان ئەکرد خوا، خوایە
تینمان نەگاتێ بانگ ناکەینە خوا
کوردی ئەم خوارە، بە "خوێ" ئەڵێن "خوا"
چاوبرسی هەر وەك جەهەننەم وایە
"هل من مزید"ی دایم لە دوایە
"یناوان" شل بێ، جۆگە گرفتە
ئاغاژن وابێ ! کارەکەر مفتە
باغ بەرەڵڵا بێ هەر کەس بۆ خۆیە
کەوتووسنە دەورێك کەوا بخۆیە
ئاینە کەوا پارێز ڕائەگرێ
ئاینە سەری تەماع ئەبڕێ
سەری تەماعت بڕی سەرداری
کەماڵی خەڵکت خوارد شەرمەزاری
کە لەگەڵ مردوو ئەچیە سەرقەبران
باوەڕ بە مردن ئەکەی بە گریان
لەگەڵ هاتیەوە لەبیرت ئەچێ
ئەگەر وایش نەبێ دنیا تێك ئەچێ

ژین، ژمارە ٧٥١ ، ٢٧/تەمموز/١٩٤٤ ز.

٧٥٢

ئەڵێن گوندرۆە بە ڕەنگ ناناسرێ
هەر، ترێ چاکە، تامی ئەچێژرێ
شووتی بە شەرتی چەقۆ ئەکڕن
جارێ لە پێشدا بە خێوی ئەبڕن
کاشکی بۆ پیاویش ئەمە ببوایە
ئەیانناسیایە، دایان نایە
ئەوی بەزەیی بە کەسدا نایە
گۆڕ ئەوە نییە بیهێننە کایە
زستان بۆ خوری مەڕ ئەبڕنەوە
بەهار هات مەڕی تر ئەکڕنەوە
تا "شارەزوور" بەدەستەوەیە
هەمیشە "کارێ"م بەڕیستەوەیە[1]
ئەوی بە ڕەنجی شان دەس ئەکەوێ
هەمووی دائەنێ بە کەیفی شەوێ[2]
ئەڵێن: شەرابی مفت بە خومارە
نازانن خومار دەردی قومارە
شەیتان ئینسانی لە ڕێ بردووە
قوماری هێند لا شیرین کردووە
لەو شوێنەی دانیشت نایەوێ هەستێ
ڕێی ئیش و کاری تری ئەبەستێ
ڕاستیشت ئەوێ "پۆکەر" زۆر خۆشە
"بانقۆ و سیویەك و کۆنکەن"ی بۆشە
بەخۆت مەنازە بەهۆش و تەدبیر
"پۆکەر" ئەزانی، نابی بە وەزیر

ژین، ژمارە ٧٥٢، ٣/ئاگوست/١٩٤٤ ز.

---

[1] کارێ و ڕیست: دوو زاراوەی یاری پۆکەرن.
[2] بە کەیفی شەوێ "لای پیرەمێرد"، بە ڕەنجی شەوێ "لای کاکەی فەللاح".

ئاو لە ئەزەلدا کە ڕوونە و پاکە
لە کەلکی ئەخا "گا" بە شیاکە
زۆر پیاوی پاکی تەمیز وەك گەوهەر
هاونشینی بەد لەکەی خستە سەر
خواستی خوا وایە، کە زۆر مەردی خوا
بە چاووڕاوی بەد تەفرە ئەخوا
پەڵە دەرناخا ئەوەی ڕەش کارە
قوماشی سپی لەکەی تیا دیارە
ئاخ ئەو کەسانەی کە چاك ئەگۆڕن
بۆ ژیان ناشێن، شایستەی گۆڕن
نەکاری عەقڵە و نە دیرایەتە
"شیاطین الانس و الجن" ئایەتە
خوا بتانگرێ پیاو خراپینە
لەگەڵ چاکاندا چییە ئەم قینە؟
شەیتان لە ڕاستی چوار چاکمان لادا
ئێمەیش چوارچاکمان بکەین بەلادا
با بەس لە کەلی شەیتان سەرکەوین
تۆزێکیش لەناو خەڵکا سەرکەوین
عەشرەت بزانن جارێکە و ئەمجار
نەکەونە خۆتان، ئەکەونە ژێربار
"بەراتە" و قاپی کراوەتەوە
بەراتی نەجات نووسراوەتەوە
هەر هێندەی ئەوێ بڵێی منیش هەم
هەموو کارێکت بۆ دێتە بەرهەم
ئەگینە بەرگەی گرانی ناگرین
جاویش گرانە، بێکفن ئەمرین

ژین، ژمارە ٧٥٣، ١٠/ئاگوست/١٩٤٤ ز.

چوارده پەندە "هۆشەنگ" دایناوە
کە لە خەزێنەی "کەیان"دا ماوە
پەندی ئەوەڵی بۆ دووزوبانە
بە دووزوبانی وەتەن وێرانە
جاران ئەوانە زوبانیان ئەبڕین
ئێمە ئەوانە بە پارە ئەکڕین
فیتنەی دووزوبان دۆست لەدەست ئەدا
ئەوی گوێی لێگرت دەست لەدەست ئەدا
سێ کردەوەی بەد کەوتە ناو بەشەر
باوك برا و دۆست، زوو ئەدا بە شەڕ
بەدعەهدی و درۆ و ڤین لێك هەڵگرتن
"مەرد"ێکی گەورە کە هاتە ڕووی کار
ماکینەی درۆی بۆ ئەخەنە کار
ئەگەر ئەو مەردە نییەتی چاك بێ
بۆ ڕێنمایی خوا دڵی پاك بێ
هینای ڕووبەڕووی یەکی کردنەوە
دیارە گرەوی زوو لێ بردنەوە
ئیتر درۆزن لە کۆڵ ئەکەوێ
ئەوسا ڤیمەتی دۆست دەردەکەوێ
بەهۆی دۆستەوە کار ئەچێتە سەر
خوا فەرموویەتی: "شاورهم ڤی الامر"

ژین، ژمارە ٧٥٤، ١٧/ئاگوست/١٩٤٤ ز.

گێتی لەسەر هیچ بارێ ناوەستێ
چۆن ئەبێ دانا پشتی پێبەستێ
پاك هەڵدەخزێ و هەڵەستێتەوە
ناپاك ئەپشکەوێ ناحەوێتەوە
هەندێ کە دۆستی جاه و ئیقباڵن
تا لە "مەسنەت" دای جێت بۆ ئەماڵن
لەگەڵ لێکەوتی ببڕای ببڕایە
هاتیەوە کایە، هەر ئەو سەودایە
خۆزگە پێستی ڕووم چەرمی "گا" دەبوو
تەریق بوونەوەم لەلا "با" دەبوو
بۆ چەرمەسەرێ زوو پەکێش ئەبووم
لە هەموو شوێنێ هەر لە پێش ئەبووم
بەلام قوڕبەسەر ئەو کەسەی وایە
ئەم ڕەزالەتەیش مەرگی لەدوایە
ئای بۆ نانێکی کەسبی ڕەنجی شان
سەر ئازادەتر لەشاهی جیهان
ئەمانە هەمووی فەرمانی خوایە
کوا دەسەلاتی بەندەی تێدایە؟
دەریای قەدەرە، عەقڵی تیا گومە
"زین لهم اعمالهم"ە
هەندێ ئەیەوێ لە مەجلیسان بێ
هەندێکیش ناوی لەناو ناوان بێ

ژین، ژمارە ٧٥٥، ٢٤/ئاگوست/١٩٤٤ ز.

هاوینی بێ ئاو ! ئای چیت پێکردین
وەك ماسی ناوی جەرگت ڕەش کردین
ئاخری وا چلەی تۆیشمان بردەسەر
چلەچوار نەوعە، یەکێکیان بەتەر
جاران جێ ماڵی باوەشابان بوو
ئێستا دەرمانی ئەویش هەرزان بوو
هەموو کارێکمان بۆ دەبێ ئاسان
مەرد ئەو مەردەیە نەبێ هەراسان
خۆشی و تەنگانە نامێنن تاسەر
پەندێکمان هەیە کە بیکەینە بەر
بە تاڵی و خۆشی هەر بڵێی ئەڕوا
نەوەك بە زوبان، بە دڵ و بڕوا
کەلیمەی "ا ق ب ا ل" پەندێکی تیایە
وەری گێڕیەوە خۆی "ل ا ب ق ا"یە
لە قورئانیشدا فەرموودەی خوایە
ڕاستە تەنگانە خۆشی لەدوایە
چەند خۆشە ئینسان وا دڵنیا بێ
بوون و نەبوون لای کاریگەر نابێ
بەختیاری پیاو، دڵی بێغەمە
با خەڵك هەر بڵێن دانایی کەمە

زین، ژمارە ٧٥٦، ٣١/ئاگوست/١٩٤٤ ز.

٧٥٧

که خراپەت دی و موقابەلەت کرد
ناوی خراپیت لەسەر خۆت بار کرد
بە چاکە جەزای خراپ بەیتەوە
بەوە گرەوی پێ دەبەیتەوە
بەد، بۆ دۆستی ئەکەوێتە دووت
"اوهن البیوت، بیت العنکبوت"
وەك شیر هەڵمەچۆ بە تینی گڕێ
دوایی قاپێکی بۆشت پێ ئەبڕێ
بە شێنەیی بێ، شوێن بزر ناکەی
زوو ماندوو ئەبی، ئەگەر توند ڕاکەی
تەنها بۆ چاکە بەدەستوبرد بە
دەربەستی دڵی درشت و ورد بە
بە تەدبیر دۆست کار ببەرەسەر
خوا فەرموویەتی: "شاورهم فی الامر"
کۆنەپۆشانیش بە کەم مەزانە
کلیم، کەلیمی تێدا پەنهانە
زێوەری دنیا هەر بۆ ژن چاکە
مەرد لە ئارایش دوورە و بێباکە
وا چاوت لێیە کە کۆچی خێڵە
ناوی چاك لە شوێن خۆت بەجێ بێڵە
توخوا نایزانی دەوڵەت و ماڵت ؟
لەگەڵتا نابێ، هاوار بە ماڵت
گوناهەکەتە کە وەفادارە
لەناو گۆڕیشدا هاودەمە و یارە

ژین، ژمارە ٧٥٧، ٧/ئەیلوولی/١٩٤٤ ز.

لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نووسراوە "ژین ٧٥٧ پەندی تیا نییە" بەڵام لە ڕاستیدا ژینی ٧٥٧ ئەم پەندەی تیا بڵاو کراوەتەوە.

چارەی ڕزگاری ڕێی ڕاستە، ڕاستە
پارێزی نەخۆش بە نان و ماستە
پیاوی بێڕۆژوو ئێوارەی لێهات
کز دادەنیشێ پەشیمان و مات
ئاغا ئەم ئەکا و خزمەتکار نایکا
ڕوویەکی ئەوێ کە تەماشای کا
پیاو هیوادار بێ نەوەك ناهومێد
چۆن ئەژیت ئەگەر هیوا ببڕێ لێت
هیوایە بەرگەی تەنگانە دەگرێ
کە بێهیوا بی برستت دەبڕێ
باوەڕت ببێ کە ئەم خودایە
دوایی ڕۆژ ئەجر و جەزای لە لایە
زۆردار کە ئێستا لە خوا ناترسێ
"مەڕنەمووکە"ی گۆڕ دێ و لێی ئەپرسێ
ئەوسایە هاوار پارەی بۆ ناکا
ڕێگایشی نییە کەهەستێ و ڕاکا
لووتی لە بەردی "ئەلحەد" ئەکەوێ
هەوای زۆرداری ئەوسا ئەنەوێ
جا ئەگەر ئینسان کردەوەی چاك بێ
لەوێشا بێباك گۆڕی ڕووناك بێ
بەر عەفوو لیقای یەزدان ئەکەوێ
جێگای بەهەشتە ئیتر چی ئەوێ؟

ژین، ژمارە ٧٥٨، ٢١/ئەیلوول/١٩٤٤ ز.

٧٥٩

به "مازوو" لەدەست چووبوو سەرمایە
ئەیویست بە "سیچکە" بێتەوە کایە
قەرز نەیدەیتەوە، نابڕێتەوە
"بەرتیل" جێگای قەرز ناگرێتەوە
سەد چاکە بکەی لەگەڵ ناپیاوا
کە دڵت شکاند ئەیدا بە ئاوا
بە قینی دوژمن دۆست لەدەست مەدە
دوو کەس حەق بێژە و بەدگۆ دووسەدە
تا بە چاوی خۆت چشتێ نەبینی
مەکەوەرە سەر ڕێگای بەدبینی
لەسەر کاری چاك هەرگیز مەوەستە
بۆ "تۆڵە" پەلی، پەلە ببەستە
کە دڵت شکاند خێرت پێ نابڕێ
کە شووشەت شکاند پینە ناگرێ
هێواشی ئەسپی "تۆڕ" ئەحەملێنێ
"سرکە"ی توند قاپی خۆی ئەتەقێنێ
بۆ "دروێنە"ی بەد "پەرێز"ت پاك بێ
بەلام لای گەورە زوبانت چاك بێ
قسە لە پێشدا لێك ئەدرێتەوە
لە دەم ترازا ناگەڕێتەوە
دەست بۆ تەنگانە ئەبێ بە پەرژین
زوبانە سەرت ئەدا بە بڕین
خوا ئیختیاری داوەتە دەست خۆت
ئەگەر خۆت چاك بێ عالەم چاکە بۆت

زین، ژمارە ٧٥٩، ٥/تشرینی یەکەم/١٩٤٤ ز.

ئەویە دەرامەد، ئەبەشێتەوە
تۆوی چاکەی لێ ئەوەشێتەوە
خوا "قەناعەت"ی دا بە بەندەی خۆی
ڕووی جیهان ئەبێ بە موڵك و ماڵ بۆی
ئەگەر قەناعەت چاوی تێر نەکا
کوێرەوەری و خەم سەری تێ دەکا
خزمی نزیکت خۆشەویستییە
خۆش ڕابواردن، تەندروستییە
کە پادشا بی و لە ژێر "جێ"دا بی
ئەبێ بە خۆشی لەگەل کێدا بی ؟
تا لەشت ساغە قەدری بزانە
نەخۆش بی لە لات دنیا زیندانە
تا دەستت هەیە دەستت درێژ بێ
نەك لەپڕ ڕۆژێ ڕێت سەرەولێژ بێ
کە لە دنیادا بۆم نەکەیتە تەشت
گوایە بە خێرت ئەمبەیتە بەهەشت؟
بەچی دەزانی کە خۆت بەهەشتیت
ئەبینم چەشنی تەریقەی چەشتیت
لە "پاپا" و شێخان بەهەشتیان ئەکڕی
عەقیدەی عەسری، ئەو نانەی بڕی
"نێرە بیدۆشە" بۆ مرید باو بوو
چی بکەین؟ ئەو دەورە، مۆدەی تەواو بوو
کە ئەو لە پێستی خۆیا نەوەستێ
ئەم خەڵکە دەمی خۆی بۆچ ئەبەستێ؟

ژین، ژمارە ٧٦٠، ١٢/تشرینی یەکەم/١٩٤٤ ز.

٧٦١

ئاو هەر شوێنێکی گرت ئاوەدانە
زۆردار لە دێیەك دانیشت وێرانە
خۆمان دووی پیاوی زۆردار ئەکەوین
هەروا ئەزانین مەخلووقی ئەوین
هەرچی پەیداکەین ئەو ئەیبا و ئەیخوا
ئەوسایە هاوار ئەبەینە بەر خوا
خوایش ئەفەرموێ: کردەی خۆتانە
تەنها پیاوێکە، هێناوتانە
هاوجنسی خۆتان کوشت،ماڵتان بۆ برد
بەسەر خۆتانا ئێوە زاڵتان کرد
چاکە و خراپەی خۆتان نەزانن
هەر بناڵێنن کە بار گرانن
لەناو خۆتانا ئەگەر برا بن
دڵسۆزی یەك بن، بە بێهەرا بن
هیچ کەسی پشتتان نادا لە ئەرزی
ئینجا ئەکەوتنە ڕێگەی سەربەرزی
ئەڵێن چوار ڕێوی شێرێ کەوڵ ئەکەن
ئێوە کە شێرن بۆچ پشت هەڵدەکەن؟
لە ڕێی خزمەتی گەلا مەسرەوە
وەك شێری بەیداخ ژوور سەرمان کەون[1]
ئێوە دوو چشتان بۆ دانراوە
یەکێ پێڵاو و یەکێ کڵاوە
ئەگەر پێڵاو بن ئەتانکەنە پێ
کڵاو بن خەڵکی لەسەرتان ئەنێ
سەر و ژێر کەوتن بەدەست خۆتانە
خوێندن و جەهلە ڕێگای ئەم دوانە

ژین، ژمارە ٧٦١، ١٩/تشرینی یەکەم/١٩٤٤ ز.

لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نووسراوە ژین ١٩/٧٦١/کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٤، کەچی ڕاستییەکەی ئەم پەندە لە ژینی ژمارە ٧٦١ی ڕۆژی ١٩ی تشرینی یەکەمی "١٩٤٤"دا بڵاوکراوەتەوە.

---

[1] ژوور سەرمان "لای پیرەمێرد" زوو سەرمان "لای کاکەی فەللاح".

هەندێکی وا هەن کە بە زیندەخەو
بە خەیاڵ ئەبنە حوکمداری شەو
هیچ نەبێ نیوەی عومریان بە خەیاڵ
خۆش ڕائەبوێرن بە مەوقیع و حاڵ[1]
ئەوانەی کە شوێن پارە ئەکەون
بەو مەراقەوە شەویش بێخەون
لەولایش ئەبینی کە کرێکارێ
پارەی ئەورۆژەی وەرگرت ئێوارێ
خۆراکی کڕی بەخێرو بەبێر
دەستی ماندووە لەسەر سکی تێر
لەم دنیایەدا گوزەران وایە
کێ ئەڵێ: گێتی ئاسوودەی تیایە؟
کۆی ئەکەنەوە بە "جەواڵ" و "هۆڕ"
نازانن بۆیان نابرێتە گۆڕ
کردوکۆشییان هەمووی تەباهە
ئەوی لەگەڵیان ئەچێ گوناهە
ئەمانە هەمووی وا لە پێش چاوە
ئینسان لە "نیسیان" دروست کراوە
ئەگەر نەبوایە بە فرامۆشی
بۆ کۆکردنەوە کێ تێدەکۆشی؟
ئەڵێن پێغەممەر ئەمەی فەرمووە
پەسەندە بۆیە بە گوێدا چووە
"بۆ دنیات بژی وەبزانە نامری
بۆ ئەولاش، ئەمڕۆ ڕێ لەبەر ئەگری"
فەرامۆشییە جیهان ڕائەگرێ
کێ باوەڕ دەکا بەیانی ئەمرێ
خوا لەزەتێکی وای داوە بە ژین

---

[1] بە موقیع و حاڵ "پیرەمێرد"، بە جێگە و بەحاڵ "لای کاکەی فەللاح".

لەلامان خۆشە، کەڕ و کوێریش بین
برسی و نەخۆش و ماندووی شەڕ و شۆڕ
ژیان هەر خۆشە هەتا لێوی گۆڕ
بنیادەم هیچی لە یەکتر ناکا
وێڵن بە ڕێگای خراپ و چاکا
هەر کەسە پیشەی خۆی لەلا باشە
لەناو خۆماندا "دەوەن بەئاشە"
ڕێیەکی وامان نەدیوەتەوە
سەرکەوتنی لێ بووەشێتەوە
هیچ کەس ڕابەری کەس پەسەند ناکا
چونکو نایانبەن بە ڕێی ڕووناکا
هەرچی ڕۆژێکی بەرکەوت بۆ خۆی بوو
خۆی خواردی و هەزار هەر باوکەڕۆی بوو
هێجگار کە "تەموین" سەنگی مەحەك بوو
بایەع بەگزادە و ئەهالی "لەك" بوو[1]
مەگەر ڕاوەستین نەویە خوێندەوار
پێبگەن ئەوان بکەونە سەرکار
گەسکێ بدەن لەم تێر نەخۆرانە
ئەگینە ئێستا هەر بخۆرانە
ئەو بێشەرمەی وا ئەمەی کرد دوێنێ
لەناو میللەتدا چۆن چاو هەڵدێنێ
ئەڵێن چاو بەچاو ئەکەوێتەوە
مەگەر "بێشەرەف" تەریق بێتەوە
ئێمەیش لە نووسین نابێ ماندوو بین
دەستی وەیسکەیە و سووژنی پۆلایین

ژین، ژمارە ٧٦٢، ٢٦/تشرینی یەکەمی/١٩٤٤ ز.

[1] لەك "لای پیرەمێرد" بەگ "لای کاکەی فەللاح" لەك: یەکێکە لە خێڵەکانی کورد.

٧٦٣

هەرچی کە پشتی بە بەندەی خوا بەست
خوا بەو بەندەیە ئەیخاو ئەیکا پەست
بۆ هەموو کارێك هیوات بە خوا بێ
ئەوسا ناترسی کارت لەدوا بێ
کاری وا هەیە کە خۆت ئەتەوێ
زۆر پێت ناخۆشە بۆت ڕێ ناکەوێ
دوایی ئەبینی ئەگەر بۆت ئەبوو
هەرچی کە هەتبوو لە کیست ئەچوو
زۆر جاریش چشتێ کە تۆ ناتەوێ
خێرێکی زۆرت لێ چنگ ئەکەوێ
"تحبوا شیئا" شەڕی لەدوایە
"تکرهوا شیئا" خێری تیادایە
کەسێك ئەبینی حەزی لێ ناکەی
دوایی سوپاسی ئەکەی بە چاکەی
کەوابێ تۆ خۆت نییەتت پاك بێ
ئەوسایە دۆستت ئەبێ بۆت چاك بێ
لەهیچ ئیشێکدا بەد دڵی مەکە
لەکاری گەلدا سەرچڵی مەکە
تۆ بۆنی شیری خاوت لە دەم دێ
کە ڕێ نازانی چۆن ئەگەیتە دێ؟
بەردێ هەڵگرە کە بیوەشێنی
نەك شان و قۆڵی پێ بڕەنجێنی

ژین، ژمارە ٧٦٢، ٢/تشرینی دووەم/١٩٤٤ ز.

٧٦٤

هەنگ کە لە گوڵ و میوە ئەنیشێ
بە مژین مایەی هەنگوین ئەکێشێ
چزۆکەی ژاری تاڵی تێدایە
هەنگوینیش وا خوا فەرمووی شیفایە
ئەمە نموونەی حاڵی دنیایە
شیرینی تاڵی هەر لەگەڵدایە
ئادەمیزادیش زۆرتری وایە
هەر چاکەیەکیان بەدی لەدوایە
هەنگ بۆیە ناوی بە چاکە ئەبرێ
کە پێیەوەی دای، ئەو خۆیش ئەمرێ[1]
کاشکی بەدکاریش وەك ئەو بوایە
کە پێیەوەی دای خۆی بمردایە
مار تا لێی نەدەی وەزندی نییە
شێر ئەمان ئەدا و پیشەی مەردییە
بەڵام دووپشك و هەندێ لە ئینسان
لەبەر قین نییە، بووە بە خوویان
ئەڵێن کە شەیتان خراپیان ئەکا
خێر!! شەیتان، هێشتر لەدوامان ناکا
ئای بۆ خواپێداو کە لەگەڵ بەدکار
لەجێی خراپە، چاکە بکاتە کار

ژین، ژمارە ٧٦٤/تشرینی دووەم/١٩٤٤ ز.

[1] ئەو خۆیشی "لای پیرەمێرد". ئەو بوخۆی "کاکەی فەللاح".

"سەعدی" فەرموویە، کە خوویەکی بەد
کەوتە ڕیشەوە، دەرناچێ ئەبەد
وامنیش ئەڵێم کە پیاوی نادان
هێند قەڵبە "قەلب"یش نایکا بە ئینسان
بەدناو هەڵیشی بگێڕیتەوە
دیسان نادانە، ناگەڕێتەوە
"خەواسی حروف" هێندێکی وایە
نەوعە سرِێکی مەعنەوی تیایە
نادان، بەئەدەب، گورگ، ئەم سیانە
کە قەلبت کردن، دیسان خۆیانە[١]
ئەوەیش کە "مەرد"ە "درەم" ئەبەخشێ
"کەرەم" کارێکە، بە "مەرگ" نالەخشێ
مال ئەمانەتە و سیحەت غەنیمەت
بەخشین فرسەتە و خواستن مەزەللەت
کە دڵ ئازاری خۆتت لەبیر بێ
نایەڵی دڵی کەست لێ زویر بێ
دووڕوویی و ڕیا لای خوا و بەندە
وەك ماری زوحاك، لەسەر شان بەندە
لە نانی "دونان" سندان ئەبارێ
چوار نان بە، وەکو "قەلەمرداری"
"ئاشەتەندوورە" و "کەوشەك" نەماوە
بە بابی بابی سواری کەر باوە

ژین، ژمارە ٧٦٥، ١٦/تشرینی دووەم/١٩٤٤ ز.

---

[١] بە شێوە نووسینی کۆن" نادان، بدادب، گرگ".

وەزیفە و مەقام، بە پیاو ئەگۆڕێ
ڕەنگی "شووشە"یە، کە ئاو ئەگۆڕێ
هەرچی بنێژی ئەوە "بەر" ئەدا
گۆزەیش چی تیابێ، ئەوە دەرئەدا
دنیا وەك پیاڵەی چایخانە وایە
تۆ، ئەیخۆیتەوە و هی کەت لەدوایە
ئەو پیاڵەیەی تۆ چات تیا خواردەوە
هەزار مشتەری لە تۆ شاردەوە
پارە "بەقەمە" زوو ئەچێتەوە
کە بەخشیت ئەوسا ئەمێنێتەوە
چاوبرسی هەتا بیبێ تێر ناخوا
چاوتێر بێخەمە، کە نایخاتە دوا
دڵنیا بە لەگەڵ ئاوەڵی چاکا
ئەوی دۆست ئەیکا، برا بۆت ناکا
کە لەگەڵ دوژمن لێك ئاشکرا بووی
باوەڕ بە مەکری بکەی تێدا چووی
دۆستی نادان و دوژمنی دانا
بیانگۆڕەوە لە ڕێگا و بانا
دۆستی نادانت، وەك هەڵەوەڕە
ئاگات لێ نەبێ "دز"ت لەسەرە
هەرچی هەڵدەسێ سیاسەت زانە
بەدەست خەڵکەوە، بێل چەند ئاسانە؟
"دێو" جارێك "کوردی" خۆی کەوتبووە چنگ
"گورنەتەڵە"یەو، ئاوی ناو بێژنگ

ژین، ژمارە ٧٦٦، ٢٢/تشرینی دووەم/١٩٤٤ ز.

خوا بۆ قوربانی مەڕی داناوە
کەچی گاجووتی، تێوە گلاوە
گوایە گاجووتێك حەوتی سوار ئەبێ
"سێ بە گایی" مان چۆن بە چوار ئەبێ؟
من "گاییێکم" بوو، ڕای کرد لە دەستم
ئەم جەژنە پەکی "حەوتمی" خستم
سەد قوربان حەقی ناس نافەوتێنێ
ئاگری جەهەننەم گایش ئەبرژێنێ
خۆ من تێر گۆشتی قوربانیم بۆ هات
چیم لەوەی خێوی کەوتووە لە "سیرات"
ئەگەر تۆ ماڵی خەڵکت خواردبێ
ناڕوا، سەرد، گایشت قوربان ناردبێ
من کە حەقی خۆم بە کەس نەبەخشم
خوا پێم نابەخشێ بەتۆ بەخشم
بەدزی ئەیبەی ئەیدەی بە مەعلووم
ناوی خۆت ناوە فاسقی مەحرووم
مردووشۆر پارەی خۆی وەرئەگرێ
بەو چی لە گۆڕدا مردوو لێی ئەدرێ؟
"کەوا"ی نوداشتت کە وا لەبەردا
خەمی تازەتر بخۆ لە بەردا

ژین، ژمارە ٧٦٧، ٧/کانوونی یەکەم/١٩٤٤ ز.

٧٦٨

ڕێوی تەڵەباز بوو بە فاقەوە
ناسرەوێ بەدەم واقە واقەوە
دەڵەکیش کاتێ کە گیرا ئەتسێ[1]
کەروێشکیش تانجی دی ئەحەپەسێ
کەروێشك کە ئەنوێ چاو ناقووچێنێ
کە ڕاوکەری دی خۆی ئەخەفێنێ
کەمتیار دەنگی خۆشی پێخۆشە
قولە پێی ئەسمن هێشتا بێهۆشە
ئەم سیفەتانە بۆ پیاویش وایە
هەرچی ئەیبینی بەشێکی تیایە
هەندێکمان هەتا نەکەوتوونە داو
شانازی ئەکەن بە ناو و بەداو
شا، بە سەپانی خۆیان نازانن
پێش خۆ نابینن، هێند بەرز ئەڕوانن
لەگەڵ تێی گیرا ئەبێ بە دەڵەك
شاخی لێ ئەڕوێ وەك مانگا بەڵەك
کە ڕزگاریش بوو دیسان وەك جاران
ئەیبینی، نە بای دیوە و نە باران
بینادەم لەسەر حاڵێ نامێنێ
دەوڵەتی دنیا سەر ئەشێوێنێ
بتبێ لات کەمە، نەتبێ خەفەتە
هەر قەناعەتە، پیاو پێی ڕەحەتە

ژین، ژمارە ٧٦٨، ١٤/کانوونی یەکەم/١٩٤٤ ز.

---

[1] لە چاپەکەی "ژین"دا دەڵێ، کاتێ کە گیرا دەڵێ. لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا هەروا نووسراوە، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە ئەوە هەڵەی چاپە، دەنا دەبوو بنووساریە دەڵەکیش کاتێ کە گیرا ئەتسێ.

٧٦٩

باران ئەبارێ کەچی هەتاوە
ئەوە بە کوردی "گورگەزێ"ی ناوە
هەر بێچووە گورگێ، ئەودەمە بزێ
رۆڵە لەبەری دایك ئەدزێ
گورگ ساڵی جارێ مەڕ ئەفڕێنێ
بینادەم دایم خوێن ئەڕژێنێ
لای ئێمە کوشتن یەکە هونەرە
گورگیش بۆ گیسکێ خوێنی هەدەرە
تووڕەیی و شەڕی "ڕەمەزان" باوە
بە نای نارەوا "صەفەر" بەدناوە
هەر یەك قوماشە و قیمەتیان جیایە
هەر سەربانێکە و دوو هەوای تیایە
بە تەقاویتیش ناڵێن ئینسانن
خۆیان لە نەسڵی ئەوان نازانن[١]
ئەوانەی کەوا مونکیری بابن
ئینشەڵڵا هیچیان تەقاویت نابن
جووجەڵە سەری لە هێلکە دەرچوو
کەچی بە دەندووك توێکڵی بەربوو
بە ئێستریان وت: باوکی تۆ کێیە
وتی: ڕەسەنی دایکمم پێیە
ئێستر داری بۆ "نەمروود" کێشاوە[٢]
لەبەر ئەوەیە تۆوی بڕاوە
ئێمە وەك شەیتان ئەکەوینە بەین
ئاگری جەهەننەم بۆ یەك خۆش ئەکەین

زین ، ژمارە ٧٦٩، ٢٨/کانوونی یەکەم/١٩٤٤ ز.

---

[١] لە نەسڵی "لای پیرەمێرد" لە نەتەوەی "لای کاکەی فەللاح".
[٢] ئەم دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نییە.

هەرکەسێ کەوتە ناو ئەم جیهانە
ئەستێرەی بەختی لە ئاسمانە
ئەو خوا پێداوەی ئەستێرەی گەشە
هەرچی خوا بەخشی ئەو خاوەندبەشە
ئەویش ئەستێرەی سیس و بێفەڕە
دانای دنیاش بێت، هەر ئاخرشەڕە
خوا دنیای بۆ کەیف هێنایە بەرهەم
کێ توانیویەتی بڵێ: منیش هەم؟
بەدبەخت ئەوەتە کە بە عەقڵی خۆی
ئەڕوا بە ڕێدا، کەچی ئالوێ بۆی
جاران کە شارێك پادشای ئەمرد
شایان حەواڵەی ڕەئی باز ئەکرد
باز بەسەر کێدا بنیشتایەوە
ئەوە مەلیك بوو، ئەبڕایەوە[١]
سا چیبکەم ئەگەر من لەوێ ئەبووم
بە بۆنی کەباب، باز ئەکەوتە دووم !
ئەو چاکتر کەوا شاهیم دەست نەکەوت[٢]
بەکاری دیوان دڵم نەئەسرەوت
ئەم بێخەفەتیە و سەر ئازادییە
دەس کێ ئەکەوێ؟ خودادادییە
یەکێ بە ئەسپێ بووە بە داماد
یەکێ ڕەنجەڕۆ بووە وەك فەرهاد
هەرچی بێ هەمووی ئەبڕێتەوە
چاکەیە بۆ پیاو ئەمێنێتەوە

ژین، ژمارە ٧٧٠، ٤/کانوونی دووەم/١٩٤٥ ز.

---

[١] مەلیك "لای پیرەمێرد" پاشا"لای کاکەی فەللاح".
[٢] شاهیم "لای پیرەمێرد" پاشاییم"لای کاکەی فەللاح".

خۆزگەم بەوانەی کە لەهیچ ناگەن
لە "دارالعلم" و"حقوق" پێناگەن
زنجیری خیرەد ناخەنە ئەستۆ[1]
هەرچی هات ئەڵێن: لێخورە، برۆ
خواردنی بێغەم، خەوی بێپرخە
گلەیی نییە لەم دەوروچەرخە
خوایش زۆرتر ئەوان ئەدۆزێتەوە
بەدڵی ئەوان ئەبزوێتەوە
بە شانسێکی وا ئەیبا بەرێوە
نازانێ پارە بکاتە کویوە؟
سا نازای بڵێ: ئەمە بۆچ وایە ؟
ئەبینی شەق و زللەی چەند تیایە
خوا بە "لا یسال" وا دەمی بەستووین
پەکی دووان و پرسینی خستووین
کەوابوو، وەکو وتمان، نازانم
بێدەردیسەری، ڕەحەتی گیانم
لەم دنیایەدا مەچۆرە کۆڕێ
بۆ خۆت هەلاژێ، ڕەحەت لە گۆڕێ
زاتەن نەتیجەی دنیا ئەمەیە
هیچ کەس نازانێ ژینی تا کەیە؟

ژین، ژمارە ٧٧٢، ٢٥/کانوونی دووەم/١٩٤٥

---

[1] لە بەندەکانی "کاکەی فەللاح" دا نووسراوە: زنجیری ژیری

٧٧٣

گاییێك كه كەوتە ناو كشتوكاڵێ
گاوان و گاگەل تێوە دەئاڵێ
هێندەی گوت: "كاورا گاڵت وەگوێزە"
ڕان و ڕەوگی قڕبوو بەرپێزە
خوا ئەم گێتییەی هەروا داناوە
تەماعكار زۆر جار ڕێی لێ گۆڕاوە
دەوڵەت كە زۆر بوو خەڕۆیی تیایە
ئایاتە "طغیان" لە ئیستیغنایە
گەنجی بادئاوەر تەلای دەستەوشار
بۆ "خەسرەو" بوونە تێلای گۆڕەوشار
میهتەر نەسیمی عەیاریش وابوو
هەمیشە لەڕێی پارە شەیدا بوو
ئەو لە سێبەری هەور ئەینایە چاڵ
نەی ئەدۆزیەوە، بۆی ئەبوو عەوداڵ
ئەڵێن "ئەسكەندەر" لە "شارەزوور" مرد
"بابا"ی لەگەڵ بوو خزمەتی ئەكرد
ئەگەر بۆ گەنجی بابا بگەڕێم
ڕەنگە گەنجێكی پەنهان بێتە ڕێم
ئەوە چاكترە لەوەی كە بەزۆر
لە تۆی بستێنم نەیشیبەمە گۆڕ

ژین، ژمارە ٧٧٣، ١/شوبات/١٩٤٥ ز.

٧٧٤

پیاو کە لە جێگای نزم هەڵئەنگووت
هەڵدەسێتەوە بە لووت و بزووت
بەڵام لە جێی بەرز کە کەوتە خوارێ
سەر و گوێلاکی ئەشکێ بەجارێ
هەر لێرەم دیوە، دۆستی سەرسفرە
هێندە دەم گەرمە، گوللە نەبڕە
لەگەڵ تەنگانەی ئەو پیاوەیان دی
پلاوخۆرەکان ئەبنە موددەعی
ئەوانەی کەوا وەفا نازانن
دەمم نایێنێ بڵێم: ئینسانن
خۆزگە ژین دامغەی خەللاقی بوایە
بە ناوچەوانی پیاویا بنایە
ئەوسا ئەوانە کە ئەناسران
لەکۆمەڵی پیاو دەردەهاوێژران
چەندێ کە سوێندی سێ تەڵاق باو بوو
هەندێ سێ بەردی لە گیرفان نابوو
ئێستا سی بەردە فڕێ دراوە
سوێندەی شەرەف و نامووس لەناوە
شەرەف لە ئەشراف کە وەرگیراوە
هێندەیان کار کرد "فێکەی" سوواوە !

ژین، ژمارە ٧٧٤ ، ١٥/شوبات/١٩٤٥ ز.

٧٧٥

ئەی ئەو گەورانەی کە فەن ئەزانن
بە "طیارة"تان لە ئاسمانن
یاخۆ بە جەزبی قووەی کارەبا
ڕادیۆتان پەیام بۆ گێتی ئەبا
ئەم "فەندەڵ فێڵە" کەڵکی ناگری
بەشەر بە "فەنی" بۆمباتان ئەمری[1]
ئەگەر ڕاست ئەکەن چشتێ بێننە ناو
نەفعی عالەمی تێدابێ تەواو
ئەم هەموو گیاندار لەناوبردنە
هەموو بۆ هەوڵی زگ تێرکردنە
هەرچی کە نەبێ چاری ئەکری
برسیەتیە کەس بەرگەی ناگری
سا ئەگەر ئازان چشتێ بێننەدی
بنیادەم ئیتر بێخواردن بژی
ئەوسا نە شەڕ و نەهەرا دەبێ
ئەم خەڵکە تێکڕا وەك برا دەبێ
نامەوێ چاری مردن بکری
مەرگ نەبێ دنیا ئەمەندە ناگری
ئەوی کە خواردن بەعەیب ئەزانێ
ئازایە هەڵکا ڕۆژێ بەنانێ
بەڵام ئەگەر بێو خواردن نەمێنێ
کۆنابێتەوە دووکەس لە شوێنێ

ژین، ژمارە ٧٧٥ ، ٢٢/شوبات/١٩٤٥ز.
ژین ژمارە ٧٧٦ پەندی تیا بڵاو نەکراوەتەوە.

---

[1] ئەم دێرە لای "کاکەی فەللاح" بەم شێوەیە نووسراوە" بەشەر نەمێنێ بۆمباتان ئەمرێ".

٧٧٧

نۆکەریی دیوان، هێندە شیرینە
چزووی جەزای لا، شانی هەنگوینە
چەند خۆشە بڵێن: موشیر، یا وەزیر
لای وایە "هوما"ی بۆ هاتۆتە گیر
"میمی" موشیر و "یای" وەزیر" مێ"یە
سەرمەستی "شێر" و "وزر"یش ئەمەیە[١]
نازانێ مەسنەت تا، بالاترە[٢]
لەگەڵ لێیانخست داخی زۆرترە
پیاوێ سەد زێڕی دا بە کوڕەکەی
وتی بۆئەوەیشتێ تێدەگەی
کوڕ پارەی هەلگرت لای وەزیرێ چوو
کە "صدراعظمي" سوڵتان سەلیم بوو
وتی: وا ئەمەم بۆ تۆ هانیوە
تۆم بەم پارەیە موستەحەق دیوە
وتی: تێناگەم! چۆن حەقی منە؟
ئەم قسەیەی تۆ بێسەروبنە
وتی: کە یاوز لە صدر اعظمان
چواری کوشت و تۆ، هاتیە جێی ئەوان[٣]
وتی: ڕاست ئەکەی مەرگم لەپێشە
بەلام ئارەزووی بەرزی بەکێشە
بنیادەم تیغیان لەسەر ڕاگرن
بۆ صدراعظم خۆیان ناگرن
پشیلە ڕزگار بوو لەدەست تیرەزەن
وتی: "مشك" و ژێر کەندووی پیرەزەن[٤]

ژین، ژمارە ٧٧٧ ، ٨/ئازار/١٩٤٥ ز.

---

[١] ئەم دێرە لە پەندەکان "کاکەی فەللاح"دا وا نووسراوە: مەستی موشیر و وەزیر ئەمەیە!"
[٢] ئەم دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نییە.
[٣] چواری کوشت و تۆ "لای پیرەمێرد" چواری کوشت و "لای کاکەی فەللاح".
[٤] پیرە زەن "لای پیرەمێرد" ، پیرەژن "لای کاکەی فەللاح".

٧٧٨

عاشق كە بە شەو ناڵەكار ئەبێ
كە نازی زۆری دی بێزار ئەبێ[1]
"چەقۆ" كە زۆری بسوی بەرودوا
"دەمەسوو" ئەبێ و بڕشتی ئەڕوا
خواردنی بەتام كە زۆرت لێ خوارد
ئەبینی نەفست كە لێی هەڵبوارد
تەنیا پارەیە، هەتاكو زۆر بێ
تێر ناخۆی، هەرچەند بە شەڕ و شۆڕ بێ
بەڵام پارەی زۆر، زۆریان بەڵایە
"دەم" قەمتەر ئەكاو، چاوی لەدوایە
زۆر كەم خاوەندی خێری ئەبینێ
بۆ مێردی تازەی ژنی ئەمێنێ
یاخۆ كوڕانی ئەكەونە دەعوا
نیوەی بەڕەسمی مەحكەمە ئەڕوا
ئەگەر خوا بیدا و تۆ بیدەی بە خەڵك
بۆ هەر دوو "دنیا" بۆت ئەبێ بە كەڵك
چەند خۆشە لەگەڵ هەندێ لە ئەحباب
دڵێكی ساف و دەورییە كەباب
بە فڕان فڕان خۆتی لێ تێر كەی
بە تامە تامە دوژمنت كوێر كەی
كە وات بۆ ڕێكەوت دنیا بەهەشتە
ڕۆحت لە ئەوجی كەیفا لە گەشتە

ژین ، ژمارە ٧٧٨ ، ١٥/ئازار/١٩٤٥ ز.

---

[1] لە پەندەكانی "كاكە فەللاح دا نووسراوە: "كەنازی زۆری دی بێكار ئەبێ".

چەوڵەکی "مێو"یٚ ئەبڕن ئەینێژن
کە ڕوا "ترێ"ی بەری ئەچێژن
کەچی مێوەکەی باوکی کە پیر بوو
کاتێکت زانی بڕییان زووبەزوو
هیچ ناڵێن ئەمە بەرمان خواردووە
ترێی دیاریمان بۆ خەڵك ناردووە
ئەمە عادەتی چەرخی دەورانە
بەنی ئادەمی تێدا میوانە
دیارە دوو میوان لێکیان خۆش نایە
بەرچاو تەنگییە، کە شەڕی تیایە
ئەگەر خوا عەقڵی دایتێ چاوتێری
لەگەڵ خۆیشانت کەوتیە چاودێری
بێهەرا و هوریا کەوتنە هەڵکرد
ئەوسا ئەبینی "گۆی هونەر"ت برد[١]
ئەگینە هەتا ئەمری بەدبەختی
لەم جیهانەدا کز و سەرسەختی
ئەمانە زۆرجار پیشان دراوە
بە پەردەی تەماع نەبینراوە
بەڵام تۆ باشی لێك بدەرەوە
چاوبەست لە چاوی خۆت بکەرەوە
ئەوسا دەبینی چەند خۆشە جیهان
تێکەڵی و دۆستی لەگەڵ هەموان

ژین، ژمارە ٧٧٩ ، ٢٢/ئازار/١٩٤٥ ز.

---

[١] لە پەندەکانی "کاکەی فەللاح"دا لەجیاتی "ئەوسا" نووسراوە "ئێستا".

هەندێ کە ئیشی نابەجا ئەکەن
بەوە ئەخورن کە حاشا ئەکەن
وا تێگەیشتوون کە کەس ناوێرێ
کردەوەکەیان لەسەر بژمێرێ
نازانن لەگەڵ پێیان ترازا
دۆستی سەرسفرە ئەیدا بەئەرزا
ئەڵێن: ماست نییە بە لێودا دیار بێ
یا دار نابڕن، دەنگی مشار بێ
بەم ڕەنگە خۆیان تەفرەی پێئەخۆن
"توور" و "سیر" دیارن بە قرقێنەو بۆن
کەروێشك کە ئەنوێ چاوی ئەبینێ
کە "دیاردی"ت لێکرد، چاو ئەقووچێنێ
لای وایە کە ئەو چاوی خۆی لێك نا
چاو قووچاندنەکەی ئەبێ بە پەنا
خەڵك ئیشی پەنهان ئەدۆزنەوە
کاغەزی سپی ئەخوێننەوە
"جام" ئەڵێ: بشکێم، بەڵام نەزرێم
چاکە و خراپە دینەوە سەر ڕێم
خوا ڕێی ڕاستان لە کەس نەگۆڕێ
"بارام" بۆ گووری خۆی خستە گۆڕێ[1]
میوەی کاڵ زانی زگی لە دوایە
وەك دووگی چەوری سەر "تەڵە" وایە

زین، ژمارە ٧٨٠ ، ٣٠/ئازار/١٩٤٥ ز.

[1] لەپەندەکانی "کاکەی فەللاح دا"، "بارام بۆ گۆڕی خۆی خستە گوڕی". بەڵام ڕاستەکەی "بارام بۆ گووری....گیە. بارامی گوور مەشهوورە.

٧٨١

کیسەی تەماع و مەعیدە هەردوو
کە هەرچیت دەسکەوت، تیت ئاخنی زوو
ئەویان ئەدڕی و ئەمیان ئەشێوێ
جێگا نامێنێ شەوێ بۆ شێوێ
چارە ئەوەتە کە بەرە بەرە
تەماع لابەرە و خواردن دەربەرە
ئەوسا دڵ و لەش بە پاکی و چاکی
ئەمێنێتەوە و لە خەم بێباکی
هەرچیت لە خەڵك سەند بە ناڕەزایی
ترس و لەرزێکە بۆ ڕۆژی دوایی
زوڵم و زۆر لە بیر کەس ناچێتەوە
ئەبێ بە دووپشك ئەدا پێتەوە
تەماشای حاڵی خۆت کە و بڕوانە
چشتێکیان بردی چەند لات گرانە
تۆیش بە نابەدل چشتێ بستێنی
دڵ ئەمین مەبە کە دڵ ئەشکێنی
گوناه بە ئاوی تۆبە دەشۆرێ
بەڵام "حق الناس" خوایش لێی نابوورێ
هەی هاوار! لەپێش چاومانە ئەمرین
هێندە سەهەندەین گوێی لێ ناگرین
کاتێك ئەزانین کە عزرائیل هات
بە پەشیمانی نامێنێ نەجات

ژین، ژمارە ٧٨١ ، ٥/نیسان/ ١٩٤٥ ز.

پێکەنین دوانە، یەکێ هی خۆشی
ئەوی تر ژاری خەفەت ئەنۆشی
یەکێکیان ناوی زەردەخەنەیە
ئەوی تر، ژارخەند، وەك ژار قەندەیە
گریانیش هەروا لە دوو چشتا دێ
تەنگانە و، کاتێ شینت دێتەرێ
دووەمیان شادی و وەسڵی عەزیزان
خۆشییەکی وایە ئەتخاتە گریان
ئەمانە هیچیان "بایەخ"یان نییە
کە زوو بەسەرچوون کەڵکیان چییە ؟
بەخۆشی تاسەر دڵ بەستە، بەستە
ڕێی ڕەزا بگرە، بڕۆ مەوەستە
ئەوسا کە کەوتیە ڕێی عەشقی مەولا
تاڵی و شیرینیت، یەکسانە لە لا
ئەگەر ئەویشت لە لا گرانە
دڵنەوایی دۆست بە هەل بزانە
دۆستی یەك دڵ و یەك زوبان چاکە
بەوە پیاو لە خووی بەدکار بێباکە
دوو چشت لەگەڵ یەك هەڵکردیان نابێ[1]
"تەماع" و "حورمەت" هەر چەند لای شا بێ
واتەی پیاوانی کۆنە، دوور لە ڕووت
ڕیشی تەماعکار بە ڕەشی نابووت !

ژین، ژمارە ٧٨٢ ، ١٩/نیسان/١٩٤٥ ز.

---

[1] دووچشت "لای پیرەمێرد" دووپشك "لای کاکەی فەللاح".

۷۸۳

که ئەڕوانیتە ڕەنگی نەوبەرهار
ڕاویشکەی گیاو گول بە لەنجەولار
وات دێتە خەیاڵ، جیهان تا سەرە
"باغی ئیرەمە" و بێ کەلەبەرە
ئازانی چەرخی دەوران بەهارە
ئەو ئاو و ڕەنگە، بێئیعتیبارە
هەتاوی ڤینی لەگەڵ خستەکار
نە سەوزە دێڵێ، نە شەوقی گوڵزار
بەهارو سەیران دڵی بێغەمە
که دڵ غەمگین بێ، هەرچیت بێ کەمە
چارەی دڵخۆشیش کەم تەماعییە
چاوتێری مەعنای سەر ئازادییە
که بەرچاو تەنگ بی و دل بە ئاخ و داخ
بێتامە لە لات سەیران و یاپراخ
ئازادی چرای ڕێی رووناکییە
زەوقی "قەلەندەر" لە بێباکییە
ڕووناکی دەرکەوت تاریك نامێنێ
که هەتاو نەبێ، سێبەر نانوێنێ
ئەم ڕۆژ و شەوە پەندی یەزدانە
دوای تاریکی شەو ڕۆژی ڕەخشانە
ڕۆژیش ئێوارەی لێهات ئاوایە
نۆش و ئیش لەگەڵ یەك بەرەودوایە

زین، ژمارە ۷۸۳ ، ۲٦/نیسان/۱۹٤٥ ز.

۷۸٤

دوو کەس کە دڵیان لەیەك زویر بێ
وایان لێ مەکە، کەسیان شێتگیر بێ
چونکو ئەوانە کە ئاشت بوونەوە
وا لە تۆ دەکەن بچیە کونەوە
چوار کەس بە چور خوو پەستن و بێدەس[1]
تەمەڵ و نەزان، ناکەس و بێکەس
چوار خوویش هەیە پیاو پێی دەبێ بێباك
دل و دەستی پاك، کردە و بردەی چاك
ئەوی بۆ دۆستی بێعەیب ئەگەڕێ
تا دەمرێ دۆستی وای نایەتەڕێ
ئەوی لە دۆستی بە بیانوو تۆڕ بوو
کاتێکی زانی دوژمنی زۆر بوو
کە دۆستت لەگەڵ دوژمنت هەڵسێ
بە دوو ڕێی نابێ تۆ قینت هەڵسێ
ئەگەر دۆست دۆست بێ بۆ ئاشتیانە
لێی گەڕێ و مەڵێ لەلام گرانە
خۆ ئەگەر زانیت دۆستی ناپاکە
با بۆ دوژمن بێ، هەر بۆ ئەو چاکە
ئاوەڵ پیاڵە، نەواڵەخۆرە
بۆ کاسە و کیسەیش مەندەبوور زۆرە
کە سفرە و خوانت هاتەسەر "دۆکولێو"
کەس لە دەرگاکەت نایێتە ئەمدیو
بەڵام کە "کەباب" بوو بە بابۆڵە
تێی ئەورووژێن، ڕۆڵە و بابۆڵە

زین، ژمارە ۷۸٤، ۳/مایس/۱۹٤٥ ز.

---

[1] پەستن "لای پیرەمێرد" ، پەسندە "لای کاکەی فەللاح".

٧٨٥

دۆستت بە "جەفا" ئەبێ بە دوژمن
چاکە، خراپە دەردیچنێ لە بن
ئێمە لە چوار شت دروست کراوین
لە خاك و باد و ئاگر و ئاوین
ئەو چوارە، لەگەڵ یەکدا هەڵناکەن
کێ دەڵێ ئینسان پەیجۆی چاکەن؟
شوکری خوا بکەی ڕۆزیت زیاد ئەبێ
"سپڵە" هەمیشە ڕەنج بەباد ئەبێ
چوار چشت بۆ چوار کەس ئەبێتە نامەردی
بۆ عالم، "کیبر" و بۆ ماڵدار "ڕژدی"
"ڕووهەڵماڵراوی"ی ژنی بێئابڕوو
نادان کە "درۆی" لا بووە بە خوو
چوار ناویان بۆیە لە چوار کەس ناوە
لەبەر کردەوەی لێیان ڕووی داوە
"چرووك" کە خۆیش لە ماڵی ناخوا
"بەخیل" کە هیچی لێ نادا بە خوا
"سەخی" کە ئەیخا و ئەیشیداتە خەڵك
بۆخۆی و ناسیاو، بۆی ئەبێ بە کەڵك
"بەخشندە" هەمووی ئەبەشێتەوە
ئەوەی پێ ئەبڕێ، ئەمێنێتەوە
بەخشین ئیسراف هەرگیز تیا نییە
بۆ دوژمنیشی هەر سەخیەتییە

ژین، ژمارە ٧٨٥ ، ١٠/مایس/١٩٤٥ ز.

٧٨٦

ئەگەر هاتی خۆڵ بکەی بەسەردا
لە ماڵە گەورە و خۆڵی بەردەرگا
ئەمە بۆ گەورەی سەخی بێژراوە
بەسەر چرووکدا هەر خاك بێژراوە
خزمەت بۆ مەرد و شەفەقەت بۆ وردان
هامرازی دەروێش، بێدەنگ بۆ نادان
تەنیا بە عیلم و ئەخلاق بنازە
دەوڵەت نەگبەتە لە خوای مەخوازە
کە زانیت دۆست و خوێشانت ئەهلە
هەموو کارێکت ئەوسا بۆ سەهلە
هەرچی دل خۆش کا ئەیخەنە مەیدان
خاك بەسەر پارە، کە ئەیکەن پەنهان
نەفس و ژن بەجووت بەسەرتا زاڵە
ئەویان دووپشکە و ئەو زەردەواڵە
"تیغ" ڕاست گۆییە و "زرێ" قەناعەت
بەخشین "کەمەند"ە و "سکووت" سەلامەت
کە بە ڕەنجی شان دەستت نەکەوێ
ڕۆژ خەرجی ئەکەی ، نایخەیتە شەوێ
بەلام کە ڕەنجت لەگەڵ کێشا بێ
نایبەخشی مەگەر سەرت ئێشابێ
ئیستیغنا و طغیان کە دوا بەدوایە
باوەڕت ببێ فەرموودەی خوایە

ژین، ژمارە ٧٨٦، ١٧/مایس/١٩٤٥ ز.

٧٨٧

ئەوەی کە ئیشی نابەجێ ئەکا
ڕەنگە خۆی ئەوە بە باش تێبگا
ئەگەر تێتگەیاند کە ناپەسەندە
ئەشێ لەسەری نەڕوا ئەوەندە
خۆ ئەگەر هاتوو گوێی لێ نەگرتی
تۆ بیبڕەوە ئیتر بە کورتی
کەسێ گلەیی دۆستی لای تۆ کرد
تۆ باوەڕ مەکە هەروا دەست وبرد
تاکو لە جوابی ئەوی تر ئەگەی
ئینجا ئەتوانی حوکمی خۆت بدەی
"سەلەم" فێڵێکە ماڵ بە دەغل ئەبڕن[1]
ئەڵێن شەرعییە، دەستی پێ ئەبڕن
جەردەیی کەوا بە ئاشکرایە
هیچ نەبێ غەزوەی مەردی تێدایە
بەڵام بەناوی شەرعەوە "ربا"
ئابڕووی شێوەی دیانەت ئەبا
ئەبێ ڕۆژێکی وامان لەبیر بێ
دەستمان لە چاکی پێغەمبەر گیر بێ
ئەو "چاکە" چاکە بۆت دێنێتە گیر
پەندی پیاوی پیر پەسەندە لای ژیر
جاران ئەگەڕان بۆ پیاوی ڕیشدار
ئێستا وا پرچ و ڕیش بووە بە عار

ژین، ژمارە ٧٨٧، ٢٤/مایس/١٩٤٥ ز.

[1] سەلەم: ئەو پارەیە پێش وەخت جووتیار وەریئەگرت بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکەی، دیارە پارەیەکێ یەکجار کەم بوو.

پیاوی ناوەجاخ مەخەنە سەر کار
قۆچ ئەوەشێنێ دوایی وەك گای هار
لەپێشدا بە تاو تێژپەڕە وەك تیر
زوو دادەماڵێ وەك گۆڵە بارگیر
خوا چزوو نەدا بە "زەردەزیڕە"
هەتاو نەبینێ ماری کەسیرە
بە دەنکە جۆیێ، گوێدرێژ ئەزەڕێ
لە خۆشکی خۆیشی و خۆیشی ئەپەڕێ
کەری دز، مەنێ جۆی بۆ بپێوی
تۆپینی ئەوێ و زیانی خێوی
ئەبینم کە خوایش ڕووی لەمانەیە
وابزانم مشتەی ناو هەمانەیە
من ئەڵێم بۆیە خوا ئەمە ئەکا
عاقڵ لە حیزبی زەمانە بگا
دیارە کە دەوران "ئەبلەهـ"پەرستە
وشیار و دانا ڕووی لە نوشوستە
کەواتە لە شوێن سەربەرزی مەمرە
دەست بە کڵاوی خۆتەوە بگرە
"پادشا" و "گەدا" وەك یەك ئەچنە گۆڕ
گەدا بارسووکە و شا کەڵەکی زۆر
ئەوی نانەوێ بۆ تیکە نانێ
سەروژێری خاك بە یەك ئەزانێ

ژین، ژمارە ٧٨٨، ٣١/مایس/١٩٤٥ ز.

ئەوی ڕادەکا زوو هەڵئەنگوێ
ئەوی لەسەرخۆ بڕوا ناکەوێ
یەکێ تا درەنگ نەئەکەوتە ڕێ
بە "گورگەلۆقە" ئەیویست پێشکەوێ
کە تەۆ نەتوانی لە "بان" بازبەری
خانەوخان چییە کەوتوویتە سەری ؟
لەزەتی نیعمەت کەسی ئەیزانێ
کە داماو بووبێ بۆ پارووە نانێ
ئەگینە کە هات لە بادی هەوا
بە "قێزوبێز"ێ دەستی بۆ ئەبا
زۆری پێ ئەوێ ماکینەی دەوران
کە یەکێکی "قاڵ" بێنێتە مەیدان
بە داری بەرزا هاتی سەرکەوی
دەستت توند بگرە، نەوەك بکەوی
چێشتت گەرم بێ، ڕاوەستە مەیخۆ
با نەڵێی دەمم سووتا باوکەڕۆ !
پارووی پەلەپەل بۆت قووت نادرێ
کە لە "بین" گیرا چاری ناکرێ
"نان" لە بین گیرا چاری بە ئاوە
"ئاو" لە بین گیرا دەرمانی جاوە
هەندێ خواردنیش چاوی لەدوایە
لە قورگ ئەگیرێ ئەوەی لە خوایە

ژین، ژمارە ٧٨٩، ١٧/حوزەیران/١٩٤٥ ز.

چاك زوو لەبیر خەڵك ئەچێتەوە
قینی خراپە، هەر نابڕێتەوە
تۆ قینەبەری خەڵقت گرتە دل
ئەو قینە بۆ جەرگ ئەبێ بە چقڵ
هەمیشە دڵت خەفەتبار ئەبێ
خواردنت لەلا ژەهری مار ئەبێ
وا چاکە کە قین لە دڵ دەراوی
ئەوسایە خۆیشت ئەزانی پیاوی
بەدڵێکی خۆش ئەنوویت و ئەخۆی
شەو بەدەردەوە ناناڵێنی بۆی
ئەگەر پادشای جەواهیرپۆش بێ
هەمووی بە فیدای دڵێکی خۆش بێ
دڵخۆشی بەڕاست هەر بە خودایە
خوا نەیدا، نابێ، ڕەنجی بەبایە
زۆر لەگەڵ حوکمی چارەنووس ناگرێ
بە بێخواستی خوا، هیچ سەرناگرێ
هەندێکی وا هەن خۆیان ناناسن
سەر بەگێچەڵن، کەوتە و کەساسن
چۆلەکە کە نووست لە "لانەی" شەوا
هەردوو قاچی خۆی ئەکاتە هەوا
ئاسمان ڕووخا، ئەو ئەیگرێتەوە
کەچی بە بەردێ ئەبووڕێتەوە

ژین، ژمارە ٧٩٠، ١٤/حوزەیران/١٩٤٥ ز.

٧٩١

هەتاوی هاوین پیاو ئەبرژێنێ
هی وایش هەیە خۆی، تێناگەیەنێ
پیاو نەك بە هەتاو، بە ئیش ئەبرژێ
داوی خاو نابێ بە هەودای کرژێ
"ڕیس" کە دووباد بوو، بەرگە ئەگرێ
ڕایکێشی دەزووی بەغدا، ئەپچڕێ
لەهەموو شوێنێ ماکینە باوە
"گوریس کێشەکێ" هەر لێرە ماوە
خەڵك گەرد و خولیە لە ڕووی ئەفلاکا
ئێرە خەریکە بە جەواڵ ڕاکا
بۆیە لە هاوڕێ ئەکەوینە پاش
وا "خەنجەر" ئەسوین بۆ "دەوەن بەئاش"
بامان دایەوە سەر "شەڕە گەڕەك"
ئینجا ئەبێ پیاو بچنە بەر "خەڕەك"
بەم دووخە خوارە و ڤینەبەرییە
کاتێکت زانی "ڕیسمان خورییە"
ئەمانە هەمووی لە بێکارییە
ئەڵێن برسێتی ڕەگی هارییە
دەوڵەمەند نۆرە بە هەژار نادا
نانێکیش نادا لە ڕێی خودادا
ئەوەی کە قەدری نامووس ئەزانێ
خۆی "قەمتەر" ئەکا بە تیکە نانێ

ژین، ژمارە ٧٩١، ٢١/حوزەیران/١٩٤٥ ز.

٧٩٢

گوێ لە دڵسۆزی شێنەیی مەکە
پایەی دیوانی بەردی مەحەکە
زۆر دۆستی بێدەست گیانی گیانییە
کە دەستی ڕۆیی نانی نانییە
ئەوی ئادابی دۆستی ڕاگرێ[1]
کەڵکی وەزیفەی گەورە ناگرێ
چونکو ئەوانەی کە کۆنەدۆستن
بەهۆی ئەووەوە بەهیوای پۆستن
ناڵێن: ئەم پیاوە ئەمەی پێناکرێ
هەر دەڵێن: کەڵکی ئاشنای خۆی ناگرێ
زیانی دۆست و کار دروستی خۆت
ڕەوا مەبینە با بیشلوێ بۆت
کە تۆ ئیشی خۆت لە دۆست سەرئەخەی
پیشەی مەنفەعەت جۆیی دەرئەخەی
کەوابێ حەقی گلەییت نییە
ئەم بڵتوبۆڵەت ئیتر لە چییە ؟
ڕۆژێك ئەبینین پیاوی تەماعکار
دوڵەتەکەی خۆی بۆ نایێتە کار
لەهەموو لایەك بە چەپۆك باران
بۆی دادەبارێ وەك تەرزە وباران
ئەوسا دەزانێ کە دزی و گزی
لێی بووە بە "خۆرە" تا ئێسکی ڕزی

ژین، ژمارە ٧٩٢، ٢٨/حوزەیران/١٩٤٥ ز.

[1] ئەوی ئادابی دۆستی ڕاگرێ "لای پیرەمێرد" ئەوی ئازا بێ دۆستی ڕاگرێ "کاکەی فەللاح".

ئەزانن "واشە" چۆلەکە ئەگرێ
بەخۆڕایی چۆن بەخێو ئەکرێ؟
چیرۆکەی "گیسکی هەیاس" کە باوە
ئەو دەستوورەیە ئێستاش لەناوە
بناغەی جیهان وا دانراوە
کەم دەم ودەست بی، بەشت خوراوە
بۆیە ئەم "ئێلە" لە نوشوستایە
هەرچی هەڵدەسێ بۆخۆی کوێخایە
دووبەرەکییە و تالعی ناساز
ئەمیان ئەڵێ: سیر، ئەویان ئەڵێ: پیاز
دەست لە هەویر و دەم لە تەدبیرا
ئاو لە "قەڵبیرا"، "خۆژیلك" لە شیرا
خەسوو بە خڕکێ، بووکێ بە بڕکێ
تێك بەر بن شیریان چۆن نابزڕکێ ؟
بالۆرەی بووك و خەسووی گوێ لێبوو
بۆیە کچەکەی نەئەدا بە شوو
کەچی کچ دەستی لەدایکی بەردا
"مەیموون" زۆر جوان بوو، ئاوڵەشی دەردا
هێندە هەڵپەڕیم تا کەوشم دڕا
شایی شاباشی شاییم پێ نەبڕا
ئیتر "تۆبە"م بێهیچ تەفرە نەخۆم
من و کەباب و وێرانەکەی خۆم[1]

زین، ژمارە٧٩٣ ، ڕۆژی ٥/تەمموز/١٩٤٥ ز.

---

[1] لە پەندەکانی پیرەمێردا نووسراوە: "بەرانەکەی خۆم".

چەند خۆشە ئینسان خەیاڵ پەروەر بێ
بەچاولێکنانێ، شای حەوت کیشوەر بێ
زنجیری "خیرەد" لەشان فرێدا
لەگەڵ زانایان نەڕوا بە ڕێدا
بێ "نعمان" تەرحی "خەورنەق" دانێ
پڕ لە "موبیلیا" و فەڕش بێ بە ئانێ
لە سولەیمانی وەك سلێمانێ
"بەلقیس"ی بۆ بێ بە چاولێکنانێ
با لە دوایشدا با بێ و خەیاڵ بێ
کە چاو هەڵبڕێ بۆش و بەتاڵ بێ
ئەمەی خۆشترە لەو دەوڵەمەندە
کە دەوڵەتەکەی ئاوێکی مەندە
بە خەو و خەیاڵ لەبەری ناڕوا
هەناسەی خەڵك و داخی خۆی لەدوا
ئاو کە لەبەری نەڕوا ئەگەنێ
ماڵ نەیخوا، خەڵکی پێ پێدەکەنێ
ئەوەی پێی ئەڵێن لغاوی شەیتان
مارەیی دایکی پاشای جنۆکان
"بزەن بەر صەڤ رەندان" مەپرسە
پیاویت "قەلەندەر" بێهیوا و ترسە
گریمان بوویتە "هیتلەر" بڕوانە
کەوتە بەر لەعنەت برای شەیتانە

ژین، ژمارە ٧٩٤، ١٢/تەممووز/١٩٤٥ ز.

٧٩٥

هاوینە و گەرما و میوە گەنانە
نیوەی ئەم شارە شەو لە سەربانە
تۆزی ڕەشەبا و چاویەشە و هاوار
سەربانی وێران پڕ دووپشك و مار
لە هەموو لایێ گریانەو قوورە
کفر ئەکا پیاوی بێخەوی توورە
شەو لە سەربانان کە دەچنە سەراو
ڕۆژ هەڵدەقرچێ بە تینی هەتاو
ئینجا "ڕەشەبا" ئەو تۆزە دێنێ
وەك "عەتر" و "عەنبەر" هەڵیەپرژێنێ
گۆزە و دیزەشمان کە پڕن لە ئاو
ئەو تۆزەی تێچوو ئەبێ بە گولاو
هێجگار چەند ماڵێك لەسەر یەك سەربان
چیغێکی تەنك کەوتۆتە بەینیان
گوێیان لە مرقە و پرخەی یەکترە
"تەگەو سابرێنی" بەئەدەب ترە
زۆر جار ڕەشەبا "دەرپێ" ئەفرێنێ
هی وایشیان هەیە "دەرپێی" نامێنێ
بەم حاڵەیشەوە هێند بەرز ئەفرین
خۆبەخۆ سەری سەران ئەبرین
پیاو بێئیش بێ شەڕ هەڵدەگیرسێنێ
بێ "دەرپێ" مەندیل لە خەو ئەبینێ

ژین، ژمارە ٧٩٥، ١٩/تەمموز/١٩٤٥ ز.

٧٩٦

خوا کە گیانی پاك ئەبەشێتەوە
هەندێکیان دوای مەرگ ئەدرەوشێتەوە
لە بارەگای خوا، لە ڕووی زەمیندا
لە ڕۆژهەلات و لە خۆرنشیندا
ئەڕوا و ئەگەڕی و زۆرتر لە خەوا
خۆی نیشان ئەدا لە پەردەی شەوا
ئەگاتە فریای کەس و کاری خۆی
ئەبێتە چرای ڕێی ڕزگاری بۆی
هەندێ گیانی تر پێیان ئەڵێن، پیس
ئەکەونە لەشی بەدکاری نەگریس
بە هەر چوارلادا ئەکەونە "جووتە"
کردەیان لەگەڵ شەیتانا جووتە
"تیکە" لەدەمی بێدەست دەفرێنن
هومای ئاسایش هەڵدەفرێنن
تا دەستیان ئەڕوا کۆ ئەکەنەوە
لە خودا و بەندە "کۆ" ناکەنەوە
لەپڕ ئەبینی کە بەلادا هات
هیچ کەس نازانێ، پارە چی لێهات
لەگەڵی ناچێ بۆ "گۆڕ" و کونی
ئەبڕی بە مێردە تازەکەی ژنی
یا ڕۆژێ ئاهی جەرگێکی کون کون
پەلی ئەبەستێ و ئەیاخنێتە "کون"

ژین، ژمارە ٧٩٦، ٢٦/تەمموز/١٩٤٥ ز.

٧٩٧

مریشك "ئەیخورا"، خۆی خستە ژێر "قاز"
بۆ ئەوەی "هێلکە"ی گەورە بدا ساز
کاتێکی زانی ! هێلکەی "تیا جەڕا"
بە زۆر تەقەڵی "بن کلکی" پچڕا
"ناشی" بێهوودە کەوتۆتە دۆڵاب
"نان بۆ نانەوا، گۆشتیش بۆ قەساب"
"ئێستر" داری بۆ مەنجەنیق کێشا
بە "وەجاخ کوێری" ناوجەرگی ئێشا
پێت مەخەرە "کۆت" بە پێڵاوی تەنگ
کە "کەوش" پێی گرتی، "پێ"ی پێ ئەبێ لەنگ
میوەی کاڵ مەخۆ زگتی پێدێشێ
"شەکر" بە گەرما، زۆر ئاو ئەکێشێ
جاران نەخۆشی "شەکر"مان نەبوو
منی واگرتووە، بەرم نادا زوو
من لە تەلاشی تورشی و تەڵاشم
"ئازەچك ئاشم، صانجیسز، باشم"[1]
بڵێم چی؟ ئەوسا گاڵە و هەڵدا بوو
گاڵی "کاڵ"خۆر بوو "گاڵ" بەرەڵدا بوو
وا لە پاش "خەمشێ" ! ڕێمان لێ ئەبڕن
گوایە بەئایەت دەستمان ئەبڕن
کێ گوێ ئەداتە ئەو دەست بڕینە
هەر دەست بڕینە کام دەست بڕینە

ژین، ژمارە ٧٩٧، ٢/ئاگۆست/١٩٤٥ ز.

[1] ئەم نیوە دێڕە تورکییە ماناکەی ئەوەیە: "چێشتەکەم کەمە و ئاسوودەم".

پارووبه بخەره دەم كە بۆت قووت بچێ
نەك بە ژان لچت پێكا بلچێ
ئەوی پەلەپەل پاروو ئەفرێنی
بۆی قووت ناچێ و خۆییە "تی" ئەفرێنێ[1]
هەندێ ئەبینی "یابوو"ی خوراسان
وا ئەزانی بار ئەبا بە ئاسان
كاتێكت زانی لە رێدا وەستا
كابرای قەتارچیش قینی لێێ هەستا
بە قەمچی كەوتە سەروگوێلاكی
وای لێكرد سەگ، چاو ببرێتە لاكی
ئیشە ئاوێنەی ئینسانی بەكار
هەموو كاتێ جێی كار ناگرێ گوفتار
ئاگری درۆزن ساتێ ئەگرێ
ئیش نەزان دوایی مووچەی ئەبرێ
تۆ گوێ مەدەرە ئەوانەی ئەمرۆ
خۆیان ئەژێنن بە هەرۆ و مەرۆ
یەكێكی راست رەو، كە كەوتە رووی كار
ئەیانگلێنێ، ئەكەونە هاوار
ئەوسا پەشیمان شاخی لێ ئەروێ
"رێوی"ی قومارباز پێستی ئەگروێ

ژین، ژمارە ٧٩٨، ٩/ئاب/١٩٤٥ ز.

---

[1] لە پەندەكانی كاكە فەللاح دا : "خۆی بە"تی" نافرینی".

٧٩٩

ئەوە کێیە وا کەوا خشەی دێ
مام ڕەمەزانە، دیارە مشەی دێ !
وا بە گردە گرد مام ڕەمەزان هات
پەیکەری "پۆکەر" بەرەوی داهات
هەر چەند پۆکەرچی کۆن زۆیان دەرچوون
تازە پێگەیوان وا لە ڕست بەربوون
یەکێکیان ئیایە ئاگری بن کایە
کە شێخ و مەلایش دێنێتە کایە
دووەمیان فوتەی مل نێرکە کاردوو
سەر مارمێلکە و پشت پووچی ماردوو
کەس نەکەوێتە داوی ئەوانە
بێ "ڕێست"[1] لە ڕەشی ئەکوژن ئەو دوانە
ئەوانەی بە ڕاست ڕۆژوو ئەگرن
هەڵدەگرێ بڵێین: بە باڵ ئەفڕن
قەرنێکە گەرمای ڕۆژی وا نەبووە
گەرما لە وزە و تاقەت دەرچووە
پاداشی ئەمە جەژنێکی وابێ
بۆ گەل بێ و بەشی کوردیشی تیابێ
بەشێکی وامان بۆ ببڕێتەوە
کە بە یارۆدا خەرج نەبێتەوە

ژین، ژمارە ٧٩٩، ١٩٤٥/٨/١٦ ز.

---

[1] ڕێست: زاراوەیەکە لە یاری پۆکەردا بەکار دێت.

٨٠١

زۆر شاعیر لەگەڵ ڕۆژوو دواون
لە تاو بێ-یەتی سەر لێ شێواون
ئەڵێن: رەمەزان ڕووبکەیتە ماڵم
تۆ دەخۆم هێندە برسی و کەم حاڵم
قەلبی(رەمەضان) کە (مەرقضاتە)
رۆژ، لات، شەو، ئاوبەند نەخۆشی دوانە
بۆ تووڕەی رۆژوو ئەمە بێژراوە
ڕەمەزان بە جەنگە سەفەر بەدناوە
ئەزانی ئەصلی شەڕ لە کوێوەیە
برسیەتی ڕەگی هاریی پێوەیە
لە برسیەتیە ئەم گڕوگاڵە
تەبەقی پڕە ئاشتی ماڵە
کە گورـپووت پڕ بوو دڵت بە گۆڕە
ئابوود تێریش بێ، هەمیشە وڕە
خوا شیرینی یەکی وای داوە بە زەڕ
زەڕ بڵێی کەریش دیتە زەڕەزەڕ
عالەم بۆ پارە ئاخ هەڵ دەکێشێ
ئەویش مێشێکە لە تەرس دەنیشێ
ئاوەستێ بە لای مەردی ژیرەوە
وەك ئاو بکەیتە ناو قەڵبیرەوە
ئەمەش من داخی دڵمە وا ئەڵێم
من ئەیپەرەستم ئەو تۆراوە لێم

ژین ژمارە(٨٠١)ی ٣٠ی ئابی ١٩٤٥ز

٨٠٢

رۆژوو بە سەر چوو سبەینێ جەژنە
ئینجا تەقەلا بۆ بالاو بەژنە
بۆ دەست دارەکان قوماشی مومتاز
ئەکرێ بە(کۆستۆم) ئەیپۆشن بە ناز
وای پێوە ئەڕۆن دەقی ناشکێنن
لە پێش چاوی خەڵک خۆیان ئەنوێنن
خۆزگە تیژیی چاو(ڕۆنتکن) بوایە[1]
ئەیبینی ژێر جل چەند لەکەی تیایە
هونەر ئەوەتە ژێر بەرگت پاك بێ
سەر بەرگ چاو بەستە، کردەوەت چاك بێ
تانوپۆی بەرگت کە جەورو زۆر بێ
ئەیکا بە دەردێك ئاڵۆشی زۆر بێ
درۆیێکیان کرد پاش شەڕی جیهان
عالەم ئەسرەوێ ئەمین و ئەمان
کەچی بۆمبایێك پەیدا بوو لە پڕ
لە بۆمبای خەسفی قاروون بە گوڕتر
چەند هاوارمان کرد کە رۆژی جەژنان[2]
ماتەم دامەنێن بە شین و گریان
گوێیان نەدایە خوایش وا بە دڵ خواست
ئێوەی خستوەتە شیوەنی بە ڕاست
ئینجا گۆڕتان بێ بە شینی گۆڕان
بلاوێننەوەو بچنە گۆڕستان

ژین ژمارە(٨٠٢) (٦)ی ئەیلولی ١٩٤٥ز

---

[1] مەبەست لە ئەشیعەی "رونتکە".
[2] کە رۆژی "پیرەمێرد" بەرۆژی "کاکەی فەللاح".

ئەوەی ئازاری نەبێ ئۆف ناکا
ئەوەیش بێزار بێ لە هیچ خۆف ناکا
کە دڵم خۆش بێ بۆت هەڵدەپەڕم
دڵم بشکێنی بە شەڕو گەرم
لەم زەمانەدا بەشەر بەشەڕە
تۆ شەڕت نەوێ بەخێر تێپەڕە
خوا کە گیان و نان ئەدا بەم خەڵکە
هێندەمان ئەوێ هەتا بەکەڵکە
کە حاڵمان هاتە سەرکەم وکووڕی
ئەکەوینە سەر کوفر و ناشکوری
بەلام ئەو نانمان نابڕێ یەکجاری
ئەمانژیێنێ بۆ بوردەباری
چەقۆ تیژ بوو گۆشت ماشەڵڵای دەوێ
کە گەییە سەر ئێسك پەکی ئەکەوێ
چاکە ناوی خۆی بە خۆیەوەیە
خۆش ڕابواردن بە ئامشۆوەیە
(سەعدی) فەرموویە کە زەڕخرپیدە
نەتلاواندەوە بۆت بە تەریدە
ئەگەر ڕوو خۆشی بێگانە دۆستە[1]
ئەم ڕاو ڕێویە بۆ کەوڵ و پۆستە
بەلام دنیایە بێ گەردش نابێ
هەروا ڕۆییوەو هەر ئەبێ وابێ

ژین زمارە(٨٠٣)ی (٢٠)ی ئەیلولی/ ١٩٤٥ز

---

[1] ئەم دێرە لای کاکەی فەللاح نییە.

٨٠٤

خوا جەهەنەمی خستە قورگی مار
بۆ ئەوەی ئەگەر تێکەڵ کا بە ژار
مارساڵی جارێ پشوویێك ئەدات
بە پشووە ساردو گەرم ئەبێ وڵات
هەناسەی کێشا ساردی زستانە
پشووی دا گەرمی تینی نیرانە
هاوین ئەو گڕە دێت بەرەو پیرمان
هێشتاجەهەننەم نایێتە بیرمان
وا لێرە بەفر ئەکەین بە بەفراو
خۆ لەوێ ئاومان حەمیمەو زووخاو
وا لە جەهەننەم لێرە خەم ساردین
چی دەکەین کە خوا بۆ ئەوێی ناردین
ئێستا چارەمان پەشیمانی یە
تۆبەیە رێگای موسوڵمانی یە
خوا هەموو حەقی خوایی دەبەخشێ
بەڵام حەقی خەڵك ناڕواو نالەخشێ
ئەو زۆرداری یەی تۆ ئەمڕۆ هەتە
سبەینێ بە شەرع ملت لە پەتە
لە مەڕ ئەیسێنی ئەیدەی بە گورگان
بە دەستی خاڵی ئەچیە بەر دیوان
خۆ لەوێ نیتە کە بیدەیتەوە
چۆنە ئەو رۆژەت بیر ئەچێتەوە

ژین ژمارە(٨٠٤)ی)(٢٧)ی ئەیلولی ١٩٤٥ز

٨٠٥

برا من و تۆ تۆوی خاکێکین
چەکەرەی تازەی ژێر خاشاکێکین
هێشتا هەوایێ نەش و نمایێ
نەکەوتۆتە کار بۆمان لە لایێ
بەرگەی بایەکی موخالیف ناگرین
کەچی بۆ حاڵی یەکتری ناگرین
ئەوەی دیواری خۆی بن کەند دەکا[1]
پەردەی نامێنێ خۆی بەپەند دەکا
هەر ڤینت هەڵسێ و دەست بدەیتە دار
بەندی جەرگیشت لێت ئەبێ بێزار[2]
خەلیفە قادر فەرموویە یابە
لەگەڵ زەمانا بەمودارا بە
(سەعدی) فەرموویەو بەڕاستی پەندە
(لوتف، بێگانە ئەکا بە بەندە)
پەندی پێشینان بە دڵسۆزی یە
خێرخواهی یێکی گەل و هۆزی یە
کە، تۆ نەتوانی رەگم دەرکێشی
بە باوکی ئەبێ نازم بکێشی
دوو شووشە بێنی بیدەی بە یەکا
کاتێکت زانی هەردووکیان شکا
کەواتە شووشەی عەیشت مەشکێنە
با دڵ تەنگ نەبی دڵ مەرەنجێنە

ژین ژمارە(٨٠٥)ی (٤) ی تشرینی یەکەم ساڵی١٩٤٥ز

[1] خۆی "پیرەمێرد" خەڵکی "کاکەی فەللاح".
[2] لێت ئەبێ بێزار"پیرەمێرد" لێت بێ بەزار" کاکەی فەللاح".

٨٠٦

ئەگەر زبانت بێ و فێری سەر بێ
نوقتەیەکی زیاد ئەخاتە سەر (بێ)
هێند بە (زیانە) برینی زوبان
سارێشی نابێ بە داوو دەرمان
کە قینت هەڵساو دەستێکت وەشاند
شووشەی ئارام و خۆشی خۆت شکاند
پیاوی قین لەزگ سیسەمەڕۆیە
گڕیش نییە (سوتەمەرۆ)یە
هەرچی سەررەق و دەم بە هەرا بێ
ئاردی بەڕووە پەیینکەی نابێ
کەدووبەرەکی کەوتە ناو قەومێ
ئاردی ناو دڕك لەوان ئەقەومێ[1]
ئەمانە هەمووی وا لە پێش چاوە
بەدبەخت نایبینێ بۆ خوا پێداوە
ئەو کەسەی کە زۆر لە خۆی بایی بێ
گۆڕ وایە "گولی" دوورئاوایی بێ
چەند خۆشە قەومی هەموو یەك دڵ بن
لە رووی جیهان دا وەك دەسکە گوڵ بن
ئەوانەی لەگەڵ یاران لە دەشتان
لەم دنیایەدا لە ناو بەهەشتان

ژین ژمارەی(٨٠٦)ی (١١)ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ز

[1] لەوان "پیرەمێرد" لەناو "کاکەی فەللاح".

٨٠٧

جاران بۆ خواردن چەتاڵمان نەبوو
بە (دان) گۆشتمان ئەپچڕی و ئەجوو
لاقە مریشکمان ئەگرت بە گاز
ئەمان کردەوە بە وەك چەکوشی بیراز
پەل پێنج پەلی یە چەتاڵ چوار لقە
پەنجە توندوتۆڵ ئەو ڕەقەو لەقە
چەتاڵ توند نەبێ لە چشت وەك گازێ
بۆت هەڵناگیرێ لە پڕ ئەترازێ
خۆ لە چشتی ڕەق دەم تێ ناژەنێ
کە کەوتە خوارێ خەڵك پێ دەکەنێ
ئاینی ئیسلام دەستی داناوە
وا ئێستا چەتاڵ لە ناوا باوە
چەند خۆشە پەنجەت بلێسیتەوە
دووبارە دۆخت بڕێسیتەوە
ئەو کەسەی کەوا بە کێرد نان ئەبڕێ
تەحقیری زادە بەوە نان ئەبڕێ
ئێستا گرانی نانی بڕیوە
گوایە خاوەند شار نرخی بڕیوە
وا تووتنیشمان لا کەوتە گاڵە
عەیشی ئەم خەڵکە بە (تووتن) تاڵە
بەڵام وا (تووتن) حەڵوای شیرین کرد
حەڵوای شیرین هات تاڵی لە ناو برد

ژین ژمارەی(٨٠٧)ی (١٨)ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥

تەنهابە تەنها پڕ لە بەڵایە
(اقبالْ)(لا بقا)، (تخت)(تخت)ی تیایە
سەر دار زۆر سەردار سەر دایر ئەکا
ناخی زەوی (خان) ناخن بڕ ئەکا
مایەی هەناسەی ژیان کە (با) بێ
با بۆڵە نەکا، دام بە کەبا بێ
پیاوی گوێ ئاگر جەرگی بێ کونە
تفەنگ ئاگر دەی هەوڵی بۆ کونە
دۆ و دۆشاو بە ناو هەردوو شیرینن
کافرو کەشیش هەردوو بێ دینن
لە سەر ڕێی(کفری) یەکێ کفری کرد
لای خوداو بەندە ئەجری خێری برد
ڕەمەزان (صەفەر)ی بە سفر دەرکرد
بۆیە جومعەیان لە شەممەدا کرد
سا، وەرە، برنج بڕنجە ئەمساڵ
شامەو نۆکی کون گاڵە ئەکا ، گاڵ
من لە سلێمانی بردوومەتە سەر
ژاراوی مەرگە، ئەمخەنە (پشدەر)
بە شەکر دەمیان شیرین کراوە
چاو لێك نانە دان ژانی نەماوە
ئەزانی کە چۆن خێرت دێتەڕێ؟
نوقتەی(خ)ی لابە بیخەرە سەر (ڕێ)

(ژین) ژمارە(٨٠٨)ی (٢٦)ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥

شیاوی نووسینە ئەم پەندانەی ژمارە (٨٠٨) لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نی یە و لە پەراوێزدا نووسراوە (دەست نەکەوت) !

٨٠٩

پارەی بەخشەندەو ئاوی ناو بێژەنگ
وەك پشکۆیەکە بکرێتە ناو چنگ
چرووکیش دان و گیانی بکێشن
نەك دینارێکی لە دەست دەر کێشن
ئەم دوانە هەردووك خوایێك دایڕشتوون
لە مەبەستی خوا تێ نەگەیشتوون
ئەگینە ئەوەی ئەیبەشێتەوە
زۆر جار بە برسی سەر ئەنێتەوە
ئەوەیش کەوا خوا پیشەی ڕژد ئەکا
لە ئێمە زیاتر حەز لە چشت ئەکا
بەلام لغاوی شەیتان کراوە
بۆ نەوسی خۆیشی بەشی بڕاوە[١]
خۆیشی نایزانێ کە بە کێ ئەبڕێ
تا ئەمرێ و کفنی بەقەد ئەبڕێ
لووتی لە بەردی ئەلحەد بکەوێ
ئەوسا ئەزانێ بەرکێ ئەکەوێ
ئەگەر بە خەوی شەو بیزانیایە
کە ئەم چروکی یە ئەوەی لەدوایە
هیچ نەبوایە خۆی تێری لێ ئەخوارد
بە مێردی تازەی ژنی نەئەسپارد
بەلاّم بە من بێ ئەو چی لەدەس دێ
(نحن قسمنا)ی هێناوەتە جێ

(ژین) ژمارە(٨٠٩)ی (١) تشرینی دووەمی ١٩٤٥ز

---

[١] بۆ نەوسی "پیرەمێرد" بۆنەوەی "کاکەی فەللاح.

810

(پەڵە) بۆ خاوەند تووتوون وەك پەڵە
با وجود ئەمساڵ کەوتوونە تەڵە
پار، پارەی زۆریان لە تووتوون دەست کەوت
ئەمساڵ باوکی پار مردو ناوکی کەوت
زەربەی ئینحصار خستووینیە هاوار
سلفەی زەراعیش بووە بەسەربار
هەر گوڵێ خارێ و هەر نۆشێ نێشێ
تەنها من جەرگم بۆ ئەوان دێشێ
نامەوێ زوورڕاع واکز ببینم
لە عەداڵەتی دیوان ئەمینم
ئەڵێن: هەر عەقڵێ لە خەسارێ دێ
ئەبێ راوەستین تا بەهارێ دێ
هەندێ کە لەگەڵ تووتن خەریك بوون
نەجووڵانەوە وا تیا خەریك بوون
ئەرکی زستانیش وا هات بە سەرما
سەرم سڕماوە لە ترسی سەرما
زستانی عەرەب لای فورس ئاگرە
ئێمەیش کەوتووینە یاری ئاگرە
وایان هەڵداوین لەیەك هەڵ ئەدەین
بەپیمان تەزیوە ئەگەر کەوتە بەین
هەڵماندەکێشن لە ڕیشەو لە ڕەگ
ئەبین بە کوتەك بۆ شەڕە گەڕەك

(ژین) ژمارە (٨١٠)ی (١٥)ی تشرینی دووەمی ١٩٤٥ز

تێبینی: مامۆستا کاکەی فەلاح لە لاپەڕە(١٤٧)ی بەرگی سێیەمی پەندەکاندا نووسیویە (ژین:٨١٠ پەندی تیا نییە).
بەلام ئەوەی ڕاستی بێ ئەم پەندەی لێرەدا نووسراوە لە ژمارە(٨١٠) وەرگیراوە.

سەرماو گرانی کە پێکەوە هات
لاتی و نەهاتی ڕووی کردە ولات
ساڵانی پێشوو بۆ ساردی زستان[1]
کورسی و لێفە بوو لە سەر ئاگردان
ئێستا هیچ ماڵێ لێفەی نەماوە
بەڕاستی بەرگی هەتیو دڕاوە
تەفرەیان دەداین شەڕ بڕایەوە
تازە گرانی دێتە کایەوە
هەموو چشتێکمان وەك بەرد گرانە
بۆ قوڕبەسەری هەر قوڕ هەرزانە
دارچی و خەڵووزچی ئەمەیان بەش بێ
داریان تێ بڕێ و ڕوویشیان ڕەش بێ
تۆوێك بوو پێرار کابرایەك چاندی
هەرچی بۆی ڕێکەوت بۆ خۆی فڕاندی
کورتانی دەجاڵ وا هەڵوەشاوە
جێگای تەقەڵی وەیسکەی نەماوە
بە (محمد)ی مەهدیش چاك نابین
خوا وای خەلق کردوین ئەبێ هەروا بین
کە ترس و پرسی خوامان نەمێنێ
(احتکار) زیاتر پەرە ئەسێنێ
قوڕ بەسەر عەقڵی ئەوەی وا دەکا
کە خۆی شەرمەندەی لای خوا دەکا

(ژین) ژمارە (٨١١)ی (٢٩)ی تشرینی دووەمی ١٩٤٥ز

---

[1] ساردی "ژین" سەرما "کاکەی فەللاح".

مەبەرە حەڵقەی دوای کاری دیوان
دێوانەیی یەو پەیڕەوی دێوان
با کەس داریش بی و کاکیش لە تەکا
کە کەوتیە تکا، ئابڕووت تکا
نوێژ لە پشت مەلاو پلاو لای شێخان
کە شەڕ کەوتە ناو بچۆرە سەر شاخان
دەستی دۆست ماچ کەو لە ژێری بگرە
دەستی دوژمنیش ماری پێ بگرە
دزو، درۆزن بەدن ئەم دوانە
سەگ لە سەگ بەردەو لە دوور بڕوانە
ئەوەی بە ڕاست و درۆ لە سوێند ئەخوا
پێی باوەڕ مەکە با بشڵێ بە خوا
ئاگاداریی ماڵ بە خوا مەسپێرە
ئەو دەربەست نییە بەرچاوی تێرە
ئەم نەصیحەتە بگرە گوێ بەستە
ئەڵێن(خەربەستە) خاوەندی ڕەستە
پیاوی هونەرمەند کەساسە لێرە
بەدوو زگ برسی و بە زگێ تێرە
لەباران ڕای کرد بۆ ژێر حەصارێ
کەچی بە سەریا ڕووخایە خوارێ
ئامۆشۆی هەندێ بە سەرزارییە
مۆخ و ئیسقانی پڕ مردارییە[١]

(ژین) ژمارەی (٨١٢)ی (٦) کانوونی یەکەمی ١٩٤٥ز

[١] مرداری "لای پیرەمێرد " مرواری "لای کاکەی فەللاح".

که دووبەرەکی کەوتە ناو خێڵێ
خۆشی خۆشی ئەو خێڵە جێ یێڵێ
کە لە گێرەدا گایێك مان بگرێ
گێرەشێوێنە ئەبێ سەر ببڕێ
کە خوێنێکی پیس کەوتەوە گوپەی
ئەبێ بە نەشتەر ئەو خوێنە دەرکەی
کە پشیلەی ڕاوکەر لە ماڵا نەما
مشك ئەکەوێتە تلیلی و سەما
کاتێ ستەمکار عەزڵ بوو لێ کەوت
خۆی ئەکوتێتە هەیوانی مزگەوت
کە زانی دیسان ئاشی ئەگەڕێ
بۆ مزەئاشی زۆرتر ئەگەڕێ
قەلادزەمان ئێستا قەزایە
خەڵك ئەڵێن ئەسما (من السما)یە
باوەڕی پیاوە کۆنەکانمانە
ئەڵێن: (قەندە) ڕووی لە ئاسمانە
هەرکەسە لە سەر ئایینێ ئەڕوا
ئەکێ دڵ پاکە، یەکێ بێ بڕوا
هونەر و ثەروەت دادی خوایی یە[1]
هیچ کەسێ نەڵێ بە خۆڕایی یە
لەو خوارەیش ئەڵێن ئەم چەتوونی یە
دوو بەشی لەبەر بێ"تووتوونی"یە

(ژین) ژمارە (٨١٣)ی (١٣)ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥ز

---

[1] ثەروەت " لای پیرەمێرد" سامان "لای کاکەی فەللاح".

که ناوی زۆر کەس بە خراپە بەری
ئەوسا پێت ئەڵێن لە عالەم بەری
ئەخوازەڵڵا بۆ قەوم و قیلەی خۆت
ئەبێتە تفی بەرەو بایی بۆت
هەرچی نەتوانی بیڵێی ڕووبەڕوو
مەیڵێ، نامەردیت لێ ئەبێ بە خوو
ئەوەی پاش ملە جوێن بە خەڵك ئەدا
پێی ئەڵێن ژنە لە ژێر پەچەدا
خوا بۆیە پیاوی داناوە نێر بێ
دووڕوو، دوودەکە هەرچەندە شێر بێ
کۆلارە ساڵێ نێرەو ساڵێ مێ
بۆیە حورمەتی نییە هیچ دەمێ
هەر شێرە هەڵمەت ڕووبەڕوو ئەبا
بڕوانە عالەم ناوی چۆن ئەبا
بچۆرە ژێر بارێ کە پێت هەڵگیرێ
پارووی زل مەکە لە بین ئەگیرێ
ئەندازەی هێزی قورگت نەناسی
ڕۆژێ ئەخنکێ ی بە دڕکی ماسی
ئێستر کە تۆڕ بوو کەوتە لەقەو گاز
باری قورس ئەکەن لە دەمەو هەوراز
ولاخ بارکێش بێ و ڕێی لێ نەشێوێ
خاوەندی مەنێ جۆی بۆ دەپێوێ

(ژین) ژمارە (٨١٤)(٢٠)ی کانوونی یەکەم ١٩٤٥ز

٨١٥

جاران ئەیانگوت عەشرەت هاوارە!
خۆیان گورج ئەکرد پیادەو سوارە
ڕوویان ئەکردە مەڵبەند بە سەر ڕەو
وەستانیان نەبوو چ ڕۆژو چ شەو
تێیان هەڵ ئەکرد وەك بچنە شایی
ناویان دەرچووبوو کورد بە ئازایی
ئێستە دەوڵەمەند کەڵکی نەماوە
دەستی بە دەستەی دینار بەستراوە
پیاو دەوڵەمەند بوو پەکی ئەکەوێ
پارەدار گیانی خۆی زۆر خۆش دەوێ
زۆریان کەوتوونە دەوڵەت پارێزی
ئەو ئازایی یە بووە بە حیزی
ئازانن سەلەم لە لێ قەومانا
یەك بە هەزارە لە لای قەومانا
لە تەنگانەدا، بۆ گەل دیناری
زیوو ئاڵتونی لە شوێن ئەباری
درەم وەرگێڕی بۆت ئەبێ بە مەرد
دینار کە زۆر بوو لێت ئەبێ بە دەرد
ئەمڕۆ بۆ باران فەرەنجیم بەیتێ
سبەینێ بۆ تۆ ئەبێ بە بەیتێ
ئەوسا نەتدامێ و کەوتیە نکە نك
بۆچیمە لەدوای باران کەپەنەك

(ژین) ژمارە (٨١٥)ی (٢)ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ز

٨١٦

خوا ، بۆ بنیادی دنیای بێ بنیاد
چوار گەوهەری کرد بە مایەی ئیجاد
ئەم چوارە لەگەڵ یەکتر ناگونجێن
خوا خستوونیە یەك لە سروشتا جۆین
ئاگرو هەوا باوکی لای سەروون
خاك و ئاو پەستن دایکی بێ دەروون
شەیتان لە ئاگر دروست کرابوو
بۆیە پیشەی ئەو شەڕو هەرا بوو
ئادەم لە خاك بوو لە قینی شەیتان
خوا فریشتەی نارد بۆ کڕنووش کێشان
شەیتان وتی من قەدری ناگرم
ئەو قوڕە ڕەشەو من لە ئاگرم
چوونکو بایی بوو تفی لێ کرا
لەو شوێنە بەرزە بە شەق دەر کرا
ئەمە دەرسێکە بۆ نەوعی بەشەر
پیاو کە بەرز فڕێ بۆی ئەبێ بە شەڕ
سەرەتات خاکەو دوارۆژیشت خاك
کەواتە خاك بە، بە دڵێکی پاك
خاك بە دەنکێ جۆیان تێ چەندی
بیاندەرەوە بە دە ئەوەندی[1]
وەك ئاگر مەبە هەرچیت هاتە پێش
وای بسوتێنی بێتە خۆڵەمێش

(ژین) ژمارە (٨١٦)ی (١٠)ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦ز

---

[1] بە دە ئەوەندی "لای پیرەمێرد" بەدەست بردی "لای کاکەی فەللاح".

٨١٧

شەیتان لای ڕاست و نەفسیش لە لای چەپ
بۆ مەشکە ژەنێ بوون بە لۆرە لەپ[1]
بە گوژمەی مەشکە بژەن نەژایە
ها بڕۆ بۆ بابەو ها بڕۆ بۆ دایە
ئەو ڕای دەکێشێ و ئەم ڕای ئەکێشێ
تا دوایی مەشکە هەڵدەتلێشێ
بە جارێ هەرچی تیایە دەڕژێ
پڕیشکی بە سەر خەڵکا ئەپژێ
بەم ڕەنگە بەدەست نەوس و هەواوە
ئەشەکێینەوە بەم لاو بەولاوە
یاخود هەروەك مێش شەیدای هەنگوینە
پێی تێ ئەگیرێ و هەر لای شیرینە
خۆ ئێستا شکور پێی پیاو ناگرێ
(بایع) بە کوردی گوردی لێ ئەگرێ
(بایع) لە (بیع)ەو بەیع وەرگیراوە[2]
پەردە بە دەورەی (عیب)دا گیراوە
شەوگەردی لە توێی ڕۆژی ڕووناکا
کوردی دۆ نەدیو پف لە دۆ ناکا
ئەیان گوت خەیات پارچەی دزیوە
بووە بە بەیداخ لە خەوی دیوە
خەیات و بایع وا بە یالللی
هەم حاجی بابا هەم تڕەللی

(ژین) ژمارە (٨١٧)ی (١٧)ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦ز

---

[1] بوون بە لۆرەلەپ" لای پیرەمێرد" خۆ بە لۆرەلەپ "لای کاکەی فەللاح".
[2] بایع: مەبەست لە بایعەکانی زەمانی تەموینە. واتە ئەو کەسانەی دەبوونە فرۆشیاری ئەم خۆراك و کەلوپەلەی دەوڵەت دەیدانێ بۆ ئەوەی بە بیتاقە بە خەڵکەکەی بفرۆشن. زۆر کەسیش لەو سەردەمەدا بەو کارەیان دەوڵەمەند بوون.

ولاخی ڕەسەن ناو قەد باریکە
تەنگە ئەستوور بوو بیگرەو باری کە
سەر بە ولاخی رەسەن ئەسپێرن
بەلام بە گولە بارگیر ناوێرن
پیاو گیا لە بەهەشت بۆ بارگیر بێنێ
ئەو دەبێ جووتەی خۆی بوەشێنێ
بەدخوو بە چاکەی چاکان چاك نابێ
خوا وای کردووە هەر دەبێ وابێ
لە ولاخی بەرزە ئەگەر بیشگلێی
چونکە شەریفە ئەستۆت ناشکێ لێی
بەلام کە لە کەر کەوتیتە خوارێ
جێیەکت دەشکێ بێگومان جارێ
ناکەس تەربیەشی بدرێتەوە
چیتی بەقەمە زوو ئەچێتەوە
چاك هەر ئەوەیە خۆتیان لێ لادەی
نەك ڕەنجی خۆتیان لەگەڵ بە بادەی
لە چاوی پیسیش پەنامان بە خوا
چاوی بە هەر چی هەلێنا ئەڕوا
هەر پاشای بابان لە حەقیان ئەهات
بەوانەی ئەگوت دەرچن لە ولات
بهاتنایەوە لە بەر کلۆلی
ئەو سایە چاویان زوو هەلدەکۆلی

(ژین) ژمارە (٨١٨)ی (٢٤)ی کانوونی دووەمی سالی ١٩٤٦ز

٨٢٠

وادیسان خومی جولەکە شێوا
درۆ باڵ ئەگرێ و ئەفڕێ بە کێوا
ئەڵێن خوا باڵی داوە بە حوشتر
کۆشك و سەرای کەس نامێنێ ئیتر
دڵخۆشییەکە بۆ بێ خانومان
ئەڵێن: ئۆخەی گشت بە بێ خانوو مان
خواستی خواییە ئەوی بەدکارە
زۆریان لە لاوە دێنە ئەم شارە
هەندێ لە پێستی مەڕا وەك گورگە
هەندێکی تریش سپڵی لاورگە
هەندێ وەك مووی لوت لێت نابێتەوە
هەندێ سنگ هەڵکێش نابەسرێتەوە
بۆیە سەرچاوەی (تانجەرۆ)لێڵە
هەرچی خۆی تیا ششت کوڵك و کەمێڵە
خۆزگە وەك جاران گازر کەر ئەبوو
بە (شیاکە) و بە لیس پیسی دەر ئەچوو
ئێستا (بانقنوت) کەوای شیرداخە
بۆ هەموو لەشی (گول) بە پەرداخە
بە کوردی ئەولا (ڕێژو) خەڵووزە
موعەممایەکە ئازای وەیدۆزە
نامەوێ بڵێن کورد بە هیچ نابێ
ڕۆڵەی ئازادە ئەوی ئازا بێ

(ژین) ژمارە (٨٢٠)ی (٢١)ی شوباتی ١٩٤٦ز

٨٢١

زستان زەیستان چلەی لە بارچوو
سەریان دەرهێنا کەنگرو کاردوو
خاتوو زەمهەریر ئەیلاواندەوە
پرچ و ئەگریجەی خۆی ڕووتاندەوە
وا بە تەقەتەق لەق لەق هاتەوە
ماری مەرەزە پاك ئەکاتەوە
بە ئەساتیری کۆنی یونانی
(ژوپیتەر) ێ بوو خوای ئاسمانی
(وینۆس) ئالیهەی حوسن و جەماڵ بوو
بەڵام(ژوپیتەر) زۆر بەدفەساڵ بوو
بۆقی گوێی جۆگە وەڕست بوون لەدار
وتیان گیاندارمان بۆ بکە بە سەردار
ئەویش لەقلەقی نارد وای ئەخوری
هەرچی ئەیقیڕاند قیڕەی ئەبری
ئەترسم ئێمەیش بە حەلەق مەلەق
بکەوینە بە دەندۆکی لەق لەق
بەڵام ناترسم خواستی خوا وابوو
ئەمساڵ دوو لەقلەق باڵیان شکا بوو
لە بەر سەرادا ئەگەڕان کز کز
تەمێ خواردو بوون لە دەندوك و گز

(ژین) ژمارە (٨٢١)ی (٧)ی ئازاری ١٩٤٦ز

٨٢٢

زستانمان ڕۆیی نۆرەی سێ شەشە
لە بەهاریش دا چەرخ بە گەردشە
شەش ڕۆژ باران و شەشی تر بایە
گوایە شەش ڕۆژی خۆشی تێدایە
نموونەی چەرخی دەوران بەهارە
هەمیشە بەهار زۆرە لەم شارە
ئێمە بەهارمان بۆیە خۆش ئەوێ
ڕەنگی یەکڕەنگیی تیا دەرناکەوێ
ئەگەر بزانین پشتی یەك ئەگرین
بۆچ تێمان ڕۆدێن، ئێمەیش بۆچ ئەگرین
ئەمە نەریتی دەرەبەگییە
ماڵمان لە باخی پورە بەگییە[١]
ئێستایش پەیجۆری شەڕەگەڕەکم
پێم خۆشە خۆشەی دارو کوتەکم
لەشم بە کوتەك وا ڕاهاتووە
دیاری بەهەشتە بۆ من هاتووە
نالی(ولی)یە ڕاست بەم وتنە
کە دەڵێ تووتن خەرجی سووتنە[٢]
لە پاش هشتاساڵ ئەوا هاتە دی
پار خێل بووین خۆمان بەدوانە ئەدی
لە دوای شیرینی تاڵی زۆر تاڵە
مەترسن ئاخری خێرە ئەم حاڵە

(ژین) ژمارە (٨٢٢)ی (٢٤)ی ئازاری ١٩٤٦ز

---

[١] ئەم دێڕە شیعرە "پەندە" لای کاکەی فەللاح نەبوو.
[٢] ئامازەیە بۆ دێڕە شیعرێکی "نالی" کە دەفەرموێ: سەهم و ئەصلی یە، بەحسی گیاە و گوڵ نییە..........تووتنە خەرجی سووتنە، موودنە ماچی لەب دەکا.
دیوانی نالی لێکۆڵینەوەی مەلا عەلدالکریم المدرس: ص ٩٩.

له پڕێ که خۆی به کوڕێ زانی
تێگەیشت هۆشی چۆته میوانی
خۆ خوا ئەیتوانی به(کن فیکون)
بیخاته سەر یەك بارەگای گەردوون
بۆ چاولێکەری هەفتەی پێ خایاند
ئەمه پەندێکه به ئێمەی نواند
عەقڵی تەجرەبه ڕاسته سەر ناکا
بێ بەراورده که سەر دەرناکا
هەرچی که هەڵساو کەوته سیاسەت
تەماشا دەکەی بوو به سیاسەت
جووجەڵه سەری له هێلکه جووقا
توێکڵ کون دەکا له ژێر دەندووکا
خوا ویستی جیهان بڕژی به یەکدا
له پێش دا سەلم و تووری تێك بەردا
غیرەتی میللی ئەمەنده پاکه
پیاو له کوشتن و بڕین بێ باکه
کەسم نەدیوه وەك کورد ئازا بێ
له ڕێی مەشرووعا هێند بێ پەروا بێ
بەڵام ئەوانەی ئەبنه پێشەوا
قوماشی گیانیان ئەکەن به کەوا
ئەگەر ڕاست ئەکەن خۆیان تێ هەڵچن
نەك ئەوان تووش کەن سووکێ بۆی دەرچن

(ژین) ژماره (٨٢٣)ی (٢٨)ی ئازاری ساڵی ١٩٤٦ز.

مامۆستا کاکەی فەللاح لەگەڵ پەندەکانی ژماره (٨٢٢) لێکی داون و له (ل ٨ ٩)بەرگی چوارەم چاپی کردوه.

٨٢٤

ئەو کەسەی ژینی کوردیم ناناسێ
قورگی ئەگوشم هەتا ئەتاسێ[1]
تەنافی ئەستۆم توندتر ڕاکێشە
هەتا دەپچڕێ بە گێرەو کێشە
گوریسی هێند توند ڕاکێشا پچڕا
کەوت و تەتەڵەی سمتی وەر گەڕا
بەڵام ئەو سمتی بە شەق خاراوە[2]
پێستی ئەستوورە ڕەش هەڵگەڕاوە
نازانم بەختی کورد بۆچ وا ڕەشە
لە مووچەی ڕەش و سپی بێ بەشە
لیسی کوێریمان لێ کەوتۆتە ناو
کەس ناپارێزێ، ئەشکێ سەر و چاو
ناچارین ئێمەیش لە ڕاستی کوێران
بۆ پارێزگاری دەست بەینە گۆچان
چاومان لەوەبو کە کوێخای خێڵێ
سەگ دەرکا و نووزەی نازی نەیێڵێ
کەچی وا حۆل بوو زەق زەق ئەیڕوانی
لە چەندو چوونی ئێمەی نەزانی
خوا یار بێ ئێمە ئەحمەدی سوارەین[3]
خاوەن(قەدارە) و صاحیب نەقارەین
سا، مێم بۆ بێنن بڕوانن نێرم
ئەو نێرە پیرەم بە مێچکە فێرم

(ژین) ژمارە (٨٢٤)ی (١١)ی نیسانی ١٩٤٦ز

---

[1] ئەگوشم"پیرەمێرد" ئەگرم "کاکەی فەللاح".
[2] ئەم دێڕە لای کاکەی فەللاح نییە.
[3] ئەحمەدی سوارە سەرکردەی سوپای ئەوڕەحمان پاشای بابان بووە کاتێ چوەتە سەر بەغدا.

٨٢٥

گوێم شل کردبوو چاوم ئەیڕوانی
بۆ دەنگ و باسی ڕازی دیوانی
هەر کەس بە ڕەنگێ لە جیهان ئەدوا
ئەیانگوت ڕێکی و ئاشتی دوای شەڕ کوا[1]
ئەڵەمان چاوی لە بەشی زۆر بوو
بە زۆربوو، بۆیە بە شەڕ و شۆڕ بوو
سوێندخواران هاتن بەرهەڵستیان کرد
بە هەر ڕەنگێ بوو وا لە ناویان برد
هەموو بەرودوا ئەیانگوت بەین بەین
بۆ ئاسایشی جیهان شەڕ دەکەین
واتەییێکی جوان کەوتبوە سەردەم
چەند هیوادار بووین بۆ سیلمی عالەم
منیش جار بە جار پێی پێدەکەنیم
ئەمگوت درۆیە بەو هیوایە نیم
چونکو ئەورۆژەی خوا دنیای دانا
ئەم ناکۆکییەی دانا لە بەینا
خوا کە ئادەمی لە بەهەشت دەرکرد
فەرمووی دوژمن بن بە درشت و ورد
قابیل و هابیل لە سەرەتاوە
ئەم کوشتنەیان خستە دونیاوە
هەروا ڕۆییوە هەروەهاش ئەڕوا
بە سیلمی عالەم چۆن بکەم بڕوا !!

(ژین) ژمارە (٨٢٥)ی (٢٥)ی نیسانی ١٩٤٦ز

---

[1] ڕێکی و ئاشتی: لای کاکەی فەللاح نووسراوە "یەکێ و ئاشتی".

٨٢٦

خوا دوازده کەلووی خستە ئاسمان
کە ڕۆژ بەویَ دا بڕوا بە ئاسان
ئەم دوازده کەلوە حیسابی سالّە
بەو حیسابەیە وا ڕۆژ عەودالّە!
ئەم (باوەخولیّ) و بازبازیّنی ئەو
چاو شارکیّی ڕۆژ و خۆنواندنی شەو
یارییەکی چەرخە (بابی، بابی) یە
(عدد السنین و الحساب) ی یە
سوورەی یونسە ئایەی پیَنجەمین
(لتعلمون بلاغ مبین)[1]
سەری سالّ جیَگەی ڕۆژ کەلووی بەرخە
ئەگەر ئەتوانی ڕۆژیَکی بەر خە[2]
هەروەك دوازده مانگ سالّیَکی ناوە
بە دوازده سالّیش دەوریَك تەواوە
بە حیسابی تورکی سالّ ناو نراوە
بۆ ئەم سالّ ناوی سەگ دانراوە
گەردشی ئەم سالّ لە خووی سەگایە
بڕوانین کیَمان بۆ دیَتە کایە
پیَلاّو وەرگیَڕن نامەرد سەگ لوورە
هەوری سورەو ڕووی لە شارەزورە
ڕاستە، خوا، شەڕی بۆ سەگ داناوە
ئەم ناوە، گەری ، دوور بیّ لەم ناوە

(ژین) ژمارەی(٨٢٦)ی (٩)ی مایس ١٩٤٦ ز

---

[1] دەقی ئایەتەکە بەم جۆرەیە (هو الذي جعل الشمس ضیاء والقمر نوراً وقدرة منازل لتعلموا عدد السنین و الحساب ما خلق الله ذلك الا بالحق یفصل الایات لقوم یعلمون) یونس/٥. کاکەی فەللاحیش (وتعلمون بلاغ مبین)ی نوسیوە.

[2] ڕۆژیَکی بەر خە: لای کاکەی فەللاح نووسراوە: "ڕۆژی لیّ بەر خە".

زوڵفی پەرێشان بۆ یار پەسەندە
داوی دلانەو بۆ مل کەمەندە
پەرێشانییەکەی بەختی کوردانە
کەس ڕاناکێشێ و خۆی سەرگەردانە
موی زەنگی یەکن لە بنیاتەوە
شانەیش ناتوانێ لێکیان کاتەوە
خۆزگە وەك تووکی قولەڕەش ئەبووین
دەئالاینە یەك هیچ تێك نەدەچووین
شۆخ و شەنگێکی یار بە دەمی تەنگە
دەمی فراوان بۆ جەماڵ نەنگە
بەش و نصیبی کورد دەمی یارە
ئەمەندە تەنگە دەم بە هاوارە
ئاسمان ملی دانەواندووە
کورد دانانەوێ بۆیە ماندووە
لێی گەڕێ تو خوا باهەر سەربەرز بێ
نەنگە بۆ گیانی بە ترس و لەرز بێ
لە ڕێی میللەت دا مردن مەردی یە
مردن مردنە لینگە فرێ چی یە؟!
ئازادە سەری کەوتە کلێشە
بیستوونی ستەم ئەبڕین بە تیشە
بەڵام داخەکەم ئێمە فەرهادین
بە تەفرەی شیرین وا ڕەنج بە بادین

(ژین) ژمارە (٨٢٧)ی مایسی ١٩٤٦ز

٨٢٨

بێتو بۆکاری جیهان تێکۆشی
ئەبێ بچیە سەر ڕێی فەرامۆشی
ئەگینە مردن وا لە پێش چاوە
ژیانی بە ترس تامی نەماوە
ئەگەر خوا نیسیان نەدا بە ئینسان
کێ تێدەکۆشێ بۆ چوار ڕۆژ ژیان
بەلام کێ هەروا مەرگی لە بیرە
ئەم دونیای دوونە بەوە ڕاگیرە
هەیە موحتاج و پیرو نەخۆشە
بەوڕەنگەیش هێشتا مانی لا خۆشە
هەتا لێوی گۆڕ دنیامان ئەوێ
پێغەمبەر فەرمووی کەس تیا ناسرەوێ
لەگەڵ یەکێك دا ئەمڕۆ دووبەدوون
چاوتان لە یەکە لەگەڵ یەك ئەدوون
کە لە یەك بڕان خەوە یا خەیاڵ
لە پڕ ئاشەوان ئەڵێ ئاش بە تاڵ
ئەمانە لە بیر خۆت ئەبەیتەوە
بە خەیاڵ عومرت نوێ ئەکەیتەوە
هەتا پیر ئەبی زۆرتر شێتگیری
بە دەست نەفسەوە دیل و ئەسیری
بەدەست تۆ نییە سروشتت وایە
بۆ بەقای جیهان مەبەستی خوایە

(ژین) ژمارە (٨٢٨)ی (٥)ی حوزەیرانی ١٩٤٦ز

یاران هاوارە دز ئەمفرۆشێ
خۆم ئەڵێم نێرم ئەو هەر ئەمدۆشێ
کەوتووینە دەورێ دزیی هێند باوە
کەسێ پێی بڵێی ڕاستە نەماوە
مێوێکم هەیە ترێی پایزە
کە خۆم ناشتوومەو لە لام ئازیزە
هەر چی ئاو بەرە سەری تێ دەکا[1]
بە بەرسیلەیی کۆشی پڕ دەکا
وا وتمان ئاوبەر(بێزوو)ی پێ دەکا
پیاویماڵی بۆچ پەلەی لێ دەکا؟
هەرچی دێتە لام فێری دزییە
تا سەر باوەڕی مانەوەی نییە
ئەڵێ: نامێنم ئەو بێ بە ترێ
دوای من ئەوی دێت گوردی لێ ئەگرێ
بەو خەیاڵەوە ناترسێ لە خوا
ناوەستێ حەڵوای بەرسیلە بخوا
دەورێکە ئەمڕۆ هەرچی کەوتە کار
دەستەو دائیرەی ئەخاتە بازاڕ
لەگەڵ ئەو گۆڕا گشتیان بە جارێ
وەك هەرمێی کرمێ ئەکەونە خوارێ
هیوای وەزیفە لای کەس نەماوە[2]
بۆیە پێشدەستی ئەمەندە باوە

(ژین) ژمارە (٨٢٩)ی (٣٠) حوزەیرانی
١٩٤٦ز

---

[1] ئاوبەر: مەبەستی لەو کەسانەیە کە ئاویان لە ماڵی پیرەمێرد دەبرد.
[2] ئەم نیوە دێرە لای کاکەی فەللاح وا نووسراوە: هیوامان بەوە غیرەت بکێشێ.

٨٣٠

بیستوومه ڕاسته شەخصێکی گەورە
کە یەکە پیاوە ئەمڕۆ لەم دەورە
بە تایەبەتی چەپەوانەیە
بۆ کونی بەرتیل تۆپەوانەیە
بە چەپ ئەنووسێ و مەرج ئەباتەوە
خەریکە چەرخی چەپ ڕاست کاتەوە
دەستی چەپ هێزی لە ڕاست زۆرترە
چشتێکی تری لا پێویست ترە
ئەڵێن: کاتێ مار چووە کونەوە
کە کلکی دیار بوو ئەیدۆزنەوە
کە بە دەستی چەپ کلکی ڕاکێشی
لو دووی دەستت دێ بە نەرمی و خۆشی
خۆ بە دەستی ڕاست تەکانت دایە
کلکی ئەپچڕێ و سەلکی دەرنایە[1]
ماری وای تیایە پارتی ئەم دەروە
بێ ئیجازەیە بە پێچ و دەورە
بە ڕاست و بە چەپ کلکی ناگیرێ
بە هێزی کلکی (ئێسك) تێی ناگیرێ
وا کوڕە شێخێك کەوتە ئەو ناوە
باوکی لە مارو هار نەترساوە
هیوامان بەوە غیرەت بکێشێ
کەڵکی گەل بگرێ و زەر گێك ڕاکێشێ

(ژین) ژمارە (٨٣٠)ی (٢٧)ی حوزەیرانی ١٩٤٦

[1] سەلکی: لای کاکەی فەللاح نووسراوە "سەری".

میوە گەنانە چاویێشە لە ناو
خۆت زۆر مەخە بەر تیشکی هەتاو
هەتاو کە زستان ناوی خۆشی یە
هاوین(سەبوونی) بۆ نەخۆشی یە[1]
بۆ کورِ ئەچووینە سەرِ بابە گورِ گورِ
گرِ گرِ وەر گەرِا لێمان بوو بە گرِ
ئەمسالٚ لافاوی ئاو شاری ئەبرد
ئاوی زیندەگی ئێمە وشکی کرد
پیشەی گەردشی ئاسمانی شینە
لە لایێ شایی لە شوێنێ شینە
دنیا لە خولٚقی پشیلەدایە
بە مێچکە مێچکە لە باوەشتایە
کە ویستت نەختێ بۆت پێ بکەنێ
لە پرِ بە چرِنووك دەستت ئەرِنێ
سەگ لە پشیلە بە وەفاترە
پشیلە دەرکە و گەمالٚ رِاگرە
گەنم گران بوو لە بەر کەم نانی
زۆر کەس دەستی کرد بە ورچەوانی
دونیا وەك رِێوی بە فرِو فێلٚە
هەرکەس لە دووی کاری خۆی وێلٚە
ئێمەیش وەك کەروێشك زۆژ نووستو و کاسین
تا دیاری نەکەن لە خەو هەلٚناسین

(ژین) ژمارە (٨٣١)ی (١٨)ی تەموزی سالٚی ١٩٤٦ز

---

[1] سەبوون: مەبەستی لە "سموم"ە، واە گەرما و هالاٚوی هاوین.

٨٣٢

بۆ دەستەڵاتی ئەم بنیادەمە
هەرچی بۆ دانێیت هێشتا هەر کەمە
بە ئاگر سەهۆڵ دێنێتە مەیدان
برووسکەی کردوە بە پەیکی جیهان
لەوپەڕی دنیا واتەیێك ئەکرێ
لەم پەڕی دنیا خەڵك گوێی لێ دەگرێ
گاە سلێمانن لە ڕوی هەوادا
گاهی یۆنسن لە ناو دەریادا[1]
تا زیاتر عیلم و فەن بێ بە ئاکار
بۆ قەڵاچۆی یەك ئەیهێننە کار
قونبولەی زەڕی یە ماوە دەرکەوێ
کەی بێ شارێکی تری بەر کەوێ
هێشتا تێر نەبوون لە یەکتر کوشتن
تازە دۆست لە یەك ئەبن بە دوژمن
با بڵێین ئەوان وا دەوڵەتێکن
خاوەندی سوپاو بە سەروەتێکن
نازانین ئێرە چی لێ قەوماوە
هیچ کەسێ لە سەر ڕێی خۆی نەماوە
لە پایەتەختا ئەحزابە و ئیزراب
لایێ ئۆپەراو لە لایێ ڕۆباب
هەر ئیعتیراضەو تەنقیدەو توانج
ناوەستن نانێ برژێ لە سەر ساج

(ژین) ژمارە (٨٣٢)ی (٢٥)ی تەموزی ١٩٤٦ز

---

[1] ئامازەیە بۆ تەختی حەزرەتی سلێمان کە بە حەوادا فڕیوە، بە ڕۆژێك دوو مانگ ڕێگەی بڕیوە هەر کاتێ ویستبێتی بچێ بۆ شوێنێ خۆی و هاوڕێکانی سواری فەرشەکەی کردووەو فەرمانی بە با داوە فراندوونی هەتا نیوەڕو مانگە ڕێیەکی بڕیوەو دوا نیوەڕو مانگە ڕێیەکی تر گەڕاوەتەوە. قورئان دەفەرموێ: (ولسليمان الريح غدوها شهر و رواحها شهر وارسلنا لة عين القطر ومن الجن من يعمل بين يدية باذن ربة). سوورەتی (سبا)/ئایەتی/١٢.

ئەیانگوت جاران بۆ ماران گەستوو
تریاك لە عێراق بۆ شاران ئەچوو
ئێستا ئەمەندەی مار تێ خزاوە
تریاکی ماران تۆوی بڕاوە
بەڵام تریاکی کێشان بێ کێشان
کە بە دوکەڵی زۆر کەڵی پیشان
زۆر کەس سەرمەستی بەنگە دەبەنگە
فەقیرو هەژار تیاچوو بەم ڕەنگە
بەڵام بۆ ئێمە دەور گۆڕاوە
ناوی سووکیمان لە سەر نەماوە
خۆرمایێکیان بوو وشکی مشك مژە[١]
کە پێیان ئەگوت: خورمای کورد کوژە
ئێستا کورد کوژە بووە بە زوهدی
برایەتیەکمان بۆ هاتۆتە دی
بەڵام کورد هێندە خورمای خۆش ئەوێ
لە هەر شوێنی بێ شوێنی ئەکەوێ
تەرسی کەرەکەی جەجاڵ خورمایە
بۆیە ئەمەندە کوردی لە دوایە
گەزۆ بە قەومی مووسا دراوە
ئێستا لەم خاکە بۆ ئێمە ماوە
گەزۆ و دۆشاو و خورمامان هەیە
گەزۆو دەم تاڵی ئیتر تاکەیە

(ژین) ژمارە (٨٣٢)ی (١)ی ئابی ١٩٤٦ز.

---

[١] خورمایێکیان (پیرەمێرد) خورمایەکمان (کاکەی فەللاح).

زانایان ئەڵێن کە ئەم جیهانە
شوێنی یەك کوشتنی زیندەوەرانە
هەروا بڕوانە هەرچی گیاندارە
بە سەر خوار خۆیا زاڵە و زۆر دارە
پشیلە بۆ مشك تانجی بۆ کەروێشك
گورگ بۆ بزن و مەڕ بۆ کەری بێ مێشك
جگە لەمانەیش لە ناو خۆیانا
سەگ و بەران و بارگیر شەڕیانە
بەڵام هیچ کامیان وەك ئادەمیزاد
خەرمانی گیانی یەك نادەن بە باد
جاران بە شیرو تیر کەم ئەکوژرا
ئێستا بە بۆمبا لەش کەوتە سەحرا
بە گوناهی خۆی ئادەم دەر کرا
میراتی شەڕی بە ئێمە بڕا
لایێك خوا فەرمووی(ولا تذورا)[1]
لایێکیش (بعض لبعض عدو)[2]
هەموو تیرەیێك بوونە برای یەك
لە ناو ئێمەدا ماوە شەڕەسەگ
دەستی سیاسەت تێکمان بەر ئەدا
وەك پەڵ ئەماندا بە کەللەی یەك دا
خوایە کۆنەکان ئەگەر بکوژی
ئەوسا ئەتوانم بڵێم کورد ئەژی

(ژین) ژمارە (٨٣٤)ی (٨) ئابی ١٩٤٦ز

---

[1] ئاماژەیە بۆ فەرمودەیەکی قورئانی پیرۆز کە دەفەرموێ (ولا تزر وازرة وزر اخري......)ئەم ڕستەیە بە شێکە لە ئایەتی قورئان و سێ جار لە سێ ئایەتی جیاجیا دا دوبارە بۆتەوە.سورەتی (الاسراء/ ١٥، سورة الفاطر/١٨، سورة الزمر/٧)

[2] ئاماژەیە بۆ بە شێك لە ئایەتێکی قورئان کە لە بە سەر هاتی ئادەم و حەوادا قورئان سێ جار ئەم ئایەتەی بەم مانایە هێناوە: سورە البقرە/٣٦، الاعراف/٢٠، طه/١٢٣، هیچیشیان دەقەکەی بەو شێوەی سەرەوە نیە. دیارە پیرەمێرد بۆ مەبەستی خۆی مانای وەرگرتوە نەك دەق.

٨٣٥

سێ کوچکەی کوانووی دەوڵەت و نەرمی
ئەشێ یەکسان بێ بۆ بەرزو نزمی
کە پێچکەیێکی کورت بێ ئەمووستێ
مەنجەڵ لەسەری ڕاست ڕاناوەستێ
بە هەر لایێك دا چەوت بێ ئەڕژێ
چێشتەکەی بە سەر زەویا ئەپرژێ
دامەزراندنی دەوڵەتیش وایە
تێکرِا موساوات ئەیخاتە کایە
ئەمەوێ بڵێم نابێ کورد کورت بێ
ئەبێ بۆ خزمەت پێشکەوتوو و گورد بێ
ئەبێ پێك ببڕێن نەوەك لێك ببڕێن
چونکو بۆ غایەی ژین لە سەر یەك ڕێن
ئەگەر بێ و پاشقول لە یەکتر بنێین
لە ڕێگەی ڕاستا هەردوو هەڵئەنگوێین
چەند خۆشە دوو دەست بەهێز تێکۆشێ
گوزەرانی خۆی بە زۆر ڕاکێشێ
لە نەبوونی یە ئەم گڕوگاڵە
ئەڵێن تەبەقی پڕ ئاشتی ماڵە
ئەوی هەیەتی بەرچاوی تێرە
لە ئازایی دا نموونەی شێرە
لاوی بە دراو وەك (بابە عەلی)
ئیشی وا ئەکا پێی ئەڵێن: وەلی

(ژین) ژمارە (٨٣٥)ی (١٥)ی ئابی ١٩٤٦ز.

٨٣٦

که خوا بیەوێ یەکێ بکا بە پیاو
ڕێکەوتی ئەوتۆی بۆ ئەخاتە ناو
زۆر بە ئاسانی پێی سەردەکەوێ
بەختی دوژمنی لە ڕاست ئەخەوێ
دوو زۆر دار ئەچن بە گژ یەکترا
لە هەردوو لاوە ئەبێ بە هەرا
یەکێ لەو لاوە کە تێدەفکرێ
ئەوەیان چاکە لای ئەو دەگرێ
خوایش دیارە پشتی چاکان بەر نادا
کە بەدکار کەوت و پیاوی چاك سەرکەوت
یاریدەدەری پاداشی بەرکەوت
ئەڵێ کاکە تۆ کە یاریدەت دام
ئیتر چاودێری تۆ فەرزە لە لام
کەواتە ئیتر سەربەست ڕابوێرە
بۆ بێگاری کەس مەچوورە گێرە
باری بێگاری جدەوی کردی[١]
دارو فەلاقە لە ناوی بردی
بە دیمۆقراتی ڕو بکەرە هاتی
خزمەتت زۆر بێ بۆ خۆ ولاتی
بیرت بێ زوڵمت چەند پێ گران بوو
قەومت بە ستەم چەند ناتەوان بوو

(ژین) ژمارە (٨٣٦)ی (٢٢)ی ئابی ١٩٤٦ز.

---

[١] جدەو: بە برینی ناوشانی وڵاخی باری دەڵێن کە کۆپان نازاری دەدا و بریندار دەبێ.

گەورە ئاوی ڕشت بچووك پێی لێ خست
بە بیانوو پەتیان بۆ بچووك هەڵخست
دەستەی هەمەوەند ئەچوون بۆ تالآن
شوێنیان ئەکەوتن خوێڕی و منداڵان
ئەوان دەردەچوون تالآنیان ئەبرد
دوای ئەوان ژن و منداڵیان ئەگرت
بانق هاوار ئەکا پارە لای منە
بۆچ ئەگەڕێن لەم کون و قوژبنە
تانەی هاوچەشمی لە سەر چاوتانە
پێی نابینن ئەم کۆشك و هەیوانە
دزی ملیۆنەر پێی سەرئەفرازە
بۆ ئانە دزە ئەم شەق وگازە
هەندێ لەوانەی کە پاس ئەدێرن
بە کەر ناوێرن بە کورتان شێرن
دەردی گرانمان (پارتیزانی) یە
ئەم دوو بەرەکیە لە نەزانی یە
غەرەزی شەخصی بێ ئینساقی یە
ڕەش هەر ڕەش پیشەی کۆنی جاقی یە
تا بۆ وەزیفە پیاو هەڵنەبژێری
دڵنیاییشی باش پێ نەسپێری
کەس لە وەزیفەی خۆی ئەمین نابێ
بێستانیش ئەبێ هەر بەرەڵدا بێ

(ژین) ژمارە (٨٣٧)ی ٥/٩/ ١٩٤٦ز.

جەژنێکمان ڕۆیی جەژنێکمان ماوە
هەر لای خوا ماوە ماوەی بێ ماوە
هی وامان هەیە هیوای بە خوایە
"من يتوكل، حسبی" ی لە دوایە[1]
ئەرکی گرانی و گەرمای ڕەمەزان
ئەمانخاتە ناو فێنکی ناو جەژنان
چەند خۆشە لە پاش تاڵی شیرینی
لە شوێن ترسی شەڕ موژدەی ئەمینی
دەوڵەت پارێزی تا لە بەینا بێ
باوەڕم کردووە ئیتر شەڕ نابێ
لە ڕووی زەمین دا (مواليد) سیانە
دەوڵەتیش سیانە هەر سێ سێیانە[2]
ئەوی بیەوێ سەری نەیێشێ
بەشێ هەڵگرێ و دوانی ببەخشێ
پارووی زل گەرووی تەنگ ئەدڕێنێ
زۆریشی لێ بکەی پیاو ئەخنکێنێ
تەماع کەمیش بێ زیانی زۆرە
دەستووری ئاشە باراش بە نۆرە
لە ژوور ئێمەوە باراشیان لێ کرد
ئاشیان ئەگەڕێ لەسەرخۆ ورد ورد
ئەو هیوایەمان خوا لێ نەسێنێ
بۆنی خەپلەیان ئێمەیش ئەژیێنێ

(ژین) ژمارە (٨٣٨)ی (١٧)ی ئەیلوولی/ ١٩٤٦ز.

[1] (من يتوكل) لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا بووە بە (من يتوحد).

[2] دەوڵەتیش سیانە مەبەستی ئەوەیە کە دەوڵەت پێکدێ لە السلطة التشريعية، السلطة التنفيذية، السلطة القضائية.

٨٣٩

ئەم بەنیادەمە هێند دەم دەمییە
ئاوی زیندەگی لە ناو دەمی یە
کاتێ کە کەوتە سەر کورسیی مەسنەد
ئەڵێ وا چەسپیم هەتاکو ئەبەد
خۆی بە ڕەنگێکی وا، لێ ئەگۆڕێ
لای وایە، هەرگیز ناچێتە گۆڕێ
بەو هەوایەوە تا لەو بانەیە
گونای کەس نیە لای خودا خواستە[1]
(ان الانسان لیطغی) ڕاستە
ئاگای لە چەرخی کەج ڕەفتار نییە
نازانێ دنیا پایەدار نییە
لە پڕ ئەبینێ لە پێنجوینەوە
بومەلەرزەیێ هات بە قینەوە[2]
بانیژەی خولیای ڕووخاند بە جارێ
لەو بانە بەرزە زرم کەوتە خوارێ
شیری حوشتیری صاڵحی ڕژا
پریشکی میزی میزی لێ پرژا
هەزار جار واتەی وا بێژراوە
دەردی خەڕۆیی وا چێژراوە
نیسیانی ئینسان ئەمەندە زاڵە
لە ڕاستی تەماع زۆر کەس منداڵە

(ژین) ژمارە (٨٣٩)ی (١٩)ی ئەیلوولی/ ١٩٤٦ز.

---

[1] خواستە (پیرەمێرد) ڕاستە (کاکەی فەللاح).
[2] ئاماژەیە بە بوومەلەرزەکەی پێنجوێن کە ساڵی ١٩٤٦ تووشی بوو.

٨٤٠

ئەيلوول هات گوڵزار ئای لوول و مەلوول
گەڵاڕێزانەو تۆزو گەردەلوول
داخو ئەو داخە درەختی بێ بەر
گەڵای ناوەڕێ و وا ئەیباتە سەر
ئەوانەی کەوا بەرمان بۆ ئەگرن
زستانیان لێ هات لە سەرما ئەمرن
ئای وەیشوومەی شووم چەندە بێ باکی
گیاو گوڵ ئەمرێنی و پێی فەرەحناکی
لایێك فەرتەنەی هەوایی هەوا
لایێ سەر زەمین وا پیاو، پیاو ئەخوا
جاران هەر زەنگی باربار پیاوخۆر بوو
ئێستا مەدەنیش فێر بوون، وا زۆر بوو
ئەوان زۆردارن با بڵێین گەڕ ئەکەن
بۆ موستەعمەرەی زۆرتر شەڕ ئەکەن[1]
ئەی ئێمە بۆ چی وا تێك هەڵەچین
بە بێ شیر، وەك شێر لە پڕ هەڵەچین[2]
لە باتی ئەوەی دەستی یەك بگرین
لە بارەگای خوا تێر بۆ یەك بگرین
جامیعەیێك بیت تێکڕا عێراقی[3]
قەومێکی ڕاقی نەوەك فیراقی
بەڵکو پێکەوە بە خۆشی بژین
بە دووربەرەکی بۆچ بکەوینە قین !؟

(زین) زمارە (٨٤٠)ی (٢٦)ی ئەیلوولی/ ١٩٤٦ز.

[1] ئەم نیوە دێڕە لای کاکەی فەللاح نییە.
[2] ئەم نیوە دێڕە لای کاکەی فەللاح نەبو.
[3] جامیعەیەك: لای کاکەی فەللاح نوسراوە (جامعە پێك بێن).

جاران تەناف باز لە ئێران ئەهات
بە سەر تەنافا ئەکەوتە تەرات
لە ژێردا پیاوێ بوو کوڵەبنە
ئەو ئەیگوت: هونەر هونەری منە
ناویان لێ نابوو "فس فس پاڵەوان"
یەکی نەدەکەوت بە دەم و زوبان
"فس فس پاڵەوان" تەنیا یەکێ بوو
ئێستا لە شوێن ئەو سێ و چوارێ دەرچوو
بە فەندو فێڵێ فەننی وافێرن
بە شوێنی بەرزا "جۆ" هەڵدەگێڕن
زەمانی عیساو پێغەمبەری جوو
درۆیان ئەکرد ڕوویان ڕەش ئەبوو
ئەم زەمانە ڕاست ڕووی پیاو ڕەش ئەکا
پیاوەتی پیاوی پیاو بێ بەش ئەکا
بەدکردەوەیی ئەوەندە باوە
خۆمیشی تیابم ڕاستگۆ نەماوە
زۆریشمان ماوە بۆ دەوری مەهدی
ئاواتی پیاوی ڕاستگۆ بێتە دی
کە (محمد) هیچ بەمانە نەکا
مەهدی ئەمانە چۆن ئیصلاح ئەکا؟!
خواستی خوایە ئەم دەورو دووکانە
ئەفراسیاو و خراپ کاوس بەهانە

(ژین) ژمارە (٨٤١)ی (٢٦)ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٦ز.

٨٤٢

ئێمە کردەوەی باوو باپیرمان
شیروەشێنییە و ئازایی و مەیدان
ئەڵێن: شیری دا لە تەوقی سەری
دایدڕی هەتا بەندی کەمەری
بە پاڵەوانی ناویان دەر دەکرد
هەرچی ئەیبینی سوجدەی بۆ دەبرد
کوشتن ئازایی و ڕاوو ڕوت هونەر
بەم ڕەنگە زۆری بۆ دەچووە سەر
جەردەیی غەزوە ، جەریمە حەلاڵ
تێکرا هاوبەش بوون دزو خاوەند ماڵ
سەرمایە و سەروەت ڕم وئەسپێ بوو
لە چلکا لەشیان پڕ لە ئەسپێ بوو
خزمەتکارییان بە فەخر ئەزانی
تالآنیان بۆ لای ئاغا ئەهانی
ئاغایش لە هیچە ئابڕووی ئەبردن
لە تەویلەدا حەپسی ئەکردن
ئەپاڕانەوە لای خوا بە شکات
ئەیانگوت خوایە چیمان بە سەر هات
دەنگی غەیب ئەیگوت هەی وا لێ کراوە
خۆتان یاریدەی زۆردارتان داوە[1]
هەرچی کە پشتی زۆرداری ئەگری
خوا زۆری ئەوی بە سەرا ئەبڕی

(ژین) ژمارە (٨٤٢)ی (١٠)ی تشرینی یەکەم ١٩٤٦ز.

---

[1] یاریدەی (پیرەمێرد) یارمەتی (کاکەی فەللاح).

دنیا هەر ڕۆژە لە سەر ڕەنگێکە
بۆ بووك و زاوا بە ئاهەنگێکە
بەنی ئیسرائیل ئەدا بە مووسا
موسا لە پێشا لە فیرعەون ترسا
دوایی خوا وای کرد بەنی ئیسرائیل
کەوتن شوێنی و فیرعەون کەوتە نیل
عیسایش بەو هەموو موعجیزەیەوە
دامابوو بەدەست قەومەکەیەوە
گا، گوێرەکە خواو، گا خوای هەیکەلان
خوا بۆ کەیفی خۆی هێنانیە مەیدان
دوای هەمووان هیتلەر پێش ئەڵمان کەوت
بەختی یار نەبوو بە (الامان) کەوت
ئینجا بزانین بەر کێ ئەکەوێ
ئاواتە خوازی دنیاین بۆ شەوێ
تارای بانقەنۆت ئەدا بەسەردا
بەلارو لەنجە کە هات لە دەردا
سەرمەشقانەکەی دین و ئیمانە
ئیجا دوژمنی برا و خزمانە
ئێمە لە سەر ئەو کە تێك بەردەبین
ئەو بەوە دێتە کەیف و پێکەنین
صەد هەزار ملیۆن مێردی مردووە
بۆ هیچیان تە عزێی دانە گرتووە

(ژین) ژمارە (٨٤٣)ی (١٧) تشرینی یەکەم ساڵی ١٩٤٦ز.

٨٤٤

هەر چی پێی دەژین لە خۆراکی خۆش
لەدوای عەودالّین بە هەولّ و پەرۆش
هەر ئەمەندەیە هەتا تێر ئەخۆین
لە دوای تێر خواردن دەستی لێ ئەشۆین
کە زیادەخۆری لە حەد سەرکەوێ
حەبی ڕەوانی و حوقنەمان ئەوێ
دوای ئەوە ئیتر هێندە زۆر ناخوا
تەمێ خواردوە بە پارێز ئەڕوا
بەلاّم دەولّەت و پارە هەتا بێ
هەر دەلّێ کەمە بۆم تێکە با بێ
موبتەلای پارە (امتلا) ناکا
تا بە گۆڕەوشار ئەدرێ لە خاکا
پارە بۆ پیاوی خواپێداو چاکە
کە لێی ئەبەخشێ بە خێرو چاکە
دەولّەت ئەوەیە کە وا لەدوا خۆی
ناوێکی چاکە بە جێ دێلّێ بۆی
جاران ئەیانگوت: لیرە لغاوە
لێرە ئەفسوونی بانقەنەوت باوە
لێفەی بانقەنۆت عەیب داناپۆشێ
دانا بۆ لەشی پاك تێ ئەکۆشێ
ئەمانە پەندی ڕێی ئینسانی یە
چی بکەین مەیلی خەلق بە شەیتانی یە

(زین) ژمارە (٨٤٤)ی (٢٤) تشرینی یەکەم سالّی ١٩٤٦ز.
لای کاکەی فەللاح ئەم پەندە نی یە.

٨٤٥

ئەڵماس و ئاڵتوون چونکە نایابن
هێند خۆشەویستن وەك داك و بابن
هەرچیش کە زۆر بوو قەدری نامێنێ
با ئاوێنەیش بێ کە پیاو ئەنوێنێ
بەردی بەرزنجەیش وەك ئەڵماس وایە
ئەو چونکو زۆرە کاری لە دوایە
تەنها چشتێکە کە وا زۆر کەمە
کەسیش نایەوێ ئەڵێ خۆم هەمە
ناحەقیان نی یە کە نایانەوێ
هەرچی بووی نانی پێ دەس ناکەوێ
جاران کە گەزۆ کەم بوو شەکر زۆر[1]
حەلْوای ساغ نەبوو سا مەگەر بە زۆر
ئێستا کە شەکر لە ناوا نەما
حەلْوا بوەتە دۆشاوی خورما
پارەی فرو فێڵ کەوتە ئەم ناوە
دراوی حەلاڵ لای کەم کەس ماوە
هەر بەو پارەیە ئەچن بۆ مەککە
ئەڵێن: بۆ حەجە تۆ باوەڕ مەکە
بۆ سوێندە بڵێن: بە قوڵفی کابە
یا، لابەیە، حەج لە ناوا لابە
هەرچی بتەوێ بیکڕی گرانە
لاڤ وەتەن و شەرەف هەرزانە

(ژین) ژمارە (٨٤٥)ی (٣١) تشرینی یەکەم ساڵی ١٩٤٦ز.

[1] ئەم دێڕە لای کاکەی فەللاح نی یە.

٨٤٦

هاونشینی بەد تەفرەی ئیبلیسە
لە رەك و پەیدا خوێنی پیسە
قامیشەلانی وشکە دڵی پیر
زوو، ئاگر ئەگرێ بە نالەی شەوگیر
کە دووکەڵ دەرکەوت ئاگری لە شوێنە
خۆت بپارێزە دڵ مەڕەنجێنە
گوڵ بە فرمێسکی چاو ئاو دراوە
بۆ یەخەی زۆردار هەڵبژێراوە
کاتێکت زانی هەڵچەقی لە دڵ
ئەو گوڵەی گەلێ (کەڵ) ئەینێتە گڵ
جاران ئەسپێکیان ئەدا بە سوارچاك
ئەیانگوت سوار بە و لێی خوڕە بێباك
ئێستا بەو شەرتە ئەسپ ئەدەن بە پیاو
نابێ لێی خوڕێ بە غارو بە تاو
دێ یێك هەریەکە پیاوی پیاوێ بێ
موختار بڵێ چی دز لە ناوی بێ
(پارتیزانی) یەو ڕۆژ ڕۆژی دەست دار
هەرکەسە دەستەی خۆی ئەخاتە کار
جاران ئەیانگوت ئەهل بۆ ئیشە
کەچی ئیش بۆ پیاو بووە بە پیشە
هیوامان وایە دەستەی ئەمجارە
تەرتیبێکی باش بدەن بەم کارە

(ژین) ژمارە (٨٤٦)ی (١٤) تشرینی دووەمی ١٩٤٦ز.

٨٤٧

زۆر کەسم دیوە حەز لە گۆشت ناکا
هەیشە دوژمنە لەگەڵ جێی پاکا
هەندێك ناوێرن مریشك سەر بڕن
هەیشە بە زۆری کوشتن ئەخوڕن
.... ئەیگوت بۆیە ئەقچێنم زەلام[١]
لنگە فرتێکەی زۆر خۆشە لە لام
دەوڵەتیار ئەیگوت کە شەڕ کەوتە ناو
پەڕیزت پاك بێ لە دروێنەی پیاو
ئەمانە مۆدەی دیموقراتی بوو
بۆیە وا ڕوومان لە نەهاتی بوو
ئێستاکە کوشتن باوی نەماوە
تالان و بڕۆو قرپ و چرپ باوە
هەرچی دەستی بوو کۆ ئەکاتەوە
گەلێ کەس لە خۆ کۆ ئەکاتەوە
ئەڵێن (مەهدی) دێت لەو ولاتەوە
گورگ لەگەڵ مەڕا ئاو ئەخواتەوە
مەپوندار بەمە کەس دڵنیا بێ
ئەم سەرزەمینە ئەمەی تیا نابێ
بەلام هی جەجاڵ ڕاستە هەڵساوە
کەوتووینە شوێن کەر بە هۆی خورماوە
بەرایی دەرکەوت برا (دوبرا)یە
برا بەزەیی بە برادا نایە

(ژین) ژمارە (٨٤٧)ی (٢١)ی تشرینی دووەمی ١٩٤٦ز

---

[١] لە سەرەتای ئەم نیوە دێڕەدا پیرەمێرد بۆشایی داناوە، هەڵبەتە مەبەستی لە یەکێ بووەو ناوی نەهێناوە، بەلام کاکەی فللاح (ئەو)ی داناوە.

٨٤٨

خوا بۆیە ئێمەی ناردە سەرزەمین
دوژمنی یەك بین بە شەڕو بە قین
نابێ ئادەمیزاد بە شەڕ نەبێ
بێ شەڕ بێ، ئەبێ هەر بەشەر نەبێ
ئەوانەی ئەڵێن: حەز لە شەڕ ناکەین
دیموکراتین و مائیل بە چاکەین
هەموو سەرکردەی شەڕی رابوردووون
لە ژێر پاڵتۆوە تیغ لە یەك ئەسوون
ئەو ئەمریکایەی ئەیگوت (مون زەتۆ)
دونیای شڵەقاند هەروەك (مەشکەی دۆ)
ئەویتریشیان وا سەر بەرد ئەگرێ
صەد خاڵۆ خاڵۆ کەڵکێ ناگرێ
ئەمی تریشیان لێمان تۆراوە
لابەلا بە قین لەولا وەستاوە
ئێمە واچاکە ببینە سەیرکەر
لە سەر گردێ بین لە لەشکەر بەدەر
لای معاویە شیرینی بخۆین
بۆ نوێژ دوای نەوەی عەلی بکەوین
بەڵام شیرینی شەکری تیا نەبێ
واچاکە (چا)کەیش نیوەی (گیا) نەبێ
هەی هوو ئەمانە خەیاڵ پڵاوە
ئێمە و خۆشبەختی ڕەتمان بلاوە[1]

(ژین) ژمارە (٨٤٨)ی (٣٨) تشرینی یەکەمساڵی ١٩٤٦ز.

[1] لە پەندەکانی کاکەی فەللاح دا نوسراوە: (بۆ خۆشبەختی بە ڕەتمان بلاوە).

ئەگەر دانایت و هۆشت بە گیرە
لە ناوە مەلان دا کام مەل بەشیرە
مەڵێن مەبعووسی بە ڕاو تەدبیرە
قڕەقڕی قەل هەر بۆ هەنجیرە
فڕکە فڕکی مەل لە شوێن دانەیە
هەرچەند قیسمەتیش ئاوو دانەیە
چی بکەن هەی هاوار نەفس زاڵمە
من نەفسم تۆرا ئەمە حاڵمە
ئەوی هەڵکردی بە ئەندازەیە
گوزەرانیشی بە شیرازەیە
مەڵێن: ئەم خەڵکە وا تەمەعکارە
داوود پێغەمبەر کەوتە ئەم کارە
دوایی پێغەمبەر ڕێی تەماعی بەست
پشتێنی لە سەر گۆشتەوە ئەبەست
تورك وتوویەتی(بەتەر قارداشم)
(ازە جك اشم اغریسز باشم)
هەیشە کە چاوی بە بانقەنۆت کەوت
بە غار بۆی ئەچێ نەوەکا بە ڕەوت
بۆ دەوڵەمەندی(ڕەشت)ە ئەم بووکە
تا باری قورس بێ ئەو ئەڵێ: سووکە
بگرەو بەردە بۆ لێفەی مەلایە
کێ دەڵێ دووگی چەور بە بەلایە

(ژین) ژمارە (٨٤٩)ی (٥)ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦ز.

٨٥٠

زستان هات هەژار خەمباری دارە
لای دەوڵەمەندیش تەڕی بەهارە
هەندێ خۆشحاڵن (قابینە) گۆڕا[1]
بەڵام گرانی قاپی نەگۆڕا
ئاسایش بۆ لات مەگەر لە گۆڕا
پیاوی بە هەلات هەروا لە گۆڕا
کە مەبعوسی بێ خەیاڵی شەوت
ڕاکشێ و بنوو با بێتە خەوت
خۆشی بۆ ئەوەی کە خەیاڵ باز بێ
نەك بە ئەفسانە چاوەڕێی باز بێ
تاریکایی شەو ئێوارە دیارە
کوا میراتی کەر بۆ کەمتیارە؟[2]
یاریی جارانمان بابی بابی بوو
سوار بوون بەپرسی ناحیسابی بوو
ئێستا فوتبۆڵە حیساب بە گۆڵە
تەنها باییعی بە (ڕۆڵ)ە ڕۆڵە
فوتبۆڵ وێرگولی بکەوێتە نێو[3]
بە شێوەی جلفە ئەبێ بە جنێو
ئەڵێن: بێ ئەرخە ناکەویە کایە
بە مێردی نییە ئەویش بە خودایە
پارەی دەوڵەمەند دەمت شل دەکا
بەخیلی زۆر جار تەوق لە مل دەکا

(ژین) ژمارە (٨٥٠)ی (١٢)ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦ز.

---

[1] قابینە: مەبەست لە وەزارەتە
[2] کوا؟ (پیرەمێرد) کەوا (کاکەی فەللاح)
[3] فوتبۆڵ: ئەگەر وپرگول واتە فاریزە بکەوێتە نێوانیەوە وشەی بۆڵ جیا دەبێتەوە کە بە عەرەبی لە ناحاوتنا وشەیێکی ناشیرین دەردەچێ.

٨٥١

مندالّ بە ئاگر دەستی بسووتیّ
پیّی ئەلّیّ بقە کە دیی بزووتیّ[1]
ماران گاز لە خشەی میّروو ئەترسیّ
کورد بە ئازایی لە هیچ ناپرسیّ
ئەلّیّن: ئازایی و نەزانی بران
خۆزگە ئەم دوانە لە یەك ئەبڕان
جوبرائیل دەستی موسای ڕاکیّشا
ئاگری پیّ هەلّگرت کە سووتا ئیّشا
هەرچەند ئەو ئاگرە زوبانی سووتاند
بە زوبانی "پس" فیرعەونی پساند
ئیّمە ئەمەندە سەرمان سووتاوە[2]
وەك کەچەلّ تووکی سەرمان نەماوە
بەردیّکین لە تویّی قۆچەقانیّ دا
گەڕاین بە دەوری سەری خانی دا
هاویشتینیانە گویّلاکی خۆمان
بەم سەرگەردییە بووینە سەرگەردان
لە کاو ئالیکی گازر گەر تۆراین
بە فیّلّی ڕیّوی بۆ ..... ئەبراین[3]
ئەمانە هەمووی لە دلّ ساق یە
(من یتوکل) (حسبە) ، کاق یە
هیّندەم زانیوە نابڕیّینەوە
لەشمان سووك ئەبیّ کە ئەبڕیّینەوە

(ژین) ژمارە (٨٥١)ی (١٩)کانوونی یەکەم سالّی ١٩٤٦ز.

---

[1] (پیّی ئەلّیّ) لای کاکەی فەللاح نوسراوە (پیّی ئەلّیّن)
[2] ئەمەندە (پیرەمیّرد) ئەوەندە (کاکەی فەللاح)
[3] لە ڕۆژنامەی (ژین) و لە چاپەکەی کاکەی فەللاحیش دا لەم شویّنەدا بۆشایی دانراوە.

٨٥٢

لە ناو کارخانەی چەرخی ئەفلاکا
هیچ بەنیادەمێ لەوی تر ناکا
هەیە درێژە وەك عووچی عەنەق[1]
هەر لۆ خۆیەوە دێتە مەحەڵلەق
تاکو (نەڕناییش) هەوساری ئەکا
دایئەمرکێنێ، نایەڵێ ڕاکا[2]
(کوڵەوەیباب)ی وایشمان دێتە ناو
سیفەت و قافیەی وەك یەکە تەواو
هەندێکی تریش هەیە جانمە
هەرچی لێی پرسی هەر نازانمە
دوو فریشتەی بەرز هاڕووت و مارووت
خستمانە چاڵی بابل بە جووت جووت
بۆن کە ئەمانگوت بە فەڕەنگی بۆن
بەو بۆنەوەیە بە ڕەنگ بوو نە بۆن
هی وایشمان هەبوو دەسی ئەوەشاند
لە سەر سەر قاپێ دڵێ ئەڕەنجاند
ئەمانە کامیان وەکو یەکترین
تا ببنە نائیب لە بەریان مرین
دەست لە کاری خوا نەدەین چاکترە
هەر بڵێین بەربووك لە بووك جوانترە
ئای بۆ ئەو چاوەی کاڵ دەبێتەوە
بە گریان بەرەو ماڵ ئەبێتەوە

(ژین) ژمارە (٨٥٢)ی (٢٦)کانوونی یەکەم ساڵی ١٩٤٦ز.

---

[1] عەنەق (پیرەمێرد) حەڵلەق (کاکەی فەللاح)
[2] ئەم نیوە دێڕە نیوەیان لای کاکەی فەللاح نوختەی بۆ دانراوە.

٨٥٣

ئەڵێن: گیا لە سەر بنجی خۆی ئەڕوێ
بۆ بنیادەم خەڵك وەكوو تڕ ئەدوێ!![1]
بەڵێ بۆ وڵاخ ڕەسەن زۆر باشە
وا گوڵە بارگیر دیارە لە پاشە
زۆر جار ئەیبینین كە دایك و باوك
ئەدرەوشێنەوە وێنەی چراوك
كەچی منداڵیان هیچ لەوان ناچێ
باخی زیندەگی خەڵك هەڵدەپاچێ
دیسان حوكمێكی قەتعی نادرێ
وەجاخ زادەكان شەرم ئەیانگرێ
بە حەج و شەراب ئەڵێن وەك یەكتر
چاك چاكتر ئەكەن خراپ خراپتر
هەندێ پیشەمان هێشتا هەر ماوە
تەپڵ و بەیداخی حاجی یان باوە[2]
هەر دەڵێن قوماش كەمەو گرانە[3]
ڕیزە بەیداخی حاجی بڕوانە
خۆزگە مەبعووسیش بەیداخی ئەبوو
بە تەپڵ و بەیداخ بۆ مەجلیس ئەچوو
ئەوسایە دەنگیان دەڵێرتر ئەبوو
لە ناو كۆمەڵ دا ناویان دەردەچوو
ئێمە هەر لە سەر ئەو فیكرەین كە بووین
هەر لە ڕاوی یە زۆر چاكی بۆ چووین

(ژین) ژمارە (٨٥٣)ی (٢)كانوونی دووەمساڵی ١٩٤٧ز.

[1] ئەم نیوە دێڕە لای كاكەی فەللاح بەم شێوەیە نووسراوە (بۆیە بنیادەك خلك وەك تڕ ئەدوێ)
[2] باوە (پیرەمێرد) ماوە (كاكەی فەللاح)
[3] كەمەو (پیرەمێرد) كە بەو (كاكەی فەللاح)

٨٥٤

مرد لە واتەی خۆی ناگەڕێتەوە
ئەو تفەی ڕوی کرد نایلێسێتەوە
هەواڵی مەردی و شەرەف ئەپرسی
ناویان لێ ناوە کوردە نامووسی
چەندێکیش تەفرە سیاسەتێ بوو
(دیدەم نەدیدەم) کیاسەتێ بوو
هەندێ قورئانیان بۆ سوێند مۆر ئەکرد
پیاویان ئەبرد و گۆڕ بە گۆڕ ئەکرد
بۆیە وا لێیان کەوتوونە تەقە
"شەوقی" هەمیشە بەشی هەر شەقە
ئێمە باوەڕمان هەیە ئەم جارە
هەڵبژاردنمان بێ شەق و دارە
وەرن با ورد ورد بخوێنینەوە
مادەی (قباقچی) نەژیێنینەوە
فرستادەمان (ئینە مەوانۆ)
(پادار بگێروون بێ پا مەمانۆ)
مەشهوورە کە کورد مەردی مەیدانە
ئەمجارە هونەر بە گۆو گۆچانە
گاڵۆکێکی وام هەیە گرانە
یا بۆ دەستیانە یا بۆ سەریانە
بە خوا ئەم قەومە دەستە وەستانە[1]
خوا بکا سەرو دەست نەشکێ بەسمانە

(ژین) ژمارە (٨٥٤)ی (٩)ی کانوونی دووەم ساڵی ١٩٤٧ز.

[1] بە خوا (پیرەمێرد) یا خوا (کاکەی فەللاح)

٨٥٥

ئەگەر قابینە جار جار نەگۆڕێ
سەودای وەزیری دەبەینە گۆڕێ
سەری بێ سەودا تۆپی فوتبۆڵە
ماڵی بێ (پۆکەر) کولانەی چۆڵە
سیاسەتی ڕاست هەرۆ مەڕۆیە
ترسنۆك بەشی هەر باوکەڕۆیە
وادەی ئینتیخاب کەوتە بەهارێ
چاوەڕێبین جلمان بۆ بێ لە شارێ
جاران بە فەرمان ئەهاتنە کایە[1]
پێمان ئەوتن ئاشور ئاغایە
ئێستا بە ڕەئی هەڵیاندەبژێرن
لە دەنگی دەهۆڵ ناترسن، شێرن
نادان بە نووسین هەڵگێڕیتەوە
دیسان هەر لەفزی خۆی ئەگرێتەوە
مێشەسەگانە کە سەگ مە گەسە
هەڵیشیگێڕی هەروا ناکەسە
زرێی زانینت کە کردە بەرت
تاجی ئەدەبیش بنێرە سەرت
شۆرەت ئافەتەو شەهوەت فەرەنگی
زۆربوێژ نەگبەت، عیزەت بێ دەنگی[2]
تێ هەڵچوو دائیم سەر بە بەلایە
گۆشەگیر هەرگیز کشی بەرنایە

(ژین) ژمارە (٨٥٥)ی (١١)ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٧ز.

---

[1] فەرمان (پیرەمێرد) فرمان (کاکەی فەللاح) . یەکەمیان بە مانای ئەمر کردن دێ و دووەمیان بە مانای ئیش و کار.
[2] زۆر بوێژ(پیرەمێرد) زۆر بووین (کاکەی فەللاح).

٨٥٦

له دیجلەم پرسی شەتی ئاخر شەڕ
بۆچ لەگەڵ بەغدا وا کەوتوویتە شەڕ
ناوجەرگی خۆیان کردوە بە مەعبەر[1]
بۆ ئەمەی بۆ تۆ بێتە ڕاگوزەر
ئەم بەرو بەریان بۆ کردووی بە باغ
ئەلەکتریکیش دوررِی شەوچراغ
ئەو ڕەنگە لێڵەت بە تۆفانی نوور
ئەکا بە جیلوەی تەجەللای کۆی توور
کەچی تۆ لەگەڵ گەییشتیە بەهار
بە جۆش و خرۆش لێی ئەبی بە (هار)
کەف دەچەرێنی و دێیت بە گوڕ وەك شێت
بۆیە زنجیری (جسر) ئەخەنە پێت
جوابی دامەوە بە زوبانی حاڵ
وتی ئەی پیری ژیری کۆنەساڵ
لەو ڕۆژەوە خوا دنیای داناوە
بۆ ئاوەدانی کەوتمە ئەم ناوە
خزمەتی شارو شاو گەدام کردن
بە چاکی لەگەڵ هەمووم دەربردن
بەڵام ئەمانەی دەوری ئاخری
کەوتوونە نیفاق لەگەڵ یەکتری
گۆڕ وایە منیش بیانخکێنم
وەتەن پەرەستیان بۆ پێ بگەیەنم

(ژین) ژمارە (٨٥٦)ی (٢٣)ی کانوونی دووەم ساڵی ١٩٤٧ز.

---

[1] وشەی (مەعبەر) کە بە مانا فەیاخ دێ لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نوختەی بۆ دانراوە.

٨٥٧

دوو چشت هەن کەوا بە ڕەنگ و بەتام
چۆنی لێ بکرێ دێنە سەر مەرام
ئاو کە تۆ هێنات گردتە هەر قاپێ
ڕەنگی ئەم ئەگرێ، تەغییری نابێ
نموودی هەیە هیچ ڕەنگی نییە[1]
کەسیش نازانێ حیکمەتی چییە
مایەی حەیاتە گیان دار ئەژیێنێ
بەلام کە زۆر بوو پیاو ئەخنکێنێ
(مۆز)یش لە تاما هەر وەکوو ئاوە
بەهەر نییەتێ بیخۆی تەواوە
مەبعووسیش حەفتاو دوو بەری هەیە
بۆیە ئەمەندە خەلك بۆی توشنەیە
لای هەندێ لێرە هەر بۆ مەعاش بوو
بێ سەرمایەو ڕەنج پارەی بەلاش بوو
هەندێکیش ئەیویست دەستەی خۆی زۆر کا
بە دەستە بێ دەست بەی دەست کاو زۆر کا[2]
هەندێ بۆ شۆرەت هەندێ بۆ کورسی
کە جاران هیچ کەس لێی نەدەپرسی
نازانم چۆنە وا ئەمسالێ چواریان
مالدارو ناودار هاتوونە مەیدان
ئەمانە نەفعی شەخسییان ناوێ
خوا بکا نەبێتە جارێ لە ڕاوێ

(ژین) ژمارە (٨٥٧)ی (٣٠)ی کانوونی دووەم سالی ١٩٤٧ز.

---

[1] نموودی هەیە (پیرەمێرد) هەوایش کەهەیە (کاکەی فەللاح)
[2] (بەی دەست کا) لای پیرەمێرد ، (بەدەست کا) لای کاکەی فەللاح

٨٥٨

خوا دوو صیفەتی داوە بە بەشەر
ئەیانخاتە کار بۆ خێرو بۆ شەڕ
یەکێ لای ئەدا یەکێ ئیکێشێ
مەنفی و موسبەتیان تێك هەڵدەکێشێ
هەریەکە هەرچی بۆ دەنێرێ خوا
ئەیەوێ بیدا بە خزم و دۆست خوا
کردو کۆشیەتی ڕۆژ بۆ ئێواران
کۆدەبنەوە بۆ یاریی یاران
بە دڵێکی ڕوون بە گاڵتە و صوحبەت
گەلێ بێ خەمتر لە پاشای سەر تەخت
هەیشە لغاوی شەیتان لە دەما
بۆ سەر یەك خستن لە ڕەنج و خەما
ژن، نانێك بەرێ دەستی ئەشکێنێ
کوڕ ڕوانییە چێشتی چاوی دەردێنێ[1]
ئەوێ لێی دەردێ وشکی یە کاتەوە
کە بیخوا بە میز تەڕیەکاتەوە
خەپلەو ڕۆن لێك دوور، وان لە سەر سفرە
ئەڵێ ئەم نانە بەو ڕۆنە چەورە
خەیاڵ پلاویش ناکا نەك ڕاست بێ
ئێسرو بارگیری ئەبێ هەر خواست بێ[2]
نازانێ دەوڵەت بۆ ئەو بارێکە
بۆ مێردی ژنێ کرێکارێکە

(ژین) ژمارە (٨٥٨)ی (٦)ی شوباتی ساڵی١٩٤٧ز.

---

[1] کوڕ ڕوانی یە (پیرەمێرد) بۆ چیشتی (کاکەی فەللاح)
[2] بارگیری (پیرەمێرد) بارێکی (کاکەی فەللاح)

٨٥٩

بۆ فیض و ڕەحمەت شەرت ئیستیعدادە
قابیلیەتیش بەهری خوادادە
گەزۆ بە پەلکی بی یەوە تاڵە
لە سەردار مازوو هەنگوینی قاڵە
یارانی نیسان لە دەریا باری
لە ناو سەدەفدا بوو بە مرواری
کەچی لە دەشتا گوژاڵك ئەڕوێ
لافاو پیاو ئەبا لە پردێ کەڵوێ
بەم ڕەنگە هەرچی سروشتی بەدە
بۆ زیانکاری صەدی نەوەدە[1]
تەجرەبە زۆری تاقی کردەوە
"ان الانسان ليطغي" وایە
ئەووەڵ سوورەیە فەرمودەی خوایە
ئێمە بۆ بێگار بە ئیستیعدادین
چونکە پەروەردەی جەورو بێدادین
فیرعەونێکی واین مووسامان بۆ هات[2]
نەیتوانی بەند بێ سووکێ بۆی هەڵات
هەروەك (پاپاغان) قورئان ئەخوێنین[3]
لە پێستی گورگا وەك مەڕ ئەنوێنین
یاری یەك داهاتوە بۆ دەستەی سەر کار
پێ لە جەوالا ڕاکەن بۆ سەر شار

(ژین) ژمارە (٨٥٩)ی (١٣)ی شوباتی ساڵی١٩٤٧ز.

---

[1] زیانکاریی (پیرەمێرد) زیانباری (کاکەی فەللاح)

[2] پیرەمێرد مەبەستی لەو (مووسا)یە موسی شاکرە کە لە ١٩٤٦/٥/١٨دا بوو بە موتەسەریفی سلێمانی، تەنیا مانگێك و چەند ڕۆژێ هەڵی کرد، لە ١٩٤٦/٦/٢٧دا شاری بە جێ هێشت. مامۆستا کاکەی فەللاح لە پەراوێزی ئەم بەندەدا دەڵێ: (مەبەست موسی کاظم پاشایە کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٦دا موتەسەڕیفی سلێمانی بوو زۆر نەمایەوە گۆڕا بۆ لیوایەکی تر)

[3] پاپاغان، مەبەست لە (ببغان)ە واتە (ببغا) کە وشەیێکی عەرەبی یە بە مانای (تووتی).

٨٦٠

فەڕەنگ لە ڕۆژی یەکی نیسانا
درۆیێك ئەکەن لەگەڵ ئینسانا
تەفرەی کەسێکیان دا، هاتی بەختە
(پواسون داوریل) شانسێکی جەختە
تەنیا ڕۆژێکە درۆکەی ئەوان
هی ئێمە ئەڕوا بە ڕۆژ و شەوان
لە دەوری تورکا تەفرە زۆر باو بوو
پیاوێ بوو (عەجەم عیززەتی) ناو بوو
بو درۆزنی و بە زۆری چەنە
بوو بوو بە چاشاو والی ئەدرِ نە
هەرچی ئەچوە لای بەڵێنی ئەدا[1]
ڕاستیشی نەبوو یەکێ لە صەدا
کە ئەو ئەڕۆیی وای ئەگوت لە دوای[2]
(هەریفی شوبلە قاند دك قولای)
تەفرەی ئینتیخاب هێند بوە بە باو
عیززەت پاشامان وا کەوتۆتە ناو
هەرچی هەڵدەسێ پارە دائەنێ
خۆی تەرشیح ئەکا لای قازی بەنێ
کورسیمان شەشە و دوازدە بە پێوە[3]
هێشتا ئەوەندەی ترمان بەرێوە
هی ئێمە باشن خەڵك ئەیانناسێ
خۆ هەڵناکێشن پڕ بە کراسێ

(ژین) ژمارە (٨٦٠)ی (٢٠)ی شوباتی ساڵی١٩٤٧ز.

---

[1] نەچووەلای (پیرەمێرد) نەچووە (کاکەی فەللاح)
[2] وای ئەگوت (پیرەمێرد) ئەیوت (کاکەی فللاح)
[3] کورسیمان (پیرەمێرد) گوریسمان (کاکەی فەللاح)

٨٦١

پیاومان لە زۆر شوێن مەردی ئەنوێنێ
بەدخوا خەریکە وا ئەو ئەنوێنێ
بە (بێ هۆش داروو) تریاك ئەبێژن
خۆڵی مردوومان بە سەرا ئەبێژن
بو (مانیاتیزمە) هیچکەس نەماوە
ئەمانئوێنن هەروا بێ ماوە
کاری خۆماڵی بێگانەی ناوێ
ئەم ناوە پیاون بە هەموو ناوێ
لە لاوە بێیتە ئەم ئاوەدانیە
وا دەگەیەنێ پیاوی تیا نیە
هەر ژن ئەخوازن بۆ پیاو لەو لایە
پیاوت خواست ئەڵێن بۆ "کەڵەگا"یە ؟!
ئەوانەی بۆ ماڵ مل کەچن دەمرن
دەك ملیان شکێ بێ (ئونور) ئەمرن
ئەتوانم حەقی خۆم بدەم بە تۆ
حەقی گەل نادەم بە مەشکەیێ دۆ
ئەگەر دەست بەری بۆ دۆی ئێلەکەم
بە پیری یە مەشکەژەنێت پێ ئەکەم
خۆ (ژین) بە بەدناو ئەتدا بە تاریخ
ئەیخاتە پێش چاو ڕیخۆڵەت تا ڕیخ
ئەوەش ئەزانم ئیلەکەم مەردە
هیچ باکی نیە لە بگرەو بەردە

(ژین) ژمارە (٨٦١ی (٢٧ی شوباتی ساڵی١٩٤٧ز.

بچیە سەر لقێ و لە بن دا بیبڕی[١]
دیارە مل شکان بۆ خۆت ئەکڕی
دێیتەوە دیمان کە لەو سەرەوە
وەك ڕێبوار، زرکی کاڵ مەکەرەوە
کە تۆ ئەتەوێ لەگەڵمان بژیت
نابێ نارەوا پیاومان بکوژیت
بۆ مەعاش حەقی میللەت ئەفرۆشی
لێ کەوتی لامان ناژیت بە خۆشی
باوکت لە بەهەشت دەرچوو بۆ گەنم[٢]
تۆ شلە ئەخۆی ئەچیە جەهەنم
کە گەل بۆ ئیشی خۆی تۆی هەڵبژارد
تۆزاوی مەبە بۆ تۆزکاڵێ نارد[٣]
چونکو چاو بە چاو ئەکەوێتەوە
ناوی بەدناویت لێ نابێتەوە
کە دێینە مەیدان خۆ هەڵدەکێشین
لە هەموو قەومێ زیاتر بەکێشین
کەچی بە هیچە هەموو ملکەچین
بۆ سواغی قەصری ئاغا وەك گەچین
جاران (بایع) بوو (عیب) قەلبی (بیع)بوو
ئێستا حەفصەمان لە فەحص دەرچوو
ئەمانە هەمووی بۆ وەزنی شیعرە
واتەی پڕوپووچ لە شاعیر مەگرە

(ژین) ژمارە (٨٦٢)ی (٦)ی ئازار (مارت)ی ساڵی١٩٤٧ی ز.

---

[١] بچیە (پیرەمێرد) بچیتە (کاکەی هەڵلاح)
[٢] لێرەدا مەبەستی لە وشەی (باوکت) ئادەم پێغەمبەرە دروودی خوای لە سەر بێ
[٣] تۆزکاڵ: مەبەست لە کەمە شتێکە، زۆر جار وتراوە (تۆزقاڵ)

٨٦٣

دوو، لا بە حەقی خۆیان بوون ڕازی
ئیش ناکەوێتە لای حاکم و قازی
ئەوسا(مەواشیر) ئاش بەتاڵ ئەکا[١]
یا خەرمان لۆغەی هەرزن و گاڵ ئەکا
مەگەر ئیعلامی ژن هێنان دەرکەن[٢]
کڵاوی سووری سپی لە سەر کەن
خۆزگە ئەو پیاوەی ژن وماڵ دارە
نەدەبوو کە ژن بێنێ دووبارە
ئەم دووبەرەکیە لە دوو بەرەیە
باوەژن ئاگری شەڕ خۆش کەرەیە
دوو برا ئەگەر لە دایکێ نەبن
ڕەگی یەکتری دەردێنن لە بن[٣]
یا، بیشڵێین دایك دایکی خۆمانە
ئێستا، سیاسەت باوەژنمانە
باوەژنێکی جادوومان هەیە
هیچ کەس تێ ناگا کە چەند بەوەیە
باوکمان لێ بووە بە باوە پیارە
دادمانە لە دەست کوێخای بێ کارە
کاتێکمان زانی خەمشەمان بڕا
شەڕە دەندووکە لە "کولانە شڕا"
(کەیفی) شاعیرمان ئەمەندە حوڕە
تێرمان لە جاوی گازری پڕە

(ژین) ژمارە (٨٦٣)ی (١٣)ی ئازاری ساڵی١٩٤٧ز.

---

[١] مەواشیر: مەبەست لەو کەسەیە کە لە بەردەمی حاکم دا خەڵکی بانگ نەکرد واتە (مباشر). ئەم وشەیە لای کاکەی فەللاح نوختەی بۆ دانراوە.

[٢] دوای وشەی ئیعلامی لای کاکەی فەللاح نوختەی بۆ دانراوە.

[٣] یەکتری (لای پیرەمێرد)   یەکێتی (لای کاکەی فەللاح)

شانس كه به كوردى (تالعى) ناوه
له تەبیعەتی چێرکدا خولقاوه
پیاوێ پیاوی دی گورج هەڵدەفڕێ
کەچی له دەوری کەرێ ئەگەڕێ
زۆری وا هەیە کەر لەو چاکتره
به مسته جۆیێ بارەبەرتره
ئەو باریش ناباو لەقەیش لێ ئەدا
ڕەخنە ناگیرێ له کاری خودا
دنیا که ناوی پایەی گەوریه
سیاسەتەکەی هەموو تەفرەیه[1]
له هیچه یەکێ بەرز ئەکاتەوه
ئەیباتە ئەوجی ژوور ولاتەوه
نازانێ که وا ئەم سەرخستنه
لەو بەرزەییوه له پڕ خستنه
هەتا له بەرزتر بکەویتە خوارێ
دیاره که ئەستۆی ئەشکێ به جارێ
هەندێ چشت هەیە چاکه له لامان
دوایی له دەستی دێینه ئەلئەمان
زۆر چشت له پێش دا خراپ دیاره
کەچی له پاشا بۆ دیار ، یاره
بزانین ئەمجار چۆن ئەبێ بۆمان
ئەوه گۆڕ ئەویش مەیدانێکی پان

(ژین) ژماره (٨٦٤)ی (٢٠)ی ئازاری ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

---

[1] هەموو (پیرەمێرد) هەبۆ (کاکەی هەڵلاج)

٨٦٥

عیلمی حوقووقمان کە سەر دەفتەرە
بۆ وەزیفەی بەرز یەکە ڕەهبەرە
لکێکی زۆری لێ ئەبووەوە
من خوێندم بەلاّم بیرم چوەوە
حوقووقی دووەل قورس تر بوو باسی
چونکو پێویست بوو بۆ دیبلۆماسی
ئێستا ئەو دەرسە باوی نەماوە
کە زۆر کەوتە ناو ئەو کەوتە لاوە
عیلمی فیقهیشمان وای لێ بەسەرهات
مۆدەییێکی وا لە ناوا داهات
حەرام حەلاّلی وەها ڕاوناوە
حەلاّلْ سەربڕا نوتقی نەماوە
عهرض و ماڵی خەڵك شەرعەن حەرامە
نەوەك ماڵ عەرضیش بۆ زۆردار ڕامە
هەرای حورییەت کەوتە ناوەوە
لە پڕ هەردوو پێی کەوتە داوەوە
ئێستا بە بێ قۆرت ئیستیبداد حورە
وەك کوردە دەڵێ چرا هەڵبڕە
ئەویش کە ئەمڕۆ کەوتوەتە هاوار
هەر بۆ ئەوەیە خۆی بێتە ڕووی کار
ئەمانە ئێمە زوو تێیگەیشتین
نووسیمان جرتیان بۆ ڕادەهێشتین

(ژین) ژمارە (٨٦٥)ی (٢٧)ی ئازاری ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

ئەم بەندە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نی یە، نووسیوەتی (٨٦٥ دەست نەکەوت)

دوو عادەت هەیە وەك مەتەڵ وایە
یەکێکیان ترسەو یەکێ هیوایە
ترس بۆ ئەوەیە کە لە سەر کارە
عەکسی ئەو مەفصوول کە هیوادارە[1]
حەق وابوو ئەوەی کەوا مەئموورە
بەو بڵێن لە سەر کارەو مەسروورە
کەچی ئەوانەی بە ئیش سەربەرزن
لە ترسی فەصلی (فەصل) ئەلەرزن[2]
کەوابێ مەعزوول ئاسوودەترە
هیوای تەعیینی ئاتی لە بەرە
ئەمەندەیان ڕست هەی دیموقراتی!
ئەم عالەمەیان خستە نەهاتی!
وەك ڕشانەوەو مەرگی موفاجات
زەیل و فەصڵیان خستە ناو وڵات
مەتەڵەکەی تر ڕاستەقینەیە
بۆیە هەمیشە خەرجی پینەیە
بزنیان سواری گامێش کردووە
تۆیش سواری ئەبی کەچی مردووە
لە بەرەژوورە، کە هەموو ئەسپێ
قوشقونی شلەو بەرەی ئەچەسپێ
ئەو بەعەکسەوە دێتە گەردو خول
لە شاخ قوشقونی توندە بەرەی شل

(ژین) ژمارە (٨٦٦)ی (٣)ی (نیسان)ی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

---

[1] عەکسی (پیرەمێرد) حوکمی (کاکەی فەللاح)
[2] ئەلەرزن (پیرەمێرد) نەترسن (کاکەی فەللاح)

پیاوی ئەم دەورە وەك ڕەنگی بەهار
بێ ئیعتیبارەو بێ شەرت و قەرار
هەندێ جار لە خەو هەڵسای بەیانیان
سایەقەی سامالْ ئاسۆی شین و جوان
کاکڵە هەورێکی پێوە نابینی[1]
ئەچی بۆ سەیران بە بێ تێبینی
لە پڕ ئەیکاتە شەستە ڕەهێڵە
دە، ڕاکەو کەس و کار بە جێ بێڵە
ئەڵێن: بارانی نیسان شیفایە
بەڵام هەندێ جار تەرزەی لە دوایە
ڕەزی هەزارێك خۆی کە بەر ناگرێ
تەرزە ئەیکوتێ ئەویش بەر ناگرێ
بۆ دەوڵەمەندیش تۆ، لە خوا گەڕێ
باران ئاش، وشکان جووتی ئەگەڕێ
زۆردارو زەروو ئاویان خوێن مژە
زەرو پاکژە زۆردار پیاو کوژە
کەر و ئێسترت ئەگەر بەر کەوێ
بە کەر ڕەزا بە ئێسترت نەوێ
کەر بارەبەرە بێ دەنگ و صەدا
ئێستری چەمووش جووتەت لێ ئەدا
ئێستر دووڕەگە بڕوای پێ ناکەم
هی وایشیان هەیە گوێی ناباتە چەرم[2]

(ژین) ژمارە (٨٦٧)ی (٧)ی (نیسان)ی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

---

[1] کاکڵە (پیرەمێرد) کلکە (کاکەی فەللاح)

[2] مەبەستی لەوەیە کە لە کاتی جووتە وەشاندن دا دوو گوێی بۆ دواوە ناباتەوەو جووتەی خۆی دەوەشێنێ. چونکە ئەو گیانەوەرانە کە خۆیان بۆ شەڕ ئامادە دەکەن گوێیان بۆ دواوە دەبەنەوە. ئەم نیوە دێڕە لای کاکەی فەللاح نوسراوە (هی وایشمان هەیە گووی ناباتە چەم).

٨٦٨

بەهار بۆیە پیاو لەبەر خەو گێژە
چونکە شەو کورتە و ڕۆژگار درێژە
خوا پێداو بە ڕۆژ سەر خەو ئەشکێنێ
بۆ پاسەوان شەو خەو سەر ئەشکێنێ
خۆزگە کە ئەڵێن خەوی پێنجەی تار[1]
خەوی هێجگاریی ئەخست لە بەدکار
هەمیشە فیتنە با لە خەوا بێ
هەرچی هەڵیساند حەواڵەی خوا بێ
(النوم أخو الموت)یان وتووە
فیتنە بە برای خەویش زیندووە
وانێکە کوێر بوو مارتینی لە مشت[2]
هەر بە خۆڕایی کە پیاوی ئەکوشت
ڕووتی نەئەکرد هیچی نەئەبرد
حەزی لە لینگە فرتێکەی ئەکرد
لێ پرسینەوە نەبوو ئەوسایە
باوجود ئێستاش لەومەرە دایە
بەڵام ئەمجارە ناوێکی ترە
سەر ئازادی یە گوێی لێ ڕاگرە
براکەم ! ڕاستی تۆ لەمن ببیە
شکڵی ئیدارە نازانن چیە
ئێمە بە دارو فەلاقە فێرین
لە دەر وەك ڕێوین، لە ماڵا شێرین[3]

(ژین) ژمارە (٨٦٨)ی (٢٤)ی (نیسان)ی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

---

[1] نیوەی ئەم نیوە دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نوختەی بۆ دانراوە.
[2] وانێك: وەك، هێن یان هەرامەیان شتۆکە بە کاردێت. جالێرەدا مەبەستی لە یەکێکە کە پێی دەڵێ (کابرایێکی کوێر بوو).
مارتینی: جۆرە تفەنگێکە لە زەمانی تورك دا بە کار هاتووە.
[3] لە ماڵا (پیرەمێرد) لە ناوا (کاکەی فەللاح)

٨٦٩

"ژوول وەرەن" هەڵسا دنیا بگۆڕێ
بەو سەودایەوە گوێی نایە گۆڕێ
بە خەیاڵ تۆپی هێنایە مەیدان
گوللەی بگاتە چەرخی ئاسمان
زەمین هاتە ڕاست خەتی ئیستیوا
بەو گوللە تۆپە بیگێرێتە دوا
تۆپی خۆی هاویشت کردی بە هەرا
چەرخی فەلەکی پێ تێك نەدرا
نە دەور گۆڕا نە جەوری زۆردا
بۆمباو قونبولە زۆرتر کەوتنە کار
بەکەس چاك نابێ (دەنی) ناو ناوە
خوا ئەم جیهانەی وا سروشت داوە
بۆیە لە بەهەشت دەریپەڕاندین
تۆوی دوژمنی لە ناوا چاندین
ئێستا حیزبەکان هاتوونە مەیدان
بە گوێچکە پچوڕکێ کەوتوونە تەکان
گوریس کێشەکێ هاتووتە پێشێ
هەر کەسیە بۆ لای خۆی ڕایدەکێشێ
هەندێ ئەحرارن هەندێ وەتەنی
دیمۆقراتیەکان پێیان پێکەنی
دڕ دەن وا هاتن تیپی دیموقرات
عەدڵ و موساوات ئەخەنە وڵات

(ژین) ژمارە (٨٦٩)ی (١)ی ئایاری ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

منداڵان لە سەر شەقامی قیرتاو
خەتێ ئەکێشن پێی ئەنێنە ناو
بازی تیا ئەدەن بە هەنگڵەشەلێ
ئەمێنێتەوە ئەوە بۆ گەلێ
دەستەیەکی تر کە هاتنە کایە
هەر ئەو یاریەیە نەریتیان وایە
لە بەرەوژورەیش کەرێ ئەمیزێ
دوای ئەو هەرچیەکیان کە هات لە ڕیزێ
ئەبینی ئەویش بۆ میز وەستاوە
ئەمە بە کوردی خەرمیزی ناوە
چاولێ کەرییەو کردەوەی کەری
خووێکی بەدەو ئەڕۆن لە سەری
وەنەبێ زەرەر هەر بۆ خۆیان بێ
هەڵەوەڕە، دز دێنێتە سەر دێ
لە گا گەلێك دا گوێرەکەیەکیان
کەوتە شینایی و خواردی بەریان
هەموو گاگەلی ئێوە ئەگلێنێ
میریی جەزاکەی لە شوان ئەستێنێ
دەست بە کڵاوی خۆتەوە بگرە
ڕەشەباییێکی سەختە لەم دەورە
با وجوود ئێستا سەرڕووتی باوە
بۆیە بە ئەدەب وا بێ کڵاوە[1]

(ژین) ژمارە (٨٧٠)ی (٨)ی ئایاری ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

---

[1] بە ئەدەب (پیرەمێرد) بێ ئەدەب (کاکەی فەللاح)

ولاخی نەگریس کە وا بار نابا
هەر بارنەبەرە بشچێتە کابە[١]
زۆر کەر لە پیاوی کەر وریاترە
بە وۆش ئەوەستێ گوێ ڕایێڵترە
گوێ ڕادێر لە لای خێوی نازدارە
بارنەبەر بەشی نەقیزەو دارە
بەنی ئادەمیش دیسان هەروایە
پیاوی بەکارو بەدکاریان تیایە
بەلام ئینسان و حەیوان وەك یەك نین
زۆری وا هەیە کە بەشانس ئەژین
بەربوونە عالەم بە گاز و لەقە
هەژار بێزارەو جێگای پێ لەقە
کەچی ئەبینی ئەوان لە پێشن
تێکرا ئەم خەلقە باریان ئەکێشن
من ئەڵێم هەوای ئەم شارە وایە
قەدری زۆرداریان زۆرتر لە لایە
هەرچی بۆ هەڵکەوت خۆی لە خۆی گۆڕی
بێ دەسەلاتی ، وا حەلاڵ خۆری
گورگانە شەوێ لای لایەمانە
پیاوخۆرەکەش وا لە بەر دەرگانە
لە منداڵیەوە بەچەترسێنین
بۆ شوێن گورگ کەوتن پەت ئەپسێنین

(زین) ژمارە (٨٧١)ی (١٥)ی ئایاری ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

---

[١] هەربارەنەبەرە (پیرەمێرد)   هەرباره بەرە (کاکەی فەللاح)

٨٧٢

بێدەنگە ئەوی کە کار بەدەستە
هەرچی کە لێکەوت وەتەن پەرەستە
پەتایەك هەیە شەمەکەی ناوە
کە جار بە جارێ کەوتە ئەم ناوە
هەرچی ئەبینی پژم و هووڕییە
دووزەلەی لووتی تووڕە تووڕییە
ئێستا .... ئەو پەتایەیە
دەماغ گەرمی ئەو نیمچە تایەیە
ماڵ وێرانیەکەی هەر بە کورد بڕا
بە دڵپاکی خۆی پێی چوو بە قوڕا
بە چاوی خۆمان دیمان تەفرە بوو
بە ئاشکرای دای بە گورگان خواردو
ئێستاش نە بامان دیوەو نە باران
ئەو سەودایەیەو کۆمەڵی یاران
هەندێ لە بەدیی خۆیان دەرئەکرێن
ئەبنە ئاگرو لە کۆز هەڵ ئەگرێن
دەربەستی کەس و کار نین لەبەر قین
ئەڵێن بسووتێ و ئێمەیشی تیا بین
کە کەوتیشەوە سەر ئیش بێ دەنگە
چۆن سەرئەکەوێ قەومێك بەم ڕەنگە
بۆ نییابەتیش زۆر کەس لە پێشا
ئەهاتە مەیدان خۆی هەڵ ئەکێشا

(زین) ژمارە (٨٧٢)ی (٢٢)ی ئاياری ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

جاران خوا قینی ئەگرت لە شارێ
بە ناخی زەویا ئەیبردنە خوارێ
یاخۆ قەومێکی بەوەو ئەترساند
لەئاسمانەوە بەردی ئەباراند
کە پێغەمبەری ئێمە پەیدا بوو
لە بەر خاتری ئەو ئەمانە لاچوو
ئێستا لە رێگای دین لاماندا وە
خواو پێغەمبەرمان هێند لێ رەنجاوە
وا، وردە وردە ئەمانترسێنێ
لە شوێن بەرد جارێ خۆڵ ئەبارێنێ
ئەم خۆڵ بارانە لە جێی ئینزارە[1]
هەر وا بین نۆرەی بەردە ئەمجارە
هەرچی ئەبینی کەوتوەتە گزی
جۆی گیان لەبەریان وەك کووتاڵ دزی
ئەمە کردەوەی خۆیان هاتە رێ
ئەگینە ئێرە و فەلەستین لە کوێ
سوپاسی ئێمە با بەجێ بێنن
وا لێرە تۆڵەی ئەوان ئەسێنن
خۆزگە بایعی کوتاڵ و قوماش
بە جووت ئەکەوتنە ناو دۆزەخی ئاش
دەستەملان ئەبوون بە جووت وەك یۆڵداش
ئەترنجاتە بەینی دوو بەرداش

(ژین) ژمارە (٨٧٤)ی (٥)ی حوزەیرانی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

---

[1] لە جێی ئینزارە (پیرەمێرد)   لە جێی وا دیارە (کاکەی فەللاح)

٨٧٥

ئەم چەندەی کە وا تەنیا بووم بۆ خۆم
منیش خەریك بووم باینجان بخۆم
دوایی دیم ئەوی باینجان خۆرە
هێند سەودای زۆرە لێی بووە بە خۆرە
شەوی لێ ڕۆژە ڕۆژی لێ شەوە
بۆ منداڵی خۆی بووە بە شەوە
ئەگەر بە کەسێ بڵێی قومار باز
گۆشتت ئەپچڕێ بە دەندووك وەك باز
کەچی قوماری هێند لە لاخۆشە
بە بیرەی جۆکەر بێ مەی سەرخۆشە
بلۆق پۆکەر بۆ ئەم دەورەیە
بە دەورە پیشەی پیاوی گەورەیە
موحتەسیب کە خۆی خواردیەوە دیارە
لەگەڵ سەرخۆشا هاو پیاڵەو یارە
لە کوێی بێخەوە ڕەمەزان پاشا
"محان" جارِ بداو بانگ کا لە پاشا[1]
ئەوی ڕەمەزان کە ڕۆژوو نەگرێ
بە ئەمری پاشا وا وای لێ دەکرێ
وا ڕەمەزانیش وەختە بێتەوە
لە هەموو ماڵێ ڕۆژ ئەکرێتەوە
بە لۆقەو بە ڕەوت بە دڵ و نا بەدڵ
هەمووومان تێکڕا ئەگەینە مەنزڵ

(ژین) ژمارە (٨٧٥)ی (١٩)ی حوزەیرانی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

[1] بانگ کا (پیرەمێرد)   بانگ دا (کاکەی فەللاح)

٨٧٦

ئەم کوردە هی وای تیا هەڵکەوتووە
کە بۆ گەل هیوای تیا هەڵکەوتووە
لەگەڵ، لەگەڵ گەل بە چاکیان زانی
لەگەڵ مەرگ ئەچنە بەربەرەکانی
ڕشتەی ژیانیان ئەکەن بە گوریس
گوریس کێشەکێ ئەکەن بۆ ئەگریس
هەر بۆ ئەوەیە کە بڵێن: ئازان
ئەگینە پێیان ناڵێن: خانەزان[١]
ئەوەی بۆ دایك شەفەقەت ئەنوێنێ
باوەژن لە توێی خاکە ئەینوێنێ
کە تو کەوتیتە بەربەرەکانی
نایێڵن گۆزەت پڕ کەی لە کانی
ئەمڕۆ ڕۆژێکە سیاسەت باوە
لە زۆرە ملێ چیت داوە! باوە
کە تۆ بێ دەستی و دەرفەتت کەمە
مەڵێ ئازایی پیشەی باوکمە
بە (ولاتلقوا بأيديكم) خوا
ئامۆژگاری تۆی فەرموو بەرودوا
بەڵام تۆ ئەڵێی مەردی ئەنوێنم
ئەمرم و گەلی پێ ئەژیێنم
کێ تۆی لە بیرە لە دیواخانا
تەنها قوڕ ئەکەی بە سەر لاوانا

(ژین) ژمارە (٨٧٦)ی (٢٦)ی حوزەیرانی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

[١] ناڵێن (پیرەمێرد) ئەڵێن (کاکەی فەللاح)

٨٧٧

لاییَکم ئاگر لاییَکم ئاوه
خاکم تۆز ئەکا بە ڕەشەباوە
خۆزگە چاریَکی ڕەشەبا ئەکرا
یا هیچ نەبوایە فیشاڵ دوای ئەبرا
پڕۆپاگەندە فیشاڵی ناوە
دەمیَکە لە ناو ئیَمەدا باوە
ئیَستا دەست ، دەستی دەست بە کیَردی یە
بۆیە هەڕەشە نیوەی میَردی یە
بە کیَردەکولە هاروون لە ناوچوو
وەك تڕی بن گۆم دەنگیَکی نەبوو
پارەداری ڕژد ئەزانی چۆنە؟
تڕی بیَ دەنگە و تسی بیَ بۆنە
خۆزگە ئەمزانی ئەوانەی نایخۆن
بۆ میَردی ژنی جیَ دیَلن ئەڕۆن
لە قەبرەکەوە ئەیدی بە چاوان
بە پارەکەی ئەو ئاهەنگی لاوان
ئەوەیش کە لە ڕیَی خوادا ئەیبەخشیَ
بە هەموو هیَزی دەوران نالەخشیَ
چرووکی و بەخشین بە خواستی خوایە
هەرچۆنیَ قیسمەت داینابیَ وایە
کە ماڵی خۆیان ناخوریَ بۆیان
قەمتەر کراون بە لغاوی شەیتان

(ژین) ژمارە (٨٧٧)ی (٣)ی تەموزی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

٨٧٨

خوێندن تەئسیرێ ناکاتە سەرخۆ
نەگریس بە چاك و خراپ ئەڵێ خوو
(بێ عیار) کە (ی)ی لاچوو (بێ عار)ە
هەرچی عەیاری گۆڕی عەیبارە
ئەو ئیسرەی کەوا مەخصووصی جووتە
گوێی بە چەرمەوە نابا بۆ جووتە
زۆرداری وایش هەیە چلکن و گەڕە
کە ئاشی گەڕا ئەوسا بە گەڕە
شەیتان زۆر پیاو چاك ئەگێڕێتەوە
کتێب بۆ ئاخریی ئەگێڕێتەوە
بەرسیسای عابید لە (وەلی) ئەچوو
بە تەفرەی شەیتان لە ڕێی دین دەرچوو
دوو برام دیوە ئەولیا زادەن
بۆ هەموو ئەمری شەیتان ئامادەن
بەوەدا ئەڵێم: نەتەوی وەلی
زۆر مل ئەشکێنن بە زۆرە ملی
دنیا هەنگوینەو بنیادەم مێشە
قاچی تێ چەقی ئازای ڕایکێشە
هیچ کەس ناناسرێ بە بێ لێ قەومان
بوار، سپی و ڕەش دەردەخا بۆمان
نو**قطە**ی عائیلە بوو بە غائیلە
بۆیە بۆ دونیا خەڵك هێند مائیلە

(ژین) ژمارە (٨٧٨)ی (١٠)ی تەموزی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

شەیتان پیاڵەییێك هەنگوین ئەگێڕێ
پیاوچاکی لە دین پێ وەردەگێڕێ
کە ئەمووستێکی لە دەمی هەڵسوو
ئەبێتە پیاوی ئەکەوێتە دوو
لە جیاتی شەیتان ئەوان ئەگەڕێن
(شیاطین الانس) بەوانە ئەڵێن
ئەمانە دەستەی لە خوا نەترسن
لە خزم و کەس و کاریان ناپرسن
هی وایشمان هەیە هێند بێ نامووسە
بەوە ئەخوڕێ کە وا جاسووسە
ئەم دەردە پیسەی کە ئەخلاقی یە
لە برەودایە هەروا باقی یە
تا هەموو لایەك ئەمە نەزانین
نابین بە هیچ و بێ پشتیوانین
خۆ ئەگەر خوای کرد لەمە گەیشتین
پشتمان دایە یەك ئەوسا بە پشتین[1]
پشت و قووەتمان کە لە خۆمان بێ
پیاوین هەر چۆنێ ئارەزوومان بێ
ئێستە کە کەلکی خۆمانمان نییە
ئیتر بێگانە ئێمەی بۆ چییە
چار هەر ئەمەیە بەتەفرەی شەیتان
نەدەین لە سەرو گوێلاکی خۆمان

(ژین) ژمارە (٨٧٩)ی (١٧)ی تەمووزی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

---

[1] ئەوسا (پیرەمێرد) ئەوا (کاکەی فەللاح)

۸۸۰

وا بە خلە خل مام ڕەمەزان هات
ڕەمەزان بۆ ژنان مەرگی موفاجات
کەس مانگی نەدی تۆپ ئاگر درا
نەمزانی چۆن بوو ئەم حوکمە درا
کەیفی خۆیانە کە من نەیگرم
چیمە لە خەڵکی لە بەریان مرم
ڕەمەزان ناویان ناوە (مرضان)
دوو نەخۆشییە برسی و ئاوبەندان
برسیەتی ڕاستە هەژار بێ نانە
ئاوبەندیش نییە کە ئاو بەندانە
کەبابخانەکەم دەرکی داخرا
بێ کەبابیی هات بەسەرا ، سەرا
بەڵام ئەوانەی خوایان خۆش ئەوێ
بە بارقورسی ئەوس شانیان نانەوێ
کە هیوای دایە فیکرو یادی خوا
هەرچی کە ویستی لە بەهەشت ئەخوا
پیاو باری خەمی کە هات بەسەرا
ئەبینی چەند ڕۆژ ئیشتیهای بەسرا
دیارە بە خۆشی و زەوقی ڕۆحانی
زۆر گوێ ناداتە خواردنی نەفسانی
بەڵام شەیتانمان ئەمەندە زاڵە
ئەم پەندە لامان وەك گرِوگاڵە

(ژین) ژمارە (۸۸۰)ی (۲٤)ی تەمووزی ساڵی/ ۱۹٤۷ ی ز.

٨٨١

که تۆ خۆت ناسی خوایشت ئەناسی
ئەوسا کەس نالێ: کاسی و کەساسی[1]
خواناس لە بەندی بەندەگی دوورە
لە بەندە دوورە وا ڕەنگی سوورە
ستەمە لەگەڵ ئەبنای زەمانا
هەڵکەی لە شێوەی ئەمن و ئەمانا
هی ئەوتۆ هەیە کە زۆر لێت پرسی
ئەو وائەزانێ کە لێی ئەترسی
زۆر کەسمان دیوە کاتی کەم دەستی
ڕوویەکی خۆش و دۆستی پەرەستی
لەگەڵ بەڕێکەوت کە کەوتە کارێ
خۆی بەرز گرتووە هێندەی چنارێ
کاتێ لینگەوقووچ کەوتوەتە خوارێ
سەرو گوێلاکی ورد بووە بە جارێ
ئەوی لە پێشا بایەزیدێ بوو
بای ڕێکەوت و (با)ی بایەزید لاچوو
هەموو ئایەتێك لە سوورەی قورئان
فەرموویە خۆتان لادەن لە شەیتان
بەڵام ئەو هێندە فریوی زۆرە
زۆر کەس لەخشتە ئەبا بە نۆرە
خوا وای داناوە ئەبێ هەروا بین
ئێمە لە ئادەم عاقڵ تر نابین

(ژین) ژمارە (٨٨١)ی (٣١)ی تەمووزی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

---

[1] کەس (پیرەمێرد) کە (کاکەی فەللاح)

هەر بارگیرێکی بە سەر سم فێر بێ
پێی ئەڵێن یاخوا ناڵبەندت کوێر بێ
تەربییە لە سەر دایك و باوك فەرزە
کە تەربییە بوو کردەوە بەرزە
خووی چاك لە خوێندن گەلێ پێشترە
بەدخوویی عالم زۆر بە ئێشترە
ئەو خراپەیەی خوێندەوار ئەیکا
ئوممی نایزانێ دەرکی پێ ناکا
ئەوەیش باوکی چاك تەربییەی دابێ
هیچ باوەڕ مەکە سەر دەرهەوا بێ
نازی ڕۆڵەی چاك لە سەر باوکە
تیشکی تەربییە وەك چراوکە
زۆری وایش هەیە کەوا ئەصیلە
کەچی لە ڕاستی شەیتان زەلیلە
شەیتان هەر لە دووی چاکان دەگەڕێ
ئەیەوێ پیاو چاك لە دین وەرگەڕێ
ئەگینە بۆ بەدئەو هەوڵ نادا
هەیە کە دەرسی ئیبلیس دا ئەدا
جلی ڕەش و بۆر کە چڵك هەڵئەگرێ
لەککەیێ لە سەر سپی ئەبینرێ
کەمترە تاڵی ترۆزی و خەیار
هەنگوین و کاڵەك ئەبنە ژاری مار

(ژین) ژمارە (٨٨٢)ی (٧)ی ئابی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

٨٨٣

ڕەمەزان ناوی وەسمان سێ لاقە
هەر دە ڕۆژ لاقی ئەشکێ سێ تاقە[١]
بیستەم تێپەڕی دوو پێی شکاوە
لاقی سێهەمی سەختە شکاوە
هەرچەند ڕۆژووەوان هێزی بڕاوە
قەدرو سەوابی کەوتۆتە دواوە
جاران کە ئەبوو بە بەرەجەژنان
منداڵ بە گاڵە ئەکەوتنە مەیدان
بە ئاڵ و والآ و بەرگی زەردو سور
گۆرانییان ئەگوت بە سازو سەمتوور
ئێستا گرانی وای بە سەر هێنان
منداڵمان بێ جل کەوتوونە گریان[٢]
ساڵێکە ئەڵێن: کووتاڵ ئەدرێ
جل و بەرگ دڕا درۆ دوای بڕێ
ئەوی کە بەشی خۆی پێ بڕاوە
ئەو باکی چییە منداڵ گریاوە
بەزمی ئەزمڕ و سەرچنار باوە
قوڕ بەسەری بۆ مەعاش خۆر ماوە
نرخی خوارنمام یەك بە پەنجایە
قوماندەی مەعاش (برەندە صایە)[٣]
کەسیش ناوێرێ بڵێ بۆچ وایە
ئەڵێن: قیسمەتەو کاری خودایە

(ژین) ژمارە (٨٨٣)ی (١٤)ی ئابی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

---

[١] هەر دە ڕۆژ (پیرەمێرد) هەر ڕۆژێ (کاکەی فەللاح)
[٢] گریان (پیرەمێرد) مەیدان (کاکەی فەللاح)
[٣] (برندە صایە) لای کاکەی فەللاح نوختەی بۆ دانراوە.

884

شاخ لە پەشیمان ئەگەر بڕوایە
ئەبوو بێ شاخمان زۆر کەم بمایە
دەسەڵاتدار بی و لە خەڵك ببووری
پەشیمان مەبە لای خوا مەئجووری
چونکو لێبووردن شێوەی خودایە
تۆڵە هەمیشە ترسی لەدوایە
بەڵام وەزیفە مەطلەب ئەگۆڕێ
حاکم بۆی نییە لە کەس ببورێ
بەدی لەگەڵ چاك چەند ناسزایە
چاکەیش دەربارەی پیاو خراپ وایە
ئەو تفەی ڕۆت کرد مەیلێسەرەوە
ڕێسێ هەڵت کرد مەیرِێسەرەوە
بە وشکە ئیکرام میوان تێر نابێ
باز چەشە نەبێ بە ڕا و فێر نابێ
بێ منەت بژی بە گیاو بە گەپڵە
نان بدە بە سەگ مەیدە بە سپڵە
دز کە جارێکت تاقی کردەوە
مەیخەرەوە سەر کار و کردەوە
لە بەر چرادا دزی ناکرێ
کەوتووینە دەورێ چرا ئەدزرێ
ئاگری گرانی ئەمانسووتێنێ
ئاویشمان نی یە تا دایمرکێنێ

(ژین) ژمارە (٨٨٤)ی (٢٨)ی ئابی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

٨٨٥

تازە هەندێ فێڵ سەری هەڵداوە
شەقی لە نۆینی جانباز هەڵداوە
هیچ ئاگات لە خۆت نییە ئەتفرۆشێ
صەد جار نێریش بی ئەو هەر ئەتدۆشێ
ئەینێرنە حەج ئەڵێن: حاجییە
پڕ بن باخەڵی خاچەو خاچییە
وەجاخزادەیی باوی نەماوە
هەر جاخی تووتن برەوی باوە
هەڵ بەز و دابەز وا لە پێشەوە
گورزی خۆت بگرە تۆ لە پێشەوە
ئەگینە کە بۆی دەرچووی لە ناکا
لە ماڵی خۆیشتا کەس ڕووت تێ ناکا
قصوورت نەبێ (قصور)ت نابێ
چل سوورت نەبێ چل سەوزت نابێ[1]
دینارت نەبێ کارت دەرهەمە
لێرە، هەر لیرە لابەری هەمە[2]
قەڕنی قڕان بوو قڕانی هانی
چەند خۆش بوو دەورەی صاحێبقڕانی
هەتاکوو خۆزگە بخوازی بۆ پارە[3]
ئۆخەی بۆ ناکەی خۆزگە بە پارە
هەر مەیلی خوایە کە وا دین ئارە
پشت لە قیبلەیەو ڕوو لە دینارە

(ژین) ژمارە (٨٨٥)ی (٤)ی ئەیلوولی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

---

[1] لای کاکە وا نوسراوە (چل سوورت نەبێ چل سوورت نابێ)
[2] هەم: هەم، خەم
[3] بخوازی (لای پیرەمێرد) بخۆی (لای کاکەی فەللاح)

ئەو سیاسییەی ئەڵێن: دڵ ئاگا
لە فڕو فێڵی ئەم چەرخە ناگا
زۆر جار دیومانە ئەوەی زۆردارە
بووە بە خاوەند کۆت و قەنارە
بسمارك پەرەنسی قەومی ئاڵەمان
کە پێ یان ئەگوت: سیاسی جیهان
فکری (الحکم لمن غلب) بوو
لە ڕیزەی قەولی پێغەمبەر دەرچوو
فەرمووی پێغەمبەر (صلی الله علیه)
"الحق یعلو ولا یعلی علیه"
ئەیبینی ئەڵمان تا بڵێی ئازان
بە فەن و صەنعەت پێشکەوتووی دنیان
تۆوی غروریان لە دڵیانا چاند
بە زۆرە ملی زۆر ملیان شکاند
ئاگرێکی وایان بەردایە جیهان
چەرەدووکەڵی گەییە ئاسمان
سەیریان کەن دوایی خۆیان تیا سووتان
زۆری نەماوە بمرن لە برسان
دیموقراتییەکان کە بۆ سەهیۆنی
عەرەبی نەجیب بخەنە زەبوونی
هیچ فەرقیان نابێ لە گەڵ ئەڵەمان
گوێمان لێ ئەبێ بڵێن: ئەلئەمان

(ژین) ژمارە (٨٨٦)ی (١١)ی ئەیلوولی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

٨٨٧

بێ دەرەتانێ کە مەعاش خۆرە
لەگەڵ کاسب دا فەرقیان چەند زۆرە
مەئموور کە چاوی لە مەعاشیەتی
بۆ تێپەڕینی ڕۆژ تەلاشیەتی
ئەیەوێ عومری لێ کەم بێتەوە
تا سەری مانگی زوو بۆ بێتەوە
هیچ دەربەست نییە یاخۆ نایزانێ
کە عومری ئەڕوا بۆ تیکە نانێ
تیجاریش ڕۆژی دوو ڕۆژەی ئەوێ
فریای فرۆختی ماڵی تر کەوێ
بەڵام دەوڵەمەند خاوەند سەرمایە
ڕۆژ و شەو لە لای ئەو وەك یەك وایە
خەریکی بەزم و کەیفی خۆیەتی
چ پەروای دەردی من و تۆیەتی
ئەم هەراو هۆریاو شەڕی جیهانە
لێکی بەیتەوە هەمووی بۆ نانە
سیاسەتی چەرخ مەکری ژنانە
خۆی دوون پەروەرەو نان لای دوونانە
بۆیە جوولەکە دووی شەڕ ئەکەوێ
ئەڵێ سیاسەت منی پێ ئەوێ
پەندی پێشینان لە من وەرگرە
ئەوی جووی بۆی لە جۆ کەمترە

(ژین) ژمارە (٨٨٧)ی (١٨)ی ئەیلوولی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

٨٨٨

وا تێگەیشتم کە ئەم دنیایە
بە چی ڕاگیرەو سڕی چی تیایە
مریشکێکمان بوو کە هێلکەی ئەکرد
هەر لە خۆیەوەو کەوتە قرتەقرت
وتیان مرە کوڵ وا کڕ کەوتووە
خۆیشی ئەم چەندە هێلکەی کردوە
عەلی بنێرە پێنج هێلکە بێنێ
بیخەینە ژێری و جووجك هەڵێنێ
ناردم پێنج هێلکەی تریان بۆ هێنا
خستیانە ژێری و جووچکی هەڵێنا
پاسێکی ئەکرد ئەتگوت بەلایە
کەس نەی ئەوێرا بچێ بە لایا
تا گەورەی کردن بوون بە کەڵەشێر
لە دایکیان ئەداو ئیانناپە ژێر
کەچی ئەو دایکە هەم دیسانەوە
قرتەقرتی بوو لە بۆ نانەوە
ئینجا تێ گەییم کە خوا بە زەوی
خستوەتە دڵی خەڵکی سەر زەوی
ئەم کوێرەوەریەو ڕەنجە ئەکێشێ
ئەمەند بۆ منداڵ جەرگی ئەیێشێ
خوا خۆی بە دوژمن ناوی بردوە
دنیای بە ئەولاد ڕاگیر کردووە

(ژین) ژمارە (٨٨٨)ی (٢٥)ی ئەیلوولی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

٨٨٩

مار و دووپشك و زەردەواڵە و مێش
هاوین دەست ئەکەن بە ئازار و ئێش
زستانان زۆریان ئەچنە کونەوە
چەندێ لە یەخەی عالەم ئەبنەوە
ماری پێدراو دووپشکی مەلعوون
لە هەر چوار فەسلا واپێمان فێر بوون
لە پڕ چزەمان لێ هەڵدەستێنن
بە ژانی ژاریان دڵمان یێشێنن
با وجوود ئێمە بەوانە فێرین
بە خۆشی خۆشی هەڵیان ئەبژێرین
حکوومەت وەك شوان گورگ ئەتەرێنێ
مەڕ دووی ئەکەوێ خۆی واز ناهێنێ
وتمان خوێندەوار پارێزگارترە
ئەوی خوێندوویە بارەی خۆشترە
بە حوشتریان وت خوا کوڕی دایتێ
وتی بە من چی بێبار نیم ساتێ
لەگەڵ ئەم دەردەیش ڕوانیمە دنیا
وەنەبێ ئێمە وابین بە تەنیا
دنیا بە جارێ وەها تێك چووە
شێواوە ئەڵێی خومخانەی جووە
ئێمە لە گەلێ جێگا چاکترین
قەلە باچکەین بۆ شەیتان شاترین

(ژین) ژمارە (٨٨٩)ی (٢)ی تشرینی یەکەمی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

چۆلەکە ئەنویٚ شەو لە کولانە
هەمیشە ڕووی پێی لە ئاسمانە
ئاسمان ڕووخا بیگرێتەوە
کە دەستیشی شکا بیگرێتەوە
هەندێکیش دەڵێن نووکە بەردووخێ
لە ئاسمان گیر کەین سووکێ ئەڕووخێ
منیش دەست ئەگرم بە کڵاومەوە
لە دووی بابردوو زۆر خولامەوە
نەغمەی وەتەنمان پاپاغانییە
هەر بە زوبانە لە دڵ دا نییە
هەیە قازانجی هەر بۆ خۆی ئەویٚ
ئەگەر بێ و جارێ بۆی ڕێ نەکەویٚ
ئەڵێ وێران بێ منیشی تیا بم
کە خۆم لێی نەخۆم بۆچ بە هیوا بم
هی واشمان هەیە خۆی بە برسیەتی[1]
هەڵدەکاو تەنها هەوڵی گەلیەتی
هەڵدەستێ ڕێی چاك بدۆزێتەوە
ئیل لە بەر باران بگوێزێتەوە
بە پەڵ بەر ئەبنە سەرو گوێلاکی
خراپەی ئەڵێن لە بریتی چاکی
چاری ئەم دەردە خوێندەوارییە
ئەگینە نەزان دەردی کارییە

(زین) زمارە (٨٩٠)ی (٩)ی تشرینی یەکەمی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

---

[1] خۆی بە برسیەتی(پیرەمێرد) خۆی برسیەتی (کاکەی فەللاح)

٨٩١

سەرکەوتن بۆ جێی بەرز چەند گرانە
هاتنە خوارەوە هێندە ئاسانە
کە بەرز بوویتەوە هەوادار ئەبی
لە پەستیدا بی هیوادار ئەبی
هەوا کەوتە سەر پێی بایی ئەبی
بایی بی لای خوا پوول بایی ئەبی
دەساڵ ڕەنج ئەدەی دۆستێ ئەگری
بە ساتێ وای لێ ئەکەی ئەگری
بە تکە تکە گۆزە پڕ ئەبێ
کە بە قلّپ ڕژا کوتو پڕ ئەبێ
کە بە ڕەنجی شان چشتێ پەیداکەی
هەڵناگرێ شەن و کەوی تێدا کەی
ئەوی دەست کەوێ بە بادی هەوا
بایەخی نییە بە فیڕۆ ئەڕوا
دوو کەلیمەیە دەوری های و هوو
ئەوی بە هوو هات بەهای لە دەست چوو
ئەمانە واتەی گوێ ئاگردانە
ئێستا دەور دەوری تۆپ ئاگردانە
ئەبینن دەوڵەت ڕووی کردە کەسێ
عەقڵ و حیکمەتی تیا دەحەبەسێ
هەیشە بە زۆری شەقی ئەخورێ
بەو شەقە حەقی بێ دەست ئەخورێ

(ژین) ژمارە (٨٩١)ی (١٦)ی تشرینی یەکەمی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

٨٩٢

پایزمان بۆ هات بو گیپە خواردن
هەندێکیش پارووی یەکتر ژماردن
دوای گیپە کەشکەك نەریتی کۆنە
کە بەفریش باری دۆکەشك و ڕۆنە
ئەم دوو خۆرایە خۆڕایی نیە[1]
کەم دەست ئەیزانێ مەسرەف چیە
ئیمام باییلْدی هێندەی تێ نەچوو
لە تاوا ئیمام لەسەر خۆی نەچوو[2]
کەشکەکیش ترێ ڕەشکەی پێ ئەوێ
ئەمانە بۆ من چۆن ڕێك ئەکەوێ
کەشکەك و گیپە بۆ دەورێ خۆش بوو[3]
کەس وکار بۆ یەك دڵ بە پەرۆش بوو
ئێستا برایی بڕاوەتەوە
چرای دڵ روونی کوژاوەتەوە
ئەیشخوا و پێت ئەڵێ لە باتی چاکە[4]
مویێ لە بەراز بێتەوە چاکە
هەرچی ئیبینی هەتا حەیوانات
بیلاوێنەوە ڕوو ئەکاتە لات
ئەم بنیادەمە هی وامان تیایە
خزمەتی ئەکەی ڕەنجت بە بایە
ئەگەر ئایینی ئیسلام بگرین
وەك براین ڕەخنە لە یەکتر ناگرین

(ژین) ژمارە (٨٩٢)ی تشرینی یەکەمی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.
ئەم پەندە لە لاپەڕە (٨٨)ی بەرگی چوارەمی پەندەکانی چاپی کاکەی فەللاح دا بەهەڵە ژمارەی (٩٨٣)ی دراوەتێ.

---

[1] خۆرا(لای پیرەمێرد)   خۆراك(لای کاکەی فەللاح)
[2] ئەم دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا پاش و پێشە.
[3] ئەم نیوە دێڕە لای کاکەی فەللاح بەم شێوەیەیە (گیپەو کەشکەك بۆ دەوری نەخۆش بوو).
[4] ئەیشخوا (پیرەمێرد) ئەویش (کاکەی فەللاح)

٨٩٣

ئەم چەرخە زۆر جار چەرخی ئەگۆڕێ
بە قومار بازی مەردی ئەدۆڕێ
بە جارێ زۆردار ئەخاتە مەیدان
پیاوی بە ناموس ئەکەنە گریان
پاروو لە دەمی هەژار ئەفڕێنن
ماڵی زۆر کەسی بێ دەست ئەڕمێنن
هەرچیش کە لەوان کۆ ئەبێتەوە
سەرو گویلاکی خەڵك ئەکوتێتەوە
ئەوان زوڵم ئەکەن خوا فەقیر ئەگرێ
بە زوڵمی ئەوان نان و دۆ ئەبڕێ
نانمان ئەبێتە خەپلەی داڕوجان
نانەوا ئەبنە شیبری بێ ئامان
ئاگری تەندووریان وا لە پێش چاوە
جەهەنەمیان هیچ لە بیر نەماوە
نانێ کە هەژار بێ (پێخۆر) ئەیخوارد
پڕیە لە کەپەك، هەویرێکی سارد
بەلەدییە هات بە ئەهەمییەت
فڕنی داناو کەوتۆتە هیممەت
لەگەڵ چاوێکیان لێ غافڵ کرا
بە کونەبانا گاجووت سەر خرا
بەم ڕەنگە پاشقول لە یەکتر ئەگرین
دیسان لە گەلێ وڵات چاکترین

(ژین) ژمارە (٨٩٣)ی (٦)ی تشرینی دووەمی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

٨٩٤

چەند خۆشە مەردوم ئینسانی ناو بێ
بە تەنها ماڵە گلێنەی چاو بێ
یوسف لە کاری خوادا ئالآ بوو
هەر هێندەی خۆش بوو کە لە چاڵا بوو
من ڕۆژی حەشرم بۆیە لا شەوە
کە دیسان تێکەڵ بە خەڵك ئەبمەوە
ئەلەکتریکمان کەوتۆتە نۆرە
بۆیە ئەمەندە تالبی زۆرە
بەری دوو برا بەربوونە هەرا
ئێستا دوو برا بوون بە دۆ بڕا
تاعوون و وەبا پێکەوە هاتوون
هەردوکیان لە دەست ...... هەڵاتوون
ئەوان بە جووتە بەرێیان ئەکەن
بۆ سەر ئەوانەی سەرپێچی ئەکەن
کەوابێ ئێمە لێیان ناترسین
برسیش بین دیسان هەر بە ڕاو پرسین
ئەو جووتە هەر چەند جووتە وەشێنن
چوارەی لای ئێمە ئەوان ئەشکێنن
قسە هەزارەو دوانی بەکارە
(وەبا) بێ و با بێ مەرگ بۆ هەژارە
خواستی خوا وایە پیاوی دەوڵەمەند
قەزای ئاسمانیش پێی ناخاتە بەند

(ژین) ژمارە (٨٩٤)ی (٢٠)ی تشرینی دووەمی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

چاوو ناوو ئاو، ئەم سێ ئەشیایە
وا دەرکەوتووە تەئسیریان تیایە
چاوی پیس لەگەڵ بە کەسێ هەلات
دەس بە جێ خۆشی و ساغی لا هەڵات
ناویش لە ڕێ و بان (الیاس)ت تووش هات
ئیتر بزانە کەوتیە ڕێی نەهات
ئەوڕەحمان پاشای حاکمی بابان
بۆ بەغدا ئەچوو بچێتە دیوان
(ئەلیاس) ناوێکی لەڕێ توش بووبوو
لە قاپیی بەغدا هاتەوە نەچوو
دوایی زانیبووی ئەگەر بچوایە
قەرار درابوو کە بگیرایە
ئاوی هەندێ جێیش ئەوەی ئەینۆشێ
تەبیاتی توندە گێچەڵ ئەفرۆشێ
ئاوی شەقلاوەو ئێرەو حەمامۆك
لە ناو خۆیانا ئەبن بە ناکۆك
بۆ لاوە، لاون زۆر بە پیاوەتین
تەنها لەگەڵ یەك دوژمنن بە قین
جگە لەم سیانە هی وامان تیایە
هەر دەرماڵێ چوون فیتنەو هەرایە
مەشهوورە ئەڵێن: لێرە ئەترِن
نان و دۆی خزمی کەرکووك ئەبرِن

(ژین) ژمارە (٨٩٥)ی (٢٧)ی تشرینی دووەمی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

هەڵدەگرێ ببمە منەت باری "جوو"[١]
کە ئەم وەحدەتەی پێ خستینە ڕوو
عەرەب و کوردو تورك کە یەك خرا
هەروا بڕوانە "جوو" تێی هەڵدرا
ئیفاق بەربووبوە سەرو گوێلاکمان
جوولەکەیش چاوی بڕیبوە لاکمان
ئێستا لاوانمان وەك شێری ژیان
بە دەنگی دلێر هاتوونە مەیدان
ئەم قەومەی کە خوا دەربارەی ئەوان[٢]
فەرمووی یەك بە (دە)ن بۆ ڕۆژی مەیدان
چۆن لە ڕاستی (جوو) ڕوو وەرنەگێڕن
لە خەیبەرەوە بەوانە فێرن
ئێمەیش نەتەوەی (صلاح الدین) ین
خۆمان بەو ناوە لایق ئەبینین[٣]
جیهادی "قودس" پەیڕەویمانە
فیداکاری مان شەرتی ئیمانە
ئای لە عێراق و جۆش و خرۆشی
وا بۆ سەر شایی ئەچین بە خۆشی
هێجگار کچانمام هاتوونە غیرەت
ئەڵێن: جیهادی دەوری سەعادەت
قەسیدەخوان و پێش لەشکر کچ بوون
عائیلەی (نەبی)یش لە لەگەڵیان ئەچوون

(ژین) ژمارە (٨٩٦)ی (١١)ی کانوونی یەکەمی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

---

[١] منەتبار (پیرەمێرد)   منەتکار (کاکەی فەللاح)
[٢] کە خوا (پیرەمێرد)   کەوار (کاکەی فەللاح)
[٣] بەوناوە (پیرەمێرد)   بەناوە (کاکەی فەللاح)

٨٩٧

جووی گەڕی گەڕۆك لێمان کەوتە گەڕ
هەرا ئەخاتە ناو بەشەر بە شەڕ
نازانن ئەوەی کە پێی دەنازن
کەسیان خۆش ناوێ سیاسەت بازن
ئەمڕۆ جوولەکە ڕاست ئەکەنەوە
هەر بۆ ئەویە گرەو بەرنەوە
ئەگینە کێ بێ هیوای بە "جوو" بێ
ئاب دەستخانەمان ئەبێ بۆ (.......) بێ
هەموو دەوڵەتێك بە خوو و کردەوە
قەومی جوولەکەی تاقی کردەوە
خاسیەتێکی ڕاستی تیا نەدین
دەریان پەڕاندن لێیان کەوتنە قین
ئێمە ئەمەمان کە دێ بە سەردا
خوا ئەیکا دەستمان لە دینمان بەردا
ئێستاش ئەگەر بێ و ڕووبکەینەوە خوا
هەر لە پێشەوەین ناکەوینە دوا
ئەگەر لە سەر دین هەڵسین بۆ جیهاد
(صلاح الدین)ی کورد بێنینە یاد
بەگیان تێکۆشین بۆ دین وەك دوێنێ
گەڕ و تەشقەڵە وازمان لێ دێنێ
لە شەڕی پێشوو هێندە کوژراوە
هیچ کامیان هێزی شەڕیان نەماوە

(زین) ژمارە (٨٩٧)ی (١٨)ی کانوونی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

دنیا هەر ڕۆژە ڕەنگێ ئەنوێنێ
هیچیشی لە سەر بارێ نامێنێ
ڕۆژێ هاوارە باران نابارێ
کە باریش ئەڵێن غەرق بووین بە جارێ
هەر کەسە لە سەر هەوای خۆیەتی
تەنها هەزارە باوکەڕۆیەتی
دەوڵەمەند وا ڕێی خۆی گرتوەتە پێش
هەندێکیش بوونە یابووی سنگ هەڵکێش
لە گەڵ هەوساریان لە سەر داماڵا
لە گەڵ جەردەدا ئەکەن بە ماڵا
گۆزەو دیزەمان تێکرا ئەشکێنن
ئاشناو دۆستمان لێ ئەڕەنجێنن
هەی بژی کابرای لە خشتەی بردین
نەوجوانانی لە دەست دەر کردین
مەنفەعەتێکی خۆی لە ناوا بوو
بو ئەوە داینی بە گورگان خواردوو
ئەو لاوانەی وا لە کیس ئێمە چوو
ڕۆستەمی زاڵیش وا ئازا نەبوو
ئەڵێن مارانگاز گوێچکەی شل دەکا
لەخشەی مار و مێروو سڵ دەکا
ئێمە دوای ئەوەی مار پێوەی داوین
ئەنجا بۆ دووپشك زۆرتر بە تاوین

(ژین) ژمارە (٨٩٨)ی (٢٥)ی کانوونی یەکەمی ساڵی/ ١٩٤٧ ی ز.

گەردشی جیهان ڕوو لە چەوتییە
ڕۆڵەی ڕوو لە ڕاست هەڵس و کەووتییە
هەرچی دێتە ناو بە گەڕو گوڕە
وەك قەمەی عەجەم بە دوو لا بڕە
ئەوانەی چەوت و خوێنڕێژن وەك شێر
ئەیانبستنە پشت بە جوان و بە پیر
هەڵیان ئەکێشن دەمیان ماچ ئەکەن
مەرەزەی عومری پێ سەرپاچ ئەکەن
هەر ئەو شیرەیشە کە دەست دوژمن کەوت
دای لە خاوەندی پێشووی سەری کەوت
هەزار بار ئەڵێن: شیر بێ وەفایە
کەچی هەر کەچی لە برەودایە
ئەم کەچ ڕەوییەی ئەم کەچ بینانە
ئەڵێن: نیشانەی ئاخر زەمانە
ئەیانگوت ئیتر نۆرەی جەجاڵە
بە فیشاڵ دەرچوو ئەم گڕوگاڵە
تەرسی کەرەکەی جەجاڵ خورمایە
هەر بۆ خورمایە خەڵکی لە دوایە
ئێمە خوریشمان هەیەو نایکڕن
لە هەر سێ لاوە هەر بە نەوت خڕن
سا، باوە گوڕ گوڕ شەخصەکەی خۆمان
ڕووناکی یەکت ببێ بۆ خۆمان

(ژین) ژمارە (٨٩٩)ی (١)ی کانوونی دووەمی ساڵی/ ١٩٤٨ ی ز.

٩٠٠

زۆر کەس لە ئاگر قازانج ئەبینێ
کەچی بۆ نەزان دەست ئەسووتێنێ
ئەوی بیزانێ و بیهێنێتە کار
لە ئاگر ئاڵتوون ئەبا بە خەروار
ئەوەیش نەیزانێ کە چی پێ ئەکرێ
دووکەڵ و خۆڵ و گەرمای پێ ئەبڕێ
گەورەیش بە سروشت وەك ئاگر وایە
خراپەو چاکەی وا لە بارایە
بەڵام بەو شەرتەی بە عەقڵ و فنوون
یا بۆ ماکینە یا بۆتەی ئاڵتوون
بە کاری بێنێ نەوەك بۆ خەرمان
پێ بسووتێنێ و زیان بۆ خزمان
ئەڵێن: کە قەومێك ئاتەش پەرەست بوون
ئەو خەرافاتە ئێستا بەسەرچوون
ئاینی ئیسلام دیموقراتییە
موسوڵمانی ڕاست ڕوو لە هاتییە
ئێمە عەقڵمان وەها ببڕێ
لەم لاو لەو لامان ئاگر ئەگرێ
وا چاکە وەك ئەو ئەصحابەی صەفەین
لە هەرا خۆمان بێ تەرەف لادەین[١]
نانی موعاویەو نوێژی پشت عەلی
لە مەعرەکەیش دا (جلوس التل)

(ژین) ژمارە (٩٠٠)ی (٨)ی کانوونی دووەمی ساڵی/ ١٩٤٨ ی ز.

---

[١] (لە هەرا) ژین ، (لە هەوا) کاکەی فەللاح

۹۰۱

مانگی سەفەری ئەمساڵ زۆر تووش بوو
گێچەڵ و شەڕو هەرامان تووش بوو
دەعوای فەلەستین وەك غەزای خەیبەر
جیهادی دینی هێناوینە بەر
لەم لایشەوە وا موعاهەدەیە
لە سیاسەتدا موزایەدەیە
گەرەکی خواروو یۆنان بۆی دەرچوو[1]
گەرەکی ژوورویش قەوامی تێك چوو
مەکتەبەکانیش کەوتنەوە غرێو
سەری کێوی قافیش پڕی بوو لە دێو
دنیا کەوتبوە شەرە کەڵەشێر
سەری جووجووڵە ببوە کەللەی شێر
هەموو گێچەڵی مانگی سەفەر بوو
کوڵە چوارشەموو دوێنێ تێپەڕ بوو
ئیتر خوا فەتحی ئیسلامی هێنا
دیارە نامێنێ نەگبەت لە بەینا
دوای تەنگانە خوا خۆشی ئەنێرێ
هەندێ جاریش مەڕ بە گورگ ئەسپێرێ
خوا هیچ کارێکی بێ حیکمەت نییە
کەم کەس ئەزانێ مەبەسی چی یە
بزانین چۆن ئەبێ ئەم ئازو گوێزە
ئاوی زۆر ئەوێ ئاردی بەپێزە

(ژین) ژمارە (۹۰۱)ی (۱۵)ی کانوونی دووەمی ساڵی/ ۱۹٤۸ ی ز.

---

[1] یۆنان بۆی دەرچوو (ژین) بۆنان (کاکەی فەللاح)

که کار کەوتە دەست تەبیعەت مردوو
فاتیحە دادەن بۆ ڕۆحی زیندوو
سەرم سوڕماوە لە کردەوەی خوا
زۆر مردوو بەشی زیندوان ئەخوا
هی وایش ئەبینی کە تێ هەڵچۆیە
بە بێ لێ خوڕین خۆی سەرەڕۆیە
شوێنی وا هەیە کە ئاوی زۆرە
هیچی لێ ناڕوێ زەویەکەی شۆرە
خوا ئەگەر بیدا ئاوو ئەرازی
بیهێنە بەرهەم پێی دەبن ڕازی
ئەویش ئەبینێ مسکین ڕەنج ئەدا
زۆردار نایداتێ بیستی لە سەدا
خوا بۆ ئەویشی تا سەر ناهێڵێ
ئەمرێ و بۆ مێردی ژنی جێ دێڵێ
ئەمانە هەموو لە پێش چاومانە
تەماع بۆ چاومان بووە بە تانە
لەو ڕۆژەی کە خوا دنیای داناوە
هەر بەش خوراوی بۆ هەژار ماوە
خوا لەوەو دنیا (تۆڵە) ئەسێنێ
هەرچی کە کۆن بوو کەڵکی نامێنێ
ڕاستت پێبڵێم سەبر زۆر تاڵە
خۆ ئەڵێن: سەبری خوا چل ساڵە

(ژین) ژمارە (٩٠٢)ی (٢٢)ی کانوونی دووەمی ساڵی/ ١٩٤٨ ی ز.

٩٠٣

زەروو کە خوێنی پیسی پیاو ئەمژێ
لە مار چاکترە بە ژار ئەکوژێ
خۆ هێجگار دووپشك لە گردەی بەدا
هەرچی هاتە پێش پێیەوە ئەدا
لەم دوانە بەدتر بەنی ئادەمە
وەزندمان بۆ یەك بە دەست و دەمە
بۆ یەکی نالێم کەس گوێی لێ بگرێ
ئەم ئاگرە تا بێ زیاتر گڕ ئەگرێ
باقڵ ئەم جارە ئاگری زەردەشتە
مووشەدەمەکەی شنۆی بای وەشتە
وا دەردەکەوێ ئاخر زەمانە
چونکو دەورێکە باوی ژنانە
کە پیاوان ریش و سمێڵیان تاشی
من وتم ژنان ئەبنە بێگباشی
دەمێکە بە دڵ من چاوەڕوانم
چونکو من ڕەسمەن کوێخای ژنانم
وا جینسی خەشین سەر و دەست ئەبڕن
هەر جینسی لەتیف دڵ نەرم ترن
کە ژنان دەستیان گەیشتە کوتەك
پیاوان ناچارن بچنە بە خەڕەك
هەلی هەلهەلەی کچانمان هەڵکەوت
سەردارو سەرەك وەك بێسەری کەوت

(ژین) ژمارە (٩٠٣)ی ڕۆژی (٢٩)ی کانوونی دووەمی ساڵی/ ١٩٤٨ ی ز.

٩٠٤

هەر بلێی ئەزم وا هەڵ دەبەزم
هەموو شەوێکت نابێ بە بەزم
(پیروەیسی خلك) ئەیگوت سەردەمێ[1]
مێ بووگە وە نێر، نێر بووگە وە مێ
خوا ژنی بە ژن دروست کردوە
ماڵ و زاوزێی پێ سپاردوە
موویان درێژە عەقڵیان کورتە
ئیتر چیانە لەم جرت و فرتە؟!
ئەوەی لە کاری خوا ڕەخنە ئەگرێ
هەر دەردیسەری و شەڕی پێ ئەبڕێ
ئێمە هەر بەوە ماڵمان وێرانە
کلکی تەورەکە لقی خۆمانە
خۆشە ڕووبەڕوو دوژمنت دیار بێ
نەك بە دەستی خۆت پێت بریندار بێ
بۆ ئازادیی گەل مردن شایی یە[2]
لەگەڵ خۆ هەرچیت کرد خۆڕایی یە
ئەمانەی خۆیان کردوە بە گەورە
دنیای دینارە تێکرا بە دەورە
سا خوا لەمانەی گیانیان فیدا کرد
بەیداخی بەرزی گەلیان بەرپا کرد[3]
هێندێکی وامان بۆ پێ بگەیەنێ
میللەت لە چنگی زۆردار دەربێنێ

(ژین) ژمارە (٩٠٤)ی (٥)ی شوباتی ساڵی/ ١٩٤٨ ی ز.

---

[1] پیروەیس خلك(ژین) پیروەیس خەڵك (کاکەی فەللاح)
[2] بۆ ئازادیی گەل (ژین) بۆ ئازایی (کاکەی فەللاح)
[3] بەیداخی بەڕێ ی (ژین) بەیداخی بەرزی(کاکەی فەللاح)

٩٠٥

دەستەی کار بەدەست لێیان بوو بە (خوو)
وەك دووبەرەكی لێك كەوتوونەڕوو
هەر كەسێ لە پێش خۆی دانرابێ
ئەبێ ئەو لایبا، ئەگەر برا بێ
پیاوی خۆی دێنێ بۆ سەر ئەو كارە
ڕاستە كە بزن شیری بۆ كارە
پیاو ڕماندنیش هێندە ئاسانە
سێ حەرف ! سێ بەردەی دەستی ژنانە
(ف) و (ص) و (ل)ە مەرگی ئەم فەصڵە [١]
بۆ هەندێ فەصڵە بۆ هەندێ وەصڵە !!
بیست ساڵ لەمەوپێش پەندی پێشینان
ئەم پیشە حیزەی خستبوە مەیدان
"فرە مێرد بەری بۆ نایەتەبەر
"بریسی یا پەر، ئەوبەری بۆ زەر"
ئیتر ئەمەك و عیلم و ئیقتیدار
ئەو سێ بەردەیە كە ئەكرێتە كار
ئەوەیە دەردی ئەم مەئموورانە
ترسی دوارۆژو هەوڵی گیرفانە
دەردی گرانتر كە گرانییە
بەوە مەعاش خۆر گیانی تیا نییە
هەرچی ئەیكرن بوو بە یەك بە چل
مەعاش زیاد ناكا تەوقی چۆتە مل

(ژین) ژمارە (٩٠٥)ی (١٢)ی شوباتی ساڵی/ ١٩٤٨ ی ز.

---

[١] (فصل): لێك جیابوونەوە، واز لێك هێنان.

٩٠٦

خوا فریشتەی وای سروشت پێ داوە
نیوەی لە ئاگر نیوەی لە ئاوە
زۆری وا هەیە کە باوەڕ ناکا[1]
من لەمە ئەدوێم لەگەڵ پیاو چاکا
ڕۆژێ کابرای جاف کە پێی پەتی بوو
دڕکێکی لە بن پێ هەڵچەقیبوو
هاوڕێکەی گەییە فریای دەست و برد
دڕکی دەرکێشاو لە پێی دەرهاورد
پرسی ئابرا! تو خوا پێم بێژە
ئەم دڕکە بەچی ئەمەندە تیژە؟
وتی بێ فەڕ تۆ شێتی و گێژو وێڕ
کە خوا فەرمووی تێژ گشتی بووگە تێژ
چەند خۆشە ئینسان باوەڕی وابێ
بێ ڕەنگاندنەوە خوای لە لا خوا بێ
بەڵێ خوا هەندێ پیاو دروست ئەکا
کە بە چاووڕاو (بسمارق) پەست ئەکا
خۆی وا ئەداتە قەڵەم وەك کوێخا
کە شوێنی کەوتن میللەت سەر ئەخا
تا هەندێ لاوی خوێن گەرم هەڵدەستن
بۆ فیداکاری کۆمەڵ ئەبەستن
هەر ئەمەندەیە تا ئەو دێتە ناو
ئیتر کار تەواو ئێلیش بەش خوراو

(ژین) ژمارە (٩٠٦)ی (١٩)ی شوباتی ساڵی/ ١٩٤٨ ی ز.

---

[1] ئەم دێڕە لە(ژین) دا هەیە بەڵام لای (کاکەی فەللاح) نی یە.

٩٠٧

ئەوانەی کە وا کاریان بە دەستە
کە هات لە ڕەئیا بوون بە دوو دەستە[١]
ئەگەر هەردوو لا بۆ گەل خێرخوا بن[٢]
هیواداری ڕاست بە خێری خوا بن
بە حوسنی نییەت کار ئەبەنە سەر
درەختی ئەمەل بۆیان دێتە بەر
فەرموودەی (نەبی) بۆمان حوججەتە
کە ئیختیلافی ئوممەت ڕەحمەتە
بەڵام غەرەزی شەخصی کەوتە ناو
ڕەحمەت زەحمەتە دراومان دۆڕاو
من لاوی وام دی کە (شەشی ئەیلوول)
بەردەرکی سەرای کرد بە گەردەلوول
مەتەرالیۆزی بە خەنجەر شکاند
ئازایی یەکی شێرانەی نواند
ئەو کەسەی خۆیان بۆ دا بە مردن
ئەو بە دەستی خۆی کەلەبچەی کردن
شینم بە شیعری ئەکرد ئەوسایە
ئێستەش گریانم وا لە قوڕگایە
کورد نابڕێتەوە خەیاڵی خاوە
بەراتی نەجات بە خوێن نووسراوە
من بۆیە ڕەنگی سوورم خۆش ئەوێ
مژدەی شەفەقی لێ دەردەکەوێ

(ژین) ژمارە (٩٠٧)ی (٢٦)ی شوباتی ساڵی/ ١٩٤٨ ی ز.

---

[١] کەهات (ژین) هاتن (کاکەی فەللاح)
[٢] ئەگەر هەردوو لا بۆ گەل (ژین) ئەگەر هەردوولا بۆ خەڵك (کاکەی فەللاح)

زەمانەیەکە کار بە زوبانە
تیغمان زوبانە چەوری هەسانە
دەست و زوبانی پاك بێ زیانە
بەد زوبانییە ئافەتی گیانە
هەر، هەڕو گیڤە ، هیچەو پڕوپووچ
لە پڕ خاوەندی ئەخا لنگەوقووچ
درۆزن چەرمی ڕووی هێند ئەستوورە
درۆشی ئەگرێ ئەو بێ فتوورە
ئەوی جارێ درۆی لێ بووە بە خوو
پێی تەرك ناکرێ بیشکەوێتە ڕوو
(پواسون داوریل) یەکی نیسانە
هەمانە هی وا، پڕ بە هەمانە
دوور نییە دەوری درۆ بگۆڕێ
ناڕاست گۆڕ وایە بیخەیتە گۆڕێ
دەرگای درۆمان درووومان بکرێ
درەختی هیوا بەرمان بۆ بگرێ
ئەمڕۆ بە حیساب چلە تەواوە
شینەکەی خاتوو زەمهەریر ماوە
ئێمە لاوانمان هاتوونە مەیدان
خوا یار بێ لامان بەهارە زستان
بەردێکیش ئەدەین لە (برد العجوز)
ڕزگارمان ئەبێ لە دەست ناز و نووز

(ژین) ژمارە (٩٠٨)ی (٥)ی مارتی ساڵی/ ١٩٤٨ ی ز.

٩٠٩

ئەمە پەندێکی باوو باپیرە
کە ئەڵێن خاکی وەتەن دڵگیرە
بەڵام هەندێکی تر وتوویانە
ئەم واتەیەشم لە لا زۆر جوانە
ئەو شوێنە خۆشە کە دڵ لێی خۆشە
دڵ تەنگ بێ باخی (ئیرەم)یش بۆشە
کەوابێ خۆشیی جیهان بۆ دڵە
زەوقی ڕۆحیشت بە دڵ حاصڵە
هەندێ کەس دڵی وا بە پارەوە
ئەچرووسێتەوە بۆی لە پارەوە[١]
دڵی هێند پڕە لە دەردی پارە
لە یادی قەوم و قیلەی بێزارە
عەشقی نیشتمان لای ئەفسانەیە
بۆ چرای زەردی زەڕ پەروانەیە
هەندێکیش هێندە دەماخیان بەرزە
بۆ وەتەن فیدای ڕۆحیان لا فەرزە
سەرتا پای لەشیان پڕیە لە غیرەت
نەڕەشێرێکن ئازاو بە هەڵمەت
لە مەرگ ناترسن کە هاتنە سەر قین
نامرن لە دڵی میللەت دا دەژین
میللەتێك ڕۆڵەی وا بەکاری بێ
هیچ کەس ناتوانێ بەرەنگاری بێ

(ژین) ژمارە (٩٠٩)ی (١١)ی مارتی ساڵی/ ١٩٤٨ ی ز.

---

[١] ئەچرووسێتەوە (ژین) ئەچەوسێتەوە (کاکەی فەللاح)

٩١٠

تاڵی و شیرینی لێك جوێن ئەم دوانە
یەکێ بۆ دەمە، یەکێ بۆ گیانە
ئەوەی بۆ دەمە بە چاو ئەیبینی
کە چێشتت دیارە تاڵی و شیرینی
بەڵام ئەوانەی کە وا نابینرێ
جوابی ناخۆشە لە دەم ئەبیسترێ
ئەصڵ ئەوەیە کە ڕۆح تاڵ ئەکا
بە ئازاری گیان پیاو بەدحاڵ ئەکا
ئەگینە ئەوەی کەوا ئەپچێژی
تفی کەیەوە تاڵ بێ ئەیرێژی
برینی نێزە دەرمان ئەکرێ
برینی زوبان جەرگت ئەبڕێ
جوێنی بێگانە کەمتر کار ئەکا
توانجی دۆست دڵ بریندار ئەکا
کەواتە دڵی دۆست مەڕەنجێنە
زانیت تووڕە بوو وازی لێ بێنە
دۆست کە دڵسۆز بێ ئەو واز نایێنێ
دۆستت ئەوەیە کە ئەتگرێنێ
بەڵام هەموو چشت بە ئەندازەیە
دەوران دەورانە دەوری تازەیە
ئێستاهیچ کەسێ گوێ لە کەس ناکا
تەنانەت فەرزەند لە باب بێ باکە

(ژین) ژمارە (٩١٠)ی (١٨)ی مارتی ساڵی/ ١٩٤٨ ی ز.

٩١١

كوفرەحمەد شەڕیە لە سەر کەرو گا
لە کردەوەی خوا هیچکەس تیٚ ناگا
کیٚ بە عەقلّی خۆی نانی خواردوە؟
دانا کەی خۆشی ڕابواردوە؟
"هارون الرشید" میسری بۆ گیرا
چشتیٚکی سەیری هاتبوو بە بیرا
وتی: فیرعەون چۆن داوای خوایی بوو
تەنها بەم مولکی میسرە بایی بوو
لەو قینە میسری بە (خضیب) سپارد[١]
یەکیٚ بوو بۆ ناو گاگەلیان ئەنارد
سالیٚ بەر (نیل) یان کردبوو بە پەموو
(نیل) گەڕایەوە خەسار بوو هەموو
هاواریان بۆ برد دەستەی زەرەرمەند
وتی خوریتان بۆ چی لیٚ نەچەند؟
ئیٚستا هەلّکردی جیهانی دوانە
یەکیٚکیان خەمە، یەکیٚکیان نانە
هوشیار غەمبارە بیٚعار پارەدار
تۆ مەڕوانەرە عەقلّ و ئیختیار
من بۆیە (ئەحەی جاوم) خۆش ئەویٚ[٢]
کەللەی هیٚند ڕەقە بە هیچ نانەویٚ
کە کەوتیتە ڕیٚ بارمان زۆر سووکە
مالّ و دەولّەتمان لە لا مەهتووکە

(ژین) ژمارە (٩١١)ی (٢٥)ی مارتی سالّی/ ١٩٤٨ ی ز.

---

[١] خضیب: یەمانا (خەناوی) یان (خویٚناوی) دیٚت. کابرایێك بووە بەو ناوە (هارون الرشید) میسری بەو سپاردووە بۆ بە سووك دانانی میسر.
[٢] ئەحەی جاو: کابرایێکی شیٚتۆکە بووە لە شاری سلیٚمانی گوزۆو مەسکاتی فرۆشتووە.

هەتاو بێ و باران ئەوە گورگ ئەزێ
بەهارەو گەرای ناوە ماسیی زێ
پشیلەیش حەوت ماڵ بیچووی ئەگێڕێ
کە چاوی پشکووت گۆبەند ئەگێڕێ
دوای ئەوە ڕاوەمشکمان بۆ ئەکا
بەلام خۆی ناگرێ لە ڕاستی سەگا
هەرچەند سەگ لە ناو مالا گلاوە
زۆر جاریش وەفای لێ بینراوە
ئەم سەگ و گورگ و پشیلەو مشکە
ئەم زەردەواڵەو مارو دووپشکە
کەس نازانێ خوا بۆ چی خەڵك کردوون
بڵێین هێندێکیان مێمڵی مردوون
خۆ هیچیان لەگەڵ یەکتر هەڵناکەن
زۆر پیاوی سپڵە دوژمنی چاکەن
ئەمە خوویێکە خوا بۆی داناون
بەقەستی بە گژ یەکا کراون
مەبەست ئەمەتە کە وابزانی
ئاشتی تیا نی یە جیهانی فانی
کێ لەگەڵ کێ دا بە ڕاستی دۆستە
ئەم ڕاوە ڕێویە هەمووی بۆ پۆستە[1]
لەگەڵ ئەوەیش دا ئەزانین وایە
دینمان دائەنێین بۆ ئەم دنیایە

(ژین) ژمارە (٩١٢)ی (١)ی نیسانی ساڵی/ ١٩٤٨ ی ز.

---

[1] هەمووی (ژین) گشتی (کاکەی فەللاح)

بەهار هەر ڕۆژە ڕەنگێ ئەنوێنێ[١]
هیچ جارێ لە سەر بارێ نامێنێ
گاهێ وەك دەرویش هەور ئەهاڕێنێ
گا بە سەر هارا خۆڵ ئەبارێنێ
وتمان نیسانەو باران ئەبارێ
تنۆکی لە چاو نایێتە خوارێ
درۆی (نیسان)یش ئەمساڵ کار ناکا
هیچ کەس نازانێ بۆ کام لا ڕاکا
لایێ بە لافاو پیاو ئەخنکێنێ
ئێمە بێئاوی ئەمانخنکێنێ
برسیەتی چاکە گژو گیا ئەخورێ
بەلاّم تینوەتی چاری ناکرێ
جاران ئەچوونە نوێژە بارانە
ئێستا بێ نوێژیی گوناهبارانە
کەسیش باوەڕی بە خوا نەماوە
لە شوێنی تەوبە سین و تێ باوە[٢]
چەندێ کەوتینە سەر یاریی پۆکەر
هەرچیت ئەبینی بووبوو بە جۆکەر
ئێستا کار بەدەست کەوتوونە دامە
هیچکەس نازانێ ڕێ و شوێنی کامە
وەك داشی دامە مەئموور لێ ئەخوڕن
بە ئازو بە گوێز هێزیان لێ ئەبڕن

(ژین) ژمارە (٩١٣)ی (٨)ی نیسانی ساڵی/ ١٩٤٨ ی ز.

---

[١] ڕەنگێ (ژین)   بەرگێ (کاکەی فەللاح)

[٢] سین و تێ: واتە (ست)

که شیرت خستە سەر ئاگری گڕ
بە جۆش هەڵدەچێ ئەڕژێ کوتووپڕ
هەر قەیماغێك و توێژی لە سەرە
کە نەما ئیتر نابێ بە کەرە
دۆکولێویش تێکی نەدەی ئەبزڕکێ
ئاگری بن کایش هیچ دانامرکێ
ئەو کەسەی ئاگر ئەخاتە بن کا
وەبزانە خۆیشی بە دووکەڵ خنکا
فەرمودەی خوایە گوێی لێ ڕاگرە
فیتنە لە کوشتن بەشیددەت ترە[١]
هەر منداڵێکی لە دایك ئەبێ
لە سەر فیترەتی ئیسلامی ئەژێ
دوایی دایك و باوك دەرسیان دائەدەن
بۆ سەر ئاینی خۆیانی ئەبەن
هەندێکیش کە وا بە گیانێکی پاك
خوڵقاون ئەڕۆن لە ڕێیەکی چاك
بەدکار بە قسەی لووس تەفرەی ئەدا
لەگەڵ خۆی ئەیبا بە ڕێگای بەدا
ساخوا ئاگرێکی وای بەرداتە ماڵ
خۆی و گشت کەسی بن بە کۆی زوخاڵ
ئەوەی کە خوڵقی دڵ صاف ئەگۆڕێ
خوا لە ناوی بات بیخاتە گۆڕێ

(ژین) ژمارە (٩١٤)ی (١٥)ی نیسانی ساڵی/ ١٩٤٨ ی ز.

---

[١] لە کوشتن (پیرەمێرد) لە ئاگر (کاکەی فەللاح)

٩١٥

ڕۆژی درێژەی بەهار هاتەوە
وا ڕۆژی ئێمەیش هات بە هاتەوە
شەوی تاریکی زستان بە سەرچوو
بەرخی هیوامان لە دەست گورك بەربوو
گورگە شینەکە وای ڕاوەشاندین
بەندی بەندەیی بەختی پساندین
بە کەیفی خۆمان لە کوردستان دا
ئەگەڕێین بە ناو گوڵی نیسان دا
بەڵام ئاگامان لێ بێ ك زووە
تازە وا درەخت گۆپکەی کردووە
دەست بە سەرچڵی مەبەن بۆ سەرچڵ
کە گۆپکەی وەری داخ ئەبەنە دڵ
دانیشن لەناو گوڵ دا بە خۆشی
بە پیرۆزانەو بە بادە نۆشی
لاوکی کوردی بڵێن بە قەتار
دەنگ بداتەوە لە دەشت و کۆهسار
بەڵام هەر دەنگ خۆش کەم بڵێ نەك زۆر
گەڕەلاوژە ئەبێ بە گابۆڕ
ئەگەر هەر سەرێ کەوتە صەدایێ
خۆمان لێ ئەکا بە شا گەدایێ
ئەو سایە هیچ کەس هیچ کەس ناناسێ
خۆ هەڵدەکێشن پڕ بە کراسێ

(ژین) ژمارە (٩١٥)ی (٢٢)ی نیسانی ساڵی/ ١٩٤٨

دڵ مەڕەنجێنە تووشی ڤین ئەبێ
بە دڵ ئازاری نائەمین ئەبێ
لێکی بەرەوە کە وا کەسێ هات
جنێوی پێ دای چەند گرانە لات
دیارە ئەو کەسەیش دڵی ئێشێنی
ئیتر دۆستیی تێدا نابینی
کە خۆت بە ئێشی دەرزی ئەناڵی
سووژن بە خەڵکا بکەی منداڵی
بە چاکە دڵی عالەم ڕائەگری
بۆچ خراپ بی و خەڵك لە دەستت بگری
هەر ئیشێ ئەکەی دوایی بڕوانە
پیاوی بێ غایە هەر سەرگەردانە
ئەگەر تۆ هەوڵت تەنها بۆ خۆت بێ
لە ناو میللەت دا ئەبێ چۆن ڕووت بێ
کە لەگەڵ ئاوەڵ بکەویە کایە
هەرچی دەست کوێ بەشی تۆی تیایە
ئەوسا ڕابوێرە بە دڵنیایی
لەگەڵ ئاوایی نەك بە تەنیایی
لە ناو یارانا ساتێ ڕابوێری
پووڵی نایەنێ پایەی وەزیری
وەزیریی ئێستا خەوێکی کەمە
کە لە خەو هەستا تەمەو ماتەمە

(زین) ژمارە (٩١٦)ی (٢٩)ی نیسانی ساڵی/ ١٩٤٨

بۆ کاتێ بچۆ بە گژ یەکێکا
بتوانی تێکی شکێنی پێکا
کە دەرەقەتی زۆرداریٚ نایەی
بشێیتە سەر ڕێت ئەبێ لێی لادەی
جنێو فرۆشی لای مەردان عارە
شەڕە جنێوە سوحبەت لەم شارە
جەواد و قەواد بە شێوەی میصری[1]
هەردو گەوادن مەعنای کە بگری
هەرچەند کە ناوی گەواد بەدناوە
لە دز چاکترە بۆیە وا باوە
دز ماڵت ئەباو دڵت یێشینێ
ئەو خزمەت دەکاو دوو دڵ پێك دێنێ
ئایینی ئیسلام وا قاڵ کراوە
دەستووری وامان بۆ دانراوە
ئەگەر بێ و لەسەر ئەو ڕێیە بڕۆین
هێند سەر ئەکەوین نەزانین لە کوێین
خۆ ، ئەگەر بێتوو سەردەرهەوا بین
تا ئەمانێژن ئەشێ هەروا بین
هێند دەرناکەوین ئەوا لەم پەڕین
بۆچ بە بلوێری خەڵکی هەڵپەڕین
هەڵپەڕکێکەیشمان دووبەرەکییە[2]
خووی کۆنمان شەڕی ناو گەڕەکییە

(ژین) ژمارە (٩١٧)ی (٦)ی ئایاری ساڵی/ ١٩٤٨ ی ز.

---

[1] بە شێوەی (پیرەمێرد) هەردوو (کاکەی فەللاح)
[2] دووبەرەکی (پیرەمێرد) دەرەبەگی (کاکەی فەللاح)

٩١٨

کاتێ کە وتیان بێستان بەرەڵدا
کوڕوکاڵ تێکرا ئەیکەن بە هەڵدا
ئەگەر زرکێکی کاڵ بدۆزنەوە
پەلامار ئەدەن زوو ئەیقۆزنەوە
بێستان ڕن گوردی خۆی لێ گرتوە
لە پێش دا بەشی خۆی لێ بردوە
ئێستا پاشەرۆك گێچەڵ ئەگێڕێ
تێر بۆ برسی تێر سڵاو ئەنێرێ
کە بیستانەوان ئەمە تێ بگا[1]
نامێنێ تاکو بێستان پێ بگا
بە ناهۆمێدی لە کوڵیوو کاڵ
هەرچی بۆ ڕێکەوت ئەیکاتە جەواڵ
پێچکەی دەرگاکەی حەوشم سواوە
لە گرێژەنەی خۆی ترازاوە
هەرچی ئاژەڵێ کە لە ماڵا بوون
کردیانە قاڕە بە جارێ دەرچوون
بە گدی گدی ئاگەڕێنەوە
خەریکن لە چەم ئەپەڕێنەوە
ئاڵێن پاشەڕۆژ کە سەرما بزووت
هەڵامەت ئەگرین وا بە سەری ڕووت
نازانین بەیتی گورك و مەر چییە[2]
دووگی خۆم خۆش بێ خانووم بۆ چییە

(ژین) ژمارە (٩١٨) (١٣)ی ئایار ١٩٤٨

[1] کە بێستانەوان (پیرەمێرد) کە بێتە ناوان (کاکەی فەللاح)
[2] بەیتی (پیرە مێرد) بەینی (کاکەی فەللاح)

له ڕاستی خواو خەڵك ڕاست و دڵ پاك بە
له واتەی هەموو عالەم بێ باك بە
تۆ کە ئاینی خوا ڕابەرت بێ
مەترسە ئەگەر قەستی سەرت بێ
ئومێدی دۆستی لە بەدخوو مەکە
ناگۆڕێ ئەگەر بیشچێتە مەکە
بۆ ئەو بەدبەختەی خولقی گۆڕاوە
خوێندن شووشەیە لێی بارکراوە
دەورێکە دەوران وا دەنوێنێ
ئیمان پشکۆیە دەست دەسووتێنێ
نیشان بەو نیشان بچۆ بۆ مزگەوت
چەند کەست بانگ کرد کەست شوێن نەکەوت[١]
بەڵام بۆ شوێنێ کە پیشەی شەوە
تۆ دەریشیان کەی وان لە پێشەوە
هەنگوین شیفایە و ئارەق وەك زەهرە
کامیان کڕیاری زۆری لەدەورە !؟
خۆ هێجگار هەروا بە چاولێکەری
هەرچی ئەڕوانی داویەتە بەری
کەم کەس دەزانێ ڕێگای بۆ کوێیە
پێشینان ئەڵێن: سەیرە لە کۆیە
ناڵێن: حەیفە بۆ ئەم باڵاوبەژنە
ئەڵێن: مەرگ لەگەڵ ئاوەڵان جەژنە

(ژین) ژمارە (٩١٩) (٢٠)ی ئاياری ١٩٤٨

---

[١] چەند (پیرەمێرد) سەد (کاکەی فەللاح)

هەر چی کە زانیت ڕووبازاڕییە[١]
مەیکرە ڕەنگی تەفرەکارییە
هەرچیش کە مەیلی بە لاسارییە
لێی مەگرە ئەوەی لە بێکارییە
بەڵام هەندێکیان لە بەدخوویی یە
کە وا کردەوەی هەر دووڕوویی یە
هەندێ ئەیناسن کە وا بە خوایە
بە تەفرەی شەیتان خەڵکی لە دوایە
ڕۆڵەی نازدارمان ئەخاتە ژێر پێی
ئەوان بخنکێنن بەرز بێتەوە پێی
لاوان خوێن گەرمن ئەوەن بە جۆشن
وا ئەزانن بۆ گەل تێ ئەکۆشن
خوا ئەوە بگرێ ئەم دڵ پاکانە
تووشی شەڕ ئەکا بە بێ باکانە
لە ڕێی مرمیاوی کتك و داودا
لە بەغدا گەرگەل خۆی بە کوشت ئەدا
ئەم شەڕە لە سەر کورسیی دوو کەسە
من بۆچ بکوژرێم بێ هۆشی بەسە
هەر ئەوەندەیە گەییە سەر کورسی
لە دەردەدار و برسی نەپرسی
ئەمین زەکی بەگ یا عەلی کەمال
وا بە خۆڕایی نیشتوونەتە باڵ

(ژین) ژمارە (٩٢٠) (٢٧)ی ئایاری ١٩٤٨ ی ز.

---

[١] زانیت (پیرەمێرد) ڕوانیت (کاکەی فەللاح)

گایەك کە کەوتە پەڵە بێستانێك
ئەبێ بە جەزا تێکرا بۆ ڕانێك
بەڵام بە چاوی ئینصاف بڕوانی
خەتای ئەم ئیشە لە شوان ئەزانی
شوان کە ڕانی خۆی داگیر نەکرێ
یەکێکی باشی لە جێ دائەنرێ
خوا بنیادەمی کە سروشت داوە
گەورە بچووکیی ئەوسا داناوە
لە ئادەمەوە بە پێغەمبەری
یەکێکی ناردوە لە شوێن ڕابەری
لە گەڵ ئەوەش دا ئەخلاقی بەشەر
هەر لە ئەزەلدا مائیلە بە شەڕ
چەند پێغەمبەری خۆیان کوشتوە
چەند پادشایان لە ناو بردووە
هەر گا ترسێکی حوکوومەت لاچێ
وەك سمێڵ ئەویان ئەو هەڵدەپاچێ
هەر ئیجادێکی لە عیلم و فەن دا
کە ئەیهێننە مەیدانی دنیا
هەر بۆ ئەوەیە یەکتر بکوژرێ
ئیتر حورییەت چێ پێ ئەبێژرێ؟!
ئەو ڕێی شەرعییە کە خوا دایناوە
لێمان لاداوە، حورڕییەت باوە[1]

(ژین) ژمارە (٩٢١) (٣)ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٨ ی ز.

[1] لێمان لاداوە (پیرەمێرد)   لامان لێ داوە (کاکەی فەللاح)

922

ماران گاز ئەگەر جارێ بڕەخسێ
لە خشەی مارو مێروو ئەترسێ
پیاوی واش هەیە هێندە لاسارە
ناسرەوێ مەگەر لە پای سێدارە
وە نەبێ کە مرد لە کۆڵ بێتەوە
ئێلی لە گەڵ خۆی ئەبرێتەوە
یەکێ دێ ڕەنگی باغێ ئەرێژێ
درەختی هیوا بە ئەرك ئەنێژێ
خزمەتی ئەکا هەتا بەر ئەگرێ
لەپلەرەسەنگێ لە پڕ ئەیبڕێ
کە دنیا بووە گاڵتەی منداڵان
ماڵی باوانمان ئەڕوا بە تاڵان
گەورەو پچووکی خوا خۆی دایناوە
ئێستا وا پارتی و تەحەڕڕوڕ باوە
قیبلەی قەدیمان لە دەست دەردێنن
دەرسی شیووعی و ڕووسی ئەخوێنن
ئەگەر ئایینی ئیسلامی بگرین
ئەبێ فەلەستین هەموو بۆی بگرین
ئەوەی کە پشتی (صهیۆنی) ئەگرێ
ئەبێ لە خوامان بوێ کە بمرێ
خوا کە عێراقی بە ئێمە داوە
چیمانە لە سەر پاسی جرتاوە

(ژین) ژمارە (٩٢٢) (١٠)ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٨ ی ز.

بۆ نەتەوەی چاك دوو چشتە ڕەهبەر
کەوا حەیاتی پێ دەباتە سەر
ئەووەڵ تەربیەی دایك و باوکە
کە بۆ ڕێی تاریك وەك چراوکە
کە ڕابەری بوو ڕێی لێ گوم نابێ
هەرچەند ڕێی ژیان پێچ و پەنا بێ
کە بە منداڵی تەربیە نەدرێ
بە گەورەیی خووی خراپان ئەگرێ
ئەوسا کە کەوتە سەر ڕێی بەدخوویی
نەگەڕایەوە و لەسەری ڕۆیی
ئینجا حوکوومەت ناچار ئەمێنێ
جەزای قانوونی دەرحەق بنوێنێ
ئەوەی تەربیەی ئەولادی نادا
هەموو ڕەنجی خۆی ئەدا بە بادا
ئەولادی بەدخوو کە بە شەڕ فێرن
جنێو بۆ باوك و دایکیان ئەنێرن
بێ حەیا لەککەی ڕووی کەس و کارە
کەچی بۆ ئێستە هی وا بەکارە
بێ ناموس یەعنی مێشوولەی نییە
مێشی نەیێتێ کوللەی بۆ چییە
بەڵام بێ شەرمی هەر بێ ئەنوایە
ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆی لە دوایە

(ژین) ژمارە (٩٢٣) (٢٤)ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٨ ی ز.

چاکی و خراپی خۆ بە دەست خوایە
بەڵام سووچێکی بەندەیشی تیایە
چۆن ئەبێ بڵێین: خوا خۆی داینابوە
کەچی جەزایشی لە سەر داناوە
ئافەریدەکار کە خۆی حاکمە
چۆن ڕێ ئەکەوێ بڵێن ظاڵمە؟
خوا خۆی فەرمووبە سروشتی خوایی
بۆ بەندەیی یە نەك بۆ کوێخایی
(و ما خلقت الجن والانس)ە
بۆ پەرەستشە نەك بۆ هەوەسە
ئێمە بە تەفرەی شەیتانی لەعین
خۆمان بەد ئەکەین لائەدەین لە دین
ئەوسایە هۆشمان دێتەوە سەرمان
" مەڕنەمووکە گورز ئەدا لە سەرمان"
سا چی بکەم ئەوا ناوێرم بیڵێم:
زۆر نەشارەزا ڕائەپەڕن لێم
ئەگینە ئەمگوت باوکمان ئاوی ڕشت
سروشتیش بە ئیرث هات و پێی لێ خست
هەر ئەو ئیرثەیە باییمان ئەکا
ئیستیغنا ئینسان لە ڕێ دەر ئەکا
شوان کە سابرێنێ ئەلەوەڕێنێ
لەگەڵ تێری خوارد قۆچ ئەوەشێنێ

(زین) ژمارە (٩٢٤) (١)ی تەمووزی ساڵی ١٩٤٨ ی ز.

٩٢٥

ئەوی بە هێزی قۆڵی ئەنازێ
زوو پەکی ئەخا سەختی هەورازێ
ئەوی کە بە بێ شایی هەڵپەڕێ
وەك ئاشی بێ دان بۆ خۆی ئەگەڕێ
بەرداش بێ باراش پەکی ئەکەوێ
کاتێ کە سوا بیرازی ئەوێ
چەکوش لەگەڵێ ئیش دا بە کارە[1]
حوکمی بۆ کەللەی فیلی بێ عارە
کەر کە وتت (ووش) ئەو ڕائەوەستێ
نەوەستێ خێوی قاچی ئەبەستێ
جاران ئەچوونە سەیران ئەهلی شار
بۆ سەیر پاشایان ئەکرد بە گاسوار
ئێستا ئەو یاریە نەماوەتەوە
شایی و سەیرانمان بڕاوەتەوە
بابی بابیمان وا لە ناوایە
حیکمەتی تیایە ئەم کاری خوایە
ئەوی گلەیی لە بەختی خۆیە
پێی بڵێ: دەوری کەوا بخۆیە
هەرزەچەنەیی کار ناباتە سەر
ئەبێ تەسلیم بین بە قەزاو قەدەر
بەڵام بۆ ئەوەی کە سەرەڕۆیە
کوتەك ئەزانێ قۆناغ لە کوێ یە

(ژین) ژمارە (٩٢٥) (٨)ی تەمووزی ١٩٤٨ ی ز.

[1] لەگەڵێ ئیش دا (پیرەمێرد)   هەر لەگەڵ ئیش دا (کاکەی فەللاح)

٩٢٦

خوا ئێمەی بۆیە خستە سەر زەوێ
لە گژ یەك هەڵچین بە بێ بەزەوی
لە لامان وایە کە یەکێ بکوژین
عومری ئەویشمان بۆ دێ و زۆر ئەژین
نازانین ئێمەیش نامێنینەوە
دوا بە دوای یەکتر قڵپ ئەبینەوە
ئەوەندەی هەیە ئەوەی کوژراوە
بۆ ئەو دنیا ئەو خوا پێداوە
شەربەتی مەرگی لەمەو دنیا چشت
بێ ترس و بێ پرس ئەچێتە بەهەشت
ئینجا وەرنە سەیر ئەم زاڵمانە
بە شیشی ئاگر ئامان ئەمانە
ئەیانسووتێنن تا بە ئازار بن
مردنیش نییە تا پێی ڕزگار بن
ئەوەی کە فێڵی دنیایی زۆرە
بەشی خەڵك ئەخوا و بە زوڵم و زۆرە
هەروا ئەمەندە لێك بداتەوە
لێیان پرسی، چی جواب ئەداتەوە
بڵێن پێت خۆشە تۆ بە ڕەنجی شان
نان پەیدا کەیت و لێت سەنن ئەوان
دیارە کە ئەوەی زۆری لێ ئەکەی
لە لای ناخۆشە تۆ ماڵی ئەبەی

(ژین) ژمارە (٩٢٦)ی (١٥)ی تەمووزی ١٩٤٨ ی ز.

٩٢٧

خۆزگە ئەمزانی ئەم ڕەشە بایە
کە هاوینان دێت بۆچ وا گەرمایە[1]
کەچی زستانان کە ئەلرفێنێ[2]
هێند بە تەوژمە گا ئەفرێنێ
های شەماڵ خۆت و شەماڵت بژین
فێنکیی دڵە شنەت بە هاوین
شەماڵ خەرمانی پێ بە شەن ئەکرێ
ڕەشەبا کەڵکی کام ئیشمان ئەگرێ
تۆزی ڕەشەبا چاوی کوێر کردین
شەو لە سەربانا ئابڕووی بردین
بە هەموو بایەك ئەلەرێینەوە
بە هۆرتەو بەرە ئەگەڕێینەوە
ئەم گێرەو کێشە لە بێ کارییە
ماڵەو ماڵ گەڕان لە ناچارییە
ئەوی ئیشێکی بۆ خۆی پێکهانی
ناپەرژێتە سەر واتەی دیوانی
ئەوی لە ژن و ماڵی مەمنوونە
چی لە قومارەو ئەم توونەو توونە
ئەوی بۆ قومار ئەچێتە جێیان
شەو ئەباتەسەر تا بەری بەیان
دیارە دەربەستی ماڵ و حاڵ نییە
شەیتانیش لەدوا هی وا شەقییە

(ژین) ژمارە (٩٢٧)ی (٢٢)ی تەمووزی ساڵی ١٩٤٨ ی ز.

---

[1] دێت (پیرەمێرد) هات (کاکەی فەللاح)
[2] کە (ئەلرفێنێ) لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نەنوسراوە و لە جێی نوختە دانراوە.

چاکە و خراپەیش ئەندازەی هەیە
کەم کەس ئەزانێ حەددی تا کەیە
ئەندازەی چاکەیش کە هات تێپەڕی
نابەکار تابێ ئەیداتە بەری[1]
بەخۆوەنەدیو سورمەی لە بەر کەی
ئەبێ زۆر پیاوی کاردیدە دەرکەی
ئەسپی عەرەبیت دا بە گۆڵی سوار
سەرکێشی ئەکا و بۆی نایەتە بار
هەرچی هاتە پێش تێوە ئەگلێ
دیارە کە دوایی خۆیشی ئەگلێ
کاربەدەست لە سەر تەجرەبە ئەڕوا
گۆشت بۆ قەصاب و نان بۆ نانەوا
جاران منداڵمان ئەناردە حوجرە
فەلاقە ئەکرا بە داری گزرە
بە مامۆستامان ئەگوت وەك دوژمن
گۆشتی بۆ تۆ بێ و ئیسقانی بۆ من
بەڵام کاتێ کێرد گەییە ئێسقانی
جەرگمان ئەسووتا و دەرمان ئەهانی
باوك بۆ ئەولاد هیچ چاری یە یە
ئازاری هەیەو بێزاری نی یە
کاری تەربیە ئەندازەی ئەوێ
لە حەد ترازا پەکی ئەکەوێ

(زین) زمارە (٩٢٨)ی (٢٩)ی تەمووزی ساڵی ١٩٤٨ ی ز.

---

[1] نابەکار ، تا بێ (پیرەمێرد)   نابەکارت بێ (کاکەی فەللاح)

ئاگرێ کەوتۆتە ئەم جیهانەوە
دۆستیش [illegible]ووتێ بە بێگانەوە
هەرچی بە بەرگی مێردیی لە بەرە
ئەم ڕۆژە هەوڵی قەومی لە سەرە[1]
ئەگەر گشت لایێ نەکەونە غیرەت
نەکەونە فریای وڵات و عەشرەت
ئەم گێژە گێژەی تیا ڕسگار نابێ
مەلەی پێ دەوێ بە هاوار نابێ
ئەمرۆ پێویستە کە تۆ تێکۆشی
نەك دوایی بەرگی ماتەم بپۆشی
هەتا تەڕ نەبووی ئەبێ تێ هەڵچی
ئەڵێن پاش باران کەپەنەك بۆچی
خۆت خوێندەواری کوڕیشت فێر کە
نانێ کەم بخۆ برسییەك تێر کە
کە لەگەڵ عەشرەت کەوتیە هەرزانی
ئەمەندە بخۆ هەتا ئەتوانی
ئێستا ئاگامان لە خۆمان نییە
تێ ناگەین مەکری پیرێژن چییە
ئەگەر لێك ببڕین لە (ژین)یش ئەبڕێین[2]
ئەبێ بزانین کە وا لە سەر ڕێین
لە تەنگانەداین، دوژمن بەدبەختە
دەستی یەك بگرین ، پلەکەی سەختە

(ژین) ژمارە (٩٢٩)ی (٥)ی ئابی ساڵی ١٩٤٨ ی ز.

---

[1] لە سەرە (پیرەمێرد) لە شەرە (کاکەی فەللاح)
[2] لە ژینیش (پیرەمێرد)، لە یەکیش (کاکەی فەللاح)

ئەلف بۆیە پێش هەموو حەرفانە
لووس و باریك و ڕاست و ڕەوانە
ئەوی کە چەوتە بووە بە حەڵقە
یا، بۆ پێ، پێوەند، یا، بۆ مل تەوقە
دیارە کە ڕێوی چەند حیلە کارە
بە داوی تەڵەی چەوت گرفتارە
ئەوانەی چەوتن گیان لە بەر ئەگرن
خوا، نەیداونێ کە سەر هەڵبڕن
چەند خۆشە ئینسان ڕاست و سەربەرز بێ
نەك چەوت لە بڕین بە ترس و لەرز بێ
لقی هەر دارێ کەوا خوار ڕۆیی
ڕاست نەبێتەوە ئەیبڕێ خێوی
مار بە گینگڵەو بە پێچ ئەخشێ
کە کوژرا ئینجا ڕاست ڕادەکشێ
ئەوی خۆی لە خەڵك بە فێڵ ئەگۆڕێ
گۆڕ وایە بیگری و بیخەیەتە گۆڕێ
کاك ئەحمەد دوعای ئەکرد بۆ باج گر
نەمرێ و نەبێتە باجگر ئەوی تر
ئێستا باجگریی پیشەی ڕەسمی یە
کاسبیی حەڵاڵ ڕوو لە کەمی یە
تۆ واتەی مچە بێ مەعنا مەگرە
گەواد لە جاسووس بێ مزەڕەت ترە

(ژین) ژمارە (٩٣٠)ی (١٢)ی ئابی ساڵی ١٩٤٨ ی ز.

هەر لەو ڕۆژەوە دنیا دانراوە
لە سەر تەجرەبە زۆر چشت بێژراوە
یەكێ لەوانە ماڵ و دەوڵەتە
كۆبوونەوەی لای دانا زەحمەتە
زۆر پیاومان دیوە بە فەزڵ و هونەر
لەگەڵ زەمانا بۆی نەچووەتە سەر
ئەوەندەی نەبووە كتێبێ بكڕێ
یا كەوایەكی شیرداخ بدڕێ
ڕوویشی لە پیاوی چرووك نەناوە
وایش ڕێ كەوتووە كە برسی ماوە
لە پاش مردنی قەدریان زانیوە
ئینجا بە چاكە ناویان هانیوە
زەمانە وایە لەگەڵ پیاو چاكا
سەریەبڕێ و ڕیشە بە شانە ئەكا
مەشهوورە ئەڵێن: (هارون الرشید)
كاتێ میصری گرت تا پۆرتی سەعید
قولە ڕەشێكی دانا بە والی
پەموو چێنرابوو نیل هات ڕایماڵی
هاواریان بۆ برد زۆریان لێ توند بوو
وتی خوریتان بۆچ نەچاند بوو
گولوستان ئەمە ئەگێڕێتەوە
هەروا تاریخەو ئەگەڕێتەوە

(ژین) ژمارە (٩٣١)ی (١٩)ی ئابی ساڵی ١٩٤٨ ی ز.

کارشناس گەڕا لە شوێنی دانا
لە شوێنی نەزان هات دانای دانا
حیکمەتی (اعط القوس باریها)
لەگەڵێ کارا دەرکەوت دیاری دا
ئەودەمەی پیاویان لە دار ئەتاشی
ئیشیان نەئەدا بە پیاوی ناشی
دار تاشێ لە ناو کاروانێکا بوو
بۆ صەنعەتی خۆی بۆ لادێ ئەچوو
جەردە هات لە ڕێ کاروانی ڕووت کرد
لە خوا نەترسێ تەشوێی ئەوی برد
پیاوێکی تریش صەد لیرەی بریا
ئەو باکی نەبوو دارتاش ئەگریا
وتیان ئەم خەڵکە کە ڕووت کراوە
صەد ئەوەندەی تۆ ماڵی براوە
ئەوان ناگرین تۆ شینت چی یە
وتی دەردی من بۆ تەشوێ نی یە
نازانن بیسوون دەمەسوێی ئەکەن
ئابڕووی صەنعەت و وەستایی ئەبەن
صەد جارمان نووسی کەس گوێی نەدایە
هەرکەس پیاوی خۆی دێنێتە کایە
پیاو بۆ ئیش نییە هەر ئیش بۆ پیاوە
کاری دیوانی وەك خوم شێواوە

(ژین) ژمارە (٩٣٢)ی (٢٦)ی ئابی ساڵی ١٩٤٨ ی ز.

ئەڵێن تەنگانە خۆشی لەدوایە
باوەڕم هەیە فەرموودەی خوایە
بەڵام صەبری خوا ئەڵێن چل ساڵە
من مانگێ نازیم بە حاڵە تاڵە[1]
خۆ من بە تەنها داخی خۆم نییە
نازانم خواستی خوایی بە چییە
بە جارێ باری نەگبەتمان بۆ هات
گەرماو گرانی ڕووی کردە وڵات
جوولەکە جاران هامانیان ئەکوشت
ئێستا لە عەرەب بەردیان گرتە مشت[2]
سا خودای عەرەب تۆ بیتو قوربان
وابکە ببێتە جوولەکە قڕان
جارێ جارِیان دا بەراز بکوژرێ
کێ گوێچکەی هێنا پارە وەرگرێ
خۆزگە جارێکیش بۆ جوو ئەدرا
لە ناو ئێمە دا تۆویان ئەبڕا
هیچ باوەڕ مەکەن زەمانە وابێ
سووی تەڵە ڕێشیان لە بیر نەمابێ
ئەوی کە بە جوو ئەکرا لە پێشا
پیاوی بەویجدان جەرگی دەئێشا
چەرخی فەلەکە کە سواری دەبین
گا لەسەر ، گاهێ لە خواری دەبین

(ژین) ژمارە (٩٢٣)ی (٢)ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٤٨ ی ز.

[1] تاڵە (پیرەمێرد)   حاڵە (کاکەی فەللاح)
[2] مشت (پیرەمێرد)   شت (کاکەی فەللاح)

عیلمی قیافەت چشتێکی خاسە
ئەوی بیزانێ مەردوم شوناسە
کە پیاوی ناسی زوو لێی ناگۆڕێ
بە کۆسە کۆسە نایئێتە گۆڕێ
هەیە ڕەنگ پیاوەو جووتە وەشێنە
هەر بە دەماخ خۆی لە خەڵك خشێنە
هەیە بە پاروو دەستت ئەگەزێ
وا هەڵدەبەزێ بە بەرزیی گەزێ
ئەوی ناسینی لەمانە دوورە
کە دوور بێ قۆچی نابێ ، ڕەنگ سوورە
ئیمساڵ زۆر لە بەر بێئاوی ترساین
وا گەلاوێژ کەوت جارێ خەلەساین
بیست و حەوت کارێز وا لە شارایە
تەنها بەلووعەی ڕووت لە کارایە
ئەگەر ئەوانە پاك بکرێنەوە
وەك جاری جاران وا بژێینەوە
ئەبن بە ئاوی کەڵەگافرێن
لە هەموو ماڵێ حەوزی قولەتێن
جاران کە ئاوی بەلووعە نەبوو
خەڵك بە ئاوی شار بەڕێوە ئەچوو
ئێستا بۆچ وامان لێ هات تێ ناگەم
جارێ با بچم پرس کەم لای کاکەم

(ژین) ژمارە (٩٣٤)ی (٩)ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٤٨ ی ز.

دنیا وا شێوا بە کەس چا نابێ
سا مەگەر دەوری (مەهدی) پەیدا بێ
سێ چشت کۆن بووبوو کەوتوونەوە کار
درۆو دووڕووی و بلۆقی قومار
ئەم سیانە هەرچەند هیچیان چا نییە
هیچ نەبێ قەصدی گیانی تیا نییە
هەندێك هەن کەوا بێگومان زۆڵن
دەستیان بوو چاوی چاك هەڵدەکۆڵن
بە سەرزاری دۆست کەچی بەدزی
کاتێکت زانی وەك مار پێی گەزی
ئەوانە تەنیا بە پیاو چاك فێرن
لە ڕاستی دووپشك حیزن ناوێرن
من لەم دوایی یەدا یەکێکی وام دی
کردەوەیەکی وای لێ هاتە دی
لەگەڵ یەکێك دا دۆستی سەرزاری
لە پڕ لێی کەوتە گەستنی ماری
گەستنێکی وا قەصدی گیانی بێ
حەرامزادەیی و نائینسانی بێ
نازانێ ئەمە دێتە ڕێی خۆی
ئەبێ بە لەکەی لە خۆی پیستر بۆی
خوا چۆن پاك ئەدا بەدەم پیسەوە
هاکا نالاندی بەدەم لیسەوە

(زین) ژمارە (٩٣٥)ی (١٦)ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٤٨ ی ز.

شیر کە یەك ڕووە ئالەتی شەڕە
شانە دووڕووە وا لە سەرە
نالێن کە شیرە تۆڵە ئەسێنێ
هەر ژن بە شانە سەری دادێنێ
تا شیرت نەبڕێ شێرانە هەستە
ناوی پیاوەتیت بمێنێ بەستە
بەڵام پیاوەتیت بۆ گەل وریا بێ
ئەوەك بۆ شەڕی ناوخۆ ئازا بێ
جاران کە ئەیان ئەهێشت بخوێنین
ئازا بین ڕەگی یەکتر دەربێنین
چونکو خوێندەوار لێك ئەداتەوە
ئاشووب ناخاتە ناو وڵاتەوە
ئێستە مەکتەب بوو بە ئاوەڕەشە
هەر طەلەبەیە وا بە گەردشە
لە ناو عالەما بووین بەداستان
خوا بمان خاتە سەر ڕێی ڕاستان
ئەو کەسەی کە وا کەوتە سەر ڕێی چەوت
کاتێکت زانی هەڵئەنگووت و کەوت
تۆ پاڵ بنێیت و خەصمت نەکەوێ
ئەوسایە کەوتن بە تۆ ئەکەوێ

(ژین) ژمارە (٩٣٦)ی (٢٣)ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٤٨ ی ز.

خوا خۆی ئەیزانێ زوبان ناوەستێ
هێنای حەپسی کرد هاویشتیە بەستێ
لە پووك و لە دان کردیە دوو دیوار
دوو لێو بە سەریا دیوار بوو بە چوار
بەم چوار دەریایەش هێشتا بەند نابێ
ئەبێ لەوەوە گەردش بەرپا بێ
مەتەڵی کوردی بۆ ڕێك خراوە
بە گورگێکی هار ناوی براوە
ئەم لای دیوارە ئەولایشی دیوار
حەپسخانەیە بۆ گورگێکی هار
لەگەڵ ئەویشا کاتێ دەرفەت بێ
نایەڵێ سەری خێوی ڕەحەت بێ
خۆ ئەگەر بێتە سەر باری چاکە
لە هەموو عوضوی بەدەندا تاکە
ئەوە لە حەیوان جوێی کردووینەوە
گۆی ئیمتیازی بۆ بردووینەوە
ئەو نوطقەی کەوا ئەدرێ بە زوبان
پیاو پێی ئەبێتە پەسەندی جیهان
لەگەڵ ئەوەیش دا کەم وتن چاکە
ئەوی زوبانی خۆی گرت بێ باکە
هەر دادی خوایەو خواستی کردگار
زوبان بە چاکە بتهێنێتە کار

(زین) ژمارە (٩٣٧)ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٤٨ ی ز.

هەندێ تەبیعەت کە ئەڵێن: دزە
لە وەرگرتنی پیشەی چاك کزە
کە بینی شوێنی مەجلیس گیراوە
شیعر و ئادابی ئەدەب لە ناوە
ناتوانێ ساتێ لەوێ بوەستێ
هەر باوێشك ئەدا هەتا هەڵدەستێ
ئەچێ بۆ شوێنێ قوماری لێ بێ
تێ هەڵدەقوتێ هەرچەند بێ جێ بێ
لە ئێوارەوە هەتا نیوە شەو
لە یاری دایە بێ وچان و خەو
خۆ ئەگەر هات و ڕووی کردە دۆڕان
بۆی دائەنیشێ تا بەری بەیان
قوماری کافر ئەمەندە خۆشە
ئارەق و ژن و ماڵ لا بۆشە
خواردن و کردن پیاو لێی تێر ئەبێ
تێری لێ ناخوا ئەوی فێر ئەبێ
کە ئەیدۆڕێنێ و پارەی نامێنێ
بە سوێندو تەڵاق وازی لێ دێنێ
هەر ئەمەندەیە تا پارەی چنگ کەوت
مارە بە جاشە تەڵاقی کە کەوت
.... و قومار دو بران هاو پشت
کاتێکت زانی خۆیان دا بە کوشت

(ژین) ژمارە (٩٣٨)ی (٧)ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٨ ی ز.

ئەڵێن: خەر بەستەو خاوەندی ڕەستە
پەند بگرێتە گوێ ناکەوێ بەستە
هەندێ کەر هەیە هەوسار ئەپسێنێ
کە بەر بوو جووتەی پیس ئەوەشێنێ
ئەوە وا چاکە باری گران بێ
کە مانیشی گرت بەشی لێدان بێ
هەرچی بە لەقە لە خەڵکی بەر بێ
بۆ ئەوە دەشێ کەرسمەی دەربێ
ئێستر لە گوێ درێژ بارەبەرترە
حەرام زادەیە بە خەتەرترە
خۆزگە هەرکەسێ وا زۆڵ بوایە
نەسلی نەبوایە لەم سەر دنیایە
باوەڕت نەبێ بە حەرام زادە
لە حەج بیبینی خۆتی لێ لادە
پیاوی موسوڵمان ئەبێ سالم بێ
دەست و زوبانی بۆ خەڵك خادم بێ
چەند خۆشە ئینسان لە خوا بترسێ
ڕێگەی ڕاست بگرێ و لە شا نەپرسێ
خزمەتی قەوم و قیلەی خۆی بکا
نەیەوێ هیچ کەس تکای بۆ بکا
هەر چۆنێك ئەژی خۆشە نەك بە شەڕ
خۆت خۆشەویست کە لای خوا و بەشەر

(ژین) ژمارە (٩٣٩)ی (٢١)ی تشرینی ئەوەڵی ساڵی ١٩٤٨ ی ز.

٩٤٠

خۆزگە پێستێکی ئەستوورم ئەبوو
لا ئەستوورەکەم ئەخستە سەر ڕوو
کە بە هیچ تەریق نەبوومایەوە
ئەکەوتمە کایەی ئەم دنیایەوە
پێکەوە دنیا و دینارم ئەبوو
بە دەوڵەمەندی ناوم دەرئەچوو
کە دەوڵەمەند بم کەسیشم نەوێ
خەڵك لە خۆیەوە شوێنم ئەکەوێ
لە هەموو شوێنێك نەوەك لەم شارە
دینار بە مەعنا دنیاو دین ئارە
شای شاعیرانمان وەك مودەقیقە
هێندە غەدری دی بە سیل و دیقە
هەندێ ناموسیان ئەوێ بە لاتی
حەڵاڵ خۆرییە و کەم دەسەڵاتی
لوغەت بە نامووس ئەڵێ: مێشوولە
قەدری ئەم دەورە بە پارەو پوولە
خەڵك لە مەعاریف بۆیە ڕائەکا
خوێندەوار بێکار بەرد بە با ئەکا
ئەنجامی خوێندن مەئمورییەتە
جێگا نەماوە تەعیین زەحمەتە
خۆ کەسیش ئەمە لێك ناداتەوە
تۆ لە چیت ، برۆ بە ڕێگاتەوە

(ژین) ژمارە (٩٤٠)ی (٢٨)ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٨ ی ز.

٩٤١

جاران هەر شارێ بینا ئەنرا
قەڵایەکی بۆ دروست ئەکرا
کە دوژمن زۆری بۆ بهێنایە
خۆی ئەکوتایە ناو ئەو قەڵایە
ئەوسا تۆپی وا پەیدا نەبووبوو
بڵێی قەڵاکە ئەڕووخێنێ زوو
تا ئەم دواییە کە وا ئەڵەمان
تۆپێکی وەهای هاویشتە جیهان
قەلای (لی یژی) بەو تۆپە لێژ کرد
بێلژیك و پارسی بە جاری گێژ کرد[1]
چاڵی لە ڕێگەی هاوسێ دا هەڵکەند
کەچی خۆی تێکەوت خوا تۆڵەی لێ سەند
دوای تۆپ و بۆمبای بۆ مەرگی گیان دار
زیرەی قونبەلەی زەرڕیە کەوتە کار
یا خوا ئەهلی فەن هەموو بە پەند بن
خۆشی نەبینن گیرۆدەی بەند بن
لەگەڵ چاکەدا ڕۆحتان دوژمنە
هونەرو فەنتان بۆ پیاو کوشتنە
لە باتی تۆپ و قونبەلەو بۆمبا
حەبێ دروست دەکەن برسیەتی لابا
بۆ خواردنە خەڵك وا هاوار دەکا
هەر برسیەتی یە کە پیاو هار دەکا

(ژین) ژمارە (٩٤١)ی (٤)ی تشرینی دوەمی ساڵی ١٩٤٨ ی ز.

---

[1] بێلژیك ، مەبەستی لە بەلجیکایە

مایەی سروشتی کچ هەر بۆ شووە
نێر و مێ یەك کەوت ئاگرو پووشووە
لە ئادەمەوە هەروا هاتووە
گیان لەبەر بە جووت پێی ڕاهاتووە
ئەمەی کچ و کوڕ یەکیان خۆش ئەوێ
سرێکی خوایی تیا دەردەکەوێ
ئەم جووت گرتنە بۆ نەتەوەیە
نەتەوەیش بۆ باوك بە ئەرك و وەیە
خوا ئەو شەفقەتەی نەدایە بە پیاو
بەم ئەرکە ئەولاد چۆن ئەهاتە ناو
هەرچەند کەس ڕۆڵەی بە کاری نییە
ئازاری هەیە بێزاری نییە
خوا خۆی فەرموویە ئەولاد عەدووە
خۆ ئێستا هێجگار لە ڕێ دەرچووە
ئەوی هەیەتی وا لێی بێزارە
ئەوی نییەتی بۆی داغەزارە
ڕۆژێ سندووقێ لە مەزاتا بوو
دەلاڵ بەو خەڵکەی ئەگوت ڕووبەڕوو
هەرچی بیکڕێ وا پەشیمانە
ئەویش نەیکڕێ خەفەتی گیانە
لەم موعەممایە مەبەست ئەولادە
باوکی ئەم عەصرە ڕەنجی بە بادە

(ژین) ژمارە (٩٤٢)ی (١١)ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ ی ز.

٩٤٣

پێشینان دەڵێن: گورەی بۆرە پیاو
هەڵدەبڵۆقێ وەك بڵقی سەر ئاو
لەگەڵ بایەکی لێ بکەوێتە کار
لە چاو گوم دەبێ بە بێ شوێنەوار
بەڵام یەکێکی دانای خوێندەوار
بیشکەوێتە بەر زللەی ڕۆژگار
عەقڵ و تەجرەبەی پێ زیاتر دەبێ
بۆ کاری گەورە بەکارتر دەبێ
تا نەکەوێتە بەر پەلی زەمان
دۆست و دوژمنی ناناسێ ئینسان
وا بە چاوی خۆم دیم کە هەندێ خەڵك
یەك ماڵ بوون لەگەڵ پیاوێکی بە کەڵك
هەر ئەوەندە بوو تا ڕەتێکی برد[1]
وەر گەڕانەوە وەك نیسك دەست و برد
بەوە نازانن کە خۆیان دەرخست
ناویان لێ ئەنێن بێ بەرو بێ پشت
با ئەو کەسەیش خۆی لێیان ببوورێ
پیاوەتی و وەفا لێیان ئەتۆرێ
سەهوون کە ئەڵێن ئێستا لەم شارە
پیاوی دوودەك و دووڕوو بەکارە
ڕۆژێکیان ئەبێ کۆمەڵی پیاوان
کە ڕووبەڕوو تف بکاتە ڕووی وان[2]

(ژین) ژمارە (٩٤٣)ی (١٨)ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٨ ی ز.

---

[1] برد (پیرەمێرد) بدو(کاکەی فەللاح)
[2] تف بکاتە ڕووی وان (پیرەمێرد) کە ڕووبەڕوو تف بکاتە ناوان (کاکەی فەللاح)

ئەو ڕۆژەی جیهان تەرتیب دراوە
ئینسان لە نیسیان دروست کراوە
ئەگەر مردنمان لە بیر بوایە
کێ وا ئەکەوتە دووی ئەم دنیایە
ئەگینە ئەوا لە پێش چاومانە
ئەمانبەنە ئەم گردی سەیوانە
بە ڕووت و قووتی و بە شەش گەز کەفەن
ئەمانخەنە ناو گۆڕێکی بێ بن
ئەوی کە ئێمە بۆی بە جوستوجۆین
بە حەسرەتیەوەین تێری لێ ناخۆین
یا بە مێردێکی تری ژن ئەبڕێ
یا میراتی یەو شەڕی بۆ ئەکرێ
ئەگەر ئەمانە بێنینە بەرچاو
بەم کوێرەوەریە ناکەوێنە داو
خۆ هێجگار ئەولاد کە جەرگی پیاوە
خوا بە دوژمن و فیتنەی داناوە
تا بۆت پێ ئەگا بە کولەمەرگی
تۆ تەقەلاتە بۆ نان و بەرگی
های ئەمڕۆ شەڕو گەڕی کردوە
یا بەزۆر ماڵی خەڵکی بردوە
ئەگەر لە پێشا ئەمەت ئەزانی
نە دنیات ئەویست نە ژنت دەهانی

(ژین) ژمارە (٩٤٤)ی (٢٥)ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ ی ز.

٩٤٥

مندالێ کە شیری بێعار ئەمژێ
پێشین زوبانی بە جنێو ئەپژێ
ئەوی مندالی ئەدا بە دایەن
تەربیەی نابێ ئەبێ بە خایەن
چونکو تەبیعەت لە خۆیدا دزە
دایەن لە ڕاستی تەربیە کزە
شیری گامێشت دابێ بە جوانوو
لەگەڵ گاییە ئاو، تیا ئەگەوزێ زوو
سەر بە ولاخی ڕەسەن بسپێرە
لە پێشدا ڕەسەن پەسەند بوو لێرە
ئێستا کێ ڕەسەن دێنێتە کایە
سەروو لە پێشەو بزمار بە گایە
(کفر ئەحمەد) دوعای لە (گا) کردبوو
قەزای (گا) لە (کەر) کەوت، ئەو مردبوو
(پاس) و (لۆری) و (تانغ) کەوتوونە ڕووی کار
هێشتا کەر و گا ئەکێشنە ژێر بار
(کوندە)و (مەشکە)مان هێشتا لاماوە
مەشکە بۆ دۆیە، کوندە بۆ ئاوە
ئەیان گوت: شەیتان بە کوڕ پێکەنێ
(سن رشد)یە کە پێی تێ ئەنێ
شەیتان بە کوڕان وەها پێکەنی
کە دایك و باوك کەوتنە شیوەنی

(ژین) ژمارە (٩٤٥)ی ڕۆژی ٢/کانوونی یەکەمی ١٩٤٨ ی ز.

هەندێ عادەتی کۆنی ئێرە بوو
کە بە خۆڕایی خەڵك تێك بەر ئەبوو
جارێ لە پێشدا بە شەڕە گەڕەك
دەستیان لە یەکتر ئەدایە کوتەك
شوێنیان جوێ بوایە زاواو خەزووری
نەدەکرا بە لای ماڵیا ڕابووری
هەموو ئێواران لە قەراغ شارە
ئەتبینی تێکرا وا شەڕەدارە
جارێ منداڵان دایان ئەمەزراند
ئینجا گەورەیان تێوە ئەئاڵاند
کەم منداڵمان بوو سەری نەشکابێ
کەم شەڕ بوو خوێنی تیا نەڕژابێ
هیچکەس نەی ئەگوت: ئەمە بۆ چی یە؟
هەموو ئەیان گوت: شەڕ ئازای یە !
بە شەو ئەچوونە حەمام کوڕوکاڵ
لە پڕ ئەبووە شەڕە پەشتە ماڵ
خۆم کە یەکێك بووم لەو شەڕکەرانە
ئێستایش نازانم چی بوو ئەمانە؟
ئاخ خۆزگە ئەمە غایەی تیا ئەبوو
بمزانیایە ڕێ بۆ کوێ ئەچوو؟
ئەوسا بەم پیرییە شوێنیان ئەکەوتم
بیشکوژرامایە لەولا ئەسرەوتم[1]

(ژین) ژمارە (٩٤٦)ی ڕۆژی ٩/کانوونی یەکەمی ١٩٤٨ ی ز.

---

[1] لەولا (پیرەمێرد) لە دلا(کاکەی فەللاح)

٩٤٧

به خۆوه نه‌دیو چشت بوو له پلاو
دەست به سه‌ر ئه‌سڕی و چه‌ور ئه‌بێ کلاو
گه‌دا که (چڵم) به قۆڵ ئه‌سڕێ
سه‌رکه‌وت کلکی گا به مه‌ندیل ئه‌گرێ
له (توونچێتی) یه‌وه بووی به (حه‌مامچی)
له کاری خۆتا به غه‌ڵه‌ت ناچی
عیزەت پاشایێك به عه‌جه‌م مه‌شهوور
ببوو به والی له ولاتێکی دوور
هه‌رچی بۆ ئیشێك ئه‌چوو بۆ دیوان
ڕجای لێ ئه‌کرد، ئه‌یگوت به چاوان
کابرا ئه‌ڕۆیی ئه‌و به زەریفی
ئه‌یگوت : (قاندیردك...... هه‌ریفی)
(صدر اعظم) بانگی ئه‌کاته لای خۆی
ئه‌ڵێ وەزیری خارجیه‌ی تۆی
به خۆشی، خۆشی ئه‌چێته شوێن خۆی
چاوەڕێ ئه‌بی فه‌رمان ئه‌چێ بۆی
نووسرابوو (قالدیر ملتی بویله
جزا من جنسی العلما شویله)
با سیاسه‌تیش درۆی پێ بوێ
درۆزن شایش بێ، دوایی ئه‌که‌وێ
که‌واته پیاوی ڕاست و کارشوناس
ئه‌توانێ له قه‌ید بمانکا خه‌لاس

(ژین) ژماره ٩٤٧ ی ڕۆژی ١٦/کانوونی یه‌که‌می ١٩٤٨ ی ز.

تا پێکوڕەی خۆت لەلا وەستابێ
بێگانەت نەوێ، با لات وەستا بێ
ئەگەر لە ماڵا نانت بۆ بکڕێ
لە بازاڕ مەکرە کەڵکت ناگرێ
ئەگەر لە شاری خۆت دۆستت نەگری
بێگانەت تووش دێ ئەتکاتە گری
خوا لەگەڵ هەرچی کردتی بە هاوماڵ
وا بکە هەردوولا پێی ببن خۆشحاڵ
تۆ لێم ئەپرسی: جامیعەت کامە؟
ماڵ ڕاوەستا بێ، (جامع) حەرامە
ئەوی کە لەسەر تەجروبە بڕوا
هەرچیەك بڵێت پێی بکە بڕوا
پیرەمێردێك زوو پێی وتبووم بەستە
پەل مەهاوێژە، بۆ خۆت بنج بەستە[1]
مەڕوانە وەعدەی هیچ قەوم و خوێشێ
هەموو کەس بەلای خۆیا دەکێشێ
(بسمارك) زانیویە سیاسەت چی یە؟
هەل هەڵکەوت مام و برایی نی یە
بۆ ئیسلام وەفای وەعد ئایینە
ڕابوورد ئەو عەهدەی عەهدی پێشینە
دیموقراتیە و لاف وەتەنی
بەم دوو تەفرەیە شەیتان پێکەنی

(ژین) ژمارە ٩٤٨ی ڕۆژی ٣٠/کانوونی یەکەمی ١٩٤٨

[1] لە پەندەکانی کاکەی فەللاح دا لە جێ ی وشەی (بنج) بۆشایی دانراوە.

ئەڵێن سەردەمێ شیعر باو بووە
شاعیر یا بە ناو، یا بەد ناو بووە
هەندێ پادشاە شیعری ویستووە
ڕەجای شاعیری زۆر جار بیستووە
ئەڵێن ڕوودەکی لە لای سامانی
لە ئەنداوەدا نەبوو سامانی
بە قەسیدەیێك ئەمیری سوار کرد
بە لەشکرەوە بۆ (بوخارا)ی برد
زۆر شاعیری تر لە برسا مردوون
یا لە زیندانا دوساخیان کردوون
خۆ هێجگار ئێستا شیعر بەلایە
سەرقەڵەمانەی تف و تێلایە
جایزەی جاران بووە بە جزیە
دەروونی شاعیر هەر چزەچزیە
نە گوزەرانە، نە کارو کەسپە
جەرگ و هەناوی پڕیە لە کسپە
(أثیرالدین)ی ئەومانی ئەڵێ:
کە شاعیرت دی، ڕاکە لێی هەڵێ
(ظهیری)یش ئەڵێ: لە دەست شیعر داد
هونەر لە عێراق زۆر عەیبە فریاد
ئەمانە دادیان لە دەست دنیایە
شیعری بە شعوور ئیلهامی خوایە

(زین) ژمارە ٩٤٩ی ڕۆژی ٦/کانوونی دووەمی ١٩٤٩

سالانی پێشوو بەختمان یار بوو
حەکیمەکەمان نەخوێندەوار بوو
نەمان بیستبوو ئەم هەموو دەردە
نەئەچووە زگمان دەرمان بە فەردە
ترس و واهیمە نەبوو لە ناوا
عیللەتمان بە ناو ئەدا بە ئاوا
بە نوشتەی شێخێك، یا لەرز بڕینێ
نەدەما دەرد و ژانی برینێ
هێلانەقوڵتە لەگەڵ شیری کەر
دەردەباریکەی لا ئەبرد لە سەر
ئەوسا (شیرینقە) شەو هەر بۆ ژن بوو!
ئێستا نێرینە لەشی کون کون بوو!!
دیپلۆمەی درۆ لە ناوی بردین
هەزار نەخۆشیی بو پەیدا کردین
خۆ هێجگار دەردی ئیجتیماعیمان
دووبەرەکیی وای هێنایە مەیدان
نایێڵێ ساتێ سەرمان ڕەحەت بێ
بەشمان بۆ سەردار، سەر دارو پەت بێ
هەرچی هەڵئەسێ ئەڵێ: من حیزبم
برا لێم لادە، نامەوێ حیز بم
ئەحزاب جوێ بو جوێ کەوتنە شەڕە جوێن
ئیسلامیەت و عەسەبیەت جوێن

(ژین) ژمارە ٩٥٠ی ڕۆژی ١٣/کانوونی دووەمی ١٩٤٩

٩٥١

به خۆوه ئەدیو کە گەیيە پاڵتۆ
خۆی بۆ هاوشانی ئەکوتێتە پاڵ تۆ
کەوڵی سمۆریان دایە کەرەوان[١]
کەری پێش خۆی خست، کردیە سەر کۆپان
(گەدا) سەرکاریی ئەگەر پێ ببڕێ
پیاو ماقووڵ ئەشێ وەك کار سەر ببڕێ
هەر لە سەرەتای جیهان تا ئەمڕۆ
نادان بە کەیفە و دانا بە ڕۆ ڕۆ
هێشتا تێ ناگەن کە خواستی خوایە
بە خۆی بنازێو دوایی لە دوایە
ئەبینی ئەوەی کە خاترجەمە
لە هیج تێ ناگا بۆیە بێ غەمە
چرایە کەوا خوا هەڵێ گیرساند
ئەوی فووی لێ کرد ڕیشی خۆی سووتاند
هەندێ ناسراون بە خەڵك ئەوەڕن
نانێ لە بەشەر بە شەڕ ئەپچڕن[٢]
گۆڕی ئەوانە بە سەمەندۆکە
دەمیشیان بگری پڕ زگیان نۆکە
بە بای نۆك ئەتڕن ئەدەن لە پۆوە
پیسایی توولە ئەکەن بە بۆوە
نان ئەفڕێنن لە (مەردەلۆخە)
لەولاوە ژنیان ئەدەن بە (دۆخە)[٣]

(ژین) ژمارە ٩٥١ی ڕۆژی ٢٠/کانوونی دووەمی ١٩٤٩

---

[١] کەوڵی سمۆریان (پیرەمێرد)   کەوتی سمۆریان (کاکەی فەللاح)
[٢] نانێ لە بەشەر (پیرەمێرد)   لە بەشی بەشەر (کاکەی فەللاح)
[٣] دۆخە : جاران هەندێ خاوەن مەڕو ماڵات لە کاتی بەهاردا مەڕو ماڵاتەکەیان ئەدایە کابرایێك بۆ ئەوەی بە نیوەیی بۆی بەناو بهێنایە، بەو کارەیان ئەوت (دۆخە)

هەر لەورۆژەوە جیهان دانراوە
ئەهل و نائەهلی تیا فەرق کراوە
ئەشکاڵی بەشەر کەس لە کەس ناکا
تاکو یەکسان بێ بەد لەگەڵ چاکا
هەروا هاتووە وایش ئەچێتە سەر
تازە ئێسترمان بۆ نابێتە بەر
ئایینی ئیسلام تەساویی دانا[1]
بەڵام فەزڵیشی بۆ دانا دانا
من بە ڕەنجی شان پارەم دەست کەوێ
تەمەڵ لەلاوە چی لە من ئەوێ؟
بەڵێ حەقی کەس بە کەس نابڕێ
ناحەقی ناوی بە خراپ ئەبرێ
یاریدەی کەوتوو سەدەقەو زەکات
بە ئەمری خوداو پێغەمبەر داهات
نەك ئەمەی بڵێی بە (بۆلشەویکی)
هەرچی پەیدا بوو بێتە شەریکی
تازە ... لەگیان وەڕستن
بە ئێمە ئەڵێن کۆنە پەرستن
خۆزگە ئەمزانی تازە چی یان کرد؟
ئەمەندە بەندەی خوایان لە ناو برد
دیموکراتی یە(ذەرە)ی داهێنا[2]
ڕەگی هەژاری لە بن دەرهێنا

(ژین) ژمارە ٩٥٢ی ڕۆژی ٢٧/کانوونی دووەمی ١٩٤٩

[1] تەساوی: مساوات: چون یەکی
[2] مەبەستی پیرەمێردلەوەیە کە ئەو بەرەیەی داوای دیموکراتی دەکرد وەك ئەمریکا و ئینگلیز بۆمبای ئەتۆمیان داهێنا کە بە جارێملیۆنەها خەڵکیان لە ژاپۆن بێ لە ناو برد.
*ئەم وشەی (ژەرە)یە لای کاکەی فەللاح بە (ذیە) نووسراوە .

گوناه و تۆڵه ، زۆر کەس تیا کۆڵە
خۆ هێجگار تۆڵەی باوك بۆ ڕۆڵە
باوك لە ئەولاد ئینکاری نییە
ئازاری هەیەو بێزاری نییە
ئەمەیە کە خووی فرزەند ئەگۆڕێ
هەر بە زیندوویی ئەخاتە گۆڕێ
کە بە منداڵی تەربیەت نەدا
ئەو ئەڕوا بە شوێن کردەوەی بەدا
ئەوسا قانوونی جەزای حکوومەت
مەحکوومی ئەکا، بە پێی عقووبەت
ئەبێ گوناهی باوکی لێ بگری
خۆی خووی وا لێ کرد با هەر بۆی بگری[1]
من باوکم دیوە کە چاوی لێ بوو
کوڕەکەی لە شوێن ئۆتۆمۆبیل ئەچوو
ئەو بە فەخرەوە ئەیگوت: کوێ ئەچی
چۆن لە چنگ ئەحەی کوڕم دەردەچی؟
خۆ ئەگەر کەوتە ژێر ئۆتۆمۆبیل
ئەچیتە شکات بە دادو دەخیل
ناڵێ کوڕەکەم ڕای کرد شوێنی کەوت
خۆی هەڵاوەستی دەستی بەربوو، کەوت[2]
ئاخ خۆزگە چاری ئەمە ئەکرا
باوکی ئەوانە جەزا ئەدرا

(ژین) ژمارە ١٩٥٣ی ڕۆژی ٣/شوبات/ ١٩٤٩

[1] خۆی خووی وا لێ کرد (پیرەمێرد)   خۆی خووی خراپ کرد (کاکەی فەللاح)
[2] دەستی بەربوو و کەوت (پیرەمێرد)   دەستی پەڕی و کەوت (کاکەی فەللاح)

٩٥٤

جەوهەر لە بەختی ڕەشدا دیارە
شەوقی مانگەشەو لە شەوی تارە
ڕشتەی زیرەکی کە خوا پێی داوین
بووە بە پەتێك پێی پێ لە داوین
(قونبولەی زەڕە) لەولا ئەتەقێ
چاوگەی (ئاوەڕەش) لێرە ئەتەقێ
هەوری (بڕووخێ) کە ئەگرمێنێ
(لافاو) هەر ماڵی خۆمان ئەڕمێنێ
قوڕیان گرتەوە بۆ نەوجوانان
وا خۆیان بوونە (بەرزەکی بانان)
هەر دەڵێم ناوی کوردیەتی نابەم
چی بکەم تینومە بێ ئاو دەر نابەم؟؟
(بەفر) وەك سەرم باری بە سەرما
کوێستانیم باکم نییە لە سەرما
هێند (پەڵ) یان پیادام بووم بە منارە!
کەس لە من بەرزتر نییە لەم شارە
بوومە چراییێك لە سەر منارە
من ئەسووتێم و ڕێی خەڵك دیارە
خشتێ بڕووخێ لێم بوو بە دیوار
هەر هاوار ئەکەم لێم نابیەن هاوار
ئەگینە هەر من هاوار کەریان بووم
بە (ژیان) و (ژین) من ڕابەریان بووم

(ژین) ژمارە ٩٥٤ی ڕۆژی ١٠/شوبات/ ١٩٤٩

باران کە باری خاك ئەشواتەوە
زبڵ و پشقڵی پاك ئەکاتەوە
بە هاوین زەمین کەللەی گەرم ئەبێ
بە پەڵێ پەڵەی باران نەرم ئەبێ
بە کەللە ڕەقی هیچ ناچێتە سەر
بە نەرمی زەوی و درەخت دێتە بەر
بە زستان مارو دووپشك ئەچنە کون[١]
سەرما دەماریان دەردێنێ لە بن
(بێ ورە) ترسی کە هات بەسەرا
کونە مشکی لێ ئەبێ بە سەرا
هەندێ هەمیشە ئەڵێ: سەرمامە
بن کلکی کەری لە لا حەمامە !
سەرما نەچێژیت ئاگرت ناوێ
زستانان ئەچنە بەر خۆرەتاوێ
تا ساردی و گەرمی جیهان نەچێژی
هەرچیت هاتە پێش خامی ئەیرێژی
بە زللەی زەمان کە گوێت نەزرنگی
(تەمێ خواردوو) نیت، پێت ناڵێن: زرنگی
بە خێر و بێرە ئەوەی کە فێرە
بزن بە بێرەو گاجووت بە گێرە
مام ڕێوییش خواردی شیری پیرێژن
کلکە قولێ یان بڕیبوو لە بن

(ژین) ژمارە ٩٥٥ی ڕۆژی ٢٤/شوبات/ ١٩٤٩

---

[١] ئەچنە (پیرەمێرد)   ئەچنە (کاکەی فەللاح)

٩٥٦

هەرکەس ئەبینی هەوڵی خۆیەتی[1]
بۆ گیرفانی خۆی چڵۆچۆیەتی
ئەم ئەڕە ئەڕەو ئەم سەرەو سەرە
(ماریقە) درۆزنەی نیشتمان پەروەرە[2]
ئەگەر هەر (مەلێ) هەنجیر خۆر ئەبوو
هەنجیر بە کاڵی ئەبڕایەوە زوو
ئەوانەی کە وا سەرکەوتن تەواو
بە فیداکاریی لاوان هاتنە ناو
ناوی(شووتیەکە) ئەکەن بە سندان
توێکڵی ئەهاونە بەرپێی لاوەکان
(دڕك) لە پاڵووی ئێستری تۆڕ ئەنێ
سوارەکەی بگلێ ئەویش پێ بکەنێ
(لیسی کوێری)یە کەوتۆتە ناومان
هەروا ئەکەوێ لە سەرو چاومان
بۆ هەموو کارێك غایە پێویستە
پیاوی بی مەسلەك هەر نەنگەویستە
ئەوی ئەخوێنێ و ئەیهێنێتە کار
ئەلەکتریکە بۆ ڕووناکیی شار
هەندێکی وایش هەن چراوەکوژێنن
کەڵەکی (میری سوور) ئەڕووخێنن
ئەوانە ئەبێ (ئەشکێڵ) بکرێن
یا لە ناو گەلا دوورەوە خرێن

(ژین) ژمارە ٩٥٦ی ڕۆژی ٣/ئازار/ ١٩٤٩

---

[1] ژین لە سەرەتای ئەم پەندەدا نووسیویە (ساڵی ٩٤٢ لە ژمارە ٧٩١ ، هەروایین) ئێمە لە بەراورد کردنی ئەم پەندەو پەندی ژمارە ٧٩١دا جیاوازیمان لە دێڕەکانیدا بینی بۆیە بە پێویستمان زانی بڵاوی بکەینەوە. ئەم پەندە لە پەندەکانی کاکەی فەللاح دا نەنووسراوەتەوە.

[2] ماریقە: مارق : وشەیێکی عەرەبی یە بەمانا خۆهەڵکێشێکی هیچ لە بارا نەبوو.

وا چلەمان چوو. شوکور نەمردین
خوا لە دەست(شەوە) ڕزگاری کردین
ئینجا مایەوە هیمەتی پیران
جنۆکە نەمانهاوێتە بیران
جنۆکە دەستی خۆی لێ وەشاندین
گەلێ نازداری لەگەڵ تەراندین
ئەمجا دوای شێتی نۆرەی ژیری یە
خەڵك لە ناو خۆیدا ڕاو تەدبیری یە
بەڵێ کەس لە پڕ نابێ بە کوڕێ
تا پێئەگا سەد کفن ئەدڕێ
ئێمەیش وا چەند جار تەجروبەمان دی
ئەوەی ئەترساین لێمان هاتە دی
با ئیتر نۆرەی هوشیاریمان بێ
بەس هەرزەکاری و بێعاریمان بێ
نۆرەی خوێندن بێ، کە هەر بە خوێندن
ڕزگاریمان دێ لە فێڵی دوژمن
شەرتی ئەوەڵمان ڕێکی ناوخۆیە
نارێك بین نابین بە هیچ، درۆیە
هەمووومان دزی گاکەی خۆمانین
جاسووسی یەکین، هەتا ئەتوانین
کێ لەولاوە هات (ژورنالمان) لێدا[1]
بینووسێ هەرچی ئەڕوا بە ڕێدا

(ژین) ژمارە ٩٥٧ی ڕۆژی ١٠/ئازار/ ١٩٤٩ .

---

[1] ژورناڵ : مەبەست ڕاپۆرت نووسینە

یادی ڕابووردووو چەندە دلگیرە
غەم و شادی یشی وەك یەك لە بیرە
لە زیندانا بووم کە بمخنکێنن
ئەیانویست گیانم لە لەش دەربێنن
ئێستا جاربەجار دێتەوە بیرم
بە یادێکی خۆش هەڵی ئەبژێرم
چەند جاریش کەوا لە سەرای شادا
سمێڵم بادا بە دڵی شادا
ئێستا هەردووکیان وەك یەك دێنە یاد
ئەمەتە حاڵی دنیای بێ بنیاد
هەرچی ئەبینی وا لە پێش چاوە
کە گووم بوو ، خەوە، خەیاڵی خاوە
ئەگەر ئەنجامی ئەمە بزانی
خۆت هیلاك ناکەی بۆ دنیای فانی
کە خۆشی و تاڵی هەروا نەمێنێ
ئیتر چیت داوە لە ئەمڕۆ و دوێنێ؟
لە تەنگکانەدا هیوای خۆشیت بێ
با بەوە لەخەم فەرامۆشیت بێ
خۆ ئەگەر بێت و قەناعەتکار بی
ڕەزا بە قەزای پەروەردگار بی
لە مەلیك خۆشتر ڕادەبوێری
دنیا هی تۆیە کە بەرچاو تێری

(ژین) ژمارە ٩٥٨ی ڕۆژی ١٧/ئازار/ ١٩٤٩

٩٦٠

خوا شەوو ڕۆژی داناوە بۆمان
لەوحەی عیبرەتن بۆ ئەهلی جیهان[١]
جارێ لە پێشدا دەرسن بۆ ژیان
یەعنی کە تاسەر نامێنێ بۆ ئینسان
دووەم تاریکی و ڕووناکیش وایە
کە خۆشی و تاڵی وا دوابەدوایە
دوای تاریکی شەو ڕۆژ کەدێتەوە
بۆیە کە قەدری بگیرێتەوە
ئەگەر هەمیشە هەر ڕۆژ دیار بێ
وا لێ دێ ئیتر خەڵك لێی بێزار بێ
خۆ ئەگەر تا سەر تاریکە شەو بێ
ئەوسایە ئەبێ پێشەمان خەو بێ
کەواتە خوا خۆی باشی داناوە
ئەندازەی ڕۆژو شەومان تەواوە
ئەو بۆ نوستن و ڕۆژ بۆ ئیش و کار
ئێستا شەو بووە بە ڕۆژ ، بۆ قومار
لای خوداپێداو بە شەو بێداری
لەولا پێ لەداو بە دوای یاری
هەردوولایێکیش لە لایان خۆشە
بەڵام قومارکەر مادەیان بۆشە
هەندێ ڕەحمانی ، هەندێ شەیتانی
شەیتان خۆی تێکەوت، دوایی نەهانی

(ژین) ژمارە ٩٦٠ی ڕۆژی ٣١/ئازار/ ١٩٤٩

تێبینی. لە نێوان ژمارە ٩٥٨ و ٩٦٠ ، ٩٥٩ هەیە بەڵام ئەوەی کە لەم ژمارەیەدا نووسراوەو لە چاپەکەی کاکەی فەللاحیش دا هەیە، ناچێتە خانەی پەندەوە، بەڵکو دەچێتە دیوانی شیعرەوە، شیعرەکەش بەناو نیشانی (یادێکی حەزین) بۆ شەهیدانی کوردستانی تورکیە وتراوە.

---

[١] لەوحەی عیبرەتن (پیرەمێرد) ، لۆمەی عیبرەتن (کاکەی فەللاح)

خزمینه دڕدەن .... داهات
ئیتر ئەبێتە دەوری مساوات
کوڕو کاڵ بەوە کەوتوونە سەما
کە گوایە باوی دەوڵەمەند نەما
ئەوی دەوڵەمەند کۆی ئەکاتەوە
ئەبێ بەش کرێ بە جەماتەوە
شەوی یەکشەمموویش ئەوی ڕەبەنە
بێ ترس ئەچێتە لای دەست بە خەنە
نازانن بەشەر مایەی بە شەڕە
سروشتی ئەسڵی تەشقەڵەو گەڕە
لە ئادەمەوە دوو برای هاوپشت
لە سەر هەوای نەفس ئەویان ئەوی کوشت
خۆ براکانی یوسفیش هەروا
تێکرا لە نەسلی پێغەمبەری خوا
لە ناو خۆیانا کەوتنە تەدبیر
ئەو فریشتەیان هاویشتە ناو بیر
ئێستا ئەم نەسلەی کە لە ئەزەلدا
هاتوونەخوارێ بە شەڕو هەڵدا
بێ ترسی دارو جەزای حکوومەت
چۆن دادەنیشن بە عارو حورمەت؟
هەرخوا ناسیونی و شەرعی پێغەمبەر
کە خستوونیە ژێر ئەمری (اولو الامر)

(ژین) ژمارە ٩٦١ی ڕۆژی ١٤نیسان/ ١٩٤٩

٩٦٢

خوا هەر پیاوێکی کە وا ناردووە
ئیشێکی گەلی پێ سپاردووە
هەندێ بۆ ئەوەی ڕێی چاك بنوێنن
لە زۆردار تۆڵەی هەژار بستێنن
هەندێکیش ناویان پێغەمبەر بووە
فەرموودەی خوایان بۆ ڕەهبەر بووە
بە زوبانی لووس وەعزیان داداوە
هەر قسە بووە ، باویان نەماوە
کە زانیویانە قوەتیان نی یە
وتوویانە ئەم درۆیە چی یە؟
هەندێکیان کوشتوون ، هەندێ هەڵاتوون
بە ئاسمانا ، بە ترس سەرکەوتوون
تا ئایەی (قتال) نەهاتە خوارێ
پێغەمبەریش خۆی ئەکوتایە غارێ
دوایی بە شیری (عومەر) و (عەلی)
هاتینە سەر ڕێ، پێی بووین بە (وەلی)
ئێستا ئەو شیرە ژەنگی هێناوە
تیژی و بڕشتی کۆنی نەماوە
هەرچیش هەڵدەسێ لە ئەبنای زەمان
ئیسلامیەتی کردووە بە قەڵغان
خوایە ! دیانەت زۆر کزە لێرە
محەمەدێکی مەهدی بنێرە

(ژین) ژمارە ٩٦٢ی ڕۆژی ٢١ /نیسان/ ١٩٤٩

٩٦٣

تا گوێت گران بێ باری خەم سووکە
چاو لە لووس ئەکەی قینت لە تووکە
پیرێژنی چەرخ بە نووکەنووکە
هەزار مێردی ناشت هێشتا هەر بووکە
هەزاری سوارەو ئێمە ئەیخوازین
بەو ڕەنگەیش هێشتا ئاواتەخوازین
ئەوەی بۆ ژنی بەدخوو بەخەمە
ناویان لێناوە بە (مامە حەمە)[١]
ئەگەر خوا ئەمەی وا دانەنایە
ئەشیا هیچ کەسی تێدا نەمایە
خوا شەیتانێکی بۆ دروست کردین
وردو درشتی لە خشتە بردین
ئەو کە باوکمانی وا هەڵفریواند
لەو شوێنە خۆشەی بە فێڵ دەرپەڕاند[٢]
ئێمە لە باوکمان دیارە زیاتر نین
ئەو پێغەمبەر بوو، خۆ ئێمە ئۆمین
مەگەر کەرەمی خوامان لە سەر بێ
کە تەفرەی شەیتان وا بە خەتەر بێ
ئەگینە کە ئەو لە ڕێمان لادا
هیوای لای خوامان ئەدا بە بادا
ئەم بەدکرداری و یەکتر کوشتنە
فیتی شەیتانە، کەوا دوژمنە

(ژین) ژمارە ٩٦٣ی ڕۆژی ٢٨ / نیسان/ ١٩٤٩

[١] مامە حەمە(پیرەمێرد) ، مامە خەمە (کاکەی فەللاح) ئەوی ڕاستی بێ لێرەدا (مامە حەمە) ڕاسترە لە مامە خەمە .
[٢] بە فێڵ (پیرەمێرد) بەدڵ (کاکەی فەللاح)

شەوگاری پایز نەئەچووە سەر
ڕۆژ نەئەبووەوە، مەگەر بە (پۆکەر)
ڕووناکی کەم و تاریکی زۆر بوو
دەستەی ... دەستی پڕ زۆر بوو
... (سەندەڵقو) هەڵیەپەڕاندن
(تەگەو بەران)ی لیکیە پەڕاندن
ڕمەڕم (ڕم)یان ئەدا لە سەرا
وەختەبوو سەرا ، بڕمی بەسەرا
(بلوێری شەیتان) کەوتبوە مەقام
(سێ پێیی) ڕەقسین پێی سێ قایمقام!
تاکوو (پەڵە)ی دا پەلی دیوانی
پەلی دێوانەی پەل کرد ڕای هانی
نەورۆز شەوو ڕۆژ بوو بە مساوی
نووری ڕۆژ لای برد ، مسای مساوی
بارانی نیسان ، ڕەحمەتی ڕەحمان
نوقتەی زەحمەتی کڕاند لە سەرمان
ئیتر حەفلەیە و شادی و ئیستیعراز
بەرخی (حەمەلیان) سەربڕی سەرباز
سەرۆکی نائیب سەر سەرەو کێش هات
هاتمانە بە خێر، بە سەر سەران هات
ماوەتەوە سەر تەنها ئاواتێ
باوە گوڕ گوڕیش کوڕێکمان باتێ

(ژین) ژمارە ٩٦٤ی ڕۆژی ٥ / مایس/ ١٩٤٩

هەموو كارێكت بە ئەندازە بێ
جزدانی خوڵقت بە شیرازە بێ[١]
زۆرت چنگ كەوێ و كەمی ببەخشی
چاویان لەدوایە دوایی ئەلەخشی
كەمت بێ و بیدەی زۆر قەرزدار ئەبی
كە قەرزداریش بی شەرمەزار ئەبی
خۆت بەدناو مەكە بە بردەی باری
لای خوایش بەرمەدە بەستەمكاری
سەد چاكەت ببێ ئەڕوا بە بایە
برینێكی دڵ سارێژی نایە
هەتا ئەتوانی لادە لە دیوان
دێوانە ئەبی وەك دیوان دیوان
هیچكەس بە مەعاش دەوڵەمەند نابێ
سا مەگەر گوردی بەرتیلی تیا بێ
بەرتیلیش مایەی گڕو پفێكە
ئەنجامی هەردوو دنیای تفێكە
نان و دۆیەك و دڵێكی ڕەحەت
نەك ترس و خەمی پادشای سەر تەخت
چونكو هەردوولا ڕێیان ئەو لایە
هیچ نابەی لەگەڵ خۆت لەم دونیایە
ئەم واتەیەمان ناچەسپێتە دڵ
ئاواتە خوازی ئەبەینە ژێر گڵ

(ژین) ژمارە ٩٦٥ی ڕۆژی ١٢ / مایس/ ١٩٤٩

[١] خوڵقت (پیرەمێرد) زوڵمت (كاكەی فەللاح)

٩٦٦

ئەوانەی کە وا خۆیان ناسیوە
(ئیدەمان)یان دیوە لەم دیوەو دیوە[١]
کارێك بزانن پێ یان ناکرێ
نایگرنە ئەستۆ، گەرچی بە کرێ
هی وایش ئەبینم کە تێ هەڵچۆیە
پەلامار ئەدا بە دەنکە جۆیە
کە کەوتە سەر ئیش ئەوسا ئەزانێ
ئەو بارەی گرتیە ئەستۆ نایتوانێ
بەڵام فایدەی چی مەشکە دڕاوە؟
کاتێکی زانی دۆکەی ڕژاوە
بۆیە پێشینان وایان داناوە
ناسینی ڕەش و سپی بە ئاوە
ئێستا دەورێکە دوو چشت بەکارە
بۆ خۆ چەسپاندن، ڕەجایەو پارە
با لێرەیش نەبێ ئەم فڕو فێڵە
لە سەرچاوەوە ئاوەکە لێڵە !!
لە (گونیە)دا پێی لاوان ئەبەستن
پێشیان ئەڵێن : (دەی) ڕاکەن مەوەستن
ئاخ پیاوی خۆیان بۆ ئیش نەدەنارد !
بۆ ئیش هەر پیاوی خۆیان هەڵدەبژارد
(سوریەو زەعیم) کاریان تەواوە[٢]
چارەی ئیسلاحیان بە سوێند داناوە

(ژین) ژمارە ٩٦٦ی ڕۆژی ٢٦ / مایس/ ١٩٤٩

[١] دیوە (پیرەمێرد) نی یە(کاکەی فەللاح)
[٢] زەعیم: مەبەست لە حسنی زەعیمە کە ئەو سەردەمە بە کوودەتا هاتبوە سەر حوکم و سەرۆکی سووریا بوو.

هەرچی بەشەرە و گیانی لەبەرە
لە سەر سەفەرە و رێگەی لەبەرە
سەیریش ئەمەیە کە هاتە جیهان
ڕووت و قووت و کز بێ ئاوو بێ نان
کە دێت هیچ لەگەڵ خۆیا نایێنێ
کە ئەشرِوا نایبا لێی جێ ئەمێنێ
ئیتر لەو ڕۆژەی فام ئەکاتەوە
ئەچەوسێتەوە، بە نەهاتەوە
هەموویشی دەردی دیزەڕەشیەتی
تا دەمرێ هەوڵی خواردن بەشیەتی
چونکو برسێتی چاری نەکراوە
کە هیچی نەخوارد هێزی نەماوە
بەرگ و پێڵاوو هەوای نەفسانی
نەیشبێ چارێکی هەیە ئەتوانی
بەڵام نەخواردن بۆ کەس نەلواوە
ئاوێکە ڕۆژی ئەزەل ڕژاوە
ئەمەندەی هەیە قەناعەتکاری
واسیتەیێکە بۆ سەبەبکاری
ئەویش یەگانە چارەی بە دینە
ئاینی ئیسلام بۆ نەفس پەرژینە
ئەخلاقیش بە دین دێتە ڕێی چاکە
داخەکەم لێڵە ئەو ئاوە پاکە

(ژین) ژمارە ٩٦٧ی ڕۆژی ٢ / حوزەیرانی/ ١٩٤٩

ڕێی دڵ و زوبان هێجگار گۆڕاوه
ئاشنایەتییان لەلا نەماوه
ئەویان بوو بە قیر ئەوی تر وەك سیر
خزمایەتییان نایەتەوه بیر
دڵ عەهدو وەفای لەلا نەماوه
زوبان بۆ درۆ تەڕو پاراوه
ئەمە سیاسەت وای بەسەر هێنان
دیانەتیان ناشت لە (گردی سەیوان)
ئەگینە شەرتێ ئایین ئەیەوێ
دڵ و زوبانمان بە جووت یەك كەوێ
هەرچی زوبانی ئەیڵێ بە دڵ بێ
نەك لەلای خوداو بەندە خەجڵ بێ
موسوڵمان لەگەڵ یەك هام حاڵ ئەبوو
یەكێكیان بە سەر (دە)دا زاڵ ئەبوو
ئێستا كە لەگەڵ یەك درۆ ئەكەن
حەوتیان بۆ جووێك سەر فرۆ ئەكەن
ئەم تەجروبەیە هی هەزار ساڵە
نەسرەت بە دینە، نەوەك بە ماڵە
سیاسەت بازی لە ئێمە نایە
سەدهەزار چاڵی نەدیدەی تیایە
دینی ئیسلام بوو ئێمەی لە سەر بووین
بەوە نائیلی فەتح و زەفەر بووین

(ژین) ژمارە ٩٦٨ی ڕۆژی ٩ / حوزەیرانی/ ١٩٤٩

٩٦٩

ئەو کەسەی کە خووی خۆی لە لاخۆشە
با خراپیش بێ، نایگۆڕێ بۆشە
زۆرتر خووی خراپ کە باو ئەسێنێ
وا لە پیاو ئەکا چاری نامێنێ
هی ئەوتۆ هەیە بە چاولێکەری
هەرچی هاتە پێش ئەیداتە بەری
ئەمەوێ ڕۆژێ هەر بۆ تەجرەبە
لە شوێنێ تووشی چوار پێنج کەس ببە
بڵێ: کوڕینە وا لەو مزگەوتە
بانگی داو نوێژی بە جەماعەتە
وەرن با بچین، بزانین کێ دێ؟
دیارە کە هیچیان ڕوو ناکەنە وێ
ئینجا بڵێ: ئای کوڕینە وەرن
تیاترۆ هاتووە، کچ هەڵدەپەڕن
سنگ و قۆڵی ڕووت ، گۆرانی ئەڵێن
(ویزیتە)یش هەیە بێ (ئینتر)ەو بەڵێن[١]
ئەوسا بڕوانن چەندی لە شوێنە ؟
وای لێ هاتوە ئەم ڕێ و ئەم شوێنە !
خۆم لە بیرمە پیاوی داوین پیس
ئەکەوتە بە (حەد) ئەیانکوشت بە لیس
ژنیش خۆڵ و دۆی ئەکرا بە سەرا
شار بەدەر ئەکرا بە چەپڵەو هەرا

(ژین) ژمارە : ٩٦٩ی ڕۆژی ١٦/٦/ ١٩٤٩

---

[١] ویزیتە : مەبەست لە وشەی (فیزت)ە کە بە ئینگلیزی بە مانای سەردان ، دیدەنی دێت. ئینترە : مەبەست لە وشەی (ئینتەر)ە کە ئەویش وشەیەکی ئیگلیزی یە ، بە مانای چوونە ژوورەوەیە. تێ بینی: ئەم پەندە لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نی یەو نووسیویە (دەست نەکەوت).

ئەهلی فەن ئەڵێن کە گەرمای زەمین
تاوی هەتاوە ئەیدا لە زەمین
ڕۆژ، ساڵێك لە ناو دوازدە بورجایە
سیانی سەرمایە و سیانی گەرمایە
کە زەمین لە ڕۆژ نزیك کەوتەوە
گڕ بەردەبێتە کوورەی نەوتەوە
ئەمە وادیارە زۆر چاك زانراوە
خەتی دەورەیە بۆ ڕۆژ کێشراوە
بەڵام ئەهلی حاڵ باوەڕیان وایە
جەهەننەم لە ناو قورگی مارایە
ئەو مارە ناویان ناوە (غاشیە)
هەناسەیێکی (نار حامیە)
کە ئەو هەناسە ئەدا بە جارێ
تینی ئاگری لە دەم ئەبارێ
گەرمای هاوینان هەناسەی ئەوە
ترسی سووتانی جەهەننەم لەوە
ئەمە یادێکە خۆڤ خوای تیایە
هەموو ژیانی مەرگی لە دوایە
دوای ئەوەی کە وا گیانمان ئەکێشرێ
لە لاخراپەو چاکە ئەکێشرێ
ئەگەر خراپەت بووبێ بۆ بەشەر
فرێت ئەدەنە ناو ئاگری (سەقەر)

(ژین) ژمارە ٩٧٠ی ڕۆژی ٢٣ / حوزەیرانی/ ١٩٤٩

زك تێریم کاری دەستی ماندوومە
تۆوی عیززەتی نەفسە چاندوومە
ئەو چاوە برە کە ئەیبڕیە دەست[١]
تەماع مارێکە پێی ناموسی گەست
حیکمەت فرۆش بی بێ قەدر ئەبی پێی
شەرت ئەوەتە خۆت وابی کە ئەیڵێی
بێ گوزەرانی دەردێ هائیلە
نوقتەی نەگبەتە بۆ سەر عائیلە
کە منداڵەکەت لە برسا ئەگری
ئیتر نازانی چ ڕێیەك ئەگری
نەبوونی دەستی شێرگیر ئەبەستێ
ماکینەیش بەنزین نەبێ ئەوەستێ
کەم دەستی ئەگەر هەوڵی تێدا بێ
(عوسر)ێکە ئەبی (یوسر)ی لەدوابێ
دەردی گرانی ئینسان حەسەدە
فەرەحی نادا بە دڵ، زۆر بەدە
بەغیل بیشیبێ دایم غەمبارە
چونکو حەسوودی لە سەر دڵ بارە
ئەو کەسەی دڵ و دەروونی پاکە
خەڵك خۆشی ئەوێ، بۆ خۆیشی چاکە
ئەمانە هەمووی کە دادی خوایە
هەر قەناعەتە خێری لەدوایە

(ژین) ژمارە ٩٧١ی ڕۆژی ٣٠ / حوزەیرانی/ ١٩٤٩

[١] بڕە (پیرەمێرد) برکە (کاکەی فەللاح)

ڕابواردنمان هەر بە قومارە
قومار سەریشی ببڕی هەر مارە
هەموو حەرامێ زەوقێکی تیایە
هەر قومار بازە دوایی ڕسوایە
ئافرەتێکی جوان حەزی لێ ئەکەی
عەشق و زەوقێکی تیایە، تێ دەگەی
هیچ نەبێ لە دوای وەسڵ تێر ئەبی
ئەو شەویش نانوی، تا بۆی کوێر ئەبی
ئەم خەڵکە لەگەڵ یەك دۆست و یارە
ئاموشۆو ڕەفتیان، لە لای یەك دیارە
(ئەنگازە)ی قومار کە یاری نەبوو[١]
جووڵەجووڵێتی لە پڕ بۆی دەرچوو
زۆریشمان هەیە هێندە (ئەحمەق)ین
نازانین، دۆست نین، بۆ قومار شەقین
(خۆمار) و (قومار) جووتە بوارە
ڕەشی و سپێتی تێدا دیارە
بەڵام بۆ ئەهلی مەراق هێند خۆشە
بۆ شەوێك هەرچیت هەیە، بیفرۆشە
هەرچیم دەست ئەکەوت ئەمدایە کایە
ئەیانگوت (پۆکەر) زەعیمی تیایە
وەك (حوسنی زەعیم) مارشاڵ جۆکەر بووم
کە پۆکەر نەما، ڕوانیم (نۆکەر) بووم

ژین ژمارە ٩٧٢ی ڕۆژی ١٧ / حوزەیرانی/ ١٩٤٩

---

[١] کە، یاری نەبوو (پیرەمێرد)   کریاری (کاکەی فەللاح)

زۆر کەس ئەبینی لە گیان بێزارە
کە سەری ئێشا ، دەم بە هاوارە
تا ئەچینە خاك هەوڵی ژیانمانە
هیچ ناشڵێین ئەجەل لە کەمینمانە
گورەوشار نوقتەی غافڵ لێك ئەدا
ئەیکا بە عاقل ئەوسا لەوێدا
بەڵام فایدەی چی ناگەڕێتەوە
دنیا بە تەنیا لەو ئەبڕێتەوە
بە خواجەیان گوت: قیامەت کەیە؟
وتی: کە مردم، مەحشەر ئەوەیە
ئەڵێن: فەلەستین لە دەست حەوت دەوڵەت
چۆن وا بە ئاسان دەست جوولەکە کەوت؟
وتیان لە پێشدا قووەتی ئیمان
ئەو فەلەستینەی دا بە موسوڵمان
ئەوانیش چاویان لە موسوڵمان کرد
بە عەزم و ئیمان فەلەستینیان گرت
ئەم ئاڵوگۆڕەی موسوڵمان و جوو
بە ئیستیغفارێك وەر گەڕا، تێکچوو[1]
گەڕاینەوە سەر جیهاد و ئیمان[2]
هیچ کەس لەگەڵمان نایێتە مەیدان
ڕێی ڕاست ئەمەیە گەر ڕاستت ئەوێ
کە دیوار ڕووخا، بانیش ئەکەوێ

ژین ژمارە ٩٧٣ی ڕۆژی ١٤ / تەمموز/ ١٩٤٩

[1] بە ئیستیغفارێك (لای پیرەمێرد) بە ئیستیعمارێك (لای کاکەی فەللاح)
[2] جیهاد (لای پیرەمێرد) جیهان (لای کاکەی فەللاح)

٩٧٤

چەقۆی (مالووم) و کێردەکەی شەیتان
تا خوێن برێژن ، تیژن، بێ (هەسان)
زۆرتر لە ڕۆژی موبارەکدایە
ئەم پیاو کوشتنە و شەڕ و هەرایە
ماتەمی گەورەی نۆزدەی ڕەمەزان
بریندار کرا کە شێری یەزدان
(عەلی) (لافتی)ی (بەدر) و (حونەین) بوو
هەم بابی عیلم و بابی(حوسەین) بوو
ئێشی برینی ئەو هێشتا ماوە
برین لە لەشی ئیمان کراوە
ئەمە تەقدیری ئەزەلیی خوایە
لەولاوە دەستی شەیتانی تیایە
ئەمە ئەساسی دەوری جیهانە
کە نەڵێن کەسی تیا شادمانە
لە لاییێکەوە پیاو پیاو ئەکوژێ[1]
مایشەوە برا خوێنی ئەمژێ
دوێنی (شێخ غەضبان) لە حیللە هەروا
برای خۆی کوشتی بە نای ناڕەوا
خۆی و کوڕێکی و ژن ومندالّی
کوشت و ئاگری بەردایە مالّی
ئیرسی (قابیلە) پێمان بڕاوە
بە دیموقراتی کارمان تەواوە

زین ژمارە ٩٧٤ی ڕۆژی ٢١ / تەمموز/ ١٩٤٩

---

[1] پیاو ،پیاو (پیرەمێرد) پیاوە (لای کاکەی فەللاح)

فەندو فێڵێکی وای هەیە شەیتان
لە کەتن و پەتنی تێناگا ئینسان
(چۆلەکە)یێکی شوان خەڵەتێنە
ئەخاتە پێش شوان، ها بگرەو بێنە
وا لە بەردەمیا (قونەی) بۆ ئەکا
ها لێرەو لەوێ، گاڵتەی پێ دەکا
دەستی بۆ دەبا ئەو هەڵنافرێ
بە قونە نەختێ، لێی تێئەپەرێ
بەو ڕەنگە هەتا دووریەخاتەوە
(ڕانی) لە بیرو هۆش ئەباتەوە
لەو لاوە گورگیش وا لە کەمیندا
بۆ هەل دەگەڕێ، لە سەرزەمیندا
کە زانی وا شوان ڕانی لێ گوم بوو
پەلاماریدا، لە مێگەل بەربوو
مەڕ ئەبارێنێ و گورگ ئەیفرێنێ
شەیتان پیشەی خۆی وا بە جێ دێنێ
شوانێ کە ڕانی پێ سپێردراوە
شەرتە شوانیشی خۆ پێ دراوە
بۆ پارووێ گۆشتی چۆلەکەی هەژار
ڕان بە جێ دێڵێ بۆ گورگی خوێنخوار
کار بەدەستێکە بۆ فرۆشێ
بە تەفرەی شەیتان میللەت دەفرۆشێ !

ژین ژمارە ٩٧٥ی ڕۆژی ٤/ ئاب/ ١٩٤٩

٩٧٦

گوێ لە پیران و باپیران بگرن
لە هەر خەسارێ پەندێ وەرگرن
دەستێ نەتوانی بە زۆر بیبڕی
ئەبێ ماچی کەی، بە چاو بیسڕی
ئەگەر (تەناسوخ) ئەسڵی ببوایە
بهاتنایەوە سەر ئەم دنیایە
ئەشیا زەرەرمان لە هەرچی دیبوو
بۆی نەچووینایە، هەروا زووبەزوو
بەڵام بەنیادەم هێندە لاسارە
گوێ ناداتە ئەم تەجروبەو کارە
خۆ نەخوازەڵا، ئێمەی خۆش باوەڕ
کە بۆ گەورەکان بووین بە بارەبەر
چۆنمان لێ خوڕن ئەو ڕێیە ئەگرین
دوایی هەر خۆمان بۆ خۆمان ئەگرین
خۆ ئەدەین بە کوشت گشتمان بەرەودوا
ئەڵێن: بە دەردی خۆی مرد، با بڕوا
بە خەنجەر چووینە سەر سوپای دوژمن
پێیان ئەگوتین: (بە کۆمەڵ بمرن)
لەوەیش ڕزگار بووین، دیسان نەسرەوتین
لە جاران زۆرتر، ڕەدوویان کەوتین[1]
وا (بڕووخێ)یشمان تاقی کردەوە
بەس بێ ئیتر ئەم پیشەو کردەوە

ژین ژمارە ٩٧٦ی ڕۆژی ١١/ ئاب/ ١٩٤٩

[1] ڕەدویان کەوتین(لای پیرەمێرد)   دوایان نەکەوتین (لای کاکەی فەللاح)

٩٧٧

کاری بۆ ناکرێ دەستی بێ پەنجە
ماڵدارێ بێ دۆست، بە خەم ورِەنجە
قاڵب و قیافەت چ دادێك ئەدا
سەیر کە وەلەکێك حوشتر یخ ئەدا
لە سەر ئیشێك بی و دڵێك بشکێنی
لێت ئەستێننەوەو دۆش دائەمێنی
کە بەرامبەری دوژمنت نووستی
بە هیوا مەبە کە ساغ هەڵدەستی
ئەو خەوەت خۆشە کە بێ دوژمن بی
نەك لە ترسانا لە کون و قوژبن بی
کە تۆ بە خەیاڵ زۆر بەرز بفرِی
کە کەوتی پەتۆ نابەی ئەمری
هەرچەند بە چنگ و گورج و چالاك بی
نابێ لە مەکری فەلەك بێ باك بی
چاری گوزەران بەرچاو تێری یە
دۆست پەیدا کردن، بە چاودێری یە
ئەوەی کە ئەتبێ و لێی ئەدەی بە خەڵك
لە هەردو دونیا بۆت ئەبێ بە کەڵك
ئەوی خۆی ئەیخواو هەر بە تەنیایە
لە بین ئەگیرێ، چاوی لە دوایە
خۆ هەرچۆنێ بێ هەر ئەبرِێتەوە
کەواتە، وابکە، بێتە رِێتەوە

ژین ژمارە ٩٧٧ی رِۆژی ١٨/ ئاب/ ١٩٤٩

٩٧٨

خوا دەستورێکی دادی داناوە
ئەوی کە کوشتی ، ئەویش کوژراوە
گەورەیی خۆشە، خوا بیدا بە پیاو
بەڵام نەك لە پڕ هاتبێتە ناو!
چونکو لە پڕێ کە بوو بە کوڕێ
زوو بایی ئەبێ ، کەڵکی ئەبڕێ
ئەو بایی بوونەیش ، هەر خواستی خوایە
(ان الانسان ليطغي) وایە
غوروور بوو، (حوسنی زەعیمی) فەوتاند[1]
بایی بوو، دڵی زۆر کەسی ڕەنجاند
بەڵام ئەو خوێنی کەسی وای نەڕشت
هێجگار (موحسین)یان بە ناڕەوا کوشت[2]
ئەم کارە لکی لێ ئەبێتەوە
هەروا بە ئاسان نابڕێتەوە
هەویری فیتنە زۆر ئاو ئەکێشێ
دوژمنی ناوخۆ ڕەگ دەردەکێشێ
کە (ئەهلی سەلیب) هاتنە فەلەستین
ئینگلیز و فەڕەنگ، لێك کەوتنە قین[3]
بۆ (صلاح الدین) فرسەت پەیدا بوو
ئەگینە دونیای لێ خرۆشا بوو
خوا لە گەردشی عەسکەرو فەقێ
بمانپارێزێ و بۆمبا نەتەقێ

ژین زمارە ٩٧٨ی ڕۆژی ٢٥/ ئاب/ ١٩٤٩

---

[1] حسنی الزعیم: سەرکردەی یەکەمین کوودەتا بوو لە سووریا پاشان (سامی الحناوی) کوودەتای بە سەر ئەودا کردو کوشتی
[2] موحسین: مەبەستی لە محسن البرازی یە کە سەرۆك وەزیرانی حسنی زەعیم بوو، ئەویش لە کوودەتای دووەم دا کوژرا.
[3] فەرەنگ: مەبەست لە فەرەنسایە

٩٧٩

ئەوەی لە لای تۆ زەمی دۆستی کرد
بە بێ وەفایی ئابڕووی خۆی برد
بەدزبان نوقتە ئەچێتە سەر (بێ)ی
ئاخری زیانی زوبان دێتە ڕێی[1]
کەس ناکەسیش بێ، لێت نابێتەوە
تفی بەرەو با ڕیش ئەگرێتەوە
ئەوی بێ بەشە لە عارو ناموس
هەر لە خۆیەوە ئەبێ بە (جاسووس)
ئەوی نەزانێ کە کوڕی کێ یە؟
لە گەڵیا مەچۆ، بۆ هەموو جێ یە
عیلمی قیافەت بکەی بە ڕەهبەر
ڕێی پەشیمانیت هیچ نایێتە بەر
گەنمی ئادەمین هەرچەند هاڕاوین
ئاردێکین بە ناو دڕکا چێنراوین
پیاوی بەدئەخلاق هەتا بخوێنێ
شەیتانەکەی شیددەت ئەسێنێ[2]
خوێندن خوڵقی چاك بەهرەو دەردەخا
ئەخلاقیش خوێندن بنج بەستی ئەکا
هاوین وپایز هەر ڕەشە بایە
بۆیە ئەم شارە کوێری زۆر تیایە!!
چاوساغی کوێریش، هێند کەوتۆتە ناو
زۆر کەس ناچارن بە بەستنەوەی چاو

ژین ژمارە ٩٧٩ی ڕۆژی ١ی/ ئەیلوول/ ١٩٤٩

---

[1] زیانی زوبان (پیرەمێرد) زیانی زیاد (کاکەی فەللاح)
[2] شیددەت (پیرەمێرد) بەرە (کاکەی فەللاح)

٩٨٠

هەندێ پیشەی من لەگەڵ خەڵك جوێیە
خۆش گوزەرانیم زانی لە کوێ یە؟
من ئەگەر ڕاست بێ، پیرێکی ژیر بم
نابێ لە تانەی دوژمن دڵگیر بم
ئەوی پێم ئەڵێ ئەگەر بێ و وابێ
نەسیحەتێکە ماڵی ئاوا بێ
ئەبێ ئەو خوڵقە خراپەم چاك کەم
خۆم لە توانجی بەدگۆ بێ باك کەم
کاتێ لە خۆما نەقسم نەمێنێ
کردەوەی چاکم لای خەڵك ئەنوێنێ
خۆ ئەگەر تانەی دوژمن درۆ بێ
با ئەو بەدناو بێ و هەر ڕەنجەڕۆ بێ
ئەوسا بۆ منیش ئەبێ بە عیبرەت
بە درۆ لە کەس ناکەومە غەیبەت
بەڵام کە وابم لێرە هەڵناکەم
زەحمەت بێ غەیبەت ڕەفیق پەیدا کەم
چارەی غەیبەتمان بە (قومار) ئەکرد
پارەمان نەما، وا دەرمان نەبرد
ئێستا بە ناچار وەك ئەحمەد حەیتە
ئەکەوینە سەر ڕێگای ئەم بەیتە
قوماران ئەکەن قورئان دەخوێنم
بە درۆ خۆم وەك غابید دەنوێنم

ژین ژمارە ٩٨٠ی ڕۆژی ٨ی/ ئەیلوول/ ١٩٤٩.

٩٨١

خووێیکی بەدە بۆ فەڕو مایە[١]
شەڕ بە کۆنەقین دێننەوە کایە
بیستوومە ئەڵێن قین ژەنگی دڵە
دڵ کە ژەنگی گرت بۆ شەڕ بە کوڵە
لام وایە ئەوەی کە ڕق هەڵگرە
لە دوژمنەکەی نارەحەت ترە[٢]
ئەیچێنێتە دڵ کەی بۆی هەڵکەوێ
دوژمن بداتە بەر خەنجەر شەوێ
هەر بە داخەوە سرەوتی نابێ
بە قورگیا ناچێ نان و کەبابێ
موسوڵمانی ڕاست ئەوەی زۆر چاکە
کە لێبوورد ئیتر دەروونی پاکە
بەڵام لە پیاوی سپڵە مەبوورە
چونکو بەدنمەك لە وەفا دوورە
ئەگەر چاکەت کرد لەگەڵ ناپاکا
خراپە ئەکەی لەگەڵ پیاو چاکا
بەڵام ئەم چاك و خراپ ناسینە
خراوەتە ناو لوولەی مەسینە
هی ئەوتۆ هەیە کاتێ ئەیناسی
کە لە کەمەندی فێڵیا بتاسی
بەڵام تۆ چاك بەو لەمان مەپرسە
بڵێ: (بەد بە خوا) ئیتر مەترسە

ژین ژمارە ٩٨١ی ڕۆژی ١٥ / ئەیلوول/ ١٩٤٩.

---

[١] لە پەندەکانی کاکەی فەللاح دا نووسراوە "فرۆ"
[٢] لە دوژمنەکەی "پیرەمێرد" لە دوژمنەکانی "کاکەی فەللاح".

پەڕەی تەقویمێك کە هەڵیەپچڕی
ڕۆژێك لە عومری خوت دا ئەدڕی
پارەی مەعاشت کە لە دەست ببڕێ
هەولّی ئەوەتە زوو مانگ تێپەڕێ
نازانی کە ئەو مانگ و ڕۆژانە
عومری چەند هەزار هەزار ئینسانە
ئەو عومرەی ئەمڕۆ کە لێی بێزاری
بۆی دەکەویتە شیوەن و زاری
بەلام فایدەی چی بۆت نایەتەوە
لێت تۆرا ئیتر ئاشت نابێتەوە
تیر کە ترازاو دەرچوو لە کەوان
نایێتەوە بە ئامان و زەمان
عومر بە کورتی و درێژی نی یە
هونەر بە گورجی و زۆر بێژی نی یە
عومرێکی کەم و بە خێرو خۆشحاڵ
خۆشترە لە عومری دووسەد ساڵی تاڵ
کە سەرمای زستان هەڵی چۆقاندین
قەدری بێ بەرگی هاوین ئەزانین
کاتێ قەدری دان کە لات ئەنوێنێ
دانی لاعیدە پووکت بێشێنێ
حەسەرتی عومری ڕابووردویش بۆ خۆی
دەردێکە زیاتر خەمی پێ دەخۆی

ژین ژمارە ٩٨٢ی ڕۆژی ٢٢ / ئەیلوول/ ١٩٤٩.

دەوری زەمانە وەها گۆڕاوە
یایی پێشوومان مۆدەی نەماوە[1]
یاری ڕۆژ جوێ بوو، کوڕگەلیش بە شەو
بەزم و ئاهەنگ بوو تا دەکەوتنە خەو
فنجانێن، گەنم گەنم، مشعەران
ڕێوی چوو لەگەڵ سیخورمە لێدان
ڕۆژیش شەڕەتۆپ بە دووبەرەکی
کە ئەیشهاتنەوە شەڕەگەڕەکی
کەوشەك و، یەکەوحەیزەران باو بوو
بە بابی بابی کەر خوا پێداو بوو
کە ئەیان پرسی کەر سوار بێ یا سوار؟
بیوتایە کەر ! سوار ئەهاتە خوار
وەك ئێستا سواری ئەدرایە کەر
بەڵام دەورێکیان نەئەبردەسەر
قەلەمردارێش وەك ئێستە دوونان
بە تەڕووشکی ئەبوون بە چوار نان
ئەوسا ئایانگوت نادان پەسەندە
دانا بە پارە ئەکا بە بەندە
گڕو پفێکە ئاگری دزان
دوایی کە گیران ئەکەونە زیندان
کەچی درۆ بوو ئەو تەسەلایە
دزو پارەدار لە برەو دایە

زین ژمارە ٩٨٣ی ڕۆژی ٢٩ / ئەیلوول/ ١٩٤٩.

---

[1] لە پەندەکانی کاکەی فەللاح دا نووسراوە مۆزەی نەماوە.

٩٨٤

شەیتان وا لە سەر کێوی ئارارات
بانگ ئەکا ئۆخەی وا ڕۆژی من هات
دەرسێکی ئەوەی ئادەمم دادا
عومری یەکتری بدەن بە بادا
قونبولەی زەڕیەم پێ ئیجاد کردن
باشە بۆ یەکتر پێ لە ناو بردن
کە لەگەڵ زەڕەی ئەو جاشەکەرە
ئەڕوانی شارێك ژیرەوزەبەرە
ئەڵێن: لای خواوە غەزەب بباریٚ
(قاروون) بە ئەرزدا ئەباتە خواریٚ
ئەو یەك قاروونی دۆستی منی کوشت
من دونیاکەی ئەو ئەکەم بەروپشت
عالەم بە ملیۆن تەفرەی من ئەخوا[1]
تەرەفداری من زۆرترە لە خوا
ئەو ڕزقیان ئەدا و بەخێویان ئەکا
وا بەقسەی من چوون بە گژیەکا[2]
ئەو شێخ و مەلا دێنێتە ڕووی کار
من ئەهلی فەنیان لێ ئەخەمە کار
تف لەوەی کەوا بە تەفرەی شەیتان
وا بە جاریٚ قڕ ئەخاتە ئینسان
ناوی سەگ لەوان بەچاکتر بەرە
سەگ لەوان گەلێ بێزەرەرترە

ژین ژمارە ٩٨٤ی ڕۆژی ١٣ / تشرینی یەکەم/ ١٩٤٩.

---

[1] ئەم نیوە دێڕە لای کاکە وا نووسراوە: وا بە قسەی من چوون بە گژ یەکا.
[2] ئەم نیوە دێڕەش لای کاکەی فەللاح وا نووسراوە: عالەم بە ملیۆن تەفرەی من ئەخوا .

دەوەن بە ئاشمان لێ ژیایەوە
هەر ئاشی میری نەنرایەوە
زۆر چاوی ڕەشمان کاڵ بوەتەوە
(گۆیژە)یش زۆر بەفری لێ چووەتەوە
مزگەوتی ڕووخاو چاك کرایەوە
مەلا مەعاشی بۆ بڕایەوە
شەڕە پەلێکە بە خشت و نیمە
ئەو بۆچی بیبێ و من بۆچی نیمە؟
پێچکەی زۆر تابووت ئەگرینە سەر شان
مردوومان ئەبەین بۆ (گردی سەیوان)
کە هاتینەوە هەر لەو ڕێگایە
تەدبیری سوود و سەلەمی تیایە
(دەرسی حقووقم) هەر لە بیر ماوە
(غوبنی فاحش)یان حەرام داناوە
حەرامما‌ن لێ بوو بە قوڕی زستان
وەك گەزۆو مازوو موباح بوو بۆمان
ئەڵێن: پایەدار ،پایەدار نابێ
دەوڵەت لە نادان دەست بەردار نابێ
ئەم هەموو ساڵە دەوری دنیام دی
نەمدی ئاواتی هەزار بێتە دی
بڕوایشم وایە وئەیڵێم بێ پەروا
هەر وا هاتووەو بەو چەشنەیش ئەڕوا....

ژین ژمارە ٩٨٥ی ڕۆژی ٢٠ / تشرینی یەکەم/ ١٩٤٩.

٩٨٦

دراوسێش زەڕیەی دەنگی دایەوە
هەر تەنها (ئینگلیز) بێ دەنگ مایەوە
تەمەو بارانەو ئاگر بارانە
بارانەی کوشتار بۆ هەزارانە
(ورچیش) لە بەشەر خۆی کردووە بە شێر
بە نیوەی دنیا، چاوی نابێ تێر
سا (ئەمریکا)ی لە سەر نەبوایە
با لە(قاریات)دا وا گیر بمایە
لە (مازوری)دا تێلا بەدەست بوو[1]
لە ناو زۆنگاودا گیرۆدە و پەست بوو
کە تۆ یاریدەی زاڵمێکت دا
دوایی چەپۆکت بە سەرا ئەدا
لە خۆبایی بوون، کەوتنی لە دوایە
سەیری (هیتلەر) کەن، دنیاکە وایە !
بەشەر تاقەتی شەڕی نەماوە
تا چاو کار ئەکا ، دنیا خوێناوە
نازانم مردن بۆچ وا ئاسانە؟
بەرەوپیری مەرگ شایی و سەیرانە
هەر دینی ئیسلام ڕێی سەلامەتە
(لاتلقوا ..) ئەمری خوایەو ئایەتە
من چیم لەمانە؟ هەر پۆکەر خۆشە !
نامپەرژێتە سەر ئەم واتەی بۆشە

ژین ژمارە ٩٨٦ی ڕۆژی ٢٧ / تشرینی یەکەم/ ١٩٤٩.

---

[1] لە پەندەکانی کاکەی فەللاح دا نووسراوە: لە (قازۆری) دا.

٩٨٧

دەوری هات، دۆستت لە دەورت زۆرە
بە (نەهات) هاتنی خزمیشت زۆرە
تۆ توورە مەبە ، دنیاکە وایە
وەك (سەعدی) وتی: نان بۆ کەوایە
جاران ئەم کوردە هێند بەوەفا بوو
دزیشیان قەدری وەفای لەلا بوو
دز چووبوە ماڵێك لە کووپەیێکا
خوێی دیبوو کەخوێیش لە شەکر ئەکا
کە لێی چەشتبوو زانیبووی خوێ یە
ئەڵێ: (نمەکم کردن) لەو جێ یە
هەرچی دزیبووی، دای ئەنێتەوە
لە (بەدنمەکی) ئەسڵەمێتەوە
ئێستا کە پارووت کرد بە دەمیەوە
پەنجەیشت ئەخوا، هەر بە دەمیەوە
تۆ تێری ئەکەی لە نان و کەرە
ئەو کە تێری خوارد، پێت ئەڵێ کەرە
من شەوێکیان خۆم ئەمەم گوێ لێ بوو
تاریك بوو یەکێ کە لەسر رێ بوو
ئەیگوت ئەم کەرە بۆچی وادەکا
ئەم هەموو چشتە چۆن پەیدا ئەکا
هەیشە کە ئەڵێی سەروماڵی یە
ئەو کەماڵەیشیان، لە کەم ماڵی یە

ژین زمارە ٩٨٧ی رۆژی ١٠ / تشرینی دووەم/ ١٩٤٩.

٩٨٨

هەر دارێ لقی زۆر لێ بێتەوە
ئیتر ئەوەندە بەرز نابێتەوە
ڕووباریش جۆگەی زۆری لێ بووەوە
گۆڕەی نامێنێ لە پڕچووەوە
وڵاتێك حیزب و میزبی تێکەوێ[1]
هەرچی دەستی بوو، بەشی خۆی ئەوێ
دووبەرەکانی ئیلێکی فەوتاند
سەودای سەرکاری زۆر دڵی ڕەنجاند
زۆری وا هەیە خۆی خۆی ناناسێ
خۆی هەڵدەکێشێ پڕ بە کراسێ
خۆی لە ئاوێنەی دیوار ئەبێنێ[2]
خەریکە بە (گەڕ) کڵاو بفرێنێ[3]
ئەگەر بە (تۆپز) قۆڵی نەشکێنی
ئەکەویە ژێر بار، دۆش دائەمێنی
ترسی دیوانی نەبێ لە ناوا
بناوانی حەق ئەڕوا بە ئاوا
ئەم دەردیسەرییە خواستی خوایی یە
هەرچی ئەبینی لە خۆی بایی یە
لە بێ کارییە ئەم کاروبارە
تاریکایی شەو ئێوارە دیارە
کەوا، کەوتووینە تەنگ و چەڵەمە
گای گێرەشێوێن بخەیە (کەڵەمە)

ژین زمارە ٩٨٨ی ڕۆژی ١٧ / تشرینی دووەم/ ١٩٤٩.

---

[1] حیزب و میزبی "پیرەمێرد" حیزب و حیزب کاکەی فەللاح.
[2] دیوار "پیرەمێرد" دیوان "کاکەی فەللاح".
[3] بە گەڕ "پیرەمێرد" بەکەڕ "کاکەی فەللاح".

٩٨٩

عەیبی خۆت زانی ئەوسا غەیب زانی
غەیبەتت ناکەن ژنان لە کانی
مەدحی شاعیر و دۆستی سەر سفرە
لە خشتەت ئەبەن، گوێ یان لێ مەگرە !
چاو لە ماڵی خەڵك مەبڕە ، حەرامە
بەشی خۆت بەس بێ حەڵاڵ بەتامە
چاوبڕکێ مەکە، چاوت ئەبڕن
پەردەدڕ مەبە ، پەردەت ئەدڕن
تۆ بزانە ئەگەر زۆریان لێ کردی
هاتنە ماڵەکەت چشتێکیان بردی
چەند پێت ناخۆشە، لای خەڵکیش وایە
دەستت درێژ کرد، کورتی لە دوایە
باوجوود ئێستا دەوران گۆڕاوە
تاریکەشەوەو (جەردە) لە ناوە
هەرچی ئیبینی فڕان فڕانە
بۆ خۆیشیان نی یە، بۆ گەورەکانە
لە مەڕ ئەفڕێنن، ئەیدەن بە گورگان
حیزی مایەپووچ، بە فڕکان فڕکان
ئەمانە هەمووی بێ ئیمانییە
لە ئاین لادان ڕێی شەیتانییە
ئەم بی دینیەو خوانەناسی
کاری کردۆتە ڕوکنی ئەساسی

ژین ژمارە ٩٨٩ی ڕۆژی ٢٤ / تشرینی دووەم/ ١٩٤٩.

٩٩٠

لام وایه ئیتر دنیا ئاخره
نیشانەکانی یەك یەك زاهیره
ئیمان بووەته پشکۆی ئاگرێ
هیچ کەس ناتوانێ له دڵا ڕایگرێ
به جارێ برا له برا بڕاوه
ئەولاد له باوکی خۆی وەرگەڕاوه
فیتنەو درۆزن باویان سەندووه
تۆوی فەساد و شەڕیان چاندووه
دڵی کەس لەگەڵ کەسدا پاك نییه
له گەوره شەرم و له خوا باك نییه
ئەسناف ئینسانی ناوه بەلاوه
حوققەی ڕاست له لای کەسیان نەماوه
سەنگی کێشانه، هەمووی هەر سەنگه
(بازاڕ ئاغاسی)ش لێیان بێ دەنگه
یەك بەدەی جاران ئەرزاق ئەفرۆشن
بۆیان هەڵکەوێ نێریش ئەدۆشن
هاکا ئیسرافیل صووری خۆی لێ دا
دنیا گیانداری نامێنێ تێدا
ئەوسا پارەو موڵك به جێ ئەمێنێ
(مەڕنەمووکه)یش گورز ڕادەوەشێنێ
ماڵ و دەوڵەتیان بۆ بار ناکرێ
پەشیمانی و داد کەڵکیان ناگرێ

ژین ژماره ٩٩٠ی ڕۆژی ١ / کانوونی یەکەم/ ١٩٤٩.

٩٩١

چەرخی فەلەکی صونعی کردگار
هەر لەوڕۆژەوە کە کەوتۆتە کار
ئەسووڕێتەوە لە دوازدە بورجا
ئێمەیش لەگەڵ ئەو هەر واین لە ڕەنجا
ئەم دوازدە کەلوەیش ناویان نراوە
یەکی سی ڕۆژە مانگی تەواوە
بە سێ مانگ سێ مانگ فەسڵێك ئەگۆڕێ
چوار فەسڵە ساڵێك کە ڕائەبووڕێ
بەهارەو هاوین پایزەو زستان
لە سەر هیچ بارێ نامێنێ جیهان[1]
زۆر کەس بەهاریان کە لەلا خۆشە
دەشتێکی سەوزە گوڵ و وەنەوشە
بەڵام هاوینان فەقیرو هەژار
لە بەرگ و ئاگرو زوور ئەبن ڕستگار
بە ڕۆژ ئیش ئەکەن شەویش بە بێ نوێن
لە لادیوارێ هەروا هەڵئاژێن
هەر پایز خۆشە بۆ پیاوی ئەوسن
میوەو سەبزەو گۆشت تێدا زۆر ئەبن
دەوڵەمەند خوانی ئەڕازێتەوە
فەقیر بۆ نانێك ئەپاڕێتەوە
ئەم دوو ئەحواڵە هیچیان تا سەر نین
چونکو هەردوولا بۆ مردن ئەژین

ژین ژمارە ٩٩١ی ڕۆژی ٨ / کانوونی یەکەم/ ١٩٤٩.

[1] ئەم نیوە دێرە لای کاکەی فەللاح نووسراوە "لە هیچ بارێکا نامێنێ جیهان".

پیاو لە لاوە بێت، لاویش بێ ئاوە
وا ئاو ڕۆیوە، هێشتا زیخ ماوە
لەگەڵ ئەوەیشدا کە زیخ بێ کەڵکە
غەیرەیش بێ بەرە، وەك داری پەڵکە[1]
هەمووی یەتە سەر ئیستیعدادی خۆت
ئەگەر خۆت باش بی ، عالەم چاکە بۆت
چاکی بنیادەم دڵ و دەروونە
کە تۆ دڵسۆز بی خەڵك لێت مەمنوونە
چاوت لە ماڵی کەس نەبێ مەردی
کە بەخشندەیش بی، وا جەوانمەردی
دڵ ئازارییە زاری لەدوایە
خەجاڵەت باری قاپی خودایە
زاڵم زەواڵی بۆ دانراوە
لەم دنیایەدا زۆری بینراوە
بەڵام هەوای نەفس پیاو بێ عار ئەکا
هەرزەچەنەییش خەڵك بێزار ئەکا
پیاوی نەزان دوو دڵ ئەڕەنجێنێ
سەگی هەڵەوەر دزت بۆ دێنێ
کەمتیار لە لای گفتگۆی چاکا
قولە پێی ئەسمی ئەو هیچ دەنگ ناکا
برینی لەشت چاری دەوایە
برینی دڵت سارێژی نایە

ژین ژمارە ٩٩٢ی ڕۆژی ٢٢ / کانوونی یەکەم/ ١٩٤٩.

[1] غەیرەیش "پیرەمێرد" غیرەتیش "کاکەی فەللاح".

پیاو لە کاری خوا سەری سڕماوە
لەم دنیایەدا مەحشەر هەڵساوە
ئەڵێن ڕۆژی حەشر نەفسی نەفسی یە
نە باوك و برا نەکەس کەسی یە
ئەگەر باوەڕت بەو ڕۆژە نی یە
بچۆرە بازاڕ بزانە چی یە؟
لە هەموو لاوە پاش قولەو چورتم
نەشارەزاکان کەوتوونە سەرسم
ئەیانگوت کاسب حەبیبی خوایە
کاسبی حەلاڵ برەوی تیایە
ئێستا کاسبی حەلاڵ نەماوە
بۆیە بەرەکەت وا هەلگیراوە
خۆ ئەوەی کە سەنگ لە خەڵك ئەگۆڕێ
خۆیشی ئەیزانێ نایباتە گۆڕێ
لەگەڵ ئەوەیشا تا بۆی هەڵکەوێ
تەرازووبایی زۆرتری ئەوێ
ئەمانە هەمووی تەفرەی شەیتانە
نیشانەی دەوری ئاخر زەمانە
بە مەلایان گوت قیامەت کەیە؟
وتی کە مردی مەحشەر ئەوەیە
تا خۆمان نەمرین نازانین چی یە؟
بە مردنی خەڵك باوەڕمان نی یە

ژین ژمارە ٩٩٢ی ڕۆژی ٥ / کانوونی دووەم/ ١٩٥٠.

حیکایەتەکەی تەلیسم و جادوو
ئێستا لە ئێمە وا کەوتۆتەڕوو
بە فێڵ کەوتووینە ژێر ئەم زەمینە
هێزمان بڕاوە و بارمان سەنگینە
هیوامان تەنها لە لای خوا ماوە
دوو بەران لە زوور سەرمان وەستاوە
یەکێکیان سپی، یەکێکیان ڕەشە
دیارە بەرانی ڕەش بە گەردەشە
ماوەتە ئەوەی خۆمان بهاوین
سەرسپی کەوتین، وا خەلەساوین
کەوتینە سەر ڕەش ، ڕۆژی ڕەشمانە
تا دەمرن شەڕ و نەگبەت بەشمانە
تەجرووبەی تالع شەرتێکی تیایە
پەنا بە حەول و قووەتی خوایە
ئەبێ ئیبتیدا بە بیسمیللا بێ
بە ناوی خودا دەفعی بەلا بێ
ئێمەیش وەك کابرا، یا جنۆکەو خێو[1]
بیسمیللایان کرد، کەوتووینە جنێو
کەواتە مەڕی ڕەش بەختمانە
مایە ڕزگاریی ئێمە ئیمانە
کاتێ بە جەزبەی ئایینی ئیسلام
هاوار کەینە خوا ئەگەینە مەرام

ژین ژمارە ٩٩٤ی ڕۆژی ١٢ / کانوونی دووهەم/ ١٩٥٠.

[1] ئێمەیش وەك کابرا (پیرەمێرد)   ئێمەیش وەك کاری (کاکەی فەللاح)

سەعاتێکم بوو ، بە شەرت سەعات بوو
ئەوسا بۆ نوێژو جەمات میقات بوو
کارخانەکەیشی (ئەبو تەمغا) بوو[١]
لە ناو سەعاتی تردا ئاغا بوو
ڕۆژێ لە ناکاو زریزەی پچڕا
کەوت بە بەردێکا خوستی لێ بڕا
سەعاتچییەکی مام ناوەندی بوو
بەدرۆ ناوی (سالْحە فەندی) بوو
سەعاتم بۆ برد، بۆی خستمەوە گەڕ
دوای دوو ڕۆژ کە نووست لێمان بوو بە شەڕ
ئینجا بردمە لای وەستاییێکی تر
بەڵام فایدەی چی؟ یەك لە یەك بەدتر
هەر بۆ ئەوەبوو پارە بستێنن
بە فێڵ و فەرەج لە خەڵك دەربێنن
ڕۆژێ یەکێکیان بەڕاست پێی لێ نا
وتی کەسی ڕاست نەما لە بەینا
کە ئێمە سەعات باش چابکەینەوە
پارەمان نابێ چا بخۆینەوە
دەورێکە ئەبێ پیاو سفرەدڕ بێ
بازاڕ هەڵگیرا گیرفانی پڕ بێ
منداڵی زۆرو مەعاشێکی کەم
دەست زەنی نەکەم ، بە چی هەڵدەکەم[٢]

ژین ژمارە ٩٩٥ی ڕۆژی ١٩ / کانوونی دووەم/ ١٩٥٠

---

[١] ئەبو تەمغا: واتە سەعاتی ئەبو دامغە بوو. ئەم (ئەبو تەمغایە) لە چاپەکەی کاکەی فەللاح دا نوختەی لە جێ دانراوە.
[٢] لە پەندەکانی کاکەی فەللاح دا نووسراوە (دەست بزێو)

۹۹٦

پارەی پیاوی ڕژد، کە هەڵی ئەگری
خۆیشی لێی ئاخوا هەتاکو ئەمری
شووشەی نوقلێکە بە سەر ڕەفەوە
تامەتامی یە، هەر لە دوورەوە
کە خۆی مرد شووشەیش کەوتۆتە خواری
چەکمە بۆر نوقڵی خوای بۆ دەباری
میراتگر لە پڕ پارەی دەستکەوی
ئەیکا بە شڵپەو کەیف هەموو شەوی !!
خۆزگە مردوەکە چاوی لێ ئەبوو
ئازاری گۆڕی گرانتر ئەبوو
خۆزگە ماباقی دەوڵەمەندەکان
کە ئەم حاڵەیان ئەدی بەچاوان
ئەم دەردە بۆیان ئەبوو بە عیبرەت
نەیان ئەخستە دوای خۆ، بە حەسرەت
نەك بە سەفاهەت ، لە ڕێی خوادا
بەشی فەقیرو هەژاریان ئەدا
خۆ ئەگەر دوای خۆی میراتگر زۆر بێ
ئەبێ بەشی ئەو هەر گۆڕ بە گۆڕ بێ
چونکە ماڵی ئەو میقرۆبی شەڕە
لەگەڵ یەکتردا دەعوایەو گەڕە
ئێستا خۆ پارەی زەکات نەماوە
قەرزی ئایینیان ناوە بەلاوە

ژین ژمارە ۹۹٦ی ڕۆژی ٢٦ / کانوونی دووەم/ ١٩٥٠.

چلەی زستانەو چلەی هەزارە
شەڕەدار لەسەر خەڵووزو دارە
دەرەجەی هەوا، وا (تحت الصفر)ە
دەرەجەی فەقیر، لە چەپدا سفرە
بێ پارەیی یە و ئینساف نەماوە
خوا بەردی بەستووە سەگی بەرداوە
خوا نەناسینە وامان لێ ئەکا
خوا کێو ئەبینێ و بەفری تێ دەکا
چونکو کاسبی حەلاڵ نەماوە
بەرەکەتی ڕزق وا هەڵگیراوە
کردەی ئێمەیە و بردەی شەیتانە
چۆن سەرئەگرێ ئەم دەورو دووکانە
ئەمە دەردێکە لە زۆر جێ عامە
خەتا سوورەیە و نزیك بەشامە
خوا لە گوناهی ئێمە ببوورێ
ئای خەتەسوورێ، لە ئێمە دوورێ
ئێمە مەلیکمان بە نووهاشمە
لە لای خوا پشتمان بەوان قایمە
ئەڵبەتە سایە نەسلی پێغەمەر
بۆ ئەم عیراقە ئەبێ بە ڕەهبەر
بەڵام وا چاکە کە خۆمان چاك بین
پشت بە خوا بەستین، بەوە بێ باك بین

ژین ژمارە ٩٩٧ی ڕۆژی ٢ ی شوبات/ ١٩٥٠.

خوا (قەومی نووحی) لە ئاوا خنکاند
(قەومی عاد)یشی بە با هەڵفڕاند
(شەداد)و قەومی ساڵحی شەقی
بە نەعرەی مەلەك زراویان تەقی
ئێمەیش وا لە ژێر بەفرا ڕەق هەڵدێین
نازانین لە دەست غەزەب چۆن هەڵدێین
خۆ (بەغدا)یش دیارە لە ئاو ناترسێ
دەورێکە هیچ کەس لە کەس ناپرسێ[1]
دەوڵەمەند گەمێی لە ناو ئاوایە
لە هەژاری چی؟ دنیا ئاوایە !
(ساوی الی جبل یعصمنی)
هەر ئەوەندە بوو، تا گەییە تینی
ئێستا لە بەفرا کەوتووینە هاوار
خوا دێنینە یاد ئەویش بە ناچار
کە بەهار هات و تێپەڕی زستان
نە بامان دیوەو نە بەفرو باران
دیارە کە مایەی ئینسان، نیسیانە
لە ڕێی خوا لادان تەفرەی شەیتانە
نازانین دنیا بۆ کەس نامێنێ
(عیزرائیل) لە پڕ گیانمان ئەسێنێ
هیچیشمان لەگەڵ خۆمان بۆ نابرێ
دەوڵەت بە مێردی تازەی ژن ئەبڕێ

زین ژمارە ٩٩٨ی ڕۆژی ١٦ ی شوبات/ ١٩٥٠.

[1] دەورێکە "پیرەمێرد" دەردێکە "کاکەی فەللاح".

جاران ئەگەڕان بۆ ئیش لە شوێن پیاو
یەکێکیان ئەویست ڕەسەنی ناسراو
وەجاغزادەیی بە ئیرس سەندبێ
دەرسی مەجلیسی باوکی خوێندبێ
شەرمی نامووسی باوکی بیگرێ
بە هەوای جاەو مەسنەت نەخوڕێ
چونکو ناوەجاخ نۆرەی کەوتە بەر
خۆی لێ ئەگۆڕێ، کار ناباتە سەر
ئەمە ئیجابی چەرخی دنیایە
حوکمی ئەزەلی و تەقدیری خوایە
(ان الانسان ليطغي)ی فەرموو
کە ئیستیغنای دی، بایی ئەبێ زوو
پەست پایە لەگەڵ کەوتە سەرمەستی
جڵەوی هۆشی دەرچوو لە دەستی
بواری ئاوو شەراب ئەم دوانە
مەحەکی لەش و عەقڵی ئینسانە
ئێستا ئەمانە باوی نەماوە
خۆ هەڵکێشان و دەم گەرمی باوە
بۆیە وا دنیا تێکچوو بە جارێ
لە ئاسمانیش هەر بەفر ئەبارێ
باوجوود هەمووی خواستی یەزدانە
چەوتی و چەوێڵی ئێمە بەهانە !!

ژین ژمارە ٩٩٩ی ڕۆژی ٢٣ / شوبات/ ١٩٥٠.

١٠٠٠

هەندێ بە پیری ئاخر شەڕ ئەبن
فێری گەڕ ئەبن ، ئەوسا کەڕ ئەبن !
هەندێکی تریش کە گەڕانەوە
ئەبینی لە خووی بەد گەڕانەوە
هەندێ مێزەری سپی عالمی
دائەگرن ئەبنە پەندی عالەمی
سێدارەدارێ خوا لێی بێ ڕازی
مێزەری بەست و ، چوو بوو بە قازی
خوا کە بی یەوێ پیاوێ بێ دین کا
کردەوەی بەدی لا شیرین ئەکا
حیرسی دنیایی و ئارەزووی لیرە
هێند بەداخەوە لەشیان بۆی لیرە
نازانن دنیا کورتەو کەم ماوە
مەرگ زۆر نزیکەو عومریش کەم ماوە
بە زللەی ئەجەل کە هات بەلادا
لێی لادە، کەسی ناچێ بەلادا
کە کەواو کفن کران ئالۆ گۆڕ
ئەوسا ئەزانی کە هاتۆتە گۆڕ
دەست ئەکوتێ لە دووی پریاسکەی پارە
هەر وا ئەزانێ زیندووەکەی پارە!

ژین ژمارە ١٠٠٠ی ڕۆژی ١٢ / ئازار/ ١٩٥٠.

١٠٠١

شافیعی شێخی دنیاو قیامەت
کەوتە تەحلیلی عیلمی قیافەت
شارەو شار گەڕا لە شوێن ئەم ئیشە
زاتەن حەدیسی پێغەمبەریشە
حەدیس دوو زاتی جەزبە کردووە
ئەوانی تری وا ناو بردووە
ئیمام تەشریفی ڕووی کردە دێ یێك
تووشی یەکێك هات لە سەرەڕێ یێك
کورتە بالاَیێك مووزەردی چاوشین
ڕوو، لچ و لێوی گرژ بوو لەبەر قین
هەموو نیشانەی خراپەی پێوە
هات بە پیریەوە لە ڕاستە ڕیوە
ئیمام ئەعوزوبیلای لە ڕاست خوێند
ئەو میوانداری کرد بە تکاو سوێند
هەر بۆ تەجرووبە لەگەڵ کابرا چوو
ئەیڕوانی کابرا زۆر بەخزمەت بوو
ئەو شەوە تا ڕۆژ نەنووست لە تاوا
کابرا تەجرووبەی دابوو بە ئاوا
بەیانی هەڵسا فەرمووی وا ئەڕۆم
(گوێ درێژ)ە کەم بێنەدەرێ بۆم
وتی پیادە بووی گوێ درێژت نەبوو
فەرمووی تەجروبەم وا بە ڕاست دەرچوو

زین ژمارە ١٠٠١ی ڕۆژی ١٢ / ئازار/ ١٩٥٠

١٠٠٢

ئەمڕۆ وا بورجی پیرێژنانە
لە هەموو لایێ سەهۆڵ بەندانە
چلەمان کێشا بەڵام نەك چلە
بێ تفاقی یە کە تەوقی ملە
تورك وتوویانە (مارت گیری باقەر
قازمە کورکگ صاپنی یاقەر)
من ئەمساڵ کورسیی نووستنم سووتاند[١]
بە کورسی تەشقی سەهۆڵم شکاند
سەر بەرفەو سەرمایش وای دا بە سەرما
چۆن دەرچووم؟ سەرم لەو سڕە سڕما !
لافاو شارێکی کۆنی وێران کرد
هەزاران نفووس لە ناو ئاوا مرد
خۆ دیارە دیجلەیش ئەمساڵ بە جۆشە
عالەم بە برسی ترس بە پەرۆشە
لەم تەنگانەدا حیزبی موعاریز
کەوتوونە نەعرەی (هل من مبارز؟)
ئێوە لە پێشدا خواردتان گەڕ ئەکەن
بۆ پاشەڕۆکی خەڵکیش شەڕ ئەکەن
ئەوسایەی ئێوە کارتان ڕەوا بوو
بۆچی ڕێی قسەی هیچ کەستان دابوو؟
دیارە نەگبەتە وا لە یەك بەر بوون
دەستی چەور بەسەر خەڵکیدا ئەسوون

ژین ژمارە ١٠٠٢ی ڕۆژی ١٦ / ئازار/ ١٩٥٠

---

[١] ئەم دێڕە پەندە لە کتێبی پەندەکانی کاکەی فەللاح دا نییە.

خوا لەو بەدەنەی بە ئێمەی داوە
دوو چشتی زدی تیادا داناوە
یەکێکیان ڕۆحە ئەو بەو پاکی یە
ئەوی تر نەفسە بەو بێ باکی یە
ڕۆح ڕووی لە خوایە و نەفسیش لە شەیتان
عەقڵیش خوا داویە بێ بە پاسەوان
بەڵام ئەم پەندە هی پێشینانە
کە ئەڵێن عەقڵ لای پیاو میوانە
ئەو عەقڵەی کەوا میوانە لەلات
ئەبینی لە پڕ لەدەست نەفس هەڵات
عەقڵ ئەڵێ کارێك کە لە ڕێتایە
لێکی بدەرەوە، بزانە چی تیایە؟
ئەگەر ئەنجامی بە چاك ئەزانی
هەوڵی بۆ بدە هەتا ئەتوانی
خۆ ئەگەر زانیت نەتیجەی نییە
خۆ ماندوو کردن فایدەی چی یە؟[۱]
بەڵام کە شەیتان نەفس ئەجووڵێنێ
لە ڕۆح و عەقڵیش سەر ئەشێوێنێ
ئێستا نەفس ئەڵێ ... باشە
م هەموو ژنە جوانەت یۆڵداشە
جڵەو لە دەست عەقڵ وەرئەگری
ـە کەوتی هەر ئەو بۆت ئەگری

ژین ژمارە ١٠٠٣ی ڕۆژی ٢٣ / ئازار/ ١٩٥٠

ـ ۱) نی یە (کاکەی فەللاح)

١٠٠٤

پێش پێغەمبەری خاتم النبی
قەهرو جەزای خوا زوو ئەهاتەدی
لە ئاوا قەومی نووحی ئەخنکاند
بەسەر قەومێکدا شاخی ئەڕووخاند
خۆ ڕەشەباکەی کە بێرە فێرە
خەڵکی ئەفڕاند وەك گای بەر گێرە
هەندێ زراویان ئەتۆقی بەدەنگ
ئەباری بەسەر قەوما گڵ و سەنگ
پێغەمبەرەکەی ئێمە پەیدا بوو
ئەم ڕسوایی یە هەمووی کۆتا بوو
ئێستا خەڵك ترسی ئەوەی نەماوە
هەموو جەزایێك کەوتۆتە دواوە
هی ئەوتۆ هەیە ئەڵێ ئەمرۆیە
ئەوی بێ کەیفی کرد، ڕەنجەڕۆیە
بەڕاست و چەپا دەست ئەوەشێنێ
ئەکوژێ وماڵی خەڵك ئەڕووخێنێ
لە جەجاڵ زۆرتر خەڵکی لەدوایە
لە هەموو لایێك ئەمری ڕەوایە
چونکە لەم ڕەنگە زۆرداری باوە
کەسیش باوەڕی بە خوا نەماوە
یەك ڕێ یە بۆ خوا کەماوەتەوە
یا چاك کاتەوە، یا پاك کاتەوە

ژین ژمارە ١٠٠٤ی ڕۆژی ٢٠ / ئازاری/ ١٩٥٠

١٠٠٦

ئەم دنیایەی وای بە چڵوچۆین
بە ڕووتی هاتووین بە ڕووتی ئەڕۆین
هێندە بەجەورین، وەك كاسەی چەورین
ئاو ناگرینە خۆ بە گل و دەورین
تەنها كفنێكمان ئەگەر پێ ببڕێ
ئەویش لە خاكا بەرناگرێ، ئەدڕێ
خوا دەوڵەتمان لێ ئەسێنێتەوە
تەنها ناوێكە ئەمێنێتەوە
هەر ئەو ناوەیە كە لە پاش خۆمان
واسیتەی ڕەحمەت ناردنە بۆمان
ئەگینە ئەوا جەمعی خۆمانە
دانیشتووین تێكرا، گفتوگۆمانە
چاومان لە یەكەو بە زوبان ئەدوێین
كە هەڵساین ئیتر لە یەكتر گوم بووین
هەروەكوو خەیاڵ بیرت ئەكەوێ
كەوتە بەیانی ئەبێ بە خەوێ
كەواتە دنیا خەو یا خەیاڵە
شوێن خەوو خەیاڵ كەوتن بە تاڵە
شوێنێكت بوێ كە هێجگاری بێ
دوور لە بەدكار و دڵ ئازاری بێ
ئەویش ئەولایە و بەدەست مەولایە
تۆ تەقەلای چیت بەم لاو بەولایە؟

ژین ژمارە ١٠٠٦ی ڕۆژی ١٠ / نیسان/ ١٩٥٠
پێش ئەم پەندە، پەندی ژمارە (١٠٠٥)مان نەنووسی چونكە بەلامانەوە پێویست نەبوو.

١٠٠٧

کۆ ئەبینەوە لە دەوری (هاری)
بەزۆر باراشمان لە ئاش ئەهاڕی
ئێمەی لە پشتین بەوە ئەخوڕێن
نۆبە باراشی بێ دەست ئەبڕێن
بە هۆی ئێمەوە هەتا وای لێ دێ
لە پڕێ ئەبێ بە میرکوڕی دێ
کە گەییە ڕیزی ئەلیوەیس پاشا
لە دۆت و دەستەی خۆی ئەکا حاشا
ئەڵێ ئەمانە با لە ناو بەرم
نەوەکا منەت بخەنە سەرم
ئەم بەو ئەشکێنێ و خۆی لە پەناوە
سەیر ئەکاو چواری تری لە دواوە
ئەزانێ ئێمە بەندەی زۆردارین
بە کەیفی ئەوان لێك دەست بەردارین
ئینجا کە هاتو تەواو باوی سەند
یاریدەدەری ئەهاوێتە بەند
تالآنیان ئەکاو ژنیشیان دێنێ
ئەمەتە وەفای دۆستەکەی دوێنێ
لە دەست ئەو هاوار ئەبەنە بەر خوا
دەنگی غەیب ئەڵێ : گۆڕتان بێ ئاوا
ئێوە یاریدەی زۆردارتان داوە
هێشتاکوو جەزای زۆرترتان ماوە

ژین ژمارە ١٠٠٧ی ڕۆژی ٢٠ / نیسان/ ١٩٥٠

١٠٠٨

پەچەیە جوانی پێ دەردەکەوێ
شەو نەبێ ڕووی مانگ نابینی شەوێ
ڕوو هەڵماڵراوی ماڵ وێران ئەکا
پەردەداری یە جوانی جوان ئەکا
جوان لەبەر چاو بێ، تێری لێ ئەخۆی
کە شارایەوە شێتگیر ئەبی بۆی
بێ شەرمی شەڕی زۆر لێ قەوماوە
لەبەر ئەوە خوا شەرمی داناوە
ئایینی ئیسلام وا قاڵ کراوە
هیچ قۆرت و قەڵبەی تیادا نەماوە
ئێمە ئەو دینە پاکە جێدێڵین
لەسەر ئادابی ئەورووپا وێڵین
تازە کچانمان وەك نێرە کوڕکە
لە ئەورووپادا کەوتوونە فڕکە
دیارە کە شەرمیان لەلا نەماوە
باوکانیان لەبەر خەڕەك داناوە
هەر واتان زانی کارێکیان قەوماند
وەك (دوختی ئێران) گەوهەریان دۆڕاند
خوا خۆی سروشتی ئافرەتی داوە
بێ حیکمەت نی یە شەرمی داناوە
بەڵام شەیتانمان بە سەردا زاڵە
لە ڕێی ئیسلامی لادایین بەم حاڵە

ژین ژمارە ١٠٠٨ی ڕۆژی ٢٧ / نیسان/ ١٩٥٠

١٠٠٩

بۆ کاری دەوران خەم مەیێنە بەر
هەرچۆنی بیگری ئەو دەچێتە سەر
درەختی دنیا پڕیە لەمیوە
هیچ کەسێ تا سەر بەری نەچنیوە
هەندێ کە نسیب بۆی ئەگەیێنێ
تێر ئەخوا و لق و پۆپی ئەشکێنێ
هەندێکیش کەوا قسمەت نایداتێ
هەر هەڵدەپەڕێ و دەستی نایداتێ
سێبەرەکەیشی هەر تاوە تاوە
جێ جێ ئەگۆڕێ، لەگەڵ هەتاوە
ئەیشزانین تا سەر بۆ هیچ کەس نی یە
کەچی ئەم خەڵکەی لەدوو (شەقی)یە
دوو کەس گرەویان لێ بردووتەوە
کەوا پشتێنیان لێ کردۆتەوە
یەکەمیان ئەوەی کە لەهیچ ناگا
بوون و نەبوونی کاری لێ ناکا
شەیتان بەم خەڵکە وا پێدەکەنێ
ئەم بە پێکەنین ئەو دەتەقێنێ
دووەمیان ئەوەی کە بە هیدایەت
کەوتۆتە سەر ڕێی عەقڵ و دیرایەت
هەمیشە لەگەڵ خوای خۆی هەڵدەسێ
بەوە لایداوە لە هەموو کەسێ

ژین ژمارە ١٠٠٩ ڕۆژی ٤/ مایس ١٩٥٠

ئافرەتی زگپڕ کە ژان ئەیگرێ
وای لێ دێ هیوای لە گیان ئەبڕێ[1]
هاوار ئەکاتە شەخس و پیرەکان
ئەڵێ دەخیلە بمگەنێ ئامان
ئەیشڵێ تۆبەم بێ ئیتر هیچ شەوێ
لاقم لە لاقی مێردم نەکەوێ
کە ڕزگاری بوو جارێ لە ڕاوێ
حەوتە حەمامی بە وشکی ناوێ !!
قوماریش وایە کە بیدۆڕێنێ
وای لێ دێ ئیتر پارەی نامێنێ
هەزار سوێند ئەخوا، تەلاقیش باوە
کە ئیتر قومار نەکا تا ماوە
هەر ئەوەندەیە تا ئەگاتە شەو
نانی پێ ناخورێ ئەڕوا بە سەررڕەو
لە هەر شوێنێ بێ پارە ئەسێنێ
کەوتە کۆڕ ئەوەیش زوو ئەدۆڕێنێ
دەردێکە قومار کە بێ دەوایە
کەچی لای هەموو عالەم ڕەوایە
ئینسان لە (زینا) و (شەراب) تێر ئەخوا
قومار هەتا بێ شێتگیرتر ئەڕوا
جاران بە قانوون مەمنووع بوو قومار
ئێستا بەڕەسمی هاتۆتە ڕووی کار

ژین ژمارە ١٠١٠ ڕۆژی ١١/ مایس ١٩٥٠

---

[1] لە گیان (پیرەمێرد) لەگەڵیان (کاکەی فەللاح)

١٠١١

ئەوەندەیان گوت باران نابارێ
تا دەرکی (کوندە) بەربوو بە جارێ
کاتێ کە (خەلە) لە (خەرمانا) بوو
فەقیر و هەژار لە فرمانا بوو
کوندەی سەرەوژێر کردیە ڕەهێڵە
چرا هەڵبڕەو خەرمان جێبێڵە !
پێیان ئەگوتین کە بێ ئیمانن
دەست لە کاری خوا مەدەن نایزانن
حیکایەتەکەی خدرو مووسایە
هەموو کاری خوا سرێکی تیایە
خێر ئێمە ئەڵێین وا نەبێ وا بێ
بۆ ئەمەی کاری خۆمان ڕەوا بێ
دە هەڵجرنگێنن لەم کارانەدا
بارانە بلێن، لەم بارانەدا
خۆ بڕووخێشمان هێشتا لە بیرە
بەسەر خۆمانا تەپی ئەم بیرە[1]
نەمان ئەزانی کە بە بەردوخێ[2]
بیری نەوتی کۆن وا زوو نارووخێ[3]
ئێمە ئیمانمان ئەبێ بە خوا بێ
کە ... بین لای ئەومان نابێ
ئایینی ئیسلام چی لێ چاترە
ئەتەوێ پیاو بی دینت ڕاگرە

ژین ژمارە ١٠١١ ڕۆژی ١٨/ مایس ١٩٥٠

---

[1] لە پەندەکانی کاکەی فەللاح دا نووسراوە (... نەبە ئەم بیرە ...)
[2] لە پەندەکانی کاکەی فەللاح دا نووسراوە: (... کە بە بڕووخێ)
[3] هەر لە هەمان کتێبدا نووسراوە (... بیری نەوە کۆن ...)

باوو باپیرمان بە ئامۆژگاری
پێیان ئەگوتین بە ڕاست ودیاری
ڕۆڵە چاوی پیس وەك تیغ كار ئەكا
زۆر پەنجەی بەهێز كوڵەوار ئەكا
كە چاو بە ماڵی كەسێ هەڵدێنن
بەردی بنچینەی لە بن دەردێنن
حاكمی (بابان) چارەیان دیوە
زۆر چاوی پیسیان كە هەڵكوڵیوە
هەروەك چاوی پیس بە تەجروبەیە
نەگبەتی و شوومیش زۆری بۆ هەیە
نەگبەتی لە چوار چشتا بینراوە
ئێستایش ئەو چوارە شوومی یان ماوە
یەكەم وڵاخە، كە وا هەندێكیان
شوومەو زەرەری زۆرە بۆ ئینسان
دووەم خانووە ئەویش مەعلوومە
هەندێكیان ڕزقی تیا نی یە شوومە
سێ یەم ژن، كە پێی بە مێرد ناكەوێ
خۆشی نابینن پێكەوە شەوێ
چوارەم پیاوێكە ، تا بڵێی عاقڵ
لە ئیدارەدا زۆر زان و كامڵ
كەچی ئەمەندە نەگبەت گرتوویە
دەستی هەر كەسی بۆ بێ خستوویە

ژین ژمارە ١٠١٢ ڕۆژی ٢٥/ مایس ١٩٥٠

١٠١٣

بەد کرداریمان هێندە خەست بووە[1]
کە پێی پیاوەتیی تێدا پەست بووە
چاك و خراپی بووە بە هەوەس
هیچ کەسێ ناوی چاك نادا بەکەس
ئەم تاکاپۆیەی ئەهلی دنیایە
یا لە ترسایە، یا لە برسایە
نایشزانن ئەوەی کە لێی ئەترسن
گەییە ڕۆژی خۆی لێی ناخەلەسن
خۆ دەوڵەمەندیش داویەتە بەری
بۆیەکی ئەوێی کە تۆ بۆی بەری
دیوەخانانیش خۆ ئاموشۆی ناکەن
زۆرتر غەیبەتی برای تیا ئەکەن
بەرەکەت ئێستا (پۆکەر) لە ناوە
ڕێی قسەو باسی غەیبەت بڕاوە
بەڵام ئەویشیان کردوە بە قومار
سەرت نەسووتێ لێی نابی ڕزگار
ئەمانەی کەوا لێی بەلەسە بوون
هی بێ ئیشییە و مل لە چەقۆ سوون
ئەگەر ئیشێکی بوو نانی تیابێ
کەس دەخڵی بەسەر کەسەوە نابێ
ئەگینا کەست بۆ نایەتە دێ
بۆ خورما، کەر شوێن (جەجاڵ) ئەکەوێ

ژین ژمارە ١٠١٣ ڕۆژی ١/ حوزەیران/ ١٩٥٠

[1] خەست "پیرەمێرد"، سەحت "کاکەی فەللاح".

١٠١٤

جاران کە کوردی ڕاست و ڕەوان بووین
خاوەندی وەفا و دڵ وزوبان بووین
لە وەزیفەیشدا سیاسەت نەبوو
تەفرەمان، تەفرووتونا کردبوو
هەروەها گێزری ئەچووینە مەیدان
ڕێمان نەدابوو بە فێڵی شەیتان
لە پڕ کەوتینە سیاسەت بازی
وەك (پرنس بسمارك) لە دەستەی (نازی)
ڕێی سیاسەتیش هێشتا فێر نەبووین
ڕوومان بۆ هەر کوێ نا، بە هەڵەچووین
ڕۆژێ ئاغامان گرتە سەر سەرمان
ئەمان بردەسەر تا وادەی فەرمان[1]
وتمان بەگزادە، بزانین ئەو چی یە؟
ناشوکری نەبێ بەگزادە نی یە !
ئینجا وا هۆمان کەوتەوە سادات
لای ئەوان دەستمان کرد بە فەسادات !
ئەوانیش چونکو زۆریان دڵ سافن
هۆگری مەدح و لافو گەزافن
بە گوێ ڕادێری لە خشتە ئەچن
لە ناو خۆیانا ئەبن بە دوژمن
هیچیان ناوێستن لەسەر هیچ بارێ
دەسا قەومی وا بەردی لێ بارێ

ژین ژمارە ١٠١٤ ڕۆژی ٨/ حوزەیران/ ١٩٥٠

[1] فەرمان (پیرەمێرد)   خەرمان (کاکەی فەللاح)

ڕوحمەت لە ڕۆحی شاهانی ......
کە دەستوورێکیان هێنایە جیهان
قەت ناوەجاخیان نەخستە سەر کار
پایەیان نەدا بە پیاوی بێعار
کوڕیان دائەنا لە ناو مەجلیسا
تێر تێر گوێی ئەگرت ئینجا هەڵدەسا
ئەو تەربیەیەی لەوێ وەریەگرت
مامۆستای مەکتەب ڕێی پێ نەدەبرد
خوێنی ئەساڵەت بەهرەی ئینسانە
ڕەسەن شەرەفی جنسی حەیوانە
ئەمە بووەتە تەجروبەی دەوران
زۆرجار نەتیجەی هاتۆتە مەیدان
کەچی کەوتووینە دەورێکی واوە
هەرچی پارەی بوو ئەڵێن تەواوە
بەڵێ ئەبینی ئێستە کە پارە
زۆرتری لە لای پیاوی بێعارە
بەڵام فایدەی چی؟ کەڵکی کەس ناگرێ
بە مێردی تازەی ژنی ئەبڕێ
ئەوی بە نەسەب فەجری ڕووناك بێ
ئەبێ بە حەسەب کردەوەی چاك بێ
بە ئێستریان گوت: باوکی تۆ کێیە؟
وتی: ڕەسەنی دایکمم پێیە

ژین ژمارە ١٠١٥ ڕۆژی ١٥ حوزەیران ١٩٥٠

لە ڕۆژی پێنج شەممەی ١٥ حوزەیران ١٩٥٠ دوا ژمارەی ژین بلاوە کراوەتەوە کە دوا پەندی پیرەمێردی ئەمری تیدا نووسراوە. ئیتر لە ژیانی پیرەمێردا ژمارەی تری بەدوادا نەهات چونکە ڕۆژی دووشەممە نۆزدەی حوزەیرانی ١٩٥٠ کۆچی دوایی کرد، بەوشێوەیە ئەو ژمارەیەی ژین ژمارەی ماڵ ئاوایی یە. ئەم پەندەش دوا پەندی پیرەمێردە کە پێشکەشتان کرا.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە چاپخانەی شڤان

شەقامی مەولەوی

ژمارەی موبایل : ٠٧٧٠١٤٩٨٤٩٩

ژمارەی تەلەفون : ٣١٤١٩٨١

نرخی (١٢٠٠٠) دینار

Pendekani Piremerd



زنجیرەی بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شڤان 14